کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کوردستان
KURDISTAN ACAMECS ASSOCIATION

دەستەی کوردستانی
بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی

# گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان

گۆڤارێکی زانستیی ئەکادیمیە، تایبەتە بە زانستە مرۆڤایەتییەکان
خولی سێیەم، بەشی (B) ، ژمارە (١) ، کانونی یەکەمی ٢٠١٤

هەواڵنامەی کتێب

سەرۆکی بۆرد و سەرنووسەر
**پ. د. پۆلا ئازاد خانەقا**

سکرتێری نوسین
**پ. ی. د. سەروەر عەبدولرەحمان عومەر**

**دەستەی نوسەران**
پ. ی. د. نەوزاد محەمەد ئەحمەد
پ. ی. د. جەمشید حەیدەر حەیدەری
پ. ی. د. عەلی قادر عوسمان
پ. ی. د. عەباس مستەفا عەباس
د. هێرش رەسوڵ موراد
د. ئازاد حەمە عەبدوڵلا

هەرێمی کوردستان- سلێمانی - دەستەی کوردستانی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی
ژمارەی مۆبایلی سکرتێری گۆڤار: 07701564576
E-mail: govsulkaj@lycos. com    Email: sarwary74@yahoo.com
Website: http://www.kuacas.org

دیزاین و هونەری: هەرێم عوسمان
چاپ: چاپخانەی کارۆ

گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان

KURDISTAN ACADEMICS ASSOCIATION
KAA
کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کوردستان
KURDISTAN ACAMECS ASSOCIATION

KTRC 2004
دەستەی کوردستانی
بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی

# مجلة اكاديميي كوردستان

مجلة علمية اكاديمية، خاصة بالعلوم الانسانية
الدورة الثالثة، قسم (B) ، العدد (١) ، كانون الاول ٢٠١٤

هەواڵنامەی کتێب

رئيس البورد و رئيس التحرير
أ. د. پۆلا ئازاد خانەقا

سكرتير التحرير
أ. م. د. سرور عبدالرحمن عمر

هيئة التحرير
أ. م. د. نوزاد محمد احمد
أ. م. د. جمشيد حيدر الحيدري
أ. م. د. على قادر عثمان
أ. م. د. عباس مصطفى عباس
د. هيَرش رسول مراد
د. ئازاد حمه عبدالله

اقليم كوردستان - سليمانية- هيئة الكردستانية للدراسات الستراتيجية والبحث العلمية
سكرتير التحرير: 07701564576
E-mail: govsulkaj@lycos. com     Email: sarwary74@yahoo.com
Website: http://www.kuacas.org

# خولێکی نوێی
# گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان

گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان یەکێك بووە لە گۆڤارە زانستی و ئەکادیمیە دانپیانراوەکانی (کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کوردستان)، کە مامۆستایانی زانکۆو کەسانی ئەکادیمی توێژینەوەکانیان تێدا بڵاو کردۆتەوە، ئەم گۆڤارە لەتەمەنی خۆیدا بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، هەردوو بەشی (A) بۆ زانستە سروشتیەکان و (B) بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکانی هەبووە. هەریەکەیان لەلایەن بۆردێکی پسپۆریی تایبەتەوە بەڕێوە براون. بەشی (A) لە رابردووا (٩) ژمارە، و بەشی (B)ش لە خولەکانی پێشوودا لە سالانی (١٩٩٩) و (٢٠٠١)دا، (٢) ژمارەی لێدەرچووە.

دووای ماوەیەك وەستان لەبەر چەند هۆکارێکی دارایی و هونەری، ئەمجارەشیان بە بەرگێکی نوێ و لەوەرزێکی نوێ و بەستافێکی ترەوە هاتەوە خزمەتتان. بەشی (A) ماوەیەك لەمەوبەر ژمارە (١)ی دەرچوویەوە و بەشی (B)یش ئێستا وا لەبەردەستانە.

جیاوازی ئەم خولە لەگەڵ خولەکانی تردا ئەوەیە کە ئەگەر پێشتر گۆڤارەکە تەنها لەلایەن (کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کوردستان)ەوە دەرچوبێت، ئەمجارە وەك کارێکی هاوبەش لەنێوان هەردوو (کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کوردستان) و (دەستەی کوردستانی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی)ەوە دەردەچێت.

ئەم هەنگاوەی ئەمجارەمان، وێرای کارکردنمان لەپێناو دەرکردنی گۆڤارێکی ئەکادیمیی جددی کە لە کاتی خۆیدا بە رێکوپێکی دەربچێت، و ئەکادیمیانی کوردستان و مامۆستایانی زانکۆکان بتوانن توێژینەوەکانیانی تێدا بلاو بکەنەوە.

لەپاڵ ئەمەشدا مەبەستمان بووە لەپێناو جێبەجێکردنی بڕیاری ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٣)ی پەرلەمانی کوردستاندا کەدەقی (پەیماننامەی هاوبەشی و گەشەپێدان لەنێوان دەسەلاتە گشتیەکان و رێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان-عیراق)ی تێدا پەسەند کراوە، بەشداربین لەکاری هاوبەشی نێوان رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و دامودەزگا گشتیەکان و هەولی تۆکمەتر بوونی بدەین، کە ئێمە وەك (کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کوردستان) کە بەشێکین لە رێکخراوەکانی کۆمەلی مەدەنی لەگەڵ (دەستەی کوردستانی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی) کە دەزگایەکی فەرمیی وەزارەتی خوێندنی باڵایە کاری هاوبەشی زیاتر بکەین.

بەو هیوایەین گۆڤارەکەمان مەلۆیەك بخاتە سەر خەرمانی رۆژنامەنوسیی کوردی و کاری ئەکادیمیی ئەکادیمیانی کوردستان، بێگومان ئەم هەوڵەش پێویستی بە هاوکاری و توێژینەوەکانی توێژەرانی کوردستانە.

**پ.ی.د.سەروەر عەبدولرەحمان عومەر**
**سکرتێری نوسین**
**٢٠١٤/١٢/١٩**

بەناوی خوای گەورەی بەخشندە

هەرێمی کوردستانی عیراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
- نووسینگەی سەرۆك -

زمارە/ ٧ / ٣ / ١٦٣٢
رۆژ / ٣ / ٤ / ١٦٦٦

(فەرمانی زانکۆیی)

بابەت / باوەڕ هێنان .

++++++++++++

پشت بەستن بە کۆنووسی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی خوێندنی بالا زمارە ( ٣ ) سێ ی ڕۆژی ٥ / ٤ / ١٦٦٦ دەبڕگەی ( سەد هەم ) لە کۆنووسی کۆبوونەوەی ( دەیەمی ) ئەنجومەنی زانکۆ کەلە ڕۆژی ١٤ / ٢ / ١٦٦٦ دا سازدرابوو .

- بڕیاردرا لە سەر باوەڕ هێنان بە گۆڤاری ئەکادیمی کەلەلایەن کۆمەڵەی ئەکادیمیانەوە دەردەچێت .

هەواڵنامەی کتێب

دکتۆر جەلال شەفیق
سەرۆکی زانکۆ

وێنەیەك بۆ /

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ خوێندنی بالا/ ئاماژە بە سەرووی نووسراوتان زمارە ( ٢٧٣ ) و ( ٢٧٥ ) لە ١١ / ٤ / ١٦٦٦ . لەگەڵ ڕێزدا .
- نووسینگەی سەرۆك .
- نووسینگەی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ .
- گشت کولیجەکان / نووسینگەی بەڕێز ڕاگر .
- فەرمانگەی کاروباری زانست و خوێندنی بالا .
- کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کوردستان / بۆ ئاگاداری . لەگەڵ ڕێزدا .
- سکرتاریەتی ئەنجومەنی زانکۆ/ ٢ .
- دۆسیەی ئەنجومەنی خوێندنی بالا / ٢ .
- دۆسیەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی زانکۆ/ ٢ .
- دۆسیەی نووسراوی دەرچوو .

بەیان / ١٦ / ٤ / ١٦٦٦ /

دانپیانانی زانکۆی سەلاحەددین بە گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان

| | | |
|---|---|---|
| حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق<br>ئەنجومەنی وەزیران<br>وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی<br>سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر<br>نووسینگەی سەرۆکی زانکۆ | | حكومة اقليم كوردستان - العراق<br>مجلس الوزراء<br>وزارة التعليم العالي والبحث العلمي<br>رئاسة جامعة صلاح الدين - اربيل<br>مكتب رئيس الجامعة |

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT – IRAQ / COUNCIL OF MINISTERS
MINISTRY OF HIGHER EDUCATION & SCIENTIFIC RESEARCH / SALAHADDIN UNIVERSITY – ERBIL
OFFICE OF PRESIDENT

ژمارە: ١٨٢٢٢ / ١ / ١
ڕێکەوت: ٢٠١٦/١/٧ زایینی
/ / ٢٧ کوردی
No: 
Date: / /20

بـــۆ / گشت کۆلیژەکان/ نووسینگەی بەڕێز ڕاگر

ب/ گشتاندن

سـلاو ڕێــز....

هاوپێچ وێنەیەك لە بەرگی گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان بۆتان ڕەوانە دەکەین, ئاگادارتان دەکەینەوە گۆڤارێکی ... پێکراوە مامۆستایان دەتوانن توێژینەوەکانیان تیایدا بڵاوبکەنەوە, ناونیشان ( گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان بەشی (A) زانکۆی سلێمانی, سلێمانی صندوقی پۆست ژمارە (٢٧٨).

لەگەڵ ڕێزدا.....

هاوپێچ//-
-وێنەیەك لەبەرگی گۆڤار

پ.ی.د.احمد انور دزەیی
سەرۆکی زانکۆ

وێنەیەك بۆ//
-گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان/ ئاماژە بە نووسراوی ... ژمارە (٨٨) لە (٢٠/١٠/٢٠١٢) بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
-نووسینگەی سەرۆکی زانکۆ/ لەگەڵ بەراییەکان
-بەڕێزان یاریدەدەرانی سەرۆکی زانکۆ/ لەگەڵ ڕێزدا.
-لیژنەی ئاوەندی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی/ بۆ کاری پێویست...تکایە
-دەرکردە

زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر – ڕێگای کەرکوك – تەنیشت ڕۆژنامەی خەبات
تەلەفۆن: 00964(0)66 2261798

Web-Site: www.suh-edu.com
E-mail: p.s@suh-edu.com

هەواڵنامەی کتێب

KURDISTAN ACADEMICS ASSOCIATION

KAA

کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کوردستان

KURDISTAN ACAMECS ASSOCIATION

KTRC 2004

دەستەی کوردستانی

بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی

# گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان

# ڕێنمایی بڵاوکردنەوە لە گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان دا

گۆڤارێکی ئەکادیمییە، (کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کوردستان) و
(دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی) دەریدەکەن.

شوێنی دەرچواندن: سلێمانی– کوردستان

E-mail: govsulkaj@lycos. com

ئەم گۆڤارە بە دوو جۆر دەردەچێت: (A، B) هەریەکەیان لیژنەیەکی تایبەت دەریدەکەن

**PART A: - For Pure and Applied Sciences**
**PART B: - For Humanities**

گۆڤاری (ئەکادیمیانی کوردستان)، تایبەتە بەو توێژینەوانەی کە پابەندی مەرجەکانی بڵاوکراوە زانستیو ئەکادیمیدەکان دەبن، وەك لە خوارەوە روونیدەکەینەوە، هەروا هەموو توێژینەوەیەکی بڵاوکراوەی ئەم گۆڤارە بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی توێژەرەکە (لأغراض الترقیة) دەشێت.

بواری بڵاوکردنەوە: گۆڤارەکە ئەوجۆرە توێژینەوانەی لای خوارەوەی تێدا بڵاودەکرێتەوە: توێژینەوەی رەسەن (Original Work)، گۆڕانکاریی گرنگ، بەسەرداچوونەوە، ماستەرنامەو تێزی دکتۆرای کورتکراوە، پاش هەڵسەنگاندنیان لە بوارەکانی زانستدا، بە زمانی کوردی و بیانی، بەڵام باشترە بە زمانی ئینگلیزی بێت بۆ پسپۆڕانی کوردو بێگانە لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستاندا.

**پەیڕەو بۆ توێژەر:**

١– دەبێ توێژینەوەکە نوێ بێ و گۆڕانکاریی نوێی تێدا دەستنیشانکرابێ.

٢– دەبێ بەشێوەی توێژینەوەی ئاسایی نوسرابێ، واتە (Abstract) پوختە بە (کوردیو ئینگلیزیو عەرەبی)، (Introduction) پێشەکییەك و ئاماژەکردن بە تازەترین ئیش لەو بوارەدا، (Experimental) بەشی پراکتیك، کۆتایی و دەرەنجامەکان و تاووتوێکردن (Results and Discussions) (Conclusions)، سەرچاوەکان (References).

٣– دەبێ پابەندی مەرجە هونەرییەکانی گۆڤارەکە، بێ بۆ شێوەی نوسین، وێنە، خشتەو ...تاد.

٤– دەبێ توێژینەوەکە لە هیچ شوێنێکی تر بڵاونەکرابێتەوە و نەشنێردرابێ بۆ بڵاوکردنەوە، هەروا نەشنێردرێت تاکو وەڵامی رەتکردنەوەی بۆ نەچێ.

٥– دەبێ نوسراوێکی واژۆکراو لەلایەن توێژەرەوە پێشکەش بکرێت، و تێیدا ئەمانە رون بکاتەوە:

ئایا توێژینەوەکە مافی هیچ کەسێکی تری پێوە نیە؟ توێژینەوەکە لە توێژینەوە و نامە و تێزی (دبلۆمی باڵا، ماستەر، دکتۆرا)ی توێژەرەکان (کامیان) وەرگیراوە، یان نا؟ توێژینەوەکە لە توێژینەوە و نامە و تێزی (دبلۆم، ماستەر، دکتورا)ی خوێندکاری یەکێك لە توێژەرەکان وەرگیراوە، یان نا؟

٦– دەستەی نوسەران مافی ئەوەیان هەیە کە توێژینەوەیەك رەتبکەنەوە، ئەگەر پابەندی رێنماییەکان نەبێ، یان لەگەڵ بۆچون و ئاراستەی گۆڤارەکەدا نەگونجێ، یان ئەگەر پاش راوێژکردن لەگەڵ پسپۆڕانی تایبەت دەرکەوت کە توێژینەوەکە لە ئاستێکی نزمدایە، پێش ناردنی بۆ پسپۆڕانی هەڵسەنگێنەر.

٧– توێژینەوەکە دوای چەسپاندنی خاڵەکانی سەرەوە (١–٦)، بۆ دوو (٢) پسپۆڕی تایبەت دەنێردرێت لە بواری توێژینەوەکەدا، لە ناوەوە یان دەرەوەی هەرێم، بەپێی پێویست بۆ هەڵسەنگاندن، و دوای وەرگرتنەوەی وەڵامی هەردوکیان، بە پێی بەندی (٨) بۆ هەنگاوەکانی تر بڕیاری لەسەر دەدرێ.

٨– هەروا دەستەی نوسەران مافی ئەوەشیان هەیە، دوای گەڕانەوەی توێژینەوەکە لای پسپۆڕانی هەڵسەنگاندن جارێکی تریش چاوی پێبخشێنێتەوە، و ئەگەر پسپۆڕانی تایبەت ئەو هەڵسەنگاندنە نەسەلمێنن یان لێی بەگومان بن،

ئەوا بۆ خاوەنەکەی دەنێردرێتەوە، یان بۆ پسپۆڕێکی دیکە دەنێردرێت، یاخود هەر بڕیارێکی تر لەلایەن دەستەی نوسەرانەوە.

**مەرجە هونەرییەکان:**

أ. دەبێ توێژینەوەکە بە کۆمپیوتەر و لەسەر کاغەزی (A4) چاپبکرێت.

ب. دەبێ ژمارەی لاپەڕەکانی لە (٢٥) لاپەڕە زیاتر نەبێت.

ج. تا بتوانری وێنە، گراف، خشتە...تاد، لە تێکستەکەدا و لە شوێنی خۆی دابنرێ.

د. دەبێ لە لاپەڕەی جیاوازدا پوختەی دوو زمانەکەی تری تێدابێت، هەریەکە لە سەد (١٠٠) وشە زیاتر نەبێ.

هـ. دەبێ ناونیشانی توێژینەوەکە کورت بێت و بە فۆنتی (١٦)ی (Ali-Samik) بنوسرێت، لە ژێریشیدا ناو و ناونیشانی توێژەرەکان بە فۆنتی (١٤)ی (Ali-Samik)، هەروا ناوەڕۆک و تێکستەکە بە فۆنتی (١٤)ی (Ali-Sahifa) و پەراوێزەکانیش بە فۆنتی (١٢)ی (Ali-Sahifa) بنوسرێت، بەمجۆرەی خوارەوە:

**یەکەم/ بۆ توێژینەوە:**

ناوی توێژەرەکان (Surname، Initial)، ناوی گۆڤار یان سەرچاوەکە بە (*Italic*) بنوسرێت، بەرگ (ژمارە) لاپەرە.

***دووەم/ بۆ کتێب:***

ناوی نوسەرەکان (Surname، Initial)، ناوی کتێبەکە، ساڵ، لاپەڕە، لایەنی بڵاوکەرەوە ISBN.

٩ – ئەنجامی توێژینەوە دەبێ تەنها بەیەك شێوە بخرێتەڕو، بە خشتە یان گراف.

١٠– دەبێ قەبارەی گراف وادروستبکرێت کە لە ستونەکەدا و لە شوینی تایبەتی خۆیدا جێگەی بێتەوە.

١١– پێوانەی جیهانی (SI-UNITS) بەکاردەهێنرێت.

١٢– چوار وێنەی توێژینەوە پێشکەشدەکرێت.

١٣– خاوەنی توێژینەوەکە خۆی بەرپرسیارە لە ناوەڕۆکی توێژینەوەکەو دەرەنجامەکانی.

١٤– لەگەڵ پێشکەشکردنی توێژینەوەکە بۆ گۆڤار، دەبێ بڕی (١٠٠,٠٠٠) دیناری لەگەڵدا بنێردرێت، کە بۆ توێژەر ناگەڕێنرێتەوە.

١٥– ئەگەر ئەو مەرجانەی سەرەوە رەچاونەکرابوو، توێژینەوەکە دەستبەجێ بۆ توێژەرەکەی دەگەڕێنرێتەوە، و تەنها یەك وێنە لەگەڵ هەموو سەرەتاییەکاندا لە ئەرشیفی گۆڤار هەڵدەگیرێت.

١٦– دوای پەسەند کردنی توێژینەوەکە، مافی بڵاوکردنەوە بۆ گۆڤارەکەیەو خاوەنی توێژینەوەکە بۆی هەیە تەنیا لەو کتێبانەدا کە خۆی چاپیان دەکات بڵاویبکاتەوە، بەڵام بۆی نییە پێشکەشی کەسی تری بکات، چونکە گۆڤارەکە ئەو مافەی هەیە.

١٧– هەر توێژەرێك توێژینەوەکەی پەسەندبکرێت بۆ بڵاوکردنەوە، دانەیەك لە گۆڤارەکەو پێنج وێنە لە توێژینەوەکەی بە بێ پارە بۆ رەوانەدەکرێت. لەمە زیاتر، یان کۆپیی گۆڤارەکە بە تەواوی، بە پارە دەبێت، کە پێویستە پێشوەخت گۆڤار ئاگاداربکرێتەوە، و پارەی تەواوی بۆ بنێردرێت.

١٨– نرخی یەك دانە لە گۆڤارەکە (٥٠٠٠) دیناری عیراقی، یان (١٠) دۆلاری ئەمەریکییە بۆ دەرەوەی کوردستان، و نرخی تەنها توێژینەوەیەکیش (١٥٠٠) دیناری عیراقییە. تکایە لە ڕێی یەکێك لەو ناونیشانانەی کە لەم گۆڤارەدا دیاریکراون، پەیوەندیمان پێوەبکەن.

**سکرتێری نوسین**

# پێرستی بابەتەکان

## بەشــی کــوردی


ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و گۆڕانکارییەکانی عێراق و کوردستان
پ. ی. د. سەروەر عبدالرحمن عمر، م. ی. گۆران ابراهیم صالح.......... ١٣

ڕۆڵی گەلە نافارسەکان لە شۆڕشی گەلانی ئێران١٩٧٩
د. پشکۆ حەمە تاهیرعەبدولرەحمان، د. سوزان کەریم مستەفا .......... ٣٩

ئاڵای رەش و رەشپۆشی لەنێوان سیاسەت و پاشخانی ئایینیدا لەنێوان (١٠٠ک/٦١٨ز-٢٤٧ک/٨٦١ز)
م. ی: بەختیار عبدالله کریم.......... ٧٥

ڕاپەڕینی هۆزی هەمەوەند ساڵی ١٩٠٨ – ١٩٠٩
فەرهاد عەبدولعەزیز محەمەد ئەمین.......... ١٠٥

ستونی ڕۆژنامەنوسی لە ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) دا
د. هێرش رەسوڵا موراد ، م. محەمەد کەریم بابۆڵی.......... ١٢٧

کەڵێنە دەستورییەکانی سیستەمی فیدراڵی لە عێراقدا و ئاستەنگەکانی بەردەمی
د. پێشڕەو حەمەجان عزیز، م.ی. کارزان عزت حسن.......... ١٦١

فەلسەفەکردن و گەڕان بەدوای بنچینەدا
د. ئازاد حەمە عەبدوڵلا.......... ١٩٣


## القســم العربــي


دور راس المال البشرى فى تعزيز الميزة التنافسية
د. پرشنگ صالح محمد العسكرى.......... ٢٢١

دور أبعاد مواقع التواصل الاجتماعى فى تعزيز قرارالشراء
د. پرشنگ صالح محمد العسكرى، م.م.سەروەت روستم ويس مراد.......... ٢٤٧

امكانية تبنى متطلبات الحكومة الالكترونية فى المنظمات
م.رعد الياس درويش، م.م.ساكار عزيز رشيد، م.م.شيلان فاضل محمود.......... ٢٧٩

تشخيص واقع سلوكيات المرأة القيادية الكوردية ومدى اختلافها عن الرجل
م.م.ساكار عزيز رشيد، م.م.ئاڤا عمر فتاح، م.م.هەوار فتاح كريم.......... ٣٠٥

تأثير التبادل بين أستخدام تمارين الدقة والسرعة فى اكتساب بعض المهارات الهجومية بكرة السلة للطلاب
د . ڤيان عبدالكريم سعيد .......... ٣٢٩

هەواڵنامەی کتێب

KURDISTAN ACADEMICS ASSOCIATION

KAA

کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کوردستان

KURDISTAN ACAMECS ASSOCIATION

KTRC 2004

دەستەی کوردستانی

بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی

# گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان

# بەشی کوردی

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

دەستەی کوردستانی
بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی

KURDISTAN ACADEMICS ASSOCIATION
کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کوردستان
KURDISTAN ACAMECS ASSOCIATION

# گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان

# ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و گۆڕانکارییەکانی عێراق و کوردستان

**(١٤/ تەموزی/ ١٩٥٨ — شوباتی/ ١٩٦٣)**

پ. ی. د. سەروەر عبدالرحمن عمر

م. ی. گـــۆران ابراهیم صالح

**پێشەکی:**

پاش کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەك زلهێزێکی سەر گۆڕەپانی سیاسی جیهان وەدەرکەوت، ئەم هێزە نوێیە لە ئەجێندای سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا گرنگییەکی تایبەتی دا بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و عێراق بەتایبەتی، ئەم گرنگی پێدانەش زیاتر بۆ پێگەی ستراتیژی عێراق و کوردستان دەگەڕایەوە. لەو قۆناغەشدا گەشەسەندنی هەژمونی ئەمریکی بۆ عێراق و پەیوەندیەکانی لە گەڵ ئەم وڵاتە لە گەشەسەندندا بوو تا ڕوودانی شۆڕشی (١٤/تەموز) لە عێراق، دوابەدوای سەرکەوتنی شۆڕش، پەیوەندیەکانی نێوان واشنتۆن و بەغدا پێی نایە قۆناغێکی خراپەوە و لەم ماوەیەشدا ئەمریکا چەندین ڕێوشوێنی لە سەر ئاستی نێوخۆیی و دەرەکی عێراق گرتەبەر بۆ کۆتایی پێهێنانی حکومەتەکەی قاسم، دوای شکستی چەندین پیلان دواجار ئەمریکا توانی لە ڕێگەی پاڵپشتی کردنی کودەتای (٨/شوبات) ی پارتی بەعسەوە کۆتایی بە دەسەڵاتی قاسم بهێنێت. لەم قۆناغەدا لە گەڵ ئەوەی چاودێری دۆزی کورد یەك لە ئامانجە سیاسیەکانی ئەمریکا بوو لە عێراقدا، لە هەمان کاتدا ئامادە نەبوو هیچ پشتگیریەك لەو دۆزە بکات هەروەك ئەو پاڵپشتیەی لە قەیرانی کوەیتی کرد لە کاتی ڕاگەیاندنی سەربەخۆییدا.

گرنگی ئەم توێژینەوەیەش بۆ خستنە ڕوی سیاسەتی ئەمریکایە لە عێراق و هەوڵەکانی بۆ دووبارە بەهێزکردنەوەی هەژمون و پێگەی خۆی لەم وڵاتەدا، هەروەها لاوازکردنی پارتی کۆمۆنیستی عێراقی وەك پارتێکی هەواداری بلۆکی ڕۆژهەڵاتی و پاڵپشتیکردنی پارتی بەعس وەك پارتێکی ناسیۆنالیستی عەرەبیی بەرهەڵستکاری عێراقی دژ بە حکومەتی قاسم، لەگەڵ ئەوەدا بەدوورگرتنی عێراق و دۆزی کورد لە عێراقدا لە هەر چەشنە دەستێوەدانێکی یەکێتی سۆڤیەت. لێرەدا هەولماندواە لە شەش تەوەرەدا بەکورتی ڕەوشی پەیوەندیداری ئەو سەردەمە باس بکەین و لەکۆتاییشدا ئەنجامە بەدەستهاتووەکان بخەینە ڕوو.

**یەکەم: شۆڕشی (١٤/ تەموز) و سیاسەتی نوێی ئەمریکا لە عێراق:**

لە ژێر کاریگەری شۆڕشی (تەموزی/ ١٩٥٢) ی ئەفسەرانی ئازادیخوازی میسری، لە نێو سوپای عێراقیشدا کەسانی وەك (رفعت الحاج سری) و (موقەدەم رەجەب عەبدولمەجید) لە کۆتایی ساڵی (١٩٥٢) دا هەستان بە پێکهێنانی دەستەیەکی نهێنی هاوشێوەی ئەفسەرانی ئازادیخوازی میسری، لە پێناو ئامادەکردنیان بۆ کودەتایەکی سەربازی و کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی پادشایەتی لە عێراقدا، ئەم دەستەیەش وەك ڕێکخراوێك تاوەکو بەرپابوونی شۆڕشی (١٤/ تەموزی/ ١٩٥٨) لە کاری نهێنی نێو یەکەکانی سوپای عێراقی بەردەوام بوون[(١)] دوای سەرجەم ئامادەکارییەکان، بەیانی ڕۆژی (١٤/ تەموزی/ ١٩٥٨) بە سەرکردایەتی (عەبدولکەریم قاسم)[*] و (عەبدولسەلام عارف)[**] توانرا لەڕێگەی سەربازییەوە کۆتایی بەڕژێمی پاشایەتی بهێنرێت و سەرهەڵدانی ڕژێمی کۆماری لە عێراقدا ڕابگەیەندرێت[(٢)]

شۆڕشی (١٤/ تەموزی/ ١٩٥٨) سەبارەت بە جیهانی دەرەوە ڕووداوێکی کتوپڕ و لەناکاو بوو.[(٣)] باڵیۆزی ئەمریکایش لە بەغدا وەك خۆ پیشاندانێکی جەماوەری سەیری دۆخەکەی دەکرد[(٤)]

بەڵام دواتر شۆڕشەکە مەترسییەکی گەورەی لەسەر بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا بە گشتی و بەرژەوەندییەکانی (ئەنگلۆ – ئەمریکی) لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست کرد.[(٥)] لەم کاتەدا سەرۆکی ئەمریکی (دوایت ئایزنهاوەر)[***] شۆڕشەکەی بە شۆڕشی کۆمۆنیستی لە چیکسلۆڤاکیا و سەرکەوتنی ساڵی (١٩٤٩)ی کۆمۆنیستەکانی

هەواڵنامەی کتێب

---

(١) – لیث عبدالمحسن الزبیدي: ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق، ط٢، منشورات مکتبة الیقظة العربیة، بغداد، ١٩٨١، ص ١٠٨ و ١١١.

* عەبدولکەریم قاسم: ساڵی (١٩١٤) لە بەغداد هاتووەتە دنیاوە، لە ساڵی (١٩٣١ – ١٩٣٢) کاری مامۆستایەتی دەکات، ساڵی (١٩٣٢) پەیوەندی بە کۆلێژی سەربازییەوە دەکات و لە (١٥/ نیسانی/١٩٣٤) دا بە پلەی مولازم تەواوی دەکات، لە ساڵی (١٩٥٦) دا پەیوەندی بە ڕێکخراوی ئەفسەرانی ئازادیخوازەوە دەکات و دواتر لەگەڵ (عەبدولسەلام عارف) دا سەرکردایەتی شۆڕشی (١٤/ تەموز) دەکات، پاش چەند ساڵ فەرمانڕەوایی عێراق، دوای کودەتای (٨/ شوباتی/ ١٩٦٣) لە (٩/ شوبات) دا بە دەستی کودەتاچییەکان دەکوژرێت. (مجید الخدوري: العراق الجمهوري، ط١، مطبعة أمیر، قم، إیران، ١٤١٨هـ. ص ١٠٠ – ١٠٨) .

** عەبدولسەلام عارف: سالی (١٩٢١) لە بەغداد هاتووەتە دنیاوە، ساڵی (١٩٤١) کۆلێژی سەربازی لە بە پلەی (مولازمی دووەم) تەواوی دەکات، ساڵی (١٩٥٧) پەیوەندی بە ڕێکخراوی ئەفسەرانی ئازادیخوازەوە دەکات، لە شۆڕشی (١٤/ تەموز) یشدا ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕێت، دوای کودەتای (٨/ شوباتی/ ١٩٦٣) دەبێتە سەرەك کۆماری عێراق، دوای سێ ساڵ پۆستی سەرەك کۆماری عێراق، لە (١٣/ نیسانی/ ١٩٦٦) دا بە ڕووداوی فڕۆکە گیان لەدەست دەدات. (عەبدولقادر ساڵح: لاپەڕەکانی فەرمانڕەوایەتی عێراق لە فەیسەڵی یەکەم بۆ تاڵەبانی، چ١، چاپخانەی پەیڤ، سلیمانی، ٢٠٠٩، ٣٦، ٤١) .

(٢) – منذر الموصلي: القضیة الکردیة في العراق (البعث و الأکراد) ، ط١، دار المختار، دمشق، ٢٠٠٠، ص ١٠٥ – ١٠٦.

(٣) – د. عبدالفتاح علي بوتاني: العراق، دراسة في التطورات السیاسیة الداخلیة (١٤/ تموز/ ١٩٥٨ – ٨ شباط ١٩٦٣) ، ط١، دار الزمان، سوریا، ٢٠٠٨، ص ٤٦.

(٤) – حنا بطاطو: العراق، ت/ عفیف الرزاز، الکتاب الثالث، مؤسسة الأبحاث العربیة، بیروت، لبنان، ١٩٩٢، ص ١١٥.

(٥) – د. عبدالخالق حسین: ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ العراقیة و عبدالکریم قاسم، ط١، دار الحصاد، دمشق، سوریا، ٢٠٠٢، ص ١٤٩.

*** دوایت ئایزنهاوەر (١٨٩٠ – ١٩٦٩) : گەورە کاربەدەستی پارتی کۆماری و سی و چوارەمین سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووە، ساڵی (١٩٤٢) تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی سەرکردایەتی سوپای ئەمریکی لە ئەوروپا کردووە، لە (٢٠/ کانونی دووەمی/ ١٩٥٣ – ٢٠/ کانونی دووەمی/ ١٩٦١) پۆستی سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی لەدەستدا بووە.

چین و هەوڵەکانی جوڵانەوەی کۆمۆنیستی بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات لە کۆریا و هیندی چینی ساڵی (١٩٥٠) گوزارشت کرد، لەگەڵ ئەوەدا پێی وابوو گەر بێتو گۆڕانکارییەکان بەو شێوەیە ڕووبدەن و هەڵوێستی توند لەبەرامبەریان وەرنەگیرێت، ئەوا دەبنە هۆی کۆتایی هەژموونی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.[١] ئەمەش دوای ئەوەی ئەمریکا ساڵانێکی زۆر لەوەوبەر لە هەوڵی قایمکردنی جێ پێی خۆیدا بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و ناوچەی کەنداو بە تایبەتی.[٢] هەر لەم کاتەدا ئەمریکا مەترسییەکی گەورەی لە کۆنترۆڵی جەماوەریی پارتی کۆمۆنیستی عێراق و کاریگەرییەکانی دەستێوەردانی سۆڤیەت و جوڵانەوەی نەتەوایەتی عەرەب بە سەرکردایەتی (جەمال عەبدولناسر) هەبوو، لە لایەکی دیکەوە ئەمریکا مەترسی لە کۆنترۆڵکردنی کێڵگە پەترۆڵیەکانی ناوچەکە هەبوو لە لایەن سۆڤیەتەوە، بەشێوەیەکی گشتیش گەورەکاربەدەستانی واشنتۆن پێیان وابوو ئەو دۆخەی لە عێراق و ناوچەکەدا هاتووەتە کایەوە دۆخێکی لەبارە بۆ گەشەکردنی کۆمۆنیزم و ناسیۆنالیزم و هەژمونی سۆڤیەت، هەموو ئەمانەش پێکەوە دژی بەرژەوەندیە زیندووەکانی ئەمریکا بوون لە عێراق و وڵاتانی دیکەی ناوچەکەدا.[٣]

وڵاتانی دیکەی سەر بە ڕۆژئاوای وەك، سعودیە و ئوردن و لوبنان ترسیان لە تەشەنەسەندنی ئەو شۆڕشە بۆ نێو وڵاتەکانیان هەبوو، ئەوە بوو واشنتۆن و لەندەن لە پێناو پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان و بەرگری لە هاوپەیمانەکانیان، دەستبەجێ بڕیاری ناردنی سوپایان دا[٤] و لە (١٥/ تەموز) دا ئەمریکا هێزە سەربازییەکانی خۆی لەسەر خاکی لوبنان دابەزاند و دوو ڕۆژ پاش ئەوە بەریتانیا لە (١٧/ تەموز) دا هێزی سەربازی خۆی ڕەوانەی ئوردن کرد.[٥]

لە پێناو بەرپەرچدانەوەی هەر جۆرە ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراویشدا، یەکێتی سۆڤیەت لە (١٩/ تەموز) دا ژمارەیەك فڕۆکەی جەنگی لە جۆری (مێگ) و چەندین پارچە چەکی جۆراوجۆر بۆ فڕۆکەخانەی دیمەشق نارد.[٦]

(فەتین ڕوشدی زۆڵۆ) ی وەزیری دەرەوەی تورکیاش پێشنیازی دەستێوەردانی سەربازی تورکیای بۆ نێو خاکی عێراق کرد، بەڵام دوای وتووێژو ڕاگۆڕینەوەی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو بەریتانیا، بڕیاریان دا ڕێگە لە هەر چەشنە دەستێوەردانێکی سەربازی تورکیا بۆ نێو عێراق بگرن، ئێران لە لایەن خۆیەوە هەڵوێستێکی نێگەتیڤی بەرامبەر شۆڕش هەبوو، (بن گۆریۆنی) سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیلیش شۆڕشی (١٤/تەموز) ی عێراقی بە مەترسیەکی گەورە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیل گوزارشت لێوە کرد، هەر لەبەر ئەوە بوو داوای پاڵپشتی و هاوکاری سەربازی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا کرد.[٧]

---

(Peter Thompson: Dictionary of America History، M. P. G books، Great Britain، Ltd، ....، 2000، P 333 – 334).

(١) – محمود نجم: المقايضة بين برلين و بغداد الخلفية التأريخية لحرب لم تنته بعد، من منشورات الغد، ١٩٩٢، ص ٢٨.

(٢) – كمال الهلباوي: السياسة الأمريكية في الشرق الأوسط، ط١، مركز الإعلام العربي، قاهرة، ١٩٩٤، ص ٣٣.

(3) - Kenneth Osgood: The United States and the Iraqi revolution of 1958، American and Iraq، policy making، intervention and regional politics، contemporary security studies، New York، 2009، P 8.

(4) - Ibid، P 5 – 6.

(٥) – د. علاء موسى كاظم نورس: ثورة ١٤ تموز في تقارير الدبلوماسيين البريطانيين و الصحافة الغربية، دار الوطنية للنشر و التوزيع، بغداد، ١٩٩٠، ص ٥٨ و ٦٥.

(٦) – ليث عبدالمحسن الزبيدي: ثورة ١٤ تموز... ، ص ٢١١.

(7) – ن. م. س، ص ٢١٣–٢١٤

شۆڕشی (١٤/ تەموز) پشێوییەکی زۆری خستە نێو کۆنگرێسی ئەمریکییەوە و بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەیەك لە پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرێسی ئەمریکی بە هاوبەشی لەگەڵ (C. I. A)[*] بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی هەڵگیرسانی شۆڕشی (١٤/ تەموز) لە عێراق و نەبوونی زانیاری پێشوەخت پێکهێنرا، بەڵام دوای زنجیرەیەك کۆبوونەوە، لیژنەکە بە ئەنجامێکی ئەوتۆ نەگەیشت.[١]

لە ڕێگا چارەیەکی دیکەدا و دوای وتووێژ و پلانڕێژییەکی وردی ناوەندە باڵاکانی ئەمریکا، گەیشتنە ئەو بڕیارەی کە لە ڕێگەی پرۆسەیەکی سەربازییەوە دەست بەسەر بەغدادا بگرن و حکومەتی نوێی عێراقی بڕوخێنن، بەڵام دواتر بەڕێوەبەرایەتی (ئایزنهاوەر) ڕێگەی لە جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە گرت، ئەم ڕێگە گرتنەش بە هۆی بەرپرسیارێتی ئەخلاقی نەبوو لە دەستێوەردان و ڕوخاندنی حکومەتێکی وەك حکومەتی عێراقی، بەڵکو سەرۆك (ئایزنهاوەر) مەترسی لەو ئاکامانە هەبووکە لە ئەنجامی ڕوخاندنی ئەو حکومەتەوە دروست دەبێت، لە گرنگترینیان، بەرپابونی جەنگێك بوو لە گەڵ یەکێتی سۆڤیەت، ئەمەش دوابەدوای دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی سۆڤیەت بوو لە دۆخی ناسەقامگیری عێراق، هەروەها مەترسی لە تێوەگلانی وڵاتانی دیکەی جیهانی سێ‌و بەرپابوونی جەنگێکی کاولکار لە کرۆکی جەنگی سارددا، لە لایەکی دیکەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا مەترسی لە خراپ بوونی پایە نێودەوڵەتییەکەی و ڕای گشتی جیهانی سەبارەت بە ئەنجامدانی هەر کردەوەیەکی سەربازی دژی حکومەتی عێراقی هەبوو، لەوانەش زیاتر دەزگاو دامەزراوە باڵاکانی ئەمریکا پێشبینی دروست بوونی کارەساتی گەورەیان لە نێوخۆی عێراقدا دەکرد، هەروەها ئەگەری دروستبوونی شەڕی ناوخۆ و دەستێوەردانی وڵاتانی عەرەبی و ڕووبەڕووبونەوەی سوپای ئەمریکی لە گەڵ جوڵانەوە ڕادیکاڵی و ناسیۆنالیستەکان و دروستبوونی پشێوی و ناسەقامگیری لە عێراقدا. دواجار هەموو ئەمانە پێکەوە دەبنە هۆی لاوازکردنی پێگەی ئەمریکا لە نێوخۆی عێراق وناوچەکەدا، ئەوەبوو هەموو ئەو فاکتەرانە پێکەوە بوونە هۆی پاشەکشەی ئەمریکا لە بڕیاری بەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ ڕوخاندنی حکومەتی عێراق.[٢]

یەکێتی هاشمی نێوان عێراق و ئوردونیش کە لە مانگی (شوباتی/ ١٩٥٨) دا هاتبووە کایەوە و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا ڕۆڵی تایبەتی خۆیان لە پێکهێنانی ئەو یەکێتییەدا هەبوو،[٣] بەڵام لە ڕێکەوتی (٢٢/ تەموز) دا عێراق چوونە دەرەوەی خۆی لە یەکێتی هاشمی ڕاگەیاند.[١]

---

* لەپێناو بەهێزکردن و کاراترکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە بەهاری ساڵی (١٩٤٧) دا کۆشکی سپی داوایان لە کۆنگرێس کرد بۆ ڕەزامەندیان لەسەر دامەزراندنی دەزگایەکی هەواڵگری بەهێز، ئەوەبوو لە (١٨/ ئەیلولی/ ١٩٤٧) دا سەرۆکی ئەمریکی (هاری ترومان) دوای ڕەزامەندی کۆنگرێس، فەرمانی بە دامەزراندنی دەزگای هەواڵگری ئەمریکی (C. I. A) دا،
. (Walter Lafeber: American – Russia and the cold war 1945 – 2002، McGraw Hill publishers، New York، 2004، P 73.)

(١) – لیث عبدالمحسن الزبیدي: ثورة ١٤ تموز...، ص ٢١٤.

(2) - Kenneth Osgood: The United States and ... ، P 6 ; John Spanier: American Foreign Policy Since World War II، 2nd Edition، Prayer publishers،

(٣) – د. عبدالحمید عبدالجلیل أحمد شلبي: العلاقات السیاسیة بین مصر و العراق ١٩٥١ – ١٩٦٣، الهیئة المصریة العامة للكتاب، مصر، ٢٠٠٠، ص ٣٧٢ – ٣٧٧.

هەواڵنامەی کتێب

لە بنەماکانی سیاسەتی دەرەوەیدا (عەبدولکەریم قاسم) ویستی ئاڕاستەی سیاسەتێکی بێلایەنانە بگرێتەبەر،[2] و ڕایگەیاند کە عێراق ڕێز لە سەرجەم ئەو ڕێکەوتنامانە دەگرێت کە پەیوەندییان بە ئەمریکا و بەریتانیاوە هەیە، لە نێو ئەوانەشدا ڕێکەوتننامەی نەوت، ئەمەش هەنگاوێکی سیاسی قاسم بوو لە پێناو دانپیادانانی وڵاتەکەی لەلایەن ئەمریکا و بەریتانیاوە، دوا بەدوای ئەوە لە سەرەتای مانگی (ئابی/ ١٩٥٨) دا هەریەك لە ئەمریکا و بەریتانیا بە فەرمی دانیان بە ڕژێمەکەی قاسمدا نا، بەلام دوای ئەم دانپێدانانەش گفتوگۆکان لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەو تەوەرەدا کۆببویەوە کە لەم کاتەدا دۆخێکی گونجاوی وا لە عێراقدا نیە بۆ خۆڕزگار کردن لە قاسم و ڕووبەڕووبونەوەی کۆمۆنیستەکان و ناسیۆنالیستەکان.[3]

لە مانگی (ئازاری/ ١٩٥٩) دا عێراق پاشەکشەی خۆی لە پەیمانی بەغدا ڕاگەیاند، بە پاشەکشەی عێراق لەو پەیمانە ناوی پەیمانەکە گۆڕا بۆ (CENTO – Central Treaty Organization).[4] دوابەدوای ئەوە عێراق سەرجەم ئەو پەیماننامانەی ڕەتکردەوە کە لە نێوان سالانی (١٩٥٤ – ١٩٥٧) لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا واژۆی کردبوون.[5]

لە هەوڵێکی دیکەی واشنتۆن بۆ کۆتایی پێهێنانی حکومەتەکەی قاسم، لە بەهاری (١٩٥٩) دا، نەخشەداڕێژەرانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بە هاوبەشی لە گەڵ وەزارەتی بەرگری (پنتاگۆن) کەوتنەوە وتووێژێکی چڕوپڕ سەبارەت بە ڕوخاندنی حکومەتی عێراقی لە ڕێگەی پرۆسەیەکی سەربازیەوە، ئەمەو لە کاتێکدا نەخشەداڕێژەرانی ئەمریکی پێیان وابوو سەرەتا دەست بەسەر پێگە ستراتیژی و سەربازیەکانی عێراقدا بگیرێت، پاشان کۆتایی بە حکومەتەکەی قاسم بهێنرێت، بەلام بەڕێوەبەرایەتی (ئایزنهاوەر) بۆ جارێکی دیکە ئەو نەخشەو پیلانەی دژ بە عێراقی ڕەتکردەوە. لە هەنگاوێکی دیکەدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە پێناو لاوازکردنی حکومەتەکەی قاسم ویستی گەمارۆی ئابووری بخاتە سەر عێراق، دوای لاوازکردنی عێرا ق لەڕووی ئابوریەوە پاشان هەوڵ بدرێت لە ڕێگەی پرۆسەیەکی سەربازیەوەو بە هاوکاری وبەشداری هەریەك لە وڵاتانی: ئێران، تورکیا، ئوردن، میسر، کۆتایی بەسیستمی نوێی کۆماری لە عێراق وهەژمون و مەترسی کۆمۆنیستەکان لەم وڵاتەدا بهێنرێت، بەلام ئەم نەخشەیەش بە هۆی بونی ئەو بەربەست و ئاستەنگانەی لەو قۆناغەدا هەبوون نەیتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.[6]

دوای ئەوەی نەخشەپیلانەکانی ئەمریکا بۆ کۆتایی پێهێنانی سیستمی نوێی کۆماری لە عێراقدا شکستی خوارد، بەڵام گەورەکاربەدەستانی واشنتۆن هەر لەو باوەڕەدا بوون کە دۆخیك لە عێراقدا هاتووەتە کایەوە گەر بێتو لە ماوەیەکی دیاریکراودا کۆنترۆل نەکرێت، ئەوا لە سایەی دەسەلاتی نوێدا هەژموونی سۆڤیەت وکۆمۆنیستەکانی ئەم وڵاتە گەشە دەکەن و سەرەنجام بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئەمریکا دەکەونە مەترسییەوە، لەبەر ئەوهۆکارانە ئەمریکا لە هەوڵەکانی خۆی پاشەکشەی نەکرد بۆ کۆتایی هێنان بە حکومەتی نوێی عێراق و لێدانی هەژمونی کۆمۆنیستەکان لەم وڵاتەدا.

---

(١) – حسن علوي: عبدالكريم قاسم رؤية بعد العشرين، دار الزرداء، لندن، ١٩٨٣، ص ١٣٥.

(2) - Haim Shemesh: Soviet – Iraqi relations 1968 – 1988 in the shadow of Iraqi – Iran conflict، Lynne Rienner publishers، Bounder & London، 1992، P 2.

(٣) – مجيد الخدوري: العراق الجمهوري، ص ٨١.

(4) - Haim Shemesh: Soviet – Iraqi relations…، P 3.

(٥) – حسن علوي: عبدالكريم قاسم… ، ص ١٤١ ؛ ليث عبدالحسن الزبيدي: ثورة ١٤ تموز… ، ص ٢٨٨.

(6) –Kenneth Osgood: The Unite States and …، P14-15

## دووەم: کورد و سیاسەتی نوێی ئەمریکا لە عێراق

شۆڕشی (١٤/ تەموزی/ ١٩٥٨) لە نێو سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگای عێراقیدا گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆی وەرگرت و گەلی کوردیش پێی وابوو سەردەمێکی نوێ لە تێگەیشتنی کورد و عەرەب دەستی پێکردووە.[١] (پ. د. ك) لە (١٦/ تەموز/١٩٥٨) دا بەیانێکی دەرکرد و لەو بەیانەدا هانی جەماوەری کوردستانی بۆ پشتگیری شۆڕش دا.[٢] لە ڕێکەوتی (٢٧/ تەموز) دا دەستوری کاتی عێراقی ڕاگەیەندرا و ماددەی (٣) ی ئەو دەستورە جەختی لەسەر هاوبەشی عەرەب و کورد لە خاکی عێراقدا کردەوە.[٣]

بۆ پشتگیری لە شۆڕش، (مستەفا بارزانی)* لە ڕۆمانیاوە بروسکەیەکی ئاراستەی (عەبدولکەریم قاسم) کرد و لەو بروسکەیەدا دوای پشتگیری لە کۆماری نوێ، داوای گەڕانەوەی کردبوو بۆ عێراق، ئەوەبوو لە ڕۆژانی دواتردا (عەبدولکەریم قاسم) ڕەزامەندی لەسەر گەڕانەوەی (مستەفا بارزانی) و هاوەڵەکانی دەربڕی.[٤]

(مستەفا بارزانی) یش دوای بەسەر کردنەوەی چەند وڵاتێك لە (٦/ تشرینی یەکەمی/ ١٩٥٨) دا گەیشتەوە بەغدا.[٥]

لەدوای گەڕانەوەی (مستەفا بارزانی) ، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەو ڕاستییەی لەبەرچاو گرت کە (مستەفا بارزانی) کەسێکی خاوەن جەماوەرە و دەتوانێت ببێتە هۆکاری ناسەقامگیری لە داهاتووی عێراقدا.[٦] بەڵام لەگەڵ ئەوەدا ئەم گەڕانەوەیە لە یەکێتی سۆڤیەت وای لە ڕۆژئاوا کرد هەڵوێستە لە بەرامبەریدا بکەن و مەترسی ئەوەیان لا دروست ببێت کوردەکان بکەونە ژێر کاریگەری سۆڤیەتەوە.[٧] لە پێناو گرنگی زیاتر بە دۆزی کورد، گەورە کاربەدەستانی ئەمریکی لە کۆبوونەوەی ژمارە (٣٦٨) ی ڕێکەوتی (١٣/ تشرینی دووەمی/ ١٩٥٨) ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا بارودۆخی کوردستانیان هەڵسەنگاند، دواتر سەرۆکی ئەمریکی (دوایت ئایزنهاوەر) لەمیانی وتووێژێکیدا لەگەڵ شای ئێران، جەختی لەسەر پێویستی بوونی دوو یەکەی سەربازی سوپای

هەوڵنامەی کتێب

---

(1) - Karim Yildiz: The Kurds in Iraq، The Past، Present، and Future، Pluto Press، London، 2004، P 13.

(٢) – مسعود البارزاني: البارزاني و الحركة التحررية الكردية ١٤ تموز ١٩٥٨ – ١١/ أيلول/ ١٩٦١، ، ١٩٩١، ص ٤٧.

(٣) – شورش حسن عمر: حقوق الشعب الكردي في الدساتير العراقية، مركز كردستان للدراسات الإستراتيجية، سليمانية، ٢٠٠٥، ص ١٦٩.

* مستەفا بارزانی: ساڵی (١٩٠٣) لە گوندی بارزان هاتووەتە دنیاوە، لە نێوانی ساڵانی (١٩٤٣ – ١٩٤٥) سەرکردایەتی ڕاپەڕینی بارزانی کردووە، ، پاش دامەزراندنی (پ.د.ك) لە (١٦/ ئابی/ ١٩٤٦) دا بە سەرۆکی ئەو پارتە دەستنیشان کرا، پاش ڕووخانی کۆماری مەهاباد مستەفا بارزانی لەگەڵ هاوەڵانی چووە سۆڤیەت؛ بەڵام پاش کودەتای (تەموزی/ ١٩٥٨) گەڕایەوە عێراق، دوای تێکچوونی پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ قاسمدا سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلولی (١٩٦١ – ١٩٧٠) ی کردووە، دوای ڕێکەوتنامەی جەزائیر و شکستی شۆڕشی ئەیلول، مستەفا بارزانی ڕووی لە ئێران کرد و دواتر چوو بۆ ئەمریکا و لە ڕێکەوتی (١/ ئازاری/ ١٩٧٩) هەر لەوێ کۆچی دوایی کرد. (لوقمان حەسەن حەمە ڕەشید: فەرهەنگی مێژوو، چ١، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٤٨ – ٤٩) .

(٤) – میرزا محمد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی سیاسی کورد ١٩٥٨ – ١٩٧٠، چ٢، چاپخانەی داناز، سلێمانی، ١٩٩٩، ل١٨ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن (دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٩ – ١٩٨٣) ، بەرلین، ١٩٩٧، ل٥٥.

(٥) – صلاح الخرسان: التيارات السياسية في كردستان العراق ١٩٤٦ – ٢٠٠١، ط١، مؤسسة البلاغ، بيروت، لبنان، ٢٠٠١، ص ٧٣.

(6) – F. R. U. S - Telegram From Embassy in Iraq to the Department of state، Baghdad، October – 14 – 1958.

(٧) – شلومون نكديمون: الموساد في العراق و دول الجوار إنهيار الآمال الإسرائيلية و الكردية، ت/ بدر عقيلي، دار الجليل، عمان، ١٩٩٧، ص ٥٤ – ٥٥.

ئێرانی کردەوە لە ناوچە کوردییەکانی عێراق، هەر لە کۆبوونەوەکەدا (ئالن دالاس) بەڕێوەبەری (C. I. A)، ئاماژەی بە دامەزراندنی ئێستگەیەکی ڕادیۆیی بە زمانی کوردی بە هاوبەشی لەگەڵ حکومەتی ئێرانیدا کرد.[١] ئەمەش بەشێك بوو لە هەوڵەکانی ئەمریکا بە هاوبەشی لەگەڵ ئێراندا لە پێناو ڕووبەڕوو بوونەوەی سەربازی و سیاسی دەرئەنجامەکانی شۆڕشی (١٤/ تەموز) ی عێراق لە ناوچەکانی باکوورەوە.[٢]

بۆ دڵنیایی زیاتر، ئێران ڕێکەوتننامەیەکی سەربازی لەگەڵ ئەمریکا لە (نیسانی/ ١٩٥٩) دا واژۆکرد.[٣] بەڵام (مستەفا بارزانی) لەمیانی بەشداری لە دانیشتنێکی باڵیۆزخانەی یۆگۆسلاڤیا لە بەغدا، بە توندی ڕەخنەی ئاڕاستەی گفتوگۆ سەربازییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا کرد.[٤]

یەکێکی دیکە لە هەڵوێستەکانی (عەبدولکەریم قاسم) بە ئاڕاستەی کورد نواندی ڕێگەدان بوو بە گەڕانەوەی ئەو کوردانەی لەگەڵ (مستەفا بارزانی) چووبوونە سۆڤیەت و تا ئەوکات لەوێ بوون، ئەوەبوو لە پێشوازییەکی گەرمدا و لە ڕێکەوتی (١٧/ نیسانی/ ١٩٥٩) دا لە بەندەری بەسرەوە بە کەشتی سۆڤیەت گەیشتنەوە عێراق.[٥]

سەبارەت بە گەڕانەوەی ئەو بارزانییانە لە یەکێتی سۆڤیەتەوە بۆ عێراق، لە (٢٨/ نیسانی/ ١٩٥٩) دا، (فۆلبرایت)ی سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەر بە ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا لەگەڵ (ئالن دالاس) ی سەرۆکی (C. I. A) وتوویژیان سەبارەت بەو کوردانە کرد کە بۆ عێراق گەڕاونەتەوە و جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە: "پێدەچێت سۆڤیەت نیازی ئەوەی هەبێت کێشەوگرفت و بخاتە باکووری عێراقەوە و لەوێ بە هاوبەشی پردێکی پەیوەندی دروست بکەن".[٦]

لە مانگی (تەموزی/ ١٩٥٩) دا لە کەرکوك دەست بە کوشتارێکی گەورە کرا، کە دواتر تاوانی کردەوەکانی ئەو کوشتارەی کەرکوك، خرایە ئەستۆی کۆمۆنیستەکان.[٧] لە دانیشتنی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکای (٤١٤) ی ڕێکەوتی (٢٣/ تەموزی/ ١٩٥٩) دا، (ئالن دالاس) ی بەڕێوەبەری (C. I. A)، دوای ئەوەی عێراقی بە وڵاتێکی پڕ گێرمە و کێشە گوزارشت لێوە کرد، تیشکیشی خستە سەر ئەو ڕووداوەی شاری کەرکوك".[٨]

---

(١) – د. عزيز حسن عزيز بارزاني: الولايات المتحدة الأمريكية و المسألة الكوردية في العراق ١٩٦١ – ١٩٧٥، رسالة دكتوراه غير منشورة، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين، ١٩٩٨، ص ٣٧.

(٢) – بيتر مانغولد: تدخل الدول العظمى في الشرق الأوسط، ت/ أديب شيش، دار الطلاس، دمشق، سوريا، بدون سنة طبع، ص ٢٢٠.

(٣) – نازناز محمد عەبدولقادر: سیاسەتی ئێران بەرامبەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە عێراقدا ١٩٦١ – ١٩٧٥، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٥١.

(٤) – هـ. س. پ، ل ٩٥.

(٥) – شاكر وخدو محوي: المسألة الكوردية في العراق المعاصر، ت/ د. عبدي حاجي، ط١، دار سبيريز، دهوك، ٢٠٠٨، ص ١٨٢.

(٦) – عەزیز حەسەن: هەڵوێستی ئیدارەی ئەمریکا لە سەردەمی سەردەمی سەرۆك لیندۆن جۆنسندا بەرامبەر شۆڕشی ئەیلول (١٩٦٤–١٩٦٨) / کۆنگرەی یادەوەری سەدساڵەی بارزانی نەمر، بەشی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣. ... ، ل ١٨٢.

(٧) – میرزا محمد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی سیاسی کورد، ل ٢٣.

(8) - F. R. U. S - 1958 – 1960، Volume XII، 414 Meeting of the (N. S. C) ، July 23 – 1959.

لەگەڵ ئەوەی لە ساڵانی سەرەتاوە ڕژێمی (عەبدولکەریم قاسم) هەڵوێستێکی نەرمی بەرامبەر بە کورد نواند.[١] بەڵام هەر لە ساڵی (١٩٦٠) دا بە هۆی پابەندنەبوونی عەبدولکەریم قاسم بە مافەکانی گەلی کوردەوە ناکۆکی کەوتە نێوان قاسم و بارزانییەوە.[٢] لە ساڵی (١٩٦١) دا پەیوەندییەکان بەرەو دۆخێکی خراپتر ڕۆیشت،[٣] و سەرجەم هۆکارەکان پێکەوە بوونە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕش لە (١١/ ئەیلول/ ١٩٦١) دا.[٤] (مستەفا بارزانی) هەر لە سەرەتاوە پێی وابوو دەبێت پشتیوانی یەك لە دوو زلهێزەکەی جیهان (ئەمریکا و سۆڤیەت) بە دەست بهێنێت، بەڵام لەو کاتەوەی لە سۆڤیەت گەڕابووەوە هیچ هیوایەکی ئەوتۆی بە سۆڤیەت نەمابوو لەبەر ئەوە هەوڵی بەدەستهێنانی پشتیوانی ئەمریکای دا، دواتر ئەم کارەی بە (ئەحمەد تۆفیق) سپارد، ئەویش دووجار هەوڵی دا، جارێك لە ڕێی تارانەوە، جارەکەی دیکەیان لە ڕێی بەیروتەوە، ئەوەبوو دواجار توانی ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی (دانا ئادەمز شمیدت) لەگەڵ خۆی بهێنێت.[٥]

دواتر شمیدت چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ (مستەفا بارزانی) ئەنجامدا و لەو چاوپێکەوتنەدا بە شمیدتی گووت: "باوەڕناکەی لە تواناماندا هەبێت یارمەتی لە ئەمریکا وەربگرین؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت نەخێر باوەڕناکەم، چونکە تا هاوپەیمانێتی ئێران و تورکیا لەناو (CENTO) دا بێت هیچ ڕێگایەك بۆ یارمەتی دانی کورد نابینم".[٦]

لەم کاتەدا دبلۆماتە ئەمریکییەکان پێیان وابوو بە پێی ئەو پابەندبوون و گرێبەستانەی ئەمریکا لەگەڵ تورکیا و ئێران هەیانە، نەك ناتوانن یارمەتی کورد بدەن بەڵکو ناتوانن تەنانەت هاوسۆزی خۆیشیان بۆ کورد دەرببڕن.[٧] لەگەڵ ئەوەدا ئەو کوردە بارزانییانەی دوای دوانزدە ساڵ لە یەکێتی سۆڤیەت گەڕابوونەوە ئەمریکا وەك بەکرێگیراوی سۆڤیەت سەیری دەکردن.[٨]

هەر لە سەرەتای دەستپێکی شۆڕشی ئەیلولەوە یەك لە بەڵگەنامە ئەمریکییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بەرپرسی کاروباری بەغدای (پ.د.ك) ، لە ڕێکەوتی (١٨/ ئەیلولی ١٩٦١) دا داوای هاوکاری و پاڵپشتی ئەمریکای بە پارە و بە چەك بۆ شۆڕشەکەیان کردووە.[٩] بەڵام ئەم کاربەدەستەی (پ.د.ك) لەوە ئاگادار کرایەوە کە سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەبارەت بە کورد هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە و کێشەی کورد وەك کێشەیەکی نێوخۆیی عێراق سەیر دەکات.[١٠]

---

(١) – نادری ئینتیسار: ئیتنۆ نەتەوایەتی کورد، و/ عەتا قەرەداغی، چ١، چاپخانەی قانع، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ٨٧.

(٢) – درية عوني: الأكراد، ط١، مطبعة أبو لؤلؤ، قاهرة، ١٩٩٩، ص ١٤٧.

(٣) – عەبدولقادر سالح: شۆڕشی ١٤ ی تەموز.... ، ل ١٢٨.

(٤) – درية عوني: الأكراد، ص ١٤٧ – ١٤٨

(٥) – نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان....، ل ٨٦.

(٦) – وریا جاف: هەندێك لە چاوپێکەوتن و وتارەکانی بارزانی نەمر، واشنتۆن، ١٩٩٩، ل ١٣ – ١٧.

(٧) – دانا ئادەمز شمیدت: سەفەرێك بۆ نێو پیاوە ئازاکانی کوردستان، و. بۆ عەرەبی/ جەرجیس فەتحوڵا، و. بۆ کوردی/ ئەبو بەکر سالح ئیسماعیل، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٨، ل ٣٣.

(٨) – عزيز حسن عزيز بارزاني: الولايات المتحدة الأمريكية... ، ص ٤٤.

(9) – F. R. U. S - Telegram from Department of State to the Embassy in Baghdad، Washington، June 18 – 1962.

(10) - Ibid.

بە پـێی یاداشـتنامەیەکی کاربەدەسـتی وەزارەتـی دەرەوەی ئـەمریکا (ڕۆبێـرت سـترۆنگ) بـۆ وەزیـری دەرەوە (تالبۆت) بە ڕێکەتی (١١/ ئەیلول/ ١٩٦٢) لەبارەی هەڵوێستی گشتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەبارەت بە کێشەی کورد، ئەو ڕاستییە ئاشکرا دەکات کە ئەمریکا کێشەی کورد لەناو عێراقدا بە کێشەیەکی نێوخۆیی دەزانێت و دەبێت هەر لەسەر ئاستی نێوخۆیی چارەسەر بکرێت.[١]

(عەبدولکەریم قاسم) یش دەیویست وای دەربخات کە شۆڕشی کـورد بـە هانـدانی وڵاتـانی ئـەمریکاو بەریتانیایـە، بەڵام ئەمریکا و بەریتانیا دەست بەجێ بەرپەرچی قاسمیان دایەوە.[٢]

بەم شێوەیە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ ئەوەی دژی دەسەڵاتی (عەبدولکەریم قاسـم) بـوو، هـەروەها لە هەوڵی ڕووخانـدنی دابـوو، بـەڵام نەیشیدەویـست هـیچ جـۆرە پـەیوەندییـەکی لەگـەڵ کـورددا هـەبێت و هەڵوێـستی سەبارەت بە کێشەی کورد لە عێراقدا هەڵوێستێکی نەرێنی (نێگەتیڤ) بوو، نەرێنی ئەم هەڵوێستەی ئەمریکایش لەژێر کاریگەری لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانی لەسەر ئاستی نێوخۆیی لە عێراق و بـەردەوامی دۆسـتایەتی بـوو لەگـەڵ وڵاتانی هەرێمی وەك ئێران و تورکیا.

## سێیەم: ئەمریکا وعێراق و پرسی سەربەخۆیی کووەیت ( حوزەیرانی/١٩٦١ )

دوابەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی (١٤/تەمووزی/١٩٥٨) ی عێراق، ئەمیری کووەیت (شێخ عەبـدوڵا سـالم ئەلـسوباح) پیرۆزبایی خۆی ئاراستەی گەورە کاربەدەستانی نوێی عێراقی کرد[٣] و لە (٢٥/تشرینی یەکەمی/١٩٥٨) یشدا ئـەمیری کووەیت سەردانێکی پێنج ڕۆژی بۆ عێرق ئەنجام داو لە میانەی ئـەو سـەردانەیدا باسـیان لـە گەشـەکردنی پەیوەنـدی نێوان هەردولا کرد، دواتر پەیوەندیەکانی نێوان هەردولا ڕەوتێکی ئاسایی خۆی وەرگرت، عێراقیش لە لایـەن خۆیـەوە ولە پێناو چاودێریکردنی بەرژەوەندییەکانیدا داوای کردنەوەی نوسینگە ونوێنەرایەتی بازرگانی خۆی لە کووەیت کـرد و لەدۆخێکی ئاساییشدا نوێنەرایەتیە ئابوری و بازرگانی لە نێوانی هەردولادا ئاڵوگۆڕ دەکرا.[٤]

بـەڵام لـەم قۆناغـە بـە دوواوە و تـا سـەرەتای سـاڵی (١٩٦٠) کووەیـت مەترسـی گەڕانـەوەی بۆسـەر عێـراق و گەشەکردنی چالاکی ناسریەکانی میسری کەوتبووە سەر، ئەم دۆخەی کووەیتیش نیگەرانیەکی گـەورەی لای هەریـەك لە بەریتانیاو ویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا دروسـت کردبـوو، لـە ژێـر کاریگـەری ئـەو مەترسیانەشـدا لەنـدەن و واشنتۆن کەوتنە پاڵپشتی سیاسی وهاوکاری سەربازی و ئابوری بۆ کووەیـت، هـەروەها هەوڵـدان بـۆ زینـدوکردنـەوەی ڕێکەوتننامـەکانی پێـشوتری کووەیـت بـە تایبـەتی لەگـەڵ بـە ریتانیـا بـۆ پارێزگـاریکردن لـە سـەروەرێتی کوەیـتو ئامادەکردنی بە مەبەستی چوون بەرەو سەربەخۆیی.[٥]

---

(1) - F. R. U. S - Department of state، Central Files، 787. 00/9-2062.

(٢) – نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان... ، ل ٦٢.

(3 – ليث عبدالحسن الزبيدي: ثورة ١٤ تموز... ، ص ٢٩٧

4) ن. م. س، ص ٢٩٩–٣٠٠

5) مريم جوريس: الكويت ١٩٤٥ – ١٩٤٦ رؤية إنجليزية – أمريكية، ت/مفيد عبدوني، ط١، دار أمواج، بيروت، لبنان، ٢٠٠١، ص١١٥–١٢٠

دوابەدوای ئامادەکاریەکان لە سەرجەم لایەنەکانەوە و کۆتـایی هـاتنی دوا دانیـشتن لـە نێـوان بـەرتانیاو کووەیـت لەوبارەیەوە، بەریتانیا سەربەخۆیی تەواوەتی بەخشییە کووەیت، کووەیتیش لە ڕێکەوتی (١٦/حـوزەیرانی/١٩٦١) دا سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند.[١]

ڕاگەیانـدنی سـەربەخۆیی کـووەیتیش نیگەرانیـەکی گـەورەی لای حکومـەتی عێراقـی دروسـت کـرد و ئـەوە بـوو لەمیانەی گۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی قاسمدا کە لە ڕێکەوتی (٢٥/ حوزەیرانی/ ١٩٦١) دا لە بینـای وەزارەتـی بـەرگری عێراق ئەنجامی دا، جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کووەیـت بەشـێکە لـە خـاکی عێـراق و قەزایـەکی سـەر بـە پارێزگـای بەسـرەیە، لـەو بارەیەشـەوە چـەند بەڵگەنامەیـەکی مێـژوویی خـستە ڕوو، هـەروەها ڕێکەوتننامـەی (٢٢/کـانونی دووەمی/١٨٩٩) ی نێوان بەریتانیا وکووەیتی کە (ڕێکەوتننامەیەکی تایبەت بوو بە پارێزگاریکردنی کووەیت لە لایـەن بەریتانیاوە) بە ناشـەرعی لـە قەڵـەم دا.[٢] دوای زنجـیرەك کۆبونـەوەی ئەنجومـەنی وەزیـران وگـەورە کاربەدەسـتانی عێراقی لە بارەی پرسی کووەیتەوە، ژمارەیەك لە بەرپرسانی سەربازی عێراقی لە نێویاندا قاسم پێیان وابـوو گـەر بـە ڕێگاچارەی سەربازی نەبێت کووەیت ناگەڕێتەوە بۆ سەر عێراق.[٣] لەم کاتەدا بەریتانیا ڕایگەیاند کە هێزەکانی عێراق تەنها (٣٠) میل لە سنورەکانی کووەیتەوە دورن و ئەمەش هەڕەشەیەکی گەورەیـە بـۆ سـەر ئاسـایش و سـەربەخۆیی ئەو وڵاتە، لەمانگی تەموزدا بەریتانیا داوای لە ئەنجومەنی ئاسایش کرد کووەیت بانگێشت بکرێت بۆ ئەوەی شکات لە سەر عێراق تۆمار بکات بە تۆمەتی هەڕەشەی عێراق بۆ سەر سەربەخۆیی ئەو وڵاتە، لەهەمان کاتـدا عێـراق هـەوڵی دا شکات لە بەریتانیا بکات بە تۆمەتی هەڕەشەی ئەو وڵاتە بۆ سەر عێراق.[٤]

پاش ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوەیت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دوای بەریتانیا دەستبەجێ بە فەرمی دانی بە سەربەخۆیی ئەو وڵاتەدا نا و دژایەتی توندی هەڵوێستی عێراقییشی کرد لە مەڕ گەڕانـەوەی کووەیت بۆسـەرخاکی ئەو وڵاتە، لە هەمان کاتدا واشنتۆن ئامادەیی تەواوەتی خۆی بۆ پارێزگـاری کووەیـت دەربـڕی، ئـەمریکا سـوربوو لـە سەر هەڵوێـستی خـۆی چـونکە گـەورە کاربەدەسـتانی ئـەو وڵاتـە پێیـان وابـوو کـە یـەکێتی سـۆڤیەت لـە پـشت ئـەو داواکارییەی عیراقەوەیە بۆ کووەیت.[٥] ئەمانە و لە کاتێکدا ئەمریکا بەرژەوەندییەکی پەترۆڵی گەورەی لەسـەر خـاکی کووەیت و ژمارەیەك لە وڵاتانی دیکەی ناوچەکە هەبوو، لە سـاڵانی پەنجاکانیـشەوە ڕێکەوتننامـەی گرنگـی ئـابوری-پـەترۆڵی لـە گـەڵ کووەیتداهـەبوو، لـە بـەر ئـەوە ڕووبـەڕووی هـەر چەشـنە هـەوڵێك دەبوویـەوە کـە مەترسـی بـۆ سـەر بەرژەوەندیەکانی لەسەر خاکی ئەو وڵاتە دروست بکات.[٦]

لەهەنگاوێکی دیکەدا واشنتۆن پاڵپشتی سەربازی خۆی ڕاگەیاند بۆ هەر کاتێك بەریتانیا خواسـتی لـە سـەری بێـت یان بەو شێوەیەی کووەیتیەکان خۆیـان داوایـان کردبـوو بـۆ پارێزگـاری لێ کردنیـان، پێویستیـشە لـە سـەر ویلایەتـە

1) – مریم جوریس: الكويت...، ص ١٢٨

(٢) – مجيد الخدوري: العراق الجمهوري، ص ٢٢٧.

3) –ليث عبدالحسن الزبيدي: ثورة ١٤ تموز... ، ص ٣٠١-٣٠٢

4) – مجيد الخدوري: العراق الجمهوري، ص٢٥٥

(٥) – عبدالحميد عبدالجليل أحمد شلبي: العلاقات السياسية بين مصر...، ص ٤٨٦.

(6) -Kenneth Osgood: The Unite States and ...، p7.

یەکگرتووەکان لە دۆخی ئامادەباشیدا بێت بۆهاوکاری سەربازیەکان لە کات و ئەگەری هەر چەشنە هەڕەشەو مەترسیەکی چاوەڕواننەکراودا، ئەمیری کووەیتییش (شێخ عەبدولا سالم) بە پەرۆشەوە بوو بۆ پاڵپشتی و هاوکارییە سەربازییەکانی واشنتۆن، لە ژێر کاریگەری مەترسیەکانی شالاوی سەربازی عێراق بۆسەر کووەیت، لە کۆتایی مانگی حوزەیراندا بەریتانیا هێزە سەربازیەکانی خۆی لەسەر خاکی کووەیت دابەزاند ولە هەمانکاتدا واشنتۆنی لەو جوڵە سەربازیە ئاگادارکردەوە، بەلام ئەمریکا درەنگتر لە بەریتانیا هێزی سەربازی خۆی لە سەر خاکی کووەیت دابەزاند. (نیکیتا خرۆشۆف) ی سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەتیش لەلایەن خۆیەوە بابەتی دابەزاندنی هێزی سەربازی بەریتانیای بۆ کووەیت لەگەڵ باڵیۆزی بەریتانیا باس لێوە کرد، بەلام نوێنەری ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان جەختی لەسەر پاڵپشتی وهاوکاریەکانی واشنتۆن بۆ بەریتانیا کردەوە بەو شێوەیەی لەپێشتردا بڕیاری لە سەر دابوو.[١]

ئەمیری کووەیتییش لە میانەی گەشتێکی بەنێو ولاتانی عەرەبیدا ویستی پرسی کووەیت بکات بە پرسیکی گشتی ولاتانی عەرەبی و دان بە سەربەخۆ یی ئەو ولاتەدا بنێن، بەلام مەرجی ژمارەیەك لە ولاتانی عەرەبی بۆ کووەیت پاشەکشەی سوپای بێگانە و جێگرتنەوەی بوو لەلایەن سوپای هاوبەشی ولاتانی عەرەبیەوە، ئەوەبوو لە مانگی تەموزدا بە شێك لە هێزەکانی بەریتانیا پاشەکشەیان لە کووەیت کرد و پاش ئەوە لە مانگی ئەیلولدا هەریەك لە ولاتانی سعودیە (٨٥٠) سەرباز، ئوردن (٧٥٠) سەرباز، سودان (١٠٨) سەرباز وکۆماری عەرەبی یەکگرتویش (١٢٦) سەربازیان رەوانەی کووەیت کرد، بەلام پاش ماوەیەکی کەم (جەمال عەبدول ناسر) پاشەکشەی بەهێزەکانی خۆی کرد و گەورەکاربەدەستانی واشنتۆنیش نیگەران بوون لە پاشەکشەی میسر،[٢] ئەمانەو لەم کاتەدا لێکنزیکبونەوەو پەیوەندیەکی ئاسایی لە نیوان قاهیرە و واشنتۆندا هەبوو،[٣] لە کۆتاییدا هەریەك لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا، بە هاوبەشی لە گەڵ ژمارەیەك لە ولاتانی عەرەبی رێکەوتن لە سەر بەرەنگاربوونەوەی هەر چەشنە مەترسیەك لە لایەن عێراقەوە ڕوبەڕوی کووەیت ببێتەوە، ساڵێ دواتر و لە (کانونی دووەمی/١٩٦٢) دا واشنتۆن باڵیۆزخانەی خۆی لە کووەیت کردەوە.[٤]

بەم شێوەیە واشنتۆن توانی رۆلیکی کارا لە پرسی سەربەخۆیی کووەیت و شکستی عێراقدا ببینێ لە بەرامبەر گەڕانەوەی ئەو ولاتە بۆ سەر خاکی عێراق، لە لایەکی دیکەوە ئەمریکا توانی پاریزگاری لە بەرژەوەندیە ستراتیژی و پەترۆلیەکانی خۆی بکات و دۆخەکەیش لە هەر چەشنە دەستێوەردانێکی یەکێتی سۆڤیەت بە دور بگرێت.

---

1) مریم جوریس: الکویت...، ص ١٤٥-١٤٧

(2) -ن م س، ص ١٤٨-١٥١

(3) F. R. U. S. memorandum of conversation ،subject: conversation with president Nasser،united nations general assembly،newyork ،September،19-28/1960

4) - مریم جوریس: الکویت...، ص١٥١

## چواردم: ئەمریکا و پارتی بەعس

هەڵوێستێکی دیکەی قاسم لەسەر ئاستی جیهانی عەرەبی بابەتی دژایەتیکردنی بەشداری عێراق بوو لە یەکێتی عەرەبیدا بەڵام (عەبدولسلام عارف) بە پەرۆشەوە بو بۆ چونە نێو ئەو یەکێتیە.[1] لە هەمان کاتدا قاسم بەرهەڵستی هەوڵەکانی (جەمال عەبدولناسر) یشی دەکرد بۆ بەشداری پێ کردنی عێراق لەو یەکێتییەدا[2] ئەم هەڵوێستەی قاسم وای لە (جەمال عەبدولناسر) کرد هێرشی پڕوپاگەندەیی خۆی بکاتە سەر لە قاسم و کۆمۆنیستەکانی عێراق.[3] ئەمەش هەلێکی گەورە بوو بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لەبەرئەوە پشتگیری پڕوپاگەندەکانی ناسری دژ بە قاسم کرد.[4] لە (٨/ ئازاری/ ١٩٥٩) دا هەڵگەڕانەوەی (شەواف) دژ بە حکومەتی قاسم لە موسڵ ڕوویدا،[5] لەم کاتەدا ناسر دەستێکی گەورەی بە پاڵپشتی (C. I. A) لەو هەڵگەڕانەوەیەدا هەبوو، بەڵام هەڵگەڕانەوەکە شکستی هێنا[6] لە پیلانێکی دیکەی (C. I. A) لە مانگی تشرینی یەکەمدا پشتگیری لە پارتی بەعس کرا بۆ تیرۆرکردنی قاسم، بە دەستی ئەندامێکی لاوی ئەو پارتە بە ناوی (سەددام حوسەین)* بەڵام قاسم دوای کوژرانی شۆفێرەکەی توانی لەم پرۆسەیەدا بە برینداری ڕزگاری ببێت.[7]

دوابەدوای شکستی پیلانەکانیان دژ بە حکومەتەکەی قاسم، گەورە کاربەدەستانی ئەمریکی گەیشتبونە ئەوباوەڕەی کە پێویستە گۆڕانکاری لە ستراتیژی خۆیاندا دژ بە حکومەتی عێراقی و هەژمونی کۆمۆنیستەکان لەم وڵاتەدا بکەن، لە لایەکی دیکەوە پێیان وابوو کە پاڵپشتیەکەشان بۆ (جەمال عەبدول ناسر) دژ بە حکومەتی عێراقی سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە، لە ماوەی ڕا بردوشدا ویلایەتە یەکگرتووەکان بە هەموو قورسایی خۆیەوە دەستێوەردانی لە ڕوداوو هەڵگەڕانەوەو دۆخی ناسەقامگیری عێراقدا کرد، بێ ئەوەی بگاتە ئەنجامیکی ئەوتۆ، لەم قۆناغەشدا دورکەوتنەوەیەك لەنیوان قاسم وکۆمۆنیستەکان ڕوویداو پارتی بەعسیش وەك هێزێکی نەتەوەیی سەربەخۆو جیا لە ناسریزم سەری هەڵدا، بەریتانیاش لە پێناو پێکانی ئامانجە هاوبەشەکانی لەگەڵ ئەمریکا پێی وابوو دەتوانرێت بۆ لێدانی حکومەتەکەی قاسم و پێکانی ئامانجەکانیان لە عێراقدا پشت بە پارتی بەعس ببەسترێت[1]

(١) – مجيد الخدوري: العراق الجمهوري، ص ٨١ – ٨٢.

(2) - Kenneth Osgood: The United States and …، P 11 – 12.

(3) - Kenneth Osgood: The United States and …، P 11.

(4) - Ibid، P 12.

(٥) – فؤاد قاسم الأمير: العراق بين مطرقة صدام و سندان الولايات المتحدة، دار الملاك، بغداد، ٢٠٠٤، ص ٢٢.

(6) –Kenneth Osgood: The Unite States and …، P 16.

*سەددام حوسەین: سالی (١٩٣٧) لە شارۆچکەی تکریت هاتووەتە دنیاوە، لە ساڵی (١٩٦٨) دوای کودەتای بەعس بوو بە جێگری سەرۆك کۆماری عێراق (ئەحمەد حەسەن بەکر) ، لە (١٦/ تەموزی/ ١٩٧٩) دا پۆستی سەرۆك کۆماری بە فەرمی گرتە دەست، لە ساڵی (١٩٨٠ – ١٩٨٨) جەنگێکی درێژخایەنی لەگەڵ ئێران بەرپاکرد و لە ماوەی دەسەڵاتیدا پرۆسەیەکی بەرفراوانی کوشتار و کاولکاری و جینۆسایدی دژ بە گەلی کورد ئەنجام داوە، لە (٢/ ئابی/ ١٩٩٠) دا کوەیتی داگیرکرد، دوای هێرشی هاوپەیمانان بۆ سەر عێراق لە (١٩/ ئازاری/ ٢٠٠٣) لە بەغداد هەڵهات و لە (١٣/ کانونی یەکەمی/ ٢٠٠٣) دەستگیرکرا، دواتر لەمیانی دادگاییکردنیدا بە تاوانی کۆمەڵکوژی، لە ڕێکەوتی (٣٠/ کانونی دووەمی/ ٢٠٠٦) دا لە سێدارە درا. (لوقمان حەسەن حەمە ڕەشید: فەرهەنگی مێژوو، چ١، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٢٣٧) .

(٧) – جون ك. كولي: تواطؤ ضد بابل، ت/ أنطوان باسيل، ط١، شركة المطبوعات للتوزيع و النشر، بيروت، لبنان، ٢٠٠٧، ص ١٦٠.

ببەسترێت[1] ئەوە بوو دوای هەڵسەنگاندنێکی ورد هەریەك لە ئەمریکا و بەریتانیا بریاریان دا بە هاوکاری میسر، پاڵپشتی لە پارتی بەعس وەك پارتێکی دژی قاسم و کۆمۆنیستەکان لە عێراقدا بکەن، ئەمەش دوای ئەوە بوو کە واشنتۆن و لەندەن گەیشتبونە ئەو باوەڕەی گەر لە ڕێی هێزێکی بەرهەڵستکاری نێوخۆیی عێراقەوە نەبێت ئەستەمە کۆتایی بە دەسەلاتی قاسم بهێنرێت.[2]

ئەوە بوو لە هەنگاوێکی دیکەدا، (C. I. A) بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بە هاوبەشی لەگەڵ ڕژێمی عەرەبی میسری، دەستیان بە یارمەتیدانی پارتی بەعس لە عێراق و سەرجەم ئەندامەکانی دیکەیان لە وڵاتانی تر کرد، هەروەها کاری مەشق و ڕاهێنان بەو ئەندامانەی پارتی بەعس لەلایەن (C. I. A) یەوە دەکرا بە مەبەستی ئامادەکردنیان بۆ ڕوخاندنی حکومەتەکەی قاسم و لەناوبردنی ئەندامان ولایەنگرانی پارتی کۆمۆنیستی عێراقی، هەموو ئەم کارانەش بە چاودێری حکومەتی میسری و نەخشە داڕێژانی ویلایەتە یەگرتووەکانی ئەمریکا بوو.[3]

سەبارەت بە پەیوەندیش لە گەڵ حکومەتی عێراقیدا، یەکێك لە ڕاپۆرتەکانی لیژنەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی کۆنگرێسی ئەمریکی جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکاتەوە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان خوازیاری هیچ جۆرە پەیوەندییەك نیە لەگەڵ ئەو دەستە سیاسییەی ئەمڕۆ کە دەسەلاتیان لە عێراقدا بەدەستە، بە پێچەوانەوە ئاماژە دەکات بە پەیوەندییان لەگەڵ ئەوانەی لە داهاتوودا لە عێراق دەسەلات لەدەست دەگرن.[4] بێگومان مەبەستیش لەو پەیوەندییە لەگەڵ پارتی بەعسدا بوو، کە (C. I. A) هاوکاری دەکردن بە مەبەستی ئامادەکردنیان بۆ هەڵگەڕانەوە لە دژی حکومەتەکەی قاسم.[5] لە هەمان کاتدا عێراق یاسای ژمارە (٨٠) ی ساڵی (١٩٦١) ی دەرکرد، کە بەپێی ئەو یاسایە (٩٩. ٥٪) ی زەوییە نەوتییەوکان دەکەوێتەوە ژێر دەسەلاتی حکومەتی عێراقی، ئەم کارەی حکومەتی عێراقی نیگەرانییەکی گەورەی لای وڵاتانی ڕۆژئاوا دوست کرد.[6]

هەموو ئەم کارانەی قاسم لەسەر ئاستی نێوخۆیی و دەرەکی پێیان هەڵدەسا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای گەیاندە ئەو باوەڕەی کە عێراق دەبێتە بنکەی سەرەکی یەکێتی سۆڤیەت و باڵادەستی هەژموونی ئەو وڵاتە، ئەمەش وای لە ئەمریکا کرد لە کۆتایی ساڵی (١٩٦١) دا بە تەواوەتی بگاتە ئەو باوەڕەی کە ڕوخاندنی حکومەتەکەی قاسم کارێکی تەواو پێویستە.[7]

بێگومان پارتی بەعسیش پێویستیەکی زۆری بە پاڵپشتی دەرەکی هەبوو بۆ گرتنە دەستی دەسەلات، چونکە ئەم پارتە بە شێوەیەکی سیاسی نەیاندەتوانی بگاتە دەسەلات وپێکهاتەو ڕێکخستنی سەربازیشیان لاواز بوو،

(١) – فؤاد قاسم الأمير: العراق بين مطرقة... ، ص ٢٣.

(2) - Kenneth Osgood: The United States and ...، P22.

(٣) – د. كمال ديب: زلزال في أرض الشقاق العراق ١٩١٥ – ٢٠١٥، تقديم/ د. جورج قرم، ط١، دار الفارابي، بيروت، لبنان، ٢٠٠٣، ص ٨٣.

(٤) – وەرگیراوە لە: د. سنان صادق حسين الزيدي: سياسة الولايات المتحدة الأمريكية تجاه العراق شباط ١٩٦٣ – ١٩٦٦، ط١، مكتبة مصر، العراق، ٢٠٠٩، ص ٨٩.

(٥) – د. عبدالخالق حسين: ثورة ١٤ تموز... ، ص ١٥.

(٦) –ن. م. س...، ص ١٤٩

(٧) –. د. سنان صادق حسين الزيدي: سياسة الولايات المتحدة ص ١٨.

تەنانەت سەرجەم ئەندامانی ئەم پارتە خودی خۆیشیان جەخت لە سەر ئەو ڕاستیە دەکەنەوە کە گەر بێتوو فاکتەری دەرەکی نەبوایە ئەوان لە کودەتای ڕۆژی (٨ی/شوبات) دا سەرکەوتوو نەدەبوون، لە ڕوی ژمارەیشەوە بە پێی وتەی خۆیان تا ڕۆژی کودەتا ژمارەی ئەندامانی پارتی بەعس (٩٨٠) ئەندام بووە بەبێ بوونی بنکەیەکی جەماوەری فراوان و کاریگەرییەکی دیار و بەرچاو لە دۆخی سیاسی و ڕۆشنبیری عێراق.[١]

چەندمانگێك پێش کودەتاو لە (کانونی یەکەمی/١٩٦٢) دا گەورە کاربەدەستی ئەمریکی (فیشەر) لە شاری میونخی ئەڵمانیا چاوی بە (محەمەد نەجیب روبەیعی) ئەندامی پێشوی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی عێراق کەوت، لە دانیشتنی نێوانیاندا فیشەر بەڵێنی هاوکاری تەواوەتی بە روبەیعی دا لە پێناو خۆ ئامادەکردن بۆ کودەتا دژ بە حکومەتی عێراقی، بەڵام لە بەرامبەردا دەبێت پارتی بەعس بە کاری قەلاچۆکردنی کۆمۆنیستەکان هەستێت، ویلایەتە یەکگرتووەکانیش بڕی (٣٥,٠٠٠,٠٠٠) دۆلاری بۆ کاری ئامادەکاری کودەتا تەرخان کرد.[٢]

لەم قۆناغەشدا دەستگیرکردنی ئەندامانی پارتی بەعس لەلایەن دەسەڵاتی قاسمەوە لە ئارادا بوو، (بیل لۆکلاند) ی گەورە بەرپرسی ئەمریکی تا چەند ڕۆژێکی کەم پێش ئەنجامدانی کودەتای (٨/شوبات) ، لە واشنتۆنەوە پەیوەندی بە موقەدەم روکن (محەمەد ئەلمەهداوی) و ژمارەیەکی دیکە لە ئەفسەرانی سوپای عێراقیەوە کرد و ئاگاداری کردنەوە لەوەی لەم کاتەدا خۆیان لەچون بۆ نێو بەغدا بە دور بگرن نەوەك دەستگیر بکرێن.[٣]

بەم شێوەیە واشنتۆن لە پێش ڕوودانی کودەتا، بە هەماهەنگی لە گەڵ هەر یەك لە بەریتانیا و میسر، هەموو چەشنە پاڵپشتیەکی سیاسی وهەواڵگری و ئابوری پارتی بەعسی کرد بە مەبەستی ئامادە کردنیان بۆ ڕۆژی کودەتا، بەڵام ئەمریکا لەم نەخشە پیلانەی ئەمجارەی دژ بە دەسەڵاتی قاسم و هەژمونی کۆمۆنیستەکان لە عێراق، توانی ئامانجە ستراتیژییەکانی خۆی بپێکێت.

ههوراز نامهی کتێب

## پێنجەم: ئەمریکا و کودەتای یەکەمی بەعس و دۆخی کۆمۆنیستەکانی عێراق (٨/ شوباتی/ ١٩٦٣)

سیستمی تاکڕەوانەی (عەبدولکەریم قاسم) و هەڵوێستی بەرامبەر هێزە نیشتمانییەکانی عێراق و خراپی بارودۆخی ئابووری وڵات، دابڕانی عێراق لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و عەرەبی، درێژە کێشانی هێرشە سەربازییەکان بۆ سەر ناوچەکانی (کوردستان)،[٤] ئەمانە و چەندین و هۆکاری دیکە، ڕێگا خۆشکەر بوون بۆ پارتی بەعس لە (٨/ شوباتی/ ١٩٦٣) دا لە ڕێگەی کودەتایەکی سەربازییەوە کۆتایی بە دەسەڵاتی (عەبدولکەریم قاسم) لە عێراقدا بهێنن.[٥] دواتر خودی قاسمیش لە (٩/ شوباتی/ ١٩٦٣) دا دەستگیربکریت و پاش بەناو دادگاییەکی (٥) خولەکی گوللە باران

(1) –د. عبدالفتاح علي البوتاني: العراق....، ص ٢٦٠

(2) – شاكر وخدو محوي: المسألة الكوردية في العراق المعاصر....، ص ٢٤٦

(3) – د. سنان صادق حسين الزيدي: سياسة الولايات المتحدة الأمريكية.......، ص٢٤

(٤) – منذر الموصلي: القضية الكردية...، ص ١٢٥

(٥) – د. مێڤان عارف بادی: موقف الأحزاب السياسية العراقية من القضية الكوردية ١٩٤٦ – ١٩٧٠، ط١، مطبعة خاني، دهوك، ٢٠٠٨، ص ٢٣٧.

بکرێت.[1] دەزگا هەواڵگرییەکانی ڕۆژئاوا، بە تایبەتی (C. I. A) ڕۆڵێکی کارای لە بەرپاکردنی کودەتای (٨/ شوباتی/ ١٩٦٣) دا هەبوو.[2]

ئەم دەزگایە، بە سەرۆکایەتی (ئالن دالاس) کە لەمیانی جەنگی سارددا هەولێکی گەورەی خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمۆنیزم خستبووە گەڕ، بەشدارییەکی دیاری لە کۆتایی پێهێنانی دەسەڵاتی (عەبدولکەریم قاسم) دا هەبوو، لە کاتی ڕوودانی کودەتاکەیشدا بەردەوام ناوی کۆمۆنیستەکانی بە کودەتاچییەکانی عێراق دەدا.[3] هەر سەبارەت بەوە، پاش حەوت مانگ لە ڕوودانی کودەتای (٨/ شوبات) ، لە چاوپێکەوتنێکی (محەمەد حەسەنەین هەیکەل) لەگەڵ (شا حوسەین) ی شای ئوردندا لە میوانخانەی (کریون) لە پاریس، شا حوسەین گووتی: "چی ئەو ڕووداوانەی (٨/ شوبات) لە عێراق ڕوویانداوە، هەمووی بە پاڵپشتی و کۆمەکی (C. I. A) بووە، ئەو ڕاستییەش دەزانم کە زنجیرەیەك کۆبوونەوەی جیاواز لە نێوان پارتی بەعس و دەزگای هەواڵگری ئەمریکیدا کراون، لە گرنگترین ئەو کۆبوونەوانەش کۆبوونەوەی کوەیت بوو، هەروەها ئەمریکا ڕادیۆیەکی نهێنی بۆ دەستەی کودەتاچییەکان دانابوو بۆ ئەوەی لە ڕۆژی کودەتادا ناو و ناونیشانی کۆمۆنیستەکان بە پیاوانی کودەتا بدات لە پێناو گرتنیان و پاشتر لە سێدارەدانیان".[4]

هەروەها (تالیب شەبیب) ی ئەندامی سەرکردایەتی نیشتمانی و ئەنجومەنی سەرکردایەتی کودەتای (٨/ شوبات) و وەزیری دەرەوەی حکومەتی یەکەمی بەعس، جەخت لەسەر پەیوەندی خۆیان لەگەڵ (C. I. A) دەکاتەوە.[5]

دواتر کاتێك کودەتا لە (٨/ شوبات) دا ڕوویدا (جەیمس کریستفلد) ی گەورە بەرپرسی (C. I. A) ڕایگەیاند: "ئەمڕۆ گەورەترین ڕۆژی سەرکەوتنی ئێمەیە".[6] ئەوانەت (عەلی ساڵەح سەعدی) وەك بەرپرسێکی گەورەی پارتی بەعس کە دواتر بووە جێگری سەرەك وەزیران و وەزیری ناوخۆ، بە ڕاشکاوانە دەڵێت: " ئێمە بە شەمەندەفەری (CIA) گەیشتینە دەسەڵات".[7]

لەوەش زیاتر سەعدی ئاماژە بەوە دەکات کە فڕۆکەی ئەمریکی ڕۆڵێکی گەورەی لە گواستنەوەی چەك و تەقەمەنی بۆ بەعسییەکان لە ڕۆژی کودەتادا هەبووە، ئەمانە و جگە لە فەراهەم کردنی مەلەفەکانی ئاسایشی گشتی لەلایەن پیاوانی (C. I. A) یەوە بۆ ئاشکرا کردنی ناوی کۆمۆنیستەکان.[8] لەلایەکی دیکەوە و لە یەکەم ڕۆژی دوای کودەتادا و لە (٩/ شوبات) (ڕۆبەرت سترۆنگ) ی بەڕێوەبەری نوسینگەی ڕۆژهەڵاتی نزیك لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند کە: " واشنتۆن لە پشت سەرکردەکانی کودەتای نوێوە بووە".[9]

---

(١) – جەمال نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی، و/ کوردۆ، چ٣، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ١٤٧.

( 2) - Kenneth Osgood: The United States and …، P 26. ؛ عبدالخالق حسين: ثورة ١٤ تموز…، ص ١٥٠.

(٣) – د. عبدالفتاح علي بوتاني: العراق… ، ص ٢٦٢.

(٤) – حنا بطاطو: العراق، كتاب الثالث، ص ٣٠٠.

(٥) – د. عبدالفتاح علي بوتاني: العراق…، ص ٦١.

(٦) – وەرگیراوە لە: فؤاد قاسم الأمير: العراق…، ص ٢٩.

(٧) – د. كمال ديب: زلزال… ، ص ٨٧.

(٨) – د. عبدالفتاح علي بوتاني: العراق… ، ص ٣٦٢.

(٩) – د. سنان صادق حسين الزيدي: سياسة الولايات المتحدة…، ص ٣٠.

بەم شێوەیە نەخشەی کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی (عەبدولکەریم قاسم) لەسەر دەستی (C. I. A)، بەعسییەکانی نێو سوپای عێراقی، بەعسییەکانی مەنفا، دەزگای هەواڵگری میسری و ئۆپۆزسیۆنەکانی دیکەی عێراقی بەجێ گەیەنرا.[١] دواتر حکومەت پێکهێنرا و بەعسییەکان پێگە گرنگەکانیان لە حکومەتی نوێدا بۆ خۆیان قۆرخ کرد.[٢]

لە دوای کودەتایشەوە هەریەك لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا لە (١٠/ شوبات) و یەکێتی سۆڤیەتیش لە (١١/ شوبات) دا بە فەرمی دانیان بە حکومەتی نوێی عێراقیدانا.[٣]

دواتر بەڵگەنامەیەکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکای ڕێکەوتی (٢/ ئازاری/ ١٩٦٣) ، کودەتای (٨/ شوبات) ی عێراقی بە ڕووداوێکی گەورە و گرنگ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گوزارشت لێوە کرد و پێی وابوو ئەمریکا بە ئاسانی دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ ڕژێمی نوێی عێراقی بکات.[٤] لەلایەکی دیکەوە عێراق دەبێت خۆی بە دوور بگرێت لە هەر چەشنە ڕاگەیاندنێك دژ بە سەربەخۆیی کوەیت بێت.[٥] ئەوەبوو لە ژێر ئەو فشارەدا حکومەتی عێراقی لە هەمان ساڵدا بە فەرمی دانی بە سەربەخۆیی کووەیتدا نا، بەڵام ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کە بە زۆری لەلایەن بەعسییەکانەوە دەستی بەسەردا گیرابوو، بە توندی ئەو بڕیارەی حکومەتیان ڕەتکردەوە.[٦]

لە مانگی (نیسانی/ ١٩٦٣) دا قۆناغی یەکەمی گفتوگۆی دبلۆماتی ئەمریکی – عێراقی دەستی پێکرد و هەریەك لە (ئەحمەد حەسەن بەکر)* ی سەرەك وەزیران و (تالیب شەبیب) ی وەزیری دەرەوە وتووێژیان سەبارەت بە پەیوەندی نوێی دبلۆماتی لەگەڵ (میلبۆرن) ی گەورە کاربەدەستی ئەمریکی کرد[٧] و لەمیانی بەرەو پێشچوونی پەیوەندی نێوان هەردوو وڵاتدا، سەرۆك (جۆن کەنەدی)** لە ڕێکەوتی (١٧/ نیسانی/ ١٩٦٣) دا (ڕۆبەرت سترۆنگ) ی وەك

هەواڵنامەی کتێب

---

(١) – د. كمال ديب: زلزال... ، ص ٨٣.

(٢) – د. سعد ناجي جواد: العراق و المسألة الكردية ١٩٥٨ – ١٩٧٠، لندن، ١٩٩٠، ص ٧٨.

(٣) – د. سنان صادق حسين الزيدي: سياسة الولايات المتحدة...، ص ٣٠.

(4) - F. R. U. S - 1961 – 1963، Volume XVIII، Airgram From the Department of State to Certain posts، Washington، March 2، 1963.

(5) - Ibid.

(6) - Pierre Salinger: Secret Dossier (The Hidden Agenda Behind the Gulf War) ، t\ Howard Curtis، London، 1991، P 11.

* ئەحمەد حەسەن بەکر: ساڵی (١٩١٤) لە تکریت هاتووەتە دنیاوە، دوای کودەتای (٨/ شوباتی/ ١٩٦٣) بۆ ماوەی (١٠) مانگ بووە سەرەك وەزیرانی عێراق، دواتر لە کودەتای (تەموزی/ ١٩٦٨) دا ڕۆڵی کارا ی بینی، ئەمجارەیان بووە سەرەك کۆماری عێراق و سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، دوای (١١) ساڵ سەرۆکایەتی عێراق، لە ڕێکەوتی (١٦/ تەموزی/ ١٩٧٩) بە فەرمی دەستی لە پۆستەکەی خۆی بۆ (سەددام حوسەین) هەڵگرت، دواجاریش لە ڕێکەوتی (٤/ تشرینی یەکەمی/ ١٩٨٢) کۆچی دوایی کرد. (عەبدولقادر ساڵح: لاپەڕەکانی فەرمانڕەوایی...، ل ٤٩ – ٥٢.

(٧) – د. سنان صادق حسين الزيدي: سياسة الولايات المتحدة...، ص ٤٠.

** جۆن کەنەدی (١٩١٧ – ١٩٦٣) : گەورە کار بەدەستی پارتی دیموکرات بوو، سی و پێنجەمین و کەمتەمەنترین سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، یەکەم کەسێکی خاوەن ئاینزای کاسۆلیکی بووە کە پۆستی سەرۆکایەتی ئەمریکای گرتووەتە دەست لە

باڵیۆزی وڵاتەکەی لە عێراق دەستنیشانکرد، بەڵام سترۆنگ لە (٢٨/نیسان) دا گەیشتە بەغدا و دواتر دەستی بە کارەکانی خۆی کرد، ئەم بەرەوپێشچونی پەیوەندیەی نێوان هەردولایش بە پێی بۆچونی خودی سەرۆك کەنەدی هۆکارێك بوو بە دەستیانەوە بۆ دورخستنەوەی عێراق لە هەژموونی یەکێتی سۆڤیەت.[١]

کاتێکیش لە (١٨/ تشرینی دووەمی/ ١٩٦٣) دا ناکۆکی گەورە لە نێوان (عەبدولسەلام عارف) و دەستەی بەعسییەکانی نێو حکومەت و سوپای عێراقی دروست بوو، عارف دەستبەجێ هەستا بە لێدانی دەسەڵاتی بەعسیەکانی نێو سوپا و حکومەت و لە ماوەیەکی کەمدا توانی دەست بەسەر دۆخەکەدا بگرێت وجگەلە لایەنگرانی خۆی ئەوانی دیکە لە نێو سوپا و حکومەتدا وەدەرنێت.[٢] ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایش گرنگی تایبەتی بەو رووداوە لەسەر ئاستی نێوخۆیی عێراق دا و، حکومەتی عێراقی ئاگادارکردەوە لە پارێزگاریکردن بە دۆخی نێوخۆی عێراق و هێشتنەوەی کەسایەتییە بەعسییە میانڕەوەکان لە نێو حکومەتدا.[٣]

لەسەر ئاستی پەیوەندی ئابووریش، پەیوەندییە ئابوورییەکانی عێراق و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە ئاراستەیەکی باش ڕۆیشت و بۆ ئەو مەبەستەش حکومەتی عێراقی هەر لە سەرەتاوە چەندین چیاوگی جۆراوجۆری ئابوری و بیناسازی و ڕێگاوبانی بە کۆمپانیا ئەمریکیەکان داو چەندین کۆمپانیای ئەمریکیش بە هاوبەشی لە گەڵ کۆمپانیا عێراقیەکاندا کاری وەبەرهێنانیان لە عێراقدا دەکرد، لەم کاتەشدا پەیوەندیەکانی ئەمریکاو عێراق گەیشتبووە ئاستێك (جەمال عەبدول ناسر) مەترسی تەواوی لێ دەکرد.[٤]

لەقۆناغێکی دیکەی گەشەی پەیوەندی ئابوری نێوان هەردولادا، (ئەنجومەنی پلانرێژی ئابوری ئەمریکی) بەپێی یاساو مەرجەکانی بانکی هاوردە و ناردەنی ئەمریکی زنجیرەیەك قەرزی بە حکومەتی عێراقی دا، کە بڕەکانیان لە ساڵی (١٩٦٣) دا (٥٥٢٧١٤٠٠) دۆلار و (٩.٠ ٩) ملیۆن دۆلار بۆ ساڵی (١٩٦٤) ، (٣ .٥) ملیۆن دۆلار لە ساڵی (١٩٦٥) دا، ڕێژەی ناردەنی ئەمریکیش بۆ عێراق (٣٧، ٣) ملیۆن دۆلار بوو لە ساڵی (١٩٦٣) دا، بڕی ناردەنی نەوتی عێراقیش بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی (١٩٦٣) دا (٣٨٨٦٦) تەن و لە ساڵی (١٩٦٤) دا (٥٢٠٨٨) تەن و ڕێژەی ئەم ناردەنییە لە (١٩٦٥) دا گەیشتە (١٠٩٣٥٢٢) تەن و بەڵام لە ساڵی (١٩٦٦) دا ڕێژەکە بۆ (١٥١١٩١٤) تەن بەرزبوویەوە.[٥]

دواجار واشنتۆن توانی لە ڕێگەی پاڵپشتی کردنی پارتی بەعسەوە کودەتای (٨/شوباتی/١٩٦٣) بە ئەنجام بگەیەنێت و ئامانجە ستراتیژیەکانی خۆی لە ڕوخاندنی حکومەتەکەی قاسم و لێدانی کۆمۆنیستەکان و سنوردارکردنی هەژموونی سۆڤیەت بپێکێت، سەرەڕای ئەوانە سەرلەنوێ پەیوەندیەکانی نێوان ئەمریکا و عێراق لە سەرجەم لایەنەکانی دبلۆماتی، سیاسی، ئابوری، سەربازی، فەرهەنگی، جارێکی دیکە دەستی پێ کردەوە، ئەمەش دوای ئەوەی ئەم پەیوەندیانە پاش کودەتای (١٤/تەموز/١٩٥٨) زۆر لاواز بوو بوو.

---

نێوان ساڵانی (١٩٦١ – ١٩٦٣) ، لە (٢٢/ تشرینی دووەمی/ ١٩٦٣) لە شاری دالاسی سەر بە ویلایەتی تەکساس تیرۆرکرا. ( Peter Thompson: Dictionary of American …، P 211 )

(١) – د. سنان صادق حسين الزيدي: سياسة الولايات المتحدة...، ص ٤٤ – ٤٥.

(٢) – تشارلز تريب: صفحات...، ص ٢٣٩.

(٣) – د. سنان صادق حسين الزيدي: سياسة الولايات المتحدة...، ص ٥٦.

(٤) – د. كمال ديب: زلزال...، ص ٨٧.

(٥) – د. سنان صادق حسين الزيدي: سياسة الولايات المتحدة...، ص ١٩٨.

## شەشەم: کورد و ئاڕاستەی سیاسەتی نوێی ئەمریکا لە عێراق

سەرکەوتنی سەربازی کودەتای (٨/ شوباتی/ ١٩٦٣) و گۆڕانی ڕژێم و بارودۆخی سیاسی عێراق، بووە هۆی ڕاگرتنی شەڕ لەلایەن بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردەوە.(١) (عەبدولسەلام عارف) یش لە ڕۆژی (١٠/ شوبات) دا لە ڕادیۆی بەغداوە بەیانێکی خوێندەوە و جەختی لەسەر چارەسەری سیاسی کێشەی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا کردەوە(٢) و لە ڕێکەوتی (١٢/ شوبات) بە بروسکەی ژمارە (١١٢) ی مەکتەبی سیاسی، هێزی پێشمەرگە لە بڕیاری ئاگربەست و دەستپێکی وتووێژ لەگەڵ حکومەتی عێراقی ئاگادارکرایەوە.(٣)

لە (١٦/ شوبات) دا کاتێك حکومەتی عێراقی ئامادەیی خۆی پیشاندا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ڕێگەی دانوستانەوە، لە (١٨/ شوبات) دا شاندی کوردی بە سەرۆکایەتی (جەلال تاڵەبانی) وئەندامێتی (ساڵح یوسفی) و (لوقمان بارزانی) گەیشتنە بەغدا و زنجیرەیەك کۆبوونەوە و وتووێژیان لەگەڵ گەورە بەرپرسانی حکومی و حیزبی ئەنجامدا.(٤)

لەگەڵ ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەم قۆناغەدا هەروەك پێشتر کێشەی کوردی وەك کێشەیەکی نێوخۆیی عێراق سەیر دەکرد، بەڵام پێیشی وابوو ئەگەر چارەسەری گونجاو بۆ ئەو کێشەیە نەدۆزرێتەوە، ئەوا سەرەنجام دۆخەکە بە سوودی یەکێتی سۆڤیەت و کۆمۆنیستەکانی عێراق دەشکێتەوە.(٥) لە یاداشتنامەیەکی (ڕۆبێرت کۆمێر) یش لە ستافی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییەوە بۆ (بۆندی) یاریدەدەری تایبەتی سەرۆك بۆ کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی، جەخت لەسەر ئەوە کرابووەوە کە کارێکی گرانە بزانرێت ئایا گفتوگۆکانی بەغدا** بەرەو ئاڕاستەیەکی باش دەڕوات یان خراپ، لە هەمان کاتدا ئەمریکا مەترسی لە هەریەك لە وڵاتانی تورکیا و ئێران و میسر بە گشتی و یەکێتی سۆڤیەت بە تایبەتی هەبوو لەوەی کە هانی کوردەکان لە دژی حکومەتی عێراق بدەن.(٦)

بەپێی یاداشتنامەیەکی دیکەی نێوان (ڕۆبێرت کۆمێر) لە ستافی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ (بۆندی) یاریدەدەری تایبەتی ئاسایشی نەتەوەیی بە ڕێکەوتی (٦/ ئازاری/ ١٩٦٣) ، ئەگەری هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش لەلایەن کوردەوە یەك لەو پێشهاتە گرنگانە بوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبووایە بایەخی تایبەتی پێ بدات.(٧)

---

(١) – شکیب عقراوي: سنوات المحنة في كردستان ١٩٥٨ – ١٩٨٠، ط١، مطبعة منارة، أربيل، ٢٠٠٠، ص ١٠٩ – ١١٠.

(٢) – ئیبراهیم جەلال: خواروی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول بنیاتنان و هەڵتەکاندن ١٩٦١ – ١٩٧٥، چ٣، چاپخانەی ژیار، سلێمانی، ١٩٩٩، ل ١٤٠.

(٣) – د. کاوس قفطان: الحركة القومية التحررية الكردية في كردستان العراق ١٩٥٨ – ١٩٦٤، ط١، وزارة الثقافة و الإعلام، السليمانية، ٢٠٠٤، ص٢٢٠ – ٢٢١.

(٤) – د. واحد عومەر محێدین: دانوستانەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد و حکومەتەکانی عێراق ١٩٢١ – ١٩٦٨، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ١٣٠.

(5) - F. R. U. S - Airgram From the Department of State to the Certain Posts، Washington، March 2، 1963.

** مەبەستی گفتوگۆکانی نێوان کورد و حکومەتی عێراقیە.

(6) - F. R. U. S - Memorandum From Robert W. Komer of the National Security council staff to the President's Special Assistant for National Security Affairs (Bundy) ، Washington، March 1، 1963.

(7) - F. R. U. S - Memorandum From Robert W. Komer of the National Security council staff to the President's Special Assistant for National Security Affairs (Bundy) ، Washington، March 6، 1963.

لە مانگی (نیسانی/ ١٩٦٣) دا (مستەفا بارزانی) لە ڕێگەی (جەلال تاڵەبانی) یەوە باڵیۆزی ئەمریكای لە بەغدا ئاگادار دەكاتەوە لەوەی كە داوای پەیوەندی دۆستانە و یارمەتی شۆڕشی كورد لە ئەمریكا دەكات، هەروەها خوازیارە لەگەڵ نوێنەری ئەمریكا چاویان بە یەكتر بكەوێت، بەڵام لە وەڵامدا باڵیۆزخانەی ئەمریكا لە بەغدا بە (جەلال تاڵەبانی) یان وت: " ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا كێشەی كورد بە كێشەیەكی نێوخۆیی عێراق دەزانێت و بە هیچ جۆرێك یارمەتی كوردەكان نادات، و هیچ كاربەدەستێكی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكایش ناتوانێت چاوی بە (مستەفا بارزانی) بكەوێت".(١)

لە (١٧/ نیسانی/ ١٩٦٣) دا كاتێك یەكێتی عەرەبی نێوان میسرو سوریا و عێراق ڕاگەیەنرا، ئەم یەكێتیە كێشەی كورد و ڕێكەوتننامەكەی لەگەڵ بەغدا تەواو فەرامۆش كرد.(٢) بەڵام هەر لە سەرەتای مانگی (ئایار) ەوە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا، باڵیۆزخانەی وڵاتەكەی لە بەغدا ئاگاداركردەوە كە بە حكومەتی عێراقی ڕابگەیەنێت درێژە بە گفتوگۆكانیان لەگەڵ كوردەكان بدەن و خۆیان لە دەستپێكردنەوەی شەڕ بە دوور بگرن.(٣)

پاش ئەوە حكومەتی عێراقی لە (٩/ حوزەیرانی/ ١٩٦٣) شەڕی لەگەڵ كورد ڕاگەیاند(٤) و لە پاڵ شەڕی ڕاگەیاندندا، چەندین شاڵاوی سەربازی گەورە بۆ سەر ناوچە كوردییەكان دەستی پێ كرد و كوشتنی ژمارەیەكی زۆری خەڵكی مەدەنی و كاولكردن و تاڵانكردنی دەیان گوندی لێ كەوتەوە.(٥)

لە پێناو پشتگیری كردن لە دۆزی كورد لە عێراقدا، (مستەفا بارزانی) لە ڕێكەوتی (١٨/ تەموزی/ ١٩٦٣) دا نامەیەكی لە ڕێگەی باڵیۆزخانەی ئەمریكا لە تاران ئاڕاستەی سەرۆك (جۆن كەنەدی) كرد، سەبارەت بە وەڵامی نامەكەیش، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا هیچ جۆرە وەڵامێكی نامەكەی بارزانی نەدایەوە.(٦) سەرەڕای ئەوە، ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا ڕەزامەندی لەسەر فرۆشتنی چەندین جۆر پارچە چەك بە حكومەتی عێراقی دەربڕی.(٧)

دواجار دەگەینە ئەو ئەنجامەی كە پەیوەندییەكانی عێراق و ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە دوای كودەتای یەكەمی بەعسەوە كاریگەرییەكی نەرێنی لەسەر سیاسەتی ئەمریكی بەرامبەر دۆزی كورد لە عێراقدا دروست كرد، چونكە دروستبوونی پەیوەندییەكی بەتینی دبلۆماتی، سیاسی، ئابووری، سەربازی نێوان هەردوولا، وای لە ئەمریكا كرد تاكە هەوڵی پارێزگاریكردن بێت لە بەرژەوەندییەكانی لەو پەیوەندییانەدا، و لەگەڵ ئەوەشی بەردەوام رایدەگەیاند كە كێشەی كورد كێشەیەكی نێوخۆیی عێراقە و حكومەتی واشنتۆن دەست لەو كێشەیە وەرنادات، بەڵام بە پێچەوانەوە لەم قۆناغەی پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ عێراقدا، ئەمریكا بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ سیاسەتی خۆی ئاڕاستەی دۆزی كورد لە عێراقدا دەكرد.

---

(1) - F. R. U. S - Telegram from Department of State to the Embassy in Iraq، Washington، April 5، 1963.

(٢) – میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی سیاسی كورد...، ل٤٢.

(3) - F. R. U. S - 1961 – 1963، Minutes of the Special Group (CI) meeting، Washington، May 16، 1963.

(٤) – نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەكان...، ل ٧٠.

(٥) – جیرارد جالدیان: المسألة الكوردية، ت. عبدالسلام النقشبندي، ط١، ، أربيل، ٢٠٠٧، ص ١٠٥.

(6) - F. R. U. S - Memorandum From the Department of state Acting Excusive Secretary (McKesson) to the President's Special Assistant for National Security Affairs (Bundhy) ، Washington، August 6، 1963. Subject: letter from Mulla Mustafa Barzani to President Kennedy.

(7) - F. R. U. S - Memorandum From the Joint chiefs of Staff to Secretary of Defense McNamara، Washington، August 15، 1963. Subject: U. S Assistance for Iraq.

## ئەنجام

١-شۆڕشی (١٤/تەموزی/١٩٥٨) گورزێکی گەورەی لە هەژمون و بەرژەوەندیە زیندووەکانی ئەمریکا لە عێراقدا دا.

٢-سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقی سەردەمی (عەبدولکەریم قاسم) دا سیاسەتێکی نێگەتیف بوو بە ئاراستەی ڕوخانی حکومەتی نوێی عێراقی و جێگرتنەوەی لە لایەن دەستەیەکی نوێوە کە پارێزگاری لە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە عێراقدا بکات.

٣-دوای شکستی هەوڵە تاکلایەنەکانی، ئەمریکا بۆی دەرکەوت ناتوانێت تاکلایەنە کۆتایی بە دەسەڵاتی قاسم بهێنێت، بەڵکو لە هەنگاوەکانی دواتریدا ویستی لە ڕێگەی هێزی هەرێمی و پارتی بەرهەڵستکاری نێوخۆی عێراقی وەك پارتی بەعسەوە کۆتایی بەو دەسەڵاتە بهێنێت.

٤ -واشنتۆن دەیویست عێراق لە کاریگەرییەکانی پارتی کۆمۆنیست و دەستێوەردانەکانی یەکێتی سۆڤیەت بە دور بگرێت.

٥- ئەمریکا ڕۆڵێکی کارای لە پرسی سەربەخۆیی کووەیتدا هەبوو.

٦ - لە دوای شۆڕشی (١٤/تەموز) ەوە، ئەمریکا چاودێری دۆزی کوردی لە عێراقدا دەکرد، بەڵام ئەم چاودێریکردنەی بۆ ئەوە بوو کە ئایا کوردەکان دەکەونە ژێر کاریگەری سۆڤیەتەوە یان نا ؟، کاتێکیش شۆڕشی (ئەیلولی/١٩٦١) دەستی پێکرد، واشنتۆن ئامادە نەبوو پاڵپشتی لەو شۆڕشە بکات.

٧-کودەتای (٨/شوبات) ی پارتی بەعس بە پاڵپشتی سەربازی و سیاسی و ئابوری ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەنجام درا، دوای کودەتایش ئاراستەی سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقدا قالبی ئاسایی خۆی وەرگرتەوە و پەیوەندیەکانی نێوانیشیان چووە ئاستێکی زۆر باشەوە. بەڵام ئەمریکا پرسی کوردی هەر وەك پرسێکی نێوخۆیی عێراق سەیر دەکرد.

هەولێرنامەی کتێب

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم: بە زمانی کوردی:**


١. ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول بنیاتنان و هەڵتەکاندن ١٩٦١ – ١٩٧٥، چ٣، چاپخانەی ژیار، سلێمانی، ١٩٩٩.

٢. جەمال نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی، و/ کوردۆ، چ٣، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٧.

٣. دانا ئادەمز شمیدت: سەفەرێك بۆ نێو پیاوە ئازاکانی کوردستان، و. بۆ عەرەبی/ جەرجیس فەتحولا، و. بۆ کوردی/ ئەبو بەکر ساڵح ئیسماعیل، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٨.

٤. عەبدولقادر ساڵح: شۆڕشی ١٤ ی تەموز، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٥. عەبدولقادر ساڵح: لاپەڕەکانی فەرمانڕەوایەتی عێراق لە فەیسەڵی یەکەم بۆ تاڵەبانی، چ١، چاپخانەی پەیڤ، سلیمانی، ٢٠٠٩.

٦. عەزیز حەسەن: هەڵوێستی ئیدارەی ئەمریکا لە سەردەمی سەردەمی سەرۆك لیندۆن جۆنسندا بەرامبەر شۆڕشی ئەیلول (١٩٦٤–١٩٦٨) / کۆنگرەی یادەوەری سەد ساڵەی بارزانی نەمر، بەشی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣.

٧. لوقمان حەسەن حەمە ڕەشید: فەرهەنگی مێژوو، چ١، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٨. میرزا محمد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی سیاسی کورد ١٩٥٨ – ١٩٧٠، چ٢، چاپخانەی داناز، سلێمانی، ١٩٩٩.

٩. نادری ئینتیسار: ئیتنۆ نەتەوایەتی کورد، و/ عەتا قەرەداغی، چ١، چاپخانەی قانع، سلێمانی، ٢٠٠٣.

١٠. نازناز محمد عەبدولقادر: سیاسەتی ئێران بەرامبەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە عێراقدا ١٩٦١ – ١٩٧٥، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.

١١. نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن (دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٩ – ١٩٨٣) ، بەرلین، ١٩٩٧.

١٢. واحد عومەر محێدین (دکتۆر) : دانوستانەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد و حکومەتەکانی عێراق ١٩٢١ – ١٩٦٨، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦.

١٣. وریا جاف: هەندێك لە چاوپێکەوتن و وتارەکانی بارزانی نەمر، واشنتۆن، ١٩٩٩.

١٤.


**دووەم: بەزمانی عەرەبی:**


١٥. بيتر مانغولد: تدخل الدول العظمى في الشرق الأوسط، ت/ أديب شيش، دار الطلاس، دمشق، سوريا، بدون سنة طبع.

١٦. تشارلز تريب: صفحات من تاريخ العراق، ت/ زينة جابر ادريس، بيروت، ٢٠٠٦.

١٧. جون ك. كولي: تواطؤ ضد بابل، ت/ أنطوان باسيل، ط١، شركة المطبوعات للتوزيع و النشر، بيروت، لبنان، ٢٠٠٧.


هەواڵنامەی کتێب

١٨. جيرارد جالديان: المسألة الكوردية، ت. عبدالسلام النقشبندي، ط١، ، أربيل، ٢٠٠٧.
١٩. حسن علوي: عبدالكريم قاسم رؤية بعد العشرين، دار الزرداء، لندن، ١٩٨٣.
٢٠. حنا بطاطو: العراق، ت/ عفيف الرزاز، الكتاب الثالث، مؤسسة الأبحاث العربية، بيروت، لبنان، ١٩٩٢.
٢١. د. ميْڤان عارف بادى (الدكتور) : موقف الأحزاب السياسية العراقية من القضية الكوردية ١٩٤٦ – ١٩٧٠، ط١، مطبعة خاني، دهوك، ٢٠٠٨.
٢٢. درية عوني: الأكراد، ط١، مطبعة أبو لؤلؤ، قاهرة، ١٩٩٩.
٢٣. سعد ناجي جواد (الدكتور) : العراق و المسألة الكردية ١٩٥٨ – ١٩٧٠، لندن، ١٩٩٠.
٢٤. سنان صادق حسين الزيدي (الدكتور) : سياسة الولايات المتحدة الأمريكية تجاه العراق شباط ١٩٦٣ – ١٩٦٦، ط١، مكتبة مصر، العراق، ٢٠٠٩.
٢٥. شاكر وخدو محوي: المسألة الكوردية في العراق المعاصر، ت/ د. عبدي حاجي، ط١، دار سبيريز، دهوك، ٢٠٠٨.
٢٦. شكيب عقراوي: سنوات المحنة في كردستان ١٩٥٨ – ١٩٨٠، ط١، مطبعة منارة، أربيل، ٢٠٠٠.
٢٧. شلومون نكديمون: الموساد في العراق و دول الجوار إنهيار الأمال الإسرائيلية و الكردية، ت/ بدر عقيلي، دار الجليل، عمان، ١٩٩٧.
٢٨. شورش حسن عمر: حقوق الشعب الكردي في الدساتير العراقية، مركز كردستان للدراسات الإستراتيجية، سليمانية، ٢٠٠٥.
٢٩. صلاح الخرسان: التيارات السياسية في كردستان العراق ١٩٤٦ – ٢٠٠١، ط١، مؤسسة البلاغ، بيروت، لبنان، ٢٠٠١.
٣٠. عبدالحميد عبدالجليل أحمد شلبي (الدكتور) : العلاقات السياسية بين مصر و العراق ١٩٥١ – ١٩٦٣، الهيئة المصرية العامة للكتاب، مصر، ٢٠٠٠.
٣١. عبدالخالق حسين (الدكتور) : ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ العراقية و عبدالكريم قاسم، ط١، دار الحصاد، دمشق، سوريا، ٢٠٠٢.
٣٢. عبدالفتاح علي بوتاني (الدكتور) : العراق، دراسة في التطورات السياسية الداخلية (١٤/ تموز/ ١٩٥٨ – ٨ شباط ١٩٦٣) ، ط١، دار الزمان، سوريا، ٢٠٠٨.
٣٣. عزيز حسن عزيز بارزاني (الدكتور) : الولايات المتحدة الأمريكية و المسألة الكوردية في العراق ١٩٦١ – ١٩٧٥، رسالة دكتوراه غير منشورة، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين، ١٩٩٨.
٣٤. علاء موسى كاظم نورس (الدكتور) : ثورة ١٤ تموز في تقارير الدبلوماسيين البريطانيين و الصحافة الغربية، دار الوطنية للنشر و التوزيع، بغداد، ١٩٩٠.
٣٥. فؤاد قاسم الأمير: العراق بين مطرقة صدام و سندان الولايات المتحدة، دار الملاك، بغداد، ٢٠٠٤.
٣٦. كاوس قفطان (الدكتور) : الحركة القومية التحررية الكردية في كردستان العراق ١٩٥٨ – ١٩٦٤، ط١، وزارة الثقافة و الإعلام، السليمانية، ٢٠٠٤.

هەواڵنامەی کتێب

٣٧. كمال الهلباوي: السياسة الأمريكية في الشرق الأوسط، ط١، مركز الإعلام العربي، قاهرة، ١٩٩٤.
٣٨. كمال ديب (الدكتور) : زلزال في أرض الشقاق العراق ١٩١٥ – ٢٠١٥، تقديم/ د. جورج قرم، ط١، دار الفارابي، بيروت، لبنان، ٢٠٠٣.
٣٩. ليث عبدالمحسن الزبيدي: ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق، ط٢، منشورات مكتبة اليقظة العربية، بغداد، ١٩٨١.
٤٠. مجيد الخدوري: العراق الجمهوري، ط١، مطبعة أمير، قم، إيران، ١٤١٨هـ.
٤١. محمود نجم: المقايضة بين برلين و بغداد الخلفية التأريخية لحرب لم تنته بعد، من منشورات الغد، ١٩٩٢.
٤٢. مريم جوريس: الكويت ١٩٤٥ – ١٩٤٦ رؤية إنجليزية – أمريكية، ت/ مفيد عبدوني، ط١، دار أمواج، بيروت، لبنان، ٢٠٠١.
٤٣. مسعود البارزاني: البارزاني و الحركة التحررية الكردية ١٤ تموز ١٩٥٨ – ١١/ أيلول/ ١٩٦١، ، ١٩٩١.
٤٤. منذر الموصلي: القضية الكردية في العراق (البعث و الأكراد) ، ط١، دار المختار، دمشق، ٢٠٠٠.

**بە زمانی ئینگلیزی:**

45. F. R. U. S - 1958 – 1960 ،Volume XII ،414 Meeting of the (N. S. C) ،July 23 – 1959.
46. F. R. U. S - 1961 – 1963 ،Minutes of the Special Group (CI) meeting ،Washington ، May 16 ،1963.
47. F. R. U. S - 1961 – 1963 ،Volume XVIII ،Airgram From the Department of State to Certain posts ،Washington ،March 2 ،1963.
48. F. R. U. S - Airgram From the Department of State to the Certain Posts ،Washington ، March 2 ،1963.
49. F. R. U. S - Department of state ،Central Files ،787. 00/9-2062.
50. F. R. U. S - Memorandum From Robert W. Komer of the National Security council staff to the President's Special Assistant for National Security Affairs (Bundy) ،Washington ، March 1 ،1963.
51. F. R. U. S - Memorandum From Robert W. Komer of the National Security council staff to the President's Special Assistant for National Security Affairs (Bundy) ،Washington ، March 6 ،1963.
52. F. R. U. S - Memorandum From the Department of state Acting Excusive Secretary (McKesson) to the President's Special Assistant for National Security Affairs (Bundhy) ، Washington ،August 6 ،1963. Subject: letter from Mulla Mustafa Barzani to President Kennedy.
53. F. R. U. S - Memorandum From the Joint chiefs of Staff to Secretary of Defense McNamara ،Washington ،August 15 ،1963. Subject: U. S Assistance for Iraq.
54. F. R. U. S - Telegram from Department of State to the Embassy in Iraq ،Washington ، April 5 ،1963.

هەواڵنامەی کتێب

55. F. R. U. S - Telegram from Department of State to the Embassy in Baghdad، Washington ،June 18 – 1962.

56. F. R. U. S - Telegram From Embassy in Iraq to the Department of state ،Baghdad، October – 14 – 1958.

57. F. R. U. S. memorandum of conversation ،subject: conversation with president Nasser ،united nations general assembly ،newyork ،September ،19-28/1960

58. Haim Shemesh: Soviet – Iraqi relations 1968 – 1988 in the shadow of Iraqi – Iran conflict ،Lynne Rienner publishers ،Bounder & London ،1992.

59. John Spanier: American Foreign Policy Since World War II ،2nd Edition ،Prayer publishers.

60. Karim Yildiz: The Kurds in Iraq ،The Past ،Present ،and Future ،Pluto Press ،London ، 2004. .

61. Kenneth Osgood: The United States and the Iraqi revolution of 1958 ،American and Iraq ،policy making ،intervention and regional politics ،contemporary security studies ،New York ،2009.

62. Peter Thompson: Dictionary of America History ،M. P. G books ،Ltd ،Great Britain ، 2000.

63. Pierre Salinger: Secret Dossier (The Hidden Agenda Behind the Gulf War) ،t\ Howard Curtis ،London ،1991.

64. Walter Lafeber: American – Russia and the cold war 1945 – 2002 ،McGraw Hill publishers ،New York ،2004.

هەواڵنامەی کتێب

## الملخص

## الولايات المتحدة الامريكية و تغيرات العراق و كوردستان

## (١٤ تموز ١٩٥٨-شوبات ١٩٦٣)


بعد انتهاء حرب العالمية الثانية ظهرت الولايات المتحدة الامريكية كقوة عالمية كبيرة على ساحة السياسة العالمية، تهتم هذه القوة بمنطقة شرق الاوسط عامة و العراق خاصة بسبب اهميتها الاستراتيجية في المنطقة، و في هذه المرحلة تطورت العلاقات بين الولايات المتحدة والعراق حتى اواسط عام (١٩٥٨) ، لكن وجود هيمنة الامريكية قد انكسرت مع قيام ثورة (١٤/تموز/١٩٥٨) قطع العلاقات بين البلدين بشكل طارئ. ولاسيما بعد مطالبة العراق بضم الكويت في (حزيران/١٩٦١) وصدر قانون رقم (٨٠) في عام نفسه لسيطرة الحكومة العراقية على (٥. ٩٩٪) من اراضها النفطية و تغلغل هيمنة الاتحاد السوفيتي، كانت لها تاثيرا كبيرا على قناعة صانع القرار الامريكي لسقوط نظام العراقي الجديدة بقيادة (عبدالكريم قاسم) ، و في ضمن التطورات السياسية الداخلية في العراق ة اهتمت واشنطن باالقضية الكوردية كقضية الداخلية في العراق، بل لم تتدخل في القضية الكوردية، مثلما تدخلت في الازمة الكويتية. نتيجة لهذه السياسة الداخلية و الخارجية العراقية في عهد قاسم، تشجع صانعوا القرار الامريكي قادة البعثيين للانقلاب العسكري على حكومة العراقية و تصفية الشيوعيين و اليساريين، وفي اليوم (٨/شباط/١٩٦٣) نفذة الانقلاب البعثي وسقطت الحكومة العراقية بقيادة قاسم. بعد نجاح الانقلاب عسكري، عمقت العلاقات بين واشنطن وبغداد الى مرحلة جديدة و تطورت هذه العلاقة على كل نواحي الاقتصادية والسياسية ودبلوماسية وعسكرية.


هەواڵنامەی کتێب

## Abstract

## USA and Developments in Iraq and Kurdistan

## (14 July,1958-February/1963)


After end of second world war ،united states of amerecan appeared as a supper power in world arena ،that new power take care with midlle easte generally and Iraqi Chiefly so as to stratigic location in the erea. In that period the relationship between U. S and Iraq in developmenit till at mid (1958) ،but after (July-14-1958) revolution ،amerecan interests in Iraq were deteriorated and the relationship between two countries break off rappedlly. After all changes ،Iraqi demands for Qwait ،controlled over (%99. 5) petrolum fieldes by (80) article ،popularity of (Iraqi Communist Party) ،and intervention of sovieti union in Iraq have had a bad influense at U. S decission makers to make order about topple of Kassems rule ،at that time U. S take care with Kurdish issue but didnt supported them national movement due to look it like internal issue in Iraq. Then U. S decided to support (Baath Party) against Kassems government inside or outside of Iraq ،at last in (Febrewary-8-1963) the military coop implicated and the Kassems rule was overthrown. After Baath coop successed ،the relationship between Washington and Baghdad progressed in all sides of: economical ، political ،diplomatic ،military.

هەواڵنامەی کتێب

KURDISTAN ACADEMICS ASSOCIATION
KAA
کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کوردستان
KURDISTAN ACAMECS ASSOCIATION

KTRC 2004
دەستەی کوردستانی
بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی

# گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان

# رۆڵی گەلە نافارسەکان لە شۆڕشی گەلانی ئێران١٩٧٩ " عەرەب وەك نموونە"

د. پشکۆ حەمە تاهیرعەبدولرەحمان
زانکۆی سلێمانی
کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتیەکان
بەشی مێژوو

د. سوزان کەریم مستەفا
زانکۆی سلێمانی
کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتیەکان
بەشی مێژوو

هەواڵنامەی کتێب

## پێشەکی

گرنگیو هۆکاری هەڵبژاردنی بابەت: توێژینەوە لەبارەی رۆڵی گەلە نافارسەکان لە شۆڕشی گەلانی ئێران ١٩٧٩ عەرەب وەك نموونە، وەك بابەتێکی مێژویی دیاریکراو، کە بەهۆکارەکانی شۆڕشی گەلان لە ئێران دەستپێدەکاتو بەگەیشتنە دەسەڵاتی پیاوانی ئایینی لەئێرانو سیاسەتەکەیان بەرامبەر گەلە نافارسەکان کۆتایی دێت گرنگو پڕ بایەخە، چونکە لەو سەردەمەدا گەلە نافارسەکان بەگشتی شانبەشانی گەلی فارسو پیاوانی ئایینی رۆڵێکی دیارو بەرچاویان بینی لە کۆتایهێنان بە دەسەڵاتی شاهەنشاهی لە ئێراندا، کە ماوەی نیوسەدە بوو بەشێوەیەکی دیکتاتۆری حوکمی وولاتیان دەکرد، لەلایەکی دیکەشەوە دوای نەمانی محەمەد رەزا شا سەرانی شۆڕش بەسەرکردایەتی خومەینی کاتێك گەیشتە دەسەڵات هەمان سیاسەتی پێش خۆیان بەرامبەر گەلە نافارسەکان بەگشتیو عەرەب بەتایبەتی جێبەجێ کرد. سەبارەت بە هەڵبژاردنی بابەتەکەش لای توێژەران لەو ڕوانگەیەوە دێت کە تا ئێستا کێشەی عەرەب لە ئێران کەیەکێکە لە کێشە دیارو بەرچاوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست توێژینەوەی زانستی لە زانکۆکانی کوردستان بە زمانی کوردی لەسەر نەکراوە، هەروەها توێژینەوەیەکی وا لەسەر رۆڵی عەرەب لە شۆڕشی گەلان بابەتێکە تیشك دەخاتە سەر هەموو ئەو سیاسەتە شۆڤێنیانەی کە بەسەر عەرەب هاتووە لەماوەی حوکمی پاشاییو کۆماری ئیسلامیدا، لەگەڵ شۆڕەکانی عەرەب بەرامبەر ئەو دەسەڵاتانە.

ئامانجو میتۆدی توێژینەوەکە: ئامانجی توێژینەوەکە لێکدانەوەیەکی زانستیانەو ئەکادیمیانەو شیکارییانەیە بۆ رۆڵی گەلە نافارسەکان بەگشتیو عەرەب بەتایبەتی لەشۆڕشی ئێران ساڵی ١٩٧٩دا، وەك سەرەتایەك بۆ

توێژینەوەیەکی فراوانترو هەمەلایەن تر بخاتە بەردەست. سەبارەت بە میتۆدی توێژینەوەکەش بە پشت بەستن بەو ڕاستیەی کە دەوترێت: میتۆدەکانی لێکۆڵینەوە لە نزیکەوە بەیەکداچوونو پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە مەرج نیە لێکۆڵینەوە زانستیەکان تەنها یەك میتۆدی دیاری کراو وەك ڕێبازێکی زانستی لە شیکارکردنی بابەتێکدا بگرنە بەر، بەڵکو زۆرجار ئەو میتۆدانە بەپێی بارودۆخ و ئاستەنگو بابەتەکان لە پێناو تەواوکردنی لایەنە جیاوازەکانی توێژینەوەکەدا بەیەکدا دەچنو بەیەکەوەو بەشێوەیەکی جیاجیا بەکاردەهێنرێتو توێژینەوەکە تەواو دەکەن، بە پشت بەستن بەم ڕاستیە ئێمەش لەم لێکۆڵینەوەیەدا لەگەڵ میتۆدی زانستی مێژوویی کەوەك میتۆدی سەرەکی پشتی پێبەستراوە میتۆدی زانستی سیاسیو ئابوریو جوگرافیش لە هەندێك شوێندا سودی لێوەرگیراوە، بۆ گەیشتن بە ئەنجامو شیکاری بابەتەکە.

گرفتو سەرچاوەی توێژینەوەکە: لێکۆڵینەوە لە بابەت ڕۆڵی عەرەب لە شۆڕشی گەلانی ئێرانو سیاسەتی سەرانی شۆڕشیش بەرامبەریان، لەماوەیەکی مێژوویی دیاری کراوی وەهادا بێ کێشەو گرفت نابێتو زۆر ئاستەنگ دێتە پێشەوە، ڕەنگە لەهەندێك کاتدا توێژەری سارد کردبێتەوە، لە هەمووشیان گرنگتر دەستنەکەوتن یاخود درەنگ دەستکەتنی هەندێك سەرچاوەی پێویست لەسەر بابەتەکە، کە تەنها لە کتێبخانەی تایبەتیدا هەنو دانسقەن، لەگەڵ چەند گرفتێکی دیکەی وەك ڕێنەدان بەبڵاوکردنەوەی وورد لەسەر ڕەوشی عەرەبی ئێران لەلایەن دەسەڵاتەکانی ئێرانیەوە، یاخود نووسینی هەندێك پەرتووك لەسەر عەرەبی ئێران کە لەبەرژەوەندی دەسەڵاتداران نووسراون بۆیە شەنو کەوکردنێکی زۆری دەوێت بۆ دۆزینەوەی ڕاستیەکان، بەڵام دواتر بە سود وەرگرتن لە دەیان سەرچاوەی عەرەبیو کوردیو فارسی توانراوە بەسەر ئەو ئاستەنگانەدا زاڵبین. لە گرنگترین سەرچاوە عەرەبیەکان وەك: (انتفاضة الاهواز البداية ام طبل اعضم، الأحواز الأرض العربية المحتلة، الاهواز ارض عربية سلبية) سەرچاوە کوردیەکان وەك (سیاسەتی ئێران بەرامبەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەوتەوەی کورد لە کوردستانی عێراقدا، کوردستانی ئێران ١٩٣٩– ١٩٧٩) سەرچاوە فارسیەکان وەك (جغرافیای مفصلی ایران، تاریخ جغرافیائی عرب خوزستان) و دەیان بابەتی تر لە گۆڤارو ڕۆژنامەکان، هەروەها سود وەرگرتن لەسەرچاوەی ئەلیکترۆنی بەتایبەتی ماڵپەڕی تایبەتی پارتە ئەهوازیەکان، کە زانیاری ڕاستەقینە بەدەستەوە دەدەن، ناوەرۆکی ئەم توێژینەوەیە پێك هاتووە لە :

دەروازە: لەم دەروازەیەدا هەوڵدراوە بە کورتی پێشینەیەك لەسەر ڕووداوو هۆکارەکانی پێش شۆڕی ئێران بخرێتە ڕوو.

تەوەرەی یەکەم: تەوەرەی یەکەم: ڕۆڵی نەتەوەی عەرەب لە شۆڕشی (١٩٧٩) ی گەلانی ئێراندا، لەم باسەدا زیاتر باس لە سیاسەتی ناجۆری شاهەنشاهی کراوە بەرامبەر عەرەب و لەگەڵ ئەوەشدا باس لە ڕۆڵی عەرەبکراوە لەشۆڕشەکانی دژی شاهەنشاهی بەگشتی و شۆڕشی گەلان بەتایبەتی.

تەوەرەی دووەم: هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرامبەر نەتەوەی عەرەب لە ئێراندا، لەم باسەدا بە وردی باس لە چۆنیەتی سیاسەتی سەرانی شۆرشی ١٩٧٩ دەکرێت بەرامبەر عەرەب، کە هیچ جیاوازیەکی وا نابینرێت لەسیاسەتی دەسەڵاتدارانی پێشوو بەرامبەر عەرەب لە پێش شۆڕش. لەگەڵ ئەوەشدا باس لە ڕاپەرین و شۆڕشەکانی عەرەب دەکرێت دژی دەسەڵاتی پیاوانی ئاینی لە ئێراندا.

لە کۆتایشدا ئەنجامو لیستی سەرچاوەکان خراوەتە ڕوو.

## دەروازە

ئێران وولاتێکی فرە نەتەوەیە، ئەم سەرزەمینە لەنەتەوەکانی فارس، تورك، کورد، عەرەب، تورکمان، بەلوج، گیلەکی، مازندەرانی، ئەرمەنی، ئاشوری پێکدێت، هەروەها لە رووی ئایینەوە پێکهاتەی مسولمانی شیعەو سوننەی تێدایە، لە تەنیشت مسولمانەکاندا پێکهاتەی کەمینەی کریستیان، زەردەشتی، ئەهلی هەق، بەهایی، سابیئەی تێدایە. لەم وولاتەدا هەمیشە گرووپە ئیتنی و ئایینیەکان هەولیانداوە مافەکانیان بەدەست بهێنن.[١] ئێران یەکێکە لە کۆنترین دەوڵەتانی جیهان و خاوەنی شوێنێکی ستراتیجی زۆر دەوڵەمەندە بە سامانی سروشتی، هەربۆیە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە بووە نیمچە داگیرگەیەك، نەوت لە پێشەوەی ئەو سامانە سروشتییانە دێت، جگە لە بوونی سامانی وەك زێر و خەڵوز و ئاسن..... هتد، وولاتە داگیرکاریەکان بەتایبەتی ئەمریکاو بەریتانیا و ئەڵمانیا لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا هەولیاندەدا ئێران بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە سامانە دەوڵەمەندەکەی و بەکارهێنانی وەك شوێنێکی ستراتیجی زۆر گرنگ، هێزەکانی هاوپەیمانان لە (١٩٤١) دا چوونە نێو ئێرانەوە بۆ دانانی سنورێك بۆ نفوزی ئەڵمانیا تیایدا، هێزەکانی سۆڤیەت دەستیان گرت بەسەر ناوچەی باکورو باکوری رۆژئاوا و کوردستان و ئازەربایجانیش، هێزەکانی بەریتانیاش دەستیان گرت بەسەر بەشەکانی تری ئێراندا.[٢]

داگیرکردنی ئێران لەلایەن هێزە هاوپەیمانەکانەوە لە بەرواری (٢٥ی ئابی ساڵی١٩٤١) دا بە خاڵێکی وەرچەرخان و قۆناغێکی نوێ و چارەنوسساز لە مێژووی ئێرانی هاوچەرخ دادەنرێت، کە گرنگترین دەرهاویشتەکانی هەڵوەشانەوەی کتوپڕی لەشکری شاهەنشاهی ئێران و رووخاندنی دیکتاتۆری بیست ساڵەی رەزا شای پەهلەوی بوو لە بەرامبەریشدا ئازادی زیندانە سیاسیەکانو گەڕانەوەی دوورخراوەکان لە دەرەوەی وولاتو دەستپێکردنەوەی ژیانی پارتایەتی و پەرلەمانتاری، پەرەگرتنی جولانەوەی دیموکراسی سەرتاسەری و تێکۆشانی ئازادیخوازانەی گەلانی غەیرە فارس رووخساری سەرەکی قۆناغە مێژووییە نوێکە بوون.[٣] بەلام لەماوەی ساڵانی جەنگی جیهانی و لەسەردەمی دەسەڵاتی دووەمین شای پەهلەوی هیچ جۆرە گۆڕانکاریەکی ئەوتۆ لە سیاسەتیدا سەبارەت بە گەلانی نافارس بەدینەدەکرا، هەرچەندە سیاسەتی رەزاشا رق و قینێکی زۆری لای نەتەوەکانی وەك کورد و عەرەب و بەلوج وئازەربایجانیەکان دروست کردبوو، بەهەمان شێوە (محەمەد رەزاشا)* ش هیچ هەنگاوێکی نەنا بۆ چاککردنی باری

---

(١) ئازاد قادر: نەتەوەکانی ئێران لە نێوان دووبەرەی جیاوازدا، دۆسێی ئێران، ژمارە (١٣) ، ئازاری ٢٠٠٩، ل٨٩.

(٢) اسماعيل حصاف (الدکتور) : ایران فی سنوات مابعد الحرب العالمية الثانيـةو القـضية الکردية، گۆڤاری مێژوو، ژمارە (٧) ، هاوینی ٢٠٠٨، ل٣٧٢.

(٣) یاسین سەردەشتی (دکتۆر) : هەڵوێستی حزبی توودە لەمەسەلەی کورد لە ئێران، گۆڤاری دۆسیەی ئێران، ژمارە (١) کانوونی دووەمی ٢٠٠٦، ل٣٠.

* محەمەد رەزاشا لە ٢٦/ ١٠/ ١٩١٩ لەگەڵ خوشکە جمکەکەی (ئەشرەف پەهلەوی) لە شاری تاران لەدایك بووە، پاش ئەوەی باوکی رەزاشا دەبێتە دەسەڵاتداری ئێران محەمەدی کوڕی دەکاتە جێگری خۆی، خوێندنی سەرەتایی لە پایتەختی تاران خوێندووەو خوێندنی دواناوەندی لە سویسرا تەواو کردوە، لە ساڵی ١٩٣٦ چۆتە کۆلێژی سەربازیو پسپۆڕی لە بواری تۆپخانە وەرگرتووەو دوای دەرچوونی لە ساڵی ١٩٣٨ بە پشکنەر دامەزراوە، لە تەمەنی بیستو دوو ساڵیدا بۆتە شای ئێرانو لە لە ١٩٧٩/١/١٥ ئێرانی بەجێهێشتووەو روویکردۆتە میسر و ساڵی ١٩٨٠ لە میسر کۆچی دوایی کردووە. (محمد وصفي ابومغلي (الدکتور) : ایران دراسة عامة، بصرة، ١٩٨٥، ص٢٩٢؛ عبدالهادی کریم سلمان: ایران فی سنوات الحرب العالمیة الثانیة، جامعة الموصل، ١٩٨٦، ص٨١؛ ابراهیم خلیل احمد، خلیل علی

ئابوری و كۆمەڵایەتی ئەو هەرێمانە هەرچەندە لەسەرەتای گرتنە دەستی دەسەڵاتیدا بەڵێنی چاكسازیدا بوو لەو ناوچانەدا.[1] بۆیە لە سەردەمی (محەمەد رەزاشا)دا چەندین بزوتنەوەی نەتەوایەتی و رێكخراوەیی سەریان هەڵدا وەك چەكەرەكردنی گروپێكی ناسیۆنالیستی كوردی بەنێوی كۆمەڵەی ژیانەوەی كورد (ژ. ك) ، دواتر لە (١٩٤٥) دا ئەم كۆمەڵەیە گۆڕا بۆ (حیزبی دیموكراتی كوردستان) و لە (١٩٤٦) دا لە چوارچرای مهاباد ئاڵای كوردستانیان هەڵكرد و (پێشەوا قازی محەمەد) بووبە سەرۆكی ئەو كۆمارەو بەهەمان شێوە لە ئازەربایجان بزافێكی رزگاری نیشتمانی هاتە كایەوەو فیرقەی ئازەربایجانیان دامەزراند و بە پشتیوانی كۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەت كۆماری ئازەربایجانیان لە ئێران بنیاتنا، كە دواتر (محەمەد رەزاشا) بە پشتیوانی و هاوكاری بەریتانیاو ئەمریكا هەردوو كۆمارەكەیان رووخاندو بزاڤی گروپە ئیتنیكیەكانیان سەركوت كرد.[2] هەروەها دروست بوونی حیزبی (توده)** كە میراتگری حزبی كۆمۆنیستی ئێران بوو وێرای ئەوەی لە سەرەتای دروست بونیدا بانگەوازی كۆمۆنیستی نەدەكرد، بەڵام دواتر بە یارمەتی یەكێتی سۆڤیەت رووی لەو رێبازە كرد،[3] و لە (٤ی فبرایری ١٩٤٩) هەوڵێكی شكست خواردوویدا بۆ تیرۆر كردنی شا و بەزوویی كاردانەوەی ئەم كارە دەركەوت و حیزبی توودە تاوانبار كرا بەو كارەو بەشێك لە سەركردەكان هەڵهاتن و ئەوانەی تر كە نەیانتوانی هەڵبێن دەستگیر كران و نێردرانە زیندانەكان.[4]

هێزی بزوتنەوەی كرێكاری و چەپ لە ئێراندا لە چلەكانی سەدەی رابردوودا گەیشتە ترۆپك بە شێوەیەك كە (ئەنجومەنی ناوەندی یەكگرتووی سەندیكاكانی كرێكاران و رەنجدەران لە ئێران) دا پێشرەوی زۆربەی كەرتە كرێكاریەكان بوون لە ئێراندا، ئەوە بوو كرێكارانی نەوت رۆڵێكی دیاریان گێڕا لە پرۆسەی خۆماڵیكردنی نەوتدا كە لە سەردەستی سەرۆكی بزوتنەوەی نیشتمانی (د. محەمەد موسەدەق)* لە ساڵی ١٩٥٠دا جێبەجێ كرا، بەڵام

---

مراد: ایران وترکیا، جامعة الموصل، بدون سنة الطبع، ص١٦٥؛ جمال صبحي عطية: الظاهرة الخمينية والصراع على السلطة، جامعة بصرة، ١٩٨٣، ص١٤) .

(١) عبدالهادي كريم سلمان: المصدر السابق، ص١١١.

(٢) ئازاد قادر: سەرچاوەی پێشوو، ل٩٠، ٩١.

** حزبی توده لە یەكگرتنی دوو ئاراستەی سۆسیالیستی پێكدێت كە لە نێو ئەو كرێكارە ئێرانیانەی لە كێلگە نەوتیەكانی باكوری سۆڤیەت كاریان دەكرد سەریهەڵدا، لە دوای شۆڕشی ١٩٠٥ی روسی بەشێكیان بەشداریان تێدا كردوو بەشێكی تریان گەڕانەوە بۆ وڵاتو بەشداربوون لە شۆڕشی دەستوریدا لە ساڵی ١٩٠٦، دوای شۆڕشی ئۆكتۆبەری روسیا ساڵی ١٩١٧ رێكخستنێكی كرێكاری گەورەیان دامەزراندو ناویانا پارتی عەدالەت، لە زۆربەی شارە گەورەكانی ئێراندا لقیان كردەوە، لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٢٠ نوێنەرانی ئەم پارتە لە شاری ئەنزالی لەسەر دەریای قەزوین كۆبوونەوەو سیفەتی كۆنگرەی دامەزراندنی یەكەمی پارتی شیوعی ئێرانیاندابەم كۆبوونەوەیە لە گرنگترین ئەو كەسانەی كە بەشداربوون لەم كۆنگرەیەدا (پیشاوەری) بوو كە دواتر بووبە سكرتێری دیموكراتی ئازەربایجانی، دوای رووخانی حكومەتەكەی موسەدەق ئەندامانی ئەم پارتە دووچاری گرتنو راوەدوونان بوونەوەو ساڵی ١٩٦١ هەندێك باڵی ئەم پارتە گۆڕا بۆ رێكخستنێكی نوێ ناویان لێنا جامیعەی ئیشتراكی كە زیاتر خوێندكارە رۆشنبیرە ماركسیەكانی لەخۆگرتبوو. (عبدالوهاب الكيالي (الدكتور) : موسوعة السياسة، الجزء الثاني، ط٣، بيروت– لبنان، ١٩٩٧، ص٣٥٢، ٣٥٤) .

(٣) یوسف عەزیز: بزوتنەوەی كرێكاری و گروپەكان لە ئێراندا، گۆڤاری دۆسیەیی ئێران، ژمارە (١٠٣) ، مایسی ٢٠٠٧، ل١٠٤.

(٤) دونالد ولبر: ايران ماضيها و حاضرها، ت/ د. عبدالنعيم محمد حسنين، قاهرة، ١٩٥٨، ص١٢٩.

* دكتۆر محەمەد موسەدەق لە ساڵی ١٨٧٩ لە دایك بووەو لە ساڵە ١٩٠٩ روو دەكاتە ئەوروپا لەبواری زانستی سیاسیدا لە پاریس دەخوێنێ بەڵام بەهۆی نەخۆشیەوە واز لە خوێندن دەهێنێو دەگەڕێتەوە بۆ ئێران، لەماوەی فەرمانڕەوایی هەردوو بنەماڵەی قاجاریو پەهلەویدا بەشداری كاروباری سیاسی كردووەو چەندین پۆستی ئیداری پێدراوە لە ١٩٤١ لە دوای روخانی رەزاشا دەگەڕێتەوە بۆ ئێران

بزوتنەوەی کرێکاری لە دوای کودەتای شا ستەمێکی ئاشکرای بە خۆوە بینی دژ بە حکومەتی موسەدەق لە ساڵی (۱۹۵۳)دا، بزوتنەوەی کرێکاری لە ماوەی (۱۹۵۳– ۱۹۷۹)دا خراپترین دۆخی هەبووە، بە شێوەیەك کە محەمەد ڕەزا پەهلەوی بە شێوەیەکی دیکتاتۆری زەق، لە ترسی شەپۆلی کۆمۆنیزم فەرمان ڕەوایی وولاتی دەکرد[1] و لەسەر ئاستی ناوخۆی ئێرانیش جیاوازیەکانی نێوان شاو ژمارەیەك لە هێزەکانی کۆمەڵگەی ئێرانی دەستی پێکرد، بە جۆرێك کە فشاری ئابوری سەرباری بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، بەڵام چینی ناوەندی لە دابەزینی ئاستی ژیاندا بوو، هەروەها زیادبوونی خەرجی حکومەت ببوە هۆکارێك بۆ هەڵاوسان و بۆ چارەسەری ئەم بارودۆخەش چەندین هەڵمەتی پشکنینی بازاڕەکان دەستی پێکرد بۆ دژایەتی کردنی بەرزبوونەوەی نرخ و بەرهەڵستی کردنی دەستکەوتی نایاسایی‌و داگرتنی ڕێژەی قازانجی کرێکارانی پرۆژە گەورەکان‌و هەروەها شا بە دروستکردنی پارتێکی سیاسی بەناوی پارتی (راستاخیز) ** لە (۱۹۷۵)دا زیاتر تورەیی کۆمەڵگەی ئێرانی هەژاند، چونکە دروستکردنی ئەوپارتە وەك راگەیاندنی جەنگ بوو دژبە خەڵکی ئێران و پاشگەزبوونەوەیەکی تەواو بوو لەو بەڵێنانەی پێشتر دابووی بە خەڵکی لە کردنەوەی ئازادی بۆ هەموو توێژە ئایینی و کۆمەڵە سیاسیەکان بۆ بە ئازادی کارکردن.[2] ئەو پارتەی کە بەزۆر خەڵکیان ناچار دەکرد ببنە ئەندامی هەربۆیە بەپێی نووسینی ساواك لەماوەی چەند مانگێکدا ژمارەی ئەندامەکانی گەیشتە (۲۰) ملیۆن کەس، بەڵام لەدوای راگەیاندن و هەڵوەشانەوەی ساڵی (۱۹۷۹) لەشەوو ڕۆژێکدا تەنها یەك ئەندامی نەمایەوە.[3]

لەلایەکی ترەوە زیاد بوونی نفوزی ئەمریکا لە ئێران کە پێشتر ڕۆڵی لە پشت کودەتاکەی دژ بە موسەدەق هەبوو، لەو نێوەندەدا پارەیەکی زۆری بەخەرجداو ببوەهۆی کزکردنی نفوزی بەریتانی، وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆیەکەمجار توانی بەشێکی گرنگی لە کۆمپانیا نەوتیەکانی ئێران بەرکەوێت‌و لەسەر ئاستی سەربازیش دەسەڵاتی ئەمریکا توانی خۆی فەرز بکات‌و پەیماننامەی بەغداد مۆربکات کە ببوە جێی ناڕەزاییەکی زۆری خەڵکی ئێران.[4]

هەواڵنامەی کتێب

---

لە مەجلیسی چواردە دەبێتە نوێنەرو هەمیشە دژی ئەو بڕیارانە دەوەستێ کە تایبەت بوون بە پێدانی ئیمتیاز بە بێگانە بە تایبەتی دژی رێککەوتنامەی ئەنگلۆ– ئێرانی بووە، ئیتر لێرەوە بووبە پێشەواو رابەری ئەو دەستەیەی کە لایەنگری خۆماڵی کردنی نەوتی ئێران‌و خەباتکردن بوون دژی ئیمپریالیزمی بەریتانی. (جەمال بابان: هەندێ دادوەری بەناوبانگ لە مێژوودا یاخود محاکەمەتی مەزن لە مێژوودا، کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد، ۱۹۸۱، ل۱۹۲، ۱۹۳) .

(۱) یوسف عەزیز: سەرچاوەی پێشوو، ل۱۰٤.

** راستاخیز ئاماژەیە بۆ ناوی ئەو پارتەی کە محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی لە ساڵی ۱۹۷۵ هەستا بە داخستنی هەموو پارتەکانی ئێران‌و لە بری ئەوە یەك پارتی دروست کرد بە ناوی پارتی (راستاخیز ملت ایران) پارتی ژیانەوەی نەتەوەی ئێران، کە خۆی سەرۆکی راستەوخۆی ئەو پارتە بوو، ئەندامەکانی زۆربەیان لە پیاوانی دەوڵەت‌و فەرمانبەران بوون، هەرکەسێکیش پێچەوانەی بۆچوونەکەی بوایە ئەوا پاسپۆرتەکەی لێدەسەنرایەوەو دەبوو ئێران بەجێ بهێڵێت. وەرگیراوە لە (قاسم العجرش: رستاخیز ملت ایران http://burathanews.com/news/184086.html) .

(۲) امال السبكى (الدكتور) : تاريخ ايران السياسى بين الثورتين (۱۹۰٦– ۱۹۷۹) ، كويت، ۱۹۹۹، ص۱۹٤، ۱۹۵.

(۳) یاسین سەردەشتی (دکتۆر) : کوردستانی ئێران ۱۹۳۹– ۱۹۷۹، سلێمانی، ۲۰۰۳، ل۳۵۷.

(٤) رجاء حسين حسنى الخطاب (الدكتور) : محاضرات فى تاريخ ايران الحديث والمعاصر، ۱۹۸۷، ص۱۱۷.

ئیتر لێرەوە گرنگی دانی ئەمریكا بە ئێران دەركەوت و ئێرانی لە (١٩٥٥)دا ڕاكێشایە نێو هاوپەیمانێتی بەغداوە بۆ ئەوەی بیكاتە ئەڵقەیەكی بەیەكگەیاندنی نێوان هاوپەیمانێتی (ناتۆ* و سیاتۆ** ) لە باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیا، هەروەك رۆژنامەی (نیوز ویك)ی ئەمریكی ئاماژەی پێدەكات و دەڵێت:" ئێران لەلایەنی ستراتیجیەوە پردێكی سروشتی لە نێوان توركیا (ئەندامی ناتۆ) و پاكستان (ئەندامی سیاتۆ) پێك دێنێت، جگە لەوەی كە ئێران وەك دڵ وایە بۆ پەیماننامەی مەركەزی (سەنتۆ) كە بەریتانیا و وولاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا دەبەستێتەوە بە ئامانجی پارێزگاری كردن لە رۆژهەڵاتی دوور، و لە رووی جوگرافیشەوە ئێران لە نێوان سەرجەم هاوپەیمانەكانی ئەمریكادا خاوەنی درێژترین سنووره لەگەڵ روسیادا". [1] هەر لە ساڵی (١٩٥٧) دا ئێران بە هاوكاری ئەمریكاو بەریتانیا دەزگای (ساڤاك) یان دروست كردو لەلایەن محەمەد رەزا شاوە بایەخێكی زۆری پێدەدرا و بەناوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییەوە پارەیەكی بێشوماری خەرج دەكرد. [2]

لەبەرامبەردا پێچەوانەی هەوڵەكانی محەمەد رەزاشا بۆ خۆ خزاندنە باوەشی ئەمریكاوە پەیوەندیەكانی ئێران و شورەوی تادەهات رووی لە ساردی دەكرد، بەتایبەتی دوای ئەوەی حكومەتی قەوام سەڵتەنە پشتی كردە بەڵێنەكەی سەبارەت بە دامەزراندنی كۆمپانیایەكی نەوتی هاوبەشی ئێرانی– شورەوی، ئەو بەڵێنەی كەلە تشرینی دووەمی (١٩٤٧) دا، بەهاندانی ئەمریكاو زۆربەی دەنگەكان لەلایەن نوێنەرانی خولی پازدەی مەجلیسدا پوچەڵ كرایەوە، رووداوێكی وا كە ناكۆكیەكانی نێوان شورەوی و ئێرانی قوڵكردەوە و كاریگەری كردە سەر تێكچوونی خێرای پەیوەندیەكانی نێوان هەردوو دەوڵەت. [3] بەڵام لە سەرەتای شەستەكانەوە قۆناغێكی تری پەیوەندی نێوان ئێران و سۆڤیەت دەستی پێكردەوە كە لەو ڕاگەیاندنەی شاوە سەرچاوەی گرتبوو لە ساڵی (١٩٦٢) دا كە ئێران رێگە نادات بە دامەزراندنی بنكەیەكی سەربازی بۆهەڵدانی مووشەك دژی سۆڤیەت و ئەم راگەیاندنە خۆشحاڵیەكی لەلای حكومەتی سۆڤیەتی دروستكردو لەماوەی ساڵانی (١٩٦٥– ١٩٦٦) شا سەردانی یەكێتی سۆڤیەتی كردو گفتوگۆی دەربارەی هەندێ گرێبەستی بازرگانی لەگەڵدا كردن، لەوانە لە ساڵی (١٩٦٦) دا دروستكردنی كۆمەڵگەیەك بۆ

---

* ناتۆ هاوپەیمانێتیەكی سیاسی سەربازی رۆژئاواییە كە وولاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا سەرۆكایەتی دەكات بەپێی پەیمانێك لە نیسانی ١٩٤٩كە بەم ناوەوە ناسرابوو لە شاری واشنتۆن دامەزرا پێك هاتووە لە وولاتە یەكگرتووەكان، بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتالیا، بەلجیكا، هۆڵەندا، پرتوگال، لۆكسمبۆرگ، ئایسلەندا، نەرویژو دانیمارك دواتر هەریەكە لە ئەڵمانیای رۆژئاواو توركیاو یۆنان چوونە نێو هاوپەیمانێتیەكە. (عبدالوهاب الكیالی (الدكتور) : موسوعة السیاسة، الجزء السادس، ط٣، بیروت– لبنان، ١٩٩٥، ص٣٥٧) .

** سەنتۆ رێككەوتننامەیەكی هاوكاری سەربازیو ئەمنی بوو كەلە نێوان عێراقو توركیا لە شوباتی ١٩٥٥ هاتە ئاراوە، دواتر هەریەكە لە بەریتانیاو پاكستانو ئێران چوونە نێو رێككەوتننامەكەوە بەنێوی هاوپەیمانی بەغداد، كە بارەگاكەشی هەر لەوێ بوو، هاوپەیمانێتیەكە كۆمەڵێك ئەنجومەنی وزاریو لیژنەی سەربازیو ئابوری پێكهێنا، دواتر وولایەتە یەكگرتووەكانیش بووە ئەندام لە لیژنەكاندا. (عبدالوهاب الكیالی (الدكتور) : موسوعة السیاسة، الجزء الاول، ط٤، بیروت– لبنان، ١٩٩٩، ص٥٤٨) .

(١) اسماعیل حصاف: المصدر السابق، ص٣٧٦.

(٢) حسین فردوست: ظهور و سقوط سلطنت بهلوی، تهران، ١٣٧٠، ل٤٨٢.

(٣) یاسین سەردەشتی: كوردستانی ئێران....، ل٢٤٢.

هەواڵنامەی كتێب

پیشەسازی مس لەلایەن سۆڤیەتەوەو لە ساڵی (١٩٦٧) دا بەستنی گرێبەستی کڕینی پێداویستی سەربازی ناکوشتاری (واتە جگە لە چەکو تەقەمەنی) لە سۆڤیەت بەبڕی (١١٠) ملیۆن دۆلار.[١]

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە ڕژێمی شاهەنشاهی پەهلەوی ڕژێمێکی دیکتاتۆری ناسیۆنالیستی تۆتالیتێر بوو بە جۆرێك شوێنێکی بۆ ئازادییە سیاسی و دیموکراتیەکان لە ئێراندا نەهێشبۆوە، محەمەد ڕەزاشا لە دوای کودەتای (١٩ی ئابی ١٩٥٢) و بە درێژایی (٢٥) ساڵ بە چاولێکەری باوکی وەك دیکتاتۆرێکی کەم وێنەو بە پشت بەستن بە سوپایەکی پەرداخو هێزە جاسوسو سەرکوتکەرەکانی کورسی دەسەڵاتی بۆخۆی مسۆگەر کردبوو.[٢] لەبەرامبەردا نارەزایی خەڵك لە ساڵی (١٩٦٣) و لە ژێر کاریگەری سەرۆکی وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا شا بەرنامەیەکی چاکسازی لە ژێر دروشمی (شۆڕشی سپی) ڕاگەیاند کە لە شەش خاڵی گرنگ پێك هاتبوو، لەگەڵ ئەوەی ئەم پرۆژەیە لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە پڕوپاگەندەیەکی زۆری بۆ کراو بە کارێکی نیشتمانی و شۆڕشگێریان دادەنا بەڵام هیچ ئامانجێکی بۆ جەماوەر نەهێنایەدیو زیاتر گەورە مولکدارەکان سودیان لێوەرگرت.[٣] جگە لەوەی ئەو گۆڕانکاریەی شا بووە هۆی دەرکەوتنی باڵێکی ڕاپەڕیو کە پیاوانی ئیسلامی دەگرتەوە بە سەرۆکایەتی (ئایەتوڵڵا خومەینی)[*] بەڵام هەرزوو سنورێکی بۆ دانراو خومەینی نەفی کرا بۆ عێراقو ئێران بە درێژایی ئەو ماوەیە ببوبە بنکەیەکی پێشکەوتووی ئیمپریالی جیهانی کە دژی هێزە ڕاسترەوو چەپڕەو سەربەخۆخوازەکان بوو لە ناوخۆو دەرەوەدا. لە (٦ی ئازاری ساڵی ١٩٧٥) دا محەمەد ڕەزاشا ڕێککەوتننامەی جەزائیری لەگەڵ (سەدام حسین) دا مۆرکرد کە بەپێی ئەو ڕێککەوتنامەیە دەستکرابە پاکتاوکردنی بزوتنەوەی چەکداری کوردستانی عێراق.[٤] لە کۆتایی ساڵی (١٩٧٨) پەشێوی لە ئێراندا بە هاندانی پیاوانی ئایینی دەستی پێکرد و لە ساڵی (١٩٧٩) دا ڕژێمی شاهەنشاهی کۆتایی پێهات ئیتر لێرەوە قۆناغێکی نوێ لە مێژووی ئێراندا دەستی پێکرد.

هەواڵنامەی کتێب

---

(١) ابراهیم خلیل احمد، خلیل علی مراد: المصدر السابق، ص١٩٦.

(٢) یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران.... ، ل٣٥٦.

(٣) رجاء حسین حسنی الخطاب: المصدر السابق، ص١٢١.

* ئایەتوڵڵا روح الله موسەوی کوڕی مستەفا کوڕی ئەحمەد موسەوی خومەینیە، ڕەچەڵەکی لە باپیرێکی هندی کە ئینگلیز نەفی کردبوو بۆ کشمیرو لە سەرەتای سەدەی نۆزدەشەوە بۆ نەجەف، دواتر یەکێك لە گەورەکانی شاری خەمینی ئێرانی ئەحمەد هندی باپیری خومەینی بانگێشت کردووە بۆ ئەوەی لە شاری خەمین نیشتەجێ بێتو خوشکی ئەو پیاوەی مارە کردووەو سێ کچو کوڕێکی لێبووە ناوی ناوە مستەفا باوکی خومەینی، خومەینی لە (٢٤ی سێپتەمبەری ١٩٠٠) لە دێی خمین لە بنەماڵەیەکی ئایینی لەدایك بووە، کە ٨٠ میل لە باشوری ڕۆژئاوای قومەوە دوورە، خومەینی چالاکی سیاسی لەتەمەنێکی گەورەدا دەستپێکردووە لە تەمەنی ٦٠ ساڵیداو بەردەوام بووە لە دژایەتی شا بۆیە دوورخراوەتەوەو تا ساڵی ١٩٧٩ واتا لەسەروبەندی شۆڕشدا تەمەنی ٨٠ ساڵ بووە، خومەینی بە باوکی روحی گەلی ئێرانو هەڵگیرسێنەرو ڕێنیشاندەری یەکەمی شۆڕشی ئێران لەقەڵەم دەدرێ. لە ساڵی ١٩٧٩وە حوکمی ئێرانی کردووە تا ساڵی ١٩٨٩ کۆچی دوایی کردووە. (منال محمد احمد: ایران من داخل، تحولات القیادة السیاسیة من الشرعیة الثوریة الی الشرعیة الدستوریة، القاهرة، ٢٠٠٩، ص١٧٥، ١٧٦؛ د. امال حمادة: الخبرة الایرانیة الانتقال من الثورة الی الدولة، بیروت، ٢٠٠٨، ص٨٩–٩٠؛ ویلفرید بوختا: ایران بعد روبع قرن، بغداد– بیروت، ٢٠٠٦، ص٣) .

(٤) اسماعیل حصاف: المصدر السابق، ص٣٧٨.

سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران گۆڕانکاری لەسەر ئاستی سیاسی و ستراتیژی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و پەیوەندییە ناوچەیی و نێو دەوڵەتیەکاندا خولقاند، لە ناو وولاتەکەشدا کۆتایی بە سیستەمێکی سیاسی، کۆمەلایەتی، ئابوری، ئایدیۆلۆژی و مێژوویی سیستەمی شاهەنشاهی هێنا، لەسەردەمی شادا ئێران هاوپەیمانێکی ستراتیژی وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو پارێزەری بەرژەوەندیە جیاوازەکانی بوو، پەیوەندیەکی بەهێزیشی لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیلدا هەبوو، ئێران پردی پێکەوە بەستنی رۆژهەلات و رۆژئاوابوو، وولاتێکی کیشوەری پان و پۆرو هەڵکەوتەی جیۆسیاسی، شوێنەکەی، توانای مرۆیی، کشتوکاڵی و سامانە زۆرەکەی ئەوەندەی تر گرنگی ئەم وولاتەی گەورە کردبوو، بەلام لەگەڵ گۆڕانی رژێمی ئێران و هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی ئێران لە ساڵی (١٩٧٩) دا پێگەی ئێران بۆ بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاو ئیسرائیل گۆڕا و وەکو نەیارێکی سەرسەختی ئەم دوو وولاتەو بەشێك لە وولاتانی خۆرئاوا خۆی نمایش کرد[١] بێگومان قسەکردن لە شۆڕش لە کۆمەلگایەکدا پێویست بە دەستنیشان کردنی کۆمەلێك هۆکارو فاکتەر دەکات کە رۆڵ دەبینن لە دروست بوونی شۆڕشدا، هەرچەندە لێکچوون هەبێت لە نێو کۆمەڵگەکاندا لەگەڵ ئەوەشدا ئەم فاکتەرانە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر بەپێی باری رۆشنبیری و بارودۆخی سیاسی و ئابوریەکەی دەگۆڕێت، لەم چوارچێوەیەدا شۆڕشی ئیسلامی لە ئێراندا کۆمەلێك تایبەتمەندی خۆی هەبوو، لەلایەکەوە چاودێران و سیاستمەداران و بگرە هەندێك لە پیاوانی شۆڕشی بە خێرایی رووخانی رژێمی شا سەرسامکرد، لەلایەکی ترەوە بارودۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی لەگەڵ بارودۆخی زۆرێك لە وولاتانی جیهانی سێیەم لێك دەچوون، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ یەکێك لەو وولاتانە دووچاری ئەو شۆڕشە نەبوونەوە کە لە ئێراندا روویدا، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەندێکیان بەردەوام بوون بۆ ماوەی دەساڵێك دواتر، لەلایەنی سێیەمەوە ئەو ئەزموونەی ئێران بووە جێگەی سەرنجدانی بانگەشەکەران و سەرکەوتنی تەیاری ئیسلامی.[٢]

بەشێوەیەکی گشتی چەند هۆکارێکی سەرەکی رۆڵی بینیوە لە کاراکردن و سەرهەڵدانی ئەو شۆڕشەدا کە هەوڵ دەدەین بەشێوەیەکی کورت لێیان بدوێین:-

### یەکەم/ فاکتەری سیاسی:-

محەمەد رەزاشا کە لە دوای باوکی لەسەرەتای چلەکانی سەدەی بیستەمەوە دەسەلاتی وەرگرت و بۆماوەی سی ساڵ بەردەوام بوو لە فەرمانڕەواییدا، ئەم ماوە درێژەی حوکمڕانی بریتی بوو لە رژێمێکی پاشایی دەسەڵاتداری کە هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ ئەزموونی وولاتانی تری جیهانی سێیەمدا نەبوو، جگە لە چەند ساڵێکی کەم لە پەنجاکاندا کە ئەزموونی فەرمانڕەوایەتی دکتۆر موسەدەقی سەرۆك وەزیرانی بەخۆوە بینی و هەستا بە خۆماڵی کردنی نەوت و چەندین فشاری جیاوازی بەکارهێنا بۆسەر رژێمی سیاسی کە بووە هۆی دەرچوونی شا لە ئێران بە مۆڵەتێکی کراوە، دواتر بە یارمەتی ئەمریکا لە کودەتایەکی دروستکراوو پشتیوانی لێکراو لەلایەن رۆژئاواوە دژی موسەدەق گەڕایەوە.[٣]

---

[١] فەرەیدون غەریب حەسەن: فایلی ئەتۆمی ئێران و ئەگەری هەلایسانی جەنگێکی تر لە ناوچەکە، گۆڤاری دۆسیەی ئێران، ژمارە ٦، مایسی ٢٠٠٧، ل٥٩، ٦٠.

[٢] امل حمادة: المصدر السابق، ص٧٣.

[٣] نفس المصدر، ص٧٤.

جگە لەبوونی ئەو دەسەڵاتە زۆرەی کەپێی درابوو کەس نەیدەتوانی رەخنە لە سیاسەتەکەی بگرێت تەنانەت لە نزیکترین راوێژکارەکانیشی، ئەوپێی وابو کە شایەو سەرۆکی سێ دەسەڵاتی تەنفیزیو سەربازیو تەشریعیەو ئەو سەرپەرشتیارو مامۆستای گەلانی ئێرانە.[١] سەرباری گەندەڵیەکانی شاو سەرکوتکردنی پۆلیسیانەی خەڵك کە هۆکارێك بوون بۆ نارەزاییو تورەبوونی جەماوەر.[٢]

رژێمی حوکمڕانی بەوە جیادەکرایەوە کە رژێمێکی تەقلیدیە و گۆڕاوە بۆ رژێمێکی دیکتاتۆری فاشستی بەهۆی دورکەوتنەوەی لەگەل و پێداویستیە رووڵە زیادەکانی و پشتبەستن بە چەوسانەوەو سەرکوتکردن بۆ بەرگریکردن لە بوونی خۆیو داواکاری دیموکراتی داواکاریەکی سەرەکی خەڵکی ئێران بوو بەسەرجەم هەستە فکریەکانیانەوە، شا لە دەسەڵاتیدا پشتی بە دوو سیاسەت بەستبوو: لە ناوخۆدا بەکارهێنانی شێوازی ڕاستەوخۆ بەبێ رەحمکردن بە خەڵك و گرتنە بەری سیاسەتی گومان لە خەڵکی، بەڵام لە دەرەوەدا خۆی بەستبۆوە بە پلانی ئیمپریالیزمی جیهانیەوە، سەبارەت بە پەیکەری رێکخستنی حکومیش کەلە چەندین دامەزراوە پێك هاتبوو هەموویان کەوتبوونە ژێر رکێفی تەنها کەسایەتی شاو حکومەتو ئەنجومەنی نوێنەرانو دادگاو پارتەکان هەموویان لەدەوری کەسایەتی شادا دەخولانەوە، کە ئەمەش ببوە هۆی بڵاوبوونەوەی گەندەڵیو نەمانی لێهاتوویيو دەستپاکێتی لە نێو دام و دەزگاکاندا.[٣] شا لەزۆربەی کاتەکاندا پەنای دەبردە بەر سیاسەتی مەحاڵو نەشیاو یاخود بە واتایەکی تر کەلەگەڵ واقعدا نەگونجاو بێت، هەروەها سێکوچکەی بیروراکانی بریتی بوو لە پشتیوانی کردن لە توانا سەربازیەکان و کڕینی چەك و تازەکردنەوەی کە زۆری تێدەچوو. سەبارەت بە پاشەڕۆژی گەلی ئێرانیش کە زۆر بەکەمی کاتی دەقۆستەوە یاخود هەستی بە پێویستی دەکرد، کەببوە هۆی دەوڵەمەند بوونی زۆرێك لە رووی ماددیەوەو لەهەمانکاتیشدا لەگەڵ خۆیدا هەڵوەشانەوەیەکی گەورەی لەگەڵ خۆیدا هێنا بۆ بەشێکی زۆری گەلەکەی.[٤]

### دووەم/ فاکتەری ئابوری:-

شا لەماوەی حوکمڕانیدا کۆمەڵێك سیاسەتی ئابوری گرتبووە بەر کە لە کۆتاییدا بووە هۆی دژایەتی کردنێکی زۆر بۆی کە بریتی بوو لە بازاڕو و چینی ناوەندیو پیاوانی ئاینی کە لە نێوخۆیاندا هاوپەیمانێتیەکیان لەدژی دروستکردو بەشداریان لە هەرەسهێنانی دەسەڵاتەکەیدا کرد.[٥] پیشەسازی لە چوارچێوەی کەرتی تایبەتو گشتیدا بە یارمەتی کۆمپانیا بیانیەکان کە هەموو جۆرە پسپۆری و تەکنەلۆجیایەکی کارگێڕی بۆ دابین کردبوون پێگەیشت، کە ببوە هۆی ئەوەی چینی سەرمایەداری بەرژەوەندیەکانی خۆیان گرێبدەن بە بەرژەوەندی ئەو کۆمپانیایانەو گەورە پیاوانی رژێم لە رووی بەرژەوەندی و شێوازی ژیان و رۆشنبیریان لە کۆمەڵگە دابڕابوون، کە رێژەیەکی زۆر کەم لەمانە نزیکەی

(١) جمال صبحی عطية: المصدر السابق، ص١٧.

(٢) امال السبكی: المصدر السابق، ص١٩٨.

(٣) رجاء حسين حسني الخطاب: المصدر السابق، ص١٣٢.

(٤) مارفن ام. زونيس: ايران في المحنة، مجموعة مقالات مترجمة، ت/ هاشم كاطع لازم، جامعة البصرة، ١٩٨٣، ٢٠، ٢١.

(٥) امل حمادة: المصدر السابق، ص٧٥.

هەواڵنامەی کتێب

(٤٥) خێزان دەستیان گرتبوو بەسەر لە ٨٥٪ی کۆمپانیا تایبەتەکاندا.[١] لەساڵی (١٩٦٢) دا شا دەستی کرد بە جێبەجێ کردنی ئەو بەرنامەیەی کە پێی دەوترا (شۆڕشی سپی) لە ژێر دروشمی بەرەنگاربوونەوەی خائین‌و دەرەبەگەکان، بۆ ئەم مەبەستەش شا بەرنامەیەکی پێشکەش کرد کە لەسەرەتادا لە حەوت بەند پێکهاتبوو دواتر بووبە حەڤدە بەند، کە کۆمەڵێك خاڵی تێدا بوو بۆ چاکسازی لە بواری ئابوری‌و خوێندن‌و دادوەری‌و مافی ژنان‌و تەندروستی، نیشتمانیەکان بەم چاکسازیانە هەڵخەڵەتان‌و دروشمی (بەڵێ بۆ چاکسازی‌و نا بۆ دیکتاتۆر) یان بەرزکردەوە، بۆیە لە نێوخۆی ئێراندا دوو بۆچوون سەبارەت بە چاکسازیەکانی شا سەریهەڵدا شیوعیەکان شۆڕشی سپیان بە ڕێگەی پێشکەوتن‌و گۆڕانی ڕژێمی دەرەبەگی بۆ ڕژێمی سەرمایەداری‌و پیشەسازی دەدایە قەڵەم، بەڵام لای زانایانی قوم بەسەرۆکایەتی خومەینی، ئەم مەبەستەی شا جێی گومان بوو بۆیە کەوتنە گۆڕینەوەی نامە لەگەڵ شادا، تاگەیشتە ئەو رادەیەی شا کەوتە هەڕەشەکردن لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ یەکێك لە پیاوانی ئایین (ئایەتوڵڵا کما لوند) رایگەیاندبوو کە چاکسازیەکان ئەنجام دەدات لەژێر کاریگەری هەر بارووذۆخێکدا بێت تەنانەت ئەگەر ئەو کارە سەربکێشێ بۆ خوێن رشتن‌و رووخاندنی مزگەوتەکانیش.[٢] بەڵام لە راستیدا راگەیاندنی ئەم چاکسازیەی محەمەد رەزا شا روو کەشانە بوو، تەنها بۆ دامرکاندنەوەی ناڕەزایەتیەکانی ناوخۆو کەمەندکێش کردنی جیهانی دەرەوە بوو.

کەرتی کشتوکاڵی لەسەردەمی شادا بەدەست دواکەوتوویی‌و پشتگوێ خستنەوە دەیناڵاندو چینێکی گەورەی موڵکدارەکان دەسەڵاتیان گرتبوو بەسەریدا کە لە خێزانی دەسەڵاتدارو سەرکردە سیاسیەکان‌و بیروکراتیەکان‌و پیاوانی ئایینی‌و شێخی خێڵەکان پێك هاتبوون‌و بەرژەوەندی ئەم چینانەش بەهۆی ئەو چاکسازیە کشتوکاڵیەوە جیاوازبوو کە زیاتر خێزانی حوکمڕان‌و سیاسیەکان سودیان لێوەرگرت.[٣] لەراستیدا ریفۆرمی زەوی بەو شێوازەی لە ئێراندا پیادەکرا گورزێکی گەورەی لە سامانی کشتوکاڵی وەشاندو بەسەدان هەزار جوتیار کە ریفۆرم نەیدەگرتنەوە بەرەو شارەکان کۆچیان کرد، بەم شێوەیە هەم گوندەکان هێزی کاری خۆیان لەدەستدا کە ئاکامەکەی بە وێران بوونی پرۆسە سەرەکیەکانی ئاودێری‌و دابەزینی بەرهەمی کشتوکاڵی کۆتایی هات، هەم شارەکانیش توانای لە خۆگرتنی ئەو ژمارە زۆرەی دانیشتوانی نەبوو کە رووی تێدەکرد، هەر بۆیە ئەو توێژەی کۆمەڵ لە دژوارترین هەل‌و مەرجدا ژیانی کولە مەرگیان بەسەر دەبرد ئەمەش وای لێکردن ئامادەبن لە پێناوی هەر گۆڕانێکدا بە گەرمی بێنە مەیدانەوە.[٤] لەلایەکی ترەوە شا هەوڵیدا بۆ پشتیوانی کردن‌و هاندانی دامەزراوە دارایی و بانکیە گەورەکان کە ببوە هەڕەشەیەکی راستەوخۆ بۆ دەستبەسەردا گرتنی بازاڕو دەست گرتن بەسەر بازرگانی ئێرانیدا بەتایبەتی لە ناوخۆدا، ئەم کارە بووە پاڵپشتێکی بازاڕو هاوپەیمانێتیەکی تەقلیدی دامەزراوەی ئایینی، شا هەوڵیدەدا کە کاریگەری ئابوری بکاتە سەر دامەزراوەی ئایینی لە ڕێگەی بێبەشکردنی ژمارەیەکی زۆری خوێندکارانی زانستە دینیەکان کە روویان کردبووە خوێندنی مەدەنی‌و بێبەشکردنیان لەو داهاتە زۆرەی کەلە بازاڕەوە بۆیان دەهات‌و توانرابوو دەسەڵاتی بەسەردا بگرن لە ڕێگەی یاساکانی خۆماڵیکردنەوەو هاندانی شا بۆ دامەزراوە داراییە رۆژئاوایی‌و نوێیەکانی

---

(١) رجاء حسين حسني الخطاب: المصدر السابق، ص١٣٣.

(٢) صادق زيبا كلام: الثورة الاسلامية في ايران الاسباب و المقدمات، ت/ هويدا عزت محمد، قاهرة، ٢٠٠٤، ص٢٨– ٢٩.

(٣) رجاء حسين حسنى الخطاب: المصدر السابق، ص١٣٣.

(٤) یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران، ل٣٥٨.

هەواڵنامەی کتێب

کێبەرکێی بازاڕ.[١] بانگەشەی شا بۆ نوێکردنەوەی ئێران دەستگرتن بوو بەسەر بازاڕی ئێرانی لەلایەکەوەو لەلایەکی ترەوە گەشەپێدانی پیشەسازی بە جۆرێك کە دەرەبەگی پیشەسازی جێگەی دەرەبەگی کشتوکاڵی گرتبۆوە، هەروەها کۆمپانیا بیانیەکان جێگای کۆمپانیا ئێرانیەکانی گرتەوەو هەرزو ئەوە دەرکەوت کە پیشەسازی ئێرانی تەنها ئامێرێکە بۆ راکێشانی داهات روەو دەرەوە بە جۆرێك کە بنیاتنانی ئابوری نەبووەهۆی کەمکردنەوە پێویستی بوون بەدەرەوە، بەڵکو بووە هۆی زیادبوونی ئەو پێداویستیە.[٢] هەروەها دەستبلاوی پارە بە فیڕۆدانی شاو بنەماڵەی پەهلەوی و دەزگا بیرۆکراتیەکانی رژێم کە بۆخۆی چەشنێك بوو لە دەستبلاوی و بە فیڕۆدانی سامانی نیشتمانی وێرای ئەوەی دەوڵەت بەڕەسمی بودجەی (٤٠) ملیۆن دۆلاری بۆ خەرجی ساڵانەی شا بڕیبۆوە کەچی ناوبراو بێ هیچ لێپرسینەوەیەك مافی دەرهێنان و خەرجکردنی سامانو پارەو پولی دەوڵەتی هەبوو، خودی شا راستەوخۆ چاودێری دەرامەتی کۆمپانیای نەوتی ئێرانی دەکرد، دەستگای پەهلەوی کە بەرواڵەت وەك دەزگایەکی خێرخوازی سەیر دەکرا، ئامانجی جگە لە کۆکردنەوەی پارەو پول بۆ بنەماڵەی پەهلەوی شتێکی دیکە نەبوو، ئەو دەزگایە خاوەنی دەیەها بانكو کۆمپانیاو ناوچەی گەشتو گوزاربوون.[٣] هەروەها نەبوونی سەربەخۆیی نیشتمانیو نەتوانینی دەستگرتن بەسەر سامانو داهاتی وولاتدا بە تایبەتی نەوتو دواکەوتنی بەشێوەیەکی گشتی لەو رەگەزانە بوون کە ببونە هۆی چۆنێتی ئەو سیاسەتە ئابوریەی کەلە ئێراندا پەیڕەوی لێدەکرا.[٤]

هەواڵنامەی کتێب

### سێیەم/ فاکتەری کۆمەلایەتی :-

لە کێشەی کۆمەلایەتی ئێراندا دوو هۆکار رۆڵی دەبینی کە بریتین بوون لە:-

١- فرە نەتەوەییو هەلوێستی رژێم بەرامبەر ئەو نەتەوانە، ئەویش بە جەخت کردنەوە لەسەر بوون و مافی بڕیاردان لە چارەنووسی.

٢- پێکهاتەی چینایەتی ئێران کە لێرەدا ترۆپکێك هەبوو بەلام لە ژمارەدا کەمبون لە پێش هەمویانەوە بنەماڵەی فەرمانڕەواو دوای ئەوانیش بۆرژوازە گەورەکان و موڵکدارە نزیکەکان کە بەرژەوەندی خۆیان گرێدابوو بە بوونی رژێمەوە هەروەها پیاوانی سوپا کە شا دڵنیا بوو لە وەلائیان ئەویش بە بەرزکردنەوەی پلەو پایەو پێدانی موڵك. دواتر بوونی بنکەیەکی فراوانی جەماوەری کە جوتیارو ووردە بۆرژواکان خاوەنی بازاڕو پیشە دەستیەکان کە بەهۆی قۆرخکردنی کۆمپانیا گەورەکانەوە دەیانناڵاند، پاشان چینی کرێکارو رۆشنبیران لە دکتۆرو ئەندازیارو پارێزەرو خوێندکارو فەرمانبەرانی بچوك پێك هاتبوون، ئەم بنکە فراوانە لە بارودۆخێکی کولە مەرگیدا بوون.[٥] جگە لەوەی کە بنەماڵەی پەهلەویەکان لە دەرکەوتنیانەوە تەنها بە کۆمەڵێك ئاراستەی سیاسیو ئابوریەوە پەیوەست نەبوون بەڵکو کۆمەڵێك ئاراستەی کۆمەلایەتیشیان هێنا کە پێچەوانەی تێڕوانینی تاکی ئەوکاتە بوو، کە رەزاخان دەستی پێکردو

---

(١) امل حمادة: المصدر السابق، ص٧٦.

(٢) صادق زیبا کلام: المصدر السابق، ص٣٠- ٣١..

(٣) یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران، ل٣٥٨.

(٤) روبرت جراهام: ایران في المحنة، ت: أمین سلام، جامعة بصرة، ١٩٨٣، ص٣٩.

(٥) رجاء حیسن حسنی الخطاب: المصدر السابق، ص١٣٤.

کورەکەی درێژەی پێداو پێیان وابوو سەردەمی فتوحاتی ئیسلامی کۆتایی پێهاتووەو دەبێت ئەو قۆناغە تێپەڕێنرێت، ئەویش بەگەڕانەوە بۆ مێژووی ئێرانی کۆنو دەستی کرد بە پیادەکردنی کۆمەڵێك سیاسەتی وەك دژایەتی کردنی پیاوانی ئایینیو هەندێك دیاردەی ئایینی وەك بالآپۆشی ژنان لە ڕێگەی هەندێك یاساوە کە لە ناوەڕاستی سیەکانەوە دەریکرد بالآپۆشی لە شوێنە گشتیەکاندا قەدەغەکرد.[1]

شا هەولیدەدا ئێران لە کۆمەلگەیەکی دواکەوتووەوە بکات بە کۆمەلگەیەکی هاوچەرخ ئەمەش ببوەهۆی دەرکەوتنی کۆمەلێك دیاردەی کۆمەلآیەتی کە پێچەوانەی دابو نەریتی ئەوکات بوو، چینو توێژە تەقلیدیەکان حەزیان بە نوێگەری نەبوو چونکە پێیان وابوو ئەمە دژی بیرو باروەڕو دابو نەریتیانە بۆیە ئەمە ببوە هۆکارێك بۆ دژایەتی کردنی شا.[2] هەرچەندە گەلی ئێران بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی جیهانی ئیسلامی گرتبۆوە کاریگەری لەسەر باری کۆمەلآیەتی ئێرانیش هەبوو بەتایبەتی چینە هەژارەکانی لادێکان، کە لە زۆربەی چالاکیە سیاسیو کۆمەلآیەتیەکان دوورە پەرێز بوونو هەستیان بەوە دەکرد کە مەترسیەك هەیەو هەڕەشە لە بیروباوەڕو بنەماکانیان دەکاتو پەنایان بردبووە بەر ئایین بەلآم لەبەرامبەر ئەمەدا چینێکی تر دەرکەوتن کە توانیبوی مافەکانی خۆی بەدەست بهێنێت لەرووی خوێندنو فێر بوونەوەو نەیدەتوانی دوور بێت لە رووداوەکانو بە پێویستی دەزانی کە بەشداریەکی چالاك بکەن لەو رووداوانەی کە لەکۆمەلگەدا روودەداتو ئەمەش چەندین ئاڕاستەی جیاوازی لێکەوتەوە.[3] یەکێك لەو بڕیارانەی کە لە بواری کۆمەلآیەتیداو بەمەبەستی یەکخستنی روخساری دانیشتوان لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە دەرچوو بڕیاری قەدەغەکردنی پۆشینی جلو بەرگی میللی بوو لە سالی (١٩٢٨) دا، بە پێی ئەم بڕیارە دەبوایە خەلك جلو بەرگی خۆیان فڕێ بدەنو بەرگی ئەوروپی بپۆشنو کلآوی پەهلەوی لەسەر بکەن، ئەمەش نەك تەنها لە دەزگاکانی دەولەتدا بەلکو لەسەرانسەری وولآتدا، دەرکردنی ئەم بڕیارە بووبە هۆی تەقینەوەی رقو نارەزایی بەشێکی زۆری چینو توێژەکانی گەلانی ئێران بەنەتەوەی فارسیشەوە، ئەوانەی ئەم بڕیارەیان بە بڕیارێکی ملهوڕانەو دژبە کلتوری راستەقینەی خۆیان دەزانیو ئامادە نەبوون بچنە ژێری، حکومەتیش بۆ پیادەکردنی بڕیارەکە کەوتە بەکارهێنانی توندو تیژیو کارەکەی خستە ئەستۆی دەزگا ئەمنیەکانو جەندرمەی شارەوانی واتا پۆلیس.[4]

سەرباری زیندوو کردنەوەی کلتوری کۆنی فارسو جەخت کردنەوە لەسەر بەشداری شارستانیەتی فارس لە نێو شارستانیەتەکانی جیهاندا هەروەها هەولدان بۆ پاکردنەوەی زمانی فارسی لە زمانی عەرەبی، بەم شێوەیە ئێران رابردووی خۆی گرێدا بە شارستانیەتی فارسی کۆن و ئێستاو داهاتووشی بەستەوە بە رۆژئاواوە، هەروەها زیندوو کردنەوەی یادی (برسیبولیس) وەك رەمزێك بۆ جەختکردنەوەی عەریقی (رەسەنی) بنەمالەی پەهلەویەکانو بەستنەوەیان بە مێژووی فارسی کۆنەوەو لەم جۆرە ئاهەنگانەدا سەرۆك و مەلیکەکان لە سەرانسەر جیهاندا بانگهێشت دەکران کەئەمەش چەند رۆژێکی دەخایاندو لە رووی ئابوریەوە زۆر دەوەستایەوە.[5] بەشێوەیەکی گشتی سەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن لە گۆڕینی ڕژێم کۆتایی ململانێ نەبوو لە ئێراندا بەلکو بە سەرەتای ململانێیەکی درێژ دادەنرێت، بە هەزاران ئەو کەسانەی کە بەشدار بوون لە خۆپیشاندانو مانگرتنەکاندا لە چینە هەژارەکانی گەل بوون

---

(١) امل حمادة: المصدر السابق، ص٧٨.

(٢) صادق زيبا كلام: المصدر السابق، ص١٠٧.

(٣) امل حمادة: المصدر السابق، ص٧٨، ٧٩.

(٤) یاسین سەردەشتی (دکتۆر) : چەند لاپەرەیەك لە مێژووی گەلی کورد لە رۆژهەلآتی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٦٥.

(٥) صادق زيبا كلام: المصدر السابق، ص٣٠– ٣١.

ئەوانەی کە بەدەست نەبوونی خۆراکو نەخۆشیو نەخوێندەواریو بەرزبوونەوەی کرێی نیشتەنیەوە دەیانناڵاندو زیاتر بەدەست چەوسانەوە کۆمەڵایەتی و ئابوریەکانەوە گیرۆدە بوون.[١]

## چوارەم/ فاکتەری ئایینی :-

سیاسەتی دژایەتی ئایینی شاهەنشاهیو وەرگرتنی لایەنە سلبیەکانی فەرهەنگی ڕۆژئاواو بەزۆر سەپاندنی بەسەر کۆمەڵگەی ئێرانیدا بە فاکتەرێکی دیکەی شۆڕش دادەنرێت، دەزگەی ئایینی باڵادەستی ڕوحانییە بونیادگەرا شیعەکان ڕەگو ڕیشەیەکی قوڵیان لە کۆمەڵگەی ئێرانیدا هەبوو بۆیە نەدەبوو محەمەد ڕەزاشا ڕاستەوخۆ دژیان بکەوێتە سەنگەرەوە لەڕاستیدا سیاسەتی ئابووریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی شای ئێران بە توندی پایەو بەرژەوەندیەکانی ئەو تاقمەی لەرزاند، دەزگای ئایینی کەلە ئێراندا خاوەنی زەویو زارێکی بەرفراوان بوو بەهۆی پیادەکردنی ریفۆرمی زەوی گورزێکی گەورەی پێکەوت.[٢] هەروەها هاندانی دامەزراوە مەدەنیەکان لەسەر حسابی دامەزراوە ئاینیەکانو فراوانبوونی ژمارەی ئەوانەی لە خوێندنی مەدەنیدا وەردەگیران هەڕەشەیەکی گەورە بوو بۆسەر دامەزراوە دینیەکان لە کۆمەڵگەی ئیرانیداو بێبەشکردنیان لە زۆرێك لە سامانەکانیان.[٣] بۆیە دەتوانین بڵێین یەکێك لە هۆکارە دیارو سەرەکیەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئایین چونکە شا هەستا بە نەهێشتنی ئەو دابو نەریتە بڵاوانەی کۆمەڵگە کە لە ئایینەوە سەرچاوەی گرتبوو هۆکارێك بوو بۆ ووروژاندنی هەستو سۆزی خەڵك.[٤] بۆیە دەستبەسەرا گرتنی زەویەکانی وەقفو دامەزراندنی ڕژێمێکی ناسیونالیستی عەلمانی کە بە هەموو شێوەیەك هەوڵی هەڵپەساردنی پیاوانی ئایینی لە دادگاو قوتابخانەکانو دەزگاکانی تری دەوڵەتو زیندوکردنەوەی نەریتی ئیمپراتۆریو سەپاندنی کلتوری فارسی بەسەر کلتوری ئیسلامیو شیعەگەرێتیداو گۆڕینی ساڵنامەی کۆچی بە شاهەنشاهیو سوکایەتی کردن بە پیاوانی ئاینیو هەڵوەشانەوەی بنەماکانی خێزانو بەدرەوشتیو نۆشینی خواردنەوە کهولیەکانو بەکارهێنانی حەشیشەو مەوادی موخەدیرو هاندانی رووتکردنەوەی ئافرەتانو ڕاکێشانیان بۆ کۆری بەزمو خۆشی کاربەدەستانی ڕژێمو بارو شوێنی ڕابواردن هاندانی بەرەڵاییو تێکشکانی ڕوحیەتی لاوانو دورخستنەوەیان لە هەموو ڕەوشتێکی بنیادنەرانە، هەموو ئەمانە دەزگای ئایینی زیاتر لە شا دردۆنگ کردو بۆ دژایەتی کردنی هاتە مەیدان.[٥]

## پێنجەم/ فاکتەری دەروونی :-

زۆر لە مێژوو نووسەکان بوونی گرێی دەروونی لای محەمەد ڕەزاشا بەیەکێك لە هۆکارەکانی ڕووخانو شۆڕش دەژمێرن، لێکۆڵەری ئەمریکی (ماروین زونیس) پێی وایە گرێی دەروونی شای ئێران لە چوونە نێو خوێندنگای سەربازیەوە دەستی پێکردووە، چونکە منداڵێکی بچووك بووە لە تەمەنی شەشساڵیدا بووەو ناچار کراوە کە واز لە

---

(١) رجاء حسين حسني الخطاب: المصدر السابق، ص١٣٥.

(٢) یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران، ل٣٦٠.

(٣) امل حمادة: المصدر السابق، ص٧٨.

(٤) صادق زيبا كلام: المصدر السابق، ص١٣٧.

(٥) یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران، ل٣٦٠.

خێزانەکەی بهێنێ و لە باوەشی دایكو باوکی دوورکەوتۆتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ سلکی سەربازیدا رابێت کە پەیڕەوێکی سەربازی توندی هەبوو ئەمەش دووچاری کێشەی دەروونی کردۆتەوە، کە لەتەمەنی دواتردا کاردانەوەی بەسەریەوە هەبووە.[1] هەروەها زونیس پێی وایە محەمەد رەزا شا ژیانی منداڵیو لاوی لە دۆخێکی ژنانەی نێو دەربـاردا بەسەر بردووەو پاشان لە پاڵ باوکێکی توندو تیژو دیکتاتۆردا کەناری گرتووە، هەربۆیە کەسایەتی شای ئێرانی بەکەسایەتیەکی راراو بێ ورە لەقەڵەم دەدات کە بەدرێژایی حوکمی چەند ساڵەی بێ کەسانی راوێژکارو لێهاتووی وەك (اسدالله علم و ئەشرەفی خوشکی) بێ پشتگیری تەواوی ئەمریکا بڕیاری نەداوە، کە لە سەروبەندی شۆڕشی ئێراندا تەواوی ئەوانەی لەدەست دابوو، جگە لەوەی کە شا پێی وابوو هێزێکی میتافیزیك پارێزەریێتی، دوای ئەوەی پزیشکەکان لە دوا ساڵەکانی حوکمڕانیدا لەوە ئاگاداریان کردەوە کە تووشی نەخۆشی شێرپەنجەی تۆرە لیمفاویەکان بووە ئەوەندەی تر روحیەتی تێکشکاو ورەی روخا کە لەبەردەم گرفتەکانی وولاتدا نەیدەتوانی بڕیاری لێبڕاوانە بدات، لەهەڵە گەورەکانی شا ئەوەبوو کە ناوبراوو پێی وابوو هەموو کەس لە ئێراندا خۆشیان دەوێتو شوێنێکی گەورەی لە دڵی تەواوی چینو توێژەکانی کۆمەڵدا هەیە، دوای ئەوەی بۆخۆی لە ئاسمانەوە ژمارەی خۆپیشاندەرەکانی بینی کە دروشمی (مرگ برشا) یان هەڵگرتبوو ئنجا راستی مەسەلەکەی بۆ دەرکەوت.[2]

### تەوەرەی یەکەم: رۆڵی نەتەوەی عەرەب لە شۆڕشی (١٩٧٩) ی گەلانی ئێراندا:-

ئێران کە تا ساڵی (١٩٢٥) رۆژئاواییەکان بە پێرس و فارسو پێرشیا ناویان دەهێنا مێژوویەکی دوورو درێژی هەبوو لە جۆرەها پەلامارو هێرشی رەگەزە جیاوازەکانی دورو نزیك، وەك عەرەبو تورکو مەغۆلو لەسەدەی نۆزدەشدا روسەکان. بەڵام زۆربەی کاتەکان ئەو نەژادە جۆراو جۆرانەی لە ناوخۆیدا تواندبۆوەو تێکەڵاویەکی نوێ لە مادو پارسی کۆنو نەژادی نوێ سازدەبوو، کە زمانو فەرهەنگی فارسی هەمیشە زاڵ بوو.[3]

رەزا شاش مەبەستی لە ناسیۆنالیزم ناسیۆنالیزمێکی رابردوو پەرستی بوو واتا گەڕانەوە بۆ چاخەکانی پێشوو کە ئیمپراتۆرێك ئیمپراتۆریایەکی فراوانی وەك ئێرانی بەڕێوەدەبرد، نەك ناسیۆنالیزمێك کە لە خزمەت هاووڵاتی ئێرانی بێتو هەنگاوبەرەو ئایندە بنێ، لەراستیدا ناسیۆنالیزمێکی شۆڤێنی بوو کە نکۆڵی لەهەر نەتەوەیەکی نافارس لە ناو ئێراندا دەکرد.[4] ئەم دەوڵەتە دەبوو لەلایەن نەژادی دانیشتوانەوە دەوڵەتێکی یەك رەگەز بێت کە ئەویش بێگومان رەگەزی فارسیە، ئەم ئاواتەش رەنگدانەوەی ئاشکرای هەستی شۆڤێنیانەی رەزا شاو نیازە رەگەزپەرستیەکەی بوو، هەر ئەم هەستو نیازانە بوونە سیاسەتێکی فەرمی رژێمی رەزا شا لە ئەنجامدا نەتەوە نافارسەکان توشی درندەترین جۆرەکانی ستەمو چەوساندنەوەی نەتەوەیی بوونەوە، لە چوارچێوەی ئەم سیاسەتەدا بەرنامەیەکی درێژخایەن بۆ

---

(١) حسن کریم الجاف (الدکتور) : الوجیز في تاریخ ایران، ط١، ج٤، اربیل، ٢٠٠٨، ص١٣٣–١٣٤.

(٢) یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران، ل٣٦٣– ٣٦٤.

(٣) نازناز محەمەد عەبدولقادر: سیاسەتی ئێران بەرامبەر بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەوتەوەی کورد لە کوردستانی عێراقدا ١٩٦٩– ١٩٧٥، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٦٥.

(٤) هەمان سەرچاوە، ل٦٧.

سڕینەوەی کلتوری نەتەوەی‌و ڕۆشنبیری‌و تواندنەوەی دیرۆکی ئەم گەلانە لە بۆتەی فارسیدا هەبوو.[1] سەرەتاش بۆ لێدانی نەتەوە ئێرانیە نافارسەکان‌و لاوازکردنی زمان‌و ڕۆشنبیریەکەیان بە پشت بەستن بە سەرکوت کردن‌و جیاکاری ڕەگەزی‌و کارکردن بۆ هەڵوەشاندنەوەی مادەیەك یان دوو ماددەی دەستوری ئێرانی کە لە شۆڕشی دەستوریدا تایبەت کرابوو بە مەسەلەی نەتەوەکانی ئێران.[2] بۆ نموونە: بەندی (١٥) ی دەستوری ئێرانی کە تایبەت بوو بە مافی نەتەوە نافارسەکانی وەك کوردو تورك‌و عەرەب‌و بەلوج‌و تورکمان کە ڕێگە دەدات بە خوێندنی زمان‌و ئەدەبی خۆیان لە خوێندنگەکان‌و هەروەها چاپکردنی کتێب‌و گۆڤار بەزمانی نەتەوەیی خۆیان، بەڵام ئەم بەندە ڕاگیراوو دوای تێپەڕبوونی چەندین ساڵ بەسەر ئەو دەستورەدا کەچی هێشتا موسادەقەی لەسەرنەکراوە، ئەمەش بەهۆی ناڕازیبوونی ڕەوتە شۆڤێنیە فارسیەکانی ئێرانەوە.[3]

ئێران خاوەنی نزیکەی (٢٨) پارێزگایە کە (٥) پارێزگای ئازەری تێدایەو کوردیش لە (٦) پارێزگادا دەژی، عەرەبیش لە (٢) پارێزگادا نیشتەجێیە، تورکیش لە یەك پارێزگادایەو بەلوجیش لە (٣) پارێزگادا خۆیان دەدۆزنەوە، بەگشتی دابەشکردنی ئیداری ئێران لەسەر بنەمای ئوستان زۆرترو زیاتر بۆ بەرژەوەندی نەتەوەی فارس بووە، لە پێناو پاراستنی حکومەت‌و دەسەڵاتی ناوەندی ئەم شێوەیە لە ئیدارەکردنی وڵات لەسەر ویست‌و خواستی وڵاتانی زلهێزی ئەو سەردەم دامەزراو حکومەتە یەك بەدوای یەکەکانی ئێرانیش میراتگری بوون‌و جاروبار لە پێناو ئەمنیەت‌و پاراستنی قازانج‌و بەرژەوەندی نەتەوەی باڵادەستی فارس پارێزگایەکی تازەیان دادەمەزراند.[4] لە ئێراندا نافارسەکان زیاتر لە نیوەی ڕێژەی دانیشتوان پێك دێنن، ئەو نەتەوانە هەر یەکە لە ڕووی (زمان، فەرهەنگ، داب‌و نەریت، شوێنی جوگرافیا) یان لەوی دی جیاوازە، پرۆسەی توانەوەی نەتەوە نافارسەکان بە زەبری ئاگرو ئاسن لە بۆتەی نەتەوەی زاڵی فارسدا پرۆسەیەك بوو لەسەردەمی هەردوو شای پەهلەویدا کاری لەسەر دەکرا، هەموو کاتێك گەلانی نافارس بە چاوی گومانەوە سەیری ڕژێمی شاهەنشاهی پەهلەویان دەکرد لە بچوکترین دەرفەت دەگەڕان بۆ بەرپەرچدانەوەی سیاسەتی ناوەندگەرایی‌و بە فارس کردنیان، ڕژێم لە نێو ئەو نەتەوانەدا پایەیەکی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی ئەوتۆی نەبوو، بەستنی ئەو نەتەوانە بە ناوەندەوە تەنیا لە ڕێگەی هێزی سەربازی‌و سیاسەتی سەرکوتەوە بەڕێوە دەچوو کە تاسەر ڕاگرتنی ئاستەم بوو، هەربۆیە کاتێك ناوەند لەڕووی سیاسی‌و سەربازییەوە تووشی لاوازی بهاتایە ئەو نەتەوانە سەریان بڵند دەکرد بۆ بەدیهێنانی خواستە نەتەوایەتییەکانیان دەکەوتنە سەنگەر دژ بە ڕژێم.[5] چونکە لە ئێراندا ڕێکارێکی تێکەڵی (ئاسمیلاسیۆن– ئەنتەگراسیۆن) پەیڕەو کراوە، ئەم ڕێکارە بە گوێرەی حکومەتەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بۆ نموونە حکومەتی ڕەزا شای پەهلەوی هەوڵی یەکپارچە شوناسی دەداو شوناسی فارسی کردە شوناسی ناوەندو بە زەبرو زەنگ کەوتە وێزەی شوناسەکانی تر.[6] بەڵام لەسەردەمی کۆماری ئیسلامیدا ئاسمیلاسیۆن

---

[1] سەعدی عوسمان هەروتی (دکتۆر) : بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا ١٩٨٨٠– ١٩٣٩، هەولێر، ٢٠٠٧، ل١٠٥– ١٠٦.

[2] یوسف عزیزی: ایران الحائرة بین الشمولیة و الدیموقراطیة، نظرة من الداخل علی التطورات السیاسیةو الثقافیة في عهد خاتمي، دار الکنوز الادبیة، بیروت– لبنان، ٢٠٠١، ص٨٣.

[3] یوسف عزیزي: المصدر السابق، ص٩٩.

[4] خالد چالاکی: کوردو تورك لە ئێران، گۆڤاری دۆسیەی ئێران، ژ١٣، سلێمانی، ئازاری ٢٠٠٩، ل١٣٢.

[5] یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران، ل٣١٦.

[6] مامەند ڕۆژە: لوڕستان درێژەپێدانی کوردستانە، گۆڤاری دۆسیەی ئێران، ژمارە (١٣) ، ئازاری ٢٠٠٩، ل٦٢.

بەرگێكی ئایینی بەبەردا كرا، دوای شۆڕشی ئیسلامی سەرهەڵدانی سەرلەنوێی شیعەی سیاسی لە تویێی كۆماری ئیسلامیو ویلایەتی فەقیهدا، جارێكی ترو هاوشێوەی سەفەوی كەڵك لە جیاوازیەكانی شوناسی مەزهەبی وەرگیرا، هەر لە سەرەتاكانی شۆڕشدا ویلایەتی فەقیهی ئێران لەگەڵ راپەڕینی كوردە سوننەكان روبەروو بۆوە.[1] رژێمی ئیسلامی هەوڵیدا وابنوێنێ گوایە بەهۆی هاوبەشی مەزهەبی شیعەوە جۆرێك لە ئەنتەگراسیۆنی هێناوەتە ئاراوە دواتر دەركەوت نەخێر ئەو ئەنتەگراسیۆنە بە زمانێكی دیكە هاتۆتە گۆ.[2]

بۆیە بەشێوەیەكی گشتی یەكێك لە فاكتەرەكانی سەركەوتنی شۆڕشی ئێرانو رووخاندنی رژێمی پەهلەوی كە بایەخدارانو لێكۆڵەرەوان لێی بێدەنگنو ڕاستەوخۆ ئاماژەیان پێنەداوە، بریتیە لە بارودۆخی ناهەموارو دژواری گەلانی غەیرە فارس لە ئێراندا، ئەوانەی بەتوندترین شێوە لەلایەن رژێمی شاهەنشاهیەوە خرابوونە ژێر ستەمی نەتەوایەتی، ئابوری، كۆمەڵایەتیو فەرهەنگیەوە هەر داوایەكارییەكی نەتەوەییو ئازادیخوازانەیان چەندە ساكاریش بێت بە زەبری ئاگرو ئاسن سەركوت دەكرا.[3] ئەمەش وایكرد گەلانی نافارس لە ساڵی (١٩٧٩) دا لەگەڵ سەرهەڵدانی سەرەتاكانی شۆڕش دژ بە شا، نەك هەر بەتەنگ محەمەد رەزاشاوە نەچوون، بەڵكو بە پەرۆشەوە بۆ رووخاندنی رژێمەكەی كەوتنەكار.

دوای هاتنی عەرەب جۆرەها خێڵی گەورە گەورەی نەژادی زەرد لە ئاسیای دوور پەلاماری ئێرانیان داو زۆربەی كاتەكان بەشێك لە ئێران یان هەر هەموویان داگیر دەكردو لەوێ دەمانەوە، ئەوانیش هەندێ توخمی بچوكی كلتوری خۆیان هێناو خستیانە سەر فەرهەنگی دەوڵەمەندبوری فارسیو بەتەواوەتی لەگەڵ ئێرانیەكان تێكەڵاوبوون، بەڵام فەرهەنگی زاڵ هەر فەرهەنگی فارسی بوو.[4] زاگرۆسی گەورە لە رووی ئەنتۆلۆژیەوە دەوڵەمەندو فرە گروپە، لە پێدەشتەكانی خۆرئاوای زاگرۆسی گەورەدا لە خوزستان عەرەبەكان دەژین، بەشی خۆرئاوای خوزستان عەرەب نشینە، بەشی خۆرهەڵاتی سەرلەبەر لورە، لەبەشی خوارووی خوزستان لە ئەهوازو ئەبادان ، سیاسەتی گۆڕینی دیمۆگرافی پەیڕەو كراوە، كە رژێمی رەزا شاو محەمەد رەزا شاو كۆماری ئیسلامی هەوڵیانداوە بۆ چاندنی گروپە ناعەرەبەكان بەرەو ئەهواز تا بەهۆیەوە دیموگرافیای ئەو ناوچەیە بگۆڕنو تۆخی عەرەبی ئەو هەرێمە كاڵ بكەنەوە ئەم سیاسەتە لە كەنارەكانی خوارووی بوشەهریش بەرامبەر عەرەبەكان پەیڕەو كراوە، ئەهوازو بوونی پشتێنەیەكی عەرەب لە باكوری كەنداو هەمیشە ئێرانییەكانی نیگەران كردووەو وەكو مەترسی ئاسایشی نەتەوەیی تێیان روانیوە، بۆیە بەردەوام هەوڵی دابەشكردنی عەرەبەكانیان داوە. لەبەشی خۆرهەڵاتی زاگرۆس بەتایبەتی بەرەو باشوری خۆرهەڵات گرۆپێكی دیكە هەیە كە كاریگەری زۆریان هەیە ئەم گروپە توركە قەشقاییەكانن، قەشقاییەكان (٥٠٪) ی پارێزگای فاسیان بەدەستە، بە گەورەترین ئێلی كۆچەری ئێران دادەنرێن. سەیرەكە ئەوەیە كە پارێزگای فارس كە ناوی پارسو پرسیان لەمەوە هاتوونو سیمبولی ناسیۆنالیزمی فارسە تەنها (٢٠٪) ی فارسەو لە (٨٠٪) ی لە توركە

---

(١) مامەند رۆژە: زاگرۆسی ناوەڕاست باشوری خۆرهەڵاتی كوردستان یاخود كوردستانی شیعە نشین، گۆڤاری دۆسێی ئێران، ژمارە ١١–١٢، تشرینی دووەمی ٢٠٠٨، ل٥٨.

(٢) مامەند رۆژە: لورستان درێژە پێدانی كوردستانە، ل٦٣.

(٣) یاسین سەردەشتی: كوردستانی ئێران، ل٣١٦.

(٤) نازناز محەمەد عەبدولقادر: سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥.

قەشقایەکان‌و لورەکـان پێکدێت، بەگشتی خۆرئـاوای زاگرۆسـی گـەورە عەرەبـەو باشـوری خۆرهـەڵاتیش تـورکی قەشقاییە.[١]

عەرەبەکانی ناوچەی ئێران بەگشتی‌و هـەرێمی ئـەهواز* بەتایبـەتی لـە دوای سـاڵی (١٩٥٨) ەوە جموجوڵـەکانیان زیاتر بوو، ئەمەش پاش گۆڕانی دەسەڵات لە عێراق، لێرەوە عەرەبەکان چەندین ڕێکخراویان دامەزراند لەوانە (بـەرەی ئازادیخوازی ئەهواز)* کە ئامانجی سەربەخۆیی بوو، بەڵام لەو کاتەدا لەبەر ئەوەی ئـەهواز شـاڕەگی ئـابوری** ئێـران بوو لەلایەكو لەلایەکی دیکەشەوە پشتیوانی ئەم ڕێکخراوە کۆماری عێراق بوو تەواو سەقامگیر نـەبوو، دۆستایەتیـشی لەگەڵ ئێران هەبوو، هەلومەرجی نێو دەوڵەتیشی نەبوو، بۆیە سەرەتا کارەکانی سست بوو، جگە لـەوەش ڕێکخـراوی دیکەی وەك (جوڵانەوەی دیموکراتی شۆڕشگێڕی بۆ ئازادی عەرەبستان) دامەزرا کە دروشمی (دیموکراسی بـۆ ئێـران‌و خودموختاری بۆ گەلی عەرەب) لە چوارچێوەی ئێراندا هەڵگرتبوو، پێی‌وابوو خەباتی هەمە لایەنەی گـەلانی ئێـران بـۆ

---

(١) مامەند رۆژە: لورستان درێژە پێدانی کوردستانە، ل٥٦– ٥٧.

* ئەهواز دەکەوێتە باشوری رۆژئاوای ئێران لە باکورەوە لورستانەو لە باشـورەوە کەنـداوی فـارس، لـە بـاکوری رۆژهـەڵاتی ئەصـفەهان‌و بەختیاری، لە رۆژئاواشیەوە دەوڵەتی عێراق لە سنوری پارێزگای بەصرەو عەمارەیـە، زنجـیرە چـیای پـشکوە بـەختیاری لـە رۆژهـەڵات‌و چیای لورستان لە باکوری رۆژهەڵاتیەوە لە ئێرانی جیادەکاتەوە، هەرێمی ئەهواز دەکەوێتـە نێـوان هێڵـی پـانی (٣٠– ٣٣) پلـەی بـاکورو هێڵی درێژی (٤٨– ٥١) پلەی رۆژهـەڵات، روپێـوی ڕاسـتەقینەی ئـەهواز ،185) ) کم چوارگۆشـەیە، بـەڵام ئـەم روپێـوە بـەردەوام لێـی کەمکراوەتەوە تا گەیشتۆتە (65،000کم) چوارگۆشە لە ئێستادا، پاش ئەوەی دەوڵەتی ئێران بەشـێکی گـەورەی لـەم هەرێمـە دابـڕی‌و خستیە سەر هەرێمە ئێرانیەکانی دراوسێ. لە گرنگترین شارە بـەناوبانگو کۆنـەکانی ئـەهواز، بـریتین لـە ( (ئـەهواز، حـەوێزە، تەسـتور، دزفول، رامز، موحەمەرە، عەبادان، فەلاحیە (دورق) ، مسجد سلیمان، هندیان).) ، هەرێمی ئەهواز کە بە هۆی گرنگی ستراتیجی‌و سامانە زۆرەکەی بەناوبانگە، ئەمەش وای کردووە ببێتە شوێنی چاوتێبڕینی هێزە بیانیـە گـەورەکان . (بـۆ زانیـاری زیـاتر بڕوانـە// ربیـع بـدیعی (الدکتور) : جغرافیای مفصلی ایران، جلد سوم، تهران ١٣٦٢ه.ش، ل٢٦٤؛ ایرج افشار سیستانی: ضادر نشینان و طوایف عـشایر ایـران، چپ دوەم، تهران، ١٣٦٨هـ.ش، ٣٨٥؛ وزارة الاعلام العراقي: عربستان والوضع الـراهن، ١٩٧٦، ل١٥؛ موسـی سـیادت: تـاریخ جغرافیـائی عرب خوزستان، تهران، ١٣٧٢، هـ.ش، ل٩؛ عباس عساکرة: القضیة الاحوازیة، دار الحکمة، لندن، ٢٠٠٦، ص٢٩،٢٦،٢٢،١٩) .

* لە ساڵی ١٩٥٦دا دوای شکستی ڕاپەڕینەکانی ئەهوازو شکستی کۆمەڵەو ڕێکخراوەکـانی تـری ئـەهواز، ژمارەیـەك شۆڕشـگێڕی ئـەهواز ڕێکخراوێکی تـری سیاسـیان دامەزرانـد بـەناوی (بـەرەی رزگـاریخوازی عەرەبـستانی– ئـەهواز) ئـەم بەرەیـە کەوتـە ئامـادەکردنی لاوان‌و رۆشنبیرانی ئەهواز، لە دوای هێرشە سێ قۆڵیەکەی بۆسەر میسر لـە سـاڵی (١٩٥٦) کۆمـەڵێك یاداشـتیان نوسـی‌و ناردیـان بـۆ حکومەتـە عەرەبیەکان‌و کە تیایدا داخوازییە سیاسی‌و نەتەوەییەکانیان خستبووە ڕوو، و ئامانجی ئەم پارتە سەربەخۆیی بوو بۆ ئـەهواز (مـصطفی عبدالقادر النجار (الدکتور) : تاریخ القومي للامارة المعمرة العربیة مع سلیط الضواء علی اطماع الفارسیة، مطبعة شفیق، بغداد، بـدون سـنة الطبع، ص١١٦) .

** ئـەهواز لـە ڕووی ئابوریـەوە زۆر دەوڵەمەنـدە، لـە هـەردوو لایـەنی کـشتوکاڵی‌و کانزاییـەوە، کـشتوکاڵ کـە کۆڵەکـەی سـەرەکی ئابوریەکەیەتی‌و زەوییە کشتوکاڵیەکانی ئەهواز نزیکەی (١،٣٢١،٥٥) هێکتار دەبێت کە (٥٧٠،٩٥٠) هێکتاری بەراوو نزیکەی (٦٤٦، ٩٠٠) هێکتاری دیمیە، لە ڕووی کانزاو سامانی ژێر زەویشەوە دەوڵەمەندە، بۆیەکەمجار لـە شـاری مـسجد سـلیمان نـەوت دۆزرایـەوە لـە سـاڵی (١٩٠٨– ١٩٠٩) کۆمپانیایەکی نوێ بەناوی (ئێران – ئینگلیز) دامـەزرا. (عبـاس عـساکرة: المـصدر الـسابق، ص٥٧–٥٨؛ حـسن حـاتمی: فرەگەلی لە ئێران، گۆڤاری تیشك، ژمارە ٥، ساڵی دووەم، ١٣٧٨، ل٥٤) .

گەیشتن بە مافی بەرامبەری لە ئێرانی دیموکراتدا، گونجاوترین ڕێگای خەباتە بۆ گەیشتن بە ئازادی.[(١)] چونکە یەکێك لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی کێشەی هەرێمی ئەهواز نەبوونی ئازادیو هۆکاری نەتەوەیی بوو بەوپێیەی کە عەرەبن‌و دوای داگیرکردنی فارسەکان بۆ ئەو هەرێمە لە ساڵی (١٩٢٥) دا هەوڵیاندا کە ناسنامەی نەتەوەیی ئەو هەرێمە بگۆڕن، بۆ ئەو مەبەستە چەندین شێوازی جۆراوجۆریان گرتەبەر.[(٢)] لەوانە بەهۆی ئەوەی کە گەلی عەرەبی ئەهواز بەدەست چەوساندنەوەی نەتەوەییەوە دەیناڵاند بەتایبەتی پاش ئەوەی دەسەڵاتی عەرەبی سیادەی نیشتمانی بەسەر هەرێمی عەرەبستاندا نەما، رەزا شای پەهلەوی ناوەکەی گۆڕی بۆ خوزستان.[*] جگە لە گۆڕینی ناوی شارو لادێو گەڕەكو شەقامو شوێنە سروشتیەکانی وەك هۆرو رووبارەکان‌و تەنانەت بەهۆی رەگەزپەرستیەتو دژایەتی بۆ عەرەب هەندێکیانی بە ناوی کەسایەتی دیارەوەنا.[(٣)] لەلایەکی ترەوە دەرکردنی عەرەبەکان لە پۆستەکانی دەوڵەتو قەدەغەکردنی زمانی نەتەوەییو راگواستن‌و گۆڕینی ناوی شارەکانی وەك (محمر بە خورەم شهر) و گۆڕینی ناوی (ئەهواز بە خوزستان) ، سیاسەتی یەك لە دوایەکی دەسەڵاتدارانی ئێرانی بووە، هەر ئەمەش وای کردووە کە عەرەبەکان داوای مافی خۆیان بکەن.[(٤)] یەکەم کاری رەزا شا هەڵوەشاندنەوەی کۆماری گەیلان[**] بوو، شێوە شانشینی شێخ خەزعەلی[***] لە ئەهواز تێكو پێکدا، بزاڤی سمایل ئاغای سمکۆی سەرکوتکرد، راپەڕینی لورەکان‌و

---

[(١)] حەسەن حاتمی: فرە گەلی لە ئێراندا، گۆڤاری تیشك، ژمارە (٥) ، رەزبەری ١٣٧٨هـ.ش، ل٦٥–٦٦.

[(٢)] ابراهيم خلف العبيدي (الدكتور) : الاهواز ارض عربية سلبية، دار الحرية، بغداد، بدون سنة الطبع، ص٥٩.

[*] هەر لە چوارچێوەی لێسەندنەوەی پێناسی نەتەوەیی هەستان بە فارس کردنی ناوە عەرەبیەکان کە بە ناوی هەرێمەکە دەستپێکردو گۆڕدرا بە خوزستان، هەروەها ناوی شەقامو شوێنەکانیان گۆڕی بۆ زمانی فارسی هەروەها خێزانەکانیان قەدەغەکرد بە ناولێنانی منداڵەکانیان بە ناوی عەرەبی تەنها ئەو ناوانە نەبێت کە پەیوەست بوو بە مەزهەبی شیعەوە وەك جەعفەرو عەلی، هەروەها قەدەغەکردنی لەبەر کردنی هەر جلێکی عەرەبی، وقەدەغەکردنی خوێندن بە زمانی عەرەبیو سزادانی هەر کەسێك کە بەو کارەوە بگیرایە، ئەمە جگە لە گرتنی چالاکوانە سیاسیەکان‌و لەسێدارەدانی دەیانیان بە ئاشکرا بەبەرچاوی خەلکەوە لە پێناو چاوترساندنی گەلی عەرەبی. (قضية عرب الأحواز المنسية – جمال سلطان – المسلمون حول العالم موقع قصة الإسلام – إشراف د راغب السرجاني /http://islamstory.com/ar

[(٣)] يوسف عزيزي: العرب في عربستان لمحة من التاريخ والثقافة http://www.azzaman.com (/)

[(٤)] عباس عساكرة: المصدر السابق، ص٥٠.

[**] کۆماری گەیلان ناوی هەرێمێك بوو لە باکوری ئێران بەشی خۆرهەڵاتی ئەم هەرێمە دەوڵەتێکی سەربەخۆی گرتبووەخۆی، لە ٢٥ی تەمموزی ١٩٢٠ دەوڵەتی کاتی شۆڕشگێڕی ئەنجومەنی شۆڕشگێڕی کۆماری گەیلان بەسەرۆکایەتی میرزا کوچك خان دامەزرا، پرۆگرامی ئەم دەوڵەتە بریتی بوو لە دامەزراندنی رژێمی کۆماری لە هەموو ئێراندا، هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتننامە ناجوامێرو نایەکسانەکان، ئازادییە تاکە کەسیو کۆمەڵایەتیەکانی هەموو خەڵك، یەکسانی هەموو مافەکان بۆ هەموو نەتەوەکان‌و پاراستنی ئیسلام. (یاسین صابر: ئینسایکلۆپیدیای گشتی، سلێمانی، ٢٠٠٥، ص٩٠٣؛ زاهیر محەممەدی، یاسین حاجی زادە: فەرهەنگی سیاسی، هەولێر، ٢٠٠٦، ص٥٣٤) .

[***] شێخ خەزعەل کوڕی شێخ جابر کوڕی مرداوە، لە خێڵی ئەلبوکاسب یەکێك لە خێڵەکانی کەعبی عەرەبی، یەکەم نیشتەجێبوونی خێڵی ئەلبوکاسب لە ناوچەی هەمیلی بووە لەدەوروبەری ساڵی ١٧٤٧، بەڵام دواتر گواستویەتیەوە بۆ موحەمەرە. شێخ خەزعەل ساڵی ١٨٦١ لە گوندی کوت زین سەربە قەزای ئەبی خەسیب لەدایك بووە دایکی نورە کچی شێخ تەلال علوان سەرۆکی خێڵی باویە بوو، خەزعەل یەکەم منداڵی شێخ جابر نەبووە بەڵکو پێنجەم منداڵ بووە، بەڵام باوکی لە منداڵیەوە گرنگی پێداوە هەموو بوارەکانی خوێندنی بۆ رەخساندووەو رۆڵی شێخ خەزعەل لە ژیانی سیاسیدا لە ساڵانی کۆتایی حوکمی باوکیدا دەرکەوتووە ، کاتێك شێخ مەزعەل ساڵی ١٨٨١

بەلوجەکانی تێکشکاند، ئەوجا هەوڵیدا شوناسی ناوەند بسەپێنێ، لە تەنیشت ئەمەشدا دەستی بەجێگیرکردنی خێڵە کۆچەرەکان کردوو گەلێك خێڵو گروپی ئەتنی یاخیشی دوورخستەوە، دەستکاری تایبەتمەندیە دیمۆگرافیەکانیشی کرد، کە ئەم سیاسەتەی رەزا شا دەقاو دەق دەچێتە خانەی ئاسیمیلاسیۆنەوە (تواندنەوە).[١] کەواتە ئەو چەوساندنەوە نەتەوەییەی کە گەلی عەرەبی لە عەرەبستان بەدەستیەوە دەیانناڵاند بریتی بوو لە کۆمەڵێك جیاکاری رەگەزیو ئابوریو سیاسیو رۆشنبیریو زمانەوانی.

(مستەفا ئەلیاد) کە پسپۆڕێکی کاروباری ئێرانە لە قاهیرە، لەو بارەیەوە دەڵێت:" لە نێوان ئێرانو ئەو عەرەبانەی کە لە باشوری ئێراندا نیشتەجێن کێشە هەیە، عەرەبەکانیش داوای مافی خۆیان دەکەن".[٢] هەر بۆیە ئەم ناوچە عەرەبنشینانە بەبەردەوامی زنجیرەیەك شۆڕشو راپەڕینی بەخۆوە گرتووە لەوانە شۆڕشی غلمان ساڵی ١٩٢٥، شۆڕشی حەوێزە ساڵی ١٩٢٨، شۆڕشی بەنی تەرف ساڵی ١٩٣٦، شۆڕشی بەنی کەعب دەبیس (شێخ حیدر بن طلال ساڵی ١٩٤٠، شۆڕشی غەجەریە ساڵی ١٩٤٣، بزوتنەوەی شێخ عەبدوڵڵا شێخ خەزعەل ساڵی ١٩٤٤، شۆڕشی بەنی تەرف ساڵی ١٩٤٥، شۆڕشی شێخ مەزخور کەعبی ساڵی ١٩٤٦، شۆڕشی خێڵی نەسار ساڵی ١٩٤٦، شۆڕشی شێخ یونس عاسی ساڵی ١٩٤٩.[٣] هەرچەندە ئەو راپەڕینانەی کە روویاندا دژی دەسەڵاتی ئێرانی زۆربەیان سیمایەکی خێڵەکیان هەبوو، تا ئەوکاتەی بەشێك لە نوخبەی شارەکان لە پەنجاکانی سەدەی رابردوو دەستیانکرد بە پێکهێنانی بەرەی رزگارکردنی عەرەبستان، بەڵام هەرزوو ئاشکرابوو بوون، بەهۆی ئەوەی کە چەند رەگەزێکی دەزگای ساواکو دەزگای شا خۆیان خزاندبووە نێو ئەم بەرەیەوەو لە ئەنجامدا سێ لە سەرکردەکانی ئەو بەرەیە لە ساڵی ١٩٦٣ لە شاری ئەهواز لەسێدارە دران.[٤]

جگە لەمانەش رێکخراوی (بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی بۆ رزگاری عەرەبستان) کە لە ساڵی (١٩٦٨) دامەزرا، ئەم کۆمەڵەیە سێ ژمارەی لە بڵاوکراوەکەی بەناوی (اصداء الثورة) بڵاوکردەوە، هەر لەم ساڵەدا رێکخراوێکی دیکە بەناوی (بەرەی گەل بۆ رزگاری ئەهواز) دامەزرا کە ئامانجی خەبات کردن بوو لەگەڵ گەلانی دژی ئێران بۆ رووخاندنی رژێمی شاوو دانانی سیستەمێکی دیموکراتی لە جێگەیدا، ئەم رێکخراوە لە ساڵی (١٩٧١) دا رۆژنامەیەکی دەردەکرد بەناوی

---

شانشینەکەی گرتە دەست زۆر پشتی بە براکەی بەستووەو سەرکردایەتی زۆرێك لە هەڵمەتەکانی بۆسەر خێڵەکانی تر بەو سپاردووە. دوای کوژرانی براکەی شێخ خەزعەل شوێنی گرتۆتەوە، بەڵام شای ئێران میرنشینەکەی داگیر کردو شێخ خەزعەلیان بەدیل گرتو خرایە ژێر ئیقامەی جەبریەوەو عەبدوڵای کوڕی لە جێگەی دانراو شێخیش لە٢٦ی ئایاری ١٩٣٦لە زیندانی تاران کۆچی دوایی کرد. (انعام مهدي علي السلمان: حكم الشيخ خزعل في الاهواز ١٨٩٧– ١٩٢٥، مكتبة دار الكندي، بغداد، بدون سنة الطبع، ص٨، ٩، ١٠، ١١، ١٢١، ١٢٢؛ وليم ثيودور استرنك: حكم شيخ خزعل بن جابر، ت/ عبدالجبار ناجى (الدكتور) ، بدون سنة ومكان الطبع، ص٢٨) .

[١] مامەند رۆژە: لورستان درێژە پێدانی کوردستانە، ل٦٢.

[٢] وەرگیراوە لە// میخایل سلاکمە: خوزستان هەرێمێك کە چەشنە ئاڵۆزیەك دەبێتەهۆی تەقینەوەی ناکۆکیەکانی، رۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٤٤٦، ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٦.

[٣] بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی ئەو شۆڕشانە بڕوانە// على نعمه الحلول:الأحواز ثوراتها و تنظيماتها ١٩١٤–١٩٦٦م، جزء الخامس، مركز الدراسات عيلام، مطبعة الفرى الحديث، النجف، ١٩٧٠؛ حسن راضى: سطور من تاريخ الاحواز السياسي، (/http://www.ahwazmedia.com)

[٤] يوسف عزيزي: العرب في عربستان لمحة من التاريخ والثقافة http://www.azzaman.com (/).

هەواڵنامەی کتێب

(ئەهواز) و هەر ئەم ڕێكخراوە بڕوای بە خەباتی چەكداری هەبوو، وەك تاكە فاكتەری سەركەوتنو ڕزگاری.[1] لەلایەكی ترەوە لە سەرەتای حەفتاكاندا بەهۆی تێكەڵ بوونی عەرەب بە ناعەرەبەكانی عەرەبستانو كاریگەری بزوتنەوە چەپەكان، هەندێك لە كۆمەڵە عەرەبیەكان بابەتی سەربەخۆییان لە بەرنامەی كاری خۆیاندا لابردو داوای فیدرالیان دەكرد بۆ گەلی عەرەب لە چوارچێوەی ئێراندا. [2] هەموو ئەم ڕێكخراوانەش لەهەلێك دەگەڕان بۆ گەیشتن بە ئامانجەكانیان.

بەم شێوەیە دەردەكەوێت نەتەوەی عەرەب بەگشتی لە ئێرانو لە هەرێمی ئەهواز بەتایبەتی، لەسەرەتای حوكمی ڕەزاشاوە چەندین ڕاپەڕینو جوڵانەوەیان لە دژی دەسەڵاتی شا بەرپا كردووەو ڕۆڵی بەرچاوو دیاریشیان هەبووە لە جوڵانەوەو خۆپیشاندانەكانی شۆڕشی گەلانی ئێران ١٩٧٩ دژی دەسەڵاتی شاهەنشاهی ئێرانی.

عەرەبی ئەهوازی ڕۆڵێكی گرنگیان گێڕا لە هەڵگیرسانی شۆڕشی گەلانی ئێرانی، بەجۆرێك كە بەشداری نەتەوەی عەرەب كرداری ئابوری لە ئێراندا وەستاند دوای وەستاندنی دەرهێنانی نەوت* لە ئەهواز،[3] بەهۆی خۆپیشاندانو بارگرژیەكان دژی ڕەزا شای پەهلەوی، شێخی خاقانیو سەركردەی ڕوحی ئەهوازییەكان لەو ماوەیەدا لە پەیوەندیدا بوو لەگەڵ خومەینی پێش هاتنەوەی بۆ ئێران بە ئامانجی كاركردن بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی پەهلەوی.[4] لە سەروبەندی ڕۆژانی شۆڕشی (١٩٧٩)شدا عەرەبەكان بەكردەوە بەشداری شۆڕشیان كردو دەیان شەهیدیان لەوپێناوەدادا.[5] جگە لەنەتەوەی عەرەبیش هەموو نەتەوەكانی دیكەی ئێران بە فارسو نافارسەوە بەشداری كارایان هەبوو لە شۆڕشی گەلانی ئێران، هەریەكەشیان بە گوێرەی توانای خۆی.

## تەوەرەی دووەم:

## هەڵوێستی كۆماری ئیسلامی ئێران بەرامبەر نەتەوەی عەرەب لە ئێراندا :-

لە دوای سەركەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوەو نەتەوایەتیش خومەینی بەهیچ جۆرێك ئەو مەسەلەیەی بە زادەی گەشەكردنی مێژوویی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هاوچەرخ دانەدەناو ڕاستو ڕاست بە پیلانی ئەورووپاو فیتی ئیمپریالیزمی بۆ لەناوبردنی ئیسلامو پەرتكردنی جیهانی ئیسلامی لەقەڵەم دەدا، دیارە بۆچونێكی

---

[1] حسن حاتمی: فره گەلی لە ئێران، ل٦٥-٦٦. "http://vb.arabsgate.com/archive/index.php/t-482846.html#

[2] یوسف عزیزي: العرب في عربستان لمحة من التاريخ والثقافة http://www.azzaman.com (/).

* هەرێمی ئەهواز لە گرنگترین هەرێمەكانی نێو ئێران دەژمێردرێت بەهۆی دەوڵەمەندی ئەم ناوچەیە بە نەوتو غازو زەویەكەشی زۆر ناوچەیەكی شیاوە بۆ كشتوكاڵو سەرباری شوێنە ستراتیژیەكەی. لە هەرێمی ئەهوازدا نزیكەی (٨٥٪) لە نەوتو غازی ئێرانیو لە ٣٥٪ ئاوی ئێرانی گرتۆتە خۆ، هەروەك زەویەكانی لە بەپیترین زەویە كشتوكاڵیەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست ئەژمار دەكرێ و سێ ڕووباری گەورەی پێدا دەڕوا وەك كارون و كەرخەو جراحی، هەربۆیە ئۆپۆزسیۆنی ئەهوازی حكومەتی تاران بەوە تاوانبار دەكەن كە دانیشتوانی عەرەبی لەم سامانە سروشتیە بێبەش كردووە، كە هەندێك گەلی ئەهواز بە هەژارترین نەتەوە وەسف دەكەن كە لە دەوڵەمەندترین زەویە پڕخێرەكاندا نیشتەجێن. (الأهواز في إيران، القضية المنسيّة عربياً ودولياً، http://www.alarabiya.net/ )

[3] د.خالد المسلاكمة: الأحواز الأرض العربية المحتلة، الطبعة الثانية، مراكز الدراسات الألمانية العربية بوخوم، ألمانيا،٢٠٠٨، ص١٥٤.

[4] حسن راضی: سطور من تاريخ الاخواز السياسي، (http://www.ahwazmedia.com/)

[5] یوسف عزیزي: العرب في عربستان لمحة من التاريخ والثقافة http://www.azzaman.com (/).

نازانستی بەوجۆرە لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی کۆسپێکی گەورە بوو لەبەردەم ناوبراودا کە بە شێوەیەکی واقیع بینانە لە هەڵو مەرجی فرە نەتەوەیی ئێران تێبگاتو بیر لە شێوەیەکی هاوچەرخانە بۆ کۆتاییهێنانی ستەمو چەسانەوەی نەتەوەیی گەلانی نافارس بکاتەوە، کە بەدرێژایی مێژووی هاوچەرخ لە سایەی رژێمی دیکتاتۆری پەهلەویدا دەیاننالاندو لەسەر دەستی بۆرژوای کۆپرادۆری نەتەوەی سەردەستەوە بە توندترین شێوە دەچەوسێنرانەوەو بۆ قازانجی ناوەند دادەدۆشران. خودی خومەینی دیدێکی مەزهەبیانەی هەبوو دەیووت:" هەندێك جار زاراوەی کەمینەی بەهەڵە بۆ خەڵکی وەك کوردو تورکو فارسو بەلوجو بەکاردەبرێت، ئەوانە نابێت ناوی کەمینەیان لێبنرێت، چونکە زاراوەیەکی بەوچەشنە ئەوە دەگەیەنێت کە جیاوازی لە نێو ئەو برایانەدا هەیە، لە کاتێکدا هەرگیز لە ئیسلامدا شتی وا نیە، لە ئیسلامدا جیاوازی لە نێو موسوڵماناندا نییە کەبە چەند زمانو زاری جیاجیا لەیەك دەئاخافن، بۆ نموونە جیاوازییەك لە نێوان عەرەبو فارسدا نیە، دەبێ بزانین ئەو جۆرە گرفتانە لەو لایەنەوە سەرچاوە دەگرن کە حەز بە یەکگرتنی وولاتانی ئیسلام ناکەن، هەر ئەوانەن کێشەی نەتەوایەتییان خولقاندووە، ناوەکانیوەك عروبەو تورکایەتیو لەو چەشنانە دژی ئیسلامنو لەگەڵ بنەماکانی ئیسلامدا پێچەوانەن، ئەوە خۆی لە خۆیدا پیلانێکە بۆ تێکدان ئیسلامو فەلسەفەی ئیسلامیەتی".(١)

لێرەدا ئەوە بەدەر دەکەوێت کە سەرکردایەتی دەسەڵاتی نوێی ئێران جیاوازی نەتەوایەتیان پەسەند نیە، بۆیە لێرەدا باس لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرامبەر عەرەب دەکرێن وەك بەشێك لە سیاسەتە ناجۆرەکەیان، کەبەرامبەر نافارسەکان دەیانکرد.

نەتەوەی عەرەب لە ئەهواز لە دوای رووخانی رژێمی محەمەد رەزا شا لە ساڵی (١٩٧٩) وایان هەست دەکرد کە دەتوانن سەربەخۆ بنو خۆیان بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن، دەتوانن لەگەڵ گەلانی تری ئێراندا یەکسانی بەدەست بهێنن.(٢) بۆیە دوای سەرکەوتنی شۆڕش ئەهوازیەکانو گەلانی تر لە ئێراندا خۆشحاڵ بوون بە هاتنی رژێمێکی نوێو بەگوێرەی ئەو بەڵێنانەی کە خومەینی دابووی بە (شێخی خاقانی) ئەویش بە پێدانی تەواوی مافەکان بە گەلی ئەهواز، لەوانەش مافی حوکمی زاتی، بۆیە لە مانگی مایسی (١٩٨٠) دا شێخی خاقانی شاندێکی رێکخست کە چل کەسایەتی ئەهوازی لەگەڵدابوو چوون بۆ چاوپێکەوتنی خومەینی دوای هاتنو جێگیربوونی لە قوم، بە ئامانجی پێشکەش کردنی پیرۆزبایی بە بۆنەی سەرکەوتنی شۆڕشو وەبیرهێنانەوەی خومەینی بەو بەڵێنانەی کە خۆی دابووی بە گەلی ئەهواز، بەڵام شاندی ئەهواز تووشی شۆك بوون کاتێك گەیشتنە قووم، بەجۆرێك کە خومەینی نکۆڵی لەهەموو ئەو بەڵێنانە کردو رەتیکردەوە بە زمانی عەرەبی (زمانی قورئان) قسە لەگەڵ خاقانی بکات.(٣)

داواکاریەکانی شێخی خاقانی و شاندی یاوەری بریتی بوون لە:-

١- دانان بە نەتەوەی عەرەبی لە ئێراندا ئەمەش بە چەسپاندنی لە دەستوری ئێرانیدا، بەڵام دەستوری ئێرانی راگەیەنرا بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی لەبارەی ئەم بابەتەوە تێدا بێت.

---

(١) وەرگیراوە لە یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران، ل٣٧٧- ٣٧٨.

(٢) صالح قلاب: انتفاضة الاهواز البداية ام طبل اعضم، الشرق الاوسط، عدد٩٦٤١، ٢١/ نيسان/ ٢٠٠٥.

(٣) حسن راضی: سطور من تاريخ الاخواز السياسي، (/http://www.ahwazmedia.com)

هەواڵنامەی کتێب

٢- پێکهێنانی ئەنجومەنێکی خۆماڵی بۆ ئەهوازیەکان وەك بنەمایەك بۆ حوکمی زاتی لە هەرێمەکەدا، کە هەستێت بە دانانی یاسای نێوخۆیی پێویست لە بوارەکانی ناوخۆو (مافو ئازادیە سیاسیەکان) .

٣- پێکهێنانی دادگای عەرەبی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هاوڵاتیانی عەرەب بەپێی یاساکانی کۆماری ئیسلامی.

٤- زمانی عەرەبی وەك زمانێکی فەرمی لە پاڵ زمانی فارسیدا وەك مافێکی خوێندن دابنرێت.

٥- پەیوەست کردنی خوێندن بە زمانی عەرەبی لە هەموو خوێندنگە سەرەتاییەکانی ئەهواز.

٦- دروستکردنی زانکۆیەك کەبە زمانی عەرەبی بخوێنن، لە ناوچەی حوکمی زاتی* کە خوێندکارەکانی ئەهواز بگرێتە خۆی.

٧- دامەزراندن لە ئەهواز دەبێت بۆ نەوەکانو لەدایك بووانی ئەهواز بێت (مافی کارکردن) .

٨- زامن کردنی ئازادی رۆژنامەو بڵاوکردنەوەو راگەیاندن بەزمانی عەرەبی.

٩- دابین کردنی بەشێك لە داهاتی نەوت کە لە ئەهواز دەردەچێت بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکەو پەرەپێدانی.

١٠- رێگەدان بە هاوڵاتیانی عەرەب لە نەوەکانی ناوچەکە بۆ نێو هێزەکانی چەکدارو پۆلیسی نێوخۆیی بە بێ جیاوازی.

١١- چاوخشاندنەوە بە یاساکانی دابەشکردنی زەوی بەسەر جوتیاراندا لە چوارچێوەی یاسا ئیسلامیەکان (مافی موڵکداری) .

بەڵام سەرجەمی ئەم داواکاریانە لەلایەن رژێمی نوێوە رەتکرانەوەو بە سەرکوتکردنو گرتنو لەسێدارەدان کۆتای پێهات، بەجۆرێك سەرکردەی روحی شێخ محەمەد خاقانی لە ماڵەکەیدا زیندانی کرا تا مردنی لە قوم هێڵرایەوە.[(١)] دوای چەند رۆژێك لە سەردانی شاندی ئەهوازی رژێمی ئێران هەستا بە رەشە کوژیەك لە شارەکانی خەفاجیو ئەهوازو موحەمەرە* و کە بەسەدانیان لێ کوژرانو بریندار بوونو بەهەزارانیشیان زیندانی کرانو رایانکرد.[١]

---

* حوکمی زاتی (ئۆتۆنۆمی) دواتر بووە بنەمای داواکاری هێزە سیاسیە نیشتمانیەکانی ئەهواز بەتایبەتی بزوتنەوەی تەجەموعی نیشتمانی لە ئەهواز عەرەبستانو پارتی نیشتمانی عەرەبستانی. (عباس عساکرە: المصدر السابق، ص ١٩٧) .

(١) نفس المصدر، ص ٢١٣، ٢١٤، ٢١٥.

* موحەمەرە کە شوێنی بەشێکی زۆر لە راپەرینو شۆرەکان بووەو چەوسانەوەو کۆمەڵکوژی زۆری بەخۆوە بینیوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە، یەکێك لەو کۆمەڵکوژیانە خۆی لە هێرشێکی سەربازی گەورەدا دەبینێتەوە لەسەر دەستی ئەمیرالی دەریایی جەنەرال (ئەحمە مەدەنی) لە ٢٩/١٢/ ١٩٧٩دا کە بۆ ماوەی هەفتەیەك بەردەوام بوو، ئەم کۆمەڵکوژیە وەڵامدانەوەیەکی زۆر ئاشکرای رژێمی دوای شۆرش بوو بۆ داواکاریەکانی عەرەبی ئەهواز لە مافو ئازادی سیاسی، لە ٥/ ١٢/ ١٩٧٩دا حاکمی هەرێمەکانی ئێران یەکەم کۆنگرەیان بەست لە ژێر ناوی گەرانەوەی ئاسایش بۆ هەرێمەکانی ئێران بەڵام لە راستیدا هۆکاری بەستنی ئەم کۆنگرەیە لێدانی بزوتنەوەی عەرەب لە ئەهوازو کورد لە کوردستان بوو، کۆنگرە بریارێکی دەرکرد بە داخستنی رێکخستنە سیاسیەکانو بنکە رۆشنبیریە عەرەبیەکانو داخستنی سەرجەم نوسینگەکانیانو رێگە درا بەبەکارهێنانی هەموو جۆرە هۆیەك بۆ سەرکوت کردنیان لەوانەش سەربازی. بۆیە دوای کۆتاییهاتنی کۆنگرەکە ئەحمەد مەدەنی حاکمی سەربازی تازەی ئەهواز رویکردە قوم بۆ گەیاندنی سەرجەم بریارەکانی کۆنگرە بە خومەینیو پاش ئەوەی رەزامەندی وەرگرت داوای لە (صدر حاجی جوادی) وەزیری ناوخۆ کرد کە هێزەکانی دەریاییو ووشکانیو ئاسمانی لە هەرێمی ئەهواز بخاتە ژێر فەرمانیەوە ئەویش داواکاریەکەی جێبەجێ کردو مەدەنی لەسەرجەم ناوچەکاندا دەستی

هەر بۆ سەلماندنی ئەو راستیەش (یوسف عەزیزی) کە خۆی وتەبێژی شاندەکە بووە لەو بارەیەوە دەڵێت:" داواکاریەکانمان لە دوانزە خاڵدا پێشکەش بە حکومەتی شۆڕش کرد، کە تیایدا داوای داننانمان کردبوو بە گەلی عەرەبی لە هەرێمی عەرەبستانو پێدانی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی ئێراندا، بەلام لەبەری ئەوەی وەلامی ئەم داوکاریە مەدەنیو ئاشتیانەی ئێمە بدەنەوە، دەسەلاتی ئایینیو نوخبەی فارسی دەسەلاتدار بەکەمتر لە یەك مانگ لە رۆشتنمان بۆ تارانو قوم، هەستان بەداخستنی دامەزراوە رۆشنبیریو مەدەنیو سیاسیەکان لە موحەمەرەو ئەهوازو سەرجەم شارەکانی ترو لە رۆژی ٣٠ی یونیوی ١٩٧٩ بە ئاگرو چەك هێرشیان کردە سەر سەرجەم خۆپیشاندانەکان، سەرەنجام بووەهۆی کوشتنو بریندار بوونو زیندانی کردنو لە سێدارە دانی سەدان لە عەرەبەکانو نەفی کردنی سەرکردەی روحی شێخ خاقانی بۆ قوومو لێرەشەوە دەستکرا بە لەناوبردنی سەرجەم بزوتنەوە نەتەوەییەکانی ئێران".[2] کەواتە عەرەبەکان کە لەسەردەمی شاهەنشاهیدا لە رووی سیاسیو نەتەوەییەوە دەچەوسێنرانەوە بارودۆخیان بەرەو خراپی رۆیشت.[3] چونکە بارودۆخی نێوان ساڵەکانی (١٩٧٩-١٩٨١) کاریگەریەکی زۆری لەسەر ئاڵوگۆڕی بارودۆخەکە هەبوو، مەسەلە فکریو سیاسیەکان لەسەرەوەی هەموو کارێك بوونو هێزی لاوەکان بۆ چالاکیە سیاسیەکان تەرخان کرابوو، دیالۆگی فکری لە پەرەسەندندا بوو، بەلام شەڕی عێراق- ئێران کەلە ساڵی (١٩٨١) دا دەستی پێکرد نێوچەکانی ئەهواز بەگشتی زیاتر لە ناوچەکانی تری ئێران بووە جێگەی شەڕ.[4] لەلایەکی ترەوە هەر وەك رژێمی پاشایەتی، کۆماری ئیسلامی هەوڵێکی زۆریدا بۆ گۆڕینی رێژەی دانیشتوان لەبەرژەوەندی غەیرە عەرەبەکان لە هەرێمی ئەهوازدا.[5] بەتایبەتی کاتی جەنگی ئێران- عێراق (١٩٨٠- ١٩٨٨) دانیشتوانی عەرەبی شارەکانی عەبادانو موحەمەرەو حەوێزەو خەفاجیەو حەمدیەو ئەهوازو دور خوینو لادێکانی دەوبەریان لە ترسی جەنگ هەلاتنو ئەو ناوچانەیان بەجێهێشت، بۆیە دەوڵەتی ئێران ئەمەی بە هەل زانی بۆ گواستنەوەیان بۆ

هەواڵنامەی کتێب

---

کرد بە هەڵمەتی گرتن لە ووتەیەکیدا دەڵێت:" هەستی نەتەوەیی لای عەرەبی ئەهواز تەنها لە موحەمەرەدا قەتیس نابێت بەڵکو هەموو ئەهواز دەگرێتەوەو ئامانجی رێکخستنە سیاسیەکانی ئەهواز بریتیە لە جیاکردنەوەی ئەهواز لە ئێران". سەرئەنجام بەسەرپەرشتی ئەحمەد مەدەنی هێزەکانی سوپاو ژمارەیەکی زۆر جەیشی شەعبی بەرەو مەدینە کەوتنە رێو لەبەربەیانی رۆژی چوارشەممە ٢٩/ ١٢/ ١٩٧٩ هێرشیان کرە سەر بارەگای سیاسی پارتی نەتەوەیی عەرەبیو مەرکەزی رۆشنبیری عەرەبیو سەرجەم ئەوانەی لەوێدا بوون کوژران، دوای بلاوبوونەوەی ئەم هەوڵە هاولاتیان لەسەرجەم شارەکانەوە بەرەو بارەگاکە رۆشتنو سوپا دەسرێژی گولەی لێکردنو باری نائاسیای راگەیەنراو رووداوەکان گەیشتنە شاری عەبادان فرۆکەکان دەستیان کرد بە بۆردومانی ٥ گوندی موحەمەرەو نزیکەی هەفتەیەك بەردەوام بوو کە نزیکەی ٨١٧ کوژراو ١٥٠٠ برینداری لێکەوتەوەو بەهەزارانیش راپێچی زیندان کران. مەدەنی لە ووتەیەکیدا دەڵێت:" عەرەبەکانی ئەهواز دەیانەوێ کاری تێکدەری ئەنجام بدەن، بۆیە بەردەوام دەبین لە خواردنەوەی خوێنیان ئەگەر لەسەر فشارکردن بەردەوام بن بۆ جێبەجێ کردنی داخوازیەکانیان". (عباس عساکرة: المصدر السابق، ص ٢١٦-٢١٧).

(١) حسن راضی: سطور من تاريخ الاخواز السياسي، (http://www.ahwazmedia.com/)

(٢) يوسف عزيزي: العرب في عربستان لمحة من التاريخ والثقافة http://www.azzaman.com (/).

(٣) صالح قلاب: انتفاضة الاهواز البداية ام طبل اعضم، الشرق الاوسط، عدد٩٦٤١، ٢١/ نيسان/ ٢٠٠٥.

(٤) حسن حاتمی: فرە گەلی لە ئێراندا، گۆڤاری تیشك، ژ٥، ساڵی دووەم، رەزبەری ١٣٧٨ك.هـ، ل٦٨.

(٥) يوسف عزيزي: العرب في عربستان لمحة من التاريخ والثقافة http://www.azzaman.com (/).

ناوچە فارسیەكان‌و بەسەر شارە ئێرانیەكاندا دابەشیكردن.[(١)] بەشێوەیەكی گشتی دەتوانرێت بوترێت سیاسەتی كۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە عەرەبەكان بریتی بوو لە:-

١- قەدەغەكردنی خوێندن بە زمانی عەرەبی‌و دەركردنی كتێب بە زمانی عەرەبی.

٢- سەپاندنی خوێندن بەزمانی فارسی.

٣- سەپاندنی زمانی فارسی بەسەر حاكمەكانی ئەهوازو قەدەغەكردنی زمانی عەرەبی تیایدا.

٤- سەپاندنی حوكمی سەربازی فارسی بەسەر هەرێمەكەدا.

٥- بێبەشكردنی گەلی ئەهواز لە ساكارترین مافە سیاسیەكانی وەك مافی هەڵبژاردن‌و خۆ پاڵاوتن‌و پیادەكردنی چالاكی یان بڕیاردانی مافی چارەنووس بەوپێیەی دەوڵەتێكی داگیركراوە.

٦- دەستگرتن بەسەر زەویە كشتوكاڵیە موڵكداریەكانی عەرەب‌و گۆڕینیان بۆ موڵكداری فارسی، گۆڕینی ڕێڕەوی ڕووبارەكان كە بە عەرەبستاندا دەڕۆشتن بۆ ڕێڕەوێك كە بگاتە لایەنی فارسی.

٧-هەوڵدان بۆ گۆڕینی دیموگرافیای عەرەبستان لە ڕێی (ڕاگواستن[*] و بەفارسكردن) بە دروستكردنی موستەعمەرات (داگیرگە) ی فارسی كە فارسەكان هاندەدران بۆ نیشتەجێ بوون بەمەبەستی زیادبوونی ڕێژەیان‌و كەمكردنەوەی ڕێژەی عەرەب ئەویش بە كوشتنی ئەنقەست‌و پشتگوێ خستنی چارەسەری پزیشكی.

٨- سەپاندنی هەڵمەتی بەفارسی كردنی بە ئەنقەست‌و بەردەوام بۆ گۆڕین‌و گۆڕینەوەی هەموو ناوە عەرەبیەكان بە ناوی فارسی‌و قەدەغەكردنی بەكارهێنانی ناوی عەرەبی بۆ لەدایك بووە تازەكان‌و سەپاندنی ناوی فارسی.

٩- مامەڵەكردنی خراپ لەگەڵیاندا ئەویش بە سەپاندنی باجی قورس‌و چاودێریكردنی ئەمنی بەردەوام، هەروەها زیندانیكردن‌و كوشتن‌و لەسێدارەدانی بەردەوام.

١٠- قەدەغەكردنی ئەهوازە عەرەبەكان بە قسەكردن بە زمانی عەرەبی.

١١- قەدەغەكردنی ناونان بە ناوی هاوەڵانی پێغەمبەر (د. خ) .

١٢- تاوانباركردنی وێنەی ئاڵای دەوڵەتی ئەهوازی‌و هەركەسێك وێنەی بكێشیایە بە زیندانی بۆ ماوەی (٥-١٠) ساڵ حوكم دەدرا.

١٣- سانسۆر خستنەسەر لەبەركردنی شاڵی عەرەبی‌و هەركەسێك لەبەری بكردایە بۆ ماوەی شەش مانگ زیندانی دەكرا.[(2)]

١٤- ڕێگەنەدان بە چالاكی سیاسی و ژیانی پارتایەتی بۆ نەتەوە نافارسەكان بەگشتی و عەرەب بەتایبەتی. هەرچەندە (د. ئیبراهیم یزدی) سكرتێری گشتی بزوتنەوەی ئازادی ئێران لە گفتوگۆیەكیدا لەگەڵ (یوسف عزیزی) دا لەوەلامی پرسیارێكیدا لێی دەپرسێت لەو بڕوایەدان كەنەتەوە نافارسەكانی وەك كوردو عەرەب‌و تورك بتوانن پارتی

---

(١) عباس عساكرة: المصدر السابق، ص ١٩٧.

* بڕوانە بەڵگەنامەی ژمارە (١) ،ل٤٣-٤٤.

(٢) الاحواز شعب عربستان المسلم قضية لن تموت- المسلمون حول العالم موقع قصة الإسلام - إشراف د راغب السرجاني، /http://islamstory.com/ar

هەواڵنامەی كتێب

سیاسی لە ئێراندا دروست بکەن، لەوەڵامدا دەڵێت:"نەتەوە نافارسەکان ئێرانین هەروەك چۆن فارسیش ئێرانیە، هیچ شتێك نیە نە لە دەستوری ئێرانداو نە لە بیری سیاسیو ئایینیو غەیرە ئاینیدا کە بانگەشەی ئەوە بکات فارس لە کورد زیاتر ئێرانیە تا مافی زیاتریان هەبێتو هەمووان یەکسانن بەرامبەر بە یاسا".[1] درێژە بە ووتەکانی دەدات و دەڵێت: :"... دەستوری ئێرانی جەخت لەوە ناکاتەوە کە پارتەکان لەسەر ئاستی ئێران شامل بن، چۆن ئێمە دەتوانین کۆمەڵە پیشەییە تایبەتیەکانی خۆمان پێك بهێنین، ئەوا نەتەوەکانی تریش دەتوانن پارتو کۆمەڵە پێکبهێننو ئامانجی رۆشنبیریو نەتەوەییو ئایینی خۆیان هەبێت".[2] بەلاّم لە راستیدا ئەم ووتانە تەواو پێچەوانەی سیاسەتەکانی حکومەتی ئێران بوو.

١٥- دەسەلاّتە یەك لەدوای یەکەکانی ئێران بە سەرانی شۆڕشیشەوە تەنها بەوەوە نەوەستان کە نەتەوەی عەرەب لەم هەرێمە لە سامانە دەوڵەمەندەکەی ژێر زەوی وەك نەوتو غازی سروشتی بێبەش بکەن، بەڵکو هەوڵیاندا بۆ دروستکردنی بەربەستو ئاوەڕو بۆ ئەو ئاوە زۆرەی لەم ناوچەیەدا هەیە بۆئەوەی بتوانن رەفتار بە سەرچاوەکانی ئەم ئاوانەوە بکەنو وەك وەسیلەیەك بۆ جێبەجێکردنی مەرامەکانی خۆیان بەکاری بهێنن بۆ فشارخستنە سەر ئەهوازیەکان. بەهۆی ئەم بەربەستانەوە تونرا ئاوی رووبارەکانی ئەهواز وەکو رووباری ئەلدزو کارون کە گەورەترین رووبارە لە هەرێمەکەدا بگوازرێتەوە بۆ شارە نزیكو تەنانەت دوورەکانی ئێران.[3]

سەرئەنجامی ئەو سیاسەتە ناجۆرانەی سەرانی شۆڕشی (١٩٧٩) و کۆمای ئیسلامی، نەتەوەی عەرەب لە ئەهواز دەستیانکرد بە کاری رێکخراوەیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو سیاسەتەو چەندین رێکخراوو پارتی سیاسیان دروست کرد لەوانە:

رێکخراوی (بزوتنەوەی جەماوەری عەرەبی ئەهوان) کە کەوتە چالاکی رێکخستنو سەربازیو ئامادەکردنی لاوانی ئەهواز لە چوارچێوەی ئەم رێکخراوە بۆ شۆڕش، هەروەها کردنەوەی چەند ناوەندێکی رۆشنبیری، بۆ ئەم مەبەستە شاندێکی پێنج کەسیشی نارد بۆلای خومەینی بەمەبەستی داخوازییەکانی نەتەوەی عەرەب، کە خۆی لە رێگەدان بە زمانی عەرەبیو دەرکردنی رۆژنامەو گۆڤاری عەرەبی دەبینێتەوە.... دواتریش چەندین رێکخراوی دیکە دروست بوون، دوای ئەوەی سەرجەم داخوازییەکانییان رەتکرانەوە، لەوانە لە نیسانی (١٩٨١) دا (بەرەی عەرەبی بۆ رزگاری ئەهوان) یەکەم کۆبونەوەشیان لە رۆژی (١٩٨١/٩/٢٢)دا بەستو سەرکردەکەیان کە (سەید هادی سەید عەدنان موسەوی) بوو بووە ئەمینداری گشتیو (فازی مەجید زەرقانی) بووە جێگری، ئەم بەرەیە گۆڤارێکی مانگانەی بەناوی ئەهواز دەنگی شۆڕشگێڕانی عەرەب دەردەکرد، هەروەها رادیۆیەکیشیان بەناوی دەنگی شۆڕشی ئەهواز دامەزراندبوو[٤] دوای ئەوەش لە (حوزەیرانی١٩٨٣) دا ئەنجومەنی نیشتمانی ئەهواز لە نێو رۆشنبیرانو خوێندکارانی ئەهوازدا دامەزرا، لە رۆژی (١٩٨٢/١٢/٦)شدا رێکخراوی (یەکێتی گشتی خوێندکارو لاوانی ئەهوان) دادەمەزرێو بلاّوکراوەیەکیش بەناوی کاروان دەردەکات، لە ساڵی (١٩٨٠وە تا ٢٠٠١) حەوت کۆنگرەی گشتیان دەبەستنو لە

---

[١] یوسف عزیزي: المصدر السابق، ص٥٤.

[٢] نفس المصدر، ل٥٥.

[٣] عباس عساكرة: المصدر السابق، ص١٥٨.

[٤] http://al-ahwaz.com/arabic/history/ahwazq&a/ahwazq&a20.htm

زۆربەی چالاکیە ئاسیایی و ئەفریقی و جیهانیەکاندا بەشداری دەکەن.[1] هەرلەهەمان ساڵدا (بزوتنەوەی موجاهدینی عەرەب) دروست دەبێت لەگەڵ چەندین ڕێکخراوی دیکەی عەرەبی، بەمەبەستی بەردەوامبوون لە خەباتکردن بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی و سیاسیی و کەلتوریەکانی عەرەب لە ئێران. [2] لەساڵی (١٩٨٥) شدا ڕاپەڕینێکی گەورە لە سەرانسەری ئەهواز دژبە لێدوانەکانی عەلی ئەکبەر ڕەفسنجانی کە لە ڕۆژنامەی (ئیتلاعاتی) ئێرانیدا دابووی هەڵگیرسا، تێیدا ئیهانەی عەرەبەکانی ئەهوازی کردبوو بەوەی بە قەرەج وەسفی کردبوون و هێزەکانی ئێران ئەو خۆپیشاندانەیان زۆر بە توندی سەرکوت کرد، کە بەدەیان کەس تێیدا شەهیدو بریندار بوو وەسەدانیشیان لێ زیندانی کرد.[3] (تیێری کوڤیل) لەم بارەوە نوسیویێتی:" لە قۆناغی یەکەمی شۆڕشدا چەند داواکاریەکی تازە لەلایەن ئەم کەمایەتیانەوە زیادکرا، بەڵام ڕژێمی تازە هەرزوو نکۆڵی لەهەموو ئەومافانە کرد سەربارى ئەوەی لە دەستوری ئێرانیدا لە هەر دوو مادەی (١٠–١٥) دا باس لە مافی زمانەوانی و دامەزراوەیی کەمایەتیەکان دەکات، کەچی لەبەرامبەردا هەموو ڕاپەڕین و شۆڕەکان بە زەبری هێز دامرکانەوەو سەرکوت کران" [4] .

بەم شێوەیە نەتەوەی عەرەب لەسەردەمی دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانیش وەك زۆربەی نەتەوە نافارسەکانی دیکەی ئێران بەردەوام بوون لە خەباتکردن بۆ داواکردنی مافە سیاسی و نەتەوەییەکانیان، بۆ ئەو مەبەستەش هەموو جۆرەکانی خەباتکردنیان گرتۆتەبەر، چەندین چالاکی ڕۆشنبیری و سیاسیان ئەنجامداوە و جیاوازییە نەتەوەیی و زمانیان تۆخکردۆتەوە و هەوڵیانداوە سەرجەم کێشە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی وەکو بێکاری بۆ سەرنج ڕاکێشانی ڕای گشتی بخەنە ڕوو.

دوای وەستانی شەڕی عێراق– ئێرانیش ناوچە عەرەبییەکان دووچاری کێشەی زۆر بوونەوە بۆ گەڕانەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان کە جەنگ وێرانی کردبوو، هەروەها دەوڵەتی ئیسلامی ئێرانیش هیچ جۆرە یارمەتیەکی پێشکەش نەکردن بۆ ئاوەدان کردنەوەی ناوچە زیان لێکەوتووەکان تەنها ئەوەی گرنگی پێدا دووبارە خستنەوە گەڕی پاڵاوگەی نەوتی عەبادان بوو، دووبارە بیناکردنەوەی بەندەری موحەمەرەو گرنگی دان بە کێڵگە نەوتیەکانی حەوێزەو ناوچەکانی تر بوو، لەئەنجامی ئەمەشدا ژمارەیەکی زۆر کرێکارو فەرمانبەرانی هونەری فارسیان لەگەڵ خێزانەکانیاندا هێنا بۆ ناوچە عەرەبیەکان و لەو ناوچانەدا نیشتەجێیان کردن.[5] ئەمەو زێدێکی وێران و ناوچەیەکی میلیتاریزەکان و نەبوونی بارودۆخێکی ئەوتۆو بێکاری خەڵکی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردوو دەرەتانی تێکۆشانی سیاسی زۆر بەرتەنگ بوەوە، بۆیە تێکۆشانی عەرەب زیاتر بەشێوەی گروپی بچووك یان تاکە کەسی لەدەرەوەی ئێران دەکرا.

دوای چارەکە سەدەیەك بەسەر کۆتایی هاتنی سەردەمی پاشایەتی لە ئێران کە پێویست بوو ئەو ئایدیۆلۆجیە ڕەگەزپەرستیە فارسیەی دژ بە عەرەب لە ئێراندا کەمبوایەتەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە کاریگەریەکانی تا ئێستا لە

---

(١) الاتحاد العام لطلبة و شباب الأحواز: لمحة عن تاريخ الاتحاد منذ تأسيسه-http://ahwazi-students.org/GUASY/GUASY-History.html

(٢) http://www.grenc.com/sfiles/alahwaz/Arabistan3.htm

(٣) حسن راضي: سطور من تاريخ الاخواز السياسي، (/http://www.ahwazmedia.com)

(٤) تيێرى كوڤيل: ايران الثورة الخفية، دار الفارابي، بيروت_ لبنان، ٢٠٠٨، ص١٦٣.

(٥) عباس عساكرة: المصدر السابق، ص ١٩٧.

نێوو زۆربەی چینو توێژە کۆمەڵایەتەکانی ئێراندا زۆر بەهێزە وەك پشتیوانانی گەڕانەوەی پاشایەتیو ژمارەیەکی زۆر لە رۆشنبیرانو نەتەوەییە ئێرانیەکان دوای وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن محەمەد خاتەمیەوە وەك سەرۆك کۆمار لە ساڵی ١٩٩٧ دەبینین ئەو تێڕوانینە ئاریە رەگەزییە رۆژ لە دوای رۆژ لەپەرەسەندندا بوو. لێرەوە ئەوە بەدەردەکەوێت کە کەمە نەتەوەکانی ئێران بەگشتیو عەرەب بەتایبەتی، لەگەڵ ئەوەی بەشداری کارایان هەبوو لە شۆڕشی گەلانی ئێرانی ساڵی (١٩٧٩)دا بەڵام هیچ مافێکیان بەدەست نەهێناو دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی (سەرانی شۆڕش) بەشێوەیەکی زۆر خراپ مامەڵەیان* لەگەڵ عەرەبی ئەهواز و نەتەوە نافارسەکان دەکرد، بۆیە ئەوانیش کەوتنەوە درێژەدان بە خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان.

* بۆ شێوازی مامەڵەی دەسەڵاتی ئێران لەگەڵ عەرەبی هەرێمی ئەهواز، بڕوانە بەلگەنامەی (٢) ،ل٤٥-٤٦.



هەواڵنامەی کتێب

## ئەنجام

یەکەم// سیاسەتی تاکڕەوانەی دەسەڵاتی شاهەنشاهی (رەزاشاو محەمەد رەزاشا) لەنێوان ساڵانی (١٩٢١-١٩٧٩) بەسەر نەتەوە نافارسەکاندا بەگشتیو کوردو عەرەب بەتایبەتی سیاسەتێکی چەوساندنەوە بوو بەمەبەستی تواندنەوەی ئەم نەتەوانە لە بۆتەی نەتەوەیی فارسدا، ئەم سیاسەتەش فاکتێك بوو لە فاکتەرەکانی رووخاندنی دەسەڵاتی شا لە ئێران.

دووەم// لەسەردەمی رەزا شاو محەمەد رەزاشای کوڕیو تا حوکمی شۆڕشی کۆماری ئیسلام بەهیچ شێوەیەك راستگۆ نەبوون لە پێدانی مافەکانی نەتەوەی ئەهواز، تەنانەت هیچ جیاوازیەکیان نەبوو لەسەر کێشەی ئەهوازو لە مامەڵە کردنیشدا هیچ شتێکیان نەگۆڕی تەنها ئەوەی گۆڕانکاری بەسەردا هات لە رژێمدا بریتی بوو لەوەی کە ئەفەندی عەمامەی دەبەست زیاتر توندو تیژ تربوو لە جاران، ئەمەش ئەوەی سەلماند کە ئەم کێشەیە پەیوەندی بە رژێمی حوکمداریو دەزگای دەسەڵاتدارەوە نیە لە ئێراندا بەڵکو پەیوەندی بە تەماعی دەوڵەتی فارسیەوە یاخود کیانی فارسیەوە کە کیانێکی پیلانگێڕی ناوەڕۆك روونە.

سێیەم// سەرباری ئەوەی کەلە هەرێمی ئەهوازادا تێکەڵیەك هەبوو لە عەرەبی سوننەو شیعە، بەڵام چەوساندنەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی شیعە مەزهەبی ئێرانی هیچ جیاکاریەکی لەنێویاندا نەدەکرد، چونکە لەبنەرەتدا دەسەڵاتێك بوو لەسەر بنەمای جیاکاری رەگەزیو نەتەوەیی سەریهەڵدابوو هەرچەندە سوننەکان بەدەست کۆمەڵێك کێشەی ترەوە دەیانناڵاند وەك ئەوەی رێگەیان پێنەدەدرا مزگەوتو کتێبخانەو رۆنامەو گۆڤاری تایبەت بەخۆیان هەبێتو خوێندنی هەر یەکێك لە زانستە سونیەکانیان لێ قەدەغە کرابوو.

چوارەم// دەسەڵاتدارانی ئێران لە داگیرکردنی ئەهوازەوە هەرچی لە تاونایاندا بوو کردیان بۆ سەرکوتکردنی پێناسی نەتەوەیی عەرەبی ئەهوازی لەوانەش پێناسی رۆشنبیری کە رەزاشا لەماوەی فەرمانڕەواییدا دروشمی یەك نەتەوە یەك زمانی هەڵگرتبوو، دوای ئەویش محەمەدی کوڕیو دواتر رژێمی شۆڕی ١٩٧٩ هەمان سیاسەتی رەگەزپەرستیان بەرامبەر ئەهواز بەکارهێنا. لەپێناو دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی ئێرانیدا کە یەك زمانو رۆشنبیری فارسیان هەبێت، بیردۆزەکانی رەزا شا بەرنامەیەکی دوور مەودایان داهێنا بۆ بەفارسکردنی عەرەبی ئەهواز، ئەم خیتابە سیاسیەی دژ بەعەرەب دوای شۆڕشی ئێرانیش بەردەوام بوو.

پێنجەم//نەتەوەی عەرەب لە ئێران لەبەرامبەر ئەو سیاسەتە شۆڤێنیانەی کە دژیان گیراوەتە بەر لەسەردەمی شاهەنشاهی و کۆمای ئیسلامیدا، بەردەوام هەوڵیداوە داخوازیە نەتەوەیەکانی لە رێگەی دروستکردنی رێکخراو کۆمەڵەو پارتەکانیەوە بەشێوەی خۆپیشاندان و راپەڕین بخاتە ڕوو، لە ناو ئەو سیستەمەی ئێران کە بڕوای بە دیموکراسی و فرە نەتەوەیی گەلانی ئێرانی نیە.

## لیستی سەرچاوەکان


**یەکەم/ کتێب بە زمانی کوردی:-**

١. جەمال بابان: هەندێ دادوەری بەناوبانگ لە مێژوودا یاخود محاکەمەتی مەزن لە مێژوودا، کۆری زانیاری عێراق، بەغداد، ١٩٨١.

٢. زاهیر محەممەدی، یاسین حاجی زادە: فەرهەنگی سیاسی، هەولێر، ٢٠٠٦.

٣. سەعدی عوسمان هەروتی (دکتۆر) :بزاڤی رزگاریخوازی نیشتیمانی لە کوردستانی رۆژهەلاتدا ١٩٨٨٠- ١٩٣٩، هەولێر، ٢٠٠٧.

٤. نازناز محەمەد عەبدولقادر:سیاسەتی ئێران بەرامبەر بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەوتەوەی کورد لە کوردستانی عێراقدا ١٩٦٩- ١٩٧٥، هەولێر، ٢٠٠٨.

٥. یاسین سەردەشتی (دکتۆر) : چەند لاپەرەیەك لە مێژووی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٦. یاسین سەردەشتی (دکتۆر) :کوردستانی ئێران ١٩٣٩- ١٩٧٩، سلێمانی، ٢٠٠٣.

٧. یاسین صابر:ئینسایکلۆپیدیای گشتی، سلێمانی، ٢٠٠٥.

**دووەم/ کتێب بە زمانی عەرەبی**

١. ابراهيم خلف العبيدي (الدكتور) :الاهواز ارض عربية سلبية، دار الحرية، بغداد، بدون سنة الطبع.

٢. ابراهيم خليل احمد، خليل علي مراد:ايران وتركيا، جامعة الموصل، بدون سنة الطبع.

٣. امال السبكي (الدكتور) :تاريخ ايران السياسي بين الثورتين (١٩٠٦- ١٩٧٩) ، كويت، ١٩٩٩.

٤. امل حمادة (الدكتور) :الخبرة الايرانية الانتقال من الثورة الى الدولة، ط١، بيروت، ٢٠٠٨.

٥. انعام مهدي علي السلمان: حكم الشيخ خزعل في الاهواز ١٨٩٧- ١٩٢٥، مكتبة دار الكندي، بغداد، بدون سنة الطبع.

٦. تيبرى كوڤيل:ايران الثورة الخفية، دار الفارابى، بيروت_ لبنان، ٢٠٠٨.

٧. جمال صبحي عطية:الظاهرة الخمينية والصراع على السلطة، جامعة بصرة، ١٩٨٣.

٨. حسن كريم الجاف (الدكتور) :الوجيز في تاريخ ايران، ط١، ج٤، اربيل، ٢٠٠٨.

٩. خالد المسلاكمة (الدكتور) :الأحواز الأرض العربية المحتلة، الطبعة الثانية، مراكز الدراسات الألمانية العربية، بوخوم، ألمانيا، ٢٠٠٨.

١٠. دونالد ولبر:ايران ماضيها و حاضرها، ت/ د. عبدالنعيم محمد حسنين، قاهرة، ١٩٥٨.

١١. رجاء حسين حسني الخطاب (الدكتور) : محاضرات فى تاريخ ايران الحديث والمعاصر، ١٩٨٧.

١٢. روبرت جراهام:ايران في المحنة، ت: أمين سلام، جامعة بصرة، ١٩٨٣.

١٣. صادق زيبا كلام: الثورة الاسلامية في ايران الاسباب و المقدمات، ت/ هويدا عزت محمد، قاهرة، ٢٠٠٤.

١٤. عباس عساكرة:القضية الاحوازية، دار الحكمة، لندن، ٢٠٠٦.

١٥. عبدالهادي كريم سلمان:ايران فى سنوات الحرب العالمية الثانية، جامعة الموصل، ١٩٨٦.


هەوالنامەی کتێب

١٦. عبدالوهاب الكيالي (الدكتور) : موسوعة السياسة، الجزء الاول، ط٤، بيروت– لبنان، ١٩٩٩.
١٧. علي نعمه الحلول:الأحواز ثوراتها و تنظيماتها ١٩١٤–١٩٦٦م، جزء الخامس، مركز الدراسات عيلام، مطبعة الفرى الحديث، النجف.
١٨. مارفن ام. زونيس:ايران في المحنة، مجموعة مقالات مترجمة، ت/ هاشم كاطع لازم، جامعة البصرة، ١٩٨٣.
١٩. محمد وصفي ابومغلي (الدكتور) : ايران دراسةعامة، بصرة، ١٩٨٥.
٢٠. مصطفى عبدالقادر النجار (الدكتور) : تاريخ القومي للامارة المعمرة العربية مع سليط الضواء على اطماع الفارسية، مطبعة شفيق، بغداد، بدون سنة الطبع.
٢١. منال محمد احمد: ايران من داخل، تحولات القيادة السياسية من الشرعية الثورية الى الشرعية الدستورية، القاهرة، ٢٠٠٩.
٢٢. موسوعة السياسة، الجزء الثانى، ط٣، بيروت– لبنان، ١٩٩٧.
٢٣. موسوعة السياسة، الجزء السادس، ط٣، بيروت– لبنان، ١٩٩٥.
٢٤. وليم ثيودور استرنك:حكم شيخ خزعل بن جابر، ت/ عبدالجبار ناجى (الدكتور) ، بدون سنة ومكان الطبع.
٢٥. ويلفريد بوختا: ايران بعد روبع قرن، بغداد– بيروت، ٢٠٠٦.
٢٦. يوسف عزيزي:ايران الحائرة بين الشمولية و الديموقراطيـة، نظرة من الداخل على التطورات السياسيةو الثقافية في عهد خاتمي، دار الكنوز الادبية، بيروت– لبنان، ٢٠٠١.

سێهەم/ کتێب بە زمانی فارسی

١. ايرج افشار سيستانى:چادر نشينانو طوايف عشاير ايران، چپ دوەم، تهران.
٢. حسين فردوست: ظهور و سقوط سلطنت بهلوى، تهران، ١٣٧٠.
٣. ربيع بديعى (الدكتور) :جغرافياى مفصلى ايران، جلد سوم، تهران ١٣٦٢هـ. ش.
٤. موسى سيادت: تاريخ جغرافيائى عرب خوزستان، تهران، ١٣٧٢.
٥. وزاره الاعلام العراقى:عربستان والوضع الراهن، ١٩٧٦.

چوارەم/ گۆڤار بەزمانی عەرەبی:–

١. اسماعيل حصاف (الدكتور) :ايران فى سنوات مابعد الحرب العالمية الثانيةو القضية الكردية، گۆڤاری مێژوو، ژمارە (٧) ، هاوینی ٢٠٠٨.

پێنجەم/ گۆڤار بەزمانی کوردی:–

١. حسن حاتمى:فره گەلی لە ئێراندا، گۆڤاری تیشک، ژ٥، ساڵی دووەم، رەزبەری ١٣٧٨.
٢. خالد چالاكى:کوردو تورك لە ئێران، گۆڤاری دۆسیەی ئێران، ژ١٣، سلێمانی، ئازاری ٢٠٠٩.
٣. فەرەیدون غەریب حەسەن:فایلی ئەتۆمی ئێران و ئەگەری هەڵایسانی جەنگێکی تر لە ناوچەکە، گۆڤاری دۆسیەی ئێران، ژمارە ٦، مایسی ٢٠٠٧.
٤. لوڕستان درێژەپێدانی کوردستانە، گۆڤاری دۆسیەی ئێران، ژمارە (١٣) ، ئازاری ٢٠٠٩.

هەواڵنامەی کتێب

٥. مامەند رۆژە:زاگرۆسی ناوەڕاست باشوری خۆرهەڵاتی کوردستان یاخود کوردستانی شیعە نشین، گۆڤاری دۆسێی ئێران، ژمارە ١١-١٢، تشرینی دووەمی ٢٠٠٨.

٦. ئازاد قادر:نەتەوەکانی ئێران لە نێوان دووبەرەی جیاوازدا، دۆسێی ئێران، ژمارە (١٣) ، ئازاری ٢٠٠٩.

٧. یاسین سەردەشتی (دکتۆر) : هەڵوێستی حزبی توودە لەمەسەلەی کورد لە ئێران، گۆڤاری دۆسیەی ئێران، ژمارە (١) کانوونی دووەمی ٢٠٠٦.

٨. یوسف عەزیز:بزوتنەوەی کرێکاری و گروپەکان لە ئێراندا، گۆڤاری دۆسیەیی ئێران، ژمارە (١٠٣) ، مایسی ٢٠٠٧.

شەشەم/ رۆژنامە

١. صالح قلاب: انتفاضة الاهواز البداية ام طبل اعضم، الشرق الاوسط، عدد٩٦٤١، ٢١/ نيسان/ ٢٠٠٥.

٢. میخایل سلاکمە:خوزستان هەرێمێك کە چەشنە ئالۆزیەك دەبێتەهۆی تەقینەوەی ناکۆکیەکانی، رۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٤٤٦، ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٦.

حەوتەم/ سەرچاوەی ئەلیکترۆنی

٢. الاحواز شعب عربستان المسلم قضية لن تموت- المسلمون حول العالم موقع قصة الإسلام - إشراف د راغب السرجاني، http://islamstory.com/ar/

٣. arabsgate. com/archive/index. php/t-482846. html#

٤. (الأهواز في إيران، القضية المنسيّة عربياً ودولياً، http://www.alarabiya.net/ )

٥. http://al-ahwaz. com/arabic/history/ahwazq&a/ahwazq&a20. htm

٦. الاتحاد العام لطلبة و شباب الأحـــواز: لمحة عن تاريخ الاتحاد منذ تأسيسه -http://ahwazi-students. org/GUASY/GUASY-History. html

٧. http://www. grenc. com/sfiles/alahwaz/Arabistan3. htm

٨. حسن راضي: سطور من تاريخ الاخواز السياسي، (http://www.ahwazmedia.com/)

٩. قاسم العجرش: رستاخيز ملت ايران http://burathanews. com/news/184086. html) .

١٠. www. Ahwaz. Com

١١. يوسف عزيزي: العرب في عربستان لمحة من التاريخ والثقافة http://www.azzaman.com ) (http://vb. /


هەواڵنامەی کتێب

## بەڵگەنامەی ژمارە ( ١ )

**الوثيقة رقم 1**

النص الحرفي للرسالة الوثيقة بخصوص سياسة تهجير العرب من إقليم الأحواز وزيادة توطين الإيرانيين في الإقليم العربي:

"الجمهورية الإسلامية الإيرانية

مكتب رئيس الجمهورية

رئيس المكتب:

السيد الدكتور نجفي رئيس منظمة برمجة الميزانية الحكومية المحترم.

بعد السلام:

استمرارا للسياسات المتخذة بعين الاعتبار, وكذلك على ضوء قرارات مجلس الأمن القومي بشأن تغيير البنية السكانية لعرب خوزستان [أي الأحواز] من خلال توزيعهم على بقية محافظات البلاد نرى أنْ نرفق لكم أدناه لائحة ببعض التوجيهات المتضمنة الفقرات التالية.

1 - يجب اتخاذ كافة التدابير الضرورية اللازمة بحيث يتم خفض السكان العرب في خوزستان بالنسبة للناطقين بالفارسية الموجودين أساسا أولئك المهاجرين إلى 3.1 وذلك خلال السنوات العشرة القادمة.

2 - في سبيل زيادة هجرة الأقوام الأخرى وخاصة القومية الأذرية إلى محافظة خوزستان إضافة إلى التسهيلات الواردة في المذكرة رقم 7-5 - 1971-ب 3- 416 أنْ تتخذ تسهيلات أكثر حيث ستعلن هذه التسهيلات تباعا.

3 - من الضروري اتخاذ التدابير اللازمة والعمل على نحو بحيث تزداد ظاهرة تهجير الشريحة المتعلمة منهم إلى المحافظات الإيرانية الأخرى كمحافظات طهران و أصفهان وتبريز.

4 - العمل على إزالة جميع المظاهر الدالة على وجود هذه القومية وتغيير ما تبقى من الأسماء العربية و المحلات والقرى و المناطق والشوارع.

5 - في الوقت الذي نؤكد على سرية هذه الخطة نرى من الضروري الاستفادة من العناصر العربية والاستفادة منهم كوسيلة من اجل تنفيذها.

نرفع إليكم طيا جميع التوجيهات الجديدة المتعلقة بكيفية نقل وتوزيع طلاب الجامعة, الموظفين, العاملين, المعلمين, منتسبي القوات العسكرية والأمنية والفلاحين إلى المناطق الإيرانية الأخرى.

هەواڵنامەی کتێب

التوقيع:

رئيس المكتب ابطحي

نسخة منه إلى : وزارة الاستخبارات. وزارة الداخلية. وزارة السكن وبناء المدن. وزارة الثقافة والإرشاد الإسلامي

وەرگیراوە لە: د. خالد المسالمة ، الأحواز، الأرض العربية المحتلة، ل ٢٦٣-٢٦٤.

## بەڵگەنامەی ژمارە ( ٢ )

**الوثيقة رقم 2 حول تعامل السلطات الإيرانية مع المواطنين العرب في إقليم الأحواز**

ترجمة حرفية لنص الوثيقة الايرانية

جمهورية إيران الإسلامية

رئاسة الجمهورية

الرقم : 76738/ت 37055

التاريخ : 31 / 5 / 1386( تاريخ إيراني )

(الموافق : 2007/8/13م)

قرار صادرة عن الهيئة الوزارية

بسمه تعالى

"الصلاة على محمد وآل محمد"

وزارة الاستخبارات (الاطلاعات) للجمهورية الإسلامية

سري

قررت الهيئة الوزارية في جلستها المنعقدة بتاريخ: 1386/5/21هـ.ش(الموافق: 13/2007/8م -) وبناءً على توصيات وزارة الاستخبارات (الاطلاعات)حول متابعة الأمور الأمنية والقومية في محافظة خوزستان والتي رفعتها وزارة الاستخبارات (الاطلاعات) بتاريخ 1386/5/15 هـ.ش ،استناداً الى التقارير الأمنية التابعة لمجلس الأمن القومي الخاصة بقانون تعديل بعض الفقرات الأمنية، فقد قررت الهيئة الوزارية اتخاذ ما يلي :

الف : نظراً لقرب موعد الذكرى السنوية لأعمال الشغب في محافظة خوزستان فإن الهيئة الوزارية تمنح وزارة الاطلاعات الصلاحيات المطلقة ومن دون الحاجة الى إذن قضائي لاعتقال أي فرد أو تجمع يشتبه به .

ب : يمنع أي تجمع يضم أكثر من خمسة أشخاص من أي قومية كانت في المحافظة ،وعلى وجه الخصوص من عرب اللسان ، وفي حال حدوث ذلك يجب تطبيق

نسخة الى :

مكتب مقام القائد المعظم - رئيس السلطة القضائي - المفتش العام للدولة - مكتب مجمع تشخيص مصلحة النظام - وزير الدفاع - القيادة العامة للحرس الثوري - وزارة الداخلية - وزارة الإسكان و البناء - وزارة الجهاد الزراعي - قيادة الأمن العام - ويتم إبلاغ مكتب الأمانة العامة للحكومة.

هەواڵنامەی کتێب

وەرگیراوە لە: د. خالد المسالمة ، الأحواز، الأرض العربية المحتلة، ل ٢٦٥-٢٦٦.

## الملخص

## دور الشعوب غير الفارسية في ثورة الشعوب الايرانية "العرب نموذجا"

يعتبر الثورة الإيرانية ثورة فريدة من نوعها، كونها تركت أثاراً عميقة داخل المجتمع الإيران الى يومنا هذا، وكانت لها اثراً بالغاً على مسرح الاحداث الدولية، اذ كان للدين دوراً مؤثراً في تلك الثورة، حينها كانت النظام الإيراني بعيداً كل البعد عن الشك في إندلاع الثورة أو أية تمرد داخل إيران بسبب شراسة الأجهزة الأمنية في حماية النظام ء صرف ميزانية هائلة على تلك الأجهزة القمعية. لكن بالرغم من كل هذا قام أية الله خميني في عام (١٩٧٩) بإعلان ثورتة في منفاه في باريس تحت غطار التشيع واستطاع أن يطيع بنظام الشاه محمد رضا بهلوي، لكنه سار على نهج الشاه واصبح دكتاتوراً ذات صلاحيات واسعة تفوق صلاحيات سلطة، واستمر خميني رمزاً بارزاً بعده بأتباع سياسة تعسفية تجاه الاُقليات القومية و الدينية الأقلية العربية القاطنة في منطقة الاُحواز (خوزستان) هي نموذج بسيط بسبب ماتعرضت لها من اظطهاد و تبجش من قبل النظام الإيراني ونحن نعرف بأن العرب في تلك المنطقة يتمتعن بنوع من الإستقلال الذاتي الى عام (١٩٢٥) إذ انها الحكم العربي في منطقتهم و بقعهم تحت نير السلطة الإيرانية المباشرة أيام رضا شاه البهلوي و أبنه فيما بعد وماتعرضوا له في سياسة طمس الهوية القومية و منعهم في الدراسة بلغتهم و محاولة فرض الهيمنة الفارسية على تلك المنطقة كونها منطقة غنية بالنفط و تملك ما يقارب ٪٩٠ من إحطياط النفط في إيران و صادراتها البترولية.

بعد المجيء النظام الجديد منذ عام ١٩٧٩ أستمرت الاُوضاع في أحواز على ما كانت عليه و أصبح مشكلة الهوية أحد أبرز مشاكل الفرد العربي في ظل الجمهورية الإسلامية و ما فرضتها عليهم، وزج النشطاء السياسين في السجون وطمس الهوية العربية لتلك المنطقة. وقد حاولنا في بحثنا هذا القاء الضوء على جوانب تلك السياسة و ماعانتها الاقلية العربية خلال تسعة عصور و القرن.



## Abstract

## The role of the Non-Persian nations in the Revolution of Iran nations 1979 (The Arabs for example)

It is obvious that Iran is a multi-nation country ،which several nations live in this land ، such as: Turk ،Kurd ،Arab ،Turkman ،Baluch ،Gelaki ،Mazindarani ،Armani and Assyrian. It can be mentioned that every nations of them have struggled for their ethnical and national rights in the different periods ،and continuously some of these nations have struggled for achieving their national rights in the time of Iranian Islamic Revolution ،which they directly have participated in This Revolution. As This Revolution was a dramatic transformation in Iran and it has political ،economical and strategic influence on internal and exterior Iran ، therefore ،it caused finishing monarchy system and starting a new system. For that dramatic change in Iran ،Kurd and Arab nations have attempted to attain their rights ،but out coming of The Revolution has become a contrast system regarding the demanding of Kurdish and Arab nations. This study is an attempt to show the role and position of these nations in Iranian Islamic Revolution ،and the result of The Revolution ،and also the attitude of Islamic Revolution towards these nations. The content of this research includes preface ،and two parts. In the first part: the role of non-Persian nations in the Iranian Islamic Revolution is demonstrates. And ،in the second part: the attitude of Islamic Regime towards non-Persian nations after The Revolution is explained. Finally ،the conclusion of research and bibliography are pointed out.

# ئالای رەش‌و رەشپۆشی لەنێوان سیاسەت‌و پاشخانی ئایینیدا لەنێوان (١٠٠ك/٦١٨ز-٢٤٧ك/٨٦١ز)

م. ی: بەختیار عبدالله كريم
بەشی مێژوو/ زانكۆی راپەڕین

رەنگ لەهەموو شتەكانی دیكە زیاتر گونجاوترو ئاماژەدارتربووە بۆئەوەی مرۆڤ وەك هێما بەكاریبهێنێت، هاوكات جۆری رەنگی بەكارهێنراو گوزارشتكردنە لەهەست‌و نەستی مرۆڤ[1]. ماناو مەبەست لەبەكارهێنان‌و ئاماژەدانی رەنگەكان شتێكی سروشتی نییە، بەڵكو كارێكی بەدەستهاتووەو بەگوێرەی شوێن‌و كات‌و سەردەم دەگۆڕێت، لەبەرئەوە لە كۆمەڵگەو كەلتورێكەوە بۆ كۆمەڵگەو كەلتورێكی دیكە جیاوازە. بۆنموونە لەكاتێكدا پۆشاكی سپی بریتییە لە پۆشاكی هاوسەرگیریی، بەڵام لەهەندێك ناوچەی چین‌و ژاپۆندا پۆشاكی رێوڕەسمی بەخاكسپاردنی مردووە[2]. لەمێژووی سیاسی ئیسلامدا، گروپ‌و بزووتنەوە ئاینییەكان هەریەكەو رەنگێكی دیاریكراویان كردۆتە هێماو ئاماژە بۆ خۆیان، هەتا لە گروپەكانی دیكە جیایان بكاتەوە، بۆ بەڵگاندن‌و دروستكردنی زەمینەیەكی ئاینییش چەندین فەرموودەیان سەبارەت بە رەنگەكەیان هەڵبەستووە، كە كرۆك‌و ناواخنیان بریتییە لەوەی پێغەمبەر (د.خ) ئەو رەنگەی بەكارهێناوە، یاخود ئەو رەنگەی بەلاوە پەسەندتر بووە لە رەنگەكانی دیكە[3]. بەڵام ئەم بۆچوونە جێگەی سەرنجە، چونكە چەندین گروپی ئیسلامی لەپێش بانگەوازی عەبباسییەوە دەكەوتن‌و هیچ رەنگێكیشیان نەكردە هێمای تایبەتی خۆیان، بەڵكو دوای ئەوەی عەبباسییەكان رەشیان كردە ئاماژەو هێمای خۆیان، ئەوكاتە گروپەكانی دیكە لەپەرچەكردارو لەدژی ئەوان رەنگێكی دیكەیان كردە هێمای خۆیان. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێكە بۆ خستنەڕووی بەكارهێنانی سیاسییانەی هەست‌و سۆزی ئایینی لەلایەن عەبباسییەكانەوە لەڕێگەی ئالای رەش‌و رەشپۆشییەوە هەر لەدەستپێكردنی بانگەوازی عەبباسییەوە هەتا كۆتایی سەردەمی عەبباسی یەكەم (١٠٠ك/٦١٨ز-٢٤٧ك/٨٦١ز).

---

1 – كلود عبيد: الألوان، ط١، (بيروت، ٢٠١٣)، ص ص٤٠-٤١.

2 - كلود عبيد: م، ن، ص٤٣.

3 – فاروق عمر: الألوان ودلالتها السياسية في العصر العباسي الاول، مجلة كلية الآداب/ جامعة بغداد، المجلد (٢)، العدد (١٤)، (بغداد، ١٩٧٠-١٩٧١م)، ص٨٢٧.

## تەوەری یەکەم: ئاڵای ڕەش و ڕەشپۆشی لە پاشخانی ئایینی مسوڵماناندا

هیچ ئاماژەیەکی ئایینیو مێژووی لەبەردەستدا نییە کە پێغەمبەر (د.خ) بەهۆکاری ئایینی ڕەنگێکی لەپێشتر دانابێت لە ڕەنگێکی دیکە، ڕەنگی سپیو ڕەشی هاوشانی ڕەنگەکانی دیکەو بەگوێرەی جێگەو پێگەو لەکاتی پێویستدا بەکارهێناوە. بۆنموونە ئاڵای گشتی سپیو ئاڵاکانی قۆڵەکانی سوپا ڕەش بووە. ئاڵا ڕەشەکە بە (العقاب[1]) ناوزەندکراوە، هەروەها زەردیشی هەبووە، ئاڵای گشتی سەربازگە (معسكر)ی سپی بووە[2]. لە یەکەم جەنگی نێوان مسوڵمانانو قورەیشدا، واتە لەجەنگی بەدردا (٢ك/٦٢١ز) ئاڵای پێغەمبەر ڕەش بووە[3].

هەندێکجاریش ئاڵای دەستە سەربازییەکان کە پێغەمبەر بە ئامانجو مەبەستی سەربازی تایبەت بۆ ناوچە جیاوازەکانی دەناردن، ئاڵای سەرکردایەتی سپیو ئاڵاکەی دیکەیان ڕەش بووە. بۆنموونە بەو دوو ئاڵاوە (عمرو بن العاص)ی نارد بۆسەر هۆزی (قضاعة) لە (ذات السلاسل)[4]. هەروەها دەستەکەی (علي بن أبي طالب)، کە لە ساڵی (٨ك/٦٢٨ز)دا ناردی بۆ شکاندنی (الفلس)ی بتی هۆزی (الطي)، ئاڵاکەیان ڕەش بووە[5]، لەهەمان ساڵدا (قيس بن سعد بن عبادة ت٦٠هـ/٦٨٠م)ی بەئاڵای ڕەشەوە نارد بۆ یەمەن[6]. پێغەمبەر (د.خ) بەهۆکاری ئایینی ڕەنگی ڕەشی هەڵنەبژاردووە، بەڵکو بۆ ئەوە بووە لەڕۆژداو بەتایبەتیش لەکاتی تەپو تۆزی گۆڕەپانی جەنگدا، ڕەنگی ڕەش لەڕەنگەکانی دیکە باشترو ڕوونتر دەبینرێتو لەلایەن جەنگاوەرەکانەوەو لەکاتی پەرتەوازەبوونو لەیەکتر دابڕانیاندا دەتوانن ببیننو جارێکی دیکە لەلای کۆببنەوە، ئەگەرنا لەئاییندا هیچ کێشەیەك نییە ڕەنگی سپی یان زەرد یان سوور بکرێتە ئاڵا. بۆیە ئاڵای گشتیش سپی بووە، هەتا جیاوازبێت لەئاڵای سەرکردە مەیدانییەکانی سوپاکە[7]. لەپۆشاکیشدا پێغەمبەر لەڕۆژی فەتحکردنی مەککە (٨ك/٦٢٨ز)دا مێزەری ڕەشی لەسەردا بووە[8]، هەروەها هەندێکجار بۆ وتاریش لەسەریکردووە[9].

---

1 – ابن سعد: الطبقات الكبرى، (بيروت، د. س)، ج١، ص٤٥٥، ج٢، ص١٠٦" باڵندە بەهۆی بەهێزیو توندی هێنانەوەیەکی باڵەکانیو بلاوکردنەوەیان بە (العقاب) ناوزەندکراوە، بەهۆی خێرایی لە بردنی خۆراکدا، ئاڵاش بە (العقاب) چوێندراوە وەك ئەوەی وەك باڵندە بفرێت. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (ابن فارس الرازي: معجم مقاييس اللغة، تح: عبد السلام محمد هارون، ط٢، (بيروت، ١٩٩٩م)، ج٤، ص ص٨٥–٨٦).

2 – الطبراني: المعجم الكبير، تح: حمدي بن عبدالمجيد السلفي، ط٢، (الموصل،١٩٨٥)، ج٢، ص٢٢، ج١٢، ص١٦٠" ابن عساكر: تأريخ مدينة دمشق وذكر فضلها وتسمية من حلها من الأماثل، تح: محب الدين أبي سعيد عمر بن غرامة العمري، (بيروت، ١٩٩٥م)، ج٤، ص٢٢٤.

3 – ابن هشام: السيرة النبوية، تح: محمد محي الدين عبدالحميد، (القاهرة، ١٩٦٣م)، ج١، ص٧١" السرخسي: شرح السير الكبير، تح: صلاح الدين المنجد، (د.م،١٩٦٠م)، ج١، ص٧١.

4 – ابن سعد: م،س، ج٢، ص١٣١" ابن الجوزي: المنتظم في تأريخ الملوك والأمم، ط١، (بيروت، ١٣٥٨هـ)، ج٣، ص٣٢١" ابن قيم الجوزية: م، س، ج٣، ص٣٨٦.

5 – ابن سعد: م،س، ج٢، ص١٦٤" الذهبي: تأريخ الإسلام ووفيات المشاهير والأعلام، تح: د. عمر عبد السلام تدمرى، ط١، (بيروت، ١٩٨٧م)، ج٢، ص٦٢٤.

6 – ابن قيم الجوزية: زاد المعاد في هدي خير العباد، تح: شعيب الأرناؤوط وعبد القادر الأرناؤوط، ط١٤، (د.م، ١٩٨٦م)، ج٣، ص٦٦٤.

7 – السرخسي: م،س، ج١، ص٧٢.

8 – ابن سعد: م،س، ج١، ص٤٥٥" ابن أبي شيبة الكوفي: م،س، ج٥، ص ص١٧٩–١٨٠" ابن حنبل: مسند، ج٣، ص٣٦٣" الطبراني: المعجم الأوسط، تح: طارق بن عوض الله بن محمد وعبد المحسن بن إبراهيم الحسيني، (القاهرة، ١٤١٥هـ)، ج٢، ص٢٤٥.

9 – البخاري: التأريخ الكبير، تح: السيد هاشم الندوي، (د. م. س)، ج٧، ص٤١٨.

لەسەردەمی راشدیشدا بەکارهێنانی ئاڵای رەش لەهەمان مەبەستی پێغەمبەر تێپەڕینەکرد، بۆنموونە (عبدالله بن أم مكتوم ت٢٣هـ/٦٤٣م) لەجەنگی قادسیەدا ئاڵایەکی رەشی پێبووە[1]، هەروەها ئاڵای پێشەنگی سوپاکەی (ابو عبيدة الجراح) لە پرۆسەی فەتحکردنی (حمص)دا، رەش بووە[2]. ئاڵای (خالد بن الوليد) لە شام، ئاڵای (علي بن ابو طالب) لە جەنگی جەمەل و هەندێك جەنگی دیکەدا رەش بووە[3]. لە جەنگی (صفين)دا ئاڵایەکی رەشی داوەتە دەست (حضين بن المنذر بن الحارث)ی سەرکردەی هۆزی (بكر بن وائل)و دواتر ئەم هۆنراوەیەی بەسەردا وتووە:

لِمَنْ رايةٌ سوْداءُ يَخفِقُ ظلُّها          إذا قيل قدِّمْها حُضينُ تقدَّما[4]

واتە رەنگی ئاڵا تایبەت بە گروپ و لایەنێك نەبووە، لەبەرئەوەیە (عمرو بن العاص) لە جەنگی (صفين)داو بەرامبەر بەرەی عەلی، ئاڵایەکی رەشی هەڵگرت[5].

سەبارەت بە دەرکەوتنی ئاڵا رەشەکان چەندین وتەو فەرموودە لەسەر زمانی پێغەمبەر (د.خ)و هاوەڵەکانییەوە دەگێڕنەوە، کۆی ئەم فەرموودانەو هەڵسەنگاندنیان چەندین پەرتووك هەڵدەگرێت، لەبەرئەوە وتەکان بۆ دوو جۆرو مەبەست دابەشدەکەین و لەهەر جۆرێکیشیان ئاماژە بەچەند وتەیەك دەدەین، بەشی یەکەم ئەو وتانەن کە تایبەتن بە دەرکەوتنی ئاڵاڕەشەکان لە خۆراسانەوەو ستایشکردنیان و هەواڵدان بەسەرکەوتنیان و سەرخستنی عەبباسییەکان، واتە لەبەرژەوەندی عەبباسییەکان وتراون. بەشی دووەم ئەو وتانەن کە لەدژی عەبباسییەکان و خراپی و گومڕایی ئاڵاڕەشەکان و فەرمانڕەوایی عەبباسییەکانن.

## هەواڵدان بەدەرکەوتنی ئاڵاڕەشەکان و لایەنگرییان بۆ عەبباسییەکان:

لە (ابو هريرة)وە دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر فەرموویەتی: لە خۆراسانەوە ئاڵای رەش دەردەکەون، هیچ شتێك ناتوانێت بیانگێڕێتەوە هەتا لە (ئیلیا) بەرزدەکرێتەوەو دادەکوترێت، واتە لە قودس[6]. هەروەها لەباسی هاتنی ئاڵارەشەکان لەڕۆژهەڵاتەوە، پێغەمبەر فەرموویەتی: داوای هەق دەکەن، بەڵام پێیان نادرێت، بۆیە لەپێناویدا دەجەنگن و سەردەکەون، ئەوسا ئەوەی داوایان کردووە پێیان دەدرێت، بەڵام ئەوان رازی نابن هەتا دەیدەنە دەست کەسێك لە خانەوادەکەم، دونیا پڕدەکەن لەدادوەری هەروەك پڕکراوە لەستەمکاری، هەرکەسێك لەئێوە پێیان گەیشت بچێت بۆلایان ئەگەر بەسنگەخشێش بووە لەسەر بەفر، چونکە ئەوە مەهدییە[7]. بۆ تەوکردنی ئەم وتانەو

---

1 – ابن سعد: م،س، ج٤، ص٢١٢" ابن حنبل: مسند الإمام أحمد، (مصر، د. س)، ج٣، ص١٣٢ ابن قتيبة الدينوري: المعارف، تح: د. ثروت عكاشة، (القاهرة، د. س)، ص٢٩٠.

2 – الواقدي: فتوح الشام، (بيروت، د. س)، ج١، ص١٤٦.

3 – ابن أبي شيبة الكوفي: مصنف ابن ابي شيبة، تح: كمال يوسف الحوت، ط١، (الرياض، ١٤٠٩هـ.)، ج٦، ص٥٣٣" ابن حبان: الثقات، تح: السيد شرف الدين أحمد، ط١، (د. م، ١٩٧٥م)، ج٧، ص١٨٨.

4 – ابن عبد ربه: العقد الفريد، ط٣، (بيروت، /١٩٩٩م)، ج٤، ص٣١٦.

5 – ابن شهر آشوب: مناقب آل أبي طالب، (النجف، ١٩٥٦م)، ج٣، ص٨٥.

6 – نعيم بن حماد: كتاب الفتن،تح: د. سهيل زكار، (بيروت، ١٩٩٣م)، ص١٢٢" ابن حنبل: مسند، ج٢، ص٣٦٥" الطبراني: المعجم الاوسط، ج٤، ص٣١. بۆ لاوازی وتەکە، بڕوانە: (ابن عدي: الكامل في ضعفاء الرجال، تح: يحيى مختار غزاوي، ط٣، (بيروت، ١٩٨٨م)، ج٣، ص٨٤" ابن حجر العسقلاني: لسان الميزان، تح: دائرة المعرف النظامية/الهند، ط٣، (بيروت، ١٩٨٦م)، ج٢، ص٤١٩" السيوطي: اللآلىء المصنوعة في الأحاديث الموضوعة، تح: أبو عبد الرحمن صلاح بن محمد بن عويضة، ط١، (بيروت، ١٩٩٦م)، ج١، ص٣٩٩).

7 – نعيم بن حماد: م، س، ص ص١٨٨–١٩٨" ابن أبي شيبة الكوفي: م، س، ج٧، ص٥٢٧. بۆ لاوازبوونی وتەکان، بڕوانە: (ابن عدي: م، س، ج٤، ص٢٢٨، ج٥، ص١٣٣" ابن خلدون: مقدمة، ط٥، (بيروت، ١٩٨٤م)، ص ص٣١٧–٣٢٠.

پەیوەستکردنییان بە عەبباسییەکانەوە چەندین وتەی دیکە وتراون، بۆنموونە لە (علي بن أبي طالب)ەوە دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر فەرموویەتی: جبریل هاتۆتەخوار بۆلام مێزەرو عەبایەکی رەشی لەبەردا بووە، وتوومە: ئەی جبریل ئەم شێوەیە چییە، هەرگیز بەو شێوەیە نەمبینیویت. ئەویش وتوویەتی ئەوە پۆشاکی پادشایانە لە نەوەی عەباسی مامت. پێغەمبەر پێیوتووە: ئەوان لەسەر هەقن؟ جبریل: وتوویەتی: بەڵێ. پێغەمبەر داوای لێخۆشبوونی بۆ عەباس و نەوەکانی کردووە لەهەر جێگەو شوێن‌و بارودۆخێکدا بن. پاشان جبریل وتوویەتی: رۆژێك دێت بەسەر میللەتەکەتدا بەم رەنگ رەشییە خودا ئیسلام سەردەخات. پێغەمبەر پرسیاری سەرکردەو شوێنکەوتووەکانی کردووە کێن؟ جبریل وتوویەتی: سەرکردەکان لەنەوەی عەباسن‌و لایەنگرانیشیان خەڵکی خۆراسانن...[1].

هەروەها چەندین وتە لەسەر زمانی (عبدالله بن العباس ت٦٨هـ /٦٨٧م)و بەچەندین شێوازو دارشتنی جیاواز گێردراوەتەوە، پوختەو کرۆکەکەی وتەکان ئەوەیە کەگوایە دوای ئەوەی دەرگایماڵەکەی داخستووە، ئەوسا وتەکەی وتووە، کە بینیتان ئاڵا رەشەکان دەرکەوتن، رێزی فارس بگرن، چونکە دەوڵەتەکەمان لەناو ئەواندایە. دواتر (ابو هريرة) وتوویەتی با منیش بۆت بگێرمەوە کە پێغەمبەر چی فەرمووە، ئەوسا (عبدالله بن العباس) وتوویەتی: ئەوە تۆش لێرەیت؟[2]. لەگێرانەوەی دیکەدا گوایە (معاوية بن ابي سفيان ت٦٠هـ/ ٦٨٠م) لە کۆری خۆیدا پرسیاری لە (عبدالله بن العباس) کردووە: ئایا دەوڵەتیان دەبێت؟ دوای ئەوەی زۆری لێکردووە، ئەوسا (ابن العباس) پێیوتووە کە دەوڵەتیان دەبێت‌و لایەنگرانیشیان خەڵکی خۆراسانن[3]. سەبارەت بە وتەی یەکەمی (ابن العباس) وەك دەردەکەوێت ئاگاداری ئەوە نەبووە کەکێ لەناو ماڵەکەیدایە. هەروەها ئەو وتەیەی (ابو هريرة) گێڕاویەتییەوە پێچەوانەی وتەکەی (ابن العباس)ەو لەدژی عەبباسییەکانە، کە گوایە پێغەمبەر فەرموویەتی: کە ئاڵای رەش دەرکەوتن، سەرەتاکەی ئاژاوەو دەرچوونە لە ئایین، ناوەراستەکەشی گومراییە، کۆتاییەکەشی بێباوەرییە[4]، جگە لەوەی کەناواخن‌و شێوەی دارشتنی وتەکە ئاماژەیە بۆ ناراستی وتەکە، هاوکات لەلایەك وتەکە کەسێکی نادیارو نەزانراو گێڕاویەتییەوە، ئەویش لە کەسێکەوە بەناوی (داود بن عبدالجبار)، ئەم کەسەش وتەی لێوەرنەگیراوەو بە درۆزن ناسراوە[5]، لەبەرئەوە وتەکە لەلایەنی زنجیرەی گێرانەوەوە لاوازەو لەلایەنی ناواخن‌و ناوەرۆکیشەوە دژبەیەکە. سەبارەت بەوتەی دووەمیش کە گوایە (معاوية) پرسیاری لێکردووە، ئەمەش رێگەی تێناچێت، چونکە رەوتی مێژوویی سەرهەڵدانی پێشبینییەکان‌و فەرمودەکانی تایبەت بەئاڵا رەشەکان زۆر لەدوای سەردەمی (معاوية بن ابي سفيان)ن، هاوکات نەوەکانی عەبباس

---

[1] – الخطيب البغدادي: تاريخ بغداد، تح: مصطفى عبدالقادر عطا، ط١، (بيروت، ١٩٩٧م)، ج١٠، ص ص٢٨–٢٩" ابن عساكر: م، س، ج٢٦، ص ص٣٥٢–٣٥٣. بۆ هەڵبەستراوی‌و لاوازی فەرموودەکە، بڕوانە: (ابن الجوزي: الموضوعات، تح: عبد الرحمن محمد عثمان، ط١، (المدينة المنورة، ١٩٦٦م)، ج٢، ص٣٦" السيوطي: م، س، ج١، ص٣٩٤).

[2] – نعيم بن حماد: م، س، ص ص١١٥–١١٦" بۆ شێوازێکی دیکەی بڕوانە: (ابن حنبل: فضائل الصحابة، تح: د. وصي الله محمد عباس، ط١، (بيروت، ١٩٨٣م)، ج٢، ص٩٤٧).

[3] – نعيم بن حماد: م، س، ص١١٦" الفسوي: المعرفة والتاريخ، تح: خليل المنصور، (بيروت، ١٩٩٩م)، ج١، ص٢٩٤" ابن عساكر: م، س، ج٦، ص ١٦١.

[4] – نعيم بن حماد: م، س، ص١١٦.

[5] – الخطيب البغدادي: م، س، ج٣، ص ص٣٣٥–٣٣٧" ابن عدي: م، س، ج٣، ص٨٤" ابن حجر العسقلاني: م، س، ج٢، ص٤١٩" المتقي الهندي: كنز العمال في سنن الأقوال والأفعال، تح: محمود عمر الدمياطي، ط١، (بيروت، ١٩٩٨م)، ج١٤، ص٤٠.

هەتا سەردەمی خەلیفە (عمر بن عبدالعزیز ت١٠١هـ/٨٢٠م) هیچ چالاکییەکی سیاسییان نەبوو، بەپێچەوانەوە ئەگەر ئەم وتەیە راستبووایە ئەوا معاویە و خەلیفەکانی دیکەی ئومەوی هەموو ئەندامانی خانەوادەی (عباس بن عبدالمطلب ت٣٢هـ/٦٥٣م)یان دەخستەژێر چاودێری توندو هاوکات هاوشێوەی خەڵکی عێراق، سیاسەتی توندیان بەرامبەر بەخۆراسانییەکان پەیرەودەکرد.

عەبباسییەکان و لایەنگرانیان بۆ ئامادەکردنی خەڵك بۆ رووبەڕوونەوەی دەوڵەتی ئومەوی و داڕووخانی ورەی کاربەدەست و سەربازانی دەوڵەتی ئومەوی بەشێوەیەك هەڵبەستنی فەرموودەیان بەدەم پێغەمبەر و هاوەڵان و کەسایەتی و زانا مسوڵمانەکانەوە گرتبووەبەر، کە کەسانێك لەنێو فەرموودەناساندا واناسراون کە هەرچییەك لەبارەی عەبباسییەکانەوە بڵێن لێیان وەرناگیرێت، بۆنموونە کەسێك بەناوی (الشاه بن شیرباميان الخراساني) بەوە بەناوبانگە[1]، هەروەها کەسێکی دیکە بەناوی (عبید بن ابي قرة)[2]. جگە لەوە ئاماژەیەك بۆهەڵبەستراوی وتەکان ئەوەیە کە لەهەندێك لەوتەکاندا زێدەڕۆییەکی رزۆر کراوە، بۆنموونە لە (عبدالله بن العباس)ەوە دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر وتوویەتی:"ئەم کارە لەنێویاندا دەبێت هەتا دەیدەنە دەست عیسای کوڕی مریەم"[3]، ئەمەش پێچەوانەی رووداوە مێژووییەکانە و خەلافەتی عەبباسی لەساڵی (٦٥٦ك/١٢٥٨ز)دا بەکردار کۆتایی پێهات.

## پەرچەکرداری دەنگۆی ئالاڕەشەکان و رەشپۆشی لە پاشخانی ئایینی شیعەدا:

لەنێو شیعەدا کاردانەوەی وتەو فەرموودەکان سەبارەت بەڕەشپۆشی و ئالاڕەشی زۆر بەتوندی و فراوانی سەریهەڵداو هەوڵدراوە ئەو وتەو فەرموودانەی لە بەرژەوەندی عەبباسییەکان پێچەوانە دابڕێژنەوە، تەنانەت پۆشاکی رەش بەپۆشاکی فیرعەون و دوژمن و خەڵکی دۆزەخ چوێندراوە. (جعفر الصادق ت١٤٨هـ/٧٦٥م) وتوویەتی:"پێغەمبەر لەبەرکردنی رەنگی رەشی پێناخۆشبووە، تەنها لە (جبە، مێزەر، خف)دا نەبێت"[4]. هەروەها (علي بن ابي طالب) وتوویەتی:"رەنگی رەش مەپۆشن، چونکە پۆشاکی فیرعەونە"[5]. کەسێك بەناوی (إسماعیل بن مسلم) دەگێڕێتەوە کە (جعفر الصادق) وتوویەتی:" خودا نیگای بۆ یەکێك لەپێغەمبەرەکانی کردووە، کە بە بڕواداران رابگەیەنێت: پۆشاکی دوژمنەکانی نەپۆشن..."[6]. (علي بن موسی الرضا ت٢٠٣هـ/ ٨١٩م)ش وتوویەتی، باوکم لە باوکییەوە ئەویش لەباوانییەوە بۆی گێڕاوەتەوە کە (علي بن ابي طالب) وتوویەتی پێغەمبەر فەرموویەتی:"پۆشاکی دوژمنەکانم

---

[1] – ابن حبان: المجروحين من المحدثين والضعفاء والمتروكين، تح: محمود إبراهيم زايد، ط١، (حلب، ١٣٩٦هـ)، ج١، ص ص٣٦٤-٣٦٥. باوکی بەناوی (شیرماه) و(شیرباميان)یش هاتووە، کە سەرکردەیەکی خەلیفە موتەوەکیل بووە. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (ابن عساکر: م، س، ج٢٣، ص٢٨٣).

[2] – البخاري: م، س، ج٦، ص٢.

[3] – ابن عساكر: م، س، ج٢٢، ص ص٣٣٥-٣٣٦" المتقي الهندي: م، س،ج١٤، ص٦٢٠. هەڵبەستراوی وتەکە، بڕوانە: (ابن الجوزي: الموضوعات، ج٢، ص٣٦" السيوطي: م، س، ج١، ص ص٣٩٦-٣٩٧).

[4] – الكليني: الكافي، ط٣، (طهران، ١٣٦٧ش)، ج٦، ص٤٤٩" الشيخ الصدوق: الخصال، (قم، ١٣٦٢ش)، ص١٤٨" علل الشرائع، (النجف، ١٩٦٦م)، ج٢، ص٣٤٧" من لا يحضره الفقيه، ط٢، (قم، ١٤٠٤هـ)، ج١، ص ص٢٥١-٢٥٢.

[5] – الشيخ الصدوق: الخصال، ص٦١٥" علل الشرائع، ج٢، ص٣٤٧" من لا يحضره الفقيه، ج١، ص٢٥١.

[6] – الشيخ الصدوق: علل الشرائع، ج٢، ص٣٤٨" من لا يحضره الفقيه، ج١، ص٢٥٢.

مەپۆشن. واتە پۆشاکی رەشە"[1]. هەروەها (جعفر الصادق) لەوەڵامی پرسیاری کەسێکدا کە وتوویەتی: ئایا بەقاپوتی رەشەوە نوێژ بکات؟، ئەویش وتوویەتی:"نوێژی پێوەمەکە، چونکە پۆشاکی خەڵکی ئاگرە"[2]. بەڵام هەموو گێڕانەوەکان سەبارەت بە حەرامبوونی رەنگی رەش، گێڕانەوەی لاوازو دراوەپاڵن[3]، واتە جێگەی باوەڕو کارپێکردن نین.

چەندین فەرموودەی جۆراوجۆر لەدژی رەنگی رەش‌و ئالآرەشی‌و خودی عەبباسییەکان دارێژراوە. ئەو وتەیەی کەگوایە جبریل مێزەرو جبەیەکی رەشی لەبەردابووەو هاتووە بۆلای پێغەمبەر (د.خ)، لە پەرتووکە ئایینیەکانی شیعەدا بەمجۆرە دووبارەکراوەتەوە: پێغەمبەر وتوویەتی:" ئەی جبریل ئەم پۆشاکە چییە؟ جبریل وتوویەتی: ئەی موحەممەد ئەمە پۆشاکی مناڵەکانی عەبباسی مامتە، تیاچوون بۆ مناڵەکانت لە مناڵەکانی عەبباسی مامت. پاش ئەوە پێغەمبەر چووە بۆلای عەبباس‌و وتویەتی: ئەی مامە تیاچوون بۆ مناڵەکانم لەمناڵەکانی تۆ.." [4]، ئەم فەرموودەیە بەچەندین رێگەی دیکەو بەدارشتنی جیاواز گێڕدراوەتەوە، بەڵام هیچ زنجیرەو گێڕانەوەیەکیان جێگەی متمانە نییە[5].

بەرفراوانی‌و بڵاوی ئەم فەرموودانە بەرادەیەکە کە لە پەرتووکە فەرموودەییەکانی سوننەشدا جێگەی خۆیانکردۆتەوە، بۆنموونە لە زمانی (ثوبان)ی مەوالی پێغەمبەرەوە دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر فەرموویەتی: نەوەکانی عەبباس دوو ئالآیان دەبێت، بڵندو بەرزییەکەی بێباوەڕیی‌و چەقەکەشی گومڕاییە، ئەگەر گەیشتیتە ئەوکاتە گومڕامەبە[6]. هەر بەهەمان زنجیرە گێڕنەوەی وتەی پێشووترو بە دوو رێگەی دیکەی لاوازو پچڕاو، وتەیەکی دیکە لەدژی عەبباسییەکان دارێژراوە، کە گوایە پێغەمبەر (د.خ) وتوویەتی:"چیمە لەگەڵ نەوەی عەبباس! میللەتەکەمیان بەشبەش کردو خوێنیان رشت‌و پۆشاکی رەشیان کردەبەر، خودا پۆشاکی ئاگرینیان لەبەربکات"[7]. هەروەها لەزمانی (أَبَا أُمَامَةَ الْبَاهِلِيَّ)ەوە دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی:" لە رۆژهەڵاتەوە ئالآی نەوەی عەباس دەردەکەون، سەرەتاو کۆتاییەکەی نەفرەت لێکراوە، سەریان مەخەن خودا سەریان نەخات، هەر کەسێك لەژێر ئالآیەك لە ئالآکانیاندا بڕوات خودا لە رۆژی دواییدا دەیخاتە دۆزەخەوە، ئەوانە خۆیان‌و شوێنکەوتووانیان خراپترین دروستکراوی خودان، پڕوپاگەندە دەکەن کە لەمنن، بەڵام من لەوان بێبەریم‌و ئەوانیش لەمن بێبەرین، نیشانەکانیان

---

1 – الشيخ الصدوق: عيون أخبار الرضا، (بيروت، ١٩٨٤م)، ج١، ص٢٦.

2 – الكليني: م، س، ج٣، ص٤٠٣" الشيخ الصدوق: علل الشرائع، ج٢، ص٣٤٦" من لا يحضره الفقيه، ج١، ص٢٥٢.

3 – العاملي: الانتصار... مناظرات الشيعة في شبكات الانترنت (دفاعا عن مراسم عاشوراء وقداسة كربلاء والتربة الحسينية)، ط١، (بيروت، ١٤٢٢هـ)، ج٩، ص ص٢٥٢–٢٥٣.

4 – الشيخ الصدوق: علل الشرائع، ج٢، ص٣٤٨" من لا يحضره الفقيه، ج١،ص٢٥٢. ئەم فەرموودەیە لاوازە، (ابو بكر الضرير) لە زنجیرەی گێڕانەوەیدایە، کە جێگەی متمانە نییە. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (الخطيب البغدادي: م، س، ج٤، ص٤٥٥).

5 – السيوطي: م، س، ج١، ص٣٩٥.

6 – الطبراني: المعجم الكبير، ج٢، ص٩٦. ئەم گێڕانەوەیە (يزيد بن ربيعة)ی تێدایە، کە وتەی لێوەنەگیراوەو بە هەڵبەستنی فەرموودە ئاماژەی بۆکراوە. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (الهيثمي: مجمع الزوائد ومنبع الفوائد، (بيروت، ١٩٨٨م)، ج٥، ص٢٤٤).

7 – نعيم بن حماد: م، س، ص ص١١٦–١١٧" الطبراني: المعجم الكبير، ج٢، ص٩٦. بە زنجیرە گێڕانەوەی دیکەو کەمێك دارشتنی جیاوازتر گێڕدراوەتەوە، بەڵام هەڵبەستراوە. بڕوانە: (ابن الجوزي: الموضوعات، ج٢، ص٣٩).

پرچ درێژدەکەن و رەنگی رەش دەپۆشن، بەئاشکرا لەگەڵیاندا دامەنیشن و لەبازاڕەکاندا کڕین و فرۆشتنیان لەگەڵدا مەکەن، رێگەیان پیشان مەدەن، ئاویان پێمەدەن، بە (الله اکبر) کردنیان خەڵکی ئاسمان ئازاردەدەن"[1].

وەك لە دەقی فەرموودەکاندا دەردەکەوێت، هەندێك لە وتەکان دواتر دارێژراون، بەتایبەتی دوای ئەوەی عەبباسییەکان سەرکەوتن و روونبووەوە کە مەبەست لە بانگەشەی (رازیبوون لە خانەوادەی پێغەمبەر) بۆ عەبباسییەکانە نەك عەلەوییەکان، چەندین وتە لەدژیان و بۆ لەکەدارکردنیان هاتۆتەئارا، بۆنموونە لەزمانی (حذیفة بن الیمان ت٣٦هـ/٦٥٦م)ەوە دەگێڕنەوە کە وتوویەتی:"پیاوێکی خەڵکی رۆژهەڵات دەردەکەوێت کە بانگەشە بۆ خانەوادەی موحەممەد دەکات، خۆی دوورترین کەسە لەوانەوە، هێماو نیشانەی رەش دادەنێت و بەرزدەکاتەوە، سەرەتاکەی سەرکەوتنە، کۆتاییەکەشی بێباوەڕییە، عەرەبی بێبەهاو بێکەڵك و مەوالی گێل و کۆیلەی دەرچوو لە ئایین (خەواریج) شوێنی دەکەون، ئایینیان هاوبەشدانانە و زۆرینەیان خەتێنە نەکراون"[2].

ئەوانیش هاوشێوەی عەبباسییەکان، چەندین فەرموودەو پێشبینیان سەبارەت بەسەرکەوتنی خۆیان دوای ئاڵا رەشەکان بڵاوکردۆتەوە، لە زمانی (علي بن ابي طالب)ەوە کە وتوویەتی:"دەسەڵاتی نەوەی عەباس ئاسانە و قورس نییە، دەوڵەتیان دەبێت و ئەگەر تورك و دەیلەم و سندو هیندو بەربەرو تەیلەسان لەدژیان کۆببنەوە، ناتوانن لەناویبەن و لەزۆربوون و بەهێزبووندان، هەتا ئەوکاتەی کاربەدەست و مەوالییەکانیان لێیان یاخیدەبن، خودا بێباوەڕێکی کەتەی توندوتیژ بەسەریاندا زاڵدەکات، کە کوێوە ئەوان دەستیانپێکرد ئەویش لەوێوە دەردەکەوێت، بەلای هەر شارێکدا بڕوات دەیگرێت، هەر ئاڵایەکی لەدژ بەرزبکرێتەوە لەناویدەبات، هەموو نازونیعمەتێك لەناودەبات، تیاچوون بۆ ئەو کەسەی دژایەتی دەکات، بەبەردەوامی وادەبێت هەتا سەردەکەوێت و سەرکەوتنەکەی دەدات بە پیاوێك لەنەوەی من، کە رەوا دەڵێت و کردارو رەفتاریشی پێدەکات"[3].

هەواڵنامەی کتێب

## تەوەری دووەم: قۆناغی سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی دەنگۆی ئاڵا رەشەکان و بەرزکردنەوەی

لەوانەیە بوترێت بۆیە عەبباسییەکان رەنگی رەشیان کردە دروشمی خۆیان، بەهۆی بوونی ئەو فەرموودانەی کە جەخت لەسەر سەرکەوتنی ئاڵاڕەشەکان دەکەنەوەو هەتا خەڵك وابزانن ئەوان و شوێنیان بکەون، بەتایبەتیش هەڵگرتن و بەرزکردنەوەی ئاڵای رەش پێش عەبباسییەکان، هۆکارە بۆ ئەم بۆچوونە، (الحارث بن سریج) لە ساڵی (١١٦ك/٧٣٤ز)دا بەرامبەر بە خەلافەتی ئومەوی راپەڕی و بەم ئامانجە رەنگی رەشی کرد بە ئاڵا[4] هەروەها (بهلول الخارجی)یش کە لە ساڵی (١١٩ك/٧٣٧ز)دا دژی دەوڵەتی ئومەوی راپەڕی، ئاڵای رەشی کردە دروشم[5].

---

[1] – الطبراني: المعجم الكبير، ج٨، ص١٠١" (عنبسة بن أبي صغيرة) لەزنجیرەی گێڕەرەوەکانی ئەم فەرموودەیەدایەو بە درۆزن ناوبراوە. بڕوانە: (الهيثمي: م، س، ج٥، ص ص٢٤٤–٢٤٥).

[2] – نعيم بن حماد: م، س، ص١١٦.

[3] – ابن ابي زينب النعماني: كتاب الغيبة، تح: فارس حسون كريم، ط١، (قم، ١٤٢٢هـ)، ص ص٢٥٧–٢٥٨.

[4] – الطبري: تاريخ الطبري، ط٤، (بيروت، ١٩٨٣م)، طبعت على النسخة المطبوعة بمطبعة "بريل" بمدينة لندن في سنة ١٨٧٩ م)، ج٥، ص ص ٤٢٨–٤٣٠.

[5] – نازناوی (كثارة) بووە، لەهۆزی (بنی شیبان) بوو لە موسڵ، مەبەستی کوشتنی والی عێراق (خالد بن عبدالله القسری) بوو، لەگەڵ ئەوەی ژمارەی ئەو خەواریجانەی شوێنی کەوتن نەدەگەیشتنە سەد کەس، بەڵام توانی سەرکردەی هێزی ئومەوی غافڵگۆژ بکات و بەهۆی

## بەرزکردنەوەو بەکارهێنانی ئاما نجدارانەی ئاڵای رەش پێش بانگەوازی عەبباسی

دوای ئەوەی (عاصم بن عبد الله) لەساڵی (١١٦ك/٧٣٤ز)دا بوو بە والی خۆراسان، چەند سەرکردەیەکی خۆی، وەك (الخطاب بن محرز السلمي ومنصور بن عمر بن أبي الخرفاء السلمي وهلال بن عليم التميمي والأشهب الحنظلي وجرير بن هميان السدوسي ومقاتل بن حيان النبطي) نارد بۆلای (الحارث بن سريج)ی گەورەو کەسایەتی دیاری ئەزدییەکان لە خۆراسان هەتا لەگەڵیاندا بێت بۆلای، بەڵام ئەو نوێنەرەکانی دەستگیرکرد، ئەمەش دەسپێکی راپەڕین بوو لەدژی دەسەڵاتی ئومەوی، کە توانی بەسەر (نصر بن سيار)ی کاربەدەستی بەڵخدا سەربکەوێت، چونکە حارس توانی بەشێکی زۆر لە هۆزی ئەزەدو تەمیمو دەهقانەکان (باجگری گوندو ئاوەدانییەکان) بەلای خۆیدا رابکێشێت، کە دەوترێت سوپاکەی گەیشتۆتە نزیکەی (٦٠,٠٠٠) شەست هەزار جەنگاوەر[١]. هاوکات بەهۆی ئەوەی والی عێراق (خالد بن عبدالله القسري ت١٢٦هـ/٧٤٤م) لەساڵی (١١٧ك/٧٣٥ز)دا ئەسەدی برای کرد بە والی خۆراسان، (عاصم)ی والی لەگەڵ حارسدا رێککەوت لەسەرئەوەی کە حارس بەویستی خۆی ناوچەیەکی خۆراسان دیاریبکاتو تیایدا بمێنێتەوە، پاشان هەموویان پێکەوە بۆ خەلیفە دەنووسن هەتا کار بەقورئانو سوننەت بکات، ئەگەر رەتیکردەوە، ئەوا هەموویان لەدژی دەوەستنەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی یەکێك لەسەرکردەکان واژۆی نەکرد، رێککەوتنەکە هەڵوەشایەوە[٢]، ئەم دۆخەش کاریگەریی ئەرێنی لەسەر جەنگاوەرەکانی حارس دروستکردو بەپێچەوانەوە وورەی سەربازە ئومەوییەکانی لە خۆراسان، دابەزاند، تەنانەت خەڵکی مەرۆ پەیوەندییان بە حارسەوە کردو بانگهێشتیانکرد بۆ شارەکەیان[٣].

لەگەڵ ئەوەی حارس توانی شارەکانی (بەڵخ، جوزجان، فارياب، تاڵەقان، مرو الروذ) بگرێت، بەڵام والی لەڕێگەی پێدانی پارەوە توانی جەنگاوەرێکی زۆر کۆبکاتەوە، هاوکات لەگەرمەی شەڕدا (محمد بن المثنى الفراهيذي) بەخۆیو دوو هەزار جەنگاوەرەوە لەسوپاکەی حارس جیابووەوەو چووە پاڵ سوپای ئومەوی، بۆیە حارس شکستی هێناو کشایەوە بۆ وڵاتی تورك[٤].

هەرچەندە بەهۆی ئەوەی خەلیفە (يزيد بن الوليد ت١٢٦هـ/٧٤٤م) نووسراوی دڵنیاکردنەوەی پاراستنی ژیانی بۆنووسی، حارس گەڕایەوە بۆ خۆراسان، بەڵام دوای ئەوەی (مروان بن محمد ت١٣٢هـ/٧٥٠م) توانی بەهێز خەلافەت بەدەستبهێنێت، حارس داوای لە (نصر بن سيار)ی والی خۆراسان کرد، کارەکە بە راوێژ بکات، ئەویش رەتیکردەوە، حارسیش داوای لێکرد ئەگەر وازبهێنێت لە والیێتی پارێزراو دەبێت، بەمجۆرە جارێکی دیکە حارس لە والی خۆراسان هەڵگەڕایەوەو[٥]. بەهاوکاری کەسانێکی خەڵکی مەرۆ لەشەودا چەند جەنگاوەرێکی حارس بەدروشمی (يا منصور) چوونە ناوشارەکە، بەڵام (سلم بن احوز)ی سەرکردەی ئومەوی بانگەوازیکرد هەر کەسێك سەری جەنگاوەرێکی حارس

---

ناکۆکی نێوان جەنگاوەرە شامییەکانو کوفییەکان بەسەریاندا سەربکەوێت، دوای ئەوەی نەیتوانی دەستی بەوالی بگات، بەمەبەستی کوشتنی خەلیفە بەرەو شام بەڕێکەوتن، بەڵام سوپای والی شامو عێراق بەرەنگاری بوونەوە

بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە کاریگەریی راپەڕینەکە، بڕوانە: (الطبري: م، س، ج٥، ص ص٤٥٧–٤٦٠).

1 – الطبري: م، س، ج٥، ص٤٢٨–٤٣٠" ابن الاثير: الكامل في التأريخ، (بيروت، ١٩٦٦م)" ج٥، ص ص١٨٣–١٨٤.

2 – ابن الاثير: م، ن، ج٥، ص١٨٧.

3 – الطبري: م، س، ج٥، ص ٤٣٠" ابن الجوزي: المنتظم، ج٧، ص١٦٩" ابن الاثير: م، س، ج٥، ص١٨٤.

4 – الطبري: م، س، ج٥، ص ص٤٢٩–٤٣٠.

5 – الطبري: م، ن، ج٦، ص٢" ابن كثير: البداية والنهاية، تح : علي شيري، ط١، (بيروت، ١٩٨٨م)، ج١٠، ص ص٢٨–٢٩.

هەولێرنامەی کتێب

بهێنێت سێسەد درهەمی پێدەدرێت، ئەمەش وایکرد حارس شکستبهێنێت[1]. بۆیە حارس چووە پاڵ (ابن الکرماني[2]) کە بەهۆی دەمارگیریی هۆزایەتییەوە لە والی خۆراسان (نصر بن سیار)ی مەزەری هەڵگەڕابووەوەو دوای چەند رۆژێك شەڕکردن، ئەزدییەکان توانیان شکست بە (مضر)ییەکان بهێنن، بەڵام لەگەرمەی شەڕدا (الحارث) بینی مەزەرییەکان خەریکە شکستدەهێنن، هەواڵی بۆ (نصر)ی هاوهۆزی نارد کە شەڕی ئەوان ناکات، یەمەنییەکان بە شکستی ئێوە توانجم لێدەدەن، بۆیە جەنگاوەرەکانت بەرەو جەنگاوەرەکانی کرمانی هانبدە[3].

دوای سەرکەوتنی کرمانی و گرتنی شاری مەرۆ، ناکۆکی کەوتە نێوان حارس و کرمانی، چونکە سەرزەنشتی کرمانی کرد لەسەر تاڵانکردن و رووخاندنی خانووی خەڵك و کاولکاری، هەروەها بەشێك لەشوێنکەوتووانی بەتایبەتی سەرکردەیەکی بەناوی (بشر بن جرموز الضبي) بە چوار هەزار جەنگاوەرەوە لێی جودابووەوەو پێیوت بۆیە شوێنتکەوتین چونکە بانگەشەی دادپەروەریت کرد، ئەگەر لەگەڵ کرمانی دەبیت ئەوە دەزانم بۆ ئەوە شەڕت کردووە هەتا بوترێت حارس سەرکەوتووە، ئەوان بانگەشەی دەمارگیریی دەکەن، لەئاکامدا حارس شانبەشانی کرمانی چووە شەڕی بەشێك لەشوێنکەوتووەکانی خۆی، بەڵام دواتر پەشیمانبووەوەو داوای کرد شەڕیان نەکەن، ئەم بەبێ شەڕ دەیانگێڕێتەوە، کاتێك چوو بۆلای (بشر)مایەوەو وتی: لەگەڵ یەمەنییەکاندا شەڕتان ناکەم. دوای ئەوە جەنگاوەرە مەزەرییەکانی سوپای کرمانی خۆیان دزییەوەو دەوترێت تەنها دوو کەسی مەزەری لەگەڵ کرمانیدا مایەوە، بەڵام لەئاکامدا شکستی هێناو کرمانی کوشتی و بەبێ سەر لە دەروازەی مەرۆدا هەڵیواسی[4].

## مەبەستی (الحارث بن سریج) لەبەرزکردنەوەی ئاڵای رەش

بۆ تێگەیشتن لەوەی حارس بەمەبەست ئاڵای رەشی بەرزکردەوە، پێویستە بزانین ئەو بانگەشەیەی کە حارس دەیکرد گوایە لە دژی دەوڵەتی ئومەوی وەستاوەتەوە، چونکە مامەڵەیەکی نایەکسان دەکات و کار بە قورئان و سوننەت ناکات، ئایا مەبەستی راستەقینەی حارس بوو؟ یان تەنها بانگەشەیەك بوو بۆ کۆکردنەوەی خەڵك لەخۆی؟، ئەگەر سەرنج لە رەوتی رووداوەکان بدەین، وەك ئاماژەمان پێدا دوای ئەوەی حارس بەرامبەر بە سوپای ئومەوی شکستی هێنا، پەنای بردەبەر پادشای تورك و خاکی تورکەکان، هاوکات لەگەڵ سوپای تورکدا شەڕی مسوڵمانانی کرد[5]، واتە لەگەڵ بێباوەڕاندا جەنگی هاوئایینیانی خۆی کرد، دیارە ئەمەش پێچەوانەی بانگەشەکەیەتی، بۆیە دەتوانین بڵێین بانگەشەکەی تەنها تاکتیکێکی سیاسی بووە. تەنانەت لایەنگرێکی حارس بەناوی (مرثد بن عبد الله المجاشعي) بەمەستی شەڕیکردووە[6].

---

1 – الطبري: م، س، ج٦، ص ص٤-٦.

٧ – ناوی (جدیع بن علي بن شبیب بن براري بن صنیم المعنی) بووەو بە کرمانی ناوبراوە، چونکە لە (کرمان) لەدایکبووە. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر یاخیبوونەکەی، بڕوانە: (الطبري: م، ن، ج٥، ص ص٥٨٥-٥٩٠).

3 – الطبري: م، ن، ج٦، ص ص٧-٨" ابن الاثیر: م، س، ج٥، ص ص٣٤٤-٣٤٦.

4 – الطبري: م، س، ج٦، ص ص١٠-١٢" ابن الاثیر: م، س، ج٥، ص ص٣٤٥-٣٤٦.

5 – الازدي: تاریخ الموصل، تح: د. علي حبیبة، (القاهرة، ١٩٦٧م)، ص٣٧.

6 – الطبري: م، س، ج٦، ص١٢.

هەروەها سروشتی خودی حارس‌و پلانەکانی ئاماژەدەرن بۆئەوەی مەبەستی لە بەرزکردنەوەی ئالأی رەش ئەوەبووە هەتا خەڵکی وابزانن کە مەبەستی فەرموودەکانی تایبەت بەدەرکەوتنی ئالأ رەشەکان، ئەمانن. واتە بەمەبەست ئالأی رەشی هەڵکردووەو بەخۆی وتووە: منم خاوەنی ئالأڕەشەکان[1]، بانگەشەی ئەوەی کردووە کە شوراکانی دیمەشق تێکدەدەن‌و کۆتایی بەدەسەلأتی ئومەوی دەهێنن، بۆیە (نصر بن سیار) زۆر لێزانانە بەرپەرچی داوەتەوەو وەڵامی بۆناردووە، ئەگەر وەك ئەوەی بانگەشەی دەکەیت‌و باوەڕت پێیەتی، چەندەت پارەو کەرەسەی جەنگت پێویستە هەڵیبگرەو برۆ بەرەو دیمەشق، ئەوە سەردەکەویت‌و من لەبەردەستدا دەبم، ئەگەر سەریش نەکەوتیت ئەوا هۆزەکەت لەناودەبەیت[2].

(الحارث بن سریج) ویستوویەتی سوود لە هەستی ئایینی خەڵك وەربگرێت، بۆنموونە ژیاننامەی خۆی نووسیوەو فەرمانیکردووە لە رێگەو بان‌و مزگەوتەکانی (مەرۆ)دا بخوێندرێتەوە، بەمەش خەڵکێکی زۆر بوون[3]. هەروەها دوای ئەوەی لە راپەڕینی یەکەمیدا سەرکەوتوو نەبوو، لە ساڵی (١٢٨ك/٧٤٥ز)داو لەیاخیبونی دووەمیدا بانگەشەی مەهدیبوونی خۆیکرد. لەم بارەوەش لەسەر زمانی پێغەمبەرەوە فەرموودەیەکیان دروستکردو گێڕایەوە، کە باس لەوەدەکات کە لە ولأتی ئەودیو رووبار کەسێك بەناوی (حارث) دەردەکەوێت کە پێشەنگەکەی ناوی (منصور)ە، سەرخەرو پشتگیریی لە (أهل البیت) دەکات، هەروەك چۆن قورەیش پشتگیرو بەهێزکاری بوو، لەسەر هەموو کەسێك پێویستە پشتی بگرێت[4].

هەواڵنامەی کتێب

## پلاندارێژەری دەنگۆی ئالأڕەشەکان

(فاروق عمر) لە توێژینەوەیەکیدا لەسەر بەکارهێنانی رەنگەکان‌و ئاماژە سیاسییەکانیان لە سەردەمی یەکەمی عەبباسیدا، دەڵێت:"ئالأڕەشی داهێنانێکی سیاسی نویێ نەبوو لەلایەن عەبباسییەکانەوە، بەڵکو پێشتر (الحارث بن سریج) بەرزیکردەوە.... عەبباسییەکان تەنها دروشمە رەشەکەی حارسیان نەقۆستەوە، بەڵکو ناوەکەشیان قۆستەوە دوای دەستکارییەکی سادە، دوای ئەوەی ئەو رزگارکارەی چاوەڕوانی دەرکەوتنی دەکرێت‌و ناوی حارس بوو، ناویکرا بە (ابن الحارثیة) کە مەبەستیان (ابو العباس عبدالله بن محمد بن علي ت١٣٦هـ/٧٥٤م) بوو"[5]. بەبۆچوونی ئێمە، ئەم بۆچوونە لەجێگەی خۆیدا نییە، چونکە لەلایەك حارس نە سەرکەوت‌و نەئەوەندەش بەهێزو کاریگەریی لەسەر خەڵکی خۆراسان هەبوو، هەتا عەبباسییەکان هێماو ناوەکەی بقۆزنەوە، هەروەها لەلایەکی دیکەوە وەك باسکرا حارس لەساڵی (١٢٨ك/٧٤٦ز)و لەیاخیبوونی دووەمیدا، بانگەشەی مەهدیبوونی خۆی‌و دەرکەوتنی رزگارکاری بەناوی حارسەوە کرد، بەلأم چەندەها ساڵ پێش راپەڕینی یەکەمی حارس، واتە پێش ساڵی (١١٦ك/٧٣٤ز)، عەبباسییەکان بە (ابو العباس عبدالله بن محمد بن علي)یان وتووە (ابن الحارثیة)، تەنانەت (ابو هاشم عبدالله بن محمد بن علي بن ابي

1 – ابن كثير: م، س، ج١٠، ص٢٩.

2 – الطبري: م، س، ج٦، ص٣" ابن كثير: م، س، ج١٠، ص ص٢٩–٣٠.

3 – الطبري: م، س، ج٦، ص ص٤–٦.

4 – أبو داود: سنن أبي داود، تح: محمد محيي الدين عبد الحميد، (د.م.س)، ج٤، ص١٠٨" ابن خلدون: مقدمة، ص ص٣١٣–٣١٤.

5 – م، س، ص ص٨٢٩–٨٣٠.

طالب ت٩٨هـ/٧١٧م)) بەم نازناوەوە ناوبردووەو پێشبینی بۆ باوکی کردووە کە دەسەلآت بۆ کوڕەکەی دەبێت بەناوی (ابن الحارثية)[1]، هۆکاری ناوبردنیشی بەو ناوە، بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە دایکی ناوی (رائطة بنت عبيدالله بن عبدالله بن عبدالمدان بن الديان بن قطن بن زياد بن الحارث بن ربيعة بن كعب بن الحارث الحارثي) بووە[2]، دیارە بەهۆی ئەوەی چەندین کەس لەباوانی ناویان حارس بووە، بۆیە نازناوی (ابن الحارثية)ی لێنراوە، ئەمەش هەتا لە (عبدالله بن محمد ابو جعفر المنصور ت١٥٨هـ/٧٧٥م)ی برای جیابکرێتەوە کە هەردووکیان یەك ناویان هەبووە.

ئاماژەو زانیارییە مێژووییەکان ئەوە دەردەخەن، کەبە دروشمکردنی ڕەنگی ڕەش شتێکی لەناکاوو بێبەرنامەو پلان نەبووە، ڕاستە وەك ئاشکراکردنی دروشمەکە تەنانەت دوای ئاشکراکردنی بانگەوازەکەو وەستانەوەی لەدژی (نصر بن سيار)ی والی خۆراسان لە (١٢٩ك/٧٤٧ز)دا، ئەوسا (ابو مسلم الخراساني) فەرمانیکرد بە پۆشینی پۆشاکی ڕەش و بۆ دەڤەرەکانی خۆراسانی نووسی ڕەشپۆشن ئێمە پۆشیومانە[3]، واتە لەگەرمەی شەڕی کرمانی و والی (نصر بن سيار)دا بانگەوازی عەبباسی ئاشکراکراو ڕەشیان پۆشی[4]، ئیتر لەو ڕۆژەوە ئەندامان و لایەنگرانی بانگەوازی عەبباسی لەخۆراسان پۆشاکی ڕەشیانپۆشی[5]، بەلآم ئەوە ناگەیەنێت کە داهێنەرو بڕیاردەری ئەمکارە (ابو مسلم الخراساني) بێت، وەك ئەوەی (الذهبي ت٧٤٨هـ/ ١٣٤٨م) دەڵێت:" (ابو مسلم) یەکەم کەسە کەپۆشینی ڕەشی لەدەوڵەتدا داهێناوە"[6]، بەڵکو پێشتر لایەنگرانی بانگەوازەکە ئاگاداری ئەوەبوون کە ڕەش هێمایانە، بۆنموونە لەکاتی ڕاگەیاندنی بانگەوازەکەدا کەسێك بەناوی (حية بن عبد الله المرئي)ەوە بە ڕەشپۆشی هاتە لای (ابو مسلم)، ئەویش پێیوت: تۆ یەکەم کەسیت ڕەشتپۆشی، یەکەم کۆشك کە دەکەوێتە دەستمان بۆ تۆیە، دواتر کۆشکی (نصر بن سيار)ی پێدا[7]. هەروەها وەك ڕوونیدەکەینەوە، (ابراهيم الامام ت١٣٢هـ/٧٥٠م)یش داهێنەری نەبووە، وەك دەوترێت دروستترین گێڕانەوە ئەوەیە کە داهێنەرو بڕیاردەری ڕەشپۆشی و ئاڵاڕەشی (ابراهيم الامام) بووە[8]، بەڵکو ئەو لەساڵی (١٢٩ك/٧٤٧ز)دا تەنها فەرمانی بۆ (ابو مسلم) ناردووە کە بانگەوازەکە ئاشکرابکەن و ڕەشبپۆشن[9].

---

1 – اليعقوبي: تأريخ اليعقوبي، (بيروت، د.س)، ج٢، ص٢٩٧" المسعودي: التنبيه والإشراف، (بيروت، د.س)، ص ص٢٩٢–٢٩٣.

2 – الازدي: م، س، ص١٢٢" ابن عساكر: م، س، ج٣٢، ص٢٧٦.

3 – ابن أعثم الكوفي: كتاب الفتوح، تح: علي شيري، ط١، (بيروت، ١٤١١هـ)، ج٨، ص٣١٩.

4 – مؤلف مجهول: أخبار الدولة العباسية، تح: د. عبد العزيز الدوري و د. عبد الجبار المطلبي، (بيروت، ١٩٧١م)، ص ص٢٧٤–٢٧٥" ابن الاثير: م، س، ج٥، ص٣٥٨.

5 – أبو حنيفة الدينوري: الأخبار الطوال، تح: عبد المنعم عامر، ط١، (القاهرة، ١٩٦٠م)، ص ص٣٦٠–٣٦١" ابن عساكر: م، س، ج٧، ص٢٠٤.

6 – سير أعلام النبلاء، تح: شعيب الأرناؤوط وحسين الأسد، ط٩، (بيروت، ١٩٩٣م)، ج٦، ص٥١.

7 - مؤلف مجهول: م، س، ص٢٧٥.

8 – فاروق عمر: م، س، ص٨٢٨. گێڕانەوەیەکی پەرتوکی (اخبار الدولة العباسية) دەکاتە بەڵگەو دەستنووسی پەرتووکەشی بەکارهێناوە، بەوهۆیەشەوە دیارە گێڕانەوەکانی دیکەی هەمان پەرتووکی نەبینیوە، کە تایبەتن بە ئاماژەدان بەهەڵبژاردنی ئاڵای ڕەش لەلایەن (محمد بن علي) باوکی ئیبراهیمو (ابو هاشم عبدالله) کە وەسیەتەکەی سپارد بە (محمد بن علي). بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (مؤلف مجهول: اخبار الدولة العباسية، ص٢٤٥).

9 - الازدي: م، س، ص١٠٦.

چەندین وتەو گێڕانەوە لەبەردەستدان کە ئاماژەن بۆ ئەوەی هەر لەسەرەتاوە بانگەوازی عەبباسی پلانو نەخشەی وابووە کە ئاڵای رەشو پۆشاکی رەش بکاتە دروشمی خۆی، بەڵام لەبەرئەوەی بانگەوازەکە نهێنی بووە، هێماکەشی بەنهێنی پاراستووە، هەتا کاتی ئاشکراکردنو بەرەنگاربوونەوەی دەوڵەتی ئومەوی. بەگوێرەی گێڕانەوەکان، هەر لەسەردەمی (محمد بن علي ت١٢٥هـ/٧٤٣م)دا (ابو مسلم) وتوویەتی:"من وەزیری خاوەنی ئاڵا رەشەکانم"[1]. هەروەها خەلیفە (هشام بن عبدالملك ت١٢٥هـ/٧٤٣م) بەتوانجەوە بە (محمد بن علي) وتووە:"ئەم پیرە پڕوپاگەندەی ئەوە دەکات کە ئەم کارە– خەلافەت– بۆ یەکێك لەم دوو کوڕەیەتی"[2]، ئەمەش بەڵگەیە کە هەر لە سەرەتای بانگەوازەکەوە دەستیانکردووە بە بڵاوکردنەوەی دەنگۆو پێشبینییەکان. هەروەها کاتێك کە (ابو سلمة الخلال حفص بن سليمان ت١٣٢هـ/٧٥٠م) چووە بۆ خۆراسان، ئاڵای رەشی گەیاندووە بە سەرانی بانگەوازەکە، لەم گەشتەشدا (ابو مسلم الخراساني) وەك خزمەتکار لەگەڵیدا بووە، واتە پێش ئەوەی (ابو مسلم) رابسپێردرێت بۆ سەرکردایەتی بانگەوازەکەو لەکاتی ئاژاوەی کوژرانی خەلیفە (الوليد بن يزيد بن عبدالملك ت١٢٥هـ/٧٤٤م)دا بووە[3]، لەم گەشتەدا داوای لێکردوون هەتا ساڵی (١٣٠ك) ئارامبگرنو خۆیان ئامادەبکەن، ئەوکاتە رەشبپۆشن[4].

بانگەوازی عەبباسی لەساڵی (١١١ك/٧٢٩ز)دا لە خۆراساندا بڵاوبووەوەو پەرەیسەند[5]، هەروەها کاتێك (بكير بن ماهان[6]) توانی (سليمان بن كثير[7]) بهێنێتە ناو رێکخستنی بانگەوازی عەبباسی، ئەمەش پێش ساڵی (١١١ك/٧٢٩ز) بووە[8]، لەوکاتەدا هەواڵی پێداوە کە ئاڵاکەیان رەشەو لەخۆراسانەوە دەردەکەون، لەمەشدا فەرموودەی ئەگەر ئاڵا رەشەکانتان بینی لە خۆراسانەوە هاتن، ئەگەر بە سنگەخشێش بووە بەسەر بەفردا، ئەوا بەدەمیانەوە بچن، هەروەها پێیوتووە: (عبدالله بن العباس) وتوویەتی: کە ساڵی (١٣٠ك)ی هات، هەر ئاڵایەکی رەش لە رۆژهەڵات بۆ پشتگیریی ئەوان بەرزبکرێتەوە، سەردەکەوێت، دیارە ئەمەش لە کاتێکدا بووە کە (محمد بن علی)سەرپەرشتیاری بانگەوازەکە بووە، چونکە ئەو پلانو بەرنامەی بۆ بەکیر داناوەو فەرمانی پێکردووە چی بکاتو چۆن هەنگاوبنێت[9]. هەروەها لەبەرئەوە بوونی بانگەوازکارانی عەبباسی لە خۆراسانو بڵاوبوونەوەی بانگەشەکەیان بەنهێنی هۆکارە بۆ ئەوەی کە

---

1 – ابن أعثم الكوفي: م، س، ج٨، ص٣١٦.

2 – ابن قتيبة الدينوري: الإمامة والسياسة، تح: خليل المنصور، (بيروت، ١٩٩٧م)، ج٢، ص٢٨٤.

3 – مؤلف مجهول: م،س، ص٢٤٧. لەساڵی (١٢٨ك/٧٤٦ز)دا ئیبراهیمی ئیمام (أبو مسلم الخراساني) وەك سەرپەرشتیاری بانگەوازی عەبباسی نارد بۆ خۆراسان بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (ابن الاثير: م، س، ج٥، ص٣٤٨).

4 – مؤلف مجهول: م،س، ص٢٦٧.

5 - الازدي: م، س، ص٣٢.

6 – (أبو هاشم بكير بن ماهان الحارثي) لەساڵی (١٠٥ك/٧٢٣ز)دا لە ولاتی سند گەڕاوەتەوەو پەیوەندی بەبانگەوازی عەبباسییەوە کردووە. دوای شارەزابوونی لە بنەماکانی بانگەوازەکە، (محمد بن علي) وەك سەرپەرشتیاری بانگەوازەکە ناردی بۆ عێراق، پێش مردنی لەساڵی (١٣٢ك/ ٧٤٩ز)دا نامەیەکی بۆ (ابراهيم الامام) نووسی کە (ابو سلمه الخلال)ی لەشوێنی خۆی داناوە. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (الطبري: م، س، ج٥، ص ص٣٧٦، ٥٩٣).

7 - (أبو محمد سليمان بن كثير الخزاعي المروزي) یەکێك بووە لە دوازدە نەقیبەکانی بانگەوازی عەباسی، (أبو مسلم الخراساني) لەساڵی (١٣٢ك/٧٥٠ز)دا بەتۆمەتی ناپاکیکردن، کوشتی. بڕوانە: (ابن عساكر: م، س، ج٢٢، ص ص٣٥٦–٣٥٧).

8 – اليعقوبي: م، س، ج٢، ص٣١٨.

9 – مؤلف مجهول: م، س، ص ص١٩٩–٢٠٠.

هەواڵنامەی کتێب

(ابن خلدون) ئاماژە بۆئەوە بكات كە حارس لەسەر هاوشێوەی بانگەوازكارانی عەبباسی رەشپۆشییەوە[1]. واتە كارەكە پێچەوانە بووە، حارس ویستوویەتی سوود لە هێمای عەبباسییەكان وەربگرێت، نەك بەپێچەوانەوە.

گێڕانەوەكان ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كە بەرنامەڕێژی بۆ ئاڵاڕەشەكان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش دەسپێكردنی قۆناغی نهێنی بانگەوازی عەبباسی، (ابو هاشم عبدالله محمد بن الحنفية) كە لەساڵی (٩٨ك/٧١٧ز)دا وەسیەتی بۆ (محمد بن علي بن عبد الله بن العباس) كردوو بانگەشەكەی پێسپارد، دەركەوتنی ئاڵا رەشەكانیشی پێوتووە[2]، هەروەها گوایە ئەم هەواڵ و زانیاریانەی سەبارەت بە دەركەوتن و هاتنی ئاڵا رەشەكان هەبوون، لەپەڕاوێكی تایبەتی (علي بن ابي طالب)دا بووەو بەناوی (الصحيفة الصفراء)، كە لەلای (ابو هاشم) بووەو لەگەڵ وەسیەتەكەدا داویەتی بە موحەممەدی كوڕی[3]. ئەگەر ئەم پەڕاوەش بوونی نەبووبێت، گێڕانەوەكە ئاماژەیە بۆئەوەی سەرەتای دەركەوتنی بیرۆكەو بڵاوكردنەوەی فەرموودەكانی تایبەت بە ئاڵاڕەشەكان دەگەڕێتەوە بۆ (ابو هاشم عبدالله بن محمد بن الحنفية)و شیعەكانی، بۆیە خۆراسانیشی بە مەڵبەندی دەركەوتنی ئاڵاڕەشەكان داناوە، چونكە خۆی لایەنگری لە خۆراسان هەبووەو خاوەن رێكخستنی نهێنی بووە[4]. هاوكات چەندین گێڕانەوە هەن ئاماژەن بۆ ئەوە، بۆنموونە كەسێك بەناوی (عمار بن سعد التجيبي ت١٠٥هـ/٧٢٣م) دەگێڕێتەوە كە (عقبه بن رافع بن عبدالحارث) لەسەرەمەرگدا وەسیەتی بۆ كوڕەكانی كردووە ئەگەر گەیشتنە كاتی دەركەوتنی ئاڵا رەشەكان، بەیعەتیان پێبدەن[5]، هەروەها (بكير أبو هاشم مولى مسلمة) وتوویەتی: لەدوای كوژرانی حوسێنەوە، (بني هاشم) بەنهێنی بانگەشەیان بۆ خۆیان كردووەو بەیعەتیان وەرگرتووە، بەبەردەوامی گوێبیستی دەرچوونی ئاڵا رەشەكان لە خۆراسان و لەناوچوونی دەسەڵاتی ئومەوی دەبووین، هەتا ئەوە روویدا[6]. تەنانەت گوایە لەكاتی یاخیبوونی (عبدالرحمن بن الاشعث)دا كە هەواڵ گەیشتۆتە خەلیفە (عبدالملك بن مروان ت٨٦هـ/٧٠٥م) بە (خالد بن يزيد بن معاوية ت٩٠هـ/٧٠٨م)ی وتووە كە لەپەرتوكدا خوێندوومەتەوە كە لەناوچوونی دەسەڵاتەكەمان لەسەردەستی ئاڵا رەشەكاندایە[7]. هەروەها خالید بە خەلیفە (الوليد بن عبدالملك ت٩٦هـ/٧١٥م)ی وتووە: ئەوەی دەترسێم لێیان نەوەكانی عەباسن نەك عەلی، ئەویش وتوویەتی: خۆ ئەوان هیچ جموجوڵێكیان نییە؟ خالید: وتوویەتی: راستە، بەڵام كە ئاڵا رەشەكان لە رۆژهەڵاتەوە دەركەوتن، ئەوكاتە بەدبەختی بۆ نەوەی ئومەویی دێت[8]. دیارە ئەم دەنگۆو بانگەشەیانە كاریگەریی لەسەر خەلیفەكانی دواتری ئومەوی هەبووەو وایكرد لە مەروانی دوا خەلیفەی ئومەوی بۆ رووبەڕووبوونەوەی سوپای عەبباسی بەسەركردایەتی (عبد الله بن علي بن عبد الله بن عباس) بچێتە بەری رۆژئاوای رووباری زێی گەورە، چونكە باوەڕی بەو پێشهات و بانگەشانە كردبوو كە گوایە رەشپۆش و ئاڵاڕەشەكان دەسەڵاتیان لە رووباری زاب ناپەڕێتەوە[9].

---

1 – تأريخ ابن خلدون، ط٥، (بيروت، ١٩٨٤م)، ج٣، ص١١٥.

2 – ابن عبد ربه: م، س، ج٤، ص٤٣٨.

3 – مؤلف مجهول: م، س، ص ص١٨٤–١٨٥.

4 – مؤلف مجهول: م، ن، ص١٧٤.

5 – ابن عساكر: م، س، ج١، ص٢٤٣.

6 – ابن عبد ربه: م، س، ج٤، ص٤٣٧.

7 – ابن أعثم الكوفي: م، س، ج٧، ص٨٥.

8 – مؤلف مجهول: م، س، ص ص١٧٨–١٧٩.

9 – اليعقوبي: م، س، ج٢، ص٣٤٥.

## هۆکاری هەڵبژاردنی ڕەنگی ڕەش لەلایەن عەبباسییەکان

سەبارەت بە هۆکاری هەڵبژاردنی ڕەنگی ڕەش لەلایەن عەبباسییەکان، ئاماژە بەچەندین بۆچوونو هۆکاری جیاواز دەکرێت، لەوانە دەوترێت بۆیە ڕەنگی ڕەشیان کردە دروشم، هەتا فەرموودەکانی پێغەمبەریان لەبارەی مەهدیو ئاڵا ڕەشەکانەوە بەسەردا بچەسپێت[1]، بەڵام وەك ئاماژەمان پێدا هەموو ئەو فەرموودانەی ئاماژە بە هاتنی ئاڵا ڕەشەکان دەدەن، لەلایەنی زانستی فەرموودەناسییەوە جێگەی سەرنجو قسە لەسەرکردنن، واتە هیچ یەکێکیان لەئاستی متمانەی تەواودا نییە، هەروەها ئەوانەی ئەم بۆچوونەیان هەیە، مەبەستییان ئەوەیە کە پێش بانگەوازی عەبباسی فەرموودە هەبووە کە ئاڵاڕەشەکان لەپێش هاتنی مەهدیدا دێن، عەبباسییەکانیش بۆ خۆچواندن بەوان ڕەنگی ڕەشیان کردە هێما، بەڵام وەك باسکرا، (ابو هاشم عبدالله بن محمد بن الحنفية)و بانگەوازی عەبباسی خۆیان فەرموودەکانیان دارشتووەو بڵاوکردۆتەوە.

هەروەها دەوترێت بۆ پرسەو دەربڕینی دڵتەنگی بووە، بەڵام بۆچوونەکان جیاوازن کە لەبەر چ کەسێك بووە، بۆنموونە دەوترێت بۆ کوژرانی (زید بن علي ويحيى بن زيد)، چونکە هەموو ئاوەدانییەکانی خۆراسان بۆ کوژرانەکەی ڕەشیانپۆشیو شینو لاواندنەوەیان بۆ دەکردنو باسو یادی کوشتنەکەیان دەکردن[2]. یاخود دەوترێت وەك هێمای دڵتەنگی بۆ شەهیدەکانی کەربەلاو کوژراوانی دیکەی خانەوادەی پێغەمبەر[3]، واتە وەك هێمای دڵتەنگی بووە بۆ شەهیدکراوانی (بني هاشم) لەلایەن ئومەوییەکانەوە[4]، مەبەستیشیان ئەوەبووە هەتا عەلەوییەکانو لایەنگرانیان بۆخۆیان ڕابکێشن[5]. تەنانەت دەشوترێت بۆ پرسەی کوژرانی (إبراهيم الامام بن محمد بن علي) ڕەشیانپۆشیو دواتر بووەتە دروشمیان[6]، لەکاتێکدا وەك باسمانکرد، بانگەوازی عەبباسی زۆر لەپێش کوژرانی (إبراهيم الامام)ەوە ڕەنگی ڕەشی کردۆتە دروشم.

ئەم هۆکارانە، واتە لەبەر پرسەو ماتەمی، تەنها بیانووبوونو بانگەوازکارانی عەبباسی وەك بیانوو بۆ ئەو لایەنگرانانەیان دەهێنایەوە کە پرسیاریان لەهۆکاری هەڵبژاردنی ڕەنگی ڕەش دەکرد، یان لە ڕەنگەکە دەسڵەمینەوە، بۆنموونە لەکاتێکدا (بكير بن ماهان) ڕێگریکرد لەلایەنگرانی بانگەوازی عەبباسی پاڵپشتی ڕاپەڕینەکەی (زيد بن علي بن الحسين بن علي بن ابي طالب ت١٢٢هـ/٧٤٠م) بکەن، تەنانەت لایەنگرانیان لە کوفە چوونەدەرو هەتا زەید نەکوژراو هەڵنەواسرا، نەگەڕانەوە بۆ ناو کوفە[7]، بەڵام کاتێك لەساڵانی دواتردا ئاڵای ڕەشی بۆ لایەنگرانی بانگەوازەکەی ئاشکراکرد، ئەوان سڵەمینەوەو وتیان: بۆ ڕەش؟ ئەویش بەو کوشتارو کارەساتانەی بەسەر خانەوادەی پێغەمبەردا هاتوون، بیانووی بۆ هێنانەوەو وتی لەبەرئەوە دروستە بۆ لایەنگرانی خانەوادەی پێغەمبەر ڕەش بپۆشن، ئەنسارییەکانیش لەدوای جەنگی ئوحد، بۆ شەهیدەکانیان پۆشاکی ڕەشیان پۆشی. پاشان لەمبارەوە

---

1 – الذهبي: سير، ج٥، ص ص٣٧٩-٣٨٠.

2 – ابن أعثم الكوفي: م، س، ج٨، ص٣١٩.

3 – العاملي: الانتصار، ج٩، ص ص٢٣٩-٢٤٠.

4 – ابن خلدون: مقدمة،ص٢٥٩.

5 – الحاج حسين الشاكري: موسوعة المصطفى والعترة، ط١، (قم، ١٤١٧هـ)، ج١٠، ص١٧٣.

6 – أبو حنيفة الدينوري: م، س، ص٣٦٠" القلقشندي، صبح الأعشى في كتابة الإنشا، تح: عبد القادر زكار، (دمشق، ١٩٨١م)، ج٣، ص٢٩٢" مآثر الإنافة في معالم الخلافة، تح: عبد الستار أحمد فراج، ط٢، (الكويت، ١٩٨٥م)، ج٢، ص٢٣٦.

7 – مؤلف مجهول: م،س، ص٢٣١.

فەرموودەیەکی داڕشتووە، کە گوایە لەوکاتەدا، واتە دوای ئەوەی ئەنسارییەکان رەشیانپۆشی، جبریل هاتووە بۆلای پێغەمبەر (د.خ)و وتوویەتی: ئێستا کاتی نییە، کاتێك دێت میللەتەکەت لەبەریدەکەن‌و سەرکەوتن‌و دەسەڵاتیان بەو پۆشاکەوەیە...[1].

دەتوانین بڵێین عەبباسییەکان بەلێزانی پرسی تۆڵەسەندنی خوێنی ئەندامانی خانەوادەی پێغەمبەریان بۆ کۆکردنەوەی لایەنگرو بوغزاندنی دەوڵەتی ئومەوی لەلای خەڵك قۆستەوە، (محمد بن علي) فەرمانی بە (بكير بن ماهان)ی سەرکردەی بانگەوازکارانی عەبباسی کردووە باسی زوڵم‌و ستەمی ئومەوی بۆ خەڵك بکات، ئەوە باسبکات کە خانەوادەی پێغەمبەر لەپێشترن بۆ خەلافەت... هەروەها داوای لێکردوو شیعەکانیان ئاگادار بکاتەوە کە هیچ جموجوڵێك نەکەن لە جوڵانەوانەی کە کوڕانی خانەوادەی (ابي طالب)ی مامەن دەیکەن، ئەوان سەرکەوتوو نابن، دواتر ئێمە تۆڵەیان دەکەینەوە[2].

بۆچوونی سێیەم سەبارەت بە هۆکاری هەڵبژاردنی رەنگی رەش ئەوەیە کەپاشخانێکی مێژوویی‌و ئایینی هۆکارو پاڵنەر بووە بۆئەوەی عەبباسییەکان رەش بکەنە هێمای خۆیان، وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا ئاڵای پێغەمبەر (د.خ) لە هەندێك جەنگدا رەش بووە، هەروەها مێزەری رەشی لەسەرکردووە، بۆیە عەبباسییەکانیش رەشیان کردۆتە هێما بۆ خۆیان[3]، ئیبراهیمی ئیمامیش بە بانگەوازکارەکانی راگەیاندووە کە رەش دروشم‌و هێماو پۆشاکیانە، چونکە ئاڵای پێغەمبەر، هەروەها ئاڵای (علي بن أبي طالب) رەش بووە، پۆشاکی داوود پێغەمبەر رەش بووە[4]. بەڵام بەبۆچوونی ئێمە پاڵنەری دروستتر ئەوەیە کە (القاضي الماوردي ت٤٥٠هـ/١٠٥٨م) هۆکارەکە دەگێڕێتەوە بۆئەوەی پێغەمبەر لەجەنگی حونەین‌و فەتحی مەککەدا ئاڵایەکی رەشی داوەتە دەست عەباسی مامی[5]، هەر لەبەرئەوە عەبباسییەکان رەشیانپۆشی‌و کردیانە دروشمی بانگەوازو دەوڵەتەکەیان[6]. بەبۆچوونی ئێمە ئەم بۆچوونە لە بۆچوونەکانی دیکە دروستترە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا پاڵنەرێکی دیکە ئەوەبووە کە نەوەکانی (عبد المطلب) رەشیان وەك بەختباشی بۆخۆیان سەیرکردووە، چونکە لە پرسی دوو ئاسکی ئاڵتونیدا کە (عبدالمطلب) لەکاتی نۆژەنکردنی بیری زمزمدا دۆزینییەوە، ناچارکرا لەنێوان ئەوو قورەیش‌و کەعبەدا ئاسکەکان بە تیروپشك یەکلاییبکرێنەوە، رەنگی هێماکەی ئەویش رەشبوو، قورەیش سپی‌و کەعبەش زەرد، دواجار پشکی (عبدالمطلب) دەرچووە[7].

---

1 – مؤلف مجهول: م،ن، ص٢٤٧.

2 – مؤلف مجهول: م،ن، ص ص١٩٩–٢٠٠.

3 – ابن كثير: م، س، ج٦، ص٢٧٤.

4 – مؤلف مجهول: م،س، ص ص٢٥٤–٢٤٦.

5 – الحاوي الكبير في فقه مذهب الإمام الشافعي، تح: الشيخ علي محمد معوض والشيخ عادل أحمد عبد الموجود، ط١، (بيروت، ١٩٩٩م)، ج٢، ص٤٤٠" القلقشندي، صبح الأعشى، ج٣، ص٢٩٢" مآثر الإنافة، ج٢، ص٢٣٦.

6 – النووي: المجموع شرح المهذب، (د.م.س)، ج٤، ص٥٣٨.

7 – مؤلف مجهول: م،س، ص ص٢٤٦– ٢٤٧. رووداوەکە بەشێوەیەکی دیکە گێڕدراوەتەوە، کە دوو ئاسك‌و چەند شمشێرو زرێپۆشێك بوون، دوو ئاسکەکە بەر پشکی کەعبە کەوتوون، شمشێرو زرێکانیش بەر (عبدالمطلب). بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (ابن هشام: م، س، ج١، ص ص٩٥–٩٦).

## تەوەری سێیەم: سەپاندنی رەنگی رەش لەلایەن عەبباسییەکان و کاردانەوەکانی

هەڵکردنی ئاڵای رەش و رەشپۆشی تەنها وەك ئامـاژەو هێمـای تایبـەتی عەبباسییەکان نەمایەوە، واتـە تـەنها ئەوەنەبوو وەك دەوترێت: لەلای خەڵك دەوڵەتی عەبباسی و لایەنگرانیان بە رەشپۆشـەکان نـاودەبران[1]، بـەڵکو دوای سـەرکەوتنی بانگـەوازی عەبباسـی و دامەزرانـدنی دەوڵـەتی عەبباسـی (١٣٢ك/٧٥٠ز–٦٥٦ك/١٢٥٨ز) رەشپۆشـی رەهەنـدێکی سیاسـی و ئامـاژەدانی بـە هـەژموونی دەسـەڵاتی عەبباسـی وەرگـرت، ئەمـەش تـەنها لـەنێو دامـەزراوە میرییەکان و فەرمانبەرەکانی خەلافەتدا نا، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتگیرو بـەربلاو رەشپۆشـی و ناچـارکردنی خـەڵك بـە پۆشـینی رەنگیـی رەش گیرایەبـەر، لەکاتێکدا لـەلای خـەڵك رەش پۆشـاکێکی نـامۆ بـوو، بۆنموونـە کاتێـك سـوپای عەبباسی بە رەشپۆشییەوە چوونە ناو دیمەشق و (عبد الله بن علي بن عبدالله بن العباس ت١٤٧هـ/٧٦٤م) سـەرکردەی سوپاکە بەپۆشاکی رەشەوە وتارو نوێژی هەینی ئەنجامدا، خەڵکی سەرسامبوون و توانجیان لە پۆشاکەکەی دا[2].

سەبارەت بەم سیاسەتە، دەوترێت عەبباسییەکان دوای سەرکەوتنیان، سەرەتا ئەندام و کاربەدەستانی دەوڵەتیان ناچارکرد بە پۆشینی رەنگی رەش، دواتر خەڵکی سادەیان ناچارکرد[3]، بەڵام لەڕاستیدا هەر لەیەکـەم هـەنگاودا، واتـە لەگەڵ ئاشکراکردنی بانگەوازەکەدا، ئەم سیاسەتە پەیڕەوکرا، کاتێك (ابـو مـسلم) بـەم بۆنەیـەوە وتـاری خوێنـدەوە، کەسێك پێیوت: ئەو رەشپۆشیەت لەچییە؟ ئەویش وتوویەتی: پێغەمبەر لەڕۆژی فەتحکردنی مەککەدا مێزەری رەشـی لەسەردا بووە، ئەمە پۆشاکی شکۆیی و دەوڵەتە. پاشان فـەرمانیکردووە کەسـەکە بکـوژن[4]. هـەروەها دوو کەسـایەتی بەناوی (عبد الله بن إدريس السن ت١٩٢هـ/٨٠٨م) و (عبدالله بـن المبـارك ت١٨١هــ/٧٩٧م) باسـی ئـەوەیان بـۆ یـەکتر کردووە منداڵبوون کـە (ابـو مـسلم) راپـەڕی و گـەورەو بچوکی ناچـارکرد پۆشـاکی رەش بپۆشـن[5]. لەگـەڵ راگەیانـدنی خەلافەتی عەبباسیشداو بەیعەتدان بە (ابو العباس السفاح) لە کوفە، (أبو سـلمة الخـلال)ی یەکـەم وەزیـری عەبباسـی لەوتارەکەیدا رایگەیاند کە بەیانی هیچ کەسێك نەمێنێتەوە لەوانەی دەتوانن چەك هـەڵبگرن و سـواری ولاخ بـبن، رەش نەپۆشێت و نەیەت بۆ ئەم مزگەوتە بۆ بەیعەتدان، بۆ رۆژی دوایی خەڵکی کوفە رەشیانپۆشی[6].

خەلیفەکانی سەردەمی یەکەمی عەبباسی بەشێوەیەکی توند سیاسـەتی سـەپاندنی رەشپۆشـیان بەسـەر خـەڵکی گشتیدا پەیڕەوکرد. بۆنموونە خەلیفە (ابو جعفر المنصور) خەڵکی کوفەی بە پۆشـینی رەش ناچـارکرد، بەشـێوەیەك دەوترێـت: خـەڵکی لـەبازاڕ بـە مەرەکـەب پۆشـاکەکانیان رەشـدەکرد[7]، لەسـاڵی (١٥٣ك/٧٧٠ز)دا هـەموو خـەڵکی بـە لەسەرکردنی کڵاوێکی (کلێتە) تایبـەتی درێـژ بـەناوی (الدنيـة) ناچـارکرد، کـە لـە قـامیش دروسـتدەکراو رەشـدەکرا، لەمبارەوە (ابو دلامة زند بن الجون ت١٦١هـ/٧٧٨م)ی شاعیر دەڵێت:

---

1 – احمد بن حنبل: السنة، تح: د. محمد سعيد القحطاني، ط١، (الدمام، ١٤٠٦هـ)، ج١، ص٢١٩" ابن عبد ربـه: م، س، ج٢، ص٢٥، ج٤، ص٤٤٣.

2 – ابن عساكر: م، س، ج٣١، ص٥٦.

3 – العاملي: الانتصار، ج٩، ص ص٢٣٩–٢٤٠.

4 – الخطيب البغدادي: م، س، ج١٠، ص٣٠٦" ابن عساكر: م، س، ج٣٢، ص١٦٨، ج٣٥، ص ص٤٠٨–٤٠٩.

5 – الفسوي: م، س، ج١، ص٤٦" الخطيب البغدادي: م، س، ج١٠، ص ١٥٣.

6 – ابن أعثم الكوفي: م، س، ج٨، ص٣٢٨.

7 – الطبري: م، س، ج٦، ص٢٤٨" أبو الفرج الأصبهاني: مقاتل الطـالبيين، ط٢، (النجـف، ١٩٦٥م)، ص ص٢١٢–٢١٣" الـذهبي: تـأريخ الإسلام، ج٩، ص٣٧.

وَكُنَّا نرجِّي من إمامٍ زيادةً — فزاد الإمَامُ المصطَفَى في القَلَانِسِ

تَرَاهَا على هَامِ الرجالِ كَأَنَّهَا — زُنَارُ يَهُودٍ جُلِّلَتْ بِالبَرَانِسِ[1]

هەروەها (أبو عطاء السندي ت١٨٠هـ/٧٩٦م)ی شاعیری لایەنگری ئومەوییەکان، بەناچاری رەشی پۆشیوەو ئەم هۆنراوەیەی وتووە:

كسيت ولم أكفر من الله نعمة

سوادا إلى لوني ودنا ملهوجا

وبايعت كرها بيعة بعد بيعة

مبهرجة إن كان أمر مبهرجا[2]

هەروەها خەلیفەکان بەدواداچوونیان بۆ کەسایەتییە ناسراوو دیارەکان دەکردو لەکاتی نەپۆشینی رەنگی رەشدا لێپێچینەوەیان لەگەڵدا دەکردن. بۆنموونە هەواڵ بە خەلیفە مەهدی گەیشت کە ئەوزاعی (عبدالرحمن بن عمرو بن یحمد ت١٥٧هـ/٧٧٤م) پۆشاکی رەش ناپۆشێت و بە حەرامی دادەنێت، داوای لە وەزیرەکەی کرد بانگهێشتی بکات و پرسیاری هۆکارەکەی لێبکات، ئەویش لە وەڵامدا وتی بەحەرامی دانانێم، بەڵام بەلامەوە پەسەند نییە، چونکە نە بینومە (واتە رەنگی رەش) بکرێت بە ئیحرام، نەکراوە بۆ پۆشاکی بووك و نە مردووشی پێوە ئەسپاردە کراوە، خەلیفە فەرمانیکرد وازی لێبهێنن[3]. واتە زاناو فیقهزانەکان ئەگەر رەنگی رەشیان بەحەرام دابنایە، ئەوا دووچاری لێپێچینەوە دەبوون، کاتێك (أبو إسحاق الفزاري) هاتۆتەلای خەلیفە (هارون الرشيد)، وەڵامی سڵاوەکەی نەداوەتەوەو وتوویەتی: خودا سەلامەتت نەکات و خانووت نزیك نەبێت و...، وتوویەتی بۆچی؟ خەلیفە وتوویەتی: تۆی پۆشینی رەش بەحەرام دادەنێیت. ئەویش سوێندی خواردووە کە حەرامی نەکردووە. دوای ئەوە خەلیفە وەڵامی سڵاوەکەی داوەتەوەو سێ هەزار دیناری پێداوە[4].

لەگەڵ ئەم سیاسەتەی خەلافەتی عەبباسیشدا سەبارەت بەسەپاندنی رەشپۆشی و هەڵگرتنی هێمای رەش، بەڵام هەندێك لەزانایان فتوایان داوە کە پۆشاکی رەش نەخواستراوەو کەراهەتی هەیە[5]، هەندێك لە زانایانی ئایینی بۆ زانینی بۆچوونی زانایەکی دیاریکراویش، سەرکردەو کاربەدەستە عەبباسییەکان پرسیاریان ئاراستەی زاناکان کردووە، بۆنموونە (أبو يوسف القاضي ت١٨٢هـ/٧٩٨م) لەلایەن سەرکردەی عەبباسی (سعيد الجرشي)ەوە سەبارەت بە رەشپۆشی پرسیاری لێکراوە، ئەویش بۆ خۆڕزگارکردن وتوویەتی: رووناکی لە رەشیدایە. واتە رووناکی چاو لە گلێنەدایە، بەمەش سەعید وازیهێناوەو وایزانیوە ستایشی پۆشاکی رەشی کردووە[6]. هاوکات تەنها خودی خەلیفەکان مافی ئەوەیان هەبوو کە کەسایەتییەك لە پۆشینی رەش ببەخشن، ئەم بەخشینەش لە سنورێکی بەرتەسك و

---

1 – الطبري: م، س، ج٦، ص٢٩٦“ ابن الاثير: م، س، ج٥، ص٦١٠“ الذهبي: تأريخ الإسلام، ج٩، ص٣٥٦.

2 – أبو الفرج الأصبهاني: الأغاني، تح: علي مهنا وسمير جابر، (لبنان، د. س)، ج١٧، ص٣٣٥.

3 – ابن عساكر: م، س، ج٣٥، ص٢١٩“ ابن كثير: م، س، ج٦، ص٢٧٧.

4 – ابن عساكر: م، س، ج٧، ص١٣٠“ الذهبي: تأريخ الإسلام، ج١، ص٥٧.

5 – بۆ زانیاری زاتر، بڕوانە: (النووي: م،س، ج٤، ص٤٨٥).

6 – وكيع القاضي: أخبار القضاة، (بيروت، د. س)، ج٣، ص٢٥٩.

هەواڵنامەی کتێب

دیاریکراودا بووە، وەك بەخشینی ئەوزاعی، هەروەها بەفەرمی خەلیفە (المتوكل على الله ت٢٤٧هـ/٨٦١م) ئیمام (احمد بن حنبل ت٢٤١هـ/٨٥٥م)ی لەپۆشینی رەش بەخشی[1].

ئەندامانی بنەماڵەی عەلی (عەلەوییەکان) بەشێوەیەکی توندتر چاودێریدەکران‌و بەپۆشینی رەش ناچاردەکران، ئەو عەلەوییانەی پۆشینی رەشیان رەتدەکردەوە بەرەورووی گرتن دەبوونەوە، لەبەرئەوەی (عبد الله بن الحسین بن عبد الله بن إسماعیل بن عبد الله بن جعفر بن أبي طالب) پۆشینی رەشی رەتکردەوە، لە (سامراء) بەندکراو مایەوە هەتا لە بەندیخانەدا مرد[2]. هەروەها (القاسم بن عبد الله بن الحسین بن علي بن الحسین ابن علي بن أبي طالب) لەلایەن (عمر بن الفرج الرخجي) والی خەلیفە (المتوكل على الله ) لە حیجاز، برا بۆ (سامراء)، هەرچەندە سەرەتا رەتیکردەوە، بەڵام ناچارکرا بەوەی رەش بپۆشێت[3]. هەروەها دوای ئەوەی دەوڵەتی عەبباسی بەسەر عەلەوییە نەیارو یاخبووەکاندا سەردەکەوت، وەك هێمای خۆبەدەستەوەدان ناچاری دەکردن بەرگی رەش بپۆشن، بۆنموونە کاتێك (محمد بن جعفر) لە ساڵی (٢٠٠ك/٨١٥ز)دا لە مەککە شکستی هێنا جبەیەکی رەشی پۆشی‌و چووە سەر دوانگەو پەشیمانبوونەوەی خۆی دەربڕی‌و رایگەیاند کە خەلیفایەتی مافی مەئموونە[4].

دەتوانین بڵێین پۆشاکی رەش لەلای عەبباسییەکان‌و کاربەدەستانی خەلافەتی عەبباسی شێوە پیرۆزییەکی وەرگرت، تەنانەت ئەو کەسانەی کە کاربەدەستان لێیان تووڕەدەبوون، قەدەغەدەکران لەوەی پۆشاکی رەش بپۆشن، بۆنموونە (طاهر بن الحسین ت٢٠٧هـ/٨٢٢م) ویستی (إبراهیم بن رستم المروزي) بکات بە دادوەری خۆراسان، لەوکاتەی پۆشاکی رەشی کردەبەر، بە قۆڵەکەی لوتی سڕی، بۆیە تاهیر تووڕەبوو، فەرمانیکرد پۆشاکە رەشەکەی لەبەردابکەنن[5]. هەروەها هەر خەلیفەیەك پێچەوانەی ئەم سیاسەتەی بکردایە، ئەوا خەلافەتی بەرەورووی لێکترازان‌و ناکۆکی دەکردەوە، کاتێك لەساڵی (٢٠١ك/٨١٦ز)دا خەلیفە مەئمون (علي بن موسى بن جعفر بن محمد بن علي بن حسین بن علي بن أبي طالب)ی کرد بەجێنشین‌و خەلیفەی دوای خۆی، فەرمانیکرد پۆشاکو ئاڵای رەش لابرێت‌و سەوز بپۆشرێت، بەڵام لەکاردانەوەدا عەبباسییەکان‌و لایەنگرانیان لە بەغداد لە خەلیفە هەڵگەڕانەوەو (إبراهیم بن المهدی )یان کرد بەخەلیفە[6]، دواتر هەرچەندە خەلیفە لەدوای کۆچی دوایی ((علي بن موسى)ی جێنشین، بەسەر هەڵگەڕاوەکاندا سەرکەوت‌و لەساڵی (٢٠٤ك/٨٢٠ز)دا خۆی‌و هەموو جەنگاوەرەکانی بەئاڵاو پۆشاکی سەوزەوە چوونە ناو بەغداد، تەنانەت پۆشاکی سەوزیشی بەخەڵکی بەغدادو ئەندامانی بنەماڵەی هاشمیش پۆشی، هەر شتێکی رەشیشیان لەبەر کەسێکدا ببینیایە دەیاندڕی، بەڵام دواتر لەژێر فشاری لایەنگرانی عەبباسیدا، کاتێك (طاهر ابن الحسین) داوایلێکرد بگەڕێتەوە بۆ پۆشینی بەرگی باوانی (رەنگی رەش)، رەنگی سەوزی لاداو گەڕایەوە بۆ

---

1 – صالح بن حنبل: سیرة الامام أحمد بن حنبل، تح: د. فؤاد عبد المنعم، ط٢، (الاسكندریة، ١٤٠٤هـ)، ص١٠٥.

2 – أبو الفرج الأصبهاني: مقاتل، ص٣٩٣.

3 – أبو الفرج الأصبهاني: م، ن، ص٤٠٧" أبو نصر البخاري: سر السلسلة العلویة، ط١، أوفست عن طبعة منشورات المطبعة الحیدریة ومكتبتها في النجف الأشرف، ١٩٦٢م)، ص ص٧٠–٧١.

4 – الشیخ الصدوق: عیون أخبار الرضا، ج١، ص٢٢٤" الذهبي: تأریخ الإسلام، ج١٣، ص٧٩.

5 – الرازي: الجرح والتعدیل، ط١، (بیروت، ١٩٥٢م)، ج٢، ص٩٩.

6 – الطبري: م، س، ج٧، ص ص١٣٩–١٤١" المسعودي: م، س، ص ص٣٠٢–٣٠٣" ابن عساكر: م، س، ج٣٣، ص٢٨٣.

رەشپۆشی[1]. هەروەها دوای ئەوەی (عبد الرحمن بن أحمد بن عبد الله بن محمد بن عمر بن علي بن أبي طالب) لەساڵی (٢٠٧ك/٨٢٢ز)دا لە یەمەن دژی خەلیفە مەئمون وەستایەوە، ئیتر مەئمون رێگریکرد لەوەی تالبییەکان (نەوەکانی عەلی کوڕی ئەبو تالب) بچنەلای و جلی رەشیشی پێپۆشین[2]. دواتر لەسەردەمی خەلیفە (المتوكل )دا ئاڵایەکی رەش بەناوی ئاڵای پەیمان (لواء العهد)ەوە وەك هێما دەدرا بەجێنشین رەنگەکەی رەشبوو، هاوکات ئاڵایەکی دیکەی هەبوو بەناوی ئاڵای کار کە سپی بوو[3].

## پەرچەکرداری سە پاندنی رەشپۆشی

سەپاندنی پۆشاکی رەش لەلایەن عەبباسییەکانەوە، کاردانەوەی لەلای نەیارانی دەوڵەتی عەبباسی دروستکرد، بە پێچەوانەی رەنگی رەشی عەبباسییەکان، زۆربەی یاخیبوون و راپەرینەکانی دژ بە عەبباسییەکان رەنگی سپیان دەکردە هێما و دروشم، ئەمەش وەك ئاماژە بۆ بەرەنگاربوونەوەو رەتکردنەوەی دەسەڵاتی عەبباسییەکان، لەبەرئەوە زۆرجار شوێنکەوتووانی ئەو راپەرینانە بە سپییەکان (المبيضة) ناودەبران، بۆنموونە لایەنگرانی (إبراهيم بن عبد الله بن حسن) برای (محمد النفس الزكية ت١٤٥هـ/٧٦٢م) واناوبراون[4]، چونکە دوای ئەوەی توانی بەسرە لەدەست عەبباسییەکان دەربهێنێت، خەڵکی بەسرە پۆشاکی رەشیان فرێداو سپیان پۆشی[5]، هەروەها برای (أبو السرايا السري بن منصور الشيباني) لەساڵی (٢٠٢ك/٨١٧ز)دا سپی پۆشی و لە کوفە لە عەبباسییەکان یاخیبوو[6].

کاردانەوەی شیعەکان، بەشێوەیەکی رێکخراوترو بەرنامە بۆ داڕێژراو بوو، بۆنموونە هەموو ئەو وتەو ئەو کاتانەی کە ئیمامەکانی شیعە بە پۆشاکی رەشەوە بینراون، بە (تَقِيَّة[7]) لێکدراونەتەوە، دەوترێت شیعەکان پرسیاری زۆریان سەبارەت بە پۆشینی رەنگی رەش لە (ابو جعفر الصادق) کردووە، لەوکاتەشدا کە خۆی پۆشاکەکەی رەش بووە، وتوویەتی: دڵت سپی بکەرەوە چ رەنگێکت پێخۆشە بیپۆشە. راستەوخۆ دوای گێڕانەوەی وتەکە، دانەری پەرتووکەکە دەڵێت:"ئەمە لەبەر ترس (التقية) بووە"[8]. واتە ئیمامەکانی شیعە بۆ خۆپاراستن لە دەسەڵاتی عەبباسی لەکاتی

هەواڵنامەی کتێب

---

[1] – ابن أعثم الكوفي: م، س، ج٨، ص ص٤٢٤–٤٢٥" الطبري: م، س، ج٧، ص ص١٥٤–١٥٥.

[2] – الطبري: م، ن، ج٧، ص ص١٦٨–١٦٩" ابن الجوزي: المنتظم، ج١٠، ص١٦٠" الذهبي: تأريخ الإسلام، ج١٤، ص٢٢.

[3] - الطبري: م، س، ج٧، ص٣٥٧" ابن الاثير: م، س، ج٧، ص٤٩" فاروق عمر: م، س، ص٨٣١.

[4] – الطبري: م، س، ج٦، ص٢٤٩" ابن خلدون: مقدمة، ص٢٥٩.

[5] – الذهبي: تأريخ الإسلام، ج٩، ص٣٦.

[6] – ابن الجوزي: المنتظم، ج١٠، ص١٠٧" الذهبي: تأريخ الإسلام، ج١٤، ص٨.

[7] - بەمانای ترس (الخشية)و ترسان (الخوف) دێت، کە مرۆی هەڵگری بیروباوەڕو بۆچوونێك لەبەر ترس ئەوشتەی بەڕاستی دەزانێت بشارێتەوەو دەرینەبڕێت و خۆی لەگەڵ کەسانی دیکەدا بگونجێنێت کە لەدژی بۆچوونەکانی ئەون. تەقیە یەکێکە لەبنەما بیروباوەڕییەکانی ئایینزای شیعەی ئیمامی و چەندین وتەی ئیمامەکانیان لەوبارەیەوە گێڕاوەتەوە. دەگێڕنەوە کە (جعفر الصادق) وتوویەتی:"نۆ لە دەی ئایین لە تەقیەدایە، ئەوکەسەی تەقیەی نییەو نایکات، ئایینی نییە". هەروەها وتوویەتی:"تەقیە ئایینی خۆم و ئایینی باوانمە". بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (البرقي: المحاسن، (طهران، ١٣٧٠هـ)، ج١، ص٢٥٩" الكليني: الكافي، ج٢، ص ص٢١٧، ٢١٩" الشيخ الصدوق: الخصال، ص٢٢" **إبراهيم مصطفى وآخرون: المعجم الوسيط، تح: مجمع اللغة العربية، (د. م. س)، ج٢، ص١٠٥٢).**

[8] – الشيخ الصدوق: علل الشرائع، ج٢، ص٣٤٧.

پێویستدا رەنگی رەشیانپۆشیوە، (حذیفة بن منصور) دەگێڕێتەوە کە لای (جعفر الصادق) بووە لە حیرە، نوێنەری (ابو العباس السفاح) هاتووە بۆلای، ئەویش کەوایەکی بارانی هەبووە، بەلایە رەشەکەیدا لەبەریکردووەو وتوویەتی: من دەیپۆشم، دەشزانم کە پۆشاکی خەڵکی ئاگر (دۆزەخ)ە[1]، واتە لەبەرکردنی رەنگی رەش بە خۆپاراستن لێکدراوەتەوەو لەبەر ترس دروستە[2]. بەڵام زانایانی هاوچەرخی شیعە، رەشپۆشی بۆ یادکردنەوەی ئیمامەکانو کارەساتی کەربەلا بەدەر لەو رێگرتنو سەرزەنشتکردنانە دەکەن کە سەبارەت بەخراپی رەشپۆشی هاتوون، چونکە بەئاماژەی دڵتەنگیو خەفەتباری دادەنێنو دەڵێن رێگرتنی ئیمامەکان لە رەشپۆشین بۆ دەربڕینی دڵتەنگی بەرامبەر بە بەسەرهاتی حوسێن نەبووە، بەڵکو مەبەستیان خۆنەچوواندن بووە لە ستەمکارانی عەبباسی[3]، هەروەها لە (عمر بن علی زین العابدین) دەگێڕنەوە کە وتوویەتی: کاتێك حوسێنی باپیرەم کوژرا، ئافرەتانی نەوەی هاشم رەشیان پۆشی، بەسەرماو بەگەرما نەیانگۆڕی[4]، بەڵام ئەمە تەنها هەوڵدانە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە ئەگەر رەشپۆشی پۆشاکی فیرعەونو دوژمنانو دۆزەخییەکان بێت، بۆچی لەیادی عاشورادا شیعەکان رەش دەپۆشن؟ لەکاتێکدا ئەم یادە زۆر لەدوای سەرکەوتنو دامەزراندنی خەلافەتی عەبباسی هاتۆتەئارا.

لەئاستی دووەمدا لەجیاتی رەتکردنەوەی فەرموودەکانی تایبەت بە ئاڵاڕەشەکانو دەرخستنی پیلانی عەبباسییەکان بۆ دارشتنو دروستکردنی فەرموودە لەسەر ئاڵاڕەشەکانو بەکارهێنانی ئەو فەرموودانە لەبەرژەوەندی خۆیان، فەرموودەکانیان وەرگرتووە، بۆ ئەمەش گونجاندنو پێکەوە پەیوەستکردن کراوە لەنێوان ئاڵاڕەشەکانو دەرکەوتن یان هاتنی مەهدیو دەرکەوتنی کەسێك لە ئومەوییەکان بەناوی سوفیانییەوە، گوایە (محمد الباقر) وتوویەتی:"ئاڵاڕەشەکان کە لە خۆراسانەوە دەردەکەون، دێنە ناو کوفە، کە مەهدی دەرکەوت، بەیعەتی بۆ دەنێرن"[5]. واتە دانراوە بەدەرکەوتنی ئاڵا رەشەکانی لایەنگری عەبباسییەکان، بەڵام گوایە دواتر کۆمەڵێکی دیکەی ئاڵا رەش هەر لە خۆراسان دەردەکەون، کە کڵاویان رەشەو پۆشاکیان سپییە، کەسێك لە هۆزی تەمیم بەناوی (شعیب بن صالح بن شعیب) پێشەنگیانە، لایەنگرانی سوفیانی تێکدەشکێنێتو دەچێتە ناو قودسو ئامادەکاری دەکات بۆ دەسەڵاتی مەهدی، لەدەرچوونییەوە هەتا کارەکە دەداتە دەستی مەهدی حەفتاو دوو مانگ دەخایەنێت[6]، واتە پرسی دەرکەوتنی ئاڵاڕەشەکان کراوە بەدووجار، فەرموودەی رەشپۆشانی یەکەمو رەشپۆشانی دووەم دارێژراوە، کە دووەم یەکەم لەناودەبەن[7].

---

1 – الكليني: م، س، ج٦، ص٤٤٩" الشيخ الصدوق: علل الشرائع، ج٢، ص٣٤٧. ئەم گێڕانەوەیە لاوازە، چونکە (محمد بن سنان) گێڕاویەتییەوە، کە وتەی لێوەرنەگیراوە.

2 – علل الشرائع، ج٢، ص٣٤٧" الشيخ الصدوق: من لا يحضره الفقيه، ج١، ص٢٥٢.

3 – العاملي: الانتصار، ج٩، ص ص٢٣٩-٢٤٠.

4 – البرقي: م، س، ج٢، ص٤٢٠.

5 – نعيم بن حماد: م، س، ص٩٠" الشيخ الطوسي: الغيبة، تح: الشيخ عباد الله الطهراني والشيخ علي أحمد ناصح، ط١، (قم، ١٤١١هـ)، ص٤٥٢.

6 – نعيم بن حماد: م، س، ص ص١٩٧،١٨٨.

7 – نعيم بن حماد: م، ن، ص١٩١.

هەروەها (ابن كثير ت٧٧٤هـ/١٣٧٣م) بۆچوونی وایە کە هەندێك لە وتەکان ئەو ئاماژەیەیان تێدایە کە هێشتا نەهاتوونەتەدی‌و لە دواساتەکانی کۆتاهاتنی ژیان لەجیهاندا دێنەدی. لەمبارەوە دەڵێت:"ئەم گێڕانەوانەی سەبارەت بەئاڵا ڕەشەکان هەن، ئەگەر ڕاستبن ئەوە لەگەڵ هاتنی مەهدیدا دەردەکەون، کە یەکەم دەرکەوتنی لە مەککەیەو لایەنگرانی خۆراسان دەبن، هەروەك بۆ (ابوالعباس السفاح) ڕوویدا، هەموو ئەم وتانە کەوتوونەتەسەر ڕاستی ئەو فەرموودانە، ئەگەرچی زنجیرەی گێڕانەوەی هیچ یەکێکیان بێبەری نییە لەڕەخنەو قسەلەسەرکردن"[1].

بەبۆچوونی ئێمە هەندێك لەم وتانە لەدوای دەستپێکردنی بانگەوازی عەبباسییەوە دەرکەوتوون،، هەندێکیشیان دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عەبباسی هاتوونەتەئارا، بۆنموونە لەزمانی (محمد الباقر)ەوە دەگێڕنەوە کە وتوویەتی:"لەساڵی (١٢٩ك)دا ئاڵا ڕەشەکان دەردەکەون"[2]، ئەگەر ئەم وتەیە لەوکاتەدا بوونی هەبووایە ئەوا (الحارث بن سريج) لە ساڵی (١١٦ك/٧٣٤ز)داو (بهلول بن بشر)ی خەواریجی لەساڵی (١١٩ك/٧٣٧ز)دا ئاڵای ڕەشیان بەرزنەدەکردەوە، هاوکات نەك خەڵکی گشتی، بەڵکو شوێنکەوتووەکانیشیان بە ئاڵاڕەشییەکەیان باوەڕیان نەدەکردو ئەم وتە بۆ ڕەتکردنەوەیان بەکاردەهات، ئەگەر بشوترێت ئەوان شیعەنەبوون‌و باوەڕیان بە وتەکە نەبووە، بەڵام حارس لەخۆراسان ڕاپەڕی کە مەڵبەندی شوێنکەوتووانی عەلەوی‌و عەبباسییەکان بوو، ئەویش ئاڵاڕەشی بۆئەوە بەکارهێنا هەتا خەڵکی خۆراسان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، واتە ئەگەر وابووبێت، ئەوا کارێکی زۆر نەزانانەی کردووە، ئەمەش دوورە بۆ کەسایەتییەکی وەك حارس. هەروەها ئاماژەیەکی دیکە بۆهەڵبەستراوی وتەکان‌و دەرکەوتنیان لەدوای سەرکەوتنی عەبباسییەکان ئەوەیە کە لەهەندێك لە وتەکاندا زێدەڕۆییەکی زۆر کراوە، بۆنموونە لە ئاماژەکانی دەرکەوتنی مەهدیدا لەسەر زمانی (محمد بن الحنفية)و کەسانی دیکەوە لەهەندێك گێڕانەوەدا ساڵی (٢٠٠ك/٨١٥ز)و (٢٠٤ك/٨٢٠ز) بە ساڵی دەرکەوتنی مەهدی دانراوە[3]، ئەمەش دیارە پێچەوانەی مێژووە.

هەواڵنامەی کتێب

---

1 – م، س، ج٦، ص ص٢٧٧-٢٧٨.

2 – نعيم بن حماد: م، س، ص١١٨.

3 – نعيم بن حماد: م، ن، ص ص٢٠٥، ٢٠٦، ٤١٩.

## دەرەنجام

لەتوێژینەوەکەدا گەیشتینە ئەو دەرەنجامەی کە عەبباسییەکان لە قۆناغی سەرەتاو نهێنی بانگەوازەکەیاندا بڕیاری ئەوەیانداوە کە ئاڵای رەش‌و رەنگی رەش بکەنە هێماو ئاماژەی بزووتنەوەکەیان، هاوکات هەرێمی خۆراسان بکرێتە مەڵبەندی سەرەکی بانگەوازەکە، بۆئەوەی هەستی ئایینی مسوڵمانانیش بجوڵێنن‌و بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاریبهێنن، بەبێ سڵەمینەوە چەندین فەرموودەیان سەبارەت بەدەرکەوتنی ئاڵاڕەشەکان لەخۆراسانەوەو سەرکەوتنیان بەسەر دەوڵەتی ئومەویدا بوناوی پێغەمبەرو یارانییەوە دروستکردو بلاوکردەوە، بەمەش توانیان زەمینەیەکی ئایینی لەبار بۆبەرژەوەندی خۆیان‌و لەدژی ئومەوییەکان دروستبکەن، دواتر لەکاتی ئاشکراکردنی بانگەوازەکەدا رەنگی رەش‌و ئاڵاڕەشییان کردە هێمای خۆیان، بەمەش سەرهەڵدانی بانگەوازی عەبباسی لە رۆژهەلاَت خۆراسان)ەوە لەدژی دەوڵەتی ئومەوی لەلای زۆرینەی خەڵك بەهاتنەئارای فەرموودەکانیان لێکدایەوە، بۆیە بەکاتێکی کەم توانیان کۆتایی بە دەوڵەتی ئومەوی بهێنن.

هاوکات بۆیە خەڵك کاردانەوەو کارلێکی پێویستی نەبوو بۆ ئەو بزووتنەوانەی ئاڵای رەشیان لەپێش ئاشکراکردنی بانگەوازی عەبباسیدا بەرزکردەوە، چونکە داڕێژەرو بلاوکەرەوەی ئەو فەرموودەو پێشهاتانە بریتیبوو لە رێکخستنێکی تۆکمەی نهێنی (بانگەوازی عەبباسی)و لایەنگرانی خۆی ئاگادار دەکردەوە کەخۆیان لەو بزووتنەوەو راپەڕینانە نزیك نەکەنەوە.

بەگوێرەی گێڕانەوە مێژووییەکان بەرنامەڕێژی ئاڵاڕەشی خودی عەبباسییەکان نەبوون، بەڵکو (ابو هاشم عبدالله محمد بن الحنفية بن علي بن ابي طالب) لەگەڵ سپاردنی بانگەوازەکەی بە (محمد بن علي بن عبد الله بن العباس)، پلانی ئەوەشی بۆداناوە کە رەنگی رەش هێمایانەو هەواڵ‌و پێشبینی دەرکەوتنی ئالاَ رەشەکانیشی پێوتووە.

عەبباسییەکان دوای سەرکەوتنیان خەڵکیان ناچارکرد رەش بپۆشن، ئەمەش وایکرد پەرچەکردار لەلای بزووتنەوە نەیارەکان‌و هەندێك لەزانایان بێتەئاراوە، بەتایبەتیش لەلای شیعەدا کاردانەوەی وتەو فەرموودەکان سەبارەت بەرەشپۆشی‌و ئاڵاڕەشی زۆر بەتوندی‌و فراوانی سەریهەڵداو هەوڵیانداوە زۆربەی ئەو وتەو فەرموودانەی لە بەرژەوەندی عەبباسییەکانن پێچەوانە دابرێژنەوە، تەنانەت پۆشاکی رەش بۆ پۆشاکی فیرعەون‌و دوژمن‌و خەڵکی دۆزەخ چوێندراوە.

سەبارەت بەهۆکاری کردنی رەنگی رەش بەهێما، بۆچوونی جۆراوجۆر هەیە، بەلاَم دروستترین بۆچوون ئەوەیە کە پێغەمبەر لە جەنگی حونەین‌و فەتحی مەککەدا ئاڵایەکی رەشی داوەتە دەست عەبباسی مامی، هەروەها نەوەو بنەماڵەی (عبد المطلب) رەشیان وەك بەختباشی بۆخۆیان سەیرکردووە.

ئەو پاشخانە ئاینییەی لەلایەن عەبباسییەکانەوە بۆ ئاڵاڕەشی‌و رەشپۆشی دروستکرا، پاڵنەرو هۆکارێکی بەردەوامە کە لە رۆژگاری ئەمڕۆشدا گروپە ئیسلامییە توندڕەوەکان ئاڵای رەش بەرودەکەنەوەو دەیکەنە هێماو ئاماژەی خۆیان.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: سەرچاوە ڕەسەنەکان:

ابن الأثير، عزالدين أبي الحسن علي بن أبي الكرم محمد بن محمد بن عبد الكريم الشيباني (٦٣٠هـ/١٢٣٣م):

١. الكامل في التأريخ، دار صادر ودار بيروت، (بيروت، ١٣٨٦هـ/١٩٦٦م).

احمد ابن حنبل، أبو عبد الله أحمد بن محمد الشيباني الوائلي (٢٤١هـ/٨٥٥م):

٢. مسند الإمام أحمد، مؤسسة قرطبة، (مصر، د. س).

٣. فضائل الصحابة، تحقيق: د. وصي الله محمد عباس، الطبعة الأولى، مؤسسة الرسالة، (بيروت، ١٤٠٣هـ/١٩٨٣م).

٤. السنة، تحقيق: د. محمد سعيد سالم القحطاني، الطبعة الاولى، دار ابن القيم، (الدمام، ١٤٠٦هـ).

الازدي: ابو زكريا يزيد بن محمد بن اياس بن قاسم (٣٣٤هـ/٩٤٥م):

٥. تاريخ الموصل، تحقيق: د. علي حبيبة، (القاهرة، ١٣٨٧هـ١٩٦٧م).

ابن أعثم الكوفي: أبو محمد أحمد بن علي (٣١٤هـ/٩٢٦م):

٦. كتاب الفتوح، تحقيق: علي شيري، الطبعة الأولى، دار الأضواء للطباعة والنشر والتوزيع، (بيروت، ١٤١١هـ).

البخاري، أبو عبدالله محمد بن إبراهيم بن إسماعيل الجعفي (٢٥٦هـ/٨٧٠م):

٧. التأريخ الكبير، تحقيق: السيد هاشم الندوي، دار الفكر، (د. م. س).

البرقي، أبو جعفر أحمد بن محمد بن خالد (٢٧٤هـ/٨٨٧م):

٨. المحاسن، تصحيح وتعليق: السيد جلال الدين الحسيني، الطبعة الاولى، دار الكتب الإسلامية، (طهران، ١٣٧٠هـ/١٣٣٠ش).

الخطيب البغدادي، أبو بكر أحمد بن علي بن ثابت (٤٦٣هـ/١٠٧٢م):

٩. تأريخ بغداد، دراسة وتحقيق: مصطفى عبدالقادر عطا، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية، (بيروت، ١٤١٧هـ/١٩٩٧م).

ابن الجوزي، أبو الفرج عبد الرحمن بن علي بن محمد القرشي (٥٩٧هـ/١٢٠١م):

١٠. المنتظم في تأريخ الملوك والأمم، الطبعة الأولى، دار صادر، (بيروت، ١٣٥٨هـ).

١١. الموضوعات، ضبط وتقديم وتحقيق : عبد الرحمن محمد عثمان، الطبعة الأولى، المكتبة السلفية، (المدينة المنورة، ١٣٨٦هـ/١٩٦٦م).

ابن حبان، أبو حاتم محمد بن حبان بن أحمد بن حبان التميمي البستي (٣٥٤هـ/٩٦٥م):

١٢. الثقات، تحقيق: السيد شرف الدين أحمد، الطبعة الأولى، دار الفكر، (د. م، ١٣٩٥هـ/١٩٧٥م).

١٣. المجروحين من المحدثين والضعفاء والمتروكين، تحقيق: محمود إبراهيم زايد، الطبعة الأولى، دار الوعي، (حلب، ١٣٩٦هـ).

ابن حجر العسقلاني، أبو الفضل أحمد بن علي بن محمد الكناني الشافعي (٨٥٢هـ/١٤٤٩م):

١٤. لسان الميزان، تحقيق: دائرة المعرف النظامية/الهند، الطبعة الثالثة، مؤسسة الأعلمي للمطبوعات، (بيروت، ١٤٠٦هـ/١٩٨٦م).
أبو حنيفة الدينوري، أحمد بن داود (٢٨٢هـ/٨٩٥م):
١٥. الأخبار الطوال، تحقيق: عبد المنعم عامر، مراجعة: الدكتور جمال الدين الشيال، الطبعة الأولى، دار إحياء الكتب العربي، عيسى البابي الحلبي وشركاه، (القاهرة، ١٩٦٠م).
ابن خلدون، أبو زيد عبد الرحمن بن محمد بن محمد الحضرمي (٨٠٨هـ/١٤٠٦م):
١٦. تأريخ ابن خلدون، الطبعة الخامسة، دار القلم، (بيروت، ١٩٨٤م).
١٧. مقدمة ابن خلدون، الطبعة الخامسة، دار القلم، (بيروت، ١٩٨٤م).
أبو داود، سليمان بن الأشعث بن اسحق بن بشير الأزدي السجستاني (٢٧٥هـ/٨٨٩م):
١٨. سنن أبي داود، تحقيق: محمد محيي الدين عبد الحميد، دار الفكر، (د. م. س).
الذهبي، أبو عبدالله شمس الدين محمد بن أحمد بن عثمان بن قايماز (٧٤٨هـ/١٣٤٨م):
١٩. تأريخ الإسلام ووفيات المشاهير والأعلام، تحقيق: د. عمر عبد السلام تدمرى، الطبعة الأولى، دار الكتاب العربي، (بيروت، ١٤٠٧هـ /١٩٨٧م).
٢٠. سير أعلام النبلاء، تحقيق: شعيب الأرناؤوط وحسين الأسد، الطبعة التاسعة، مؤسسة الرسالة، (بيروت، ١٤١٢هـ/١٩٩٣). (المجلد الخامس من تحقيق شعيب الأرناؤوط فقط).
الرازي، الامام الحافظ ابو محمد عبدالرحمن بن ابي حاتم التميمي (٣٢٧هـ/٩٣٨م):
٢١. الجرح والتعديل، الطبعة الاولى، مطبعة مجلس دائرة المعارف العثمانية/ بحيدر آباد الدكن، دار إحياء التراث العربي، (بيروت، ١٣٧١هـ/١٩٥٢م).
ابن ابي زينب النعماني: ابو عبدالله محمد بن ابراهيم بن جعفر الكاتب (ت ٣٦٠هـ/٩٧١م):
٢٢. كتاب الغيبة، تحقيق: فارس حسون كريم، الطبعة الاولى، منشورات انوار الهدى، مطبعة مهر، (قم، ١٤٢٢هـ).
السرخسي: ابوبكر محمد بن ابي سهل (٤٨٣هـ/١٠٩٠م):
٢٣. شرح السير الكبير، تحقيق: الدكتور صلاح الدين المنجد، مطبعة مصر، (د.م،١٩٦٠م).
ابن سعد، أبو عبدالله محمد بن سعد بن منيع البصري الزهري (٢٣٠هـ/٨٤٥م):
٢٤. الطبقات الكبرى، دار صادر، (بيروت، د. س).
السيوطي، جلال الدين عبد الرحمن بن أبي بكر بن محمد ابن سابق الدين (٩١١هـ/١٥٠٥م):
٢٥. اللآلىء المصنوعة في الأحاديث الموضوعة، تحقيق: أبو عبد الرحمن صلاح بن محمد بن عويضة، الطبعة الأولى، دار الكتب العلمية، (بيروت، ١٤١٧هـ/١٩٩٦م).
ابن شهر آشوب، مشير الدين أبو عبدالله محمد بن علي المازندراني (٥٨٨هـ/١١٩٢م):
٢٦. مناقب آل أبي طالب، تصحيح وشرح ومقابلة: لجنة من أساتذة النجف الأشرف، مطبعة الحيدرية، (النجف، ١٣٧٦هـ/١٩٥٦م).
ابن أبي شيبة الكوفي، أبو بكر عبد الله بن محمد (٢٣٥هـ/٨٥٠م):

هەواڵنامەی کتێب

٢٧. مصنف ابن ابي شيبة، تحقيق: كمال يوسف الحوت، الطبعة الأولى، مكتبة الرشد، (الرياض، ١٤٠٩هـ).

صالح بن حنبل، ابو الفضل صالح بن أحمد بن حنبل (٢٦٥هـ/٨٧٨م):

٢٨. سيرة الامام أحمد بن حنبل، تحقيق: الدكتور فؤاد عبد المنعم أحمد، الطبعة الثانية، دار الدعوة، (الاسكندرية، ١٤٠٤هـ).

الشيخ الصدوق، أبو جعفر محمد بن علي بن الحسين بن بابوية القمي (٣٨١هـ/٩٩١م):

٢٩. الخصال، تصحيح وتعليق: علي أكبر الغفاري، منشورات جماعة المدرسين في الحوزة العلمية في قم المقدسة، (قم، ١٤٠٣هـ/١٣٦٢ش).

٣٠. من لا يحضره الفقيه، تص وتع: علي أكبر الغفاري، الطبعة الثانية، منشورات جماعة المدرسين في الحوزة العلمية في قم المقدسة، (قم، ١٤٠٤هـ).

٣١. عيون أخبار الرضا (ع)، تصحيح وتعليق وتقديم: الشيخ حسين الأعلمي، مؤسسة الأعلمي للمطبوعات، مطابع مؤسسة الأعلمي، (بيروت، ١٤٠٤هـ/١٩٨٤م).

٣٢. علل الشرائع، تقديم: السيد محمد صادق بحر العلوم، منشورات المكتبة الحيدرية ومطبعتها، النجف، ١٣٨٥هـ/١٩٦٦م.

الطبراني، أبو القاسم سليمان بن أحمد بن أيوب (٣٦٠هـ/٩٧٠م):

٣٣. المعجم الأوسط، تحقيق: طارق بن عوض الله بن محمد وعبد المحسن بن إبراهيم الحسيني، دار الحرمين، (القاهرة، ١٤١٥هـ).

٣٤. المعجم الكبير، تحقيق وتخريج: حمدي بن عبدالمجيد السلفي، الطبعة الثانية، مكتبة الزهراء، (الموصل،١٩٨٥)

الطبري، أبو جعفر محمد بن جرير (٣١٠هـ/٩٢٣م):

٣٥. تأريخ الطبري (تأريخ الأمم والملوك)، مراجعة وتصحيح وضبط: نخبة من العلماء، الطبعة الرابعة، مؤسسة الأعلمي للمطبوعات، (بيروت، ١٩٨٣م)، طبعت على النسخة المطبوعة بمطبعة "بريل" بمدينة لندن في سنة ١٨٧٩ م).

الشيخ الطوسي: أبو جعفر محمد بن الحسن بن علي بن الحسن (٤٦٠هـ/١٠٦٨م):

٣٦. الغيبة، تحقيق: الشيخ عباد الله الطهراني والشيخ علي أحمد ناصح، الطبعة الأولى، مؤسسة المعارف الإسلامية – قم المقدسة، مطبعة بهمن، قم، ١٤١١هـ.

ابن عبد ربه، أبو عمر أحمد بن محمد الأندلسي (٣٢٨هـ/٩٤٠م):

٣٧. العقد الفريد، الطبعة الثالثة، دار إحياء التراث العربي، (بيروت، ١٤٢٠هـ/١٩٩٩م).

ابن عدي، أبو أحمد عبدالله بن عدي بن عبدالله بن محمد الجرجاني (٣٦٥هـ/٩٧٦م):

٣٨. الكامل في ضعفاء الرجال، تحقيق: يحيى مختار غزاوي، الطبعة الثالثة، دار الفكر، (بيروت، ١٤٠٩هـ/١٩٨٨م).

ابن عساكر: أبو القاسم علي بن الحسن إبن هبة الله بن عبد الله الشافعي (٥٧١هـ/١١٧٦م):

٣٩. تأريخ مدينة دمشق وذكر فضلها وتسمية من حلها من الأماثل، تحقيق: محب الدين أبي سعيد عمر بن غرامة العمري، دار الفكر، (بيروت، ١٩٩٥م).

هەولاتامەی کتێب

ابن فارس، أبو الحسين أحمد بن فارس بن زكريا الرازي (٣٩٥هـ/١٠٠٤م):

٤٠. معجم مقاييس اللغة، تحقيق: عبد السلام محمد هارون، الطبعة الثانية، دار الجيل، (بيروت، ١٤٢٠هـ/١٩٩٩م).

أبو الفرج الأصبهاني، علي بن الحسين بن محمد بن أحمد (٣٥٦هـ/٩٦٧م):

٤١. الأغاني، تحقيق: علي مهنا وسمير جابر، دار الفكر للطباعة والنشر، لبنان، (د. س).

٤٢. مقاتل الطالبيين، تقديم وإشراف: كاظم المظفر، الطبعة الثانية، منشورات المكتبة الحيدرية ومطبعتها، (النجف، ١٣٨٥ هـ/١٩٦٥م).

الفسوي، أبو يوسف يعقوب بن سفيان (٢٧٧هـ/٨٩٠م):

٤٣. المعرفة والتاريخ، تحقيق: خليل المنصور، دار الكتب العلمية، (بيروت، ١٤١٩هـ١٩٩٩م).

ابن قتيبة الدينوري، أبو محمد عبد الله بن مسلم (٢٧٦هـ/٨٨٩م):

٤٤. الإمامة والسياسة، تحقيق: خليل المنصور، دار الكتب العلمية، (بيروت، ١٤١٨هـ/١٩٩٧م).

٤٥. المعارف، تحقيق: د. ثروت عكاشة، دار المعارف، القاهرة، (د. س).

القلقشندي، أحمد بن علي بن أحمد الفزاري (٨٢١هـ/١٤١٨م):

٤٦. صبح الأعشى في كتابة الإنشا، تحقيق: عبد القادر زكار، وزارة الثقافة، دمشق، ١٩٨١م.

٤٧. مآثر الإنافة في معالم الخلافة، تحقيق: عبد الستار أحمد فراج، الطبعة الثانية، مطبعة حكومة الكويت، (الكويت، ١٩٨٥م).

ابن قيم الجوزية، أبو عبد الله محمد بن أبي بكر بن أيوب الزرعي الدمشقي (٧٥١هـ/١٣٥٠م):

٤٨. زاد المعاد في هدي خير العباد، تحقيق: شعيب الأرناؤوط وعبد القادر الأرناؤوط، الطبعة الرابعة عشر، مؤسسة الرسالة/ بيروت ومكتبة المنار الإسلامية/ الكويت، (د.م، ١٤٠٧هـ/١٩٨٦م).

ابن كثير، أبو الفداء إسماعيل بن عمر القرشي (٧٧٤هـ/١٣٧٣م):

٤٩. البداية والنهاية، تحقيق وتدقيق وتعليق: علي شيري، الطبعة الاولى، دار إحياء التراث العربي، (بيروت، ١٤٠٨هـ/١٩٨٨م).

الكليني، الإمام أبو جعفر محمد بن يعقوب بن اسحق الرازي (٣٢٩هـ/٩٤١م):

٥٠. الكافي، تصحيح وتعليق: علي أكبر الغفاري، دار الكتب الإسلامية، الطبعة الثالثة، مطبعة حيدري، (طهران، ١٣٦٧ش).

القاضي الماوردي، علي بن محمد بن حبيب البصري الشافعي (٤٥٠هـ/١٠٥٨م):

٥١. الحاوي الكبير في فقه مذهب الإمام الشافعي وهو شرح مختصر المزني، تحقيق: الشيخ علي محمد معوض والشيخ عادل أحمد عبد الموجود، الطبعة الأولى، دار الكتب العلمية، (بيروت، ١٤١٩هـ/١٩٩٩م).

مؤلف مجهول: (القرن الثالث الهجري):

٥٢. أخبار الدولة العباسية، تحقيق: الدكتور عبد العزيز الدوري والدكتور عبد الجبار المطلبي، دار الطليعة، مطابع دار صادر، (بيروت، ١٩٧١م).

المتقي الهندي، علاءالدين علي المتقي بن حسام الدين بن قاضي خان القادري (٩٧٥هـ/١٥٦٧م):

٥٣. كنز العمال في سنن الأقوال والأفعال، تحقيق: محمود عمر الدمياطي، الطبعة الأولى، دار الكتب العلمية، (بيروت، ١٤١٩هـ/١٩٩٨م).

المسعودي، أبو الحسن علي بن الحسين بن علي (٣٤٦هـ/٩٥٧م):

٥٤. التنبيه والإشراف، دار صعب، (بيروت، د. س).

أبو نصر البخاري، سهل بن عبدالله بن داود بن سليمان بن ابان بن عبدالله (بعد ٣٤٦هـ/٩٥٧م):

٥٥. سر السلسلة العلوية، تقديم وتعليق: السيد محمد صادق بحر العلوم، الطبعة الأولى، انتشارات شريف الرضي، ١٤١٣هـ/١٣٧١ش، (أوفست عن طبعة منشورات المطبعة الحيدرية ومكتبتها في النجف الأشرف، ١٣٨١هـ/١٩٦٢م).

نعيم بن حماد، أبو عبد الله نعيم بن حماد بن معاوية المروزي (٢٢٩هـ/٨٤٤م):

٥٦. كتاب الفتن،تحقيق وتقديم: الدكتور سهيل زكار، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، (بيروت، ١٩٩٣م).

النووي، ابو زكريا محي الدين بن شرف (٦٧٦هـ/١٢٧٧م):

٥٧. المجموع شرح المهذب، دار الفكر، (د.م.س).

ابن هشام، ابو محمد عبدالملك بن هشام بن ايوب الحميري (٢١٨هـ/٨٣٣م):

٥٨. السيرة النبوية، تحقيق وضبط وتعليق: محمد محي الدين عبدالحميد، مطبعة المدني، مكتبة محمد علي صبيح واولاده بمصر، (القاهرة، ١٣٨٣هـ/١٩٦٣م).

الهيثمي، أبو الحسن علي بن أبي بكر بن سليمان (٨٠٧هـ/١٤٠٥م):

٥٩. مجمع الزوائد ومنبع الفوائد، دار الكتب العلمية، (بيروت، ١٤٠٨هـ/١٩٨٨م).

الواقدي، أبو عبد الله بن عمر (٢٠٧هـ/٨٢٣م):

٦٠. فتوح الشام، دار الجيل، (بيروت، د. س).

وكيع القاضي، محمد بن خلف بن حيان (٣٠٦هـ/٩١٨م):

٦١. أخبار القضاة، عالم الكتب، بيروت، (د. س).

اليعقوبي: أحمد بن أبي يعقوب بن جعفر بن وهب بن واضح (٢٩٣هـ/٩٠٥م):

٦٢. تأريخ اليعقوبي، دار صادر، (بيروت، د. س).

٦٣.

هەواڵنامەی کتێب

**دووەم: سەرچاوە نوێکان:**

إبراهيم مصطفى، أحمد الزيات، حامد عبد القادر ومحمد النجار:

٦٤. المعجم الوسيط، تحقيق: مجمع اللغة العربية، دار الدعوة، (د . م . س).

الحاج حسين الشاكري:

٦٥. موسوعة المصطفى والعترة، الطبعة الأولى، مطبعة ستارة، نشر الهادي، (قم، ١٤١٧هـ).

العاملي:

٦٦. الانتصار... مناظرات الشيعة في شبكات الانترنيت (دفاعا عن مراسم عاشوراء وقداسة كربلاء والتربة الحسينية)، الطبعة الاولى، دار السيرة، (بيروت، ١٤٢٢هـ)

فاروق عمر (الدكتور):

٦٧. الألوان ودلالتها السياسية في العصر العباسي الاول، مجلة كلية الآداب/ تصدرها كلية الآداب في جامعة بغداد، مطبعة المعارف، المجلد، العدد الرابع عشر، (بغداد، ١٩٧٠–١٩٧١م).

كلود عبيد:

٦٨. الألوان: دورها، تصنيفها،مصادرها، رمزيتها ودلالته، مراجعة وتقديم: د. محمد حمود، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، (بيروت، ١٤٣٤هـ/٢٠١٣م).

هەواڵنامەی کتێب

## الملخص

## الراية السوداء والمسودة بين السياسة والخلفية الدينية
## في الفترة ( ١٠٠هـ/٧١٨م- ٢٤٧هـ/٨٦١م )

اتخذت الدعوة العباسية اللون الاسود علامة ورمزا لها، واستطاعت ان تخلق خلفية دينية حول الراية السوداء واللون الاسود، على الرغم من ان الدين الاسلامي لم يفضل لونا على اللون الاخر، حيث لم يرد في اي نص لا في القران الكريم ولافي الاحاديث النبوية الصحيحة، كما لم يتخذ اي لونا رمزا وشعارا لا في العهد النبي ولا في عهد الخلافة الراشدية، ولكن استطاعت الدعوة العباسية ان تخلق الخلفية الدينية لاستخدام اللون الاسود شعارا لها وذلك عن طريق إلفاق العديد من الاحاديث على لسان النبي والصحابة، وبسبب هذه الخلفية الدينية، فان الجماعات الاسلامية المتطرفة ترفع الراية السوداء حتى يومنا هذا.

فهذه الدراسة تتناول التوظيف السياسي للدين (الراية السوداء والمسودة نموذجا) من قبل الدعوة العباسية منذ نشأتها الى نهاية العصر العباسي الاول (١٠٠هـ/٧١٨م – ٢٤٧هـ/٨٦١م)، ويتكون من ثلاث مباحث، تناولنا في المبحث الاول الخلفية الدينية لاستخدام الراية السوداء والمسودة. والمبحث الثاني يتناول مرحلة ظهور وانتشار الاحاديث والتنبؤات حول الرايات السود وظهورها، والمبحث الثالث يتناول قيام الخلافة العباسية بفرض اللون الاسود على الامة وردود الفعل المعارضين على ذلك.



## Abstract

## Black flag and mourning between political and religious background
## (100-247 AH.....718-861 AD)

Although there is not any Islamic text or sayings from prophet and Rashidun Caliphs to demonstrate which colour is better or worthier than others, the Abbasids used black colour as a symbol and motto in their call, which consequently could create a religious background among ordinary people and historical religious books regarding black colour. Also, they created many fabrication Sayings of the Prophet and his companies, which until these days, black flag is raised by many Islamic extremist groups.

This research concentrates on Utilizing religion as a political aim from from the Abbasids call and Abbasids authority (black colour as an example) for their political interests from the early Abbasids call until Caliphate Abbasids This study is divided into three parts. the end of first Abbasside period 247 AH. The first one discuses black colour and mourning in the origin of Islam. The second part attempts to introduce and demonstrate stages of raising and spread of motto of those who raised black colour. The third part has mentioned the Imposition of black color from Abbasside and the reaction of that policy.

هەواڵنامەی کتێب

KURDISTAN ACADEMICS ASSOCIATION

KAA

کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کوردستان

KURDISTAN ACAMECS ASSOCIATION

KTRC 2004

دەستەی کوردستانی

بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی

# گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان

# ڕاپەڕینی هۆزی هەمەوەند ساڵی ١٩٠٨ - ١٩٠٩
# توێژینەوەیەکی بەڵگەنامەیی سەبارەت بەو ڕاپەڕینە

فەرهاد عەبدولعەزیز محەمەد ئەمین
خوێندکاری دکتۆرا
کۆلێژی ئەدەبیات – زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر

هەواڵنامەی کتێب

**پێشەکی:**

پاش رووخانی میرنشینی بابان و گەڕانەوەی دەسەڵاتی ناوەندی عوسمانی، هەمەوەندەکان یەك لەو هۆزانە بوون کە دژ بەو بڕیارە ڕاپەڕیون، ئەو ڕاپەڕینەی کە لەژێر سەرکردایەتی عەزیز بەگی باباندا لە ساڵی ١٨٥١ز دەستیان پێکردووە، بەدرێژایی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم و ساڵەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم دەستبەرداری نەبوون و نەیان هێشتووە خامۆش ببێتەوە.

یەك لە ڕاپەڕینە هەرە کاریگەرەکانی هەمەوەندەکان، کە وەك درێژکراوەی جوڵانەوەو یاخیبوونەکانی پێشوویان بەرپایان کردووە. بریتیە لەو ڕاپەڕینەی کە ساڵی ١٩٠٨ز دژ بە کودەتای تورکەلاوەکان و جاڕدانی مەشروتیەت بەهەمان شێوەی زۆر لە نەتەوەو هۆزو هەرێم و ناوچەکانی تری ناو چوارچێوەی سنووری قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی بەرپایانکردووە. ئەم ڕاپەڕینەی هەمەوەندەکان گرنگیەکەی لەوەدایە کە هەم لەڕووی ماوەوە ڕاپەڕینێکی درێژخایەن بووەو بۆ ماوەی نزیکەی دوو ساڵ بەردەوامی هەبووە. هەم لەڕووی چالاکی و جموجۆڵی چەکداریشەوە ئەوەندە کاریگەر بووە، بەجۆرێك کە عوسمانیەکان ناچاربوون بۆ دامرکاندنەوەو زاڵبوون بەسەریدا داوای ڕێکەوتن و هاوکاری لە دەوڵەتی ئێران بکەن و، پێکەوە بە دووقۆڵی کار لەسەر پەلاماردان و سەرکوتکردنی بکەن.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە ڕێبازەکانی توێژینەوەی زانستی پەیڕەو بکرێت، لەسەر بنەمای پشتبەستن بە بەڵگەنامەو نووسراوی ڕەسمی تایبەت بەبابەتەکەو، شیکردنەوەو تێڕامان لەزانیاریەکانیان و تەماشاکردنیان بەچاوێکی ڕەخنەگرانەی زانستیانەوە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی بێلایەنی لە داڕشتن و بەیانکردنی زانیارییەکاندا.

ئەم توێژینەوەیە پێشەکی و سێ تەوەری سەرەکی و ئەنجامێکی لەخۆگرتووە، تەوەری یەکەم ، بۆ باسکردنی قۆناغی یەکەمی ڕاپەڕینەکە تەرخانکراوەو لەو چوارچێوەیەدا سەرباری کورتەباسێك لەسەر ناساندنی هەمەوەندەکان و هەروەها بەیانکردنی هۆکارەکانی بەرپابوونی ڕاپەڕینەکە، باس لە وردەکاری ڕووداوەکانی قۆناغی یەکەمی ڕاپەڕینەکەش کراوە. تەوەری دووەمیش، بۆ شیکردنەوەی ئەو هەوڵانە تەرخانکراوە کە هەریەك لە دەوڵەتانی ئێران و عوسمانی خستوویانەتە گەڕ لەپێناو سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکەدا. هەرچی تەوەرەی سێیەمیشە، بۆ باسکردنی

قۆناغی دووەمی راپەڕینەکە تەرخانکراوەو باس لەو ئاستەنگانە کراوە کە لەلایەن عوسمانیەکانەوە خراوەتە بەردەم هەمەوەندەکان، کە ئەوەش هۆکار بووە بۆ دووبارە یاخیبوونەوەی هەمەوەندەکان و ناچارکردنیان بەوەی کە سەرلەنوێ رووبکەنەوە سنوورەکانی ئێران، تا ئەوکاتەی کە لەئەنجامدا عوسمانیەکان ناچار ماون لەبەردەم بەردوامی خەباتی هەمەوەندەکاندا دان بەشکستی خۆیاندا بنێن و لێبووردنی گشتی بۆ سوارەکانیان دەربکەن و رێگەیان پێ بدەن جارێکی تر بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان.

بەو هۆیەوە کە پریشکی ئەم راپەڕینە لەهەمان کاتدا بەر هەردوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی کەوتووە. ئەمە کارێکی کردووە کە لەناو ئەرشیفی بەڵگەنامەکانی هەردوو وولاتدا ژمارەیەکی زۆر بەڵگەنامەی تایبەت بەو راپەڕینە بوونیان هەبێت، کە تایبەت کراون بەرووداوەکانی راپەڕینەکەو ئەو هاوکاری و هەماهەنگیەی کە لەنێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا هاتۆتە ئاراوە بۆ لێدانی ئەو راپەڕینە. ئەو بەڵگانە هەرچەندە بەگیانی ناحەزانەو دوژمنکارانەوە نوسراون، بەڵام لەهەمان کاتدا گەنجینەیەکی دەوڵەمەندن و پڕن لە زانیاری تازەو شاراوە دەربارەی راپەڕینەکە. جا گرفتی گەورەی بەردەم هەر توێژەرێك بەدەر لەچۆنیەتی دەسخستنی ئەو بەڵگانە، بریتیە لەچۆنیەتی وەرگێڕانی بەڵگەکان. بەتایبەت کە ئەو بەڵگانە لەکاتی خۆیاندا لەپێناوی نووسینەوەو تۆمارکردنی مێژوودا نەنووسراونەتەوە، بەڵکو زۆربەیان بروسکەو نامەی سەربازین و کۆمەڵێك ووشەو هێمایان لەخۆگرتووە کە تێگەیشتنیان کارێکی ئاسان نیە. هەروەها هەریەك لەو بەڵگانە بەزمانی سەردەمەکەی خۆیان نووسراونەتەوە، کە لەچاو ئێستادا ئەو زمانانە گۆرانکاری زۆریان بەسەردا هاتووە، بەجۆرێك کە قسەکەرانی خودی ئەو زمانە هەروا بەئاسانی ناتوانن لێیان تێبگەن، چ جای کەسانێکی بێگانە کە ئەو زمانانە زمانی یەکەمی قسەکردنی خۆیان نیە. سەرباری هەموو ئەمانەش بەتایبەت بەڵگەنامەکانی ناو ئەرشیفی دەوڵەتی ئێران زۆربەیان بەشێوە رێنووسێك نووسراونەتەوە کە نەك وەرگێڕانیان تەنانەت خوێندنەوەشیان کارێکی زۆر گرانە بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە شارەزایی زۆرباشیان لەشێوازە جیاوازەکانی رێنووسەکاندا نیە.

هەموو ئەوانەی باسکران دیارترین ئەو گرفتانە بوون کە هاتوونەتە بەردەم ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە، بەڵام سەرباری هەموو ئەمانەش توانراوە ژمارەیەکی باش بەڵگەنامەی ناو ئەرشیفەکانی هەردوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی بەردەست بخرێن و سوودیان لێوەربگیرێت و بکرێن بەسەرچاوە بۆ ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە. سەرباری بەڵگەنامە لەئامادەکرنیئەم توێژینەوەدا زیاتر هەوڵدراوە سوود لە سەرچاوەی رەسەن و کتێب و توێژینەوەی بەڵگەنامەیی وەربگیرێت لەناو ئەوانەدا سودێکی زۆرمان لەکتێبی V -KERKÜK -LE -LG-L-ARS-MUSUL -BELGELER (1525-1919)

کە لەلایەن دەزگای ئەرشیفی سەرۆکایەتی وەزیرانی عوسمانیەوە بڵاوکراوەتەوە. هەروەها کتێبی (العراق في الوثائق البريطانية ١٩٠٥-١٩٣٠) کتێبێکی تری بەڵگەنامەییە کە لەئامادەکردنی ئەم توێژینەوەدا سوودی لێوەرگیراوە. سەرباری سەرچاوە بەڵگەنامەییەکان، یاداشتنامەو گەشتنامەی کەسایەتیە خۆماڵی و بیانیەکان، بەتایبەت ئەوانەیان کە هاوسەردەمی راپەڕینەکە بوون، یا لەکاتی راپەڕینەکەدا سەردانی ناوچەکەیان کردووە، لەزۆر شوێنی توێژینەوەکەدا پەنایان بۆ براوەو زانیاریان لێوەرگیراوە. لەوانە گەشتنامەکەی مێجەر سۆنی ساڵی ١٩٠٩ز (رحلە " متنكر " الى بلاد مابين النهرين و كردستان) ، هەروەها گەشتەکەی (علی سيدو الگوراني، من عمان الى العماديە أو جوله فى كردستان الجنوبيه) .

## تەوەری یەکەم/ قۆناغی یەکەمی را پەڕینەکە

### هەمەوەندەکان ( ناساندن ) :

هەمەوەنـــدەکان بەڕەچـــەڵەك دەچـــنەوە ســـەر هـــۆزی (ئەحمەدوەنـــد) ی ڕۆژهـــەڵاتی کوردســـتان، لەکۆتاییینیوەییەکەموسەرەتاینیوەیدووەمیسەدەیهەژدەهەمولەوماوەیەداکەنادرشاودوایئەویشکەریمخانیزەندتیا یدا فەرمانڕەوا بوونـە بەسـەر ئێرانـەوە، ئـەو وولاتـەیان بـەجێ هێشتووەو روویانلەسنوورەکانی دەوڵـەتی عوسمـانی کـردووە. مـاوەی دوای مردنـی نـادر شـا، کـە ماوەیـەك بـووە تیایـدا ئـاژاوەو پـشێوی زۆر سـەریانهەڵداوەو چـەندین سەرکردەی سەربازی لەگۆڕەپانی سیاسی ئێراندا پەیدابوون کەهەوڵی دەستبەسەرداگرتنی حوکمی ئەو ولاتەیانداوەو بۆ گەیشتن بەو مەبەستە هەوڵیانداوە سوود لەهێزو توانای هۆزەکانی نیشتەجێی ئێران وەربگرن و بەخواییشتبێت یان بەزۆر ناچاریان بکەن کەشەڕیان بۆ بکەن و تێکەڵ بەهێزەکانیان بن، کەریمخانی زەند (١٧٤٧ – ١٧٧٩) یەك لەو سەرکردانەی سەرگۆڕەپانی سیاسی ئێران بووە کەزۆر لە هۆزە کوردیـەکانی ناچـارکردووە دوای بکـەون و شـەڕی بـۆ بکەن، کە ئەحمەد وەندی کوردی نیشتەجێی قەڵەمڕەوی کرماشان یەکێك لەو هۆزانە بووە کە (کەریم خـان) ناچـاری کردوون لەگەڵیدا بچن بۆ شیراز.[(١)] ئەمـەش هۆکـاری سـەرەکی جیابوونـەوەو لێکترازانـی ئەحمـەد وەنـدەکان بـووەو ئەوبەشەی هۆزەکە کەنەیانویستووە ئەوداوایەی (کەریم خان) جێبەجێ بکـەن، لەژێرفەرمانـدەیی (خـوامراد) ناوێکـدا لەهۆزەکەیان دابڕان ولەترسی سزادانیان لەلایەن (کەریم خان) ەوە، روویان لەناوچـە سـنوورییەکان کـردووە. سـەرەتا چوونەتە ناوچـەی بانـەو ماوەیـەك لای (شـێخ رەزای هەنگەژاڵ) گیرسـاونەتەوە[(٢)] سـەبارەت بەمێـژووی هاتنیـشیان، خـاوەنی دانـراوی (سـیاحتنامە وحـدود) مێـژووی ئـەو هاتنـەی بـە سـاڵەکانی ١١٨٠ یـا ١١٩٠ك (١٧٦٦ز/١٧٧٦ز) دەسنیشان کردووە.[(٣)]

هەمەوەندەکان لەناوچەی بانە وەکو هۆزێکی نوێ دەرکـەوتوون و تێکـەڵاو بەکۆنفیدراسـیۆنی هـۆزی جـافبوون و بـەو هۆیەشـەوە روویـان لەناوچـەی شـارەزوورکردووە[(٤)] دواتـریش چـوونەتە ناوچـەی قـەرەداغو[(٥)]چـەند گونـدێکی ئەومەڵبەندەیان بۆخۆیان داگیرکردووەو تیایدا ژیاون.[(٦)]

(١)جان. ئارِ. پێری، کەریم خانی زەند مێـژووی ئێـران لـەنێوان سـالانی ١٧٤٧–١٧٧٩، و: (سـەلاحەددین ئاشـتی) ، چـاپخانەی شڤان، سلێمانی – ٢٠٠٥، ل٤٨٢.

(٢)عەلائەددین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چ١، انتشارات کردستان، سنە – ١٣٨٩، ل٥٦٨.

(٣)المحامی عباس العزاوی، عشائر العراق، ج١و٢، مکتبة الحضارات، بیروت – د . ت، ص٢٦٣.

(٤)د. سەعد بەشیر ئەسـکەندەر، سـەرهەڵدان ورووخـانی سیـستەمی میرنـشینی لەکوردسـتان، و: (جەوهـەر کرمـانج) ؛ چ٢، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی – ٢٠٠٩، ل١٣؛ میرزا احمد الهامی ودرویش قلی کرندی، فتحنامە حسام الملك بانضمام محارب اتملك نیازخانو جـوانمیر هماوند، باهتمام: (محمد علی سلطانی) ، تهران – ١٣٨٤هتاوی، ص١٥.

(٥)مەیجەرسۆن، سلێمانی ناوچەیەکلەکوردستان، و: (مینە (محەمەد ئەمین حسین) ، چ١، چاپخانەی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی – ٢٠٠٧، ل١٣٤؛ علي سیدو الگورانی، من عمان الي العمادیة أوجولة في کردستان الجنوبیة، مطبعـة دار اراس للطباعـةو النـشر، ط٢، اربیـل – ٢٠١٢، ص٣٩. حەیدەر عەزیز خەسرەو، بحرالانساب بگزادەی هموند، ١٩٢٨ – (دەستنووس) ، ل٨.

(٦)J. Baillie Fraser، Travels in Koordistan Mesopotamia، vol. 1، London -1840، p167.

هەواڵنامەی کتێب

سەبارەت بەناوچەی بازیانیش لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا. ناوچەیەك بووە کەهەمەوەندەکان لەچوارچێوەی کۆچو ڕەوی خۆیاندا، شانبەشانی هۆزەکانی ناوئێلاتی غەوارە ڕوویانکردووە. بەتێپەڕبوونی کات ئەو ناوچەیە بووە بەشوێنی نیشتەجێی نەك بەتەنها هەرهەمەوەندەکان، بەڵکو زیاتر لە هۆزێکی ناو کۆنفیدراسیۆنی ئێلاتی غەوارەو هەریەك لەهۆزەکانی (کافرۆشی و مەنمی و شینکی . . . تاد) ، شانبەشانی هەمەوەندەکان هەمان ئەو ناوچەیەیان کردووەو بەشوێن و مەڵبەندی نیشتەجێبوون بۆخۆیان. بەڵام هەمەوەندەکان کەهەمیشە بەهێرشکردنەسەر دراوسێکانیان ناسراوبوون،[١] توانیویانە زۆربەی هۆزەکانی ئەو ناوچەیە لەوانە (مەنمی، کافرۆشی، پیریادی... تاد) ، ژێردەستە بکەن وجێپێی خۆیان لەناوچەکانی (بازیان وچەمچەمال) دا بکەنەوەو هەژموونی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ئەو هۆزانەو بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنن.[٢] ناوچەکانی نێوان لەباکوورەوەشوانی بازیان و چیای تۆکمە، لەباشوورەوە چەمی باسەڕەو لەڕۆژهەڵاتەوە زنجیرەی تاسڵوجە، لەڕۆژئاواشەوە قەرە حەسەن وشوانی خاسە، بکەن بەسنوور بۆخۆیان.[٣]

## هۆکارەکانی بەرپابوونی راپەرینەکە :

یەك لە جوڵانەوە چەکدارییە هەرە دیارەکان کە پاش چەند ساڵێك لە خامۆشی و بێ دەنگی، هەمەوەندەکان بەرپایان کردووە. ئەو جوڵانەوەیە بووە کە سوارەکانی ئەو هۆزە لەچوارچێوەی راپەرین و نارەزایی هۆزەکان و شارو ناوچەکانی کوردستان، دژ بەکودەتای تورکەلاوەکان و جاردانی مەشروتیەت و دەستیان پێکردووە،[٤] دواتریش دژ بە کوژرانی (شێخ سەعیدی حەفید) ،[٥] درێژەیان پێداوەو لەسەری بەردەوام بوون.

لەسەرەتای بەرپابوونی راپەرینەکەدا، هەمەوەندەکان توانیویانە پشێوییەکی زۆر بەتایبەت لە ناوچەکانی سلێمانی و دەوروبەریدا دروست بکەن. کە دەکرێت نارەزایی هەمەوەندەکان لە هاتنە سەر حوکمی تورکە لاوەکان و.

(١)خورشيد باشا، رحلة الحدود بين الدولة العثمانية وايران، ت: (مصطفى زهران) ، ط١، القاهرة – ٢٠٠٨، ص٣٠١-٣٠٢.

(٢)Ely Banister Soane، Notes on the Tribes of Southern Kurdistan، Government Press، 1918، P. 12. دائره الحاكم المدني، ملاحقات عن عشائر كردستان الجنوبيه (بين الزاب الكبيرو ديالى) ، ت: (فؤاد حمه خورشيد) ، بغداد – ١٩٧٩، ص٦٧.

(٣)Ely Banister Soane، op. cit، P. 12.

(٤)ئازاد هیدایەت دەلۆ، چەند بەڵگەنامەیەکی مێژوویی، و: (مستەفا نەریمان) ، ب١، گۆڤاری رامان، ژمارە (٦٧) ، کانوونی دووەمی ٢٠٠٢، بەڵگەنامەی ژمارە (٤) ، ل٢٣١؛ علي سيدو الگوراني، من عمان الي العمادية أو جولة في كردستان الجنوبية، مطبعة دار اراس للطباعة والنشر، ط٢، اربيل – ٢٠١٢، ص١٠٤. م. س. لازاریف، کێشەی کورد ١٨٩٦ – ١٩١٧، و: (دکتۆر کاوس قەفتان) ، ب١، مطبعة الحافظ، بغداد – ١٩٨٩، ل٢٣١.

(٥)شێخ سەعید کوڕی شێخ محەمەد و کورەزای کاك ئەحمەدی شێخ بووە. بەڵام لەدوای کۆچی دوایی کاك ئەحمەد لەناو بنەماڵەی شێخاندا ئەو لەهەمووان زیاتر ناوبانگی دەرکردووە و بووە بەشوێن گرەوەی باپیری. شێخ سەعید تەنانەت لەوسەردەمەشدا کە باپیریشی لەژیاندابووە کەسێکی دیارو لێهاتوو باوەڕپێکراوی باپیری بووەو، هەر ئەمەش وایکردووە کەشەرەفی فەرماندەیی کردنی ئەوهێزەی پێ ببەخشێت کەبەناوی غەزای کافرانەوە لەناوچەکە کۆی کردووەتەوەو ناردوویەتی بۆشەڕی رووسەکان لەساڵی ١٨٧٧– ١٨٧٨ز. کەئەمەش هۆکارێکی یارمەتیدەری زۆرباش بووە بۆناوبانگ پەیداکردنی شێخ سەعیدو نزیك کەوتنەوەی لەدەسەڵاتدارانی عوسمانی. بڕوانە (م. ر. هاوار، شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب١، لەندەن – ١٩٩٠، ل١٣٥-١٣٦)

هەروەها ئەو سیاسەتی توندوتیژییەی کە کاربەدەستە تورکەکانی دەسەڵاتی نوێ سەبارەت بەهۆزەکان و هەروەها سەبارەت بەکۆکردنەوەی باج و داهات پەیڕەویان کردووە. بە دیارترینی ئەو هۆکارانەی بدەینە قەڵەم کە کە رۆڵیان هەبووە لە هاندانی هەمەوەندەکاندا بۆ بەرپاکردنی جووڵانەوەکەیان چونکە هەمەوەندەکان لەماوەکانی پێشووتردا مەگەر بەدەگمەن ئەگینا هەرگیز نەچوونە ژێرباری داواکارییە دارییەکانی حکومەتی عوسمانییەوە، کەچی تورکەلاوەکان هەر لەگەڵ گەیشتنیان بە دەسەڵات و لە ساڵی یەکەمی فەرمانڕەواییانەوە کەوتوونەتە گرتنەبەری شێوازی جۆراوجۆر بۆ ناچارکردنی خەڵکی، تاکو مل بدەن بۆ کۆکردنەوەی باج و پابەندە داراییەکانی سەریان. ئەندامانی هۆزی هەمەوەند یەك لەو خەڵكانە بوون کە لەهەمان ساڵی هاتنە سەر حوکمی تورکەلاوەکاندا ناچارکراون بەوەی باج بدەن و باجیان لێ کۆکراوەتەوە.[١] بەڵام تورکەکان هەمیشە ئۆباڵی جموجۆڵی هەمەوەندەکانیان خستۆتە ئەستۆی بەرەی شێخانی سلێمانی و، بەتایبەت (شێخ سەعیدی حەفید) یان بەدەستی شاراوەی پشتەوەی تەواوی کردەوەکانی سوارەکانی ئەو هۆزە زانیوە.[٢]

کاربەدەستە تورکەکانی ناوچەکە، کە خۆیان لە شێخ سەعید بەبیانوو بوون. بابەتی هاندانی هەمەوەندەکانیشیان کردۆتە خاڵێکی تر، تاکو زیاترو زیاتر ئەو کەسایەتییەی پێ تاوانبار بکەن و بەهۆیەوە بڕوا بەکاربەدەستانی باڵای وڵاتەکەیان بهێنن، تا خۆی و خانەوادەکەی و دەستوپێوەندەکانی لە سلێمانی دوور بخەنەوە. ئاکامیش وەك ئەوەی کە ئەو کاربەدەستانەی تورك پلانیان بۆ دارشتووە، شێخ سەعید بۆ موسڵ دوورخراوەتەوەو، هەر لەو شارەش لەرووداوێکی تەمومژاویدا، خۆی و شێخ ئەحمەدی کوڕی و کۆمەڵێك لە دەستوپێوەندەکانی لەناو براون.[٣]

بەڵام بەپێچەوانەی خواستی کاربەدەستانی ناوچەکەوە، دوورخستنەوەو کوشتنی شێخ سەعید، نەك نەبووەتە هۆی کۆتایی هاتنی جوڵانەوەی هەمەوەندەکان، بەڵکو ئەو رووداوە دەنگدانەوەیەکی گەورەی وەهای لای زۆربەی هۆزەکانی ناوچەکەو دەروێش و لایەنگرانی بنەماڵەی شێخانی سلێمانیدا دروستکردووە، کە تەواوی ئەوانی دژ بەو کارەساتە هێناوەتە دەنگ و، وای لێکردوون کە راپەڕین بەرپا بکەن.[٤] سەبارەت بە هەمەوەندەکان، رووداوی کوژرانی شێخ سەعید هانی داون ئەو جوڵانەوەیەی کە لەماوەکانی پێشتردا دەستیان پێکردبوو، دوای ئەو رووداوە فراوانتری بکەن.

---

(١)کاکەڕەشید شەوقی، بەسەرهاتووی کاکەڕەشید شەوقی، ئامادەکردنی: (سدیق سالح) ، چ١، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی – ٢٠٠٣، ل٨٨) .

(٢)دار الكتب والوثائق العراقية، ملفات وزارة الخارجية، رقم (٣٤٠٧/ ٣٠٦) ، موضوع/ العشائر في كردستان الجنوبية، رقم الوثيقة (٢٦) ، ص٢٩٨. عبدالرحمن ادريس صالح البياتي، الشيخ محمود الحفيدالبرزنجي والنفوذ البريطاني في كردستان العراق حتى عام ١٩٢٥، ط٢، مطبعة شظان، السليمانية – ٢٠٠٧، ص٦٠–٦١.

(٣)شێخ سەعید پاش ئەوەی دوورخراوەتەوە بۆ موسڵ، رۆژێك (شێخ مەحموودو شێخ ئەحمەد) کوڕانی شێخ سەعید، لەناوبازاڕی مەسلّدا لەگەڵ ئافرەتێکدا دەبێ بەکێشەیان، ئەمە دەبێتە هۆی نیگەرانی خەڵکی موسڵ و دەرفەتێکی باشیش بۆ تورکەلاوەکان تاکو بەهۆیەوە (شێخ سەعید) لەناوبەرن، لەئکامی ئەو رووداوەدا دانیشتوانی موسڵ پەلاماردەبەنە سەر ئەو خانووەی کە شێخ سەعیدی تێدا نیشتەجێ کراوە، لەو پەلامارەدا کە لەرۆژنی (٥ و٦) ی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٠٩زدا رویداوە، شێخ سەعیدو کۆمەڵێکی زۆر لەدەستو پێوەندەکانی کوژراون. بڕوانە (خالد مەحمود کەریم، دەوڵەتی عوسمانی و عەشیرەتە کوردەکان لەکوردستانی باشوور ١٨٦٩–١٩١٤، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی–٢٠١٢، ل٢٧٧–٢٨٠. عەبدولمونعیم غولامی، سێ قوربانیەکە، و: (ئیحسان ئیروانی) ، چ١، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر – ٢٠٠٤، ل٢٦–٢٧.

(٤)فەرهاد عەبدولعەزیز محەمەد ئەمین، ناوچەی چەم چەماڵ لە نێوان ساڵانی هەردوو شەڕی جیهانی دا ١٩١٨– ١٩٣٩، توێژینەوەیەك سەبارەت بەبارودۆخی کۆمەڵایەتی و رامیاری و روناکبیری، چ١، چاپخانەی زینە، کەرکوك – ٢٠١٣، ل٩٥–٩٦.

## ڕووداوەکانی ڕاپەڕینەکە:

سوارەکانی ئەو هۆزە بەحوکمی ئەوەی کە خەڵکی سلێمانی و کاربەدەستە حکومیەکانی ئەو شارەیان بەهۆکاری دوورخستنەوەو کوشتنی شێخ سەعید زانیوە. لێرە بەدواوە زۆربەی هەرەشەو پەلامارەکانی خۆیان ئاراستەی شاری سلێمانی کردووەو، ئابڵۆقەیەکی توندیان خستۆتە سەری و، تەواوی ڕێگاکانی چوون بۆ ئەو شارەیان داخستووە،[١] بەجۆرێك کە هیچ کاروانێك نەیتوانیوە بەبێ پارێزگاری ژمارەیەکی زۆر لە سەرباز بەو ڕێگایانەدا تێپەڕێت و خۆی بگەیەنێتە سلێمانی، تەنانەت زۆرجار هاوکاری و پارێزگاری سەربازەکانیش لە توانایدا نەبووە درز بخاتە ئابڵۆقەی هەمەوەندەکانەوەو، کاروانەکان بە سەلامەتی بگەیەنێتە سلێمانی. هەر لەو ماوەیەدا لە چەندین هەوڵی جیاوازدا تورکەکان هەوڵیان داوە ئابڵۆقەی هەمەوەندەکان ببڕن و خۆیان بگەیەننە سلێمانی، بەڵام بۆیان نەکراوە. یەکێك لەو هەوڵانەیان بریتی بووە لە ڕەوانەکردنی کاروانێکی گەورە کە لەلایەن بەتالیۆنێکی تەواو لەسەربازی تورکەوە پارێزگاری کراوە، بەڵام سوارە هەمەوەندەکان توانیویانە ڕێگری لەو کاروانە بکەن وپەلاماری بدەن. لەو پەلامارەدا سەرەڕای کوشتنی (١٢) سەربازی تورك و، بریندارکردنی ژمارەیەك سەربازی تر. لەهەمانکاتدا هەمەوەندەکان توانیویانە دەست بەسەر کاروانەکەشدا بگرن، تەواوی سەربازەکانی هاوڕێی کاروانەکەش چەك بکەن. کە ئەمەش هۆکارێکی یارمەتیدەری باش بووە بۆ سوارەکانی ئەو هۆزە تاوەکو ببن بە خاوەنی ژمارەیەکی زۆر لە چەکی جۆری ماوزەرو خۆیانی پێ پڕ چەك بکەن.[٢]

هەر لەو ماوەیەدا سوارە هەمەوەندەکان بە هاوکاری سوارەکانی هۆزی شوان و سۆفیەوەندەکان پەلاماری کاروانێکی (٢٥٠) سەربازی عوسمانیان داوە، کە بەنیاز بووە بۆ ڕێگرتن لەڕاپەڕینی خەڵك، چەك بگوازێتەوە بۆ ناو شاری سلێمانی. لە ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی چارەك سەعاتیدا پاش ئەوەی دوو ئەفسەر و چەند سەربازێکیان لێ کوشتوون، باقی ئەندامانی تری کاروانەکەشیان دەسگیرکردووە.[٣]

بەردەوامی ئابڵۆقەی هەمەوەندەکان لەسەر شاری سلێمانی، مەترسیەکانی سەر ئەو شارەی بەجۆرێك زیادکردووە، کە والی موسڵی ناچار کردووە داوا لە (تۆفیق پاشا) ی موتەسەڕیفی ئەو شارە بکات هەرچی زووە شارەکە بەجێ بهێڵێت و خۆی بگەیەنێتە شاری کەرکوك، بەڵام تەنانەت کەژاوەی کاروانی هێزە پاسەوانەکانی موتەسەڕیفی سلێمانیش، نەیانتوانیوە بەبێ کێشەو دوور لەپەلاماری سوارەکانی هەمەوەند ئەو ڕێگایە ببڕن، بەڵکو ئەوانیش کەوتوونەتە بۆسەی ئەو سوارانەوەو، پاش ئەوەی گورزێکی گەورەیان بەرکەوتووە، تەواوی چەك و شمەکەکانیشیان بەتاڵانی کەوتۆتە دەست هەمەوەندەکان، موتەسەڕیفی سلێمانیش پاش ئەوەی تەواوی شمەك و کەلوپەلەکانی بەتاڵان براون، بەپەلەپڕۆزکێ توانیویەتی خۆی دەرباز بکات و بگەڕێتەوە بۆ شاری سلێمانی.[٤] ئەمەش

---

(١).October. 17/ 1909 ،FO. 195/2310. British vice consul Mosu

سون ( (میرزا غلام حسین شیرازی) ) ، رحلة " متنکر " الی بلاد مابین النهرین وکردستان، ت: (فؤاد جمیل) ، ج١، گ١، مگبعە الجمهوریە، بغداد – ١٩٧٠، ص٢٤٨.

(٢)سون ( (میرزا غلام حسین شیرازی) ) ، رحله . . . ، ج١، م . س، ص٢٣٠. علی سیدو الگورانی، م . س، ص٤٠.

(٣)محەممەد ئەمین زەکی بەگ، تاریخی سلێمانی وەڵاتی، ئا: (ڕەفیق صالح) ، ب٣، چ٢، سلیمانی– ٢٠٠٥، ل١٤٣.

(٤)م. ر. هاوار، ب١، س . پ، ل١٥٨. عبدارحمن ادریس صالح البیاتی، م . س، ص٥٤.

وایکردووە کە تۆفیق پاشا جارێکی تر بیر لە دەرچوون لە سلێمانی نەکاتەوە، تا ئەوکاتەی کە لە چەم چەماڵەوە هێزێکی سەربازی (٣٠٠) کەسی چوونەتە سلێمانی و، لەگەڵ خۆیاندا ئەویان دەرباز کردووەو گەیاندوویانەتە چەمچەماڵ.[١]

دوای خۆی لەپێناو دوورگرتنی شاری سلێمانی لە هەر هێرش و پەلامارێکی هەمەوەندەکان، (تۆفیق پاشا) ، جڵەوی ئیدارەی شارەکەی بە (مەحموود پاشا)[٢]ی سەرۆکی هۆزی جاف سپاردووە.[٣] بەئومێدی ئەوەی شەڕەکەلەشەڕینێوانخۆیانوهەمەوەندەکانەوە، بگۆڕێبەشەڕیجافوهەمەوەندەکانوئەوەیبەخۆی و هێزەکانی نەکرابەجافەکانو سوارەکانی ئەو هۆزە ئەنجامیبدات.

بەردەوامی ڕاپەڕینی هەمەوەندەکان و سەرکەوتنە یەك لەدوای یەکەکانی سوارەکانی ئەو هۆزە لەو ماوەیەدا لەئاستێکدا بووە، کە بووەتە جێگەی سەرنجی دەوڵەتێکی گەورەی وەکو دەوڵەتی بەریتانیاو نوێنەرایەتی ئەو دەوڵەتە لەولایەتەکانی بەغداد و موسڵ، لەپێناو پەیوەندیکرن بەسەرانی ڕاپەڕینەکەوە، جێگری کونسوڵی ئینگلیز لەولایەتی موسڵ (ئێدوارد ویلکی) سەرباری ڕێگری و نارەزاییەکانی کاربەدەستانی حکومەتی عوسمانی لەناوچەکە، لەمانگی تەموزی ساڵی ١٣٢٥ڕۆمی (١٩٠٩ز) دا سەردانێکی مەیدانی ناوچەی هەمەوەندەکانی کردووە.[٤]

## تەوەری دووەم/هەوڵی ئێران و عوسمانی بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکە

### هەوڵەکانی تورکەکان بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکە:

خراپی بارودۆخی سلێمانی و، بەردەوامی مەترسیەکانی هەمەوەندەکان و، هەروەها گوشارە بەردەوامەکانی بازرگانەکانی کەرکووك و بەغدادو موسڵ، تێکڕا کارێکیان کردووە تورکەکان بریاری رەوانەکردنی هێز بۆ سەر هەمەوەندەکان و شکاندنی ئابلۆقەی سەر شاری سلێمانی دەربکەن. پێشەنگی هیزی تورکەکان لە مانگی تەمموزی ١٣٢٥ ڕۆمی (١٩٠٩ز) ، لە کەرکووك دەرچوون و دەستیان بەپێشڕەوی کردووە، بەڵام تاکو کۆتایی ئەو مانگە ئەوسا توانیویانە بەشێك لە ڕێگای نێوان کەرکوك و سلێمانی بکەنەوەو هێڵی برووسکە (خط البرق) ی سەر ئەو ڕێگایە کە لەلایەن هەمەوەندەکانەوە تێك درابوو چاك بکەنەوە.[٥]

گەر سەرنج بدرێتە بریاری رەوانەکردنی هێز بۆ سەر هەمەوەندەکان، تیبینی ئەوە دەکرێتکە ئەو بریارە بریارێکی درەنگ وەخت بووە، چونکە ماوەی نێوان دەستپێکردنی جووڵانەوەکانی هەمەوەندەکان و بریاری رەوانەکردنی هێز لەلایەن تورکەکانەوە زیاتر لە هەشت مانگیان لە نێواندا بووە. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە گەڕاوەتەوە کە تورکەلاوەکان

---

(١)سون ( (میرزا غلام حسین شیرازی) ) ، رحلە . . . . ، ج١، م . س، ص٢٣١.

(٢)کوڕی حەمە پاشای سەرۆکی گەورەی هۆزی جافە دوای کوژرانی باوکی بەدەستی کەرەم وەیسیەکان لەساڵی ١٨٨١ز، نازناوی پاشاو پۆستی سەرۆکایەتی هۆزی جافی وەرگرتووە.

(٣)ئازاد هیدایەت دەلۆ، س . پ، ب٢، بەڵگەنامەی ژمارە (٦) ، ل٢٢٣.

(٤) BOA. Dâhiliye Nezâreti Muhâberât-ı Umumiye ، .A. G. E ،T. C. BASBAKANLIK DEVLET ARSVLER... .nr. 42/57. S. 325-329 ،İdâresi

(٥)DH. M. U. I. / 1- 4/ 6) ، الباب العالی، (دائرة الشؤن الداخلیة) ، النسخة المشفرة المستلمة من متصرفیة السلیمانیة، ٣/ اب/ ١٣٢٥.

نەیانویستووە لەسەرەتای هاتنە سەر حوکمیانەوە، خۆیان تێکەڵ بەگێژاوی شەڕی هۆزە کوردییەکان لەوانە هەمەوەندەکان بکەن. بەتایبەت وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، دوای کوژرانی (شێخ سەعید) نەك بەتەنها هەر هەمەوەندەکان، بەڵکو زۆربەی خەڵك و هۆزەکانی ناوچەکە راپەڕی بوون و دژ بەو کردەوەیەی تورکەلاوەکان هاتبوونە دەنگ و دەستیان دابووە چەك. بۆیە تورکەکان مەبەستیان بووە بە گفتوگۆو لەڕێی برینی بیانووی ئەو هۆزانەوە، کارێك بکەن تا ئەو هۆزانە کۆتایی بەناڕەزایی و جووڵانەوەکانیان بهێنن. لەوپێناوەشدا والی نوێی ولایەتی موسڵ پاش تێپەڕبوونی تەنها یەك رۆژ بەسەر دەستبەکار بوونیدا، سەردانی سلێمانی کردووەو لەگەڵ خۆیدا (شێخ مەحمودی کوڕی شێخ سەعیدی حەفید) ، کە یەکێك بووە لە رزگاربووانی رووداوەکەی موسڵ، لەگەڵ خۆیدا هێناوەتەوە بۆ سلێمانی و، هەروەها بەڵێنیشی داوە لێکۆڵینەوەی وورد لە رووداوەکە بکات.[1] لە لێکۆڵینەوەکەشدا والی موسڵ کە خۆی سەرپەرشتی کردووە، لەپێناو رازیکردنی دڵی بنەماڵەی شێخانی سلێمانی و لایەنگرانی ئەو بنەماڵەیەدا، زۆر بەئاشکرا بەلای بنەماڵەی شێخاندا دای تاشیوەو، تەواوی تاوانی دوورخستنەوەو ئاوارەبوونی (شێخ سەعید) ی خستۆتە ئەستۆی بازرگانەکانی شاری سلێمانی.[2] بەڵام وەك دەردەکەوێت هەموو ئەو هەنگاوانەی والی موسڵ نەیتوانیوە بڕوا، بەتایبەت بەهەمەوەندەکان بهێنێت تاکو دەست لە جووڵانەوەکانیان هەڵبگرن، بۆیە دەکرێ بوترێت ئەوەی لەسەرچاوەکاندا باسکراوە سەبارەت بەکاریگەری کوژرانی (شێخ سەعیدی حەفید) لەسەر بەرپابوونی جووڵانەوەی هەمەوەندەکان، هەموو هۆکاری پشت بەرپابوونی ئەو جووڵانەوەیە نەبووە. بەڵکو لەپاڵ ئەو هۆکارەدا، وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا هۆکاری تریش بوونیان هەبووە.

سووربوونی هەمەوەندەکان لەسەر بەردەوامیدان بە جووڵانەوەکانیان، هیچ هەڵبژاردەیەکی لە بەردەم تورکەکان نەهێشتۆتەوە تەنها ئەوە نەبێت کە پەنا بۆ بەکارهێنانی هێز بەرن. بۆ ئەو مەبەستەش ئەو هێزێکی (٣٥٠) سەربازیی تورکەکان لەکەرکووکەوە جووڵەی پێکراوە. هێزەکە سەرەتا لە چەم چەماڵ مۆڵیان خواردووە. بەڵام پێش ئەوەی هیچ ئۆپەراسیۆنێك ئەنجام بدەن، لە شەوێکدا هێرشیان کراوەتە سەرو گورزێکی گەورەی لێوەشێنراوە.[3] ئەو گورزە کە (٢٧) سەربازی تورکی تێدا کوژراوە،[4] کارێکی کردووە ئەو هێزە تا ماوەیەکی زۆر هەر لە چەم چەماڵ بمێننەوەو تا ئەوکاتەی کە ژمارەیان بۆ (٨) هەزار سەرباز بەرزنەکراوەتەوە، زاتی ئەوە نەکردووەبەرەو سلێمانی پێشڕەوی بکەن.[5]

درێژەکێشانی مانەوەی ئەو هێزانە لە چەم چەماڵ و، بەردەوامی نائارامی ناوچەکەو، پەککەوتنی هەموو جۆرە هاتوچۆو جموجوڵێکی ئاسایی و بازرگانی لەو هەرێمەدا، بێزاری زۆری خەڵکی ناوچەکەو بەتایبەت بازرگانەکانی

(١)م. ر. هاوار، ب١، س . پ، ل١٥٨.

(٢)سون ( (میرزا غلام حسین شیرازی) ) ، رحله . . . ، ج١، م . س، ص٢٤٦. م. ر. هاوار، ب١، هـ . س، ل١٦٠.

(٣)محەممەد ئەمین زەکی بەگ، تاریخی سلێمانی. . . ، ل١٤٢.

(٤)پرۆفیسۆر بەدرخان سندی، کۆمەڵگای کوردی لەدیدی رۆژهەڵاتناسیدا، و: (د. ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید) ، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆك – ٢٠٠٨، ل٥٠٧.

(٥)محەممەد ئەمین زەکی بەگ، تاریخی سلێمانی. . . ، ل١٤٤.

هەواڵنامەی کتێب

ناوچەکەی بەدوای خۆیدا هێناوەو، کارێکی کردووە زۆربەی بازرگانەکانی شاری سلێمانی بکەونە کۆکردنەوەی خۆیان و ئامادەسازی بۆ کۆچکردن بۆ وولآتی فارس.(١)

هەر لەو ماوەیەدا بەرامبەر بە بەردەوامی نائارامی ناوچەکە بازرگانەکانی شاری کەرکووکیش هاتوونەتە دەنگ و، یاداشتێکیان ئاراستەی کاربەدەستانی دەوڵەت کردووەو، تیایدا داوایان کردووە پەلە بکرێت لەپرۆسەی ڕاوەدوونانی هەمەوەندەکان و لەوە زیاتر پرۆسەکە دوا نەخرێت، ئەمەو نارەزاییەکانی بازرگانانی شارەکانی بەغدادو موسڵ و سلێمانیش، لەلایەکی ترەوە.(٢) تێکڕا وایان لە (شەوکەت پاشا) ی والی بەغداد کردووە بڕیاری هێرش کردن بۆ سەر ناوچەی هەمەوەند دەربکات، لەبەر ڕۆشنایی ئەو بڕیارەشدا هێزەکانی ناو چەم چەماڵ لە کۆتایی مانگی ئابی ساڵی ١٩٠٩زدا، بەرەو ناوچەی بازیان جووڵەیان پێکراوە.(٣)

پاش گەیشتنی هەواڵی جووڵەپێکردنی هێزەکانی چەم چەماڵ، هەمەوەندەکان بڕیاریان داوە بەرگری نەکەن، بەڵکو کشانەتەوە بۆ ناوچە سنوورییەکانی نێوان دەوڵەتانی ئێران و عوسمانی. سەربازە تورکەکانیش، پاش گەیشتنیان بەناوچەی هەمەوەندەکان تەواوی گوندەکانی ئەو هۆزەیان بە چۆڵی بینیوە، ئەوسا بەناچاری لەپێناو داپۆشینی شکستەکانی خۆیاندا، بەشێك لەهێزەکانیان ڕەوانەیسەر ناوچەکانی هۆزی شوان کردووەو، داخی دڵی خۆیان بەگوندەکانی ئەو هۆزە ڕشتووە.(٤) بەشەکەی تری ئەو هێزانەش لە پێناو پەلاماردان و ڕاوەدوونانی هەمەوەندەکاندا، درێژەیان بەپێشڕەوییەکانی خۆیان داوەو، بە هاوکاری زۆرێك لە هۆزە کوردییەکانی ناوچەکەو، لەژێر فەرماندەیی دوو سەرکردەی تورکدا بەناوەکانی (محەمەد بەگ و مەزهەر بەگ) ، کەوتوونەتە سۆراخی سوارەکانی هەمەوەند، بەڵام ئەو هێزانە نەك نەیانتوانیوە گورزی سەربازی ئاراستەی سوارەکانی هەمەوەند بکەن، بەڵکو لە چەندین جێگەدا کەوتوونەتە بۆسەی ئەو سوارانەوەو، گورزی گەورەی سەربازییان بەرکەوتووە.(٥)

ئەم بارودۆخە بەم شێوەیە درێژەی کێشاوە تا ئەو کاتەی سەرۆکەکانی هەمەوەند توانیویانە لای (مستەفا خان)(٦)ی سەرۆکی هۆزی جافەکانی جوانڕۆ، پەناگەیەك بۆ خۆیان و ئەندامانی هۆزەکەیان بدۆزنەوە. ئەوکات لە مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٠٩زدا بەیەکجاری خاکی دەوڵەتی عوسمانیان بەجێ هێشتووەو، داخلی سنوورەکانی ئێران بوون و چوونەتە ناوچەی جوانڕۆ بۆ لای (مستەفا خان).(٧)

---

(١)سون ( (میرزا غلام حسین شیرازی) ) ، رحله . . . ، ج١، م . س، ص٢٤٩.

(٢)سون ( (میرزا غلام حسین شیرازی) ) ، رحله . . . ، ج١، م . س، ص٢٣١.

(٣)(DH. M. U. I. / 1– 4/ 79) ، الدولة العلية العثمانية، دائرة البرق والتلغراف، الی الوزارة الداخلية الجليلة، ٣/ اب/ ١٣٢٥.

(٤)محەممەد ئەمین زەکی بەگ، تاریخی سلێمانی . . . ، ل١٤٤.

(٥)(DH. M. U. I. / 1– 2/ 35) ، الباب العالي، دائرة الصدارة العظمی (القلم المكاتبات) ، موضوع: حل البرقية الواردة من متصرفية السليمانية، (DH. M. U. I. / 1– 4/ 79) ، الدولة العلية العثمانية، دائرة البرق والتلغراف، الی الوزارة الداخلية الجليلة، ٣/ اب/ ١٣٢٥.

(٦)کوڕی گەورەی حەبیبوڵڵا خانی باوەجانی سەرۆکی تیرەکانی جافی جوانڕۆیە، دوای مردنی باوکی ئەرکی سەروکاری هۆزەکەی گرتوتە ئەستۆو، لەسەردەمی ئەودا هێزی هۆزەکەی گەیشتووەتە ئاستێك کەدەوڵەتی ئێران نەیتوانیوەوەك پێویست دەست لەکاروباری ناوچەکانی سەربەهۆزەکەی وەربدات. بڕوانە (کریم بیگ فتاح بیگ جاف، تاریخ جاف، پژوهش: (دکتر حسن جاف) ، ت: (دکتر محمد علی سلطانی) ، انتشارات اراس، چ١، اربیل – ١٩٩٨، ص١٥٧–١٥٨.

(٧)(DH. M. U. I. / 1– 4/ 79) ، الدولة العلية العثمانية، دائرة البرق والتلغراف، الی الوزارة الداخلية الجليلة، ٣/ اب/ ١٣٢٥.

**ڕێکەوتنی دووقۆڵی ئێران و عوسمانی بۆ لێدانی هەمەوەندەکان:**

چوونی هەمەوەندەکان بۆ لای مستەفا خان، نەبووەتە هۆی کۆتایی هاتنی پەلامارە چەکدارییەکانی ئەو هۆزە بۆ سەر بنکەو بارەگاکانی دەوڵەتی عوسمانی. بەڵکو هەر لە مانگی یەکەمی چوونیانەوە، بەهاوکاری هێزەکانی ئەو سەرۆکە کوردەو، بەتایبەت بەسوود وەرگرتن لەپشتیوانی (فەتاح بەگ) ی برای مستەفا خان، هەڵمەتەکانی خۆیان بۆسەر دامودەزگاو بنکەو بارەگاکانی دەوڵەتی عوسمانی دەستپێکردۆتەوەو دەستپێکی ئەو پەلامارانەشیان تاڵانکردنی کاروانێك بووە لە ناوچەی (بانەبۆر) ، لەناو قوڵایی خاکی عوسمانیدا.[1]

شیاوی باسە هەڵمەت و پەلامارەکانی سوارەکانی هەمەوەند لەو ماوەیەدا نەك بە تەنها هەر عوسمانیەکان، بەڵکو لە زۆر بۆنەدا تەنانەت دامودەزگاکانی دەوڵەتی ئێرانیشیان کردووە بە ئامانج.[2] ئەمەش وای لەکاربەدەستانی ئەو دوو دەوڵەتە کردووە، بەرژەوەندی خۆیان لەوەدا ببیننەوە کە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ یەکتریدا بکەن، بۆ کۆتایی هێنانی یەکجارەکی بە مەترسیەکانی هۆزی هەمەوەند لە ناوچە سنوورییەکانی نێوانیاندا.[3] بۆ ئەو مەبەستە باڵیۆزی ئێران لە بەغداد، لە مانگی سەفەری ساڵی ١٣٢٧ك (شوباتی ١٩٠٩ز) دا، سەردانی والی بەغدادی کردووەو پێکەوە قسەیان لەسەر هەماهەنگی نێوان هەردوولا کردووە بۆ کۆتایی هێنان بە مەترسی هەمەوەندەکان و سەرکوتکردنی جووڵانەوەکانیان.[4] سەرەنجام هەردوولا ڕێکەوتوون لەسەر ئەوەی کە والی بەغداد هێزێك بە فەرماندەیی (محەمەد فازڵ پاشای داغستانی) ، بەمەبەستی لێدانی هەمەوەندەکان ڕەوانەی ناوچە سنوورییەکانی نێوان هەردوو وواڵت بکات، لەولاشەوە ئێرانیەکان بە هاوکاری داود خانی کەڵهوڕ (سەردار موزەفەر) ی سنووردراری کرماشان و هۆزە کوردییەکانی تری سەر سنوور، هێزێکی هاوشێوە پێکەوە بنێن و بۆ هەمان مەبەستی پەلاماردانی هەمەوەندەکان سازو ئامادەی بکەن.[5]

دواتریش لەڕێی نانەوەی کێشەو دوژمنایەتیەوە لە نێوان کەلهوڕەکان لەلایەك و سەنجاوی جافەکانی جوانڕۆ لەلایەکی ترەوە. ئێرانیەکان توانیویانە داود خان و زۆر لە هۆزە کوردییەکانی تری ئەو ناوچەیە، پەلکێشی ناو ململانێکانی خۆیان و مستەفا خان و هەمەوەندەکان بکەن و، ئەو شەڕەی بە خۆیان نەکراوە، بەسوارەکانی کەڵهوڕو

(١)(DH. M. U. I. / 1– 3/ 46) ، وزارة الداخلية، دائرة المخابرات العمومية، برقية الى وزارة الخارجية الجليلة، ٢٤/ رمضان/ ١٣٢٧ (٢٦/ أيلول/ ١٣٢٥) .

وزارت امورخارجه، موضوع: راثورت از سرحدداری زهاب در خصوص شرارت اشرار احمدوند ضلبی و ثسر فتاح بیط و بهادرالملك، سال (١٣٢٨هـ) ، كارتن: ١، ثروندة:١، نمره كتاب: ١٦٢٥٧ ، دوسیه: ٢، تاریخ خروج: ٢٨/ جمادی الثانی/ هـ. ص:١٢. وزرات امور خارجه، موضوع : اقدام فتاح بیك به اتفاق احمدوندها به غارت اموال تجار، سال (١٣٢٨ق) ، كارتن : ١، ثروندة: ١ ، نمره كتاب ثبت: ٢٣٥٩، دوسیه: ٢. ص: ١٤٧.

(٢)(DH. M. U. I. / 1– 6/ 5) ، وزارة الداخلية، دائرة المخابرات العمومية، برقية الى وزارة الخارجية الجليلة، ٢٩/ تشرين الثاني/ ١٣٢٥.

(٣)وزرات امورخارجه، موضوع : طزارش وزارت خارجة درخصوص ادامة شرارت و نافرمانی احمدوندها و مأموریت فاضل ثاشا حاكم موصل از سوی دولت عثمانی برای سركوب این طائفه ، سال: ٢٤/ محرم/ ١٣٢٨هـ، كارتن: ١، ثروندة: ١ ، نمره كتاب ثبت: ٢٢٠٩، دوسیه: ٢. ص: ١٦٢.

(٤)وزرات امورخارجه، موضوع: اقدام حكومت كردستان جهت طرد احمدوندها از نقاط مختلف ایران، سال: ٥/ صفر/ ١٣٢٨هـ، كارتن: ١، پرونده: ١، نمره: ١٤٠٣. دوسیه: ٢. ص: ١٤٢.

(٥)وزرات امورخارجه، موضوع : مذاكره فاضل ثاشا والی موصل با داودخان امراعظم كلهر برای مقابله با اقدامات طائفه احمدوندها، سال: ١٤/ ذی الحجه/ ١٣٢٨هـ، كارتن : ١، ثروندة: ١، نمره: ١٧٠٥، ص: ١٤٣.

هۆزە کوردییەکانی تری ناوچەکە ئەنجامی بدەن. سەرئەنجام بە هۆی هاوکاریی ئێرانییەکانەوە، شەڕەکە بە سەرکەوتنی کەلهوڕەکان و، کوژرانی (مستەفا خان) و شکستی هێزەکەی کۆتایی هاتووە.[١]

هەمەوەندەکانیش بەهۆی ئەنجامەکانی ئەو شەڕەوە هیچ پەناگەیەکیان بۆ نەمەوەتەوەو سەرلەنوێ ئاوارەی ناوچە سنوورییەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی بوونەتەوەو بۆ ماوەی چەند مانگێك بەو شێوەیە بە هەڵواسراوی مانەتەوە،[٢] ئەمەش بەشێکی زۆر لە هەمەوەندەکانی ناچارکردووە بەنهێنی و دوور لەچاوی سیخوڕو چاودێریی سەربازە تورکەکان بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان لەبازیان و چەم چەماڵ و، لەناو گوندەکانی خۆیان و، لەناو مسکێنەکانی هۆزەکەیاندا، بۆ ماوەیەك خۆیان حەشار بدەن. بەڵام هەوڵە بەردەوامەکانی سەربازە تورکەکان بۆ بەدوادا گەڕان و دەسگیرکردنی هەمەوەندەکان، ئاکام کارێکیان کردووە کە ژمارەیەك لە سوارەکانی ئەو هۆزە لە بێزاریدا خۆیان بدەن بەدەست سەربازە تورکەکانەوە، ژمارەیەکی تریشیان بەر هەڵمەتی بەدوادا گەڕانی ئەو سەربازانە کەوتوون و دەسگیرکراون و. لەسەر بڕیاری سەرەك وەزیرانی عوسمانی، دادگای عورفی سەربازی بۆ ئەو هەمەوەندە دەسگیرکراوانە پێکهێنراوە،[٣] کە لەناویاندا وەك دەردەکەوێت ژن و منداڵ و کەسانی بێ دیفاعیش بوونیان هەبووە،[٤] بە مەبەستی دادگایی کردنیان ڕەوانەی شارەکانی موسڵ و سلێمانی کراون.[٥]

سەبارەت بەدەسگیرکراوە هەمەوەندەکان، کاربەدەستانی تورك بەمەبەستی چاوترساندنی خەڵکی ناوچەکە ژمارەیەك لەوانیان بەسزای لە سێدارەدان سزا داوە، کە هەر یەك لە (نالەپێپان"نادر کوڕی قادر"، کەریم کوڕی مروەت کوڕی ساڵح ناسراو بە "بەهزاد") . دیارترینی ئەو کەسانەی هەمەوەندەکان بوون کە سزای لە سێدارەدانیان بۆ دەرچووەو،[٦] لەماوەکانی دواتردا سزاکەیان بەسەردا جێ بەجێ کراوەو لەبەر دەرکی سەرای سلێمانی کراون بە پەتی سێدارەداو خنکێنراون.[٧] بەشێکی تریش لە هەمەوەندەکان کە هەریەك لە (خاتر کوڕی مەحموود، خدر کوڕی مەحموود "خلە پەزە") ، دیارترینیان بوون، دادگا سزای پازدە ساڵ زیندانی و ئەنجامدانی کاری قورسی بەسەریاندا سەپاندووە.[٨]

---

(١)کریم بیگ فتاح بیگ جاف، م . پ، ص١٤٦.

(٢)وزرات امور خارجه، موضوع : گزارش وزارت خارجة درخصوص ادامة شرارت و نافرمانی احمدوندها و مأموریت فاضل پاشا حاکم موصل از سوی دولت عثمانی برای سرکوب این طائفه ، سال: ٢٤/ محرم/ ١٣٢٨هـ، کارتن: ١، پرونده: ١ ، نمره کتاب ثبت: ٢٢٠٩، دوسیه: ٢. ص: ١٦٢.

(٣)(DH. M. U. I. / 1– 10/ 39 - 15) ، الباب العالي، دائرة الصدارة العظمى (قلم المراسلات) ، برقية الى نظارة الداخلية الجليلة، ٢٩/ ربيع الاول/ ١٣٢٨ (٢٨/ مارت/ ١٣٢٦) .

(٤)(DH. M. U. I. / 1– 10/ 39 – 10 - 11) ، الباب العالي، دائرة المخابرات العمومية — الشعبة الثانية، موضوع: الاسئلة والأجوبة المدرجة في تقرير الأستيضاح المقدم من قبل مبعوثي الموصل (فاضل و داود أفندي) حول نتيجة المطاردات المتعلقة ببغاة الهموند و بارزان.

(٥)(DH. M. U. I. / 1– 10/ 16 - 5) ، الباب العالي، دائرة الصدارة العظمى (قلم البرقيات) ، موضوع: حل البرقية الواردة من ولاية الموصل، ١١/ مايس/ ١٣٢٦.

(٦)(DH. M. U. I. / 1– 11/ 18) ، وزارة الحربية، دائرة المحكمة، الى وزارة الداخلية الجليلة، موضوع: حول اتخاذ قرار اللازم بشأن اعدام إحدى عصاة الهماوند، ٢٤/ ربيع الاول/ ١٣٢٨ (٢١/ نيسان/ ١٣٢٦) .

(٧)ئەکرەمی مەحموودی سالحی ڕەشە، شاری سلێمانی، ب٢، بەغداد — ١٩٨٩، ل٢١٧–٢١٨.

(٨)(DH. M. U. I. / 1– 11/ 10) ، وزارة الحربية، دائرة المحاكمات، الى وزارة الداخلية، موضوع: حول محاكمة عصاة الهماوند المستمرين بأعمالهم الشنيعة وحكمهم مدة (١٥) عاما . . . ، ٢٦/ رجب/ ١٣٢٨ (٢٠/ تموز/ ١٣٢٦) .

## تەوەری سێیەم/ قۆناغی دووەمی را پەڕینەکە

### هەمەوەندەکان و بەردەوامی دان بەڕا پەڕینەکەیان:

ئەو کوشتوبڕو رەشبگیرییەی کە تورکەکان دەرهەق بە هەمەوەندەکان ئەنجامیان داوە، لەلایەک و سپاردنی ئەرکی قائمقامێتی و بەڕێوەبردنی قەزای بازیان و وولاتی هەمەوەندەکان بەپشدەرییەکان لەلایەکی ترەوە، کارێکی کردووە کە ئەندامانی هۆزی هەمەوەند سەرلەنوێ داری یاخیبوون لەدژی تورکەکان بەرزبکەنەوە، راپەڕینی ئەمجارەی هەمەوەندەکان بۆ ماوەی چەند مانگێکی تر درێژەی کێشاوەو، لەچەندین بۆنەدا هەڵمەتیان بردۆتە سەر ناوەندی قەزای بازیان و هەروەها گوندەکانی سەر بەو مەڵبەندە.(١)

شیاوی باسە یاخیبوونی ئەمجارەی هەمەوەندەکان لەلایەن شێخانی سلێمانیەوە بەسەرۆکایەتی (شێخ مەحموود) ، زۆر بەگەرمی پشتیوانی لێکراوە، ئەو هاوکاری و پشتیوانی لێکردنەش بەشێکی پەیوەندی بەو پشتگوێ خستنەوە هەبووە کە تورکەکان دەرهەق بە بنەماڵەی شێخانی سلێمانی پەیڕەویان کردووەو. بەشەکەی تریشی پەیوەندی بەو زوڵم و ستەمە زۆرەوە هەبووە کە تورکەکان دەرهەق بە هەمەوەندەکان لەو ماوەیەدا ئەنجامیان داوە، بەجۆرێك کە لە ماوەکانی تردا وێنەی نەبووەو مایەی ناڕەزایی نەك بەتەنها هەر شێخانی سلێمانی، بەڵکو مایەی ناڕەزایی زۆربەی خەڵکی ناوچەکە بووە.(٢)

یاخیبوونی سەرلەنوێی هەمەوەندەکان عوسمانیەکانی ناچارکردووە جارێکی تر پەنا بۆ بەکارهێنانی هێز بەرنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش لەمانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٠٩زدا سەرەتای هێرشەکانی خۆیان بۆ سەر هەمەوەندەکان دەسپێکردۆتەوە، ئەو هێزەی عوسمانیەکان وەك لەراپۆرتێکی ئینگلیزەکاندا بەدیار دەکەوێت کە لەمانگی ئازاری ساڵی ١٩١٠زدا بەرزیان کردۆتەوە، تاکو کاتی بەرزکردنەوەی ئەو راپۆرتەش لە هەڵمەت بردن بۆ سەر پێگەی هەمەوەندەکان هەر بەردەوام بوون، بەڵام نەیانتوانیوە هیچ دەرئەنجامێکی ئەوتۆی بۆ خۆیان بەدەست بخەن کە جێگەی دڵخۆشی بێت بۆ خۆیان و بۆ وڵاتەکەیان.(٣) بەڵکو بەرگری ئەمجارەی هەمەوەندەکان تاکو مانگی ئایاری ساڵی ١٩١٠ز، هەر درێژەی کێشاوە، لەو مانگە بەدواوە ئەوسا هەمەوەندەکان و (شێخ مەحموودی حەفید) ناچارکراون کە کۆڵ بدەن و روو لە سنوورەکانی ئێران بکەن.(٤)

هەولێری کتێب

---

(١)(DH. M. U. I. / 1– 2/ 35) ، الباب العالي، دائرة الصدارة العظمى (القلم المكاتبات) ، موضوع: حل البرقية الواردة من متصرفية السليمانية.

(٢)محەمەد عەلی قەرەداغی، بوژانەوەی مێژووی زانایانی کورد لە رێگەی دەستخەتەکانیانەوە، ب٨، چ١، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر – ٢٠٠٨، ل١٨٢.

(٣)فؤاد قزانجی، العراق في الوثائق البريطانية ١٩٠٥–١٩٣٠، ت: (فؤاد قزانجي) ، ط١، دار المأمون للترجمة والنشر، بغداد–١٩٨٩، ص٧١. راپۆرتی سیاسی ساڵی ١٩٠٩ز نوێنەری بەریتانی لە عێراق، ژمارە (F. O، 4235 / 1002 – 371) کە لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩١٠ بڵاوکراوەتەوە.

(٤)وزارت امور خارجه، موضوع : آمدن احمدوندها به همراه شيخ محمود برزنجي به كردستان، سال : ١١/ شعبان/ ١٣٢٨هـ، كارتن : ٢٤، پرونده:٢، ص: ٤٩.

## چوونی سەرلەنوێی هەمەوەندەکان بۆ سنوورەکانی ئێران

پاش شکستی راپەڕینەکەیان لەمانگی ئایاری ساڵی ۱۹۱۰زدا، هەمەوەندەکان جارێکی تر ئاوارەی سنوورەکانی ئێران بوونەتەوە، سەرەتا چوونەتە مەریوان و، دواتر پەنایان بۆ ناوچەی هەورامان بردووەو، لای هەورامیەکانی ئێران جێگەیان بۆ کراوەتەوە.[١]

جێگیربوونی هەمەوەندەکان لەسنوورەکانی ئێران، بیانووی داوە بەدەستی تورکەکانەوە تا بەهەمان شێوەی جارەکانی پێشووتر خۆیان لەسنوورەکان بەتایبەت سنوورە کێشە لەسەرەکان نزیک بخەنەوەو بکەونەوە هەوڵی داواکردنەوەی سوارەکانی ئەو هۆزە لە حکومەتی ئێران وهەوڵی دروستکردنی گووشار لەسەر کاربەدەستانی ئەو دەوڵەتە تاکو هاوکارییان بکەن لە لێدان و دەرکردنی هەمەوەندەکان لەخاکی وڵاتەکەیان. یائەوەتا رێگەیان بدەن تاکو بچنە ناو خاکی ئێرانەوەو، لەناو سنوورەکانی ئەو وڵاتەدا ئۆپەراسیۆنی سەربازی لەدژی هەمەوەندەکان ئەنجام بدەن و خۆیان واتەنی مەترسیەکانی ئەو هۆزە لەسەر دامودەزگاو سنوورەکانی دەوڵەتی عوسمانی بنەبڕ بکەن.[٢] هەموو ئەوەشیان لەپێناوی ئەوەدا بووە تاکو جێی پێیەك بۆخۆیان و هێزەکانیان لەو ناوچە کێشە لەسەرانەدا بدۆزنەوە. ئەمجارەیان وەك ئەوەی کە ئێرانیەکان لە نیازی تورکەکان گەیشتبن، بەوەی کە نیازیان دروستکردنی ئاژاوەو بووە لە سنوورەکانی ئێران و، لەو پێناوەشدا بەبیانووی تەمێکردنی هەمەوەندەکانەوە، ویستوویانە زەمینەسازی بکەن بۆ راکێشانی هۆزەکانی سەر سنوور بەلای دەوڵەتەکەیاندا.[٣] بۆیە کاربەدەستانی وەزارەتی ناوخۆی ئێران بە هەموو شێوەیەك دژ بە بیرۆکەی هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ تورکەکان وەستاونەتەوەو. لەرێی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەیانەوە کاربەدەستە تورکەکانیان لەوە ئاگادار کردۆتەوە کە پێویستە لێرە بەدواوە خۆیان رێگری بکەن لە هاتنی هەمەوەندەکان بۆ سنوورەکانی ئێران، تاکو ساڵانە کێشەی ئەو هۆزە بۆ سنووردارەکانی هەردوولا دووبارە نەبێتەوە.[٤] هەروەها ئەوەیان بە تورکەکان راگەیاندووە کە هێزەکانی ئێران خۆیان ئەرکی راوەدوونانی هەمەوەندەکان لەسنوورەکانی وڵاتەکەیان دەگرنە ئەستۆو پێویستیان بە هاوکاری هێزەکانی عوسمانی نیەو، هەموو هاوکارییەکی ئەوان رەتدەکەنەوە.[٥]

---

(١)وزارت امور خارجه، موضوع : گزارش آمدن شیخ محمود برزنجی به همراه احمدوندها بە مریوان، سال : ١٢/ ربیع الاول/ ١٣٢٨ق، کارتن : ١ ، پرونده:١، ص: ٧. وزارت امور داخله، موضوع : گزارش آمدن شیخ محمود برزنجی بە همراه احمدوندها بە مریوان، سال :١٣٢٨هـ، کارتن : ١ ، پرونده:١، ص: ٧١٢.

(٢)وزارت امور خارجه، موضوع : اقدام عثمانی ها برای جلوگیری از شرارت احمدوندها و دادن بهانة بة دست عثمانی برای تجاوز بة خاك ایران، سال : ٢١/ جمادی الاول/ ١٣٢٨هـ، کارتن : ١ ، پرونده:١، نمره: ١٢٢٦٩، ص: ١٤١.

(٣)وزارت امور خارجه، موضوع: مأموریت فاضل پاشا والي موصل از طرف دولت عثماني مأمور دستگیری و تنبیه احمدوندها، و درخواست کمك از حکام کلهر و سایر طوایف سرحدی کرمانشاهان برای همکاری با فاضل پاشا و مراقبت از دسیسەهای و تفرقه افکنی او در میان ایلات یادشده، سال: (١٣٢٨ق) ، کارتن: ١، پرونده: ١، دوسیه : ٢، نمره: ١٠٩٥١، ص: ١٥٥.

(٤)وزارت داخله، موضوع: درخواست برای طرد احمدوندها برای جلوطیری از شرارت و تجاوز آنها به حدود کرمانشاهان با دولت عثمانی، سال: (١٣٢٨ق) ، کارتن:١، ثروندة:١، ص: ٥. وزارتداخله، موضوع: تلگراف از کرمانشاه درمورد تنبیهو ارجاع احمدوندهاو درخواست از وزارت امورخارجه برای مذاکره با سفارت عثمانی برای همکاری در حل این مشکل، سال: (١٣٢٨ق) ، کارتن:١، پرونده:١، ص: ٥.

(٥)وزارت داخله، موضوع: درخواست از حکومت کرمانشاه برای تحقیق و بررسی موضوع تجاوز احمدوندها و بیرون کردن انها از منطقه، سال: جمادی الاول ١٣٢٨هـ، کارتن:١، پرونده:١، ص: ١٣٤

هاوکاری نەکردنی ئەمجارەی ئێرانیەکان، وای لە هێزەکانی عوسمانی کردووەو کە نەتوانن وەکو پێویست پرۆسەی راوەدونان و تەمێکردنی هەمەوەندەکان بە کۆتا بگەینن، هەر ئەمەش (نازم پاشا) ی والی ئەوکاتی ولایەتی بەغدادی ناچارکردووە دان بەشکست و کەم توانایی هێزەکانی ولایەتەکەیدا بنێت.[١] و پەنا بۆ رێکەوتن و ئاشتەوایی لەگەڵ هەمەوەندەکان بەرێت و لێبووردنی گشتی بۆ سوارەکانی ئەو هۆزە دەربکات.[٢]

لەژێر کاریگەری ئەو بڕیارەدا، هەمەوەندەکان جارێکی تر گەڕاونەتەوە ناو سنوورەکانی دەوڵەتی عوسمانی و کۆمەڵ کۆمەڵ خۆیان تەسلیم بە هێزەکانی عوسمانی کردۆتەوەو رێگەیان پێدراوە بگەرێنەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان.[٣]

بەڵام ئەوسەردەمی ئاشتەواییەی نێوان هەمەوەندەکان ودەوڵەتی عوسمانی وراحەت دانیشتنی سوارەکانی ئەوهۆزە، زۆر درێژەی نەکێشاوەو هەر لەگەڵ هاتنی تورکەلاوەکان و سەرکەوتنی کودەتاکەیاندا ئەوماوەیە کۆتایی پێهاتووەو، پەیرەوکردنی سیاسەتێکی تەواو پێچەوانەی سیاسەتەکانی سوڵتان (عەبدولحەمیدی دووەم) لەلایەن سەرانی تورکەلاوەکانەوە، کارێکی کردووە کە سەرلەنوێ هەمەوەندەکان داری یاخیبوون هەڵبگرنەوەو، بەگوێرەی سەرچاوەکان هەتاکوساڵی ١٩١٤ز و هەڵگیرسانی شەڕی جیهانی یەکەمیش ئەوجوڵانەوەیەی هەمەوەندەکان هەردرێژەی هەبووە.[٤]

هەواڵنامەی کتێب

---

(١)(DH. M. U. I. 1-10/ 39-5) ، الباب العالي، نظارة الداخلية (دائرة المخابرات العمومية) ، الشعبة الثانية. ( DH. M. U. I. / I- 10/ 16 - 8) ، الباب العالي، نظارة الداخلية (قلم البرقيات) ، موضوع: حل البرقية الواردة من ولاية بغداد، ١٠/ مايس/ ١٣٢٦.

(٢)المس بيل، فصول من تاريخ العراق القريب، ت: (جعفر الخياط) ، مطبعة دار الكشاف، بيروت – ١٩٤٩، ص٥٨.

(٣)(DH. M. U. I. / T. 1328 – B. 13/ I – 9143 ) ، ادارة دائرة تلغراف الدولة العلية العثمانية، برقية من رئيس الهماوند الاسبق (محمد امين) عضو مجلس جمجمال المحلي الى صدارة العظمى، مركز الاصدار: الموصل، ١/ اب/ ١٣٢٦

(٤)F. O، 371/3407، XM 07793، from India office to Foreign office، 19. 4. 1918

**ئەنجام :**

یەکەم/سەرکەوتنی کودەتای تورکەلاوەکان لە (٢٣ی تەمموزی ١٩٠٨ن) ، زنجیرەیەك راپەڕین و دەنگی ناڕەزایی نەتەوەو هەرێمە جیاوازەکانی ناو قەڵەمڕەوی ئیمبراتۆرییەتی عوسمانی بەدوای خۆیدا هێناوە. کوردەکان یەك لەو نەتەوانەی ناو دەوڵەتی عوسمانی بوون، کە زۆرترین دەنگی ناڕەزاییان لێ بەرزبووەتەوەو. زۆربەی زۆری هۆزە کوردییەکان دژ بە رووداوی هاتنە سەرحوکمی تورکەلاوەکان راپەڕینیان بەرپاکردووە.

هەمەوەندەکان یەك لەو هۆزە کوردییانە بوون کە بەماوەیەکی کەم دوای سەرکەوتنی کودەتای تورکەلاوەکان و بەدیاریکراوی لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٠٨زدا، ئاڵای راپەڕینیان بەرزکردۆتەوەو ئاژاوەو پشێوییەکی زۆریان بۆ هێزەکانی تورك لە ناوچەکانی نێوان کەرکووك و سلێمانیدا دروستکردووە.

دووەم/ هەرچەندە لەلای زۆر لە مێژوونووسان ئەم راپەڕینەی هەمەوەندەکان واناسێنراوە، کە دژ بەرووداوی کوشتنی (شێخ سەعید حەفید) بەرپاکراوە. بەڵام لەڕاستیدا هەمەوەندەکان بەماوەیەکی زۆر پێش ئەو رووداوە راپەڕیون و، بەماوەیەکی زۆر دوای خامۆش بوونەوەی دەرهاویشتەو دەنگوباسەکانی ئەو رووداوەش، راپەڕینەکەی ئەوان هەر درێژەی هەبووەو خامۆش نەبووەتەوە. راستە کوژرانی شێخ سەعید کارێکی کردووە کە راپەڕینەکەی هەمەوەندەکان بۆ ماوەیەك گەرم و گوڕی زیاتر بەخۆوە ببینێت و بکەوێتە هاوشانی ئەو شەپۆلی ناڕەزایی و توندوتیژییانەی کە دوای رووداوی کوژرانی شێخ سەعید، هۆزەکانی کەرکووك و سلێمانی بەرپایانکردووە. بەڵام بەحوکمی ئەوەی کە راپەڕینی هەمەوەندەکان هۆکارو مەبەستی تری لەپشتەوە بووە، کە دیارترینیان بریتی بووە لە داواکردنی حوکمڕانی ناوچەکانی خۆیان و بابەتی کۆکردنەوەی باج لەئەندامانی هۆزەکەیان. وەك ئاماژەمان پێدا دوای خامۆش بوونەوەی دەرهاویشتەکانی رووداوی کوژرانی شێخ سەعیدیش، بڵێسەی راپەڕینی ئەو هۆزەهەر درێژەی هەبووەو لە کڵپەسەندنی بەردەوامدا بووە.

سێیەم/ راپەڕینی هەمەوەندەکان هاوکات بووە لەگەڵ دووبارە سەرهەڵدانەوەی ناکۆکیە سنوورییەکان و هەروەها گفتوگۆ سنوورییەکانی نێوانی دەوڵەتانی ئێران و عوسمانیدا. بۆیە عوسمانیەکان راپەڕینی هەمەوەندەکانیان بە دەرفەت زانیوە تاکو لەڕێی ناچارکردنی ئەندامانی ئەو هۆزەوە بۆ هەڵاتن بۆ سنوورەکانی ئێران، کارێك بکەن کە بوونی خۆیان بەتایبەت لەو ناوچە سنوورییانەدا کە لە نێوان هەردولادا کێشەی لەسەر بووە زیاتر بکەن و، بەبیانووی تەمێکردنی هەمەوەندەکانەوە، هەم دەستیان بەو ناوچانە بگات و، هەم پەیوەندی لەگەڵ هۆزەکانی نیشتەجێی ئەو ناوچانە دروست بکەن، تاکو مەیلیان بەلای دەوڵەتی عوسمانیدا رابکێشن و، وایان لێ بکەن داوای هاتنەپاڵ دەوڵەتی عوسمانی بکەن.

هەواڵنامەی کتێب

## سەرچاوەکان


### یەکەم/ بەڵگەنامەی بڵاونەکراوە:

أ- بەزمانی عەرەبی:

١- دار الكتب والوثائق العراقية، ملفات وزارة الخارجية، رقم (٣٤٠٧/ ٣٠٦) ، موضوع/ العشائر في كردستان الجنوبية، رقم الوثيقة (٢٦) .

ب- بەزمانی فارسی

٢- وزارت امورخارجه، موضوع: راپورت از سرحدداری زهاب در خصوص شرارت اشرار احمدوند ضلبی و ثسر فتاح بیط و بهادرالملك، سال (١٣٢٨هـ) ، کارتن: ١، ثروندة:١، نمره کتاب: ١٦٢٥٧ ، دوسیه: ٢، تاریخ خروج: ٢٨/ جمادی الثانی/ هـ.

٣- وزرات امورخارجه، موضوع : اقدام فتاح بیك به اتفاق احمدوندها به غارت اموال تجار، سال (١٣٢٨ق) ، کارتن : ١، پرونده: ١ ، نمره کتاب ثبت: ٢٣٥٩، دوسیه: ٢.

٤- وزرات امورخارجه، موضوع : طزارش وزارت خارجة درخصوص ادامة شرارت و نافرمانی احمدوندها و مأموریت فاضل پاشا حاکم موصل از سوی دولت عثمانی برای سرکوب این طائفه ، سال: ٢٤/ محرم/ ١٣٢٨هـ، کارتن: ١، پرونده: ١ ، نمره کتاب ثبت: ٢٢٠٩، دوسیه: ٢.

٥- وزرات امورخارجه، موضوع: اقدام حکومت کردستان جهت طرد احمدوندها از نقاط مختلف ایران، سال: ٥/ صفر/ ١٣٢٨هـ، کارتن: ١، ثروندة: ١، نمره: ١٤٠٣. دوسیه: ٢. ص: ١٤٢.

٦- وزرات امورخارجه، موضوع : مذاکره فاضل ثاشا والی موصل با داودخان امراعظم کلهر برای مقابله با اقدامات طائفه احمدوندها، سال: ١٤/ ذی الحجه/ ١٣٢٨هـ، کارتن : ١، ثروندة: ١، نمره: ١٧٠٥.

٧- وزرات امورخارجه، موضوع : طزارش وزارت خارجة درخصوص ادامة شرارت و نافرمانی احمدوندها و مأموریت فاضل پاشا حاکم موصل از سوی دولت عثمانی برای سرکوب این طائفه ، سال: ٢٤/ محرم/ ١٣٢٨هـ، کارتن: ١، ثروندة: ١ ، نمره کتاب ثبت: ٢٢٠٩، دوسیه: ٢.

٨- وزارت امور خارجه، موضوع : آمدن احمدوندها به همراه شیخ محمود برزنجی به کردستان، سال : ١١/ شعبان/ ١٣٢٨هـ، کارتن : ٢٤ ، پرونده:٢.

٩- وزارت امور خارجه، موضوع : طزارش آمدن شیخ محمود برزنجی به همراه احمدوندها به مریوان، سال : ١٢/ ربیع الاول/ ١٣٢٨ق، کارتن : ١ ، ثروندة:١.

١٠- وزارت امور داخله، موضوع : طزارش آمدن شیخ محمود برزنجی به همراه احمدوندها به مریوان، سال :١٣٢٨هـ، کارتن : ١ ، ثروندة:١.

١١- وزارت امور خارجه، موضوع : اقدام عثمانی ها برای جلوطیری از شرارت احمدوندها و دادن بهانة به دست عثمانی برای تجاوز بة خاك ایران، سال : ٢١/ جمادی الاول/ ١٣٢٨هـ، کارتن : ١ ، پرونده:١، نمره: ١٢٢٦٩.


هەواڵنامەی کتێب

١٢- وزارت امور خارجه، موضوع: مأموريت فاضل‌ثاشا والي موصل از طرف دولت عثماني مأمور دستطيري و تنبيه احمدوندها، و درخواست كمك از حكام كلهر و ساير طوايف سرحدى كرمانشاهان براى همكارى با فاضل‌ثاشا و مراقبت از دسيسه‌هاى و تفرقه افكنى او در ميان ايلات يادشده، سال: (١٣٢٨ق) ، كارتن: ١، ثروندة: ١، دوسيه : ٢، نمره: ١٠٩٥١.

١٣- وزارتداخله، موضوع: درخواست براى طرد احمدوندها براى جلوطيرى از شرارت و تجاوز آنها به حدود كرمانشاهان با دولت عثمانى، سال: (١٣٢٨ق) ، كارتن:١، ثروندة:١.

١٤- وزارتداخله، موضوع: تلطراف از كرمانشاه درمورد تنبيهو ارجاع احمدوندهاو درخواست از وزارت امورخارجه براى مذاكرهبا سفارت عثمانى براى همكارى در حل اين مشكل، سال: (١٣٢٨ق) ، كارتن:١، ثروندة:١.

١٥- وزارتداخله، موضوع: درخواست از حكومت كرمانشاه براى تحقيق و بررسى موضوع تجاوز احمدوندها و بيرون كردن انها از منطقه، سال: جمادى الاول ١٣٢٨هـ، كارتن:١، ثروندة:١.

ت- بەزمانی تورکی عوسمانی:

١٦- (DH. M. U. I. / 1– 2/ 35) ، الباب العالي، دائرة الصدارة العظمى (القلم المكاتبات) ، موضوع: حل البرقية الواردة من متصرفية السليمانية.

١٧- (DH. M. U. I. / 1– 3/ 46) ، وزارة الداخلية، دائرة المخابرات العمومية، برقية الى وزارة الخارجية الجليلة، ٢٤/ رمضان/ ١٣٢٧ (٢٦/ أيلول/ ١٣٢٥) .

١٨- (DH. M. U. I. / 1- 4/ 6 ) ، الباب العالى، (دائرة الشؤن الداخلية) ، النسخة المشفرة المستلمة من متصرفية السليمانية، ٣/ اب/ ١٣٢٥.

١٩- (DH. M. U. I. / 1– 4/ 79) ، الدولة العلية العثمانية، دائرة البرق والتلغراف، الى الوزارة الداخلية الجليلة، ٣/ اب/ ١٣٢٥.

٢٠- (DH. M. U. I. / 1– 6/ 5) ، وزارة الداخلية، دائرة المخابرات العمومية، برقية الى وزارة الخارجية الجليلة، ٢٩/ تشرين الثاني/ ١٣٢٥.

٢١- (DH. M. U. I. / T. 1328 – B. 13/ I – 9143 ) ، ادارة دائرة تلغراف الدولة العلية العثمانية، برقية من رئيس الهماوند الاسبق (محمد امين) عضو مجلس جمجمال المحلي الى صدارة العظمى، مركز الاصدار: الموصل، ١/ اب/ ١٣٢٦.

٢٢- (DH. M. U. I. 1-10/ 39 - 5) ، الباب العالي، نظارة الداخلية (دائرة المخابرات العمومية) ، الشعبة الثانية.

٢٣- (DH. M. U. I. / 1– 10/ 39 - 15) ، الباب العالي، دائرة الصدارة العظمى (قلم المراسلات) ، برقية الى نظارة الداخلية الجليلة، ٢٩/ ربيع الاول/ ١٣٢٨ (٢٨/ مارت/ ١٣٢٦) .

هەولێنامەی کتێب

٢٤- (DH. M. U. I. / 1– 10/ 39 – 10 - 11) ، الباب العالي، دائرة المخابرات العمومية – الشعبة الثانية، موضوع: الاسئلة والأجوبة المدرجة في تقرير الأستيضاح المقدم من قبل مبعوثي الموصل (فاضل و داود أفندي) حول نتيجة المطاردات المتعلقة ببغاة الهموند و بارزان.

٢٥- (DH. M. U. I. / 1– 10/ 16 - 5) ، الباب العالي، دائرة الصدارة العظمى (قلم البرقيات) ، موضوع: حل البرقية الواردة من ولاية الموصل، ١١/ مايس/ ١٣٢٦.

٢٦- (DH. M. U. I. / 1- 10/ 16 - 8) ، الباب العالي، نظارة الداخلية (قلم البرقيات) ، موضوع: حل البرقية الواردة من ولاية بغداد، ١٠/ مايس/ ١٣٢٦.

٢٧- (DH. M. U. I. / 1– 11/ 18) ، وزارة الحربية، دائرة المحكمة، الى وزارة الداخلية الجليلة، موضوع: حول اتخاذ قرار اللازم بشأن اعدام إحدى عصاة الهماوند، ٢٤/ ربيع الاول/ ١٣٢٨ (٢١/ نيسان/ ١٣٢٦) .

٢٨- (DH. M. U. I. / 1– 11/ 10) ، وزارة الحربية، دائرة المحاكمات، الى وزارة الداخلية، موضوع: حول محاكمة عصاة الهماوند المستمرين بأعمالهم الشنيعة وحكمهم مدة (١٥) عاما . . . ، ٢٦/ رجب/ ١٣٢٨ (٢٠/ تموز/ ١٣٢٦) .

ث- بەزمانی ئینگلیزی:

29- FO. 195/2310. British vice consul Mosul ،October. 17/ 1909 .

30- F. O ،371/3407 ،XM 07793 ،from India office to Foreign office ،19. 4. 1918 .

**دووەم/ سەرچاوەی بەڵگەنامەیی**

أ- بەزمانی تورکی:

31- T. C. BASBAKANLIK DEVLET ARS–VLER – GENEL MÜDÜRLÜGÜ Osmanlı Arsivi Daire Baskanlıgı ،MUSUL – KERKÜK -LE -LG-L-ARS–V BELGELER– (1525 – 1919) ،ANKARA – 1993 .

ب- بەزمانی عەرەبی:

٣٢- فـؤاد قزانجـي، العـراق في الوثـائق البريطانيـة ١٩٠٥–١٩٣٠، ت: (فـؤاد قزانجـي) ، ط١، دار المأمون للترجمـة والنشر، بغداد–١٩٨٩.

**سێیەم/ لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامەیی:**

٣٣- ئازاد هیدایەت دەلۆ، چەند بەڵگەنامەیەکی مێژوویی، و: (مستەفا نەریمان) ، ب١، گۆڤاری رامان، ژمارە (٦٧) ، کانوونی دووەمی ٢٠٠٢.

هەورێلەی کتێب

**چوارەم/ بڵاوکراوەی حکومی:**

٣٤- دائرة الحاكم المدني، ملاحظات عن عشائر كردستان الجنوبية (بين الزاب الكبير و ديالى) ، ت: (فؤاد حمة خورشيد) ، بغداد – ١٩٧٩.

**پێنجەم/ دەسنووس:**

٣٥- حەیدەرعەزیزخەسرەو، بحرالانسابیگزادەیهموند، ١٩٢٨ – (دەستنووس) .

**شەشەم/ یاداشتنامەو گەشتنامە:**

أ- بەزمانی ئینگلیزی:

36- J. Baillie Fraser ،Travels in Koordistan Mesopotamia ،vol. 1 ،London -1840 .

37- Ely Banister Soane ،Notes on the Tribes of Southern Kurdistan ،Government Press ، 1918 .

ب- بەزمانی کوردی:

٣٨- کاکەڕەشید شەوقی، بەسەرهاتووی کاکەڕەشید شەوقی، ئامادەکردنی: (سدیق ساڵح) ، چ١، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی – ٢٠٠٣.

ت- بەزمانی عەرەبی:

٣٩- خورشیدباشا، رحلةالحدودبينالدولةالعثمانيةوايران، ت: (مصطفى زهران) ، ط١، القاهرة – ٢٠٠٨.

٤٠- سون ( (ميرزا غلام حسين شيرازى) ) ، رحلة " متنكر " الى بلاد مابين النهرين و كردستان، ت: (فؤاد جميل) ، ج١، ط١، مطبعة الجمهورية، بغداد – ١٩٧٠.

٤١- علي سيدو الطوراني، من عمان الي العمادية أو جولة في كردستان الجنوبية، مطبعة دار اراس للطباعة والنشر، ط٢، اربيل – ٢٠١٢.

پ- بەزمانی فارسی:

٤٢- كريم بيط فتاح بيط جاف، تاريخ جاف، ثذوهش: (دكتر حسن جاف) ، ت: (دكتر محمد على سلطانى) ، انتشارات اراس، ض١، اربيل – ١٩٩٨.

٤٣- ميرزا احمد الهامى ودرويش قلى كرندى، فتحنامه حسام الملك بانضمام محاربات ملك نياز خان و جوانمير هماوند، باهتمام: (محمد على سلطانى) ، تهران – ١٣٨٤هتاوى.

هەواڵنامەی کتێب

## حەوتەم/ کتێب و سەرچاوەکان:

أ-  بەزمانی کوردی:


٤٤- ئەکرەمی مەحموودی سالحی رەشە، شاری سلێمانی، ب٢، بەغداد – ١٩٨٩.

٤٥- پرۆفیسۆر بەدرخان سندی، کۆمەڵگای کوردی لەدیدی رۆژهەڵاتناسیدا، و: (د. ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید)، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆک – ٢٠٠٨.

٤٦- خالد مەحمود کەریم، دەوڵەتی عوسمانی و عەشیرەتە کوردەکان لەکوردستانی باشوور ١٨٦٩–١٩١٤، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی–٢٠١٢.

٤٧- جان. ئار. پێری، کەریمخانی زەند مێژووی ئێران لەنێوان ساڵانی ١٧٤٧–١٧٧٩، و: (سەلاحەددین ئاشتی)، چاپخانەی شڤان، سلێمانی – ٢٠٠٥.

٤٨- د. سەعد بەشیر ئەسکەندەر، سەرهەڵدان و رووخانی سیستەمی میرنشینی لەکوردستان، و: (جەوهەر کرمانج)، چ٢، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی – ٢٠٠٩.

٤٩- مەیجەرسۆن، سلێمانی ناوچەیەك لەکوردستان، و: (مینە (محەمەد ئەمین حسین)، چ١، چاپخانەی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی – ٢٠٠٧.

٥٠- عەلائەددین سەججادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چ١، انتشارات کردستان، سنە – ١٣٨٩.

٥١- عەبدولمونعیم غولامی، سێ قوربانیەکە، و: (ئیحسان ئیروانی)، چ١، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر – ٢٠٠٤، ل٢٦–٢٧.

٥٢- فەرهاد عەبدولعەزیز محەمەد ئەمین، ناوچەی چەمچەماڵ لە نێوان ساڵانی هەردوو شەڕی جیهانی دا ١٩١٨– ١٩٣٩، توێژینەوەیەك سەبارەت بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و رامیاری و روناکبیری، چ١، چاپخانەی زینە، کەرکوك – ٢٠١٣.

٥٣- محەممەد ئەمین زەکی بەگ، تاریخی سلێمانی وەڵاتی، ئا: (رەفیق صالح)، ب٣، چ٢، سلیمانی– ٢٠٠٥.

٥٤- محەمەد عەلی قەرەداغی، بوژانەوەی مێژووی زانایانی کورد لە رێگەی دەستخەتەکانیانەوە، ب٨، چ١، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر – ٢٠٠٨.

٥٥- م. ر. هاوار، شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب١، لەندەن – ١٩٩٠.

٥٦- م. س. لازاریف، کێشەی کورد ١٨٩٦ – ١٩١٧، و: (دکتۆر کاوس قەفتان)، ب١، مطبعة الحافظ، بغداد – ١٩٨٩.


ب- بەزمانی عەرەبی:


٥٧- المس بيل، فصول من تاريخ العراق القريب، ت: (جعفر الخياط)، مطبعة دار الكشاف، بيروت – ١٩٤٩.

٥٨- المحامي عباس العزاوي، عشائرالعراق، ج١و٢، مكتبة الحضارات، بيروت – د . ت.

٥٩- عبدالرحمن ادريس صالح البياتي، الشيخ محمود الحفيدالبرزنجي والنفوذ البريطاني في كردستان العراق حتى عام ١٩٢٥، ط٢، مطبعة شظان، السليمانية – ٢٠٠٧.


هەواڵنامەی کتێب

## الملخص

## الراية السوداء والمسودة بين السياسة والخلفية الدينية في الفترة (١٠٠هـ/٧١٨م- ٢٤٧هـ/٨٦١م)

تشكل الإنتفاضة المسلحة التي تقوم بإشعالها أفراد عشيرة الهموند بين عامي (١٩٠٨ – ١٩٠٩) ، إحدى أهم الإنتفاضات وأكثر فاعلية من سلسلة المتواصلة من الحركات والإنتفاضات التي تقوم بإشعالها أفراد هذه العشيرة.

وعلى الرغم من أن هذة الإنتفاضة موجهة بالأصل الى الدولة العثمانية وإنقلاب (تركيا الفتاة) وإعلان المشروطية. لكن اثارها وإنعكاساتها إمتدت الى المناطق الحدودية والى المؤسسات وامعسكرات والنقاط الحدودية للحكومة الإيرانية، خاصة بعد نزوح أفراد عشيرة الهموند أثر تلك الإنتفاضة الى منطقتي (زهاو وجوانرو) الموجودتان في داخل الأراضي الإيرانية. وهذا ما أدى الى وجود ذكر أحداث تلك الإنتفاضة في الأوراق الوثائق الإيرانية والعثمانية في نفس الوقت. وبالرغم من أن تلك الوثائق مكتوبة بروح الكراهية والأعداء، هم كنوز غنية ومليئة بالمعلومات الجديدة والمخفية حول الإنتفاضة.

لذا وقد إعتمد الباحث فضلا عن المصادر التأريخية، على كثير من أوراق ومستندات والوثائق الموجودة في أرشيف الوزارة الخارجية الإيرانية، و أرشيف رئاسة الوزراء في أسطنبول. مع إعطاء التحليلات الشخصية اللازمة للوثائق التى بحاجة الى التوضيح والتحليل، وذلك في سبيل إزالة الغموض والإشكاليات الموجودة في متن كل تلك الوثائق. وخلالتلكالوثائقإعطاءمعلوماتدقيقة وجديدة حولأحداث ومستجدات تلكالإنتفاضةبأسبابهاونتائجها.

هەوالنامەی کێر

## Abstract

## Black flag and mourning between political and religious background (100-247 AH. . . . . 718-861 AD)

One of the most effective Uprising of Hamawand's as a complement of movement and mutiny that made by previous people consists of the Uprising which happened in 1908 against (Turkey Al – Fatat) 's. Coup and announcing conditional (Mashrutyat) as the same of many nations and tribes of other districts inside Ottoman's boarder .

Because the flame of the Uprisingaffected both Iran and Ottoman at the same time ، that made astate that inside the documents archives of the countries we can find many special documents about that intifada. Those documents are specialized of the intifada's events as well as about the corporation between those two countries to hit the Uprising and make it weak. Althoughthose documents are written by enemies and hatred people ،they are rich treasures and full of new and hidden information about the intifada .

That reason made the research focus on (Hamawand's tribes Uprisingin 1908 ،an annalistic documentary about the Hamawand'sintifada) . in this research tried to make a necessary analysis for each document ،and through those documents I stated accurate and information about that Uprising of Hamawand's with its causes and results .

هەواڵنامەی کتێب

KURDISTAN ACADEMICS ASSOCIATION
KAA
کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کوردستان
KURDISTAN ACAMECS ASSOCIATION

KTRC 2004
دەستەی کوردستانی
بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی

# گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان

# ستونی ڕۆژنامەنوسی لە ڕۆژنامەی ( هاوڵاتی ) دا

## ( توێژینەوەیەکی شیکارییە لە ماوەی ١٠/١- ٢٠١٣/١٢/٣١ )


د. هێرش ڕەسوڵ موراد
زانکۆی ڕاپەڕین
یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ

م. محەمەد کەریم بابۆڵی
زانکۆی کۆیە
بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن


هەواڵنامەی کتێب


**پوختە**

تەوەری کارکردنی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە پەیوەستە بە ژانری (ستون)ەوە لە ڕۆژنامەنوسیی کوردیی هەرێمی کوردستاندا، بە تایبەت لە ڕۆژنامەی ڕۆژانەی (هاوڵاتی) دا و لە ماوەی سێ مانگی کۆتایی ساڵی ٢٠١٣دا.

وەکچۆن توێژینەوەکە لەسەر چەند ئاستێکی جیاواز بایەخ و سودی تایبەتی هەیە، لەوانە: بۆ پێشخستنی ڕۆژنامەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی ڕۆژنامەنوسان.

دەربارەی کێشەی توێژینەوەکەش، توێژەران لە ڕێگەی پێشکەشکردنی چەند پرسیارێکەوە خستویانەتەڕو، دیارترینیش خۆیان دەبیننەوە لە:

أ. ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) لە ماوەی دیاریکراوی توێژینەوەکەدا (١٠/١ – ٢٠١٣/١٢/٣١) لە نێو بابەت و ژانرە ڕۆژنامەنوسییەکاندا، تا چ ڕادەیەك بایەخی بە ژانری (ستون) داوە؟

ب. ناوەڕۆك و ئایدیای ستونەکانی ڕۆژنامەکە لەو ماوەیەدا چین؟

هەروا ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، خۆی لە چەند خاڵێکدا دەبینێتەوە، گرنگترینیشیان ئەمانەن:

أ. ئاشکراکردنی ڕادەی بایەخدانی ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) بە ژانری (ستون)، لە ماوەی دیاریکراوی توێژینەوەکەدا (١٠/١ – ٢٠١٣/١٢/٣١) لە نێو بابەت و ژانرە ڕۆژنامەنوسییەکاندا.

ب. زانینی ناوەڕۆك و ئایدیای ستونەکانی ڕۆژنامەکە لەو ماوەیەدا.

توێژینەوەکە لە ڕوی جۆرەوە بە (توێژینەوەی وەسفی) دادەنرێتو، ڕێگەی ناخشیکاری (شیکردنەوەی ناوەڕۆك) یش بەکارهاتوە.

هەروەك پەیکەری گشتیی توێژینەوەکەش، جگە لە پێشەکی، لەم باسو تەوەرانە پێکهاتوە:

یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوەکە:

لەم باسەدا توێژەران هەوڵیانداوە لە چەند تەوەرێکدا ڕونکردنەوی پێویست لەوبارەیەوە بخەنەڕو، تەوەرەکانیش بریتین لە: (بایەخی توێژینەوەکە، کێشەی توێژینەوەکە، ئامانجی توێژینەوەکە، جۆر و ڕێبازی توێژینەوەکە، بواری توێژینەوەکە، کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوەکە، ئامرازی توێژینەوەکە، ئامارشیکاریی بەکارهاتو (التحليل الإحصائي المستخدم)، چەمك و زاراوەکان).

دوەم: چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە:

لێرەدا بە شێوەیەکی تیۆری و بە گەڕانەوە بۆ کۆمەڵێ سەرچاوەی زانستی، ڕوناکی خراوەتەسەر چەند لایەنێکی پەیوەست بە بابەتی سەرەکیی توێژینەوەکە: (چەمك و پێناسەی ستونی ڕۆژنامەنوسی، تایبەتمەندییەکانی ستونی ڕۆژنامەنوسی، شێوازەکانی نوسینی ستونی ڕۆژنامەنوسی، جۆرەکانی ستونی ڕۆژنامەنوسی، تەوەرەکانی ستونی ڕۆژنامەنوسی، تایبەتمەندییەکانی ستوننوس).

سێیەم: چوارچێوەی پراکتیکیی توێژینەوەکە:

ئەمەش دوا باسەو تایبەتە بە لایەنی پراکتیکی، کە چەند تەوەرێك دەگرێتەوە: (کورتەیەك دەربارەی سامپڵی توێژینەوەکە، ڕێکارەکانی ناخشیکارییەکە، ئەنجامی ناخشیکارییەکە).

چوارەم: کۆتایی:

لە کۆتاییشدا، (دەرەنجامەکان) دێن، کە لە تێڕوانینی توێژەرانەوە سەرچاوەیانگرتوە سەبارەت بە کرۆکی ئەنجام و ڕاستییە بەدەستهاتوەکان لە دوتوێی توێژینەوەکەدا، سەرەڕای (ڕاسپاردە و پێشنیارەکان) کەوا دەبنە تەواوکاریی پرۆژەکە.

## پێشەکی

ڕاگەیاندن، یەکێکە لە بوارە جێبایەخەکانی ژیان و کۆمەڵ، کەوا لە ڕێگەی بەجێگەیاندنی ئەرك و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە جیاوازەکان دەتوانێت ڕۆڵی بەرچاو بگێڕێت.

لەو نێوانەشدا ڕاگەیاندنی نوسراو، کە خۆی لە ڕۆژنامە و گۆڤار و چاپکراوی خولەکییدا دەبینێتەوە، سەرەڕای پێشکەوتنە خێراکانی زانست و تەکنەلۆژیا و هاتنەکایەی جۆر و تەرزی نوێ لە ڕاگەیاندن وەك ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی و ڕاگەیاندنە کۆمەڵایەتییەکان (Social Media)، بەڵام هێشتا گرنگیی خۆی لەدەستنەداوە، بە تایبەت لە گرتنەخۆی هەندێ هونەر و ژانری ڕۆژنامەنوسی لە ڕاگەیاندنی نەریتی (Traditional) دا، کە لە جۆرەکانی دیکەی ڕاگەیاندندا بەوجۆر و چێژە نین، هێشتا خاوەنی وەرگری تایبەتی خۆیانن.

کۆی هونەرەکانی ڕۆژنامەنوسی لەگەڵ ڕۆژنامەنوسی خۆیدا ئاوێنەی پێشکەوتنی کۆمەڵەکانن و ئەو ڕۆڵە دەبینن، هەروا ژانرە جیاوازەکانی ڕۆژنامەنوسی لە سەردەمە یەکبەدوایەکەکاندا سەریانهەڵداوە و هەندێکیان یەکتریان تەواوکردوە.

یەكێك لەو ژانرە تایبەتانەی نێو كایەی رۆژنامەنوسیی نوسراو بریتییە لە ستون (Column)، كەوا سروشت و تایبەتمەندییەكانی جۆرێك لە هێز و وزەی گەشە و بەردەوامییان پێبەخشیوە.

ستونی رۆژنامەنوسی، ژانرێكی دیارو بایەخداری رۆژنامەنوسییە، لەسەرەتای دەركەوتنییەوە تاكو ئەمرۆ توانیویەتی تاڕادەیەكی زۆر سەرنجی خوێنەری رۆژنامەكان بەلای خۆیاندا رابكێشێت، بۆیە رۆژنامەكانیش هەمیشە بایەخی تایبەت بەو ژانرە دەدەن و هەوڵدەدەن ستونی سەرنجڕاكێش دەربارەی پرس و بابەتە جیاجیاكان بكەنەوە، هاوكات نوسەر و رۆژنامەنوسە بەناوبانگەكان هان بدەن و رێككەوتنیان لەگەڵدا بكەن، بۆ ئەوەی ببنە ستوننوس (Columnist) ی تایبەتی خۆیان.

وەكچۆن ستونی رۆژنامەنوسی خاسیەتێكی كارلێكی هەیە، ئەمەش خۆی دەبینێتەوە لە بونی پەیوەندیی توندوتۆڵی نێوان ستوننوس و خوێنەر تێیدا، وەك دو رەگەزی گرنگی پرۆسەی گەیاندن (Communication) كە (نێرەر و وەرگر) ن، ستون–ەكە لەو نێوانەدا دەبێتە (پەیام) و رۆژنامەكەش رۆڵی (كەناڵ) دەگێرێت.

لە تەمەنی پتر لە سەدەیەكی رۆژنامەنوسی–یش بە زمانی كوردی، ئەم ژانرە لەنێو لاپەرەی رۆژنامەكاندا ئامادەگی هەبوە، بەڵام ئەویش وەك زۆربەی ژانرەكانی دیكەی رۆژنامەنوسی بە قۆناغی جیاواز و پڕ لە هەڵكشان و داكشانی بایەخپێدان گوزەریكردوە.

لە روانگەی گرنگیی بواری راگەیاندن و رۆژنامەنوسی بۆ ژیانی تاك و كۆمەڵ، و پێگەی ژانرەكان لەو كایەیەدا، لەوانە (ستونی رۆژنامەنوسی) و ناوەرۆكی پرس و بابەتەكانی، بە تایبەت لە رۆژنامەنوسیی كوردیی هەرێمی كوردستاندا (رۆژنامەی هاوڵاتی وەك نمونە)، ئەم توێژینەوەیە هاتەبون.

هەولێرنامەی كتێب

## باسی یەكەم: میتۆدنامە

### ١. بایەخی توێژینەوەكە:

ئەنجامدانی توێژینەوە دەربارەی ژانرەكانی رۆژنامەنوسی لە رۆژنامەنوسیی كوردیی هەرێمی كوردستاندا لە روانگەی توێژەرانەوە بە پێویستییەكی حەتمی هەژماردەكرێت، بە تایبەت ستونی رۆژنامەنوسی، كەوا بە شێوەیەكی گشتی دو جۆرن: بۆچونەستون، زانیارییەستون.

بەوپێیەشی كە توێژینەوەی زانستی بە تەنها لەسەر گرنگییەكی دیاریكراو لە بواری پسپۆڕییەكەدا ناوەستێت، بۆیە ئەم توێژینەوەیە لەم روانەی خوارەوەوە بایەخ و كەڵكی تایبەتی هەیە:

أ. بۆ كۆمەڵ: بۆ بایەخی كایەی رۆژنامەنوسی دەگەڕێتەوە، لەنێویشیدا ژانرەكانی رۆژنامەنوسی، و لەو چێوەیەشدا ژانری ستون، كەوا هەم دەروازەیەكن بۆ رادەربڕین و، هەم سەرچاوەیەكیشن بۆ وەرگرتنی داتا و زانیاریی جیاواز لەسەر پرس و بابەتەكان لەلایەن وەرگرەوە.

ب. بۆ تیۆر و زانست: بە ئامانجی گەشەپێدانی لایەنی ئەكادیمی و تیۆریی راگەیاندن و رۆژنامەنوسی.

ج. بۆ كاری رۆژنامەنوسی: لەپێناو پێشخستنی زانستییانەی رۆژنامەكان و بەرزكردنەوەی ئاستی پیشەیی رۆژنامەنوسان لە بواری ستوننوسییدا.

### ٢. کێشەی توێژینەوەکە :

دەکرێت کێشەی توێژینەوەکەش لەم پرسیارانەدا چڕبکەینەوە:

أ. ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) لە ماوەی دیاریکراوی توێژینەوەکەدا (١/١٠ – ٢٠١٣/١٢/٣١) لە نێو بابەت و ژانرە ڕۆژنامەنوسییەکاندا، تا چ ڕادەیەك بایەخی بە ژانری (ستون) داوە؟

ب. ناوەڕۆك و ئایدیای ستونەکانی ڕۆژنامەکە لەو ماوەیەدا چین؟

ج. بایەخدانی ستونەکانی ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) بە پرس و بابەتە جیاوازەکان لە ماوەی دەستنیشانکراودا لە چ ئاستێکدایە لە ڕێگەی زانینی ژمارە و ڕێژە و ڕوبەری ستونەکان؟

د. میتۆدی گشتیی ڕۆژنامەی ناوبراو لەژێر تیشکی ئەو پرسو بابەتانەی کەوا ستونەکان گرتویاننەخۆ لە ماوەی دیاریکراوی توێژینەوەکەدا چییە؟

### ٣. ئامانجی توێژینەوەکە :

ئامانجەکانی توێژینەوەکەش خۆیان دەبیننەوە لە:

أ. ئاشکراکردنی ڕادەی بایەخدانی ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) بە ژانری (ستون)، لە ماوەی دیاریکراوی توێژینەوەکەدا (١/١٠ – ٢٠١٣/١٢/٣١) لە نێو بابەت و ژانرە ڕۆژنامەنوسییەکاندا.

ب. زانینی ناوەڕۆك و ئایدیای ستونەکانی ڕۆژنامەکە لەو ماوەیەدا.

ج. ئاشکراکردنی ئاستی بایەخدانی ستونەکانی ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) بە پرس و بابەتە جیاوازەکان لە ماوەی دەستنیشانکراودا، لە ڕێگەی زانینی ژمارە و ڕێژە و ڕوبەری ستونەکان.

د. دیاریکردنی میتۆدی گشتیی ڕۆژنامەی ناوبراو لەژێر تیشکی ئەو پرسو بابەتانەی کەوا ستونەکان گرتویاننەخۆ لە ماوەی دیاریکراوی توێژینەوەکەدا.

### ٤. جۆر و ڕێبازی توێژینەوەکە :

ئەم توێژینەوەیە، لە توێژینەوە (وەسفی) یەکانە و لایەنە پراکتیکییەکەشی لە ڕێی ڕێبازی (ناخشیکاری) یەوە تاوتوێکراوە، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە ستونەکانی ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) شرۆڤەبکەن، و ڕەهەندە جیاجیاکانیان دیاری بکەن، هەروا ناخشیکاریی میدیایی بە شێوازێکی ڕێکخراو و بابەتی و چەندایەتی بێت.

### ٥. بواری توێژینەوەکە :

توێژینەوەکە سێ بواری وەرگرتوە:

أ. بواری شوێن: لە نێو ئەو ژمارە زۆرەی ڕۆژنامە لە (هەرێمی کوردستان) دا و بڵاوکردنەوەیان بە شێوەیەکی فراوان، توێژەران ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) یان وەك سامپڵ هەڵبژاردوە، کە بارەگای سەرەکی لە شاری (سلێمانی) یە. هۆکاری هەڵبژاردنی ڕۆژنامەکەش بۆ لێتوێژینەوەی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە:

– ڕۆژنامەیەکی سیاسیی گشتیی سەربەخۆی ڕۆژانەیە.

– بە یەکەمین ڕۆژنامەی ئەهلی لە هەرێمی کوردستان دەژمێردێت.

– بە شێوەیەکی ڕێکوپێك دەردەچوێنرێت.

– لە تەواوی پارێزگاو قەزاو ناحیەکانی هەرێمی کوردستان و ناوچە دابڕێنراوەکان بڵاودەکرێتەوە.

ب. بواری کات: ماوەی سێ مانگی کۆتایی ساڵی ٢٠١٣ واتە (١٠/١ – ١٢/٣١) هەڵبژێردراوە، ئەمەش بۆ بایەخی ئەو ماوەیە دەگەڕێتەوە لە هەرێمی کوردستاندا کە ماوەی پاش هەڵبژاردنی چوارەمین خولی پارلەمانی کوردستان (٢١ی ئەیلولی ٢٠١٣) و هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی هەشتەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بو، کەوا ببوە جێی باسوخواسی گەرمی میدیاکان و خستنەڕوی تێڕوانینی نوسەرو ڕۆژنامەنوسان، بە تایبەت ستوننوسان.

ج. بواری بابەتی: کۆی ستونە ڕۆژنامەنوسییەکان دەگرێتەوە، کە لە ماوەی دیاریکراودا لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) دا بڵاوکراونەتەوە.

## ٦. کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوەکە:

أ. کۆمەڵی توێژینەوەکە: بریتییە لە (٦٣) ژمارە لە ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) لە ماوەی هەڵبژێدراودا (١٠/١ – ١٢/٣١/ ٢٠١٣).

ب. سامپڵی توێژینەوەکە: بۆ ئەوەی سامپڵەکە نوێنەرایەتیی ڕاستینەی کۆمەڵی توێژینەوەکە بکات، توێژەران لە نێو سەرجەمی ژانرەکانی دیکەی ڕۆژنامەنوسی ناخشیکارییان بۆ ستونەکانی ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) کردوە لەو ماوە دیاریکراوەدا، کە ژمارەیان (١٤٤) ستونە.

هەروا بابەتی ستونە ڕۆژنامەنوسییەکان وەرگیراون بەوپێیەی مەتریاڵی توێژینەوەکەن لە ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) دا، کە کۆمەڵی توێژینەوەکە پێکدێنن بە بەکارهێنانی شێوازی گشتەڕوماڵ (الحصر الشامل) بۆ کۆی بابەتەکانی نێو هەمو ستونەکان، مەبەست لەمەش کۆکردنەوەی زانیارییە لە ڕەهەند و گۆشەی جیاوازەوە، بۆیە توێژەران ڕێوشوێنی پاشینەپۆلێن (تصنیف بعدي) یان گرتۆتەبەر بۆ سەرجەمی ستونەکانی ڕۆژنامەی ناوبراو، لەپێناو دروستکردنی وێنەیەکی تەواو و دەستنیشانکردنی شێوازە نمونەییەکە بۆ کۆمەڵی توێژینەوەکە، کە شێوازی ڕوپێوکاریی گشتگیرە، لەبەرئەوە هەمو بابەتەکان ڕوماڵکران، و لە فۆرمێکدا ڕێکخران و پۆلێنکران.

## ٧. ئامرازی توێژینەوەکە:

بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، توێژەران لەم توێژینەوەیەدا ئەم ئامرازانەیان بەکارهێناوە:

أ. چاوپێکەوتن: لەپێناو کۆکردنەوەی زانیاریی پێویستی پەیوەست بە ناسنامەی ڕۆژنامەکە بەکارهاتوە، کە لە سەرچاوە ئاساییەکاندا بەدەستنەهاتون، ئەمەش بە شێوەی ناردنی پرسیار و وەرگرتنەوەی وەڵامەکان.

ب. فۆرمی ناخشیکاری: بریتییە لەو فۆرمەی کە بۆ ناخشیکاریی ستونە ڕۆژنامەنوسییەکانی ڕۆژنامەی هەڵبژێردراو ئامادەکراوە، بە مەبەستی ئەنجامدانی شیکاری لە ڕەهەند و گۆشەی جیاواز و لەسەر چەند ئاستێك.

## ٨. ئامارشیکاریی بەکارهاتو:

توێژەران پرۆسەیەکی ژمێرەیی سادەیان بەکارهێناوە، کە خۆی لە دوبارەیی و ڕێژەی سەدی و ڕوبەر بە سانتیمەتردا دەبینێتەوە، خشتەکانی ئاماریش ڕێکخراون کەوا لە یەکە، دەستە، دوبارەیی دەستە، ڕێژەی سەدی و

روبەریان بە سانتیمەتر پێکهاتون، هەروا هەر خشتەیەکیش خانەی تایبەتی بە کۆی گشتیی دوبارەیی دەستەکان لە ڕۆژنامەکە لەخۆگرتوە و، نزیکیی ڕێژەی سەدی لە ڕێژەی گشتیی هەمو دەستەکان داناوە، سەرەڕای پلەبەندیی.

### ٩. چەمك و زاراوەکان:

بۆ بەرچاوڕونیی پتر، توێژەران پێناسەکردنی چەمك و زاراوە سەرەکی و زۆر بەکارهاتوەکانی توێژینەوەکەیان بە کارێکی پێویست زانی:

٩-١. ڕۆژنامەنوسی: بۆ مانای پیشەی کەسێك بەکاردێت کە هەواڵو را کۆدەکاتەوە و لە ڕۆژنامە یان گۆڤار بڵاویاندەکاتەوە[١].

٩-٢. ڕۆژنامەنوس: ئاماژەیە بۆ هەر کەسێك، کە بە شێوەیەکی بنچینەیی و ڕێکخراو لە ڕۆژنامە، یان چاپکراوی خولەکی، یان ئاژانسی هەواڵ پیشەی (ڕۆژنامەنوسی) ی پەیڕەودەکات، و داهاتە بنەڕەتییەکەی لەسەر ئەو کارەیە[٢].

٩-٣. ڕۆژنامە: چاپکراوێکە، بە شێوەی خولەکی و ڕێکخراو دەردەچوێنرێت، جۆری جیاوازی هەیە و لەگەڵ پێشکەوتنی هونەری چاپکردن و شێوازەکانی کار و هونەری ڕۆژنامەنوسی هەمەجۆرتر بوە[٣].

٩-٤. ستونی ڕۆژنامەنوسی: ژانر یان لقە ژانرێکی ڕۆژنامەنوسییە، بەوپێیەی جۆرێکە لە جۆرەکانی (وتار)، لەلایەن ستوننوسێك یان چەند ستوننوسێکەوە دەنوسرێت، خاوەن سروشت و شێواز و سیما و تایبەتمەندیی خۆیەتی لە ڕۆژنامە و گۆڤاردا، کە دەتوانێت ببێتە رایەڵێکی پتەوی بەیەکەوەبەستنەوەی خوێنەر و ستوننوس، ئەمەش سیفەتێکی کارلێکی پێبەخشیوە. لەسەر ئاستی ناوەڕۆکیشدا چەند جۆرێکی هەیە، سەرەکیترینیان بریتییە لە: (بۆچونەستون، زانیارییەستون).

٩-٥. ستوننوس: بەو کەسە دەگوترێت لە ڕۆژنامەنوسییدا، کە بەردەوام و خولەکی، یان نارێکخراو (ستونی ڕۆژنامەنوسی) لە لاپەڕەی ڕۆژنامەیەك یان چەند ڕۆژنامەیەك بە جێگیری دەنوسێت[٤].

٩-٦. (هاوڵاتی) : ڕۆژنامەیەکی سیاسیی گشتیی سەربەخۆی ڕۆژانەیە، چاپخانەی ڕەنج بە زمانی کوردی و لە (سلێمانی — هەرێمی کوردستان) دەریدەکات، ژمارە سفری لە ٥ی تشرینی دوەمی ٢٠٠٠ دەرچوە، بە یەکەمین ڕۆژنامەی ئەهلیی دوای ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ی باشوری کوردستان هەژماردەکرێت، لە بۆتەی ژانرە ڕۆژنامەنوسییەکان و لە (٢٠) لاپەڕەدا بایەخ بە پرس و بابەتە جیاوازەکانی هەرێم و عیراق دەدات.

٩-٧. هەرێمی کوردستان: ناوچەیەکی جوگرافیاییە، دەکەوێتە نێو دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، خاوەنی حوکمی فیدراڵیە لە چوارچێوەی کۆماری عیراق و، لەلایەن حکومەتی عیراقەوە بە پشتبەستن بە دەقی دەستوری هەمیشەیی عیراق، دانی پێدانراوە[١].

هەواڵنامەی کتێب

---

[١] الجوهري: الصحاح في اللغة و العلوم، (بيروت: دار الحضارة العربية، ١٩٧٥)، ص٥٩١.

[٢] د. حسين عبد الله قايد: حرية الصحافة- دارسة مقارنة في القانونين الفرنسي والمصري، (القاهرة: دار النهضة العربية، ١٩٩٤)، ص ص٣٤٣-٣٤٤.

[٣] د. كرم شلبي: معجم المصطلحات الإعلامية (انجليزي/ عربي)، ط٢ (بيروت: دار الجيل، ١٩٩٤)، ص٦٦٠.

[٤] محمد رضا محمدى فر: فرهنگ روزنامەنگارى، (تهران: وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامى، ١٣٧٨)، ص٢٦٩.

٩-٨. پرس: مەبەست لێی ئەو دۆز و بابەتانەیە کە پەیوەستن بە لایەنە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵی کوردیی هەرێمی کوردستان و عیراق، لە بابەتی سیاسی، تەناهی (ئەمنی)، ئابوری، کۆمەڵایەتی، نیشتمانی، راگەیاندن، ئەدەبی، تەکنەلۆژیای زانیاری، کە بایەخیان لای جەماوەری وەرگر هەیە و لە رۆژنامەی (هاوڵاتی) لە ماوەی دیاریکراودا بڵاوکراونەتەوە.

٩-٩. ناوەرۆك: ناوەرۆکی پرسی ئەو ستونە رۆژنامەنوسییانە دەگرێتەوە، کە لەلایەن رۆژنامەنوس یان نوسەری رۆژنامەنوس یان ستوننوسەوە نوسراون، و لە رۆژنامەی (هاوڵاتی) لە ماوەی دیاریکراودا بڵاوکراونەتەوە.

## باسی دووەم: چوارچێوەی تیۆری

### یەکەم: چەمك و پێناسەی ستونی رۆژنامەنوسی

أ. لە روی زمانەوانییەوە:

لە زمانی ئینگلیزیدا، (Column) لە بنەڕەتدا مانای (ستونی باڵەخانە) دەگەیەنێت، دواتر هاتۆتەوەنێو کایەی نوسین و رۆشنبیری و کاری رۆژنامەنوسییەوە، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەیگرتوە، کە ستونی رۆژنامەنوسیش وەکو ستونی باڵەخانەیە لە باری شوێن و ئەرکەوە[٢].

هەروا لە زمانی کوردیدا ستون بە مانای (کۆڵەکە، ئەستون، ئەستوندەك) دێت[٣]، واتە ئەو دارە درێژەی کە وەك راگر لە ژێر میچی خانو دادەکوترێت. لە بواری راگەیاندنیشدا (ستونی رۆژنامەنوسی) بەکاردێت، وەکچۆن هەندێجار بە (گۆشەی رۆژنامەنوسی) یش دێت.

لە زمانی عەرەبیشدا، (العمود) بریتییە لەوەی کە خانو و شتی تری لەسەر رادەگیرێت[٤]. بۆ کایەی میدیاش، زاراوەکانی (العمود الصحفي، المقال العمودي، الزاوية) دەگوترێت[٥].

ب. لە روی زاراوەییەوە:

ستونی رۆژنامەنوسی جیاوازی لەگەڵ سەرجەمی هونەرەکانی دیکەی رۆژنامەنوسیدا هەیە لە سروشت و بونیاد و ئەرك و مەبەستدا، چونکە یاساو رێسای تایبەتی خۆی هەیە. ستونی رۆژنامەنوسی چڕکراوەیەو ستوننوس گوزارشت و وێنەکانی چڕدەکاتەوەو بەزمانێکی نەرم و پێکانێکی زیرەکانە کە هەندێجار ئاماژەی خودیی تێدایە ئامانجی خۆی دەپێکێ، هەروا لە ستوندا کەسێتیی نوسەر دەردەکەوێت[٦]. ئەویش بەهۆی ئەوەی ستوننوس تێڕوانینی خۆی

---

[١] مادەی (١١٣) ی دەستوری هەمیشەیی عیراق، ٢٠٠٥.

[٢] حبيب كركوكي: فنون التحرير الصحفي، (دهوك: مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر، ٢٠٠٨)، ص١٧٥.

[٣] هەژار: هەنبانە بۆرینە.. فەرهەنگ کوردی – فارسی، (تاران، سروش، ١٣٦٩ هەتاوی)، ل٤١٣.

[٤] لويس معلوف: المنجد في اللغة، ط٣٥ (تهران: چاپخانه منفرد، ١٣٧٩)، ص٥٢٩.

[٥] تعريف العمود الصحفي، من ويكيبيديا، الموسوعة الحرة. ئەم بابەتە لەم لینەکەدا بڵاوکراوەتەوە:
http://ar.wikip edia.o rg/wiki/%D8 %Bb9% D9% 85%bD9%8 8%D8b%AF_%D8% B5%D8%AD%D9%81%D9%8A#.D8.A A.D8.B9.D8.B1.D9. 10/2014).

[٦] العمود الصحفي. ئەم بابەتە لەم لینەکەدا بڵاوکراوەتەوە:
http://www.ijschool.net/news.php?action=view&id=63#.VG3wp9KsVe9 (20.10.2014).

سەبارەت بە پرس و بابەتێکی هەنوکەیی پەیوەست بە ژیان، کۆمەڵ، و بوارە جیاجیاکان دەخاتەڕو. لەمبارەشەوە پسپۆڕان جەختلەوەدەکەنەوە، کە پێویستە تەوەر و بابەتی ستونەکە خوێنەران بەخۆیەوە گرێبدات، چونکە ئەم ژانرە ڕۆژنامەنوسییە لە بنچینەدا لەسەر بناغەی پەیوەندیی نێوان نوسەر و خوێنەرانی هاتۆتەگۆڕێ[1]. بە دیوێکی تریشدا، ڕۆژنامەکە و خوێنەرانیش بە توندی بەیەکەوە گرێدەدات[2].

ئەگەرچی چەندین پێناسە بۆ ستون کراوەو زۆربەی پێناسەکانیش لە یەکترییەوە نزیکن، بەڵام لێرەدا توێژەران هەوڵدەدەن دیارترین پێناسەکان بخەنەڕو، بۆ ئەوەی زیاتر پەی بە بایەخ و گرنگیی ئەو ژانرە ببرێت:

ستونی ڕۆژنامەنوسی وتارێکە لە ڕۆژنامە یان گۆڤاردا، کە بە ڕێکوپێکی (منتظم) جیادەکرێتەوە[3]. بە یەکێك لە ژانرەکانی سازاندن (تحریر)ی ڕۆژنامەنوسی هەژماردەکرێت، بە چەند ڕەگەزێکی بنچینەیی لەگەڵ ڕەگەزەکانی ڕۆژنامەدا، وەکو هەواڵ، لێکۆڵینەوە، ڕاپۆرت و ئەوانیتر لە شێوەکانی ڕۆژنامەنوسی، بەشدارە لە بەجێهێنانی ئەرکەکانی ڕۆژنامەنوسیدا، کە خۆیان لە هەواڵ و زانیاریگەیاندن، چاودێرکاری و ڕەخنەگرتن، شرۆڤە و ڕاڤەکردن، پەرەپێدان، ئاراستەکردن، و پشوسازی... تاد دەبیننەوە[4].

لە دیدگایەکی دیکەوە، ستونی ڕۆژنامەنوسی بریتییە لە ڕوبەرێکی تەرخانکراو لە ڕۆژنامە و داگیرکردنی گۆشەیەك تێیدا، کە لە (٨سم) ی ئاسۆیی و (٣٠سم) ی ستونی تێپەڕنەکات، هەروا بە شێوەیەکی گشتی لە نێوان (٢٠٠ — ٤٥٠) وشەدایە[5]. وەکچۆن گوزارشتە لە بۆچونی نوسەرەکەی، کە بە زۆری گەورەنوسەری ڕۆژنامەکان یان دەرەوەی ڕۆژنامەکانن و پێگەیەکیان بە ناوی خۆیانەوە هەیە، ستونەکەش دەربڕی ڕای ڕۆژنامەکە نیە[6].

لەلایەکیترەوە، ستون پێناسەکراوە بەوەی، پانتایەکی دیاریکراوە لە ڕۆژنامەدا کە لە ستونێك زیاتر نییەو ڕۆژنامەکە دەیخاتە بەردەست یەکێك لە گەورەنوسەرەکان، کە لەمیانیدا گوزارشتدەکات لەو بۆچون و سەرنجانەی دەربارەی کێشەو گرفت و ڕوداوەکانەوە لەلای دروستدەبێت، بەوشێوەیەی کە بەلایەوە جوانە[7].

دوای خستنەڕوی ئەو پێناسانەی سەرەوەش لەبارەی ستونی ڕۆژنامەنوسی—یەوە، توێژەران ئەم پێناسە ئیجرائییەی خوارەوە پێشکەشدەکەن:

هەواڵنامەی کتێب

---

(١) د. محمود شريف: فن المقالة الادبية والموضوعية والصحفية، (الكويت: دار العروبة، ١٩٨٥)، ص١٥٩.

(٢) م. م. عثمان محمد الدليمي: اتجاهات العمود الصحفي في صحافة الانبار للمدة من ٢/٦/٢٠٠٣ — ٥/١/٢٠٠٤ (جريدة الجزيرة انموذجاً)، الباحث الإعلامي (مجلة فصلية علمية محكمة تصدر عن كلية الإعلام- جامعة بغداد)، العدد ٩-١٠، حزيران- ايلول ٢٠١٠، ص٢٢٣.

(٣) Newspaper Column. ئەم بابەتە لەم لینکەدا بڵاوکراتەوە:

http://www.wordreference.com/definition/column (15.10.2014).

(٤) د. كاظم المقدادي: اتجاهات جديدة في أساليب كتابة المقالات الصحفية (المقال العامودي)، الباحث الإعلامي (مجلة فصلية علمية محكمة تصدر عن كلية الإعلام- جامعة بغداد)، العدد ٩-١٠: حزيران- ايلول ٢٠١٠، ص١٢٢.

(٥) م. م. سعد محمد خضير: مضامين العمود الصحفي في جريدة المدى- دراسة تحليلية لأعمدة الرأي للمدة من ١ — ٣٠/٤/٢٠١٠، الباحث الإعلامي (مجلة فصلية علمية محكمة تصدر عن كلية الإعلام- جامعة بغداد)، العدد ١١-١٢، كانون الثاني- آيار ٢٠١١، ص١٥٧.

(٦) باقر داود حسين: العمود الصحفي في صحيفة الاتحاد للمدة من ١/١/٢٠٠٧م - ٣١/١٢/٢٠٠٧م: رسالة ماجستير غير منشورة، ٢٠٠٨، جامعة بغداد- كلية الإعلام/ قسم الصحافة، ص٤٢.

(٧) ابراهيم احمد ابراهيم: فن كتابة الخبر والمقال الصحفي، (القاهرة: العربي للنشر والتوزيع، ٢٠٠٩)، ص١٩٧.

ستونی ڕۆژنامەنوسی، ژانر یان لقە ژانرێکی ڕۆژنامەنوسییە، بەوپێیەی جۆرێکە لە جۆرەکانی (وتار)، لەلایەن ستوننوسێك یان چەند ستوننوسێکەوە دەنوسرێت، خاوەن سروشت و شێواز و سیما و تایبەتمەندیی خۆیەتی لە ڕۆژنامە و گۆڤاردا، کە دەتوانێت ببێتە رایەڵێکی پتەوی بەیەکەوەبەستنەوەی خوێنەر و ستوننوس، ئەمەش سیفەتێکی کارلێکی پێبەخشیوە. لەسەر ئاستی ناوەڕۆکیشدا چەند جۆرێکی هەیە، سەرەکیترینیان بریتییە لە: (بۆچونەستون، زانیارییەستون).

**دووەم: تایبەتمەندییەکانی ستونی ڕۆژنامەنوسی**

بە پشتبەستن بە لێکدانەوەی فەرهەنگ و توێژینەوە زانستییەکانی بواری ڕۆژنامەنوسی، ستون چەند خاڵێکی جیاکەرەوەی هەیە[1]:

أ. لە ڕوی ناونیشانەوە: خاوەنی ناونیشانێکی دیاریکراو و نەگۆڕ و تایبەتی خۆیەتی کە پێی دەناسرێتەوە.

ب. لە ڕوی واژۆوە: واتە ئەو کەسەی کە دەینوسێت (ستوننوس)، کە بە زۆری نوسەرێکی نەگۆڕی هەیە و هەندێ ستونیش هەیە زیاد لە واژۆیەکی لەسەرە، یان هەرجارەی قەڵەمێك دەینوسێت.

ج. لە ڕوی بابەتەوە: ستوننوس بەردەوام بایەخ بە نوێکاری دەدات لە هەڵبژاردنی بابەتەکانی ستونەکەیدا.

د. لە ڕوی زمانەوە: کۆکردنەوەیە لە نێوان سادەیی و ڕونی و ئاسانیی زمانی ڕۆژنامەنوسی و جوانی و ڕەوانیی زمانی ئەدەبی.

هـ. لە ڕوی کاتی بڵاوکردنەوەوە: مانای جێگیریی بڵاوکردنەوە و ڕێکخراوییەکەی دەگەیەنێت. بە شێوەی ڕۆژانە یان هەفتانە یان هەر شێوەیەکی دیکەی ڕێکی و بەردەوامی بڵاودەکرێتەوە.

و. لە ڕوی شوێنی بڵاوکردنەوەوە: لە شوێن و لاپەڕەی دیاریکراودا جێگیردەکرێت بە درێژایی ماوەی بڵاوکردنەوەی.

ز. لە ڕوی پانتاییەوە: ستونی ڕۆژنامەنوسی بچوکترین جۆرەکانی وتارە و لە هەموویان کەمتر ڕوبەر داگیردەکات و ڕوبەرێکی دیاریکراوی هەیە.

ح. لە ڕوی سیماوە: بەوە لە جۆر و لقەکانی تری وتاری ڕۆژنامەنوسی جیادەکرێتەوە، کە تەنها ستونێکی ڕۆژنامە یان گۆڤار دەگرێت، یان کەمتر لە ستونێکی تەواویش.

گ. لە ڕوی سازاندنەوە: زۆرترین مانا و زانیاری بە کەمترین وشە پێشکەشدەکات.

ی. پەیوەندیی نێوان نوسەر و خوێنەر لە ئاستێکی تۆکمەدایە، ئەمەش سیفەتێکی کارلێکی پێبەخشیوە.

ك. گوزارشتە لە ئەزمون و شارەزایی خودیی ستوننوس.

هەواڵنامەی کتێب

[1] بڕوانە: (أ. د. فاروق أبو زيد، أ. د. ليلى عبدالمجيد: فن التحرير الصحفي، (القاهرة: مركز جامعة القاهرة للتعليم المفتوح، ٢٠٠٠)، ص٢٤٦)، (محمد منير حجاب: الموسوعة الإعلامية، المجلد الخامس، (القاهرة: دار الفجر للنشر والتوزيع، ٢٠٠٠)، ص١٧٣)، (د. نعمات احمد عثمان: فنون التحرير الصحفي، الاسكندرية: دار المعرفة الجامعية، ٢٠٠٩)، ص ص٩٥-٩٦)، (د. محمد فريد عزت: القاموس الموسوعي للمصطلحات الاعلامية، (القاهرة: العربي للنشر والتوزيع، ٢٠٠٢)، ص ص١٣٠-١٣١).

## سێیەم: شێوازەکانی نوسینی ستونی ڕۆژنامەنوسی

شێوازەکانی نوسینی ستونی ڕۆژنامەنوسی لە ڕوی ستوننوسانەوە دو جۆری هەیە:

١– نوسەرێکی دیاریکراو: لەم شێوازەیاندا ستوننوسەکە ڕۆژانە یان هەفتانە بە بەردەوامی بە ناونیشان و واژۆیەکی دیاریکراو لەکات و شوێنێکی دیاریکراودا بیروبۆچونەکانی خۆی دەربارەی پرس و بابەتێکی پەیوەست بە کۆمەڵ و ژیان دەخاتەڕو، جگە لە خۆی کەسی دیکە خاوەنی ستونەکە نییە و لە ژێر ناونیشانی ئەو ستونەدا ستونی هیچ نوسەرێکی دیکە بەدیناکرێت، هەر بۆیە لە ڕۆژنامەنوسیی کوردیدا زۆرجار ئەمە بە (گۆشە) ناوزەددەکرێت، بەو مانایەی گۆشەیەکی ڕۆژنامەکەیە و تایبەتە بە شرۆڤەکانی ئەو نوسەرە.

زۆربەی نوسەر و توێژەران جیاوازیان لە نێوان گۆشەو ستوندا نەکردوە، بەڵکو بەیەك جۆر و ژانر باسیانکردون، یان جیاوازیانکردوەو دو ناوی جیایان بۆ داناون: (گۆشە، ستون)، بەڵام ئەوانەی تەنها ناوێکیان بۆ داناوە دابەشیانکردوە بەسەر: (گۆشەی گشتی، گۆشەی تایبەت)، یاخود (ستونی گشتی، ستونی تایبەت)، کەوا گۆشەی تایبەت وەکو کلێشەیەکی دیاریکراو بە هەمو جۆرێك لە شوێنی خۆی دادەنرێت و نابێت شوێنگۆڕکێی پێبکرێت، بۆ ئەوەی خوێنەر هەرکاتێك لاپەڕەی ڕۆژنامەکە هەڵبداتەوە بە ئاسانی گۆشەکە بێتە بەرچاوی، ئەگەرچی لاپەڕەی یەك و دوالاپەڕە بە بەرچاوترین لاپەڕە دەژمێردرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گۆشەی سەرنجڕاکێش لەهەر لاپەڕەیەکدابێ دەخوێنرێتەوە، بەڵام گۆشەی گشتی بۆ هەمو کەسێك دەشێت کە تێیدا بنوسێت و مێژوەکەشی کۆنترە لە گۆشەی تایبەت، چونکە گۆشەی تایبەت لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەستپێدەکات[1]، بەڵام ستونی ڕۆژنامەنوسی یان بە واتایەکی تر (گۆشەی گشتی) لە ڕۆژنامەنوسیی جیهاندا، سەرەتا لەساڵی ١٨٢٣ لە ئەمەریکای باکور هاتۆتەکایەوە، کە هاوکات بوە لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕۆژنامە میللیەکان لە ئینگلتەرا و فەرەنسا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا[2].

وەکچۆن پێناسەی جۆراوجۆر بۆ ستون کراوە، بە هەمانشێوە گۆشە–ش لە ڕوانگەی جیاوازەوە ناسێنراوە، لەوانە: گۆشەی ڕۆژنامەنوسی، کە ئەو گۆشەیەیە کەوا شوێن و کاتێکی جێگیری خۆی هەبێت، هەڵگری واژۆی خاوەنەکەی بێت و لەنێو بابەتە جۆراوجۆرەکاندا هزرێك یان ڕایەك یاخود تێڕوانینێکی نوسەر لەبارەی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، یاسایی و ڕۆشنبیری...تاد بخاتەڕو[3]. یان گۆشە بریتییە لە نوسینێکی ڕۆژانە یان هەفتانە، بە ناونیشانێکی دیاریکراو و واژۆیەکی دیاریکراو، لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا، کە نوسەر بیروبۆچونەکانی خۆی سەبارەت بە لایەنێکی ژیان و کۆمەڵ پێشکەشدەکات، کەوا بابەتەکە بۆچونی تایبەتی کەسەکەیە و جیاوازە لەگەڵ سیاسەتی ڕۆژنامەکە، بەڵام لە هەمانکاتدا دژایەتیی ڕۆژنامەکەش ناکات[4].

٢– چەند نوسەرێك: هەندێجار لە ستوندا یەك ناونیشانی دیاریکراو یاخود نوسەرێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو هەرجارەی نوسەرێك لە ستونەکە بیروبۆچونەکانی دەخاتەڕو و دەبێتە خاوەنی ستونەکە.

---

(١) د. محمود فهمي: الفن الصحفي في العالم، (القاهرة: دار المعارف بمصر، ١٩٦٤)، ص١٣٧.

(٢) إبراهيم أمام: دراسات الفن الصحفي، (القاهرة: مكتبة الأنجلو المصرية، ١٩٧٢)، ص٥٠.

(٣) د. عبدالعزيز شرف: الاساليب الفنية في فن التحرير الصحفي، (القاهرة: دار اقيا و للطباعة والنشر والتوزيع، ٢٠٠٠)، ص١٠٦.

(٤) ابراهيم احمد ابراهيم: مصدر سابق، ص١٩٧.

هەواڵنامەی کتێب

ستونی رۆژنامەنوسی بە هونەرێکی گرنگی بواری رۆژنامەنوسی دادەنرێت، هەمیشە خوێنەران بەتاسەوە چاوەڕێی دەرچونی رۆژنامەو گۆڤارەکان دەکەن، بەتایبەتی خوێنەرانی ستون بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری بیروبۆچونی نوسەرانی ستون بن لەسەر کێشەو گرفتەکان و بابەتەکانی رۆژ، هەربۆیە ستوننوسان بریتیین لە کەسە دیارەکان، کە رۆژنامەکان ئەو کەسانە دیاریدەکەن، خوێنەرانیش خێرا ئەو لاپەڕانە دەکەنەوە کە ستونی ئەوانی تێدایە. ستون لەسەردەمی ئەمڕۆماندا هێندە گرنگە رۆژنامەکان ستونیان لە زۆربەی لاپەڕەکاندا کردۆتەوە، بەجۆرێك کە رەنگدانەوەی ناسنامەی لاپەڕەکە خۆی دەبێت.

زۆربەی رۆژنامەکان ستون بۆ نوسەری ناودار تەرخاندەکەن، تاکو بتوانن لەوێوە سەرنجی خوێنەرانیان رابکێشن. کەوا ستونوسیش ئاگاداری رێڕەوی روداوەکانە و بەدواداچونی وردیان بۆ دەکات[1].

## چوارەم: جۆرەکانی ستونی رۆژنامەنوسی

وێڕای ئەوەی ستونی رۆژنامەنوسی لەسەر ئاستی ناوەرۆکدا چەند جۆرێکی هەیە و سەرەکیترینیان بریتییە لە: (بۆچونەستون، زانیارییەستون)، بەڵام توێژەرانی بواری رۆژنامەنوسی، ستون بۆ چەند جۆرێك دابەشدەکەن، کە هەریەکێك لەمانە گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، بۆیە لە خوارەوە توێژەران دیارترینیان دەخەنەڕو:

أ. ستونی کاروباری گشتی:

ئەو ستونەیە کە زۆر بایەخ بە کاروباری گشتی دەدات و کێشەی ژیانی خەڵك، کە بەلای خوێنەرەوە بایەخدارن، وەکو بابەتەکانی: رامەوانی، تەناهی، ئابوری، کۆمەلایەتی، رۆشنبیری، زانستی، هونەری، وەرزش...تاد[2].

ب. ستونی روداوە هەنوکەییەکان:

لێرەدا ستوننوس باسی روداوە هەنوکەییەکان دەکات، ئیدی ئەو روداوە رامەوانی، ئابوری، رۆشنبیری...تاد بێت، کە پێویستە ستوننوس ئاگاداری هەمو هەواڵێك بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت لەسەر هەریەکێك لەو روداوانە ستونێك بنوسێت[3].

ج. ستونی یاداشت و تێڕامان:

ئەمجۆرە ستونە زۆر لە شێوەی ئەو یاداشتانە دەچێت کە ئەدیبان دەربارەی پرسەکانی ژیان دەینوسن و بە گوزارشتێکی سادەو سەرنجراکێش دایدەڕێژن[4].

د. ستونی تەنز و توانج:

بە یەکێك لە بایەخدارترین ستونەکان دادەنرێت. ستوننوس گرنگی بە رەخنەی توند دەدات و پشت بە گاڵتەجاڕی دەبەستێت، کە شێوازێکی پێکەنیناوی بێت و ناواخنەکەی رەخنەی کاریگەر بێت، ئەمجۆرە ستونە پتر بۆ راکێشانی خوێنەران بەکاردێن[5].

---

[1] د. فاروق علي عمر: مفاتيح السلطة الرابعة- كيف تصبح صحفياً في عالم متحول؟، (بغداد: ب. د.، ٢٠٠٢)، ص١٧٣.

[2] ابراهيم احمد ابراهيم: مصدر سابق، ص١٩٨.

[3] حبيب كركوكي: مصدر سابق، ص١٧٩.

[4] مصدر نفسه، ص١٧٩.

[5] د. السيد احمد مصطفى عمر: الكتابة والتحرير الصحفي- رؤية جديدة، (دبي: دار القلم للنشر والتوزيع، ٢٠٠٥)، ص٢٠٢.

هـ. ستونی تایبەتمەند:

ئەمجۆرە ستونانە خوێنەری تایبەتی خۆیان هەیە، هەروا نوسەری تایبەت لە بوارە جۆراوجۆرەکان ستون دەنوسن. نوسەری ئەمجۆرە ستونە لە لاپەڕەکانی تایبەت یان بڵاوکراوە تایبەتییەکان ستونی تایبەتمەند لە بوارەکانی سیاسی، ئەدەبی، ئایینی، ئابوری، وەرزش، کاروباری ژنان، لاوان، کرێکاران، وەرزش، بازرگانی، موزیك و کتێب... تاد، دەنوسن و لە دەرەوەی تایبەتمەندییەکەی خۆی باسی هیچ شتێکی دیکە ناکات[1]. بۆ نمونە لە ستونی کتێبدا ستوننوس کتێبێکی نوێ دەخوێنێتەوەو هەڵیدەسەنگێنێ و گۆشەنیگای خۆی لەبارەوە دەنوسێت[2].

و. ستونی نامەی خوێنەران (پرسیار و وەڵام):

ستوننوس باسی نامەی خوێنەران دەکات و وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوەو بەشداری بۆچونەکانیان دەبێت. ئەمجۆرە ستونە رایەڵی پەیوەندیی نێوان ڕۆژنامەو خوێنەرانیەتی[3].

ز. ستونی گفتوگۆ:

ستوننوس لەمجۆرە ستونەدا شێوازی دیالۆگ یان مەنەلۆگ بەکاردێنێت، واتە شێوازی پرسیارو وەڵام لە میانی خستنەڕوی بابەت و ڕەخنەگرتن لێی بەکاردێنێت، بۆ نمونە دیالۆگی نێوان مامۆستاو خوێندکار، ژن و پیاو، گەورەو بچوك[4].

ح. ستونی ژیاننامە:

ستوننوس لەم ستونەدا ژیانی ڕۆژانەی خۆی دەگێڕێتەوە، ڕوداوە دیاردەکانی دەوروبەری باسدەکات، شێوازی ئەدەبییش بەسەر ستونەکانیەوە زاڵە[5].

هەوڵنامەی کتێب

## پێنجەم: تەوەرەکانی ستونی ڕۆژنامەنوسی:

ستونی ڕۆژنامەنوسی بە هەمانشێوەی سەروتار دەنوسرێت، بەمشێوەیەی خوارەوە تەوەرێك یان زیاتر لەم تەوەرانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت[6]:

١- ئەو هەواڵ و ڕوداوانەی کە بەلای خوێنەرەوە گرنگن ستوننوس تیشکیان دەخاتەسەرو شیکردنەوەی چروپڕی بۆ دەکات.

٢- بیرۆکەو سەرنجێك کە ستوننوس وایدەبینێت پێویستی بە شرۆڤەو ڕونکردنەوە هەیە بۆ ئەوەی خوێنەرانیش لەو سەرنجانە ئاگادار بکاتەوە.

٣- کێشەو پرسێك کە ستوننوس هەستدەکات پەیوەندی بە بەرژەوەندیی خوێنەرانەوە هەیە.

٤- قسەیەکی نەستەق، پەندێکی پێشینان، یان وتەی فەیلەسوفێك و لێدوانی بەرپرسێك هەریەکێك لەمانە بکاتە بابەتی ستونەکەو باسی لێوەبکات.

---

[1] د. نعمات احمد عثمان: مصدر سابق، ص١١٠.

[2] ساقی بارزانی: جۆرنالیزم دەروازەیەك بۆ جۆرنالیزمی بەرپرسانە و ئەکادیمی، (هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠١٠)، ل١٣٦.

[3] صلاح عبدالحميد: فن التحرير الصحفي، (القاهرة: مؤسسة طيبة للنشر والتوزيع، ٢٠١٣)، ص١٣٦.

[4] د. نعمات احمد عثمان: مصدر سابق، ص١٠٩.

[5] أ. د. صالح أبو إصبع: د. محمد عبيدالله: فن المقالة أصول نظرية- تطبيقات- نماذج، (عمان: دار مجدلاوي للنشر والتوزيع، ٢٠٠٢)، ص٤٢.

[6] عەبدولخالق ئیبراهیم، ئەرسەلان ڕەحمان: کارامەییەکانی نوسین لە ڕۆژنامەگەریی چاپکراو و ئەلیکترۆنیدا، (هەولێر: ڕێکخراوی ئایرێکسی نێودەوڵەتی، ٢٠١٠)، ل٢٤٨.

## شەشەم: تایبەتمەندییەکانی ستوننوس:

ستوننوس بەو نوسەرە رۆژنامەنوسە دەگوترێت، کە بە شێوەیەکی رێکخراو لە رۆژنامە یان گۆڤار بەشدارە و وتار دەنوسێت یان دەسازێنێت[1]. وەك نوسەرێکی تایبەتمەندی رۆژنامەنوسی کۆمەڵێ تایبەتمەندیی هەیە، چونکە ئەو بابەتەی ستوننوس دیاریدەکات لە بارەی پرسێك یان روداوێکەوەیە کە بەلای وەرگر یان خوێنەرەوە گرنگن، هەروا خەمێکی گشتی و هاوبەشە، بۆیە پێویستە بێلایەن و بابەتی بێت لە دەربڕینداو جگە لەبەرژەوەندیی گشتی، نەك بەرژەوەندیی گروپێك یان دەستەیەك دژی بەرژەوەندیی ئەوانی دیکەی لێچاوەڕوان نەکرێت، بۆیە پێویستە نوسەر هەر بەشانوباڵی خۆی هەڵنەدات، تاکو ستونەکەی ببێتە روبەرێکی بەفێرۆچوی رۆژنامەکەو هەرباسی خۆی بکات[2]، هەروا پێویستە ستوننوس خوێنەران ئاوێتەی ستونەکە بکات و بەردەوام بە دوای ژمارەی نوێی بڵاوکراوەکەدا بگەڕێت، ئەمەش ئەوکاتە ستونەکە تێنوێتیی خوێنەر دەشکێنێت، کە وەڵامدەرەوەی پرسیارەکان بێت، هەوڵبدات بەردەوام لایەنە جیاوازو دیوە شاراوەکان پیشانی خوێنەر بدات و ستونەکەی دەوڵەمەند بکات بە (داتاو زانیاریی زانستییانە، شرۆڤەی پسپۆرانە، ئەنجامگیریی بێلایەنانە) ئەمانە هەرسێکیان بەیەکەوە دەبنە سێکوچکەی وەستانی ستونێکی جدی و خوێندراوە[3].

زۆر لە نوسەرانی ستون لە جیهاندا بەهۆی نوسینی ستونەوە دەرکەوتون بەجۆرێك پێگەی جەماوەریان هەیە لە نوسەرانی ژانرەکانی دیکەی رۆژنامەنوسیی زیاتر ناسراون، هەر لەبەر ئەمەشە زۆر لە رۆژنامەکان بۆ فرۆشتنی رۆژنامەکان پشت بەناودارترین رۆژنامەنوسی ستوننوس دەبەستن ئامادەنە لەبەرامبەر ئەمەش برێکی زۆر پارەیان پێدەدەن، چونکە دەزانن خوێنەران تینوی بابەتەکانیانن، چونکە ئەوانە شارەزاییەکی قوڵی رۆژنامەنوسیان هەیە، لەوانەیە نوسەرەکە لەناوەندی دەستەی نوسەرانی رۆژنامەکە دابێت، یان لەدەرەوەی رۆژنامەکە، کە رۆژنامەکە ستونەکە دەدات بەدەرەوەی دەستەی نوسەران و ستون نوسیش ئازادە لەهەڵبژاردنی بابەت و ستون و شێوازی چارەسەرکردن و بواری هەیە بۆ چارەسەرکردنی بابەتەکە بەشێوازی تایبەت[4].

پسپۆران جەخت لەوەدەکەنەوە، کە پێویستە ستوننوس نوسەرێکی لێهاتو بێت، لە دەربڕیندا خاوەن زمانێکی زیندو و ناسك و پڕ لە هەستکردن بە ژیان لە نوسینەکانیدا هەبێت، هەروا شارەزایی هونەری رۆژنامەنوسی بێت و شتێك نەنوسێت کە بە خراپ بەسەر خۆی و رۆژنامەکەش بشکێتەوە، ئەمە جگە لەوەی پێویستە ستوننوس ماوەیەکی درێژی بەسەر بردبێت لە نوسیندا، واتە ئەزمونی هەبێت و چەندین ساڵ لەم بوارەدا کاریکردبێت و کەسێکی دیارو بەرچاوبێت.

---

(1) .Columnistئەم بابەتە لەم لینکەدا بڵاوکراتەوە:
http://www.oxforddictionaries.com/definition/english/columnist (16.10.2014).

(2) د. فاروق عەلی عومەر: سەرچاوەی پێشو، ل١٥٣.

(3) د. هێرش رەسول: ئیتیك و یاسا لە میدیای کوردیدا، (سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٣)، ل٢٣٨.

(4) د. محمود علم الدين: الفن الصحفي، (القاهرة: دار أخبار اليوم، ٢٠٠٤)، ص١٩٦.

هەواڵنامەی کتێب

نوسینی ستون ئەرکێکی سانا نیە، زۆرجار دەگوترێت فلان کەس خاوەن ستونە لە فلان رۆژنامەدا، بەڵام بە هەمو کەس ناگوترێت "ستوننوس". کەسێتیی ستوننوس پێویستە زانیاریی تەواوی لەسەر رەوتی روداوەکان هەبێت، بەدواداچونی وردی بۆ ئەوە هەبێت کە لە دەوروبەریدا رودەدەن، وەکچۆن پێویستە رەگەزی متمانە و بەڵگەی لە مەیدانی نوسینەکانیدا هەبێت، لەگەڵ خۆی و جەماوەرەکەی راستگۆبێت. لە دەرونی جەماوەر و مەیل و خولیاکانی شارەزابێت، هەروا لە چارەسەرەکانیشیدا لە هەڵوەشاندنەوە و بونیادنانی شێوازەکانی نوسینی رۆژنامەنوسی، بە دیاریکراویش لە گەوهەری ژانری رۆژنامەنوسی شارەزابێت. ستوننوس هیچ بژاردەیەکی نیە جگە لە دەرکەوتنی نەبێت وەك رۆژنامەنوسیی بەرپرس، مادام تاکە کەسە کە دەنوسێت. هەروا بایەخی ئەو ناونیشانەی کە دەینوسێت وەك گرنگیی ناوەکەی وایە لەژێر ستونە رۆژنامەنوسییەکەوە[1].

## باسی سێیەم: چوارچێوەی پراکتیکی

### ١. کورتەیەك دەربارەی سامڵی توێژینەوەکە:

رۆژنامەی (هاوڵاتی)[2]: یەکەمین رۆژنامەی ئەهلیی دوای راپەرینی ئازاری ١٩٩١ی باشوری کوردستان

پێناسە: رۆژنامەیەکی سیاسیی گشتیی سەربەخۆی رۆژانەیە، چاپخانەی رەنج دەریدەکات

ستاف: خاوەنی ئیمتیاز و سەرنوسەر: تاریق فاتیح حەسەن، جێگری سەرنوسەر: شۆرش خالید، بەرێوەبەری نوسین: سیروان حسێن

دروشم: سەرچاوە باوەرپێکراوەکەی هەواڵ

روبەر: ٣٠ X ٣٨سم

مێژوی یەکەمین ژمارە: ٥ی تشرینی دوەمی ٢٠٠٠ (ژمارە سفر)

ناونیشانی نوسینگەی سەرەکی: سلێمانی– دوریانی سەرچنار، نهۆمی سێیەمی چێشتخانەی شکار

ماوەی دەرچون: سەرەتا هەفتانە، دواتر هەفتەی دوجار (یەکشەممە، چوارشەممە)، لە ئێستاشدا رۆژانە (جگە لە هەینی و شەممە)

سەرنوسەرەکانی لە سەرەتاوە تاکو ئێستا: ئاسۆس هەردی، توانا عوسمان، عەدنان عوسمان، عەبد عارف، کەمال رەئوف، تاریق فاتیح حەسەن، کاژاو جەمال، تاریق فاتیح حەسەن

زمان: کوردی– دیالێکتیکی کرمانجی خوارو

ژمارەی لاپەرە: ٢٠ لاپەرە

بەشەکانی: هەواڵ، سیاسەت، ئابوری، ناوخۆ، بیرورا، هەمەرەنگ

پێگەی ئەلیکترۆنی: www. hawlati. co

سنوری بڵاوبونەوەی کاغەزی: هەرێمی کوردستان، ناوچەدابرێنراوەکان

هەواڵنامەی کتێب

---

[1] عبد العزيز شرف: فن المقال الصحفي في أدب طه حسين، (القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٥)، ص١٩٢.

[2] تاریق فاتیح حەسەن، خاوەن ئیمتیاز و سەرنوسەری رۆژنامەی (هاوڵاتی)، چاوپێکەوتنی توێژەران لە رێگەی ئیمەیلەوە، لە رێکەوتی (١/٠٢/٢٠١٤).

نوسینگەکانی: هەولێر، کەرکوك، گەرمیان

چاپخانە: رەنج

ژمارەی رۆژنامەنوسانی لە نوسینگەی سەرەکی: ١٧

ژمارەی پەیامنێرانی: ٢٥

٢. رێکارەکانی ناخشیکارییەکە:

لەپێناو زانینی ئاستی ستون لە رۆژنامەنوسیی کوردیی هەرێمی کوردستان و ئاشکراکردنی رەهەند و گۆشەکانی، ویستەسامپڵێکی رێکخراو (عينة قصدية منتظمة) لەو رۆژنامەنوسییە وەرگیراوە بۆ ناخشیکاریی ئەو ستونانەی کە لە ماوەی سێ مانگدا لە رۆژنامەی (هاوڵاتی)دا بڵاوکراونەتەوە، ئەمەش بە مەبەستی گەیشتن بە ئەنجامگەلی ورد و دروست سەبارەت بە بابەتی سەرەکیی توێژینەوەکە و، پاشان شرۆڤەکردنیان لەلایەن توێژەرانەوە. هەنگاوەکانی ناخشیکارییەکەش سەرەتا لە ئامادەکردنی فۆرمێکی ناخشیکاری بە شێوەی (پاشینەپۆلێن)ەوە دەستپێکرد، بەمشێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: بەدواداچون و چاودێرکاریی راستەوخۆ: توێژەران لە نێو کۆمەڵێ رۆژنامەی هەرێمی کوردستاندا رۆژنامەی (هاوڵاتی) یان هەڵبژارد و لە رێگەی لێوردبونەوە لە رۆژنامەکە و دواندنی چەند رۆژنامەنوسێکی رۆژنامەکەوە تاووێیان کرد، هەروا ژمارەکانی ماوەی دیاریکراویان دەستخست.

دوەم: هەڵبژاردنی سامپڵەکە و دەستنیشانکردنی بابەتەکان: دیاریکردنی بابەتی ناخشیکارییەکە، کە توێژەران بەدەستیانخستوە، هەمو لاپەرەکانی رۆژنامەی (هاوڵاتی) یە لە ماوەی (١/١٠ – ٢٠١٣/١٢/٣١)، توێژەران گشتەرومالّیان بۆ کۆمەڵی توێژینەوەکە کرد، پاشان سامپڵەکەیان هەڵبژارد بە رێگەی ویستراوی رێکخراو بە کۆی گشتی (٦٣) ژمارە لەو سێ مانگەدا، کە (١٤٤) ستون–یان تێدا بڵاوکراوەتەوە.

سێیەم: دەستنیشانکردنی یەکە و دەستەکانی شیکارییەکە: دوای خوێندنەوەی سەرەتایی و ورد بۆ بابەتی شیکارییەکە بۆ دیاریکردنی گرنگترین یەکە و دەستەکان کە بابەتی ستونەکانی ئەو رۆژنامەیە لەخۆی دەگرن، هەروا زانینی دیارترین ئاراستەکانی رۆژنامەکە و، گەیشتن بە داتا و زانیارییەکان و، نەخشەکێشانی فۆرمی شیکارییەکە بۆ دەستکەوتنی زانیارییە پێویستەکان، چونکە ئەو یەکانە پێوانەی بنچینەیی شێوازی چارەسەرکردنی کێشەی توێژینەوەکە پێکدێنن. توێژەران هەریەك لە یەکەکانی (بابەت و جۆر و روبەر و ناوەرۆك) یان بەکارهێناوە، لەبەرئەوەی ئەم یەکانە لەگەڵ کێشە و ئامانجەکانی توێژینەوەکەدا گونجاون.

وەکچۆن توێژەران دەستە (الفئە) کانی توێژینەوەکەیان داناوە بۆ ژماردن و پێوانەکاری بە پشتبەستن بەوەی توێژینەوەکە بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکان خستویەتییەرو، هەروا دەستەی بابەت (چی گوتراوە؟ – ماذا قيل) یان بەکارهێناوە. بڕوانە خشتەی (١).

**خشتەی (١) یەکە و دەستەکانی شیکردنەوە و پێناسەکانیان**

| ز | یەکەکان | پێناسە |
|---|---|---|
| ١ | بابەت | مەبەست لێی بابەت و ناوەرۆکی ستونە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) یە لە میانی ماوەی توێژینەوەکە. |
| | دەستەکانی | پێناسە |
| أ | سیاسی | بابەتە سیاسییەکانی پەیوەست بە هەرێمی کوردستان و عیراق و وڵاتانی دەوروبەرە لە ستونە ڕۆژنامەنوسییەکانی ڕۆژنامەی ناوبراو لە ماوەی دیاریکراودا: (پرۆسەی سیاسی، هەڵبژاردنی پارلەمانی کوردستان، چاکسازی، هەڵبژاردنی پارلەمانی عیراق، سیاسەتی وڵاتانی دەوروبەر). |
| ب | تەناهی (ئەمنی) | ئاماژەیە بۆ بابەتە تەناهییەکانی پەیوەست بە هەرێمی کوردستان و عیراق و وڵاتانی دەوروبەر لە ستونە ڕۆژنامەنوسییەکانی ڕۆژنامەی ناوبراو لە ماوەی دیاریکراودا: (ڕەوشی تەناهی، تیرۆر). |
| ج | ئابوری | مەبەست لە بابەتە ئابورییەکانی پەیوەست بە هەرێمی کوردستان و عیراق و وڵاتانی دەوروبەرە لە ستونە ڕۆژنامەنوسییەکانی ڕۆژنامەی ناوبراو لە ماوەی دیاریکراودا: (گەشەپێدانی ژێرخانی ئابوری، گەندەڵی دارایی و ئابوری). |
| د | کۆمەڵایەتی | بریتییە لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەست بە هەرێمی کوردستان لە ستونە ڕۆژنامەنوسییەکانی ڕۆژنامەی ناوبراو لە ماوەی دیاریکراودا: (هاوڵاتیبون، مافی مرۆڤ). |
| هـ | نیشتمانی | مەبەست لە بابەتە نیشتمانییەکانی پەیوەست بە هەرێمی کوردستانە لە ستونە ڕۆژنامەنوسییەکانی ڕۆژنامەی ناوبراو لە ماوەی دیاریکراودا: (هەرێمی کوردستان، سەروەریی نیشتمانی، ناوچە دابڕێنراوەکان). |
| و | ئەوانیتر | بابەتەکانی دیکەن جگە لەو بابەتانەی سەرەوە، پەیوەست بە هەرێمی کوردستان و عیراق و وڵاتانی دەوروبەر لە ستونە ڕۆژنامەنوسییەکانی ڕۆژنامەی ناوبراو لە ماوەی دیاریکراودا: (ڕاگەیاندن، ژینگە، ڕەخنەی ئەدەبی). |
| ٢ | جۆر | مەبەست لێی جۆری ستونە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) یە لە ڕوی سروشت و تایبەتمەندیی ناوەرۆکییانەوە. |
| | دەستەکانی | پێناسە |
| أ | بۆچونەستون | ئاماژەیە بۆ ئەو ستونە ڕۆژنامەنوسییانەی کە ستوننوس تێیدا تێڕوانین و گۆشەنیگای تایبەتی خۆی دەربارەی پرس و بابەتێك، لە ڕۆژنامەی ناوبراو لە ماوەی دیاریکراودا خستۆتەڕو: (سیاسی، تەناهی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، نیشتمانی، پرسی تر). |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | ب | زانیارییەستو ن | مەبەست لەو ستونە رۆژنامەنوسییانەیە، کە ستوننوس تێیدا داتا و زانیاریی پێویستی سەبارەت بە پرس و بابەتێك، لە رۆژنامەی ناوبراو لە ماوەی دیاریکراودا خستۆتەڕو: ئەدەب (خوێندنەوەی رۆمان، خوێندنەوەی کتێب)، پرسی تر: (تەکنەلۆیای زانیاری، راگەیاندن). |
| ٣ | | روبەر | ئەو روبەر یان پانتاییەیە، کە ستونەکەی تێدا بڵاودەکرێتەوە لە لاپەڕەی رۆژنامەکەدا و بە سانتیمەتر چوارگۆشە (سم٢) پێوانەکراوە. |
| ٤ | | ناوەرۆك | مەبەست لە ناواخنی بابەتی ستونە رۆژنامەنوسییەکانی رۆژنامەی ناوبراوە لە ماوەی دیاریکراودا، کە بریتین لە: (پرۆسەی سیاسی، هەڵبژاردنی پارلەمانی کوردستان، چاکسازی، هەڵبژاردنی پارلەمانی عیراق، سیاسەتی وڵاتانی دەوروبەر، رەوشی تەناهی، تیرۆر، گەشەپێدانی ژێرخانی ئابوری، گەندەڵی دارایی و ئابوری، هاوڵاتیبون، مافی مرۆڤ، هەرێمی کوردستان، سەروەریی نیشتمانی، ناوچە دابڕێنراوەکان، راگەیاندن، ژینگە، ئەدەب، تەکنەلۆژیای زانیاری). |

چوارەم: رێکخستنی یەکە و دەستەکانی شیکارییەکە: توێژەران بە پشتبەستن بە رێگە و ئامرازەکانی شیکارییە میتۆدییەکە، بابەتی ستونەکانیان لەسەر بنچینەی جۆری بابەت و روبەرەکانیان پۆلێنکردوە، هەروا دەستە سەرەکی و لاوەکییەکانیان دەرهێناوە و لەگەڵ دەستەکانی تردا لێکیانداون، پاشان یەکە پەیوەندیدارەکانی شیکارییەکەیان دیاریکردون.

پێنجەم: ئامارەشیکار (التحليل الإحصائي) و ئەنجامی توێژینەوەکە: ئەمەش بریتییە لە حسێبکردنی دوبارەبوەکان لە رێگەی ژمارە، دەرهێنانی رێژەی سەدی بە پێی ئەولەویات و رێکخستنییان و، روبەرەکان بە سانتیمەتر چوارگۆشە. هەروا دەرهێنانی دوائەنجامەکان و دانانی داتاکان لە خشتەی گونجاو، پاشان شرۆڤە و راڤەکردنی ئەنجامەکان.

٣. ئەنجامی ناخشیکارییەکە:

**یەکەم: ژمارە و ناونیشانی ستون و ناوی ستوننوسەکان:**

لە رۆژنامەی (هاوڵاتی) لەماوەی (١/١٠-٣١/١٢/٢٠١٣) دا، (١١) ناونیشانی ستونی رۆژنامەنوسی هەیە، (٩) یان ستوننوسی تایبەتی خۆی هەیە، تەنها (٢) ستون لەناویاندا نوسەری تایبەتی نیە، لەو (٢) ستونەش یەکێکیان بێ ناونیشانە. ئەمەش توێژەرانی گەیاندە ئەو بڕوایەی، کە رۆژنامەکە کۆمەڵێ ستونی بە ناونیشانی جیاواز بڵاوکردۆتەوە، کە لەلایەن ستوننوسی جیاوازەوە نوسراون. بڕوانە خشتەی (٢).

خشتەی (٢) ژمارە و ناونیشانی ستون و ناوی ستوننوسەکان

| ژ | ناونیشانی ستون | ناوی ستوننوس |
|---|---|---|
| ١ | .......... (بێناونیشان) | (هەرجارەی ستوننوسێك) |
| ٢ | CLiCK | پێشڕەو مەجید |
| ٣ | قولایی | عادل باخەوان |
| ٤ | رونتر | رەحمان غەریب |
| ٥ | هەرجارەی رۆمانێك | جەبار سابیر |
| ٦ | بۆرسە | د. محمد ئەمین گەناوی |
| ٧ | لەوێڕا | کامەران قازی |
| ٨ | قەڵەمی کوڕە گوندیەك | نەبەز گۆران |
| ٩ | گۆشەنیگایەکی تر | گۆران بابا عەلی |
| ١٠ | هەناسە | (هەرجارەی ستوننوسێك) |
| ١١ | بینین | هیمداد شاهین |

**دوەم: ڕێکەوت و ژمارەی سامپڵەکە:**

لە سنوری کاتی توێژینەوەکەدا، رۆژنامەی هاوڵاتی (٦٣) ژمارەی لێدەرچوە، لە مانگی (کانونی یەکەم) دا (٢٣) ژمارە دەرچوە، کە لە پلەی یەکەمدا هاتوە، لە هەریەك لە مانگەکانی (تشرینی یەکەم، تشرینی دوەم) یشدا (٢٠) ژمارە دەرچون، کە بە یەکەوە دەکەونە پلەی دوەم. لەمەشەوە توێژەران بۆیان دەرکەوت، کە لە سەرجەم ژمارەکاندا، جگە لە سێ ژمارە: (١١٧٦، ١١٥٩، ١١٥٤) ستون بڵاوکراوەتەوە. بڕوانە خشتەی (٣).

خشتەی (٣) ڕێکەوت و ژمارەی سامپڵەکە

| مانگ | دوبارە | ٪ | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| تشرینی یەکەم/ ٢٠١٣ | ٢٠ | ٣١. ٧٤ | دوەم |
| تشرینی دوەم/ ٢٠١٣ | ٢٠ | ٣١. ٧٤ | دوەم/ د |
| کانونی یەکەم/ ٢٠١٣ | ٢٣ | ٣٦. ٥٠ | یەکەم |
| کۆی گشتی | ٦٣ | ١٠٠ | |

**سێیەم: ژمارە و ڕێژەی ستونەکان:**

ناونیشانی ستونە بڵاوکراوەکان لە ماوەی دیاریکراوی توێژینەوەکەدا بریتین لە (١١) ناونیشان، هەروەك کۆی گشتیی (١٤٤) ستونی رۆژنامەنوسییە، ستونە بێناونیشانەکە لە پلەی یەکەمدا دێت کە (٥٤) جار دوبارەبۆتەوە، هەریەك لە ستونەکانی (CLiCK، قولایی، رونتر، هەرجارەی رۆمانێك) لە پلەی دوەمدا دێن کە هەریەك (١٢)

دوبارەبونەتـەوە، دوای ئـەوانیش هـەردو سـتونی (بۆرسـە، لـەوێڕا) لـە پلـەی سـێیەم دێـن کـە هەریـەك (٩) جـار دوبارەبونەتەوە، ئینجا ستونی (قەڵەمی کوڕەگوندییەك) لە پلەی چوارەم دێت کە (٨) دوبارەبۆتەوە، پاشان سـتونی (گۆشەنیکایەکی تر) لە پلەی پێنجەمدا دێت کـە (٧) جـار دوبارەبۆتـەوە، دوای ئـەویش سـتونی (هەناسـە) لـە پلـەی شەشەمدا دێت کە (٦) جار دوبارەبۆتـەوە، لـە دواپلەشـدا سـتونی (بیـنین) دێـت کـە تـەنها (٣) جـار دوبارەبۆتـەوە. لەمەشەوە توێژەران گەیشتنە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

١. چەندین ستون لەژێر یەك ناونیشانی دیاریکراو تایبەت بە یەك نوسەر بڵاوکراوەتەوە، ئەمە جگە لەوەی ستونێك لە ژێر یەك ناونیشاندا لەلایەن ژمارەیەك نوسەر بڵاوکراوەتەوە، هەروەك چەندین ستونی بێناونیشان بونی هـەبوە کـە نوسەرەکانیان جیاوازن.

٢. هیچکام لە ستونەکان رۆژانەی جێگیر نەبون، بەو ستونانەشـەوە کـە بێناونیـشانن، یـان هـەرجارەی نوسـەرێك دەینوسن.

٣. جۆرێك لە ناڕێکخراوی بە کاتی بڵاوبونەوەی ستونەکانەوە دیارە. بڕوانە خشتەی (٤).

**خشتەی (٤) ژمارە و رێژەی ستونەکان**

| ز | ناونیشانی ستون | دوبارە | ٪ | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | .......... (بێناونیشان) | ٥٤ | ٥ .٣٧ | یەکەم |
| ٢ | CLiCK | ١٢ | ٣٣ .٨ | دوەم |
| ٣ | قوڵایی | ١٢ | ٣٣ .٨ | دوەم/ د |
| ٤ | رونتر | ١٢ | ٣٣ .٨ | دوەم/ د |
| ٥ | هەرجارەی رۆمانێك | ١٢ | ٣٣ .٨ | دوەم/ د |
| ٦ | بۆرسە | ٩ | ٢٥ .٦ | سێیەم |
| ٧ | لەوێڕا | ٩ | ٢٥ .٦ | سێیەم/ د |
| ٨ | قەڵەمی کوڕەگوندییەك | ٨ | ٥٥ .٥ | چوارەم |
| ٩ | گۆشەنیگایەکی تر | ٧ | ٨٦ .٤ | پێنجەم |
| ١٠ | هەناسە | ٦ | ١٦ .٤ | شەشەم |
| ١١ | بینین | ٣ | ٠٨ .٢ | حەوتەم |
| | کۆی گشتی | ١٤٤ | ١٠٠ | |

## چوارەم: روبەری تەرخانکراو بۆ ژانرە رۆژنامەنوسییەکان:

روبەری رۆژنامەکە لە ماوەی دەستنیشانکراودا، لە پلـەی یەکەمـدا بـۆ ژانـرە رۆژنامەنوسـییەکانی دیکـە جگـە لـە (ستون) تەرخانکراوە کە بریتییە لە (١٤٩٠٨٣٢سم) بە رێژەی (٩٧. ٠٢٪)، دوای ئـەو روبـەری تـەرخانکراو بـۆ ژانـری ستون دێت لە پلەی دوەمدا کە بریتییە لە (٣٥٢١٦. ٣٦سم) بە رێژەی (٢. ٣٦٪)، ناوچـەی سـپی-یـش لـە دواپلـەدا

دێت کە (٩٠٧٢سم) ی بۆ تەرخانکراوە کە دەکاتە ڕێژەی (٠.٦٠٪) ی ڕۆژنامەکە. ئەم ئەنجامەش ئەوە روندەکاتەوە کە ڕۆژنامەکە بایەخێکی زۆر کەمی بە ژانری (ستون)* داوە بەراورد بە ژانر و بابەتە ڕۆژنامەنوسییەکانی تر (هەواڵ، راپۆرت، دیالۆگ، وێنە، ڕێکلام... تاد). بڕوانە خشتەی (٥).

**خشتەی (٥) ڕوبەری تەرخانکراو بۆ ژانرە ڕۆژنامەنوسییەکان**

| ناوەڕۆکی روبەر | روبەر بە (سم) | ٪ | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| سەرجەم ژانرەکان بە بێ ژانری ستون | ٦٤ .١٤٤٦٥٤٣ | ٠٢ .٩٧ | یەکەم |
| ژانری ستون | ٣٦ .٣٥٢١٦ | ٣٦ .٢ | دوەم |
| ناوچەی سپی | ٩٠٧٢ | ٦٠ .٠ | سێیەم |
| کۆی گشتی | ١٤٩٠٨٣٢ | ١٠٠ | |

## پێنجەم: جۆری ستونەکان:

جۆری ستونەکان لە ماوەی دەستنیشانکراوی سامپڵەکەدا، دابەشدەبن بەسەر دو جۆردا، لە پلەی یەکەمدا (بۆچونەستون) دێت کە (١١٩) جار دوبارەبۆتەوە بە ڕێژەی (٨٢. ٦٣٪)، لە پلەی دوەم و کۆتاییشدا (زانیارییەستون) دێت کە (٢٥) جار دوبارەبۆتەوە بە ڕێژەی (١٧. ٣٦٪). ئەمەش واتای گرنگیدانی تایبەتی ڕۆژنامەکە و ستونناسانی دەگەیەنێت بە بابەتەکانی بیروڕا و تێڕوانینی تاکەکەسی، لە بەرامبەر بایەخدانی زۆر کەمتر بە پێشکەشکردنی داتا و زانیاری لە ستونی ڕۆژنامەنوسییدا. بڕوانە خشتەی (٦).

**خشتەی (٦) جۆری ستونەکان**

| جۆری ستونەکان | دوبارە | ٪ | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| بۆچونەستون | ١١٩ | ٦٣ .٨٢ | یەکەم |
| زانیارییەستون | ٢٥ | ٣٦ .١٧ | دوەم |
| کۆی گشتی | ١٤٤ | ١٠٠ | |

## شەشەم: ڕوبەری تەرخانکراو بۆ جۆری ستونەکان:

ڕوبەری تەرخانکراوی سامپڵەکە بۆ جۆری ستونەکان لە ماوەی دیاریکراودا دابەشدەبێت بەسەر دو ڕوبەردا، لە پلەی یەکەمدا ڕوبەری (بۆچونەستون) دێت کە (٢٨٣٥٧. ٦٦سم) ە بە ڕێژەی (٨٠. ٥٢٪)، لە پلەی دوەم و

* لە تەوەرەکانی دواتردا و لە چێوەی خستنەڕو و باسکردنی دەستەکاندا، چەند نمونەیەك لە ناونیشانی ستونە ڕۆژنامەنوسییەکانی ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) دەهێنرێنەوە.

کۆتاییشدا روبەری (زانیارییەستون) دێت کە (٦٨٥٨. ٧سم) ە بە رێژەی (١٩. ٤٧٪). ئەمەش هەر مانای بایەخدانی زۆری رۆژنامەکە و ستونناسانیەتی بە دەربڕینی بۆچون و گۆشەنیگای تاکەکەسی. بڕوانە خشتەی (٧).

**خشتەی (٧) روبەری تەرخانکراو بۆ جۆری ستونەکان**

| جۆری ستونەکان | روبەر بە سم | ٪ | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| بۆچونەستون | ٢٨٣٥٧. ٦٦ | ٨٠. ٥٢ | یەکەم |
| زانیارییەستون | ٦٨٥٨. ٧ | ١٩. ٤٧ | دوەم |
| کۆی گشتی | ٣٥٢١٦. ٣٦ | ١٠٠ | |

### حەوتەم: پرسی سەرەکیی زانیارییەستونەکان:

پرسی (ئەدەب) لە پرسی سەرەکیی زانیارییەستونەکاندا پلەی یەکەمی گرتوە، کە (١٣) جار دوبارەبۆتەوە بە رێژەی (٥٢٪)، نزیك لەمەش (پرسی تر) پلەی دوەم و کۆتایی گرتوە، کە (١٢) دوبارەبونەتەوە بە رێژەی (٤٨٪). ئەم ئەنجامەش دەریدەخات، رۆژنامەکە و ستوننوسی زانیارییەستونەکانی لەو ماوەیەدا پتر بایەخیان بە بابەتی ئەدەبی داوە. بڕوانە خشتەی (٨).

هەواڵنامەی کتێب

**خشتەی (٨) ناوەرۆکی پرسی سەرەکیی زانیارییەستونەکان**

| ناوەرۆك | دوبارە | ٪ | روبەر بە سم | ٪ | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەدەب | ١٣ | ٥٢ | ٣٥٣٩. ٧٥ | ٥١. ٦٠ | یەکەم |
| پرسی تر | ١٢ | ٤٨ | ٣٣١٨. ٩٥ | ٤٨. ٣٩ | دوەم |
| کۆی گشتی | ٢٥ | ١٠٠ | ٦٨٥٨. ٧ | ١٠٠ | |

### هەشتەم: ناوەرۆکی پرسی سەرەکیی بابەتە ئەدەبییەکانی زانیارییەستونەکان:

بابەتی (خوێندنەوەی رۆمان) لە پرسی سەرەکیی بابەتە ئەدەبییەکانی زانیارییەستونەکاندا پلەی یەکەمی گرتوە، کە (١٢) جار دوبارەبۆتەوە بە رێژەی (٩٢. ٣٠٪)، لە بەرامبەریشدا بابەتی (خوێندنەوەی کتێب) پلەی دوەم و کۆتایی گرتوە، کە (١) جار دوبارەبۆتەوە بە رێژەی (٧. ٦٩٪). ئەم ئەنجامەش دەریدەخات، رۆژنامەکە و ستوننوسی بابەتە ئەدەبییەکانی زانیارییەستونەکانی لەو ماوەیەدا پتر بایەخیان بە رانان و خستنەڕوی رۆمان داوە. بڕوانە خشتەی (٩). لەو ستونانەش بۆ نمونە:

(خوێندنەوەی رۆمان: ستونی هەرجارەی رۆمانێك: شەمەندەفەرەکە لە کاتی خۆیدا گەیشت)[1].

(خوێندنەوەی کتێب: ستونی بینین: ئێمە لە بەرامبەر رۆژئاوادا)[1].

---

[1] رۆژنامەی (هاوڵاتی)، ژمارە (١١٥٨)، ٩/١٠/٢٠١٣، ل١٤.

خشتەی (٩) ناوەڕۆکی پرسی سەرەکیی بابەتە ئەدەبییەکانی زانیارییەستونەکان

| ناوەڕۆك | دوبارە | ٪ | ڕوبەر بە سم | ٪ | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|
| خوێندنەوەی ڕۆمان | ١٢ | ٣٠ .٩٢ | ٧٥ .٣١٨٤ | .٨٩ ٩٧ | یەکەم |
| خوێندنەوەی کتێب | ١ | ٦٩ .٧ | ٣٥٥ | ٠٢ .١٠ | دوەم |
| کۆی گشتی | ١٣ | ١٠٠ | ٧٥ .٣٥٣٩ | ١٠٠ | |

**نۆیەم: ناوەڕۆکی پرسی تری زانیارییەستونەکان:**

لە نێو پرسی تری زانیارییەستونەکاندا (تەکنەلۆژیای زانیاری) پلەی یەکەمی وەرگرتوە، کە (١٠) جار دوبارەبۆتەوە بە ڕێژەی (٨٣. ٣٣٪)، هەروا (ڕاگەیاندن) پلەی دوەم و کۆتایی گرتوە، کە (٢) جار دوبارەبۆتەوە بە ڕێژەی (١٦. ٦٦٪). ئەمەش ئەوە ڕوندەکاتەوە، ڕۆژنامەکە و ستوننوسی زانیارییەستونەکانی لەو ماوەیەدا زیاتر تیشکیان خستۆتەسەر بابەتی تەکنەلۆژیای زانیاری. بڕوانە خشتەی (١٠). لەو ستونانەش بۆ نمونە:

(تەکنەلۆژیای زانیاری: ستونی CLiCK: یوتیوب، هەنگاوێکی گەورەی ئینتەرنێت)[٢].

(ڕاگەیاندن: ستونی CLiCK: خاڵە ئەرێنی و نەرێنەکانی ڕۆژنامەگەریی سەر ئینتەرنێت)[٣].

هەواڵنامەی کتێب

خشتەی (١٠) ناوەڕۆکی پرسی تری زانیارییەستونەکان

| ناوەڕۆك | دوبارە | ٪ | ڕوبەر بە سم | ٪ | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|
| تەکنەلۆژیای زانیاری | ١٠ | ٣٣ .٨٣ | ٧ .٢٧٣٢ | ٣٣ .٨٢ | یەکەم |
| ڕاگەیاندن | ٢ | ٦٦ .١٦ | ٢٥ .٥٨٦ | .١٧ ٦٦ | دوەم |
| کۆی گشتی | ١٦ | ١٠٠ | ٩٥ .٣٣١٨ | ١٠٠ | |

**دەیەم: پرسی سەرەکیی بۆچونەستونەکان:**

لە پرسیی سەرەکیی بۆچونەستونەکانی ڕۆژنامەکەدا پرسی (سیاسی) لە پلەی یەکەمدا هاتوە، کە (٣٩) جار دوبارەبۆتەوە بە ڕێژەی (٣٢. ٧٧٪)، دوای ئەویش پرسی (تەناهی) لە پلەی دوەمدا هاتوە، کە (٣٣) جار دوبارەبۆتەوە بە ڕێژەی (٢٧. ٧٣٪)، ئینجا پرسی (ئابوری) لە پلەی سێیەمدا هاتوە، کە (١٩) جار دوبارەبۆتەوە بە ڕێژەی (١٥. ٩٦٪)، پلەی چوارەمیش پرسی (کۆمەڵایەتی) یە، کە (١٥) جار دوبارەبۆتەوە بە ڕێژەی (١٢. ٦٠٪)، پلەی پێنجەم پرسی (نیشتمانی) یە، کە (٨) جار دوبارەبۆتەوە بە ڕێژەی (٦. ٧٢٪)، لە دواپلەشدا (پرسی تر)

---

[١] ڕۆژنامەی (هاوڵاتی)، ژمارە (١٢٠١)، ٢٠١٣/١٢/١٢، ل١٤.

[٢] ڕۆژنامەی (هاوڵاتی)، ژمارە (١١٦٠)، ٢٠١٣/١٠/١٣، ل١٣.

[٣] ڕۆژنامەی (هاوڵاتی)، ژمارە (١١٩٧)، ٢٠١٣/١٢/٨، ل١٣.

هاتوه، کە (٥) جار دوبارەبۆتەوە بە رێژەی (٤. ٢٠٪). لەم ئەنجامەشەوە ئەوەمان دەستدەکەوێت، کە پرسی (سیاسی)، بە رێژەیەکی نزیك لەوەش پرسی (تەناهی) دو پرسی گەورە و جێبایەخن بۆ وەرگر، بە تایبەت بۆ ئەوەی ستوننوسان لە رێگەی ستونە رۆژنامەنوسییەکانیانەوە شرۆڤە بۆ روداو و پێشهات و بابەتە هەنوکەییەکانی کوردستان و عێراق و ناوچەکە بکەن. بڕوانە خشتەی (١١).

**خشتەی (١١) پرسی سەرەکیی بۆچونەستونەکان**

| پرس | دوبارە | ٪ | روبەر بە سم | ٪ | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|
| سیاسی | ٣٩ | ٧٧ .٣٢ | ٨٢ .٩٧٦١ | ٤٢ .٣٤ | یەکەم |
| تەناهی | ٣٣ | ٧٣ .٢٧ | ٩٢ .٧٨٧٩ | ٧٨ .٢٧ | دوەم |
| ئابوری | ١٩ | ٩٦ .١٥ | ٨٣ .٤١٠٦ | ٤٨ .١٤ | سێیەم |
| کۆمەڵایەتی | ١٥ | ٦٠ .١٢ | ٦٥ .٣٤٢٠ | ٠٦ .١٢ | چوارەم |
| نیشتمانی | ٨ | ٧٢ .٦ | ٦٥ .١٩٤٨ | ٨٧ .٦ | پێنجەم |
| پرسی تر | ٥ | ٢٠ .٤ | ٧٩ .١٢٣٩ | ٣٧ .٤ | شەشەم |
| کۆی گشتی | ١١٩ | ١٠٠ | ٦٦ .٢٨٣٥٧ | ١٠٠ | |

### یازدەیەم: ناوەڕۆکی پرسی سیاسیی بۆچونەستونەکان:

لە ناوەرۆکی پرسی سیاسیی بۆچونەستونەکانی رۆژنامەکەشدا، بابەتی (پرۆسەی سیاسی) لە پلەی یەکەمدا هاتوە، کە (٣٠) جار دوبارەبۆتەوە بە رێژەی (٧٦. ٩٢٪)، دوای ئەویش بابەتی (هەڵبژاردنی پارلەمانی کوردستان) لە پلەی دوەمدا هاتوە، کە (٥) جار دوبارەبۆتەوە بە رێژەی (١٢. ٨٢٪)، پاشان بابەتی (چاکسازی) لە پلەی سێیەمدا هاتوە، کە (٢) جار دوبارەبۆتەوە بە رێژەی (٥. ١٢٪)، لە دواپلەشدا بە دوبارەیی هەردو بابەتی (هەڵبژاردنی پارلەمانی عێراق، سیاسەتی وڵاتانی دەوروبەر) (١) جار دێن بە رێژەی (٢. ٥٦٪). ئەمەش بە بڕوای توێژەران بۆ گرنگیی بابەتی (پرۆسەی سیاسی) و بایەخەکەی دەگەڕێتەوە لە ژیانی هاونیشتمانیاندا، کە پێویستیی بەوەیە لەلایەن ستوننوس و شرۆڤەکارانی سیاسییەوە شیکاریی پێویستی بۆ بکرێت و لایەنە جیاوازەکانی رون بکرێنەوە، لە بەرامبەریشدا کەمیی بۆچونەستون سەبارەت بە (سیاسەتی وڵاتانی دەوروبەر) هەم مانای بەهەندوەرنەگرتنی بابەتەکە و هەم نەبونی شارەزایی پێویستە لەلایەن ستوننوسانەوە. بڕوانە خشتەی (١٢). لەو ستونانەش بۆ نمونە:

(پرۆسەی سیاسی: ستونی روونتر: هێرۆ خان)[١].

(هەڵبژاردنی پارلەمانی کوردستان: ستونی لەوێڕا: لە من هاتن لە تۆ رۆین)[٢].

(چاکسازی: ستونی لەوێڕا: ئامێری ژیانەوەی (ی. ن. ك) لە ناوخۆیدایە)[٣].

(هەڵبژاردنی پارلەمانی عێراق: ستونی هەناسە: چارەسەرێك بۆ یاسای هەڵبژاردنی پارلەمانی عێراق) [٤].

(سیاسەتی وڵاتانی دەوروبەر: ستونی لەوێڕا: بای باکور)[١].

---

[١] رۆژنامەی (هاوڵاتی)، ژمارە (١١٥٢)، ٢٠١٣/١٠/١، ل١٨.

[٢] رۆژنامەی (هاوڵاتی)، ژمارە (١١٥٥)، ٢٠١٣/١٠/٦، ل١٨.

[٣] رۆژنامەی (هاوڵاتی)، ژمارە (١١٦٢)، ٢٠١٣/١٠/٢٠، ل١٨.

[٤] رۆژنامەی (هاوڵاتی)، ژمارە (١١٥٨)، ٢٠١٣/١٠/٩، ل٣.

خشتەی (١٢) ناوەرۆکی پرسی سیاسیی بۆچونەستونەکان

| ناوەرۆک | دوبارە | ٪ | روبەر بە سم | ٪ | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|
| پرۆسەی سیاسی | ٣٠ | ٩٢ .٧٦ | ٢١ .٧٥٩٤ | .٧٧ ٧٩ | یەکەم |
| هەڵبـــــژاردنی پارلـــــەمانی کوردستان | ٥ | ٨٢ .١٢ | ٢١ .١٢٧٥ | ٠٦ .١٣ | دوەم |
| چاکسازی | ٢ | ١٢ .٥ | ٤٧١ | ٨٢ .٤ | سێیەم |
| هەڵبژاردنی پارلەمانی عیراق | ١ | ٥٦ .٢ | ٢٣١ | ٣٦ .٢ | چوارەم |
| سیاسەتی وڵاتانی دەوروبەر | ١ | ٥٦ .٢ | ٤ .١٩٠ | ٩٥ .١ | چـــوارەم/ د |
| کۆی گشتی | ٣٩ | ١٠٠ | ٨٢ .٩٧٦١ | ١٠٠ | |

**دوازدەیەم: ناوەرۆکی پرسی تەناهیی بۆچونەستونەکان:**

بابەتی (ڕەوشی تەناهی) پلەی یەکەمی ناوەڕۆکی پرسی تەناهیی بۆچونەستونەکانی سامپڵەکەی داگیرکردوە، کە (١٧) جار دوبارەبۆتەوە بە ڕێژەی (٥١. ٥١٪)، بابەتی (تێرۆر) یش بە ڕێژەیەکی نزیك لەوە دواپلەی داگیرکردوە، کە (١٦) جار دوبارەبۆتەوە بە ڕێژەی (٤٨. ٤٨٪). ئەمەش جەختکردنەوەیە لـە بایـەخی بابەتـەکانی (ڕەوشـی تـەناهی، تێرۆر) لە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵی کوردیی هەرێمی کوردستاندا و خستنەڕوی گۆشەنیگای جیاواز دەربارەیـان. بڕوانـە خشتەی (١٣). لەو ستونانەش بۆ نمونە:

(ڕەوشی تەناهی: ستونی قەڵەمی کوڕەگوندییەك: دژ بە بارگژریی گۆڕان و یەکێتی)[٢].

(تێرۆر: ستونی قوڵایی: کاوە، سەردەشت، سۆران)[٣].

خشتەی (١٣) ناوەڕۆکی پرسی تەناهیی بۆچونەستونەکان

| ناوەرۆک | دوبارە | ٪ | روبەر بە سم | ٪ | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕەوشی تەناهی | ١٧ | ٥١ .٥١ | ٨٣ .٣٩١٢ | ٦٥ .٤٩ | دوەم |
| تێرۆر | ١٦ | ٤٨ .٤٨ | ٠٩ .٣٩٦٧ | ٣٤ .٥٠ | یەکەم |
| کۆی گشتی | ٣٣ | ١٠٠ | ٩٢ .٧٨٧٩ | ١٠٠ | |

(١) ڕۆژنامەی (هاوڵاتی)، ژمارە (١١٨٥)، ٢٠١٣/١١/٢٠، ل١٨.

(٢) ڕۆژنامەی (هاوڵاتی)، ژمارە (١١٨١)، ٢٠١٣/١١/١٤، ل١٨.

(٣) ڕۆژنامەی (هاوڵاتی)، ژمارە (١٢٠٧)، ٢٠١٣/١٢/٢٢، ل١٨.

### سێزدەیەم: ناوەرۆکی پرسی ئابوریی بۆچونەستونەکان:

بابەتی (گەشەپێدانی ژێرخانی ئابوری) پلەی یەکەمی ناوەرۆکی پرسی ئابوریی بۆچونەستونەکانی رۆژنامەکەی داگیرکردوە، کە (١٢) جار دوبارەبۆتەوە بە رێژەی (٦٣. ١٥٪)، بابەتی (گەندەڵی دارایی و ئابوری) یش پلەی دوەم و دواپلەی داگیرکردوە، کە (٧) جار دوبارەبۆتەوە بە رێژەی (٣٦. ٨٤٪). ئەمەش ئەوە ئاشکرادەکات، کە هەردو بابەتی پرسە ئابورییەکە بۆ کاری رۆژنامەنوسی، بە تایبەت لێکدانەوەی گۆشە و رەهەندەکانی، گرنگیی تایبەتی بۆ ژیانی تاك و کۆمەڵ و سیستمی بەرێوەبردن هەیە. بروانە خشتەی (١٤). لەو ستونانەش بۆ نمونە:

(گەشەپێدانی ژێرخانی ئابوری: ستونی بۆرسە: ئابوریی نیشتمانی چیە؟)[1].

(گەندەڵی دارایی‌و ئابوری: ستونی هەناسە: تکایە ٤٨ ملیۆن دینارەکە وەرگرن!)[2].

**خشتەی (١٤) ناوەرۆکی پرسی ئابوریی بۆچونەستونەکان**

| ناوەرۆك | دوبارە | ٪ | روبەر بە سم | ٪ | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|
| گەشەپێدانی ژێرخانی ئابوری | ١٢ | ٦٣. ١٥ | ٢٤٥٥. ٤٥ | ٥٩. ٧٨ | یەکەم |
| گەندەڵی دارایی و ئابوری | ٧ | ٣٦. ٨٤ | ١٦٥١. ٣٨ | ٤٠. ٢١ | دوەم |
| کۆی گشتی | ١٩ | ١٠٠ | ٤١٠٦. ٨٣ | ١٠٠ | |

هەواڵنامەی کتێب

### چواردەیەم: ناوەرۆکی پرسی کۆمەڵایەتیی بۆچونەستونەکان:

لە ناوەرۆکی پرسی کۆمەڵایەتیی بۆچونەستونەکانی رۆژنامەکەش، بابەتی (هاولآتیبون) پلەی یەکەم وەردەگرێت، کە (١٤) جار دوبارەبۆتەوە بە رێژەی (٩٣. ٣٣٪)، بابەتی (مافی مرۆڤ) یش بە رێژەیەکی زۆر کەمتر لەوە پلەی دوەم و دواپلەی داگیرکردوە، کە تەنها (١) جار دوبارەبۆتەوە بە رێژەی (٦. ٦٦). ئەم ئەنجامەش مانای گرنگیدانی ستوننوسان و رۆژنامەی (هاولآتی) خۆشیەتی بە بابەتی (هاولآتیبون) و شیکردنەوەی ژیانی مەدەنیانە بۆ خوێنەر. بروانە خشتەی (١٥). لەو ستونانەش بۆ نمونە:

(هاولآتیبون: ستونی گۆشەنیگایەکی تر: ماچ‌و کۆمەڵگە)[3].

(مافی مرۆڤ: ستونی بێناونیشان: تێوەگلانی کورد لە تۆرە مافیاکانی ولآتی سوید)[4].

---

(1) رۆژنامەی (هاولآتی)، ژمارە (١١٦٠)، ٢٠١٣/١٠/١٣، ل٧.

(2) رۆژنامەی (هاولآتی)، ژمارە (١١٦٧)، ٢٠١٣/١٠/٢٧، ل٣.

(3) رۆژنامەی (هاولآتی)، ژمارە (١١٦٣)، ٢٠١٣/١٠/٢١، ل١٨.

(4) رۆژنامەی (هاولآتی)، ژمارە (١٢٠٦)، ٢٠١٣/١٢/١٩، ل١٩.

**خشتەی (١٥) ناوەڕۆکی پرسی کۆمەڵایەتیی بۆچونەستونەکان**

| ناوەرۆك | دوبارە | ٪ | روبەر بە سم | ٪ | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|
| هاوڵاتیبون | ١٤ | ٩٣. ٣٣ | ٣١٢١. ٤ | ٩١. ٢٥ | یەکەم |
| مافی مرۆڤ | ١ | ٦. ٦٦ | ٢٩٩. ٢٥ | ٨. ٧٤ | دوەم |
| کۆی گشتی | ١٥ | ١٠٠ | ٣٤٢٠. ٦٥ | ١٠٠ | |

## پازدەیەم: ناوەرۆکی پرسی نیشتمانیی بۆچونەستونەکان:

لە ناوەرۆکی پرسی نیشتمانیی بۆچونەستونەکانی سامپڵەکە لە ماوەی دیاریکراودا، بابەتی (هەرێمی کوردستان) پلەی یەکەم داگیردەکات، کە (٥) جار دوبارەدەبێتەوە بە ڕێژەی (٦٢. ٥٠٪)، بابەتی (سەروەریی نیشتمانی) یش پلەی دوەم داگیردەکات، کە (٢) جار دوبارەدەبێتەوە بە ڕێژەی (٢٥٪)، لە پلەی سێیەم و کۆتاییشدا بابەتی (ناوچە دابڕێنراوەکان) دێت، کە تەنها (١) جار دوبارەدەبێتەوە بە ڕێژەی (١٢. ٥٠٪). دەکرێ ئەمەش بگەڕێنرێتەوە بۆ کاریگەریی شوێنی دەرچون و کارکردنی ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) و، زمان و شوێنی نیشتەجێبونی وەرگرانیشی کە (هەرێمی کوردستان)ە، بۆیە بوەتە چەقی ناوەرۆکی ئەو پرسە لە بۆچونەستونەکانی ئەو ڕۆژنامەیە. بڕوانە خشتەی (١٦). لەو ستونانەش بۆ نمونە:

(هەرێمی کوردستان: ستونی گۆشەنیگایەکی تر: بونیادی نیشتمان)[(١)].

(سەروەریی نیشتمانی: ستونی بێناونیشان: ئەردۆگان پاڵەوانی ئاشتی نیە)[(٢)].

**خشتەی (١٦) ناوەڕۆکی پرسی نیشتمانیی بۆچونەستونەکان**

| ناوەرۆك | دوبارە | ٪ | روبەر بە سم | ٪ | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|
| هەرێمی کوردستان | ٥ | ٦٢. ٥٠ | ١١٩٢. ٥٥ | ٦١. ١٩ | یەکەم |
| سەروەریی نیشتمانی | ٢ | ٢٥ | ٥٢١. ٦ | ٢٦. ٧٦ | دوەم |
| ناوچە دابڕێنراوەکان | ١ | ١٢. ٥٠ | ٢٣٤. ٥ | ١٢. ٠٣ | سێیەم |
| کۆی گشتی | ٨ | ١٠٠ | ١٩٤٨. ٦٥ | ١٠٠ | |

## شازدەیەم: ناوەرۆکی پرسی تری بۆچونەستونەکان:

هەریەك لە بابەتەکانی (ڕاگەیاندن، ژینگە) لە ناوەرۆکی پرسی تری بۆچونەستونەکانی سامپڵەکە لە ماوەی دەستنیشانکراودا بە دوبارەیی پلەی یەکەمیان وەرگرتوە، کە هەریەك (٢) جار هاتون بە ڕێژەی (٤٠٪)، پلەی دوەم و کۆتاییش بابەتی (ڕەخنەی ئەدەبی) گرتویەتی، کە تەنها (١) جار دوبارەبۆتەوە بە ڕێژەی (٢٠٪). دەکرێ ئەم

---

(١) ڕۆژنامەی (هاوڵاتی)، ژمارە (١١٥٦)، ٧/١٠/٢٠١٣، ل١٨.

(٢) ڕۆژنامەی (هاوڵاتی)، ژمارە (١١٧٩)، ١٢/١١/٢٠١٣، ل١٩.

ئەنجامەش واشیبکرێتەوە، کە (راگەیاندن، ژینگە) لە واقیعی ئێستا کۆمەڵی کوردیی هـەرێمی کوردسـتاندا دو بابـەتی تاڕادەیەک نوێن لە روی روناکیخستنەسەر و بایەخپێدانەوە چ لە ئاسـتی ئـەکادیمی و چ لـە ئاسـتی تـاک و کۆمـەڵیش. بڕوانە خشتەی (١٧). لەو ستونانەش بۆ نمونە:

(راگەیاندن: ستونی روونتر: میترۆ چی ئەکات؟)[١].

(رەخنەی ئەدەبی: ستونی قوڵایی: راسیزمی رۆشنبیران)[٢].

**خشتەی (١٧) ناوەرۆکی پرسەکانی تری بۆچونەستونەکان**

| ناوەرۆك | دوبارە | ٪ | روبەر بە سم | ٪ | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|
| راگەیاندن | ٢ | ٤٠ | ٨٥ .٥٨٢ | ٠١ .٤٧ | یەکەم |
| ژینگە | ٢ | ٤٠ | ٤٤ .٣٥٥ | .٢٨ ٦٦ | یەکەم/ د |
| رەخنـــــــــەی ئەدەبی | ١ | ٢٠ | ٥ .٣٠١ | ٣١ .٢٤ | دوەم |
| کۆی گشتی | ٥ | ١٠٠ | ٧٩ .١٢٣٩ | ١٠٠ | |

هەواڵنامەی کتێب

[١] رۆژنامەی (هاوڵاتی)، ژمارە (١١٩٩)، ٢٠١٣/١٢/١٠، ل١٨.

[٢] رۆژنامەی (هاوڵاتی)، ژمارە (١١٩٧)، ٢٠١٣/١٢/٨، ل١٨.

## دەرەنجام

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا، دوای ئەنجامدانی ناخشیکاریی بۆ بابەتی سەرەکیی توێژینەوەکە لە سامپڵ و ماوەی دیاریکراوی، پاشان شرۆڤەکردنیان، توێژەران بەم دەرەنجامانەی خوارەوە گەیشتن:

١. ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) لە ماوەی دیاریکراوی توێژینەوەکەدا (١/١٠ – ٢٠١٣/١٢/٣١) لە نێو بابەت و ژانرە ڕۆژنامەنوسییەکاندا، لە ڕوی ژمارە و ڕێژە و ڕوبەر تارادەیەکی کەم بایەخی بە ژانری (ستون) داوە.

٢. ستونەکانی ڕۆژنامەکە جۆرێك لە ناجێگیری و ناڕێکخراویان پێوەدەبینرێت لە ڕوەکانی: کات، شوێن، ناونیشان،... تاد.

٣. ڕۆژنامەی ناوبراو لە میانی ستونەکانیدا توانیویەتی زۆر پرس و بابەتی جیاوازی جێبایەخی تاك و کۆمەڵی کوردیی هەرێمی کوردستان ڕومال بکات. هاوکات چەند پرسێکی گرنگیشی فەرامۆشکردوە، لەوانە: سەربازی، خزمەتگوزاری، خوێندن و پەروەردە و فێرکردن، یاسایی، وەرزشی، هونەری، کەلتوری،... تاد.

٤. ڕۆژنامەکە، لە ڕوی ژمارە و ڕێژە و ڕوبەرەوە، پتر بایەخی بە (بۆچونەستون) داوە.

٥. ناوەرۆکی (بۆچونەستونەکان)ی ڕۆژنامەکە زیاتر بایەخی بە پرسەکانی (سیاسی، تەناهی) داوە.

٦. ناوەرۆکی (زانیارییەستونەکان)ی ڕۆژنامەکە زیاتر بایەخی بە پرسی (ئەدەب) داوە.

٧. لە چوارچێوەی پرسی سیاسیی (بۆچونەستونەکان)ی ڕۆژنامەکە زیاتر گرنگی بە بابەتی (پرۆسەی سیاسی) دراوە.

٨. لە چوارچێوەی پرسی تەناهیی (بۆچونەستونەکان)ی ڕۆژنامەکە زیاتر گرنگی بە بابەتەکانی (ڕەوشی تەناهی، تیرۆر) دراوە.

هەواڵنامەی کتێب

## ڕاسپاردە

لەژێر ڕوناکیی دەرەنجامەکانیش، توێژەران چەند ڕاسپاردەیەك لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی ڕۆژنامەنوسیی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا بە گشتی، و ڕۆژنامە و ستوننوسانی ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) بە تایبەت، دەخەنەڕو:

١. گرنگیدانی پتر بە ستونی ڕۆژنامەنوسی لە سەرجەم ڕوەکانەوە: شێواز، نوسین و سازاندن، زمانەوانی، ناوەرۆك، نەخشەسازی، جۆر... تاد.

٢. هەوڵدان بۆ تایبەتمەندیی زیاتر لە ستونەکاندا و هاندانی ستوننوسان بۆ بەدەستهێنانی پسپۆڕێتی لە نوسین و سازاندنی ستوندا.

٣. دورکەوتنەوە لە نوسینی ناوەرۆك لاواز، و شێوازی داڕشتن و ڕستەڕیزکردنی بێ زانیاریی ورد و شرۆڤەی بابەتییانە لە نوسین و سازاندنی ستونی ڕۆژنامەنوسییدا، لە بری ئەوە هەوڵدان بۆ ستوننوسین بە زمان و شێوازێکی سەرنجڕاکێش و سادە و ڕون و کورت و پوخت، هاوکات زانیارییبەخش و شرۆڤەئامێز.

## پێشنیار

دوای پێشکەشکردنی دەرەنجام و ڕاسپاردەکانیش، توێژەران پێشنیاردەکەن:

١. توێژەرانی دیکە توێژینەوەی زانستی سەبارەت بە تەنها جۆرێکی تایبەتی (ستونی ڕۆژنامەنوسی) بکەن، بۆ نمونە: بۆچونەستون، یان زانیارییەستون.

٢. توێژەرانی دیکە توێژینەوەی زانستی دەربارەی لایەنی هونەری و نەخشەسازیی ستونی ڕۆژنامەنوسی ئەنجام بدەن.

## سەرچاوەکان

**یەکەم: توێژینەوەی زانستی:**

١) باقر داود حسين: العمود الصحفي في صحيفة الاتحاد للمدة من ٢٠٠٧/١/١م – ٢٠٠٧/١٢/٣١م، رسالة ماجستير غير منشورة، ٢٠٠٨، جامعة بغداد– كلية الإعلام/ قسم الصحافة.

٢) كاظم المقدادي (دكتور): اتجاهات جديدة في أساليب كتابة المقالات الصحفية (المقال العامودي)، الباحث الإعلامي (مجلة فصلية علمية محكمة تصدر عن كلية الإعلام– جامعة بغداد)، العدد ٩–١٠، حزيران– ايلول ٢٠١٠.

٣) عثمان محمد الدليمي: اتجاهات العمود الصحفي في صحافة الانبار للمدة من ٢٠٠٣/٦/٢ – ٢٠٠٤/١/٥ (جريدة الجزيرة انموذجاً)، الباحث الإعلامي (مجلة فصلية علمية محكمة تصدر عن كلية الإعلام– جامعة بغداد)، العدد ٩–١٠، حزيران– ايلول ٢٠١٠.

٤) سعد محمد خضير: مضامين العمود الصحفي في جريدة المدى– دراسة تحليلية لأعمدة الرأي للمدة من ١ – ٢٠١٠/٤/٣٠، الباحث الإعلامي (مجلة فصلية علمية محكمة تصدر عن كلية الإعلام– جامعة بغداد)، العدد ١١–١٢، كانون الثاني– آيار ٢٠١١.

**دووەم: کتێب:**

أ- بە زمانی کوردی:

٥) ساقی بارزانی: جۆرنالیزم دەروازەیەك بۆ جۆرنالیزمی بەریرسانە و ئەکادیمی، (هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠١٠).

٦) عەبدولخالق ئیبراهیم، ئەرسەلان رەحمان: کارامەییەکانی نوسین لە رۆژنامەگەریی چاپکراو و ئەلیکترۆنیدا، (هەولێر: رێکخراوی ئایرێکسی نێودەوڵەتی، ٢٠١٠).

٧) هێرش رەسوڵ (دکتۆر): ئێتیك و یاسا لە میدیای کوردیدا، (سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٣).

ب– بە زمانی عەرەبی:

٨) ابراهيم احمد ابراهيم: فن كتابة الخبر والمقال الصحفي، (القاهرة: العربي للنشر والتوزيع، ٢٠٠٩).

٩) إبراهيم أمام: دراسات الفن الصحفي، (القاهرة: مكتبة الأنجلو المصرية، ١٩٧٢).

١٠) الجوهري: الصحاح في اللغة و العلوم، (بيروت: دار الحضارة العربية، ١٩٧٥).

١١) حبيب كركوكي: فنون التحرير الصحفي، (دهوك: مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر، ٢٠٠٨).

١٢) حسين عبد الله قايد (دكتور): حرية الصحافة– دارسة مقارنة في القانونين الفرنسي والمصري، (القاهرة: دار النهضة العربية، ١٩٩٤).

١٣) السيد احمد مصطفى عمر (دكتور): الكتابة والتحرير الصحفي رؤية جديدة، (دبي: دار القلم للنشر والتوزيع، ٢٠٠٥).

هەوالنامەی کتێب

١٤) صالح أبو إصبع (أستاذ دكتور)، محمد عبيدالله (دكتور): فن المقالة أصول نظرية– تطبيقات– نماذج، (عمان: دار مجدلاوي للنشر والتوزيع، ٢٠٠٢).

١٥) صلاح عبدالحميد (دكتور): فن التحرير الصحفي، (القاهرة: مؤسسة طيبة للنشر والتوزيع، ٢٠١٣).

١٦) عبدالعزيز شرف (دكتور): الاساليب الفنية في فن التحرير الصحفي، (القاهرة: دار اقياء للطباعة والنشر والتوزيع، ٢٠٠٠).

١٧) ————————: فن المقال الصحفي في أدب طه حسين، (القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٥).

١٨) فاروق أبو زيد (أستاذ دكتور)، ليلى عبدالمجيد (أستاذ دكتور): فن التحرير الصحفي، (القاهرة: مركز جامعة القاهرة للتعليم المفتوح، ٢٠٠٠).

١٩) فاروق على عمر (دكتور): مفاتيح السلطة الرابعة– كيف تصبح صحفياً في عالم متحول؟، (بغداد: ب. د.، ٢٠٠٢).

٢٠) محمود شريف (دكتور): فن المقالة الادبية والموضوعية والصحفية، (الكويت: دار العروبة، ١٩٨٥).

٢١) محمود علم الدين (دكتور): الفن الصحفي، (القاهرة: دار أخبار اليوم، ٢٠٠٤).

٢٢) محمود فهمى (دكتور): الفن الصحفي في العالم، (القاهرة: دار المعارف بمصر، ١٩٦٤). نعمات احمد عثمان (دكتور) : فنون التحرير الصحفي، (الاسكندرية: دار المعرفة الجامعية، ٢٠٠٩).

**سێیەم: فەرهەنگ:**

أ – بە زمانی کوردی:

٢٣) هەژار: هەنبانە بۆرینە.. فەرهەنگ کوردی – فارسی، (تاران: سروش، ١٣٦٩ هەتاوی).

ب– بە زمانی عەرەبی:

٢٤) الجوهری: الصحاح فی اللغه و العلوم، (بیروت: دار الحچاره العربیه، ١٩٧٥).

٢٥) كرم شلبـي (دكتور): معجم المصطلحات الإعلامية (انجليزي/ عربي)، ط٢ (بيروت: دار الجيل، ١٩٩٤).

٢٦) لويس معلوف: المنجد في اللغة، ط٣٥ (تهران: ضاشخانة منفرد، ١٣٧٩).

٢٧) محمد فريد عزت (دكتور): القاموس الموسوعى للمصطلحات الاعلامية، (القاهرة: العربي للنشر والتوزيع، ٢٠٠١).

٢٨) محمد منير حجاب (دكتور): الموسوعة الإعلامية، المجلد الخامس، (القاهرة: دار الفجر للنشر والتوزيع، ٢٠٠٠).

ج– بە زمانی فارسی:

٢٩) محمد رضا محمدی فر: فرهنگ روزنامەنگاری، (تهران: وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی، ١٣٧٨).

هەواڵنامەی کتێب

**چوارەم: پێگەی ئەلکترۆنی:**

30) http://www. oxforddictionaries. com/definition/english/columnist. (16. 10. 2014 .)

31) http://www. ijschool. net/news. php?action=view&id=63#. VG3wp9KsVe9. (20/10/2014 .)

32) http://ar. wikipedia. org/wiki/%D8%B9%D9%85%D9%88%D8%AF_%D8%B5%D8%AD%D9%81%D9%8A#. D8. AA. D8. B9. D8. B1. D9. 8A. D9. 81_. D8. A7. D9. 84. D8. B9. D9. 85. D9. 88. D8. AF_. D8. A7. D9. 84. D8. B5. D8. AD. D9. 81. D9. 8A)، 20/10/2014 .)

33) http://www. wordreference. com/definition/column. (15. 10. 2014 .)

**پێنجەم: دەستور و یاسا:**

٣٤) دەستوری هەمیشەیی عیراق، ٢٠٠٥.

**شەشەم: چاوپێکەوتن:**

٣٥) تاریق فاتیح حەسەن، خاوەن ئیمتیاز و سەرنوسەری رۆژنامەی (هاوڵاتی)، چاوپێکەوتنی توێژەران لە رێگەی ئیمەیڵەوە، لە رێکەوتی (١/٠٢/٢٠١٤).

**حەوتەم: رۆژنامە و گۆڤار:**

٣٦- هاوڵاتی (رۆژنامە)، سەرجەمی ژمارەکانی هەر سێ مانگی (تشرینی یەکەم، تشرینی دوەم، کانونی یەکەم/ ٢٠١٣) لە ژمارە (١١٥٢) رۆژی سێشەممە ١/١٠/٢٠١٣ تاکو ژمارە (١٢١٤) رۆژی سێشەممە ٣١/١٢/٢٠١٣.

هەواڵنامەی کتێب

# الملخص

## العمود الصحفي في جريدة (هاوڵاتى)

### (دراسة تحليلية من المدة ١/١٠ الى ٢٠١٣/١٢/٣١)

يتعلق المحور الأساسي لهذا البحث بـ (العمود الصحفي) في الصحافة الكوردية في إقليم كوردستان، وقد اخذ الباحثان جريدة (هاوڵاتى) بعين الأعتبار خاصة الأعداد الصادرة في ثلاث اشهر الأخيرة من سنة ٢٠١٣.

وتكمن أهمية هذه الدراسة في تطوير قدرة الصحفيين وإمكانياتهم المهنية في مجال عملهم.

أما مشكلة البحث فقد عرضها الباحثان من خلال الأسئلة التالية:

أ. بأي قدرٍ اهتم جريدة (هاوڵاتى) بالعمود الصحفي خلال مدة الدراسة المحددة من (١/١٠ – ٢٠١٣/١٢/٣١) من حيث إطار الموضوعات والفنون الصحفية؟

ب. ما هي المضامين والأفكار التي تناولتها هذه الأعمدة في هذه الفترة؟

وتتمثل أهداف هذا البحث في النقاط الآتية:

أ. كشف مدى أهمية جريدة (هاوڵاتى) بـ(فن العمود)، لفترة البحث المحددة من (١/١٠ – ٢٠١٣/١٢/٣١) من حيث إطار الموضوعات والفنون الصحفية.

ب. التعرف على مضامين وأفكار أعمدة الجريدة لهذه الفترة.

ويعد البحث من حيث النوع بحثاً وصفياً، فضلاً عن إستخدام طريقة (تحليل المضمون).

كما وتتكون هيكل البحث من المحاور الآتية:

أولاً: المقدمة

ثانياً: الإطار المنهجي للبحث

حاول الباحثان في هذا المحور ان يوضحوا: (أهمية البحث، مشكلة البحث، أهداف البحث، المنهج البحث وطريقته، مجالات البحث، مجتمع البحث ونموذجه، أدوات البحث، التحليل الإحصائي المستخدم، المفاهيم والمصطلحات، وهيكلية البحث).

رابعاً: الإطار النظري للبحث

من هنا وبالأعتماد على مجموعة من المصادر العلمية، يدرسوا الباحثان الجوانب الرئيسية من الموضوع: (مفهوم العمود الصحفي وتعريفه، خصائص العمود الصحفي، أساليب كتابة العمود الصحفي، أنواع العمود الصحفي، محاور العمود الصحفي، خصائص كاتب العمود الصحفي).

خامساً: الإطار العملي للبحث

وهو المبحث الأخير من البحث، حيث عرضنا فيه الجانب العملي من البحث، وتناولنا فيه المواضيع التالية: (ملخص عن عينة الدراسة، إجراءات التحليل المضمون، نتائج التحليل المضمون).

سادساً: الإستنتاجات والتوصيات والمقترحات

حيث تحدثنا في هذا المحور عن أهم (الإستنتاجات) والحقائق التي توصل اليها الباحثان، إضافة الى أبرز (التوصيات والمقترحات)، التي يمكن ان تفيد المؤسسات العلمية والعمل الصحفي في هذا المجال.


هەواڵنامەی کتێب

## Abstract

### The newspaper column on the (Hawlati) newspaper An analytical study covers 01/10 to 31/12/2013

The primary focus of the study is the column genre in the Kurdish press in Kurdistan region. The study has taken the (Hawlati) private newspaper into account ،especially those numbers issued or published on the Hawlati newspaper in the last three months of 2013 .

The importance of this study lies in developing professional journalism and journalists' potential in the field of their abilities .

The study problem is displayed through the following questions:

A. How (Hawlati) newspaper valued the column genre in its writings during the period of study?

B. What are the content and ideas covered in these columns؟

**The goal of the study is displayed through the following points:**

A. How much the (Hawlati) newspaper discovered to be interested in writing columns during the period of the study .

B. To reveal and know the content and ideas covered in the columns .

In terms of methodology ،the study is a descriptive one conducted with content analysis .

The study consists of an introduction and four other main themes or parts ،namely:

**First: the study methodology:**

In this part ،researchers tried to explain the following subjects: (the importance of the study ،study problems ،study goals ،conducting approaches and methods ،study subjects ، community and sampling ،study tools ،statistical analysis of user ،concepts and terminology and finally the structure of the study .(

**Second: the theoretical framework of the study:**

Based on the range of scientific sources and theoretical methods ،researchers tried to study key aspects of the subject such as; (concept and the definition of the column ،the column uniqueness and exceptionality ،column writing methods ،column writing categories ،column axes ،columnist exceptionalities and abilities .(

**Third: the practical framework of the study:**

It is the last part of the study where the practical side of the study is presented. It deals with the following topics: (a summary about the study sampling ،content analysis procedures and then content analysis results and findings .(

**Fourth: Conclusion**

In this part ،the most important results and findings are presented and explained. In addition to that ،some precious and valuable suggestions are added that could benefit the press in this area of work .

هەواڵنامەی کتێب

KURDISTAN ACADEMICS ASSOCIATION
KAA
کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کوردستان
KURDISTAN ACAMECS ASSOCIATION

KTRC 2004
دەستەی کوردستانی
بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی

# گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان

# کەلێنە دەستورییەکانی سیستەمی فیدراڵی لە عێراقدا ئاستەنگەکانی بەردەمی

د. پێشڕەو حەمەجان عزیز
فاکەڵتی یاسا وڕامیاری/زانکۆی سلێمانی

م.ی. کارزان عزت حسن
فاکەڵتی یاسا وڕامیاری/زانکۆی سلێمانی

هەواڵنامەی کتێب

## پێشەکی

### دەستپێکی توێژینەوەکە :

فێدڕالیزم لەسەردەمی ئێستا ڕۆڵ و بایەخێکی تایبەتی هەیە لەچارەسەری ئەوکێشە وئاریشانەی کە دەوڵەتە فرەییەکان بەخۆیەوە دەبینیێ، فیدراڵیەت لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵاتەکان دادەمەزرێت و دەستەبەری جۆرێك لە سەربەخۆیی هەرێمی دەکات بۆ پێکهاتەکانی وە لەلایەکی ترەوە بەرجەستەی یەکگرتووی کەسایەتی دەوڵەت دەکات و یەکپارچەیی دەوڵەت دەپارێزێت، ئەگەر لەسەربنەمای ئارەزوومەندانە دابمەزرێت و لە پراکتیکدا وەك خۆی جێبەجێ بکرێت، وە فیدراڵیەتی عێراقیش وەکو مۆدێلێکی نوێی فیدراڵی لە چوارچێوەی کاری توێژینەوەکەدا گرنگی تایبەتیخۆی هەیە بەوپێیەی کە عێراق وڵاتێکی فرەییە، بۆیە دەکرێت فیدراڵیزم هاوسەنگی پێکهاتەکەی رابگرێت ، ئەگەر هاتوو لەسەر بنەمای خواستی ئازادانەی گەلانی عێراق پەیڕەو بکرێت و هەموو ئەو کۆسپ و لەمپەرە یاسایی وسیاسیانەی کە دێنە بەردەمی هەڵبگیرێت، فیدراڵیەت وەکو شێوازێکی سیستەمی فەرمان ڕەوایی لە عێراق مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حسێن، وە فیدراڵیەت وەکو پرۆژەیەکی سیاسی بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان وعێراق بنچینەی دەستوریی لەچوارچێوەی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی ساڵی ٢٠٠٤ و دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ نەخشە ڕێژکراوە.

### گرنگی وبایەخی توێژینەوەکە :

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە شیکاری و لێکۆڵینەوە لەبابەتێکی سەردەمیانە دەکات، کە دۆخی ئێستای عێراق و هەرێمی کوردستانی پێدا تێپەردەبێت، بە جۆرێك کەسیستەمی فەرمانڕەواییەکەی ناسەقامگیرە و ئاریشەی دەستوری و یاسایی وسیاسی زۆری لێکەوتۆتەوە. وئامانجی توێژینەوەکەش خۆی لە دۆزینەوەی کۆمەڵێك دەرچەی یاسایی دادەبینێتەوە بۆ چارەسەری ئەو کەلێن و کەم کورتیانەی کە لە سیستەمی فیدراڵی عێراقی دا هەیە.

## میتۆدی توێژینەوەکە :

سروشتی توێژینەوەکە وائەخوازێت کە پشتبەهەردوو میتۆدی شیکاری وشرۆڤەکاری ببەسترێت بۆ لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی لایەنە جیاوازەکانی توێژینەوەکە وپاشان بە چاوێکی ڕەخنەییانەوە بەدیدێکی واقیعیانە باری ڕاستەقینەی سیستەمی فیدراڵیەکەی دەخەینە ڕوو.

## پلانی توێژینەوەکە :

توێژینەوەکە دابەشکراوەبەسەر دوو باس دا، باسی یەکەم تایبەتە بە فیدراڵیەت وکوردستانی عێراق، بۆ دەستپێکی ئەم باسەش تەوەرەی یەکەم تایبەت کراوە بۆ ناساندن و خستنەڕووی مێژووی فیدراڵیزم، و لە تەوەرەی دووەمدا پێگەی هەرێمی کوردستان لە دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ ومافی گەلی کورد لە دیاریکردنی چارەنووسدا دەخەینەڕوو، وە لەباسی دووەمدا هەڵسەنگاندنێکی یاسایی و بابەتیانە بۆ سیستەمی فیدراڵی لەخۆ دەگرێت و لەدووتوێی تەوەرەی یەکەمدا چوارچێوەی یاسایی فیدراڵی لە عێراقدا دەخرێتە ڕوو، وەلە تەوەرەی دووەمدا دیدی واقیعانەی فیدراڵی لە عێراقدا دەخرێتەڕوو.

هەواڵنامەی کتێب

## باسی یەکەم

## فیدراڵیەت و کوردستانی عێراق

### تەوەرەی یەکەم : کورتەیەك دەربارەی چەمك و دەرکەوتەی مێژوویی فیدراڵی.

فیدراڵیەت وەکو شێوەیەك لە شێوەکانی دەوڵەت و سیستەمی فەرمانڕەوایی لە وڵاتدا لەسەردەمی ئەمڕۆدا، گەلان و وڵاتانی جیهان خواستیان بۆ جێبەجێکردنی دەچێت و زۆرێك لەدەوڵەتە دیموکراتیەکان کە خاوەنی ڕووبەرێکی بەرفراوان ودانیشتوانێکی زۆرن پەنایان بۆ جێبەجێکردنی بردووە لەبەڕێوەبردنی دەوڵەتەکانیان دا. [(١)]

بیرۆکەی تیۆری فیدراڵی وەکو بنەمایەکی بەڕێوەبردنی وڵات لە ڕێگای یەکگرتنی کۆمەڵێك ناوچەوە مێژوویەکی دێرینی هەیەوشارەزایان دەیگێڕنەوە بۆ (٣٢٠٠)ساڵ پێش ئێستا، کاتێك کە لەنێوان خێڵ و هۆزەکانی ئیسرائیلدا بیرۆکەی فیدراڵی پەیڕەو کراوە [(٢)]، وە لەسەردەمی یۆنانی کۆنیشدا دەوڵەت لەسەر بنەمای فیدراڵی بەڕێوەبراوە، کۆمارەیۆنانیەکان هاوپەیمانێتیەکیان پێکهێناوە لە ژێر سەرپەرشتی ئەنجومەنی ئەمفکتیۆنین، کە هەریەکە لە پێکهاتەکانی ئەو هاوپەیمانێتیە خاوەنی تایبەتمەندی خودی وسەروەری هەرێمایەتی خۆی بووە. [(٣)]

---

[(١)] نزیکەی (٢٨) دەوڵەتی جیهان کە دانیشتوانەکانیان نزیکەی لە ٤٠٪ کۆی گشتی دانیشتوانی جیهان پێکدەهێنێت پەیڕەوی سیستەمی فیدراڵی دەکەن کەئەوانیش بریتیە لە (ئەرجەنتین، ئوسترالیا، نەمسا، بالاو، بەلجیکا،بۆسنەو هەرسك، بەرازیل، کەندا، دوورگەکانی قەمەر،کۆماری کۆنگۆی دیموکرات، ئەسیبویا، ئەڵمانیا، هند، عێراق، مالیزیا، مەکسیك، میکرۆنیسیا، نەیجیریا، پاکستان، ڕووسیا، سانت کیتس و نیفس، ئەفەریقای باشوور، ئیسپانیا، سودان، سویسرا، میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەبی، ئەمریکا، فەنزویلا) ، بڕوانە: جورج أندرسون،مقدمة عن الفدرالية،منتدى الاتحادات الفدرالية (منتدى الأنظمة الفدرالية الناشر) ، ٢٠٠٧، ص١.

[(٢)] ڕۆناڵد ل. واتس،سیستە مەفیدراڵیەکان، یانەی فیدراسیۆنەکان، تۆڕی جیهانی لەسەر فیدالیزم، ئۆتاوا،ل١٦.

[(٣)] أريان محمد علي،الدستور الفدرالي، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية ، ٢٠٠٩ ،ص١٥.

لەسەدەکانی ناوەندیش دا لە کۆمەڵێك ناوچەی هەرێمی ئەوروپی دا کۆمەڵە هاوپەیمانێتیەك لەنێوان چەند ناوچە و هەرێمێکدا دروستبوو بەمەبەستی بازرگانی کردن و بەرگریکردن لە یەکتری، ئەوەبوو لەساڵی (١٢٩١) کۆنفیدراڵیەتێك لە سویسرا دروستبوو لەنێوان سێ هەرێم دا، پەیماننامەیەکیان بەست کە بەشێوەی هاوپەیمانی دژی هەردەست درێژەیەك بوەستنەوە کە لەلایەن نەمسا وئەڵمانیاوە دەکرێتە سەریان، لەساڵی (١٦٤٨) وڵاتانی ئەوروپی بە گوێرەی پەیماننامەی وئستڤالیا دانیان بەسەربەخۆیی ئەو هەرێمانەدا نا کە دەکەوتنە چوارچێوەی کۆنفیدراڵیەتی سویسرییەوە .[(١)]

لە مێژووی سەردەمی نوێشدا گەشەی فیدراڵی وابەستەیە بەگەشەی دروستبوونی دەوڵەت و چەسپاندنی دەزگاکانی لە دەستوری دەوڵەتدا، لەم بارەیەوە دەکرێت بڵێین کە فیدراڵیەتی دەوڵەتی ئەمریکی لەساڵی (١٧٨٧) بەیەکەمین ئەزموونی فیدراڵی سەردەمیانە دادەنرێت کە لە چوارچێوەی دەستورێکی نووسراودا رێکەوتنی لەسەر کراوە. [(٢)] دواتریش کۆنفیدالیەتی سویسری گۆڕا بۆ فیدراڵیەت لەساڵی (١٨٤٨) دا وە سویسرابووە دووەمین ئەزمونی فیدراڵی لە جیهاندا، لەبەر ئەوەی فیدراڵیەت دەبێتە هۆکارێك بۆ بەهێزکردنی پایەکانی دیموکراتیەت لە وڵاتدا و کردنەوەی دەرگاو ئاسۆیەکی فراوانتر بۆ بەشداریکردن لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و ناوەندا، هەر بۆیە زۆرێك لە وڵاتانی جیهان بەرەو جێبەجێکردنی ئەم سیستەمە رێچکەیان گرت، کەندا لەساڵی (١٨٦٧) بووە سێیەمین ئەزموونی فیدراڵی و لەساڵی (١٨٧١) دا فیدراڵیەتی باکوری ئەڵمانیا فراوانی بەخۆیەوە بینی و هەرێمەکانی ئەڵمانیای باشووریشی گرتەوە ولەساڵی (١٩٠١) ئوستراڵیاش وەکو دەوڵەتێکی فیدراڵی خۆی ناساند، ولەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا کۆمەڵێك ئەزموونی فیدراڵی لە وڵاتانی ئەمریکای لاتینی دروستبوو، وەکو لاسایی کردنەوەی مۆدیلی فیدراڵیەتی ئەمریکی. ([(٣)] لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە تاوەکو ئێستا کۆمەڵێك ئەزموونی دیکەی فیدراڵی سەریان هەڵداوە [(٤)] فیدراڵیەتی دەوڵەتی عێراقە لەساڵی (٢٠٠٤) کۆتا ئەزموونیانە.

هەر ئەزموونێکی فیدراڵی خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە بە گوێرەی ئەو قۆناغە مێژوویە کە تێدا دروست بووە یان ئەوەتا بە ئامانجی کۆکردنەوەی کۆمەڵەدەوڵەتانێکی سەربەخۆلە یەکتر دروست دەبێت، کە ئامانج و بەرژەوەندی هاوبەش لەنێوایاندا هەیە یاخود بەئامانجی ڕاگرتنی هاوسەنگی ئەو پێکهاتە جیاوازانە دروست دەبێت، کە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی ساکاردا کۆبوونەتەوە وبەهۆی هەندێ فشار و داخوازییەوە دەیانەوێت ببنە دەوڵەتی فیدراڵی، هەر بۆیە هەر سیستەمێکی فیدڕاڵی بە گوێرەی ئەو پێکهاتە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەی کە هەیەتی و پاشان بە گوێرەی رێکخستنە دەستوریەکەی جیاواز و جۆراوجۆرن فیدڕاڵاەتیواهەیە کە ڕووبەرو پانتایەکی بەرفراوانی هەیەولە چەند هەرێمێکی زۆر پێك دێت وە فیدڕاڵیەتی واهەن لە ڕووبەرێکی بەرتەسك و چەند هەرێمێکی کەم پێك دێت، هەروەها هەندێك فیدڕاڵیەت هەن لەسەر بنەمای مەرکەزیەتێکی توند دامەزراوە وکەمتر باوەڕی

---

(١) د.شۆرش حسن عمر، خصائص النظام الفدرالي في العراق، مرکز کردستان للدراسات الاستراتیجیة، السلیمانیة، ٢٠٠٩، ص١٨

(٢) د.محمد مجذوب، القانون الدستوري و النظام السیاسي في لبنان، مشنورات الحلبي الحقوقیة، بیروت، ٢٠٠٢، ص١٧٧.

(٣) ڕونالد، ل.واتس، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧.

4 هەندێ لەو ئەزموونی فیدراڵیانە چوونەتە قۆناغی سەقامگیری و کامل بوونەوە، هەندێکی دیکەیان کۆتاییان پێ هاتووەو سەرکوتوونەبوون و هەندێکی دیکەیان تەواو نەچەسپیوە و گیرۆدەی کۆمەڵێك گرفت و ئاستەنگی یاسایی بۆتەوەو ترسی لەناچوون هەڵوەشاندنەوەی لێدەکرێت، فیدراڵیەتی عێراقیش یەکێکە لەو ئەزموونانەی، کە تەواو نەچەسپیوە و جێگیر نەبووە، ئەگەری بەردەوامبوونی کێشەو گرفتەکانی چارەنووسی بەرەو ئاکامێکی خراپ دەبات.

بەدابەشکردنی دەسەڵاتەکانە لە نێوان ناوەندوهەرێم پێکهاتەکانیدا، هەندێکی تر بە پێچەوانەوە لەسەر بنەمای لامەرکەزیەتی تەواوەتی دامەزراوە و باوەڕی تەواوەتی بە دابەشکردنی دەسەڵاتە، فیدراڵیەت هەیە بە تەواوی سەقامگیربووە وە هەندێ فیدراڵیەت هەن کە ناجێگیرن و بەتەواوی نەچەسپیوون. [١] هەر بۆیە دەکرێت بڵێین، کە دروسبوونی دەوڵەتی فیدراڵی بەشێوەیەکی گشتی خۆی لە دوو ڕێگادا دەبینێتەوە:

یەکەم : لەڕێگەی دابەشبوونی دەوڵەتێکی ساکارەوە دروست دەبێت کە ناودەبرێت بە فیدراڵی لەڕێگەی هەڵوەشاندنەوە.

دووەم : لەڕێگەی یەکگرتن و پێکەوە لکاندنی چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆوەوە دروست دەبێت، کە بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە دەوڵەتێکی تێکەڵی فیدراڵی دروست دەکەن، کە بەم جۆرەیان دەوترێت فیدراڵیەت بەڕێگای یەکگرتن. [٢]

سەرەڕای ئەوەی کەهۆکاروڕێگاکانی دروستبوونی دەوڵەتی فیدراڵی لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر جیاوازە، بەڵام مەبەست لە دروستکردنی دەوڵەتی فیدراڵ گونجاندێکە لەنێوان دوو بیرۆکەی جیاوازدا کە ئەمانەن:

یەکەم: بیرۆکەی هاوبەش و بەشداریکردن، کەمەبەست لێی ئەوەیە پێکهاتەکانی ناو دەوڵەتی فیدراڵی بەشێوەی ئارەزوومەندانە هاوبەشی لەدروستکردنی دەوڵەتی فیدراڵدا بکەن.

دووەم :بیرۆکەی پارێزگارکردن لە سەربەخۆیی و تایبەتمەندێتی، بەو واتایەی هەر بەش و پێکهاتەیەك بەتەواوی سەربەخۆیی خۆی لەدەست نادات و لەسەر ئاستی هەرێمایەتی سەروەری خۆی دەپارێزێت. [٣]

هەربۆیە ئەم فرە چەشنەیەی فیدراڵی وای کردووە، کە نەتوانرێت بەشێوەیەکی ڕوون پێناسەیەکی یەکانگیری بۆ بکرێت، فیدراڵیەتیش وەکو شێوەیەك لە شێوەکانی دەوڵەت دەچێتە چوارچێوەی پۆلێنی جۆری ئەو دەوڵەتانەی کە بە دەوڵەتانی ئاوێتە ناودەبرێت جیاوازە لە جۆری ئەو دەوڵەتانەی کە سادەو ساکارن، هەر بۆیە یاساناسان چەند دیدێکی جیاوازیان هەیە بۆ پێناساندنی چەمکی فیدراڵی، کە لێرەدا بە گوێرەی پێویست هەندێکیان دەخەینە ڕوو [٤] :

(مارسیلیوبریلو) پێناسەی فیدراڵی دەکات بەوەی، کە:" بریتییەلە یەکگرتنی کۆمەڵە دەوڵەتانێك کە ملکەچ دەبن بۆیەك دەسەڵاتی مەرکەزی کە ئەویش دەسەڵاتی فیدراڵە، شان بەشانی ئەوەی بەشێوەیەکی بەشەکی سەربەخۆیی خودی دەستوری وکارگێڕی و دادگەری بەرفراوان بۆ دەوڵەتۆچکە ئەندامەکانی پارێزراو دەبێت. [٥]

(ئەندریە هۆریۆ) پێیوایەکە فیدراڵی:"بریتیەلەهاوبەشی کۆمەڵەدەوڵەتانێك کە لەنێوانیاندا کۆمەڵە پەیوەندیەکی یاسایی نێوخۆی هەیە، بە گوێرەی دەستور دەوڵەتێك دروست دەبێت کە دەکەوێتە سەرووی هەموو دەوڵەتە

---

(١) جۆرج أندرسون، سەرچاوەی پێشوو، ل٢.

[٢] د.محمد علي آل ياسين، القانون الدستوري (المبادىء الدستورية العامة) ، المكتبة الحديثة للطباعة و النشر، الطبعة الاولى ، بيروت، ٢٠٦.

[٣] أزهار عبدالكريم الشيخلي، اللامركزية السياسية والهيئات الاتحادية، مجلة الاوراق العراقية، مركز الفجر للدراسات و البحوث العراقية، بغداد، العدد (١٤) ، ايلول ٢٠٠٥، ص٢٠.

[4] وشەی فیدراڵی لە بنەرەتدا، وشەیەکی لاتینیە و لە وشەی (f eodus) سەرچاوەی گرتووە کە بەمانای یەکگرتن و پەیمان دێت، بڕوانە: (د.محمد عبدالمعز نصر، في النظريات والنظم السياسية، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٧٣، ص٤٧٣.

[٥] د.عصام سليمان، الفدرالية والمجتمعات التعددية في لبنان، دار العلم للملايين، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٩١، ص٤١.

هاوبەشەکان و باڵایی دەبێت بەسەریاندا. [(١)] هەروەها لەدیدی (لاری دایمۆند) ەوە، فیدراڵیەت :" بریتیە لە شێوە ڕێکخستنێکی سیاسی کە تیایدا دەسەڵات وچالاکییەکان دابەش دەکرێت لەنێوان حکومەتی ناوەند و حکومەتە نێوخۆییەکان بەجۆرێك کە هەریەکێك لەو شێوە حکومەتانە دەتوانێت کاروباری خۆی پراکتیزەبکات لە چوارچێوەی سنوری پسپۆڕێتی و تایبەتمەندێتی خۆی دا. [(٢)] و (ڕۆناڵدل، واتس) پێی وایە، کە فیدراڵی لەسەر بنەمای بەهاو ڕاستی گریمانەکراوی پێکدێت ، کە دەتوانرێت یەکێتی و فرەچەشنەیی تێدا ئاوێتە بکرێت بە جۆرێك، کەهەموو شوناسە جیاوازەکان لەخۆبگرێت و پارێزگاری لە تایبەتمەندێتیان بکات لە چوارچێوەی یەکگرتنێکی سیاسی بەرفراواندا. [(٣)] وە (جۆرج ئەندرسۆن) چەمکی فیدراڵی گرێ دەدات بە دیموکراتیەت و پێی وایە کە فیدراڵی وێنەیەکی دیموکراتییە، لەشێوازەکانی فەرمان ڕەواییدا پەیرەو دەکرێت کەلەسەر بنەمای دەستور و سەروەری یاسا بنیاتدەنرێت. [(٤)] و بیروبۆچوونی (د. محەمەد هەماوەندی) ، فیدراڵی :" بریتیەلە کۆمەڵە پێکهاتەیەکی دەستوری جۆراوجۆر لە چوارچێوەی یەك دەوڵەت دا، کە هەر یەکێکیان پەیڕەوێکی یاسایی نێوخۆیوسەربەخۆیی و تایبەتمەندێتی تایبەتی خۆی هەیە ولە کۆی گشتی دا هەموویان لەسەر بنەمای دەستورێك بنیات دەنرێن کە پەیکەرێتی یاسایی وسیاسیان ڕێك دەخات و ملکەچی دەبن بۆی، وە پێی وایە کە فیدراڵی بریتیە لە سیسەمێکی دەستوری و ڕامیاری ئاوێتە. [(٥)]

(د. شۆرش حسن عمر) پێناسەی چەمکی فیدراڵی دەکات بەوەی کە:"بریتیەیەلە یەکگرتنێکی دەستوری نێوان کۆمەڵە دەوڵەتانێك یاخود کۆمەڵە هەرێمێك کەلەسەر بنەمای یەکێتی دەوڵەت و دابەشکردنی دەسەڵات و پسپۆرییەکان بنیات دەنرێت بە گوێرەی دەستورێکی دیاریکراو. [(٦)]

لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێناسانەئاماژە بە کۆمەڵێك تایبەتمەندی دەکەین کەسیستەمی فیدراڵی پێ دەناسرێتەوە:

١-فیدراڵی وەك شێوەیەکی سیستەمی فەرمانڕەوایی زیاتر لەوکۆمەڵگایانەدا بەسەرکەوتووی جێبەجێبکرێت، کەباوەڕی تەواوییان بە دیموکراتیەت هەیە، چونکە فیدراڵیەت خۆی لەناوەرۆکدا لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵاتەکان وڕێزگرتنی شوناسە جیاوازەکان وپارێزگاری کردن لە تایبەتمەندی پێك هاتە جیاوازەکان دادەمەزرێت. [(٧)]

٢- فیدراڵیەت دەبێت لەسەر بنەمای خواستی ئارەزوومەندانە دابمەزرێت نەك بە زۆر و لەژێر فشاری ناچاری دا، وفیدراڵیەت لەناوەرۆکدا دەبێت لەسەر بنەمای ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان دوو ئاراستە و بیرۆکەی جیاوازدا دابمەزرێت،

---

(١) اندرية هوريو، القانون الدستوري و المؤسسات السياسية، ترجمة:علي مقلد وآخرون، دار الأهلية للنشر و التوزيع، بيروت، ١٩٧٧، ص١٥٢.

(٢) لاری دايموند، الديموقراطية، تطويرها و سبل تعزيزها، ترجمة :فوزية ناجي جاسم، دار المأمون للترجمة والنشر، بغداد، ٢٠٠٥، ص٨٢.

(٣) رونالد ل. واتس، سەرضاوةى ثيشوو، ل٩.

(٤) جورج أندرسون، سەرضاوةى ثيشوو، ل٩.

(٥) د.محمد هماوند، الفدرالية والحكم الذاتي و اللامركزية الادارية و الاقليمية، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، الطبعة الثانية، أربيل، ٢٠٠١، ص١٨٢.

(٦) د.شۆرش حسن عمر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.

(٧) لاری دايموند ، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٢.

هەواڵنامەی کتێب

ئاراستەی یەکەم بریتیە لە بیرۆکەی یەکگرتن و پاراستنی یەك پارچەیی دەوڵەت ، ئاراستەی دووەم بریتیە لە بیرۆکەی جیاخوازی و پارێزگاریکردن لەسەربەخۆیی تایبەتمەندێتی، واتە فیدراڵی دەبێت کەشێکی گونجاو دروست بکات لەنێوان یەکگرتن و تواندنەوەی تەواوەتی وە سەربەخۆیی وجیابوونەوەی تەواوەتی دا، بەجۆرێك کە ڕاگرتنی هاوسەنگییەکە گەرەنتی دروستبوون و بەردەوامی بە فیدراڵیە کە دەدات بەپێچەوانەشەوە هەر پارسەنگیەك لەم هاوکێشەیەدا دەبێتە گرفت و ئاسۆی سیستەمی فیدراڵیە کە بەرەو لەناوچوون دەبات. [(١)]

٣- فیدراڵیەت زیاتر لە چوارچێوەی ئەوکۆمەڵگایانەدا پەیڕەو دەکرێت کە ناسراون بە فرەیی لە ڕووی ڕەگەزی و نەتەوەیی وئاینی و مەزهەبی و کۆمەڵایەتی، وە پەنابردنبۆ بژاردەی فیدراڵیش لەم کۆمەڵگایانەدا وەکو شێوازێکی یاسایی نێوخۆی دەچێتە چوارچێوەی پراکتیزەکردنی ماف گەلان لەدیاریکردنی چارەنووس دا، کە هەر کۆمەڵەیەك دەتوانێت تایبەتمەندێتی و سەروەری خۆی بپارێزێت. [(٢)]

٤-بوونی دوو ئاستی جیاواز لەدەسەڵات و فەرمانڕەوایەتی لە دەوڵەتی فیدراڵدا، یەکەمیان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەسەر هەموو هاوڵاتیاندا جێ بەجێدەکرێت کە حکومەتی فیدراڵی لەناوەند نوێنەرایەتی دەکات و خۆی لە دەسەڵاتەگشتیەکانی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادگەری فیدراڵدا دەبینێتەوە، دووەمیان دەسەڵاتی حکومەتە هەرێمیەکانە کە لەچوارچێوەی هەرێمایەتی دا بەسەر هاوڵاتیان دا جێبەجێدەکرێت و ئاستێکی نزمتری هەیە لەدەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی، خۆی لە دەسەڵاتە گشتییەکانی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادگەری هەرێمایەتی دا دەبینێتەوە، وە چۆنێتی دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان ئەم دوو ئاستەجیاوازەی دەسەڵاتدا بە گوێرەی دەستوری وڵاتان دەگۆڕێت. [(٣)]

٥- دەوڵەتی فیدراڵ یەکگرتنێکی دەستوریە لەئەنجامی دەستورێکی نوسراوە بنیاتدەنرێت و بەدوای خۆیدا فرەیی دەستوری بەدوادا دێت، دەستوری دەوڵەتی فیدراڵی دەکەوێتە لوتکەی یاساکانەوە و لە دوای ئەویش هەر هەرێمێك دەستوری تایبەت بە خۆیان هەیە، کە پێویستە لە ناوەڕۆکدا لەگەڵ دەستوری فیدراڵی دا، کۆك بن و ملکەچی دەستەڵاتەباڵاکانی دەوڵەتی فیدراڵ بن. [(٤)]

دەکرێت لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین ئەگەر بێتو سیستەمی فیدراڵی بە گوێرەی ئەو تایبەتمەندی یانەی کە باسمان کرد وەکو خۆی جێبەجێبکرێت گرنگی زۆری هەیە، چونکە دەبێتە ئامرازێك کە چوارچێوەیەکی یاسایی گونجاو بۆ سیستەمی سیاسی وڵات دابڕێژرێت کەلەسەر ئاستی ناوچەیی و هەرێمایەتی بەشێوەیەکی بەرفراوان دەستەبەری لامەرکەزی لەبەڕێوەبردن دەکات و دەبێتە گەرەنتی پارێزگاری کردن لەسەروەری وتایبەتمەندی پێکهاتە جیاوازەکانی وچارەسەرێکیشە بۆ ئەو کێشانەی کە دەوڵەتە فرەییەکان پێوەی دەناڵێن، وە لەلایەکی تریشەوە دەبێتە ئامرازێك کە

---

(١) لطيف مصطفى أمين، الفدرالية و آفاق نجاحها في العراق، مطبعة سردم، الطبعة الاولى، السليمانية، ٢٠٠٧، ص١٦.

(٢) كارزان عزت حسن، الاساس القانوني الدولي لحق الشعب الكوردي في تقرير المصير (كوردستان العراق نموذجاً) ــ رسالة ماجستير، جامعة السليمانية، كلية القانون، ٢٠٠٧، ص٧٤. و آرنت لبيهارت ، الديمقراطية التوافقية في مجتمع متعدد، ت:حسني زينة، معهد الدراسات الاستراتيجية، الطبعة الاولى ، بغداد، ٢٠٠٦، ص٣٥.

(٣) د.خالد عليوي العرداوي، توزيع الاختصاصات و المسؤوليات في النظم الفدرالية و الواقع الدستوري العراقي، بحث منشور على الموقع الكتروني،www.fcdrs.com. و شۆڕش حسن عمر، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠.

(٤) عصام سليمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠.

پارێزگاری لە یەکێتی دەوڵەت بکات و ببێتە رێگرێك لە بەردەم کەرتبوونی دەوڵەت دا، ئەگەر هاتوو بەشێوەیەکی یەکسان دەستەبەری ماف بۆهەموو پێکهاتەکان بکات و هەلی گونجاویش برەخسێنێت بۆ نوێنەرایەتی سەرجەم پێکهاتەکان بەزۆرینەی و کەمینەوە لەسەر ئاستی ناوەندی و هەرێمایەتی دا.

لێرەدا دەکرێت بڵێین ئەزموونی پێشکەوتووی دەوڵەتانی فیدراڵ ئەوە دەسەلمێنن، کە کۆمەڵێك فاکتەر هەن رۆڵیان هەیە لەسەرکەوتنی سیستەمی فیدراڵی دا بەجۆرێك تا ئەو فاکتەرانە بەهێز بن زیاتر سیستەمە فیدراڵیەکە زیاتر چەسپاو دەبێت بەپێچەوانەشەوە بەلاواز بوون و نەمانی ئەو فاکتەرانەش سیستەمی فیدراڵیەکە بەرەو لاواز بوون و نەمان دەچێت، هەر بۆیە سەرکەوتنی ئەزموونی فیدراڵی پێویستی بەبوونی ئەو فاکتەرانە هەیە، کە دەکرێت لە سیستەمێکەوە بۆ یەکێکی تر تارادەیەك بگۆرێت بەلام بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت لەم خالانەدا بیان خەینەروو:

١-پێویستە فیدراڵی لەسەر بنەمای دەستورێکی نووسراو بنیات بنرێت و تیایدا پارێزگاری لەمافە بنەرەتیەکانی مرۆڤ بکرێت، وە مافی دەستوری بۆ هەموو پێکهاتەکانی ناو دەوڵەتی فیدراڵ فەراهەم بکات بە جۆرێك کە بەشێوەیەکی یەکسان هەلی بەشداریکردنیان بۆ برەخسێنێت لە ئۆرگانەکانی دەوڵەتی فیدراڵدا و مافی بەرێوەبردنی نێوخۆی بەشێوەیەکی تەواوەتی بەهەرێمەکان بسپێرێت وە چوارچێوەیەکی یاسایی روون دابرێژێت بۆچۆنێتی دابەشکردنی دەسەلاتەکان وپسپۆرییەکان لەنێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمەکاندا و پارێزگاری لە مافی حکومەتە نێوخۆییەکان بکات لەبەرامبەر دەستێوەردنی حکومەتی فیدراڵدا. [1]

٢-بوونی پایەکانی دیموکراتیەت زامنی مانەوەو پێشکەوتنی سیستەمی فیدراڵی یە، بەجۆرێك کە لە وڵاتانی پێشکەوتووی فیدراڵیدا بیری دیموکراسی رۆڵی هەبووە لە بەرجەستەکردنی سەروەری یاسا ومافی کەمینەکان وپارێزگاری کردن لە ماف وشوناسە جیاوازەکان، هەروەها چاودێریکردنی سەرجەم ئۆرگانی دەوڵەت بەوجۆرەی، کە لە خزمەتی سیستەمی فیدراڵدا بێت. [2]

٣-بوونی هاوسەنگی لەنێوان هەرێمەپێکهێنەرەکانی دەوڵەتی فیدراڵدا هۆکارێکی دیکەیە کە رۆڵی هەیە لە سەرکەوتنی سیستەمی فیدراڵی دا بەجۆرێك کە پێویستە لە رووی هێزەوە هەرێمەپێکهێنەرەکان لە ئاستێکی لێك نزیك بن، چونکە بە پێچەوانەوە بوونی پارسەنگییەکی زۆر لەنێوان هەرێمە پێکهێنەرەکان دەبێتە هۆی زاڵبوونی هەرێمە بەهێزەکان بەسەر هەرێمە لاوازەکان ودەست بەسەراگرتنی جومگەکانی دەوڵەتی فیدراڵ و ئاراستەکردنیان بەوشێوەیەی کەلەگەڵ بەرژەوەندی خۆیاندا بێت. [3]

٤-بە گوێرەی ئەزموونومێژووی سیستەمی فیدراڵی هەتا ژمارەی هەرێمەپێکهێنەرەکانی دەوڵەتی فیدراڵی زیاتر بێت ، ئەگەری سەرکەوتن و بەردەوامی زیاتردەبێت، چونکە تاوەکو هەرێمەپێکهێنەرەکان زیاتربن رێکەوتنی زۆرینە تێیدا کارێکی ئاسان نابێت، هەرچەندە ژمارەیەکی دیاریکراو نیە کە مەرج بێت بۆ دروستبوونی دەوڵەتی فیدراڵ بەلام ئەزموونی ئەو دەوڵەتانەی کە لە هەرێمێکی زۆر پێکهاتوون نموونەی سەرکەوتووی فیدراڵین وەکویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کەلە (٥٠) هەرێم پێکهاتووە، فیدراڵیەتی بەرازیل کەلە (٢٢) کانتۆن پێکهاتووە، فیدراڵیەتی

[1] لاری دیاموند، سەرچاوەی پێشوو، ل (٩٠- ٩٢) .

[2] جۆرج أندرسون، سەرچاوەی پێشوو، ل١١.

[3] لطيف مصطفى أمين، سەرچاوەی پێشوو، ل (٩٣- ٩٤) .

هەواڵنامەی کتێب

ئەرجەنتین کەلە (٢١) ناوچە پێکهاتووە، وەکەمترین ژمارەی ئەزموونی سەرکەوتووی فیدراڵی فیدراڵیەتی ئوسترالیا ومیرنشینە یەککگرتووەکانی عەرەبی کە لە (٦) هەرێم خۆی دەبینێتەوە، وبەپێچەوانەشەوە ئەزموونی ئەو فیدراڵییەتیانەی کە دوو یان سێ هەرێم پێکهاتوون توانای گەشەکردن و مانەوەیان کەمتر بووە، یان ئەوەتا لە بارێکی ناجێگیر و پڕ کێشەدان یان بەرەو لەناوچوون چووە، لە نموونەی فیدراڵیەتی چیکۆسلۆڤاکی کەتەنها لە دوو هەرێم پێکهاتبوو ساڵی (١٩٩٣) هەڵوەشایەوە بۆ هەردوو دەوڵەتی چیك وسلۆڤاکیا، وەفیدراڵیەتی ئەسیوبی –ئەریتری کەلەدوو هەرێم پێکهاتبوو ئەویش بەهەمان شێوە ساڵی (١٩٩٣) هەڵوەشایەوە بۆهەردوو دەوڵەتی ئەسیوبی و ئەریتری، وە فیدراڵیەتی بەلجیکا کەلە سێ هەرێم پێکهاتووە لە ئێستادا لە بارێکی ناجێگیردایە [1] .

فیدراڵیەتی عێراق کە تەنها لە هەرێمێکی فیدراڵی پێکهاتووە دەکەوێتە چوارچێوەی کاری توێژینەوەکەمان ، یەکێکەلەو ئەزموونانەی فیدراڵی کەلە قۆناغیکی ناسەقامگیر وپڕکێشەدایەو لە باسی دووەمی توێژینەوەکەمان تیشکی دەخەینە سەرو بەشێوەیەکی زانستیانە لێکدانەوەی بۆ دەکەین و سەرجەم لایەنەکانی شەن و کەو دەکەین.

## تەوەرەی دووەم

## پێگەی هەرێمی کوردستان لە دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا و مافی گەلی کورد لە دیاریکردنی چارەنووسیدا

بابەتی ماف گەلان لە دیاریکردنی چارەنووسدا یەکێکە لەو بابەتانە کە جێگای گرنگی پێدانی بیرمەندانی یاسایە وە لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی گشتی و یاسای دەستوریشدا بایەخی خۆی هەیە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەم مافە لەسەرەتای دروستبوونیەوە تاوەکو ئێستا لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو وسەقامگیردا خۆی نەگرتووە، بەڵکو بەبەردەوامی بەگوێرەی ڕەوتی پێشکەوتنی یاسای نێودەوڵەتی وگۆڕانی هاوکێشەی سیاسی هێزە جیهانیەکان گۆڕانی بەسەرداهاتووە، هەر بۆیە مافی ئەو گەل و نەتەوانەی کە خاوەنی دەوڵەت وکیانی سەربەخۆی خۆیان نین جێگای مشتومڕی جیاوازبووە، بەجۆرێك کە لە زۆربادا هەوڵ دراوە، کە چوارچێوەی ئەم مافە بە جۆرێك دیاریبکرێت کە زیان بە سەربەخۆیی و یەکێتی وئەو وڵاتانە نەگەیەنێت کە لە چوارچێوەیدا دەژین.

بەڵام لە دوای دروستبوونی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و لەسەردەمی ئێستادا بەهۆی ئەو پێشکەوتنانەی کە بەسەر ئەم مافەدا هاتووەو لە دەرئەنجامی پراکتیزەکردنی ڕاستەقینەی ئەم مافە دەرکەوتووە کە سەرجەم گەلان و نەتەوەکانی جیهان بەکەسانی پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین دادەنرێن وئەم پرنسیپە لە پرنسیپێکی سیاسیەوە گۆڕاوە بۆ پرنسیپێکی یاسایی و بنەمایەکی نێودەوڵەتی بۆ دروستبووە کە سەرجەم گەلان و نەتەوەکان دەتوانن پشتی پێ ببەستن لەدیاریکردنی چارەنووسی یاسای و سیاسی خۆیان دا لەسەرهەردوو ئاستی نیودەوڵەتی و ناوخۆیشدا. [2]

گومانی تێدانیە کە سەرجەم گەلان و نەتەوەکانی جیهان بە درێژایی قۆناغەکانی مێژوو وە بەگوێرەی ڕەوتی گۆرانکاریەکان گۆڕانکاری بەسەر باری یاسایی و سیاسیاندا هاتووە وگۆڕانی هاوکێشەی هێزەکان لە هەندێ باردا بەقازانجی لایەنێك و لە هەندێ باری تردا بەزیانی لایەنێکی تر شکاوەتەوە.

---

[1] لطیف مصطفی امین، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٥–٩٦، جۆرج ئەندرسون ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤–١٥.

[2] کارزان عزت حسن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩.

ئاشکرایە کە کوردیش وەکو هەموونەتەوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست خاوەنی نیشتمان وجوگرافیای یەکگرتووی خۆیەتی، بەڵام بەهۆی گرنگی و هەڵکەوتەی جوگراف نیشتیمانەکەی بەردەوام بۆتە گۆرەپانێک کە دەوڵەتانی زلهێز و داگیرکەر مەرامی داگیرکەرانەی خۆیانیان پێ هێناوەتەدی و خەونی نەتەوەیی کوردیان لەسەربەخۆیی وبەدیهێنانی مافی چارەنووس گۆڕیوە بۆ دابەشکردن و پارچەپارچەکردنی بەسەر چەند دەوڵەتێکی جیاوازدا، دوابەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم و گۆڕانی نەخشە و هاوکێشەی سیاسی وڵاتانی جیهان بەهۆی کۆمەڵێك فاکتەری نێودەوڵەتی و نێوخۆیی شوێنەواری ئەم جەنگە بەشێوەیەکی نەرێنیانە بەسەر نەتەوەی کوردا شکایەوە [(١)] ، کوردستان بەسەرچەند دەوڵەتێکی بێگانەدا دابەشکراو کوردستانی باشووریش بە گوێرەی بەرکەوتەی ئەو دابەشکردنە لێکێندرا بە دەوڵەتی عێراقەوە، وئەوەی شایەنی باسکردن بێت ئەوەیە، کە سەرجەم ئەو ناوچانەی کە دەوڵەتی ئێستای عێراقی لێ دروستکراوە پێشتر لە سێ هەرێمی جیاواز و سەربەخۆ پێکهاتبوون، کە ئەوانیش هەرێمەکانی (موسڵ و بەغداد و بەسرە) بوون، کە پێشتر لە ژێر سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دابوون، هەر هەرێمێك بەجیا خاوەنی کارگێڕی وحاکمی تایبەتی خۆی هەبووە. [(٢)] گەلی کوردیش لەکوردستانی باشور کە زۆرینەی بەش و پێکهاتەی هەرێمی ولایەتی موسڵ پێکدەهێنالەسەرەتادا لە دەرەوەی چوارچێوەی دەوڵەتی عەرەبی عێراقی پێشنیارکراودابوو، کە لە هەردوو ولایەتی بەغدا و بەسرە پێکهاتبووە چارەنووسی ولایەتی موسڵ بە گوێرەی مادەی (٦٤) لە ڕێکەوتن نامەی سێڤەر بەشێوەیەکی هەڵپەسێراوی مابوویەوە چونکە بە گوێرەی ئەو مادەیە لە ماوەی ساڵێکدا لەدوای جێ بەجێکردنی ڕێکەوتنامەکەوە مافی ئەوەی درابوو بە گەلی کورد کە داوای سەربەخۆیی بکەن ئەگەر خۆیان خواستیان هەبوو [(٣)] ، وە لەپێش دامەزراندنی دەوڵەتی ئێستای عێراقیشەوە کوردستانی باشوور سەربەخۆی خۆی هەبووەو جیاوازبووە لە هەردوو ولایەتی بەغداو بەسرە، شێخ محمودی حەفید لە نێوان ساڵانی ١٩١٨– ١٩٢٤ سێ جار حکومەتی سەربەخۆیی لەم ناوچەیەدا دامەزراندووە. [(٤)] وە لەدوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و لکاندنی باشوری کوردستان پێیەوە، هەرلەسەرەتاوە ئەم دەوڵەتە تازەیە ڕووبەڕووی کێشەی زۆربویەوە لەبەر ئەوەی لە ڕووی سروشتی پێکهاتەوە لەچەند نەتەوەوئایین و مەزهەب تیرەکی کۆمەڵایەتی جیاواز پێکهاتبوون، کە هیچ هەستێکی نیشتمانی لەنێوانیاندا نەبوو، تاوەکو پێکهاتەیەکی سیاسی و کۆمەلایەتی یەکگرتوو دروست بکەن. [(٥)]

هەواڵنامەی کتێب

[1] ساڵی ١٩٢٣ بە گوێرەی ڕێکەوتنامەی لۆزان نەتەوەی کورد بەسەر چەند دەوڵەتێکدا دابەشکرا، وە لەدەرئەنجامی ئەو دابەشکردنەش نەتەوە کورد لە هەر یەکێك لەبەشەکانی نیشتمانەکەی خەسڵەت و تایبەتمەندێتی گەلێکی جیاوازی وەرگرتووە، گەلی کورد لە کوردستانی باکور جیاوازە لە گەلی تورك لەدەوڵەتی تورکیا، وگەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەلات جیاواز لەگەڵی فارس لە دەوڵەتی ئێران، گەلی کورد لە کوردستانی باشوور جیاوازە لەگەلی عەرەب لە دەوڵەتی عێراق ، گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژئاوا جیاوازە لەگەلی عەرەب لە دەوڵەتی سوریا.

[(٢)] د.حسین محمد عزیز، فیدراڵیزم و دەوڵەتی فیدڕاڵ، چاپخانەی سیما، چاپی سێیەم، سلێمانی، ٢٠٠٤ ، ل١٣.

(٣) شۆرش حسن عمرن، حقوق الشعب الكوردي في الدساتير العراقية، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٥، ص٢٣.

[(٤)] د.حسین محمد عزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤.

(٥) غسان العطية، العراق نشأة الدولة ١٩٠٨– ١٩٢١، ت: عطا عبدالوهاب، لندن، ١٩٩٨، ص١١١.

بۆیە ئەوەی کە پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێ بکەینەوەیە گرنگترین ئەوتایبەتمەندیانە بخەینەڕوو کە نەتەوەیی بوونی گەلی کورد لە کوردستانی باشوور [١] ، ئەسەلمێنێت وەکو گەلێکی جیاواز کە دەتوانێت بڕیار لەمافی چارەی خۆنووسینی خۆی بدات، وە گەلی کوردلە کوردستانی باشور وەکو بەشێك لە نەتەوەی کورد بە یەکێك لەو نەتەوە ڕەسەنانە دادەنرێت کەلەدێرزەمانەوە لە رۆژهەلآتی ناوەراست لە چوارچێوەی نیشتمانەکەی دا نیشتەجێ بووەو لەڕووی رەچەڵەکی نەتەوەییەوە بەیەکێك لەونەتەوانە دادەنرێت کە بە رەگەز ئارین، وەکو نەتەوەیەك خاوەنی مێژووی تایبەتی خۆیەتی و جیاوازە لە نەتەوەکانی دیکەی ناوچەکە. [٢]

ئەوەی شایەنی باسە کە بوونی زمانی تایبەتی بەناسنامەیەك دادەنرێت کە دەتوانرێت شوناسی گەلانی پێ جیابکرێتەوە لە ڕووی نەتەوەییەوە، وەهۆکارێکە کە دەتوانرێت ڕەگەزی نەتەوەیی گەلانی پێ دیاری بکرێت، گەلی کوردیشلە کوردستانی باشور خاوەنی زمانی تایبەتی خۆیەتی کە زمانی کوردییە و لە زۆرێك لە دەستورە نێوخۆییەکانی دەوڵەتی عێراقیش بەدەق ئاماژە بە زمانی کوردی کراوە وەکو زمانێکی سەربەخۆو فەرمی لە دەوڵەتی عێراقدا، کە ئەمەش داننانێکیاساییانەیە بە بوونی تایبەتمەندێتی نەتەوەیی گەلی کورد لە عێراقدا. [٣] وەگەلی کورد لە کوردستانی باشوور خاوەنی نیشتمان وسنوری جوگرافی تایبەتی خۆیەتی وە کە دەوترێت کوردستانی عێراق مەبەست لێی نیشتمانی گەلی کوردە، کە ئەمەش دەرخەری رەسانەیەتی و وابەستەبوونی گەلی کوردە بە نیشمانەکەی. [٤] وەلە چوارچێوەی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستانیشدا چوارچێوەی سنوری جوگرافی نیشتمانی کورد لە کوردستانی عێراق نەخشەکێشراوە بەو شێوەیەی کە لەمادەی (٢) برگەی یەکەم دا هاتووە کە:" کوردستان– عێراق قەوارەیەکی جوگرافی مێژووییە، پێکدێت لە پارێزگای دهۆك بەسنوری کارگێری ئێستایەوەی و لە پارێزگای کەرکوك و سلێمان و هەولێرو قەزاکانی ئاکرێ و شێخان و سنجار و تلکێف و قەرەقووش و ناحیەکانی زمار و بەعیشقەو ئاسکی کەڵەك لە پارێزگای نەینەوا و هەردوو قەزای خانەقین و مەندەلی لە پارێزگای دیالەو ئەمانەش بە سنوری کارگێری پێش ساڵی ١٩٦٨ یانەوە". [٥]

---

[1] زاراوەی کوردستانی باشوور وەك زاراوەیەکی یاسای و سیاسی بەگونجاوتر و شیاوتر دادەنرێت وەکو پێناسەیەك بۆ کوردستانی عێراق لە بری زاراوەی باشووری کوردستان ، لەبەر ئەوەی لە ڕووی سنوری جوگرافییەوە باشووری کوردستانی گەورە کۆمەڵێك ناوچە سنوری بەرفراوانتر لەخۆ دەگرێت کە هەندێکیان دەکەوێتە دەرەوەی سنوری کوردستانی عێراق .

(٢) د.عزیز الحاج، القضیة الکوردیة في العراق التأریخ و الافاق، المؤسسة العربیة للدراسات والنشر، الطبعة الاولی، ١٩٩٤، ص٦٤

[٣] لە هەندێ لە دەستورە عێراقیەکاندا بەدەقی ڕاستەوخۆ هاتووە کە زمانی کوردی زمانی فەرمیە شان بەشانی زمانی عەرەبی وەکو:

أ–مادەی (٧) برگەی (ب) دەستوری کاتی عێراقی ساڵی ١٩٧٠.

ب–مادەی (٧) لە پرۆژەی دەستوری عێراقی ساڵی ١٩٩٠.

ج–مادەی (٩) لە یاسایی بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی بۆ قۆناغی گواستنەوە ساڵی ٢٠٠٤.

د–مادەی (٤) لە دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.

[٤] لەدوای راپەرین ساڵی ١٩٩١ و ئازادکردنی کوردستان زاراوەی هەرێمی کوردستانی عێراق وەك زاراوەیەکی تازە بەشێوەیەکی بەربلاو بەکارهێنرا کە مەبەست لێی نیشتمانی گەلی کورد لە کوردستانی باشور، زاراوەی هەرێمی کوردستان خۆی لە خۆی دا چەندمانایەکی یاسایی و سیاسی و جوگرافی تایبەتی خۆی هەیە:بڕوانە د.خلیل اسماعیل محمد، اقلیم کوردستان العراق (دراسات للتکوین القومي للسکان) ، مطبعة جامعة صلاح الدین ، الطبعة الثانیة،أربیل، ١٩٩٨، ص٥، وأمین فرج شریف، المواطنة ودورها في تکامل المجتمعات التعددیة (المجتمع العراقي نموذجا) ، رسالة ماجستیر، جامعة صلاح الدین، کلیة العلوم السیاسیة، أربیل، ٢٠٠٦، ص٧٢.

[٥] مادەی (٢) بڕگەی یەکەم لە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان.

سەرباری ئەوەی کە بەدرێژایی مێژوو گەلی کورد لە کوردستانی باشوور خاوەنی داب و نەریت و رەوتی ژیان کۆمەڵایەتی خۆی بووە و بەردەوام پارێزگاری لێ کردووە، دەکرێت بڵێین کە نیشتمانەکەشی لە رووی (جیۆلۆجی و تۆبۆگراف و سروشتی هەواییەوە) هەلکەوتەیەکی جیاوازی هەیە لە نیشتمانی گەلی عەرەب لە دەوڵەتی عێراقدا. [1]

بۆیە دەکرێت بڵێین کە بوونی زمانی تایبەت و نیشتمان و جوگرافیای دیاریکراو وفەرهەنگ و داب و نەریتی تایبەتی دەرخەری ئەوڕاستیەن کە کورد لە کوردستانی باشور تایبەتمەندێتی گەلێکی جیاواز و سەربەخۆی هەیەو دەکرێت وەکو کەسێکی پرەنسیپی مافی چارەخۆنووسین بناسرێت کە دەتوانێت بەپشت بەستن بەبنەما و پرەنسیپە نێودەوڵەتیەکان بڕیار لەسەرچارەنووسی دوارۆژ خۆی بدات لەسەر هەردوو ئاستی نێودەوڵەتی و نێوخۆیی. [2]

لەلایەکی تریشەوە لەدەستورە نێوخۆیەکانی عێراقدا بە چەند شێوەیەکی جیاواز دانراوە بە تایبەتمەندێتی نەتەوەی گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا، کە ئەمەشخۆی لە خۆیدا گرنگی یاسایی و سیاسی خۆی هەیە لەبەرجەستەکردنی کەسایەتی گەلی کورد وەکو یەکێك لە کەسانی پرنسیپی مافی چارەی خۆنووسین بۆ نموونە لەمادەی (٣) لە دەستوری عێراقی ساڵی١٩٥٨دا هاتووە کە کورد و عەرەب هەردوو هاوبەشن لەم وڵاتەدا، وە هاوبەشیش بەمانای پشکی جیاواز دێت بەو واتایەی کەهەر بەشەو نەتەوەیەکی جیاوازە، هەروەها لە مادە (٥) برگەی (ب) دەستوری کاتی ساڵی (١٩٧٠) دا هاتووە، کە گەلی عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێك دێت کە ئەویش نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی کوردە، کە ئەمەش خۆی لە خۆی دا دان نانێکی ڕاشکاوانەترە بە بوونی گەلی کورد وەکو گەلێکی جیاواز، و لەمادەی (٧) لە یاسای بەرێوەبردنی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ساڵی (٢٠٠٤) و مادەی (٣) لەدەستوری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥) دا هاتووە، کە عێراق وڵاتێکی فرەنەتەوەیەو لەڕووی پێکهاتەوە تەنها لە نەتەوەیەکی دیاریکراو پێك نەهاتووە. [3]

هەواڵنامەی کتێب

---

[1] د.جەزا توفیق تالیب، سنوری هەرێمی کوردستانی عێراق، گۆڤاری سیاسەتی دەولی، ژمارە (٢) ، ساڵی هەشتەم، ٢٠٠٠، ل٨٨.

[2] کارزان عزت حسن، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥، ٣٦.

[3] – مادەی (٣) دەستوری عێراقی ساڵی ١٩٥٨.

–مادەی (٥) برگەی (ب) دەستوری کاتی عێراقی ساڵی ١٩٧٠.

–مادەی (٧) یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی بۆقۆناغی گواستنەوە ساڵی ٢٠٠٤.

–مادەی (٣) دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ .

## باسی دووەم
## هەڵسەنگاندنێکی یاسایی و بابەتییانە بۆ سیستەمی فیدڕاڵی لە عێراقدا

### تەوەرەی یەکەم : چوارچێوەی یاسایی فیدڕاڵیزم لە عێراقدا

دەوڵەتی عێراق لەسەرەتای دامەزراندیەوە تاوەکو ساڵی ٢٠٠٤ لە ڕووی پێکهاتەی دەسەڵات وجۆری دەوڵەتەوە دەوڵەتێکی ساکاربوو بیرۆکەی سیستەمی فیدڕاڵی لە ژیانی سیاسی ئەم دەوڵەتەدا مێژوویەکی کۆنی نیە وسەرەتای سەرهەڵدانی دەگەرێتەوە بۆ سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، لەدوای داگیرکردنی وپەلاماردانی دەوڵەتی کوێت لەلایەن دەوڵەتی عێراق وڕاپەرینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ بەشێکی زۆری ناوچەی هەرێمی کوردستانی عێراق کەوتە دەرەوەی چوارچێوەی دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی و بارودۆخێکی سیاسی ویاسای وەهای رەخساند کە ستراتیجیەتی خەباتی بزوتنەوەی ڕزگای خوازی گەلی کوردی لە کوردستانی عێراق بەرەو بژاردەی فیدڕاڵی پاڵ پێوەنا و فیدڕاڵیەت بوو بەشێك لە داخوازی نەتەوەی گەلی کورد بۆبەرجەستەکردنی ماف چارەی خۆنووسینی، ئەوەبوو لە ٤/١٠/ ١٩٩٢ پەرلەمانی کوردستان بریاری پەسەندکردنی بژاردەی فیدڕاڵی دا، تاوەکو لە ڕێگای ئەم سیستەمەوە پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی رێکبخرێت.[1]

لە چوارچێوەی گوتاری سیاسی هێزە نەیارەکانی رژێمی سەدام بۆ یەکەمینجار و بەپاڵپشتی هێزەکوردییەکان لە کۆنگرەی ڤینا لە مانگی (٦) ساڵی ١٩٩٢ (بابەتی فیدڕاڵ هاتە ناو فەرهەنگی سیاسی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق وتیایدا فیدڕاڵیەت وەك نەخشەو رێگایەکی چارەسەری ئاریشەکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی داهاتووی عێراق پێشنیار کرا، وە کۆنگرەی هێزەسیاسی یە ئۆپۆزسیۆنەکانی عیراق لە سەلاحەدین لە مانگی (١٠) ی ساڵی ١٩٩٢ دا وێستگەیەکی دی کەبوو خواستی پەیرەوکردنی سیستەمی فیدڕاڵی تێدا خرایەڕوو، وە لە ٤/١٠/١٩٩٢ پەرلەمانی کوردستان بە بریاربریارێك بژاردەی فیدرالی پەسەند کرد بۆ دیاریکردنی پێگەی یاسایی و سیاسی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، وەلەپێش ڕووخانی دەوڵەتی عێراقیش لەساڵی (٢٠٠٣) دا پرۆژەی فیدڕاڵی عێراقی وەکو خواستێکی سیاسی لە هەردوو کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لەلەندەن لە ١٤–٢٠٠٢/١٢/١٥ و کۆنگرەی هەولێری ساڵی (٢٠٠٣) دا بەشێوەیەکی بەرفراوانتر خرایە ڕوو وە پشتگیری نێودەوڵەتی زیاتریشی بۆ بەدەستهێنرا، ئاماژەکانیش بۆ ئەوەدەچوون، کە نەخشەی داهاتووی سیستەمی سیاسی لە عێراق لەدوای قۆناغی سەدام حسین لەسەر بنەمای پەیرەوکردنی سیستەمی فیدڕاڵیەت بنیات بنرێت، ئەوەبوو سەرەنجام لەدوای ڕووخانی دەوڵەتی عێراقی و لەکاتی دانانی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی بۆقۆناغی گواستنەوە لە ساڵی (٢٠٠٤) دا بەشێوەیەکی یاسایی و دەستورییانە سەرەتاکانی بنەمای سیستەمی فیدڕاڵی لە عێراق دا چەسپاو عێراقی لە دەوڵەتێکی شێوە ساکارەوە گۆڕی بۆ دەوڵەتێکی شێوە ئاوێتە.[2]

---

(١) د.دهام محمد العزاوي، الاحتلال الامريكي للعراق وأبعاد الفدرالية الكردية، ط١، الدار العربية للعلوم، بيروت، ٢٠٠٩، ص٤٥–٤٦، و د.منذر الفضل، دراسات حول القضية الكوردية ومستقبل العراق، ط٢، ئاراس للطباعة و النشر، أربيل، ٢٠٠٤، ص٥١.

(٢) د.رشيد عمارة ياس، إشكالية الفدرالية في الدستور العراقي، ورقة بحثية قدمت الى ندوة قراءات نقدية لمسودة الدستور العراقي ٢٠٠٥، جمعية الثقافة للجميع، بغداد، ٢٠٠٥ ص٣٧ ، غانم محمد صالح، الفدرالية وقرار تطبيقها في العراق ، دار الشؤون العربية، ٢٠٠٦، ص٢٢٣.

هەر بۆیە لێرەوە دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین کە چوارچێوەی یاسایی بوونی فیدڕاڵی لە عێراقدا سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی بۆ قۆناغی گواستنەوە و بنەمای دەستورییەکەی لە مادەی (٤) ئەم یاسادا جێگیرکراوە و تیایدا بژاردەی فیدڕاڵی بۆ بنیاتنانی دەوڵەتی تازەی داهاتووی عێراق پەسەندکراوە کە دەڵێت:" سیستمی فەرمانڕەوایی لە عێراق کۆماری، فیدڕاڵی، دیموکراتی، فرەیی یە کە تێیدا دەسەڵاتەکان دابەش دەکرێت لەنێوان حکومەتی فیدڕاڵی و حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگاکان و شارەوانی و کارگێڕی یە نێوخۆیەکان وە سیستەمی فیدڕاڵیەکەی لەسەر بنەمای راستیە جوگراف و مێژوویەکانی و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانە لەیەکتری دامەزراوە نەك لە سەر بنەمای نەژاد ورەگەز و نەتەوەو تیرەو مەزهەب دا". [1]

لەمادەی (٥٢) یهەمان یاسادا ئاماژە بەو دەکات کە نەخشەی فیدڕاڵی لە عێراقدا بە جۆرێك دادەڕێژرێت، کە ڕێگر بێت لە چەقبەستنی دەسەڵاتەکان لە حکومەتی ناوەندا و دووربێت لە دووبارەبوونەوەی ئەو ستەم و چاوساندنەوەی کە لەسیستەمی پێشوودا هەبوون، بە جۆرێك کە ئەم سیستەمە (سیستەمی فیدڕاڵی) دەبێتە هاندەری پراکتیزەکردنی دەسەڵاتە نێوخۆییەکان لە لایەن بەرپرسانی نێوخۆی لە هەرێم و پارێزگاکان دابەچەشنێك کە عێراقێکی یەکگرتوو دروست بکات کە تێدا هاوڵاتیان بەشدارییەکی کاریگەرییان لە فەرمانڕەواییدا هەبێت و دەستەبەری گەرەنتی مافەکانیان بکرێت و سەربەست بن لە هەموو کۆت و دەست بەسەریەك. [2]

وە لە چوارچێوەی دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ دا بنەمای یاسایی فیدڕاڵی لە عێراقدا تارادەیەك قۆناغێکی گرنگتری بە خۆیەوە بینی [3] ، کە تێیدا بنەماکانی لامەرکەزیەتی سیاسی- فیدڕاڵی- پەسەندکرا بۆبەڕێوەبردن و ئاراستەکردنی سیستەمی فەرمانڕەوایی لە عێراقدا، لە مادەی (١) ئەم دەستورەدا هاتووە کە دەڵێت:" کۆماری عێراق دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەرییە سیستەمی فەرمانڕەوایی تێیدا کۆماری - نوێنەرایەتی - پەرلەمانی- دیموکراتی فیدڕاڵیە" [4] .

لەمادەی (٤٧) ی ئەم دەستورەدا هاتووە کە دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی فیدڕاڵی پێکدێت لە دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری، کە ئەم دەسەڵاتانە پراکتیزەی دەسەڵاتەکانیان دەکەن لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەیەکتری [5] ، ومادەی (٤٨) لە دەستوری عێراقی دەسەڵاتی یاسادانانی لە دوو دەستەدا دیاریکردووە هاوشێوەی ئەو نەریتە باوەی کە لە وڵاتانی فیدڕاڵی دا هەیە کە تێیدا هاتووە:" ئەنجوومەنی یاسادانانی فیدڕاڵی لە ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی فیدڕاڵی پێکدێت" [6] .

---

[1] مادەی (٤) لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی بۆ قۆناغی گواستنەوە ساڵی ٢٠٠٤.

[2] مادەی (٥٢) لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی بۆ قۆناغی گواستنەوە ساڵی ٢٠٠٤ .

[3] لەگەڵ ئەوەی لە ڕووی ڕێکخستنی یاسایی و دەستوری، دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ بەشێوەیەکی بەرفراوانتر بنەماکانی فیدڕاڵی ڕێکخستووە بەبەراوورد بەیاسایی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی بۆ قۆناغی گواستنەوە، بەلام لەگەڵ ئەوەش دا کۆمەڵێك کەلێن و کەم وکورتی تێدایە کە لەتەوەرەی دووەمی ئەم باسەدا باسی دەکەین.

[4] مادەی (١) لە دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ .

[5] مادەی (٤٧) لە دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥

[6] مادەی (٤٨) لە دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.

لەمادەی (١١٦) هەمان دەستوردا باس لە پێکهاتەی سیستەمە فیدراڵیەکە دەکات کە پێکهاتووە لە پایتەختی دەوڵەتی فیدراڵ وهەرێمەکان وپارێزگالامەرکەزییەکان وکارگێرییە نێوخۆییەکان [1] . ولەمادەی (١٠٩) دا ئەرکی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق وسەربەخۆیوسەروەری وسیستەمی فیدراڵیەکەی بەدەسەلاتە فیدراڵیەکان سپاردووە [2] .

وەسەبارەت بە هەرێمە فیدراڵییەکانی عێراق لە مادەی (١١٧) برگەی (١) دان نراوە بە هەرێمی کوردستان و ئەو دەسەلاتانەی کە تێدا هەن وەکو هەرێمێکی فیدراڵی لەچوارچێوەی عێراقدا، و لەبرگەی (٢) ی هەمان ماددەدا دان بە هەر هەرێمێکی دیکەی تازەدا دەنرێت وەك هەرێمێکی فیدراڵی کە بە گوێرەی ئەحکامەکانی ئەم دەستورە دروست دەبن [3] . لەلایەکی دیکەوە مادەی (١١٩) لە دوو توێی دووبرگەدا ڕێگای بەدروستبوون و زیادکردنی هەرێمی فیدراڵی داوە بە دوو مەرج ومیکانیزمەکانی بۆ دیاریکردووە، کە ئەمەش ئەگەر بێتوو بواری جێبەجێکردنی بۆ برەخسێنرێت لە بواری پراکیتکی دا بەهۆکاری بەهێزبوون و بتەوبوونی سیستەمی فیدراڵیەکەدادەنرێت [4] .

لەمادەی (١١٠) دا لەدوو توێی (٩) برگەدا چوارچێوەی یاسایی و سنوری دەسەلاتەکانی حکومەتی فیدراڵی دەستنیشان کردووە بەشێوەیەکی دیاریکراوی [5] . ئەوەی شایەنی تێبینی بێت مادەی (١١٤) لە دەستوری عێراقی ڕێچکەیەکی تارادەیەك نوێ لە نەریتی فیدراڵی وەرگرتووە بەوەی کە کۆمەڵێك دەسەلاتی هاوبەشی دیاریکردووە لەنێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمەکاندا [6] . وە بەدەر لەو دەسەلاتانەی کە دەستنیشانکراون لە چوارچێوەی دەسەلاتی حکومەتی فیدراڵیدا، دەسەلاتەکانی تر دەچنە چوارچێوەی پسپۆرێتی دەسەلاتی حکومەتی هەرێمەکان ولەکاتی بوونی ناکۆکی نێوان پسپۆرێتی هەردوو دەسەلاتەکە بەدەر لەو بارانی کە دەستنیشان کراون لە مادەی (١١٤) دا ئەوا لەپێشینەیی دەدرێت بەدەسەلاتی هەرێمەکان و سەرباردەکرێت بەسەر پسپۆرێتی و دەسەلاتی حکومەتی فیدراڵدا [7] .

### تەوەرەی دووەم : دیدی واقیعانەی فیدراڵیزم لە عێراق :

سەرەڕای ئەوەی کە سیستەمی فەرمانڕەوایی لە عێراقدا بە گوێرەی دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ بە سیستەمێکی فیدراڵی ناسێنراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەڕووی واقیعی و لە ڕووی ڕێکخستنی دەستورییەوە کۆمەڵێك گرفت وئاستەنگ وکەلێنی تیادایە کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا شرۆڤە وهەڵەسەنگاندنی بۆ دەکەین:

١. نەبوونی دوو ئەنجومەنی لە دەسەلاتی یاسادانانی فیدراڵی عێراقدا :

---

[1] مادەی (١١٦) لە دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.

[2] مادەی (١٠٩) لە دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.

[3] مادەی (١١٧) برگەی (١، ٢) لە دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.

[4] مادەی (١١٩) لە دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.

[5] مادەی (١١٠) لە دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.

[6] مادەی (١١٤) لە دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.

[7] مادەی (١١٥) لە دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.

هەواڵنامەی کتێب

وەك ئاشکرایە دامەزراوە سیاسیە باڵاکان لە دەوڵەتانی فیدراڵدا، وەك دەسەڵاتی یاسادانان وجێبەجێکردن ودادوەری، پێکهاتەیەکی دوانەییان هەیە، یەکێکیان لەسەر ئاستی دەوڵەتی فیدراڵی وئەوی تریان لەسەر ئاستی هەرێمەکانی ناو دەوڵەتە فیدراڵیەکەیە، ئەمەش بە جۆرێك کە دەسەڵاتەکان دابەش کراون لەنێوان حکومەتی فیدراڵوهەرێمەکان، هەموو ئەمانەش لە دەستوردا جێگیر کراون، وەدەسەڵاتی یاسادانان سەرەڕای ئەوەی کە تایبەتمەندییەکی یاسادانانی هەیە خەسڵەتی نوێنەرایەتی کردنیشی هەیە، هەر بۆیە دەسەڵاتی یاسادانانی فیدراڵی، پێکهاتەکەی بەشێوەیەك دەبێت کەلە ڕووی نوێنەرایەتی کردنەوە وێنەی فیدراڵیەتیتیادا بەرجەستە کرابێت، وە ئەزموونەکانی سیستەمی فیدراڵیەت [1] وە ڕێسا عورفیەکانی تایبەت بە فیدراڵیەت وتەنانەت بۆچوونی یاساناسەکانیشلەسەر ئەو ڕێچکەیە دەڕۆن، کە دەسەڵاتی یاسادانانی فیدراڵی لە دوو ئەنجومەن پێکدێت، کە یەکێکیان نوێنەرایەتی تەواوی گەل دەکات لەسەر ئاستی دەوڵەتەکەئەوتریشیان نوێنەرایەتی ئەو هەرێمانە دەکات کە پێکهێنەری دەوڵەتە فیدراڵیەکەن [2] .

بوونی ئەم دوو ئەنجومەنە بەتایبەت ئەنجوونی هەرێمەکان دەبێتە هۆی پێکەوە بەستنەوەی هەرێمەکان لەنێوان خۆیاندا، وە لەلایەکی ترەوە بەستنەوەی هەرێمەکان بە دەوڵەتی فیدراڵەوە، بەمەش لەیەك کاتدا یەك پارچەیی خاك دەوڵەتە فیدراڵیەکە و سەربەخۆیی هەرێمەکان دەپارێزێت کە ئەم دوو چەمکەش ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە سەرکەوتن و بەردەوامبوونی دەوڵەتی فیدراڵدا.

چونکە ئەگەر دەسەڵاتی یاسادانان تەنها لەئەنجومەنێك پێکهاتبێت کە نوێنەرایەتی گەل بکات لەسەر بنەمای ڕێژەی دانیشتوان ئەوا بێگومان هەرێمەبچووکەکان دەکەونە ژێر کۆنترۆڵی هەرێمە گەورەکان وە پاشان پەراوێز دەخرێن بەڵام بەپێچەوانەوە بوونی ئەنجومەنی فیدراڵی کە نوێنەرایەتی کردن تیایدا لەسەر بنەمای یەکسانی تەواوە لەنێوان هەرێمەکاندا دەبێتە هۆی دروستبوونی هاوسەنگی لەنێوان هەرێمەکان لە بواری یاسادانانادا بەمەش ململانێ لەنێوانیان نامێنێ وپەیوەندی لەنێوانیان پتەوتر دەبێت، وە لەلایەکی ترەوە بوونی ئەنجوومەنی دووەم دەبێتە یەکێك لە گرنگترین شێوازەکانی بەشداری سیاسی هەرێمەکان لە دەسەڵاتەکانی دەوڵەتە فیدراڵیەکە بەتایبەت لە دانانی یاسا فیدراڵیەکان وەبەشداری لە هەموارکردنی دەستوری فیدراڵی و دەرکردنی ئەو بڕیارانەی کە چارەنووسی هەرێمەکان و دەوڵەتە فیدراڵیەکە دیاری دەکات، بەمەش سەربەخۆیی و سەروەری ناوخۆیی و بەرژەوەندی ودەسەڵاتەکانی هەرێمەکان پارێزراو دەبێت لەبەرامبەر زیادەڕۆیی دەسەڵاتی فیدراڵی ناوەندا [3] .

---

(١) وەك دەسەڵاتی یاسادانانی ئەم دەوڵەتانەی خوارەوە کە لەدوو ئەنجوومەنی پێکهاتووە:

(ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەڵمانیا (١٩٤٩) ، هندستان (١٩٤٩) ، یەکێتی بۆسنەو هەرسك (١٩٩٤) ، سودان (٢٠٠٥) ، ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو، سربیا و منتیگرۆ، دورگەی قەمەر، میکرونیزیا، سانت کیتس ونیفیس) ، بڕوانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە:

د. خالد سعيد توفيق: العنصر المفقود في الفدرالية العراقية، ورقة بحثية قدمت الى المؤتمر العلمي الاول في كلية القانون و السياسة بجامعة صلاح الدين حول الفدرالية في العراق – الواقع و المستقبل ٢٠١٠، ص ١٠. رونالد ل. واتس: سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٥.

بەڵام هەندێ دەوڵەتی فیدراڵی تر دەسەلاتی یاسادانانەکەی تەنها لەیەك ئەنجوومەن پێکهاتووە وەك: (کامیرۆن، فنزیولا، پاکستان) ، بڕوانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە :

–جورج اندرسون: الفدرالية، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧.

(٢) د.خالد سعيد توفيق: سەرچاوەی پێشوو، ل (٨–١٠) .

(٣) د،شۆرش حسن عمر: الدعائم الاساسية للدولة الفدرالية، مجلة (زانكوى سليمانى) ، العدد (٢٩) حزيران ٢٠١٠، قسم الدراسات الانسانية، ص (١٧٢، ١٧٦) . خالد قباني: اللامركزية ومسألة تطبيقها في لبنان، ط١، منشورات عويدات، بيروت، ١٩٨١، ص١٣٧. د.اسماعيل الغزال: الدساتير والمؤسسات السياسية، مؤسسة عزالدين للطباعة و النشر، بيروت، ١٩٩٦، ص١٠٢.

دەستوری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥) بەندی یەکەمی دەروازەی سێیەمی تایبەت کردووە بەدەسەڵاتی یاسادانان، کە لە مادەی (٤٦) دەقی هێناوە کە دەسەڵاتی یاسادانانی فیدراڵ پێکهاتووە لە ئەنجومەنی نوێنەران وئەنجومەنی فیدراڵی، وە مادەکانی (٤٩– ٦٤) تایبەتکردووە بە پێکهاتەی ئەنجومەنی نوێنەران و میکانیزمەکانی کارکردنی، وە مادەی (٦٥) ی تایبەت کردووە بە ئەنجوومەنی فیدراڵی [1] ، وە لێرەدا دەکرێت چەند تێبینیەك سەبارەت بە کۆی ئەو مادانەی سەرەوە بخرێتەڕوو، وەك ناتەواوی وکەلێنی دەسەڵاتی یاسادانانی فیدراڵی لە عێراقدا:-

أ-ناهاوسەنگیەکی زۆر بەدیدەکرێت لە گرنگی دانی دەستوری عێراق بە هەریەك لە دووئەنجومەنەکەی دەسەڵاتی یاسادانانی فیدراڵی، بە جۆرێك کە ئەم دەستورە (١٦) مادەی تایبەتکردووە بە ئەنجوومەنی نوێنەران لە کاتێکدا تەنها یەك مادەی تایبەت کردووە بە ئەنجوومەنی فیدراڵی، کەئەمەش بەڵگەیە بۆ گرنگی دان بە ئەنجوومەنی نوێنەران و پەراوێزخستنی ئەنجوومەنی دووەم کە خەسڵەتێکی گرنگی سیستەمی فیدراڵیە [2] .

ب-دەستور بەپێی مادەی (٦٥) پێکهاتەی ئەنجوومەنی فیدراڵی و مەرجەکانی ئەندامبوونی تیایدا ودەسەڵاتەکانی ئەم ئەنجوومەنەی، رەوانەی یاسایەك کردووە کە دواتر لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە بە زۆرینەی ٣/٢ ئەندامانی دەردەچێت [3] ، کەئەمەش پێچەوانەوەیە لەگەڵ پرنسیپە بنەرەتیەکانی فیدراڵیەت، چونکە پێویست بوو هەموو ئەوانەی کە زامنی ماف هەرێمەکان دەکات لەناو دەوڵەتێکی فیدراڵیدا، بەشێوەیەکی راشکاوانە لە چوارچێوەی دەستوری فیدراڵیدا بە دەق دیاری بکرێن، نەك دوابخرێن بۆ ناو یاسایەکی ئاسایی کە دواتر دەربچێت [4] ، کەئەمەش نیشانەی لاوازیی سیستەمی فیدراڵین.

ج- لەمادەی (٤٨) ی دەستوردا، هەردوو ئەنجوومەنی نوێنەران و فیدراڵی پێکەوە دەسەڵاتی یاسادانان پێك دەهێنن و پێکەوە بەشداری دەکەن لە هەندێ کاری یاسادانان‌دا وەیەك بنەچەشیان هەیە وە هەردووکیان لەیەك ئاستی دەستوریدان، بۆیە کارێکی نایاسایی ونالۆجکی وتەنانەت کەلێنە وناتەواویە لە دەستوری عێراقدا کە ئەنجوومەنی نوێنەران دواتر هەستێت بە پێکهانانی ئەنجوومەنی فیدراڵی [5] ، کەلەوانەیە دواتر ئەنجوومەنی فیدراڵی دەسەڵاتەکانی لاوازبکرێت و بخرێتە ژێر دەسەڵاتی ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە بەمەش سیماکانی سیستەمی فیدراڵی کاڵ دەبێتەوە. کەواتە دەستور وەك یاسای باڵای دەوڵەت تەنها یاسایە کە توانای رێکخستنی هەموو دەسەڵاتە باڵاکانی هەیە بەتایبەت پێکهێنان ورێکخستنی هەردوو ئەنجوومەنەکەی دەسەڵاتی یاسادانانی فیدراڵ تاوەکو هەریەك لەم دوو ئەنجوومەنە پارێزراو بن لە هەر هەولێك کە بدرێت بۆ لاوازکردنی دەسەڵات و بەهایان بەتایبەت لەکاتێکدا کە دروستکردنی ئەنجوومەنێکیان بدرێتە دەست ئەوی تریان وەك لە عێراق دا بەدیدەکرێت ئەوا هیچ گرنتی و زامنێك نامێنێت بۆ هەیبەت و دەسەڵاتی ئەو ئەنجوومەنە [6] .

د- هەروەها مادەی (٦٥) ی دەستور جەخت لەوەدەکاتەوە کە ئەنجوومەنی فیدراڵی پێکدێت لە نوێنەری هەرێمەکان و ئەو پارێزگارانەی کە خۆیان لە چواچێوەی هەرێمێکدا رێك نەخستووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە

---

[1] دەستوری عێراق ساڵی (٢٠٠٥) مادەکانی (٤٩– ٦٤، ٦٥) .

[2] د.خالد سعید توفیق: سەرچاوەی پێشوو، ل ١١.

[3] مادەی (٦٥) لە دستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.

[4] د،شۆرش حسن عمر: الدعائم الاساسیه للدوله الفیدرالیة، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٤.

[5] د.خالد سعید توفیق: سەرچاوەی پێشوو، ل ١١.

[6] د.خالد سعید توفیق: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠.



هەواڵنامەی کتێب

دەستور هەرێمەکان و پارێزگاکانی لەیەك ئاستدا داناوە ئەمەش کارێکی ناشیاو نادروستە لە رووی سەروەرییەوە چونکە هەرێمەکان یەکەیەکی سیاسین کە سەروەری ناوخۆیی دەوڵەتە فیدراڵیەکەدابەش بووە لەنێوان دامودەزگاکانی ئەو هەرێمانە و دامودەزگا فیدراڵیەکاندا، بەڵام پارێزگاکان یەکەیەکی کارگێرین کە دەکرێت بەپێی سیستەمی لامرکزی کارگێری هەندێ دەسەڵاتی کارگێرییان پێ ببەخشێت لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە نەك سەروەری ناوخۆییان هەبێت وەك هەرێمەکان.[1] کە ئەم رێچکەیەی دەستوری عێراق بەمانای هاوتاکردنی هەرێمە فیدراڵیەکان وپارێزگاکانە.

سەرەڕای ئەوەش دانانی هەرێمەکان و پارێزگاکان لەیەك ئاستدا لە ئەنجوومەنی فیدراڵیدا وادەکات هەرێمەکان و پارێزگاکان ژمارەی نوێنەریان وەك یەك بێت لەو ئەنجومەنەدا، دواجار لە ڕووی واقیعیەوە زۆری ژمارەی نوێنەری ئەو پارێزگانەی کە دەکەونە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی عێراقەوە بەراوورد بەچەند نوێنەرێکی کەمی دیاریکراوی هەرێمی کوردستان لەو ئەنجوومەندا وادەکات نەتوانرێت ئەو ئامانج و حیکمەتە بێتە دی کە ئەنجوومەنی فیدڕاڵی لەپێناودا دروست کراوە، واتە تارادەیەك ئەنجوومەنی فیدڕاڵی دەبێتە هاوشێوەی ئەنجوونەمەنی نوێنەران.

هـ-سەرەڕای داننان بەپێویستی ئەنجوومەنی فیدڕاڵی لەلایەن دەستوری عێراقەوە بەلام مادەی (١٣٧) ی دەستور هەستاوە بەدواخستنی کارکردن بەسەرجەم ئەحکامە دەستوریەکانی تایبەت بە ئەنجوومەنی فیدڕاڵی بۆ کاتی دەرچوونی بریارێك لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە بە دەنگی زۆرینەی ٣/٢ ی ئەندامەکانی[2] ، کەئەمەش دووبارە وای کردووە کەدروستبوونی ئەنجوومەنی فیدڕاڵی لەسەر رەزامەندی ئەنجوومەنی نوێنەران بوەستێت.

و- لەگەڵ بوونی ئەو کەلێنە یاساییەنەدا، کەچی هێشتا ئەنجوومەنی فیدڕاڵی بوونی نیە لە رووی واقیعیەوە، بە لکو ئەنجوومەنی نوێنەران بەتەنها کاری دانانی یاسا فیدڕاڵییەکانی گرتۆتە دەست، ئەمەشبۆخۆی یەکێکە لە ناتەواوییە سەرەکیەکانی فیدڕاڵیەتی عێراق، وەتەنانەت پێچەوانەوەی عورفی دەستوری زۆرینەی دەوڵەتانی فیدڕاڵی جیهانە.

## ٢. بوونی یەك هەرێمی فیدڕاڵی لە دەوڵەتی عێراقدا:

لەئەزموونی دەوڵەتە فیدڕاڵیەکان هیچ ژمارەیەکی دیاریکراونیە بۆ ئەو هەرێمانەی کە دەوڵەتە فیدڕاڵیەکە پێکدەهێنن، بەڵام لەڕووی واقیعەوە دەوڵەتە فیدڕاڵیە سەرکەوتووەکانی جیهان لە ژمارەکی زۆری هەرێم و ناوچە پێکهاتوون بۆنموونە (ئەمریکا ٥٠ ویلایەتە، بەرازیل ٢٢ کانتۆنە، ئەرجەنتین ٢١ بلۆکە، ئەلمانیا ١٦ هەرێمە) و کەمترینیان لە (٦) هەرێم کەمتر نەبووە وەك (ئۆستورالیا، ئیماراتی (میرنیشی) عەرەبی یەکگرتوو) ، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەو دەوڵەتە فیدڕاڵییالنەی کە ژمارەیان کەمتر بو لە (٦) هەرێم، دواجار فیدڕاڵیەکەیان کۆتایی پێهاتووە، وەك (چیکۆسلۆڤاکیا ٢ هەرێم بوو، نێجریا ٣ هەرێم بوو، لیبیا لە ساڵانی (١٩٥٠- ١٩٦٣) ٣ هەرێم بوو، ئەریتریا و ئەسیوبیا ٢ هەرێم بوو، کامیرۆن ٢ هەرێم بوو، بلجیکا ٣ هەرێمە و بەردەوامە وەك فیدڕاڵیەکی ناجێگیر) . بۆیە

---

[1] د،شۆرش حسن عمر: الدعائم الاساسیه للدوله الفیدرالیة، المصدر السابق، ص١٧٤

[2] مادەی (١٣٧) ی دەستوری عێراق (٢٠٠٥) .

ژمارەی هەرێمەکان تا زۆرتر بێت ئەوا زیاتر گرنتی مانەوەو سەرکەوتنی فیدڕاڵیەکە دەکرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە کاتی زۆری ژمارەی هەرێمەکان ڕێکەوتنی نێوان هەرێمەکان گران دەبێت بۆ هەموارکردنی دەستوری فیدڕاڵی کە پێویستی بەڕەزامەندی زۆرینەی هەرێمەکان هەیە، [١] بەمەش دەستورە فیدڕاڵیەکە جێگیرتر دەبێت.

وەسەبارەت بە هەرێمەکانی عێراق بەپێی بڕگەی یەکەمی مادەی (١١٧) دەستور دان دەنێت بە هەرێمی کوردستان وئەو دەسەڵاتانەی کە ئێستا هەیەتی وەك هەرێمێکی فیدڕاڵی، وەبەپێی بڕگەی دووەمی هەمان مادە دەکرێت هەرێمی نوێ لە عێراقدا دروست بکرێت بەپێی ئەحکامەکانی مادەی (١١٩) ی دەستور، بە جۆرێك هەر پارێزگایەك یان زیاتر مافی پێکهێنانی هەرێمێکیان هەیە لەسەر داواکاری (٣/٢) ی ئەندامانی ئەنجومەنی ئەو پارێزگایانە یان لەسەر داواکاری ١٠٪ ی دەنگ دەرانی ئەو پارێزگایانە، پاشان ئەنجامدانی ڕاپرسیەك لەسەری . [٢]

سەرەڕای ئەوەی دروستکردنی هەرێمەکان مافێکی دەستورییە بۆ پارێزگاکان ئەگەر بەرێکارە یاساییەکانی مادەی (١١٩) ی دەستور تێپەڕێت، بەڵام تاوەکو ئێستا لەواقیعدا دەستور تەنها هەرێمی کوردستانی وەك هەرێمێکی فیدڕاڵی ناساندووە، وە چەندین هەوڵی شکست خواردوو هەبووە بۆ دروستکردنی هەرێمی تر:

أ. وەك هەوڵی پارێزگای بەسرە بۆ بەهەرێمکردنی پارێزگاکە کە لەقۆناغی دووەمدا شکستی هێنا بەوەی کە نەیتوانی ڕەزامەندی (١٠٪) ی دەنگدەرانی پارێزگاکە بەدەست بهێنێ بەهۆی نەبوونی متمانەی دەنگدەران لەو پارێزگادا بەبیرۆکەی بەهەرێم بوون لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدڕاڵیدا. [٣]

ب. پاشان پارێزگای صلاح الدین بەپێی ڕێکارە یاساییە دەستوریەکان هەستا بە ڕاگەیاندنی پارێزگاکەیان وەك هەرێمێکی سەربەخۆ لە رووی کارگێڕی وئابوریەوە ، بەڵام پاش ڕەوانەکردنی داوکاریەکەیان بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسەند نەکرا.

ج. پارێزگای دیالە هەولێکیان دا بەرەو هەرێمێکی سەربەخۆ لە رووی کارگێڕی وئابوریەوە، بەڵام پێش ڕاگەیاندنی شکستی هێنا بەهۆی پەسندنەکردنی بەهەرێم بوونی پارێزگای صلاح الدین.

د. هەندێجار لێدوانی سیاسیەکان دەبیسترێت لە هەریەك لە پارێزگای موسل و ئەنبار بەوەی کە پێویستە خۆیان وەك هەرێمێکی سەربەخۆ رابگەنن.

ئەمەش کەموکوڕی یەکی تر سیستەمی فیدڕاڵیەتە لە عێراق دا کە ڕەنگە هەڕەشە بێت بۆمانەوە وبەردەوام بوونی فیدڕاڵیەت لە عێراق دا، چونکە بوونی چەندین هەرێم لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدڕاڵدا دەبێتە یەکێکی تر لە گرنتیەکانی سەرخستنی فیدڕاڵیەت وە هەروەها دەبێتە هۆی بەهێزبوونی دیموکراتیەتی دەوڵەتەکە . [٤]

---

[١] لطیف مصطفی امین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٦-٩٧.

[٢] بڕوانە مادەکانی (١١٧- ١١٩) لە دەستوری عێراقی ٢٠٠٥.

(٣) د.طه حمید حسن و سمیه غالب زنجیل: الفیدرالیة في العراق بین النصوص الدستوریة و التشریعیة والواقع السیاسي . ورقة بحثیة قدمت الی المؤتمر العلمي الاول في کلیة القانون و السیاسة بجامعة صلاح الدین حول الفدرالیة في العراق – الواقع و المستقبل ٢٠١٠، ص ٢٠.

(٤) د. خالد علیوي العرداوي: الفدرالیة و الدیمقراطیة التوافقیة و معطیات الواقع العراقي، ورقة بحثیة قدمت الی المؤتمر العلمي الاول في کلیة القانون و السیاسة بجامعة صلاح الدین حول الفدرالیة في العراق – الواقع و المستقبل ٢٠١٠، ص٢١. جورج اندرسون، سەرچاوەی پێشوو، ل (١٣-١٧) .

### ٣. ناڕوونی سنوری هەرێمی کوردستان :

یەکێك لەو بابەتە گرنگانەی کە دەبێتە هۆی بەردەوامبوون وسەرکەوتنی سیستەمی فیدراڵی بوونی سنورێکی دیاریکراوو ئاشکرای هەرێمە پێکهێنەرەکانی ناو دەولەتە فیدراڵیەکەیە تاوەکو هەریەکەیان سنوری قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی خۆیان بزانن لە کاتی پیادەکردنی دەسەڵاتەکانیان. [1] بەلآم ئەوەی تائێستا کێشەیە لەنێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عێراق ناڕوونی سنوری هەرێمە، سەرەڕای بوونی ململانێیەکی بەردەوام لەنێوان هەردوولایاندا سەبارەت بە ناوچە کوردستانیە کێشە لەسەرەکان وجێ بەجێکردنی مادەی (١٤٠) لە دەستوری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥) دا.

دەسەڵاتی کوردی لە کوردستانی عێراقدا هەرلەسەرەتای دەستبەکاربوونیەوە لەساڵی (١٩٩٢) ەوەتاکو ڕووخانی ڕژێمی بەعس لەساڵی (٢٠٠٣) وەك هەرێمێکی فیدراڵی واقعی خۆی سەپاندبوولە سنوری پارێزگای (سلێمانی، هەولێر، دهۆك) ، وە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی دەدا لە دەستوری داهاتووی عێراقدا فیدراڵیەت بەرجەستە بکات، پاشان سنوری هەرێمەکە بە جۆرێك فراوان بکرێت، کە سەرجەم ئەو ناوچە کوردستانیەلەخۆ بگرێت، کە تاپرۆسەی ئازادی عێراق لە ژێر دەستی هەرێمی کوردستاندا نەبوون، [2] بەلآم بەپێچەوانەوە یاسایبەڕێوەبردنی دەولەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە لەمادەی (٥٣) دا، دانی نابە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك حکومەتێکی ڕەسمی بۆ ئەو ناوچانەی کە تاوەکو ڕێکەوتی (١٩–ئازار– ٢٠٠٣) لەلایەن حکومەتی ناوبراوە بەڕێوەبرا بوون. ئەم سنورەش ئەوەبوو، کە ڕژێمی پێشووی بەعس دیاریکردبوو پاش کشانەوەی دام ودەزگاکانی لە ناوچەکانی کوردستان لە کۆتایی ئەیلولی (١٩٩١) ، کە ئەم مادەیەش جۆرێك لەستەم و نادادپەروەری تیابوو بەرامبەر بە ماف گەلی کوردستان وسنورەکەی چونکە ناوچەیەکی بەرفراوانی کوردنشینی لە چوارچێوەی سنوری هەرێمی کوردستان کردە دەرەوە ، وەك پارێزگای کەرکوك وهەندێ ناوچەی تری پارێزگاکانی دیالەو موصل و هەولێر و خانەقین. [3] کە دواتر لە مادەی (١٤٠) ی دەستوری ساڵی (٢٠٠٥) دا نەخشەڕێگەی چارەسەر کردنی سنوری ئەو ناوچە کێشەلەسەرانەی تیادا دیاریکرا، بەلآم تا ئێستاش قۆناغەکانی جێ بەجێکردنی ئەو مادە بەهەڵپەسێراوی وناتەواوی ماوەتەوە وهەرئەمەش وای کردووە، کە تائەمرۆ تێڕوانینی جیاواز هەیە لەنێوان هەریەك لە هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عێراقی سەبارەت بە سنوری هەرێمی کوردستان، وەتەنانەت یەکێکە لە کێشە هەستیارەکانی نێوانیان کە هەندێ جار دەگاتە ئاستی ئامادەباشی بۆ ڕوبەڕوبوونەوەی چەکداری، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم ناڕوونیە لە سنوری هەرێمی کوردستان کەلێنێکی ترەلە سیستەمی فیدراڵی لە عێراقدا.

---

[1] د.شۆرش حسن عمر: الدعائم الاساسیه للدوله الفدرالیه، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٨.

(٢) جلال طالباني: كردستان، فدرالیة عملاقة ولامجال لمناطحتها، مقال ورد في كتاب: عن الفدرالیة الاتحادیة) ، والوحدة الوطنیة العراقیة،ص٨.

(٣) د.جزا توفیق طالب: المقومات الجیوبولیتكیة للأمن القومي في اقلیم كردستان، مركز كردستان للدراسات الاستراتیجیة، السلیمانیة، ٢٠٠٥، ص٣٩٦.

### ٤. نەبوونی دەستوری هەرێمی کوردستان:

یەکێك لە خەسڵەتە سەرەکیەکانی دەوڵەتی فیدراڵی بوونی دوو دەستورەیەکێکیان دەستوری فیدراڵیە باڵاترین یاسی ناوخۆییە کە بەسەر سەرجەم هەرێمەکانی ئەو دەوڵەتەدا جێبەجێ دەکرێت وە میکانیزمێکە بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەنێوان حکومەتی فیدراڵی وحکومەتە هەرێمیەکان، لەپاڵ ئەم دەستورەشدا هەریەك لە هەرێمەکان دەستورێکی تایبەت بە خۆیان هەیە بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەلایەن دەسەڵاتێکی دامەزرێنەرەوە دادەنرێت، ئەم دەستورەش بەرجەستەی کۆمەڵێك تێڕوانینی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری باوی هاوڵاتیانی ئەو هەرێمە دەکات، کە هەڵئەستێت بە ڕێکخستنی کاروباری ناوخۆیی هەرێمەکە بەجۆرێك کە دژ نەوەستێت لەگەڵ دەستوری فیدراڵیدا، تاوەکو جۆرێك لە گونجاوی دروست بێت لە نێوان سەرجەم هەرێمەکانی دەوڵەتە فیدراڵیەکە.[1]

بەڵام هەرێمی کوردستان سەرەڕای ئەوەی کە لە ساڵی (١٩٩٢) تاوەکو (٢٠٠٣) وەك هەرێمێکی فیدراڵی واقعی وە پاشان لە (٢٠٠٣) وە تاوەکو ئێستا وەك هەرێمێکی فیدراڵی دەستوری بەردەوامی داوە بە خۆی، بەڵام بەدرێژایی ئەو ماوە و ئێستاشی لەگەڵدا بێت، بەبێ دەستور ماوەتەوە بۆیە دواجار لە دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا تەنها یەك دەستوری فیدراڵی بوونی هەیە، کە ئەم خەسڵەتەش زیاتر لە خەسڵەتی دەوڵەتی سادە دەچێت، هەرچەندە ئەو دەستورە تاکەش وەك پێویست جێبەجێی ناکرێت لەلایەن هەردوو لایەنی حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان ، تەنانەت هەندێ جاریش ڕاڤەی جیاواز و دژ بەیەك بۆ دەقەکانی دەکرێت. بۆیە لەپێناوی جێگیربوونی هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدراڵی پێویستە دەستورێکی تایبەت بەخۆی دابنێت بە جۆرێك کە دەربڕی بەرژەوەندی باڵای دانشتوانەکەی بێت و دژیش نەوەستێت لەگەڵ دەستوری فیدراڵ.

هەواڵنامەی کتێب

### ٥. نەبوونی ئارەزووی فیدراڵیەت لەلای گەلانی عێراق:

فیدراڵیەت وەك شێوازێکی فەرمانڕەوایی لە دەوڵەتدا هۆکارێکە بۆ زامنکردنی یەك پارچەیی خاکی وڵات لە کۆمەڵگا فرەنەتەوەیی و ئاینیەکاندا، وە ئەویەك پارچەیەش بەدەست نایەت تاوەکو زۆرینەی پێکهاتە سیاسی وکۆمەلایەتی ونەتەوەیی وئاینیە جیاوازەکانی ئەو دەوڵەتە ئارەزوویان نەبێت بۆ بیرۆکەی فیدراڵیەت، بۆیە ئەو خاڵە بنەرەتیەی کە پێویستە لە کاتی بنیاتنانی دەوڵەتی فیدراڵیدا ڕەچاو بکرێ لەپێناو سەرخستن و بەردەوامبوونی سیستەمی فیدراڵی ئەوەیە کە زۆرینەی ڕەهای تاکەکانی کۆمەڵگا بەرێکخراوە سیاسیەکان و چینەکۆمەڵایەتیە جیاوازەکان و هەرێمەکان و دانیشتوانی هەرێمەکانەوە ئارەزوویەکی بەهێز و ئیرادەیەکی ڕاستەقینەیان هەبێت بۆ بنیاتنانی فیدراڵیەت وە هەستبەوە بکەن کە بەرژەوەندی هاوبەش لە چوارچێوەی فیدراڵیەت کۆیان دەکاتەوە، نەك هەر لایەنێکیان بە ئاڕاستەی جیاواز کار بکات، لایەنێك بۆ سەربەخۆیی هەرێمەکەی، لایەنێکی تر بۆ دروستکردنی

---

[1] د.یحیی الجمل: الأنظمة الساسية المعاصرة، دار النهضة العربية، بیروت، ص٥٥. د.محمد هماوند: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٣. د.عادل الطبطائي:النظام الاتحادي في الامارات العربية، مطبعة القاهرة الجديدة، ١٩٨٧، ص١١٨. د.هشام حكمت عبدالستار: فدرالية العراق، قراءة سياسية لنصوص الدستور النافذ، ورقة بحثية قدمت الى المؤتمر العلمي الاول في كلية القانون و السياسة بجامعة صلاح الدين حول الفدرالية في العراق – الواقع و المستقبل ٢٠١٠، ص (٧–٨) .

حکومەتێکی ناوەندی بەهێز. واتە پێویستە لە ڕووی دەرونیەوە هەم پێکهاتە سەرکردە سیاسیەکان و هەم پێکهاتە جەماوەرییەکان ئامادەییان هەبێت بۆ پەیڕەو کردنی فیدراڵیەت، کە دواجار ئامادەبوونی ئەم هۆکارە دەروونییە دەبێتە ڕۆح بۆ لاشەی فیدراڵیەت. (١)

بەپێچەوانەوە ئامادەنەبوونی ئەوهۆکارەدەروونییە هۆکارە بۆ شکستی سیستەمی فیدراڵی وەك شکستی فیدراڵیەتی (گواتیمالا، سلفادۆر، کۆستاریکا، هندۆراس، نیکاراگوا) ، سەرەڕای ئەوەی سەرجەم بنەماکانی تری دروستبوونی سیستەمی فیدراڵیان تیایدا بوو، بەڵام بەهۆی هەستیاری نەتەوەیی وناکۆکی نێوانیان شکستی هێنا. (٢)

بەڵام لە عێراقدا بەهۆی نامۆیی بیرۆکەی فیدراڵیەت کە بۆ یەکەمین جارە دەچێتە فەرهەنگی سیاسی عێراق و دەبێتە بەشێك لە رۆشنبیری سیاسی تایبەت بە بنیاتنانی دەوڵەتی نوێی عێراق، هەروەها بە هۆی جیاوازی هەڵوێستی پێکهاتەجیاوازەکانی عێراق سەبارەت بە فیدراڵیەت و بەگومان بوونی هەندێکیان سەبارەت بە چەمکی فیدراڵیەت (٣) ، وە دژایەتی کردنی فیدراڵیەت لەلایەن هەندێ هێزی سیاسی بەوەی کە فیدراڵیەت بەمانای دابەشکردنی عێراق دێت وە بەردەوام هەوڵی شکست پێهێنانی هەر پرۆژەیەك دەدەن کە بە ئاراستەی فیدراڵیەت بڕوات، هەموو ئەمانە وایان کردووە، کە فیدراڵیەت وەك چەمکێکی ئاڵۆز ماوەتەوە وبنەما سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی لە زۆربەی ناوچەکانی عێراق دا جێگیر نەبووەو کاری پێناکرێت لە پراکتیکدا (٤) .

بەشێوەیەکی گشتی ئارەزووی فیدراڵیەت لەلای پێکهاتە نەتەوەیی و تایفیەکانی عێراق بەتایبەت لەلای (کوردو سوننەو شیعە) ، بوونی نیە، چونکە کوردەکان بەهۆی بەزۆرلکاندنیان بە عێراقەوە، وە بەهۆی ستەم لێکردنیان و هەوڵی لەناوبردنیان بەدرێژایی مێژوو لەلایەن رژێمەیەك لەدوای یەکەکانی عێراق ، هیچ جۆرە ئارەزوویەکیان نیە بۆ فیدراڵیەت لەپاڵ دەوڵەتی عێراقدا، باشترین بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو راپرسییە نافەرمییەبوون کە بزوتنەوەی ریفراندۆمی کوردستان ئەنجامیدا لە (٣٠/ کانونی یەکەمی ٢٠٠٥) ، لەسەرئاستی کوردستانی عێراق، کە دواجار خەڵکی کوردستان بەرێژەی (٩٨٪) دەنگیاندا بۆ سەربەخۆیی کوردستان وجیابوونەوەی لە عێراق، تەنانەت سەرکردایەتی سیاسی کوردیش خەون دەبینێت بە دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان، و تایەفەی سوونەکانیش بەئاشکرا دژایەتی خۆیان بۆ فیدراڵیەت دەردەبڕن چونکە فیدراڵیەتی عێراق و دابەشبوونی عێراق بۆ هەرێمی کوردو سوننەو شیعە، لە ڕووی ئابوریەوە مایەی زەرەرە بۆ سوونەکان چونکە هەرێمەکەیان کە دەکەوێتە ناوەڕاستی عێراق هەژارترین هەرێمە لە ڕووی نەوت و سەروەتی نیشتمانی و کشتوکاڵەوە، لە ڕووی سیاسیشەوە فیدراڵیەت بۆ ئەوان مانای لەدەست دانی ئەو دەسەڵاتەیە کە بەدرێژایی دەوڵەتی عێراق لە دەست ئەوانە بووە. وە تایەفەی شیعەکانیش ئارەزووی بە فیدراڵی بوونی عێراقیان نیە، کۆمەڵێکیان لەبەرئەوەی حەز بەدروستکردنی فیدراڵیەت ناکەن لەپاڵ سوننەکان بەهۆی ئەوستەم و گرتن و ڕاگواستن و ئەشکەنجەو کوشتنە بە کۆمەڵانەی کە دەرهەقیان کراوە لەلایەن رژێمی پێشووی بەعسی سەربەسوننەکان، کۆمەڵێکی تری شیعەکان لە بری فیدراڵیەت زیاتر ئارەزووی دەوڵەتێکی

---

(١) د.هشام حکمت عبدالستار: سەرچاوەی پێشوو، ل ١. لگیف مصگفی امین: سەرچاوەی پێشوو، ل (٨٦– ٩٣) .

(٢) د.محمد عمر مولود: الفدرالية وامكانية تطبيقها في العراق، مؤسسة موكريان للطباعة و النشر، كوردستان العراق– اربيل، ٢٠٠٠، ص٣٩٠.

(٣) د.خالد سعيد توفيق: سەرچاوەی پێشوو، ل (١١–١٢) .

(٤) د. خالد عليوى العرداوى: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨.

سادە دەکەن کە هەموو دەسەڵاتەکانی لەناوەندا چڕکاتەوە چونکە هەستبەوە دەکەن، کەدواجار خۆیان بە هۆی ئەوەی کە زۆرینەی دانیشتوانی عێراق پێك دەهێنن لە سایەی دیموکراتیەت و هەڵبژاردن دەبنە دەسەڵاتداری یەکەم لەسەر ئاستی عێراق و کۆنترۆڵی هەموو جومگە سەرەکییەکانی دەسەڵات دەکەن [1] ، بۆیە دەتوانین بڵێین عێراقییەکان هەرچەندە بەهۆی کاریگەری هەندێ فشاری هەرێمی و نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵدا کۆکراونەتەوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی ئارەزوویان بۆ فیدراڵیەت، وای کردووە فیدراڵیەتی عێراق لە ڕووی واقعیەوە بە لاوازی دەربکەوێت، وە هەندێکجار کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ بەرەو زۆربوون چوون، وە ئەم نەبوونی ئارەزووەوای کردووە هیچ هەرێمێکی نوێ دروست نەبێت و تەنانەت ئەو دەقە دەستوریانەش کە پەیوەندیدارن بە فیدراڵیەتەوە لەکاربخرێن لە ڕووی کردارییەوە، هەر بۆیە هەندێجار عێراق وادەردەکەوێت کە بەرەو پارچە پارچە بوون هەنگاوی زیاتر بنێت وەك لە یەکبوون .

### ٦. لاوازی چەمکی دیموکراتیەت لە سیستەمی سیاسی عێراقدا :

فیدراڵیەت شێوازێکی دیموکراتیە لە شێوازەکانی فەرمانڕەوایی دەوڵەتدا هەر بۆیە ئەو دەوڵەتانەی کەلەسەر بنەمای سیستەمی فیدراڵی دادەمەزرێن دەبێت لە هەمان کاتدا باوەڕیان بە بەها وپرەنسیپەکاکانی دیموکراتیەت هەبێت وە دەستورەکەشی دەبێت دیموکراتی بێت ودەربڕی خواستی ڕاستەقینەی پێکهاتەکانی بێت[٢]، تەنانەت لەڕووی واقعیشەوە تێبینی ئەوە دەکرێت کە باشترینتایبەتمەندی ئەو دەوڵەتانەی کە دەچنە خانەی دەوڵەتە فیدراڵیە سەرکەوتووەکانەوە ئەوەیە کە خاوەنی سروشتێکی دیموکراتین[٣]، هەر بۆیە فیدراڵیەت باشترین شێوازی بنایات نانی سیستەمێکی سیاسی دیموکراتیە کە دەوڵەت دەپارێزێت لە هەڵوەشاندنەوە چونکە فیدراڵیەت وەستاوە لەسەر بیرۆکەی دابەش کردنی دەسەڵات لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکاندا، وە فیدراڵیەت ڕێگرە لە کۆکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە ناوەندا لەلایەن دەسەڵاتێکی تاکڕەو ودیکتاتۆر[٤]، بۆیە ناکرێت فیدراڵیەتی ڕاستەقینە بەرجەستە بێت لە چوارچێوەی سیستەمی دیکتاتۆریدا چونکە چەمکی فیدراڵیەت ودیموکراتی بە جۆرێك پێکەوە لکاون ناکرێت بە هیچ شێوەیەك نکوڵی لە بوونیان بکرێت[٥]

بەڵام لە عێراقدا تێبینی ئەوە دەکرێت کە هۆشیاری سیاسیی گەلانی عێراق لە ڕووی بەها وهەڵسوکەوتەوە بە شێوەیەکی کۆتایی یەکلایی نەبۆتەوە بۆ بەرژەوەندی دیموکراتیەت بەڵکو بەردەوام ئەم هۆشیارییە سیاسیە بەلای دیکتاتۆریەتدا دەشکێتەوە، وە لەلایەکی تریشەوە ئەزموونی دیموکراتی لە عێراقدا وەك ئەزمونێکی نوێ[٧] بەرجەستە بووە لە کۆمەڵێك دامودەزگای دەستوری ومەدەنی لاواز وفشەڵ کە ئەمانەش مەترسیەکی شاراوە دروست دەکەن لە داهاتوودا کە ڕەنگە ببێتە هەڕەشەیەك لەسەر بەردەوام بوون وگەشەکردنی فیدراڵیەتی عێراق. [٦]

---

[1] لطیف مصطفی امین: سەرچاوەی پێشوو، ل (١١٢-١١٩) .

2د. عبدالکریم علوان:النظم السیاسیة والقانون الدستوری، ط١، الإصدار الثاني، دار الثقافة للنشر والتوزيع ، عمان، ٢٠٠١، ص ٢٥٩.

3د. نعمان أحمد الخطيب: الوسيط في النظم السياسية والقانون الدستوري، ط١، الإصدار الثاني، دار الثقافة، الأردن، ص٣٤.

[4] د. هشام حکمت عبدالستار : سەرچاوەی پێشوو، ل ١.

[5] لاری دایموند: سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٢.

[6] د. خالد علیوی العرداوی: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠.

### ٧. لاوازی خەسڵەتی فیدراڵی لە پێکهاتەی دادگای باڵای فیدراڵی لە عێراقدا:

دەستوری عێراق لە برگەی دوو مادەی (٩٢) دەقی هێناوە لەسەر پێکهێنانی دادگای باڵای فیدراڵی بە پێی یاسایەکی ئەنجومەنی نوێنەران، وە لە مادەی (٩٣) دا دەسەڵاتەکانی دیاریکردووە، وە هەندێك لەو دەسەڵاتانەش پەیوەندیدارە بە سیتەمی فیدراڵی و سەرکەوتنی فیدراڵی لە عێراقدا وەك: دەسەڵاتی یەکلایکردنەوەی کێشەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی وحکومەتی هەرێمەکان وحکومەتی ناوخۆی پارێزگاکان، وە هەروەها چارەسەری ناکۆکیەکانی نێوان دەسەڵاتی دادوەری فیدراڵی وهەرێمەکان[1].

ئەوەی تێبینی دەکرێت پێکهێنانی ئەم دادگایە وژمارەی ئەندامەکانی وچۆنیەتی هەڵبژاردنیان بەجێهێڵدراوە بۆ یاسایەکی ئاسایی ئەنجوومەنی نوێنەران ئەویش یاسای دادگای باڵای فیدراڵی ژمارە (٣٠) ی ساڵی ٢٠٠٥ بوو. وە ئاشکرایە ئەم دادگایە رۆڵ وگرنگی خۆی هەیە لە بەدەست هێنانی هاوسەنگی نێوان هەرێمەکانی دەوڵەتی فیدراڵی عێراق پاشان پتەوکردنی بنەماکانی فیدراڵی وبەردەوام بوونی، وە تەنانەت هەندێ لە یاساناسان وەسفی ئەم دادگایەیان کردووە وەك دەستەی سیاسی سێیەم لەپاڵ ئەنجومەنی نوێنەران وئەنجومەنی هەرێمەکان لە فیدراڵی عێراقدا، بەڵام ئەوەی جێگەی رەخنەیە لەم بارەیەوە:

- ئەوەیە کە پێویست بوو تەواوی پێکهاتەی ئەم دادگایە بەپێی دەقە دەستورییەکان رێکبخرایە نەك بەپێی یاسا ئاساییەکان،
- وە یان دەسەڵاتیدەرکردنی ئەو یاسایەلە دەسەڵاتی هاوبەشی ئەنجومەنی نوێنەران وئەنجومەنی هەرێمەکاندا بووایە تاوەکو گرەنتیەکی یاسایی زیاتر هەبووایە بۆ بەشداری پێکردنی نوێنەری هەرێمەکان لەو دادگا فیدراڵیەدا[2].
- وە بەگوێرەی مادە (٣) ی یاسای ناوبراو لەپرسی دانانی ئەندامانی ئەم دادگایەهیچ رێژەیەکی دیاریکراو بۆ نوێنەری هەرێمە فیدراڵیەکان دەست نیشان نەکراوە.

### ٨. پێکنەهێنانی ئەو دەستانەی کەگەرەنتی جێبەجێکردنی سیستەمی فیدراڵی عێراقن:

لە هەردوو مادەی (١٠٥-١٠٦) ی دەستوری عێراقی دەق هاتووە لەسەر پێکهێنانی دوو دەستەی گشتی وەك دوو گەرەنتی بۆ باش جێبەجێکردنی سیستەمی فیدراڵی لە عێراقدا، کە مادەی (١٠٥) باس لە پێکهێنانی دەستەیەکی گشتی لە نوێنەری حکومەتی فیدراڵی وهەرێمەکان و پارێزگاکان دەکات، بۆ زامنکردنی ماف هەرێمەکان و پارێزگاکان کە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بەشدارییان پێبکرێت لە بەرێوەبردنی دامودەزگا جیاوازەکانی حکومەتی فیدراڵی وە لە زەمالەی خوێندن وە لەناو شاند وکۆنگرە هەرێمی ونێودەوڵەتیەکاندا[3]. وە مادەی (١٠٦) باس لە پێکهێنانی دەستەیەکی گشتی دەکات لە کەسانی شارەزا ونوێنەری حکومەتی فیدراڵی وهەرێمەکان و پارێزگاکان، بەمەبەستی

---

[1] مادەکانی (٩٢،٩٣) ی دەستوری عێراقی ٢٠٠٥.

[2] د.شۆرش حسن عمر: الدعائم الاساسیه للدوله الفدرالیه، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨١.

[3] مادەکانی (١٠٥) ی دەستوری عێراقی ٢٠٠٥.

هەواڵنامەی کتێب

چاودێریکردنی چۆنیەتی تایبەتکردنی داهاتی فیدراڵی ئەویش لە ڕێگای لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ دابەشکردنێکی دادپەروەرانەی قەرز وبەخشین ویارمەتیە نێودەوڵەتیەکان لە نێوان هەرێم و پارێزگاکاندا، هەروەها بەدواداچوون بۆ باش بەکارهێنان و دابەشکردنی داهاتی دارایی فیدراڵی وە زامنکردنی دادپەروەری لە کاتی تایبەتکردنی سەرمایە ودارایی بۆ حکومەتی هەرێم وپارێزگاکان[1]. بەلاّم ئەوەی شایەنی تێبینی کردنە ئەو دوو دەستەی کە ئاماژەمان پێدا پێویستیان بە دەرچوواندنی دوو یاسا هەیە لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە بۆ پێکهێنانیان بەلاّم تا ئێستا هیچ کام لەو دوو دەستەیەیاسای بۆ دەرنەچووە و دروست نەبوون لە کاتێکدا کە ئەم دەستانە دەستەبەری جۆرێك لە گەرەنتی دادپەروەری دەکات لەڕووی کارگێری وداراییەوە لە نێوان هەرێم وپارێزگاکاندا لە چوارچێوەی حکومەتی فیدراڵی عێراقدا.

[1] مادەکانی (١٠٦) ی دەستوری عێراقی ٢٠٠٥.

هەواڵنامەی کتێب

## کۆتایی توێژینەوەکە

لەئەنجامدا توێژینەوەکە بە کۆمەڵێك دەرئەنجام وڕاسپاردە کۆتایی دێت.

**یەکەم : دەرئە نجامەکان :**

١. سیستەمی فیدراڵی شێوەیەکە لە شێوەکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی کە لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و ڕێزگرتنی شوناسە جیاوازەکان دادەمەزرێت و بەهۆکاری بەهێزبونی پایەکانی دیموکراتی لە وڵاتدا دادەنرێت کە بواری بەشداری کردنی زیاتر دەرەخسێنێت لە ئاستە جیاوازەکانی دەسەڵاتدا.

٢. لە چوارچێوەی سیستەمی فیدراڵی دا ئەگەر هاتوو لە سەر بنەمای خواستی ئازادانە بنیات بنرێت دەتوانرێت یەکێتی و فرە چەشنەیی تێدا ئاوێتە بکرێت ، وە ئامانج لە فیدراڵیەت گونجاندنە لەنێوان خواستی هاوبەشی و بەشداریکردن لە لایەك و پارێزگاریکردن لە یەك پارچەی سەربەخۆیی دەوڵەت لەلایەکی ترەوە.

٣. ئەزمونی فیدراڵی لە هەر دەوڵەتێکدا خەسڵەت تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام بە گوێرەی ئەو نەریتەن کە هەیە کۆمەڵێك بنەمای پێکهێنەری سیستەمی فیدراڵی هەن پێویستە بوونیان هەبێت، وە لە هەندێ وڵاتدا ئەو بنەمایانە بەشێوەی بەرچاو جێگیربوون و سیستەمی فیدراڵیەکەی لە قۆناغێکی سەقامگیریدایە و لە هەندێ وڵاتی دی بەپێچەوانەوە بنەماکانی جێگیرنەبوون و سیستەمی فیدراڵیەکەی بەتەواوەتی نەچەسپیوون.

٤. لە ڕووی پراکیتکەوە فیدراڵیەت زیاتر لەچوارچێوەی ئەوکۆمەڵگایانە پەیڕەو دەکرێت کە بەفرەیی ناسراوون، وە هەڵبژاردنی سیستەمی فیدراڵییش لەو کۆمەڵگایانەدا دەچێتە چوارچێوەی پراکتیزەکردنی ماف گەلان لە دیاریکردنی چارەنووس دا لەسەر ئاستی نێوخۆیی.

٥. گەلی کورد بەگەلێکی جیاواز دادەنرێت لە گەلی عەرەب لە عێراقدا کە خاوەنی زمان و نیشتیمان و فەرهەنگ و داب ونەریتی خۆیەتی، وەکویەکێك لەکەسەکانی پرەنسیپی ماف چارەی خۆنووسین دەتوانێت بەپشت بەستن بە بنەما نێودەوڵەتیەکان بڕیار لەسەر داهاتووی خۆی بدات لەسەر هەردوو ئاستی نێودەوڵەتی و نێوخۆیی.

٦. لەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حسێن و لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی بۆقۆناغی گواستنەوە لە ساڵی ٢٠٠٤ و دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ دا بژاردەی فیدراڵی پەسەندکرا، کە ئەمەش بە قۆناغێکی مێژووی دادەنرێت لە ژیانی سیاسی عێراقدا کە دەوڵەتی عێراقی لە شێوەیەکی ساکارەوە گۆڕی بۆ شێوە ئاوێتە.

٧. دەسەڵاتی یاسادانانی فیدراڵی عێراق کە لە ئەنجوومەنی نوێنەران وئەنجوومەنی فیدراڵی پێك هاتووە، تەنها ئەنجوومەنی یەکەمیان بە دەستور ڕێکخراوە بەڵام تەواوی پێکهاتە وئەندامێتی ودەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنی دووەم بەجێهێڵدراوە بۆ یاسایەکی ئاسایی، وە لە واقیعشدا تەنها ئەنجومەنی نوێنەران بوونی هەیە، کە هەموو ئەمانەش مانای لاوازکردنی سەنگی ئەنجومەنە فیدرالیەکەیە. لە کاتێکدا بەهێزبوونی ئەو ئەنجومەنە دەبێتە هۆی زامنکردنی ماف هەرێمەکان لە چوارچێوەی یاسا فیدراڵیەکان دواجاریش دەبێتە هۆی بەردەوام بوونی سیستەمی فیدراڵی لە عێراقدا.

٨. سەرەڕای ئەوەی کە دەستور، عێراقی وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی ناساندووە، بەڵام لە واقیعدا تەنها یەك هەرێمی فیدراڵی بوونی هەیە ئەویش هەرێمی کوردستانە، وە چەندین هەوڵی تر هەبووە بۆ پێکهێنانی هەرێمی

فیدراڵی تر لە چوارچێوەی دەقە دەستورییەکاندا بەڵام سەرجەم هەوڵەکان شکستیان پێهێنراوە، کە ئەم هۆکارە جۆرێك لەبێباوەڕی وناجێگیری بە سیستەمی فیدراڵی عێراق داوە.

٩. تێڕوانینی جیاوازی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان وحکومەتی عێراق سەبارەت بە سنورەکانی نێوانیان بووە بەهۆی جۆرێك لە ناڕوونی سنوری هەرێمی کوردستان وەتەنانەت یەکێکیشە لە کێشە هەستیارەکانی نێوانیان کە هەندێجار دەگاتە ئاستی ئامادەباشی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی چەکداری بەتایبەت لە ناوچە کێشە لەسەرەکان.

١٠. هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدراڵی لە عێراقدا تاوەکو ئێستابەهۆی کێشە سیاسیە ناوخۆییەکانی دەستورێکی تایبەت بەخۆی نییە کە دەربڕی بەرژەوەندی دانیشتووانەکەی بێت ودەسەلاتە هەرێمییەکانی ڕێك بخات، بەڵکو لە چوارچێوەی عێراقدا تەنها یەك دەستور بوونی هەیە ئەویش دەستوری فیدراڵی عێراقە، ئەم یەك دەستورییەش زیاتر لە خەسڵەتی دەوڵەتی سادە دەچێت نەك دەوڵەتی فیدراڵی.

١١. سەرەڕای جێگیربوونی فیدراڵیەت لە دەستوری عێراقدا، بەلام لەسەر ئاستی سیاسی وکۆمەلایەتی وەك چەمکێکی نامۆ وناجێگیر مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، بەجۆرێك کە پێکهاتە سەرەکییەکانی (کورد وسوننە وشیعە) تێڕوانینی جیاوازیان هەیە بۆی، بەتایبەت کوردەکان هێندەی ئارەزووی دەوڵەتی سەربەخۆیان هەیە هێندە ئارەزووی فیدراڵیەت ناکەن. هەر ئەمەشە وا لە فیدراڵیەتی عێراق دەکات کە لە داهاتوودا هەنگاوبنێت بە ئاراستەی دابەش بوون بۆ چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆ یان بۆ دەوڵەتێکی کۆنفیدراڵی.

١٢. عێراق بەهۆی پێگە جوگرافیەکەیەوە کە لە نێوان کۆمەڵێك دەوڵەتی دیکتاتۆریە، وە بەهۆی ئەو مێژووە پڕ لە وێرانکارییەی کە هەیبووە لەگەڵ سیستەمە سیاسیەکانی کە حوکمڕانی عێراقیان کردووە، وای کردووە دانیشتووان وسیاسیەکانیلەڕووی بەها وکردارەوە نامۆبن بە دیموکراتیەت. وە دامودەزگاکانی بەڕواڵەت دیموکراتین بەلام لە ناوەڕۆکدا زیاتر دیکتاتۆرین، ئەمەش هەڕەشەیەکە لەسەر داهاتووی فیدراڵیەتی عێراق چونکە بەردەوام بوونی فیدراڵیەت پێویستی بە زەمینەیەکی دیموکراتی جێگیر هەیە.

هەواڵنامەی کتێب

**دووەم: پێشنیارەکان:**

١. لەپێناو پێکهێنانی دەسەڵاتێکی یاسادانان لە عێراقدا کە خەسڵەتی فیدراڵەیەتی تیا بێت، پێویستە کاربکرێت بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنی فیدراڵی لەپاڵ ئەنجومەنی نوێنەراندا، کە پێکهاتە وئەندام ودەسەڵاتەکانی بە دەستور ڕێکبخرێت لەڕێی هەموارکردنی دەستورەوە نەك بەپێی یاسایەکی ئاسایی.

٢. لەڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن وخوێندن وسیمیناری زانستی وخولی ڕاهێنانی ناوخۆی ونێودەوڵەتیەوە، کاربکرێت بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری یاسایی وسیاسی لەسەر چەمك وبنەماکانی فیدراڵیەت ودیموکراتیەت لەلای سەرکردە سیاسیەکان ودانیشتوان وپێکهاتە جیاوازەکانی گەلانی عێراق.

٣. سەرجەم یاسا کارپێکراوەکانی عێراق بە دەستور ویاسا ئاساییەکانیشەوە پیاداچونەوەیان بۆ بکرێت وهەموار بکرێنەوە بە جۆرێك کە بگونجێن لەگەڵ بنەماکانی فیدراڵیەت ودیموکراتیەت کە نامۆن بەعێراق.

٤. پێویستە سەرکردایەتی سیاسیی کورد وپەرلەمانی کورستان کاربکەن بۆ دانانی دەستورێکی تایبەت بە هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدراڵی لە عێراقدا لە پێناو بەهێزکردنی پایەکانی فیدراڵیەت لە عێراقدا.

٥. حکومەتی هەرێمی کوردستان وحکومەتی عێراق پێکەوە کاربکەن بۆ جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) ی دەستور ویەکلایی کردنەوەی سنوری ناوچە جێناکۆکەکان لەڕێی ئاسایکردنەوەی ناوچەکان وئەنجامدانی ڕاپرسی تیایاندا، بەمەبەستی جێگیرکردنی سنوری هەرێمی کوردستان وجێگیر بوونی وەك هەرێمێکی فیدراڵی.

٦. کارکردن بۆ دروستکردنی هەرێمی فیدراڵی نوێ بەپێی دەستوری عێراق وە لابردنی ئاستەنگەکانی بەردەمیان، بەتایبەت دروستکردنی هەرێمی فیدراڵ بۆ ناوچە سوننە نشینەکان وناوچە شیعە نشینەکان.

٧. دەستوری عێراق وەك ئەوەی دەقی هێناوە لەسەر دامەزراندنی دادگای باڵای فیدراڵی وە دەسەلاتەکانی دیاریکردووە، پێویست بوو لەهەمان ئەو دەقە دەستوریانەدا ژمارەی ئەندامەکانی وچۆنیەتی هەڵبژاردنیان دیاری بکردبایە بە جۆرێك کە ڕەچاوی نوێنەرانی هەرێمە فیدراڵیەکانی تیادا بکردبایە، نەك ئەو کارەی بەجێ بهێشتایە بۆ یاسایەك کە ئەنجومەنی نوێنەران دەریبکات.

٨. دەسەلاتی یاسادانانی عێراق کاربکات بۆ دروستکردنی ئەو دوو دەستە گشتیەی کە لە دەستوردا ئاماژەیان پێدراوە لە مادەکانی (١٠٥-١٠٦) بەمەبەستی زیاتر زامنکردنی سیستەمی فیدراڵی لە عێراقدا، دەستەی گشتی یەکەم بۆ زامنکردنی بەشداری دادپەروەرانەی نوێنەری هەرێم وپارێزگاکان لە دامودەزگا فیدراڵیەکان و شاندە نێودەوڵەتیەکان، وە دەستەی دووەم کە تایبەتە بە نوێنەری حکومەتی فیدراڵی وهەرێم وپارێزگاکان بۆ چاودێری کردنی چۆنیەتی تایبەت کردن ودابەشکردنی داهاتی دەوڵەتی فیدراڵی

هەواڵنامەی کتێب

## الخلاصة

## الفجوات الدستورية للنظام الفدرالي في العراق والعقبات أمامه

إن النظام الفدرالي له أهمية خاصة، في الوقت الحالي وخصوصاً في المجتمعات متعددة القومية. وكما الواضح لدينا إنا لفيدرالية تقوم على توزيع السلطات بين الحكومة الفيدرالية و حكومات الأقاليم ولذلك تؤدي الفدرالية إلى تسوية النزاعات الداخلية بين القوميات المختلفة ثم توفير الوضع القانوني والسياسي الملائم لتحقيق الإتحاد و التعددية في الوقت نفسه. دولة العراق كدولة متعددة قوميةو مذهبية بعد إطاحة نظام صدام حسين في العام ٢٠٠٣و في إطار قانون إدارة الدولة العراقية للمرحلة الإنتقالية لعام٢٠٠٤ و في دستور العراق للعام ٢٠٠٥ أيضاً، حدد النظام الفدرالي كنظام الحكم في العراق. وبعد مقارنة النظام الفدرالي في العراق والدستور العراقي لعام٢٠٠٥ والواقع الفدرالي في العراقي مع النظم الفدرالية الأخرى في العالم، يتضح لنا إن النظام الفدرالي في العراق فيها ثغرات وعوائق دستورية و قانونية وواقعية وفي حالة إستمرار هذه الثغرات والعوائق تؤدي إلى نتائج سلبية بالنسبة للفيدرالية في العراق ويتوجه الفدرالي العراقي الي الفشل و مستقبل غير واضح وتقسيم العراق الى الدول المتعددة.

## Abstract

## The Constitutional gaps in Iraq federal system and the obstacles ahead

The federal system is particularly important ،at this time ،especially in the multi-national communities. As is clear to us The Federal is based on the distribution of powers between the federal government and regional governments. Therefore the federal lead to the settlement of internal conflicts between the various nationalities Then Providing legal status and political Appropriate to achieve the Union and pluralism at the same time. State of Iraq as a multi-national and sectarian ،after the overthrow of Saddam Hussein's regime in 2003. In the framework of the law of the interim administration of Iraq in 2004 and in the Constitution of Iraq in 2005 also select the federal system as a system of government in Iraq. After comparing the federal system in Iraq ،the Iraqi Constitution of 2005 and Federal Iraqi Reality With other federal systems in the world ،Clear to us The federal system in Iraq ،where gaps and obstacles to constitutional and legal and factual In the case of the continuation of these gaps and barriers Lead to negative results For federalism in Iraq The head of the Iraqi federal failure and the future is unclear And the division of Iraq into multiple states .

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: کتێب بەزمانی عەرەبی


١. آرنت لبيهارت ، الديمقراطية التوافقية في مجتمع متعدد، ت:حسني زينة، معهد الدراسات الاستراتيجية، الطبعة الاولى ، بغداد ٢٠٠٦

٢. أريان محمد علي، الدستور الفدرالي، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية ، ٢٠٠٩

٣. د. اسماعيل الغزال: الدساتير والمؤسسات السياسية، مؤسسة عزالدين للطباعة و النشر، بيروت، ١٩٩٦

٤. اندرية هوريو، القانون الدستوري و المؤسسات السياسية، ترجمة:علي مقلد وآخرون، دار الأهلية للنشر و التوزيع، بيروت، ١٩٧٧

٥. د. جزا توفيق طالب: المقومات الجيوبوليتكية للأمن القومي في اقليم كردستان، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٥

٦. جلال طالباني: كردستان، فدرالية عملاقة ولامجال لمناطحتها، مقال ورد في كتاب: عن الفدرالية الاتحادية، والوحدة الوطنية العراقية

٧. جورج أندرسون، مقدمة عن الفدرالية، منتدي الاتحادات الفدرالية (منتدى الأنظمة الفدرالية الناشر) ، ٢٠٠٧

٨. خالد قباني: اللامركزية ومسألة تطبيقها في لبنان، ط١، منشورات عويدات، بيروت، ١٩٨١

٩. د. خليل اسماعيل محمد، اقليم كوردستان العراق (دراسات للتكوين القومي للسكان) ، مطبعة جامعة صلاح الدين ، الطبعة الثانية، أربيل، ١٩٩٨

١٠. د. دهام محمد العزاوي، الاحتلال الامريكي للعراق وأبعاد الفدرالية الكردية، ط١، الدار العربية للعلوم، بيروت، ٢٠٠٩

١١. شؤرش حسن عمر، حقوق الشعب الكوردي في الدساتير العراقية، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٥

١٢. د. شؤرش حسن عمر، خصائص النظام الفدرالي في العراق، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٩،

١٣. د. عادل الطبطائي:النظام الاتحادي في الامارات العربية، مطبعة القاهرة الجديدة، ١٩٨٧

١٤. د. عبدالكريم علوان:النظم السياسية والقانون الدستورى، ط١، الإصدار الثاني، دار الثقافة للنشر والتوزيع ، عمان، ٢٠٠١

١٥. عزيز الحاج، القضية الكوردية في العراق التأريخ و الافاق، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، الطبعة الاولى، ١٩٩٤

١٦. د. عصام سليمان، الفدرالية والمجتمعات التعددية في لبنان، دار العلم للملايين، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٩١

١٧. غانم محمد صالح، الفدرالية وقرار تطبيقها في العراق ، دار الشؤون العربية، ٢٠٠٦

١٨. غسان العطية، العراق نشأة الدولة ١٩٠٨– ١٩٢١، ت: عطا عبدالوهاب، لندن، ١٩٩٨


هەولێرنامەی کتێب

١٩. لاری دایموند، الدیموقراطیة، تطویرها و سبل تعزیزها، ترجمة :فوزیة ناجي جاسم، دار المأمون للترجمة والنشر، بغداد، ٢٠٠٥

٢٠. لطیف مصطفی أمین، الفدرالیة و آفاق نجاحها في العراق، مطبعة سردم، الطبعة الاولی، السلیمانیة، ٢٠٠٧،

٢١. د. محمد عبدالمعز نصر، في النظریات والنظم السیاسیة، دار النهضة العربیة، بیروت، ١٩٧٣،

٢٢. د. محمد علي آل یاسین، القانون الدستوري (المبادیء الدستوریة العامة) ، المکتبة الحدیثة للطباعة و النشر، الطبعة الاولی ، بیروت

٢٣. د. محمد عمر مولود: الفدرالیة وامکانیة تطبیقها في العراق، مؤسسة موکریان للطباعة و النشر، کوردستان العراق– اربیل، ٢٠٠٠

٢٤. د. محمد مجذوب، القانون الدستوري و النظام السیاسي في لبنان، مشنورات الحلبي الحقوقیة، بیروت، ٢٠٠٢

٢٥. د. محمد هماوند، الفدرالیة والحکم الذاتي و اللامرکزیة الاداریة و الاقلیمیة، مؤسسة موکریاني للطباعة والنشر، الطبعة الثانیة، أربیل، ٢٠٠١،

٢٦. د. منذر الفضل، دراسات حول القضیة الکوردیة ومستقبل العراق، ط٢، ئاراس للطباعة و النشر، أربیل، ٢٠٠٤

٢٧. د. نعمان أحمد الخطیب: الوسیط في النظم السیاسیة والقانون الدستوري، ط١، الإصدار الثاني، دار الثقافة، الأردن

٢٨. د. یحیی الجمل: الأنظمة الساسیة المعاصرة، دار النهضة العربیة، بیروت

٢٩.

**دووەم :کتێب بەزمانی کوردی:**

١– ڕۆناڵد ل. واتس، سیستەمە فیدراڵیەکان، یانەی فیدراسیۆنەکان، تۆڕی جیهانی لەسەر فیدالیزم، ئۆتاوا

٢– د. حسین محمد عزیز، فیدراڵیزم و دەوڵەتی فیدراڵ، چاپخانەی سیما، چاپی سێیەم، سلێمانی، ٢٠٠٤

٣–

**سێیەم :نامەی ماستەروتێزی دکتۆرا.**

١– أمین فرج شریف، المواطنة ودورها في تکامل المجتمعات التعددیة (المجتمع العراقي نموذجا) ، رسالة ماجستیر، جامعة صلاح الدین، کلیة العلوم السیاسیة، أربیل، ٢٠٠٦

٢– کارزان عزت حسن، الاساس القانوني الدولي لحق الشعب الکوردي في تقریر المصیر (کوردستان العراق نموذجاً) ـ رسالة ماجستیر، جامعة السلیمانیة، کلیة القانون، ٢٠٠٧

**چوارەم : سەرچاوەئەلیکترونیەکان.**

١– د. خالد علیوي العرداوي، توزیع الاختصاصات و المسؤولیات في النظم الفدرالیة و الواقع الدستوري العراقي، بحث منشور علی الموقع الکتروني، www. fcdrs. com

پێنجەم :لیستی بلاوکراوەو گۆڤارو کۆنفرانسە زانستیەکان.

هەواڵنامەی کتێب

١. أزهار عبدالكريم الشيخلي، اللامركزية السياسية والهيئات الاتحادية، مجلة الاوراق العراقية، مركز الفجر للدراسات و البحوث العراقية، بغداد، العدد (١٤) ، ايلول ٢٠٠٥

٢. د. جەزا توفيق تالليب، سنوری هەرێمی کوردستانی عێراق، گۆڤاری سیاسەتی دەولی، ژمارە (٢) ، ساڵی هەشتەم، ٢٠٠٠

٣. د. خالد سعيد توفيق: العنصر المفقود في الفدرالية العراقية، ورقة بحثية قدمت الى المؤتمر العلمي الاول في كلية القانون و السياسة بجامعة صلاح الدين حول الفدرالية في العراق — الواقع و المستقبل ٢٠١٠

٤. د. خالد عيلوي العرداوي: الفدرالية و الديمقراطية التوافقية و معطيات الواقع العراقي، ورقة بحثية قدمت الى المؤتمر العلمي الاول في كلية القانون و السياسة بجامعة صلاح الدين حول الفدرالية في العراق — الواقع و المستقبل ٢٠١٠

٥. د. رشيد عمارة ياس، إشكالية الفدرالية في الدستور العراقي، ورقة بحثية قدمت الى ندوة قراءات نقدية لمسودة الدستور العراقي ٢٠٠٥، جمعية الثقافة للجميع، بغداد، ٢٠٠٥

٦. د، شۆرش حسن عمر: الدعائم الاساسية للدولة الفدرالية، مجلة (زانكوى سليمانى) ، العدد (٢٩) حزريان ٢٠١٠، قسم الدراسات الانسانية،

٧. د. طه حميد حسن و سميه غالب زنجيل: الفيدرالية في العراق بين النصوص الدستورية و التشريعية والواقع السياسي . ورقة بحثية قدمت الى المؤتمر العلمي الاول في كلية القانون و السياسة بجامعة صلاح الدين حول الفدرالية في العراق — الواقع و المستقبل ٢٠١٠

٨. د. هشام حكمت عبدالستار: فدرالية العراق، قراءة سياسية لنصوص الدستور النافذ، ورقة بحثية قدمت الى المؤتمر العلمي الاول في كلية القانون و السياسة بجامعة صلاح الدين حول الفدرالية في العراق — الواقع و المستقبل ٢٠١٠

شەشەم: دەستورو یاسانێوخۆییەکان.

١. دەستوری عێراقی ساڵی ١٩٥٨.

٢. دەستوری کاتی عێراقی ساڵی ١٩٧٠.

٣. پرۆژەی دەستوری عێراقی ساڵی ١٩٩٠.

٤. یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی بۆقۆناغی گواستنەوە ساڵی ٢٠٠٤

٥. دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥

٦. پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان ساڵی ٢٠٠٦

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

KTRC 2004
دەستەی کوردستانی
بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی

KURDISTAN ACADEMICS ASSOCIATION
KAA
کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کوردستان
KURDISTAN ACAMECS ASSOCIATION

# گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان

# فەلسەفەکردن و گـــەڕان بەدوای بنچینەدا

د. ئازاد حەمە
مامۆستای فەلسەفە لە زانکۆی سلێمانی

**پێشەکی:**

بەپێیەوەی فەلسەفەکردن کردەیێکی ئەقڵی ئاڵۆزە ، کردەیێکی هەڕەمەکی بیّ بناغە نییە و بگرە کردەیێکی دژوار و نائاسانە و خاوەنی ڕێسا و ڕێڕەوی تایبەت بە خۆشیەتی و گرینگی خۆشی لە مێژووی فەلسەفەدا هەمیشە هەبووە. لەم بارەیەشەوە شارستانییە جیاکان وتنی خۆیان هەیە و بارودۆخی دەرکەوتنی فەلسەفەش وەك بەشێك لە پرۆسەی گفتووگۆکردنی کردەی فەلسەفەکردن دەزانن لێرەوە دەرگا لە ماف بۆ فەلسەفەکردن دەکەینەوە و ئەو تێزە دەخەینەڕوو کە هەستی ماف بۆ فەلسەفەکردن لای مرۆڤ لەگەڵ دەرکەوتنی فەلسەفە نەشونمایکردوە و هەوێنی سەرەکی کردەی فەلسەفەکردنیش بووە. بۆئەوەی ئەم لایەنەش لەئاستێکی بەریندا ڕاڤەکەین لێکۆڵینەوە لە ڕیشەی ئەم کردەیە دەکەین و پێشینەی دەرکەوتنی کردەی ناوبراو دەبێتە مایەی ئەم توێژینەوەیە. ئەمەش لەسەر ئەو بناغەیەی ماف بۆ فەلسەفەکردن دەرفەت لەبەردەم تیۆریزەکردن دا دەکاتەوە و هەنگاوی یەکلاکەرەوانە بەرهەمدێنێ. ئەم مافە هەمیشە مافیشە بۆ گەڕان بەدووی بنچینەی شتەکان یان بەدیهێنانی شیکاری جیا بۆ ڕیشەی دەرکەوتن و دۆخی بوونی ئەو شتانە و ئامانج لە بەردەوامییان. بۆیە هێزبەخشین بە کردەی فەلسەفەکردن هێزبەخشینە بە توانای گەڕان بەدووی بنچینەی شتەکان کە چۆن بەمجۆرە هەن و بۆش بەمجۆرە پێکهاتوون.

وشەکلیلی توێژینەوەکە: فەلسەفە، فەلسەفەکردن، بنچینە، ماف، سرووشت، مانا، ئەقڵ، بوون. گرفتی توێژینەوەکە: دەردەکەویّ کە گرفتی گەڕان بەدوای بنچینە لە فەلسەفە هەمیشە خۆی وەك گرفتێکی سەرەکی فەلسەفە نیشانداوە بەڵام ئەم گرفتە لەو مافە دابڕاو نییە فەیلەسوف بەخۆیبەخشسیوە لە فەلسەفەکردن. کەواتە بۆئەوەی گەڕان بەدوای فەلسەفە ئامادەبیّ پێویستە کردەی فەلسەفەکردن بەردەوامبیّ. لەم کۆنتێکستەدا بنچینە ئەو شتەیە فەلسەفە لەڕێگایەوە ووتنی خۆی بەردەوام کردووە و ژیانی هزری خۆی پەرەپێداوە. ئەڵبەت ئەوەش کە گەڕانی فەلسەڤ بەرهەمی کارکردنێکی ئەقڵییە. گرنگی توێژینەوەکە: گرینگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە جەغت لەوەدەکا بیرکردنەوەی فەلسەڤ کردەیێکی خودییە و بەروبوومێکی هزری تووخمی مرۆڤ خۆیەتی و ئامرازێکی هۆشیاری باڵای ئەم تووخمەیە لەلایێك و، لەلایێکیتریش فەلسەفەکردن ئەزموونێکە لە بیرکردنەوە و بیرکردنەوەش کە فەلسەڤ دەبێت فەلسەفەیلێوە چەکەرەدەبیّ. بەمجۆرە فەلسەفەکردن لەدیدی ئەم توێژینەوەیەوە لەناو بیرکردنەوەدا دێتەدونیاوە و هەنگاوەکانی خۆی بەجۆرێك دەنێت کە ئەو لایەنەیە خودیەی باسکرا بەرجەستەدەکا. بۆیە ئەو قسانەی ئێمە لە دوتۆی ئەم توێژینەوەیەدا دەیکەین دەچنە خانەی قسەکردنە بێکۆتایەکانەوە.

ئامانجی توێژینەوەکە: ئامانجی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەو تێگەیشتنە پووختدەکاتەوە کە فەلسەفە ئەو شتەیە پرسیار لەسەر بوونمان و چارەنووسی ئێمە لەناو بوونا دەخاتەوە و ، ئەوەش بەردەوام یەکێك بووە لە پرسیارە هەرەسەرەتاییەکانی فەلسەفە.

فەلسەفەکردن ڕاماندێنێ لەسەر چۆنیەتی گەیشتن بەوەی بۆ فەلسەفە بنچینەیە. بۆئەوەی ئێمە بە بنچینە لە فەلسەفەدا بگەین پێویستمان بە بیرکردنەوەیە. لێرەوە دەڵێین بیرکردنەوە فەلسەفییەکان دەمانخەنە ڕۆنی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکانمان، بۆئەو کێشانەی فەلسەفە بە کێشەیان دەزانێ. بۆئەوەی ئەم کێشەیەش دەستنیشانکرێ پێویستمان بە مافە بۆ فەلسەفەکردن.

مێتۆدی توێژینەوەکە: بۆ خستنەڕووی توێژینەوەکە مێتۆدی شیکاری بەکاربراوە تا بیرکردنەوەی فەلسەفی وەك کردەیێکی گرینگی خودی، وەك مافێك بخرێتەڕوو .

پلانی توێژینەوەکە: بۆئەوەی ئەم توێژینەوەیە بە ئامانجی خۆیبگا توێژینەوەکە دابەشی چوار تەوەرە کراوە: یەکەم: باس لە ویستی فەلسەفەکردن و گەڕان دەکرێ. دووەم: قسە لە فەلسەفەکردن و ماف بۆ فەلسەفەکردن دەکرێ ، سێهەم:گەڕان بەدوای بنچینە وەك پەرچەکردارێك دێتەپێشێ و چوارەم : باس لە مانای فەلسەفەکردن دەکرێ کە لە سرووشتی فەلسەفەدا ئامادەیە. لەکۆتایشدا بە خستنەڕوی چەند دەرئەنجامێك کۆتای بە توێژینەوەکە دەهێنرێ.

هەواڵنامەی کتێب

### ١. ویستی فەلسەفەکردن و گەڕان

هەمیشە بۆ فەلسەفەکردن ﴿ Philosophising – Philosophizing ﴾[١] پرسیاری بۆ؟ و چۆن؟ گرینگی خۆیانیان هەبووە. ئەو دەمەش دەپرسین "بۆ " دیارە مەبەستمان لەم "بۆ "یە هۆ و پرینسیپە[٢]. واتە، بۆ ئەو شتە وایە ؟ چۆن ئەو شتە وایە؟ چۆن من بووم ؟ بۆ من هەم؟ بۆ و بۆ و بۆ ؟؟؟؟ مانایان لە فەلسەفەکردندا زۆر

---

(١) – فەلسەفەکردن لە زمانەکانی تردا بۆنموونە لە زمانی سویدی بە Filosofera دصت و لەزمانی فەرەنسی بە Philosopher و لە زمانی ڕووسی بە философствовать و لە زمانی ئینگلیزی بە Philosophise (بە ئینگلیزی ئەمەریکی Philosophize) دێت. لەگشت ئەو زمانانەشدا لە ناوی فەلسەفەوە کرداری فەلسەفەکردن پێکدەهێنرێت ، هەروەك ئەوەی ئاماژەپێکرا. هەرچی فەلسەفەکردنە وەك ناو ، نەك وەك کردار، بە ڕووسی بە философствование و بە ئینگلیزی بە Philosophising (بە ئینگلیزی ئەمەریکی Philosophizing) و بە فەرەنسی بە Philosopher و بە سویدی بە Filosofering دێت. بۆنموونە کاتێك ئەم دێڕە بەمجۆرە بەکاردەبەین: فەلسەفە لەبارەی ئاگرەوە یان دەریاوە دەکەم یان فەلسەفە بەسەر هونەرەوە دەکەم لەو دێڕە جیایە بەمشێوەیەیە: فەلسەفەدەکەم تابگەم بە دەرهاویشتە بۆ کێشەی بوونی مرۆڤ.

ئەمەو جیاوازیش لەنێوان فەلسەفەکردن Philosophising و فەلسەفیکردن Philosophi'sation دا هەیە. چونکە فەلسەفیکردن ئەوە بۆ کردنی شتێکە بە فەلسەفە. بۆنموونە شتێك کە بە فەلسەفیدەکەیت، سیاسەت یان هونەر، ئەوەش تەقەلایکە بۆ سەپاندنی فەلسەفە بەسەر ئەو شتەدا. ئەو جیاوازیەش هێندەی ئاگامان لصبصت لەو زمانانەی لایسەرەوە بوونی هەیە و ئێمە بەخۆشمان ڕێکەوتی بەکاربردنی جیاوازی ئەو جۆرە گوزارانەمان کردوە کە سەرچاوە لە ناوی فەلسەفەوە دەگرن.

(٢) Roger Bishop Jones (Editor), Aristotle. The Metaphysics. W D Ross (Translator) . CreateSpace Independent Publishing Platform. 2012, p. 5.

بووە و لە پرسیارە مەغزائامێزەکانیشبوونە. فەلسەفە هەر لە سەرەتاوە ویستویەتی لەوە تێبگات چۆن؟ و بۆ ؟ مرۆڤ دەیەوێت لە بنچینەی شتەکان بگات. ئەو دەمەش فەیلەسوفان ئارەزووی بیرکردنەوەیان لە (بۆ) یەتی و لە (چۆن) یەتی گەیشتن بە بنچینەی شتەکان کردووە بە دەرهاویشتەی[1] پێویست و بیرۆکەی متمانەدار گەیشتوون. لەڕووی فەلسەفیشەوە ئەو پرسیارانەی لای تووخمی مرۆڤ کەڵەکەبوونە نەك هەر وەڵامییان دروستکردووە بەڵکو پرسیاری تر و بۆ و چۆنی پتری تریشیان لەگەڵ خۆیانهێناوەتە ناو فەلسەفەوە. ئێمە هەین و مرۆڤین نەك بەرد ، ئەم هەبوونە ، بەپێیئەوەی خاوەنی هوشیارین، دەتوانێ پرسیارمان لەسەر بچینەمان لادروستکات و لکان لە تێگەیشتنمانا لەنێوان بوونمان و بینینمان بۆ بوونمان بسازێنێ. ئەمەش مافێکی تیامانا دروستکردووە بەناوی ماف بۆ فەلسەفەکردن. ئەم مافە پێشگرتنەلەوەی هیچنەڵێین و لە هیچاڵینەبین. بەمشێوەیە، ماف بۆ فەلسەفەکردن دەرفەت لەبەردەم تیۆریزەکردن دا دەکاتەوە و هەنگاوی یەکلاکەرەوانە بەرهەمدێنێ. چونکە تووخمی مرۆڤ ئەم مافەی بۆخۆی وەدەستهێناوە تا لە بێهوودەی و دوودڵیەکان دەربازببێت و تێگەیشتن لەسەر ئەو شتانە لایخۆی پێکبێنێ کە واقوڕمانی تیاسازاندووە. بەدیوەکەی تری، ماف بۆ فەلسەفەکردن هەمیشە ماف بووە بۆ گەڕان بەدوای بنچینەی شتەکان یان بەدیهێنانی شیکاری جیا بۆ ڕیشەی دەرکەوتن و دۆخی بوونی ئەو شتانە و ئامانج لە بەردەوامییان. ئەوەی ئێمە پێویستمان بە هەناسەدانە و گەر دووچاری تەنگەنەفەسی بێین ناساغدەبین و دواتر ڕەنگە بمرین ئەمە لەخودیخۆیدا پرسیاری فەلسەڤ دەخاتەوە بەڵام ئەمە پرسیارخستنەوە نییە لەسەر مەرگ بەڵکو پرسیارخستنەوەیە لەسەرئەوەی بۆ دەبێت بە هۆی تەنگەنەفەسییەوە بمرین؟ هەناسە دەبێ چیبێت و بۆ دەبێ هەبێت یان پێویستمان پێیبێت؟ ئایا نەدەکرا مرۆڤ بێ هەناسەدان بژیت؟ ئەگەرچی ئێستا و ئەمڕۆ ئەم جۆرە پرسیارە فەلسەفیانە وەك پرسیارگەلێکی پزیشکی یان کارئەندامزانی تەماشادەکرێن و لەوەبوونەتەوە فەلسەفیبن بەس ئەم شێوە پرسیارانە و ماف بەخۆدان بۆ خستنەژێرپرسیاری هۆکارەکانی مانەوە و نەمانەوەی تووخمی مرۆڤ لەدێرزەمانەوە خۆیان وەك پرسیارگەلێکی فەلسەڤ نیشانداوە و بەشێکیشبوونە لە مافە فەلسەفیەکانی مرۆڤ. بۆیە پرسیارە فەلسەفیەکان لە گشت پرسیارەکان دێرینترن. پرسیارەکان سەرەتا فەلسەفیبوونە و دواتر ، دوای دروستبوونی زانستەکان (ماتماتیك، کیمیا، ڕەووشت، فەلەکناسی، زیندەوەرناسی، و. . . . .) و جیابوونەوەیان لە زانستی دایك (کە فەلسەفەیە) ، ناوی تر و ئاوەڵناوی دییان بۆ دامەزراوە. واتە سەرەتا فەلسەفەکردن گشتێتی بەخۆوە دیوە. بەڵام پاش ئەوەی پۆل پۆل ئەو زانستانە لە فەلسەفە جیابونەتەوە لەژێرناوی ئەو زانستەی پێکیانهێناوە پەرەیان بە بوونی زانستی خۆیان داوە و پرسیاری خۆیانیان کردوە. لێرەشەوە ووردە ووردە پرسیارەکان لە فەلسەفە ترازاون و هەر زانستە و ماڵی پرسیاری خۆی بەجیا چێکردووە. بۆنموونە، پرسیاری فیزیای بەجیا لە پرسیاری ڕەووشتی ، هەروەها پرسیاری ماتماتیکی بەجیا لە پرسیاری جوانکاری یان فەلەکی هاتۆتەسازاندن و سەرگەرمی شیکارسازی و پرسیارخستنەوەی

---

(١) – سەیرە ڤیتگنشتاین لە پەرەگراف ٥٩٩ ی کتێبی"" لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکان""دا جەغتلەوەدەکات فەلسەفە دەرهاویشتە بەدەستەوەنادات. بڕوانە ئەم سەرچاوەیەی لایخوارەوە:

Ludwig Wittgenstein. Filosofiska undersökningar. Översättning: Anders Wedberg. Bokförlaget Thales. 1996 ، §599 .

خۆیانبوونە. بەس ئەمە پرۆسەی فەلسەفەکردنی نەوەستاندووە. فەلسەفەکردن هەر بەردەوامە چونکە ئێمەی مرۆڤ بەردەوامین، چونکە ژیان بەردەوامە و تێگەیشتن لە بنچینەی شتەکانی ناو بوونمان درێژەی هەیە. ئەمەش دیسانەوە لەسەرلەوە نیشانەیە کە ماف بۆ فەلسەفەکردن بەردەوام و بایەخدارە. لەم بارەیەشەوە بیرمەندی یۆنانی ئەریستۆ Aristotle گرینگی خۆی هەیە، واتە کە بنەچەی فەلسەفە گفتووگۆدەکەین پێویستمان بە ئاوڕدانەوەیە لە ئەریستۆ ، لە گفتووگۆی ئەریستۆ لەبارەی میتافیزیکەوە، لەبارەی ئەوەی کە میتافیزیك لەبارەی چییەوەیە؟[١] ، ئەمە پرسیارە ڕیشەییەکەی ئەم بیرمەندەیە، ئەو پرسیارەیە ئەریستۆ بەرەو گفتووگۆی زانین، بوون، دانای، پرینسیپ و هۆ دەبا. ئەمەش بەخۆی گەڕانە بەدوای سرووشتی فەلسەفە یان سروشتی فەلسەفە چییە؟ ئەو پرسیارەی ئەریستۆی سەرقاڵکردبوو[٢]. ئەوی لێرە جێی تێڕامانە ئەوەشە کە گشت بایەخی هایدیگەریش بە ئەریستۆ لەوێوە دەستپێدەکا کە چۆن ئەم بیریارە یۆنانییە جۆرە بایەخێکی نوێی بە فەلسەفە داوە، هەروەها ئەوەش کە تەماشاکردنی ئەریستۆ بۆ فەلسەفە وەك جۆرێك لە زانست ، ئێپستم[٣]، جێیسەرنجیەتی. تەنانەت لای ئەریستۆ زانستەکانی تریش وەك فیزیا و ماتماتیك دەتوانرێ بە فەلسەفە ناونرێن و جیان لەوی پێیدەوترێ فەلسەفەی یەکەم[٤]. گومانیناوێ کە ئەریستۆ لەڕێگای ڕوونکردنەوەی جیاوازی دانایی لە زانینەکانی تر بە ڕیشەی فەلسەفە ئاشنامانەدەکا. ئەمەش بەپێیئەوەی دانایی لای ئەم بیرمەندە زانینە لەبارەی هەندێ پرینسیپ و هۆکار[٥].

بۆئەوەی لەسەر ئەوی لایسەرەوە دەرگامان لێکردەوە بەردەوامبین ئاماژەبەوەدەکەین ئەو تێڕامانە فەلسەفیانەی لێرە دەیخەینەڕوو قوورسایدەخەنە سەر ڕوونکردنەوەی کردەی فەلسەفەکردن و ئامانجی ئەم کردەیە لە گەڕان بەدووی بنچینەکان دا. لێرە و لەم کۆنتێکستەدا بنچینە ئەو شتەیە فەلسەفە لەڕێگایەوە ووتنی خۆی بەردەوام کردووە و ژیانی هزری خۆی پەرەپێداوە. ئەو گەڕانە ڕێنومای مێتاوەتەکایەوە چۆن لە بنەڕەتی، لە ڕیشەی ، خۆمان و ئەوانەش بە ئێمەوە گرێدراون حاڵیبین. کەوابێت، بمانەوێت و نەمانەوێت فەلسەفە لەڕێگای ئەو گەڕانەوە خەسڵەتەکانی خۆی بەیانکردووە و ئەوەشی ڕوونکردۆتەوە بۆ هەیە. دیارە هەبوونی فەلسەفە تاهەنووکەش بۆ زۆرینە هەرس نابێت و لەگەلێڕووشەوە ئەو هەرسنەکردنە لقوپۆپی زۆری لێبوەتەوە. بەڵام بەپێئەوەی فەلسەفە پرۆسەیێکە لەناو مرۆڤەکان و لەنێوانیانیشدا ئامادەیە[٦] ئەمە وایکردووە فەلسەفە بڕینەوەی نەبێت ، یان بڕانەوەی فەلسەفە بە بڕانەوە و نەمانی مرۆڤەوە گرێدرێتەوە. هەر تایبەت بەم لایەنە دەشێ نموونەیێك بێنینەوە. فەلسەفە و مرۆڤ وەك دار

---

(١) Aristotle's Metaphysics. Trans. Joe Sachs. 2nd ed. Santa Fe ،N. M. : Green Lion ،2002 ،p ، .xvi.

(٢) Aristotle's Metaphysics. Translated with an introduction by H. Lawson-Tancred. Penguin 1999 ،P. 3 .

(٣) Charlotta Weigelt. Om Aristoteles nytta och skada för filosofin . filosofisk tidskrift ،Stockholm. 2006 ،nr 2 ،s. 5

(٤) Charlotta Weigelt. Om Aristoteles nytta och skada för filosofin . filosofisk tidskrift ،Stockholm. 2006 ،nr 2 ،s. 6 .

(٥) Aristotle. The Metaphysics. Roger Bishop Jones (Editor ، (W D Ross (Translator) . CreateSpace Independent Publishing Platform. 2012 ،p. 3 .

(٦) Richard E. Creel. Thinking Philosophically: An Introduction to Critical Reflection and Rational Dialogue. Wiley-Blackwell; 2001 ،p15 .

و بەرەکەی وایە. ئەو کاتەی دارەکە بنەبڕدەبێت یان لە بێ ئاوی وشکدەکات و یاخودیش لەئاکامی ڕووداوێکەوە دەسووتێت ئیتر قسە لە بەری ئەو دارە دەبڕێتەوە و کەس بیری بۆ بەروبوومی دارەکە ناچێت. لێ بەپێیەوەی مرۆڤ لەئێستادا بێ بڕانەوە خۆی نیشاندەدات و بوونی خۆی بەلاوە مەبەستدارە فەلسەفە ناکارێ خۆی لە بوونی ئەم مرۆڤە خافڵکات. خافڵنەبوونی فەلسەفە لە بوونی مرۆڤ دەرگا لە مافێکیش دەکاتەوە بەناوی ماف بۆ فەلسەفەکردن. ئەم مافە ڕۆژانە لقوپۆپدەهاوێتە ناو ژیانی مرۆڤ و سیما و خەسڵەتەکانی ئەو ژیانە ڕاڤەدەکات. ئەوی ئەو مافە بۆ مرۆڤ دەستەبەردەکات هوشیاریەتی. ئەم هوشیاریە زانین لەسەر بوونی ماف بە تووخمی مرۆڤ دەدات. واتە هوشیاری لای مرۆڤ یەکەم هەنگاوە بۆ دروستبوونی هەستی ماف بۆ فەلسەفەکردن. هوشیاری کە ماف بۆ فەلسەفەکردن لای تووخمی مرۆڤ فەراهەمدەکات مرۆڤ لە گشت بوونەوەرەکانی دی جیادەکاتەوە. کەوابێت پێوەندییێکی ڕیشەیی لەنێوان بوونی مرۆڤ، بەمرۆڤبوون، و هوشیاری و کردەی مافی فەلسەفەکردندا هەیە. بەمجۆرە بێت شێت کە ئەقڵی لەدەستداوە (یان خاوەنی هوشیاری نییە) مافی فەلسەفەکردنی نییە؟ یاخود فەلسەفەکردن مافێکە تەنیا بۆ ئەقڵدارانە (هوشیاران) ؟ لەڕێگای ئەم پرسیارەوە دەکرێ بگەینە ئەو تێگەیشتنەی فەلسەفەکردن مافێکە بۆ ئەوانەی بەتەندروستن. شێت کە ئەقڵی لەدەستداوە ناتوانێ پرسیارە بنچینەیەکان شیکارکات و توانای سازاندنی پرسیاریشی نییە. لێرە مەبەست پرسیاری فەلسەفییە. چونکە شێت ، بەدڵنیایەوە ، دەتوانێ بپرسێت. بۆنموونە دەتوانێ بپرسێت بۆ ئاوم نادەیتێ؟ ئەمە پرسیارێکی سادەی بێهزرە کە شێت دەکارێ بیکات، بەس شێت ناکارێ و توانای ئەوەی نییە پرسیاری هزرئامێز بسازێنێ. بەس ئەوە پرسیاێکی زێدە فەلسەفییە کە شێت بکارێت بپرسێت بۆ شێتم؟ یان بۆ شێتبووم؟ ئەفسووس شێت کە شێت دەبێت توانای ئەم شێوە پرسیارکردنانەی لادەبڕێتەوە. شێت لەم حالەتەدا وەك ئەو دارە سوتاو یان وشەکەوەبووە وایە لای سەرەوە باسمانکرد کە لەبەربوەتەوە. بەس بەو جیاوازیەی شێت دەکرێ چارەسەرکرێت، واتە بەتەندروستکرێت و دواتر بخرێتەناو کۆمەلگەوە تا توانای پرسیارسازی تیابڕسکێنرێت. بەلام پێشمانوایە ئەوەی کە شێت هەیە، یان خودی دیاردەی شێتبوون مەسەلەیێکی ئالۆزی فەلسەفییە. چونکە خودی بابەتی ئەقڵبوون و نەبوونی ئەم ئەقڵە باسێکی فەلسەفی دێرینە و فەلسەفە خۆی بە خاوەنی ئەمجۆرە باسانە دەزانێ و ئەرکی جۆراوجۆریشی لەئەستۆگرتووە تا دیاردەی شێتی ڕاڤەکات.

## ٢. فەلسەفەکردن و ماف بۆ فەلسەفەکردن

بەپێی ئەو سێرکردنانەی لایسەروە بێت ماف بۆ پرسیارکردن و سازاندنی پرسیاری فەلسەفی کردەیێکی بەتەندروستانەی هوشیارئامێزە. چونکە هوشیارئامێزیەکە چرکەی خستنەژێرپرسیاری فەلسەفی فەراهەمدەکات و گەڕان لە بنچینەی شتەکان دەکات بە ئامانج. بۆیە مەبەستی ئێمە ، لەبنەڕەتدا، لە کۆنتێکستی ئەم توێژینەوەیەدا لە دەستەواژەی فەلسەفەکردن و گەڕان بەدوای بنچینەدا بۆ جەغتکردنە لەسەر ئەوەی فەلسەفەکردن کردەیێکی تایبەتە و ئاسۆی بیرمان بەریندەکات و لەسەر گەڕان و خولانەوەی بێووچان بەدووی وەلام بۆ بنچینەی شتەکان ڕامانده‌ێنێت. ئەمەش وادەکات فەلسەفە خۆی بە چەندوچۆنەوە کۆتوبەندکات. بیریشماننەچێت تا ئێمە مرۆڤ بین بۆ فەلسەفە هەمیشە زەمینە بۆ چەندوچۆنکردن بەرکەماڵە. ئەمەش تەنیا لەو پێویستیەوە دێت کە ڕۆژانە فەلسەفە سەرنجڕاکێشدەکات. ئیدی پێویستیمان بۆ فەلسەفە دەمانخاتەناو زۆنی فەلسەفەکردنەوە. واتە فەلسەفەدەکەین

چونکە پێویستی بۆ ئەم فەلسەفەکردنەمان لەئارادایە. وەکیتر، بێ هۆ نییە فەلسەفەکردن و سەرچاوەی ئەو مافەی لەپشت فەلسەفەکردنەوەیە. گەر دوژمنانی فەلسەفە هیچ گرینگییێك بۆ ئەم فەلسەفەکردنە نابیننەوە لەبەرئەوەیە نایانەوێت لە بوونی خۆیان حاڵیبن و لەوەش دەترسن نەبا فەلسەفەکردن لە بنچینەی شتەکان بەئاگایانبێنێت. ئەمەش بەپێئەوەی فەلسەفە لێماننەگەرێت شتەکان چۆنن هەرئاوا تێیانبگەین وەکئەوەی هەن. بەڵکو فەلسەفە بۆ؟ ئاوابیبوونەکەی شتەکانی بەلاوە زێدە مەبەستە. بۆ فەلسەفە ئەوەندەی گرینگە بۆ دەمرین؟ ئەوە گرینگ نییە چۆن دەمرین؟ هەروەها بۆ فەلسەفە هیچکات ئەوە زیادلەپێویست گرینگ نییە بۆ حەزمان لە ژیانە؟ بەس ئەوەی بۆ لە مەرگ دەترسین؟ هەمیشە پرسیارصُکی وروژێنەر و خۆتازەکەرەوەی فەلسەفییە. ئەمە مانای ئەوە نییە مافی فەلسەفەکردنمان بەسەر ژیانەوە نییە. هەروەها بەو مانایش نایێت ژیان بۆ فەلسەفە ئامانج نییە. ئەوەی لەگشت ئەوانە بۆ فەلسەفە مەزنترە ئەوەیە کە فەلسەفە نایەوێت سەرگەرمی پرسیارە ڕوکەش و واڵاکانمانکات. ئەمە وادەکات بلێین لەمیانەی ماف بۆ فەلسەفەکردنەوە پشکنین و لێپرسینەوە ببن بە مەرام و ، سەپاندنی فاکتە و سەلمێنەکان ببن بە ئامانج. هیچکات ئەمانەش بەرهەمنایێن گەر فەلسەفە سەرگەرمی چەندوچۆنکردن نەبێت. هەربۆیە پێویستە لەوەبەئاگابین کە لەگەڵ بابەتی فەلسەفە دەکەوینەناو چەندین پرسیارەوە (فەلسەفە چییە؟ فەلسەفە چی دەکا؟ فەلسەفە چی پێدەکرێ؟)[1] گومانیشی ناوێ بۆئەوەی لە ماف بۆ فەلسەفە بگەین پێویستمان بەوەیە لەوەبگەین لەکوێ ئەم مافە شوصُن بەخۆی دەگرێ؟[2] بەڵام پرسیاری ماف بۆ فەلسەفەش پرسیارگەلێکی تر دەوروژێنێ (فەلسەفی چییە؟ کێ فەیلەسوفە؟ فەیلەسوف چییە؟ کێ مافی بۆ ئەوە هەیە کە پێدەڵێن فەلسەفی philosophical؟) کە ئەم پرسیارانەش گرینگیان بۆ تێگەیشتن لە چییەتی فەلسەفە؟ هەیە[3]. ڕاستە فەیلەسوف ئەو کەسەیە کە پێویستە پرسیار لەخۆی بکات لەسەر چییەتی فەلسەفە[4] بەڵام فەلسەفی چییە؟ کێ فەیلەسوفە؟ ئەمانە پرسیارگەلێکن بە خودی واتای فەلسەفەوە گرێدراون[5] تا شتێکیتر.

سەرباری ئەوی لایسەرەوە وترا، فەلسەفەکردن بێ چەندوچۆن ناژیت. فەلسەفەکردن بۆئەوە هەیە تا ئەو چەند و چۆنانە یەکلاکاتەوە و ڕیشەی هەریەکێکیان دەستنیشانکات. بۆئەوەی فەلسەفەکردن ئەمە بەجۆرێ کارا ، بێ بەرزکردنەوەی دروشم و بصُ هوتافبێژی، ئەنجامدات کار لەسەر یەکلاکردنەوەی چەندوچۆنەکان دەکات. چونکە فەلسەفە دڵنیایە گشت ئەو چەندوچۆنانە ڕاڕایین. فەلسەفەکردنیش لەبەرامبەر ئەو ڕاڕاییانە هەیە. فەلسەفەکردن بەچاکی لە بنچینەی ڕاڕاییەکان دەگات و دەزانێت هەموو ڕاڕاییصُك بێ هۆ نییە. ئەو دەمەی فەلسەفەکردن دەبێت ڕاڕاییەکان وەڵامی خۆیانیان دەستدەکەوێت. بیانووی مانەوەی ئائیستای ماف بۆ فەلسەفەکردنیش نیشانەیە لەسەر هەبوونی ڕاڕایی. ڕاڕاییەکانی مرۆڤ لەبنناییێن بۆیە فەلسەفەکردنیش لەبنناییێت. دەرئەنجام لەو شوێنەی ڕاڕایی

---

(١) Jacques Derrida. Who's Afraid of Philosophy?: Right to Philosophy 1. Translator Jan Plug Stanford University Press; 2002 ،p. 8 .

(٢) Jacques Derrida. Ethics ،Institutions ،and the Right to Philosophy ،translated and edited Peter Pericles Trifonas. Rowman & Littlefield Publishers ،2002. p. 2 .

(٣) Jacques Derrida. Who's Afraid of Philosophy?: Right to Philosophy 1 ، .p. 7 .

(٤) Jacques Derrida. Ethics ،Institutions ،and the Right to Philosophy. p. 4 .

(٥) Jacques Derrida. Who's Afraid of Philosophy?: Right to Philosophy 1. p. 7 .

ئامادەیە فەلسەفەکردن سەرەتاتکێمان لەتەکا دەکات. بەمجۆرە بێت ئێمەی مرۆڤ بەری فەلسەفەکردنەکان دەخۆین. ئەمەش ئەوە دەسەپێنێت فەلسەفەکردنەکان نەک هەر پرسیارمان لا دروستدەکەن بەڵکو وەڵامیشمان بەردەستدەخەن. وەڵامەکان کە بۆ ئێمەی مرۆڤ پێویستن وەکیتریش لەسەر مانەوەی ژیانیش نیشانەن. کەوابێت فەلسەفەکردن مانەوەی ژیانمان بیردەخاتەوە. کەی توانیمان فەلسەفەکردن لەباربەرین ئەوا موحەقەق دەتوانین ژیانیش لەباربەرین. لەباربردنی ژیان شتێکی نەشیاوە و ڕێگریش لە گەڕانمان بەدووی بنچینەی شتەکان دەکات. ئەمەش لەبەرئەوەی تائەودەمەی ژیان هەیە فەلسەفەکردن لەژێر ناوی بۆنموونە گەڕان بەدووی بنچینەی شتەکان بەردەوامدەبێت. چونکە مەرامی فەلسەفە ئەوەیە دەیەوێت لە شتەکان تێبگات. ئەمەش دیسانەوە ئەوە دەگەێنێت کە فەلسەفەکردن بیانوو نییە بەڵکو کۆششێکە بۆ ڕاڤەکردنی ئامانج لە هەبوون و مانەوەمان. ئەم کۆششە لەلایەن فەلسەفەوە بۆ تێگەیشتن لە بنچینەی ئەم هەبوونە دەکرێت. ئەمەش بەهۆیئەوەوەی حاڵیبونمان لە هۆی بوونمان ، لەوەش کە مەیلی هەمیشە مانەوەمان لایە ، پێویستی بە شیکردنەوەیە و ئەو شیکردنەوەیەش پرسیارە لەسەر بنچینە. جائەوە بنچینەی ئێمە بێت وەك مرۆڤ یان بنچینەی هاتنەدونیای ئێمە. بۆیە ئەو کاتەی بێزارییێك لە دەروونمانا دەڕسکێت گورج پرسیاری بۆ هەبوون و مانەوەمان لادروستدەبێت و پێویستمان بە ڕوونکردنەوە دەبێت و، هەچ تەقەلاێکیش بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو بێزارییە دەدەرێ ئەوە لەخۆیدا هەنگاوهەلگرتنە بەرەو فەلسەفەکردن. ئەو دەمەی فەلسەفەدەکەین دەمانەوێت لەوەتێگەین بۆ هەین و ئامانج لە بوونمان چییە. بۆیە هەمیشە ئەوانەی ویستویانە فەلسەفە بناسنەوە بەوە ناسویانەتەوە فەلسەفە ئەو شتەیە پرسیار لەسەر بوونمان و چارەنووسی ئێمە لەناو بوونا دەخاتەوە و ، ئەوەش بەردەوام یەکێك بووە لە هەرەپرسیارە سەرەتاییەکانی فەلسەفە.

ئیدی بەمجۆرەبێت، هێزبەخشین بە کردەی فەلسەفەکردن هێزبەخشینە بە توانای گەڕان بەدووی بنچینەی شتەکان چۆن وا هەن و بۆش بەمجۆرە پێکهاتوون. بۆئەوەی لە بنچینەی خۆمان بگەین پێویستمان بە فەلسەفەکردنە. ئەم فەلسەفەکردنە ڕێگایئەوەشمان لێدەکاتەوە لەهەولێنەوەشدابین خۆمانبناسین. ڕاستە بۆئەوەی خۆمان بناسین پێویستمان بە هۆشە چونکە هەر ئەو هۆشەشە ئێمە لە ئاژەڵ جیادەکاتەوە. بۆیە ئێمە کە توانای فەلسەفەکردنمان هەیە ، کە پرسیار لەسەر ڕیشەی خۆمان دەکەین، لەوەچووینەتەدەرێ ئاژەڵ بین. فەلسەفەدەکەین چونکە ئاژەل نین و توانایئەوەشمان تیاڕسکاوە لە بنچینەی خۆمان بکۆڵینەوە. ئەوی بۆ بیرمەندان گرینگبووە ئەوەبووە فەلسەفە چرکەێکە لە تێهزرین ئەمەش شتێکی زێدە تاکییە و بەری تێهزرینی تاك خۆیەتی و لەدەرەوەی گشت ڕێباز و قووتابخانەێکی هزرییەوەیە. ئەمەش بەو بیانووەی، ئەوەی ڕێباز و قووتابخانەکان پێکدێنن تێهزرینەکانن نەك بەپێچەوانەوە.

فەلسەفەکردن (یان تێهزرین) بۆ گەیشتن بە بنچینەی شتەکان ، کە ئەوە هەمیشە بۆ فەلسەفە تێڕامان و تیۆریزەکردنی پێشوەختبووە، ئێمەی مرۆڤی بەرەو ئەو شوێنە باڵایەش بردووە بەسەر سرووشت و ئەوی لە هەناوی سرووشتدایە زاڵبین و بۆ مەبەستی خۆشمان بەکاریبەرین، بەس زۆرینەخایاند ئەم زاڵبوونەی مرۆڤ بەسەر سرووشت بوو بە هەڕەشە بەسەر گشت ئەو بەهایانەوەی فەلسەفە پێشتر دەیخستنەژێرپرسیارەوە ، یان فەلسەفە هەمیشە مرۆڤی لەسەر ئەوە ڕادەهێنا پشت لە بەها باشەکان نەکا و ، بۆ سەر بوونەوەرەکانی تریش مەترسی نەبێت یان بوون تێکنەدات. ئەمە ئەو مانایەشی هەیە فەلسەفەکردن لەکارکردن ناوەستێ و بنچینەی شتەکان یان کێشەکان پشتگوێ

ناخات و ، چاو لە ئاست دەستدرێژی و کەموکوڕیەکان نانوقێنێ. هەروەها ئەم لایەنە دیسانەوە ئاماژەیە لەسەرئەوەی فەلسەفەکردن دژی کرداری خافڵبوون و خۆگێلکردنە. ئەوی دوێنێ فەلسەفە بەناوی زانستەوە پشتگیری لێدەکرد ئەمڕۆ ڕەخنەی دەکات. ئەو زانستەی لەهەناوی فەلسەفەدا نەشونمای کرد ئێستا لەسەر بوونی مرۆڤ هەڕەشە پێکدێنێ بۆیە فەلسەفە بەردەوام کاردانەوەی خۆی دەنوێنێت و هەنگاوی خۆیدەنێت. هەنگاوەکەشی، ئەڵبەتە، بریتیە لە فەلسەفەکردن. لەڕێگای ئەو فەلسەفەکردنەشەوە بنچینەی زانست دەخاتەژێرپرسیارەوە و ماهیەتی مرۆڤیش لەپێوەندی بەم زانستەوە شیدەکاتەوە.

شتێکی زێدە بەدیهییە فەلسەفە و زانست لەپێوەندیدان بەیەکەوە و ئەم پێوەندیەش بۆ گەیشتن بووە لە بنچینەی شتەکان. زانست لەدوای سەدەی تازەگەریەوە ، واتە پاش سەدەکانی ناوەڕاست بەولاوە، توانیوەتی فەلسەفە ڕاکێشێتە ناو زانستەوە. هەروەها زانست لەمڕێگایەوە توانیوەتی فەلسەفێك تایبەت بەخۆی بێنێتەسازاندن. فەلسەفەی زانستی کە بەشێکە لە بەشەکانی فەلسەفە لەئێستادا فەلسەفەیێکی زانستاوی بۆ قسەکردن لەسەر کێشە فەلسەفیەکان بە زمانێکی زانستی دروستکردوە. بەڵام ڕاستی فەلسەفی و ڕاستی زانستی دوو ڕاستی جیان. ڕاستی فەلسەفی دەرەنجامێکی پراکتیکییە هەرچی ڕاستی زانستییە ئەوە دەرئەنجامێکی تیۆری پووختە. فەلسەفە بەردەوامە لە گەیشتن بە ڕاستی بەڵام زانست ئەو بەردەوامیەی تیا نییە چونکە کار لەسەر بیردۆزە و شیکردنەوە ناکات و پێوەندی بە ڕوونی و ئەبستراکتەوە زۆرترە لەچاو فەلسەفە. پێدەچێت ئەم تێگەیشتنە وامانلێکات بلێین : فەلسەفە لە گومڕاکان دەکۆڵێتەوە، هەرچی زانستە پشکنین لە شتەکانا دەکات. بینینەوەی گومڕاکان بۆ فەلسەفە بینینەوەی بنچینەکانە. بۆئەوەی فەلسەفە گومڕاکان ببینێتەوە شیکاری خۆیدەستپێدەکات و لە گەڕان بەدوای شاراوەکاندا بەردەوامدەبێت. بۆیە خواستی فەلسەفە بۆ پشکنین خواستە بۆ چوونە سەر سەرچاوەکان و گەیشتن بە مۆڵگە و کانیاوەکان.

بێمانا نابێت دەستبۆئەو لایەنەش درێژکەین، سەرنجدان و لێووردبونەوە لە فەلسەفەدا گرینگی خۆی هەیە. هەرچی زانستە بایەخ بە تاقیکردنەوە و مەشقکردنی شتەکان دەدا. سەلمێنە و بەڵگەهێناوە و هەروەها بەکاربردنی لۆژیك و بەهانەی ئەقڵی لە کارەکتەرەکانی فەلسەفەیە. هەر بۆنموونە، فەیلەسوفێك کە گفتووگۆی کێشەیێك دەکات بەڵگە و فاکتە دەخاتەبەرچاو و مەبەستیشی لەوە شیکردنەوە ئەنجامدانە و مەرجیش نییە وەك ئەو کیمیاناسەی لە تاقیگەیێکدا کاردەکات بگات بە ئاکامەکان. چونکە کیمیاناسەکە بەلایەوە ئاکامەکان مەرجە و هەر بەهۆی ئەو ئاکامانەوە دەگات بەوەی چۆن بڕیار لەسەر ئەو شتە بدرێت کە تاقیکردنەوەی لەسەر ئەنجامدەدرێت. واتە فەیلەسوف دەکرێ کار لەسەر شتی وەسفی بکات بۆ ڕوونکردنەوەی دیاردەیێك هەرچی زانایە زیاتر کار لەسەر شتی ناوەسفی و ئەبستراکتەکان دەکات.

بۆ داکۆکیکرن لەوی لایسەرەوە ووتمان پێداگیری لەوەش دەکەین کە، پێوەندی نێوان فەلسەفە و زانست کۆنە. چونکە فەلسەفە لەڕیشەوە لە پێوەندیدا بووە بە زانستەکانەوە. گەلێك لە فەیلەسوفانیش سەرەتاکانی پێوەندی فەلسەفە بە زانستەوە بۆ فیتاگۆرس (پیتاگۆرس) Pythagoras دەگەڕێننەوە. ئەم زانا یۆنانیە بنچینەی ڕاستی بۆ ژمارە دەگەڕێنێتەوە. لای فیتاگۆرس هاوکێشە ماتماتیکیەکان سەرووی جیهانی مادی و هەستین و دەکرێ

لەڕێگایانەوە گەردوون شیکرێتەوە[١]. ئاشکرایشە، ئەو دەمەی باوەڕێکی زۆر بە زانست و پەرەسەندنی زانستی هەبوو فەلسەفە پشتگیری لەو پرۆسەیە دەکرد هەرچی ئێستایە فەلسەفە ڕەخنەی ئاراستەکانی زانستی نویٚ دەکات و مەترسیەکانی ڕووندەکاتەوە. تەماشاکردنی فەلسەفە بۆ بنچینەی شتەکان تەماشاکردنیشە بۆ ئەوی دیٚ. بەمجۆرە، فەلسەفە توانایێکی گەورەی لە پێشبینیکردن تیایە. فەلسەفە هەروەك ووتمان نایەوێت بمانخەڵەتێنیٚ و هەرگیزیش ناخوازێت خۆمان لەشتەکان خافڵکەین. خۆخافڵنەکردن لەوی هەیە و لەوی دیٚ، لەوی ڕوودەدات و لەوی ڕوویداوە. فەلسەفە بەچاکی دەزانێت خۆخافڵکردن و خۆگێلکردن مەترسین بەسەر مەسەلەی گەیشتن بە ڕاستی کە ئەوە هیوای گەورەی فەلسەفەی لەسەر وەستاوە. خۆخافڵکردن و خۆگێلکردن دەروازە لە گەڕان بەدووی بنچینەی شتەکان دادەخات و ئەودەمە کاری فەلسەفە گەڕان نابێت بەدووی ڕاستی بەڵکو لەبری فەلسەفە، لەبری فەلسەفەکردن، شتی دی دصتەکایەوە کە هیچیەکێك لەوانە ناتوانیٚ بمانگەێنێتە شوێنی مەبەست کە ئەوەش لێکۆڵینەوەیە لە بنچینەی شتەکان. واتە، لێکۆڵینەوە لەوەی بۆ دەبێت ئێمە فلاّنە یان فیسکانە شت بەمشێوەیە بکەین؟ و بۆ دەبێت ئێمە هەبین؟ و بۆ دەبێت ئُێمە بەردەوامبین؟ بۆ؟ و بۆ؟؟؟؟

ئەو ئامادەسازییەی لە فەلسەفەکردندا هەیە شیاوی لەبەردەم ئەفراندندا دەکاتەوە و ئاستەنگ لەبەردەم گەیشتن بە بنچینەی شتەکان لادەبات. ووردتر بدوێین، فەلسەفەکردن بۆ ووتنی قسەی حەلەق و بەلەق یان وڕێنە و زۆربلێی نییە. هەروەها فەلسەفەکردن ووتنی شتێکی بێسوود و نەزۆك نییە. فەلسەفەکردن گەڕانە بەدووی ڕیشە و سروشتی مرۆڤ و ئەو شتانەی بە مرۆڤەوە بەستراونەتەوە. مەگەر فەلسەفە لە کاتی یەکەم فەیلەسوفی ڕۆژئاوایەوە کە ئەوەشە تالیس Thales بووە بەدواچوون و یەکلاکردنەوەی نەگەیاندووە؟ مەگەر ئەریستۆ ئەم فەیلەسوفەی ، واتە تالیس، بەدامەزرێنەری ئەو جۆرە فەلسەفەیە نەزانیوە کە ئاو دەکا بە پرینسیپ هەرچی ئەناکسیمێنس Anaximenes و دیۆجێنێس Diogenes یشن هەوا دەکەن بە پرینسیپی ئاو[٢]، کە ئەمانەش پێماندەڵێن فەلسەفە لە گەڕان بەدووی بنەچەی شتەکان بەردەوامی خۆی هەبووە.

هەروەك لایسەرەوەش ئاماژەمانپێدا، ماف فەلسەفەکردن مافێکی سرووشتییە و هەموان ئەم مافەمان بێبڕانەوە هەیە. ماف بۆ فەلسەفەکردن مافە بۆ شڕۆڤەکردنی ئەوی دەیژێین و دەیبینین هەروەها دەرکی پێدەکەین. ئەم مافە دەمانگەێنێتە شوێنی مەبەست. پێویستمان بەم مافەیە چونکە پێویستمانبەوەیە حاڵیبوون لەخۆمان بەرامبەر بەو شتانەی لە بووندا دەگوزەرێن ، دروستکەین. لە یۆنانی پێش سوکراتیشەوە ماف فەلسەفەکردن ماف گشت بووە و کەوتوشەتە بەر بەکاربردنی جیاوازەوە و هەر بیرمەند و حەکیمێك بەشێوەێك ڕاڤەی جیهان و بوون و ژیان دەکات و ماف فەلسەڤ بەخۆی دەدات سەرنج و قوورسای بخاتە سەر شتێك (یان ئەقل، یاخود ڕۆح، یانیش جەستە و. . . .) . بەڵام ماف فەلسەفەکردن هەمووکات بەدووی ڕاستەقینەیەتی بوون و گەردووندا گەڕاوە. ئەو مافە لای فەیلەسوفانی کۆن و تازەش تەقەلایێکبووە بۆ چەسپاندنی زانین لەناو خەڵك و دانی تێگەیشتن لەسەر ئەوەی لە جیهان و ژیانا

(١) The Pythagorean Sourcebook and Library: An Anthology of Ancient Writings Which Relate to Pythagoras and Pythagorean Philosophy . Kenneth Sylvan Guthrie (Compiler ،Translator ، (David Fideler (Editor ، Introduction Phanes Press; 1987 ،p. 21 .

(٢) Aristotle. The Metaphysics. Roger Bishop Jones (Editor ، (W D Ross (Translator) . CreateSpace Independent Publishing Platform. 2012 ،p. 6 .

دەگوزەرێت. گفتووگۆکردنی ئاو و ئاگر و ئاسمان و ئازار و بەدبەختی و ئەویـنداری و داد و ناشرینی و . . . . بۆ گەیشتن بوونە بەو زانینەی لەبارەیانەوە نیمانە. کەوابێت لە فەلسەفەکردندا، لە گەڕانە فەلسەفیەکەدا، مەبەستی سەرەکی چۆنیەتی بەکاربردنی مافەکەیە. ئەو مافە کە هی هەموانە مەرج نییە هەموان لەبەرکاربردنی لێهاتووبین. گشت فەیلەسوفەکانی لەسەر ڕەوتی ئیمپێدۆکلێس Empedocles نەمری شیناکەنەوە و خۆیان هەڵنادەنە ناو ڤولکانەکانەوە تا بۆ قووتابیەکانی خۆیانی بسەلمێنن پاش مەرگی جەستە ڕۆح بە نەمری دەمێنێتەوە. پاش شەهیدبوونی سوکرات لەسەر ووتنی هەق کەسی تر بەوجۆرە ڕێی مەرگی نەگرتەبەر. گشت بیرمەندە جووەکان لەسەر شێوازی بیرمەندێکی جووی وەك سپینوزا Spinoza ڕەخنەی تەلمودی جوولەکەکانیان نەکرد. ئێمە پێیمانوایە، گەربێت و پتر بچینە ناو قووڵای کردەی فەلسەفەکردنەوە هەندێك ڕووی تری ئەو مافەمان بۆ شیکاردەبێت کە لە فەلسەفەکردندا پەنهانە. لێرە و لایخوارەوە بەنموونە دەچینە سەر دوو بیرمەندی خاوەن بیرکردنەوەی فەلسەفی جیا کە ئەوەش سوکرات و ڤیتنگنشتاین Wittgenstein ە.

سوکرات و ڤیتنگنشتاین پێیانوابووە فەلسەفەکردن مادەێکە لە پاکسازی (خاوێنکردنەوە Purgation) و بەپێی قاموسی وێبستەر Webster یش بێت فەلسەفە جۆرێکە لە پاکسازی ڕوناکبیری[1]. سوکرات لەو باوەڕەدا بووە فەلسەفەکردن لە چوار شت ئازادماندەکات. ئازادماندەکات لە: ١: غرور Presumptuousness (بەتایبەت غروری بیرکردنەوە لەوەی دەزانین چی نازانین) ، ٢. ئیلتباست Confusions (کە بەرهەمی بێمانای، ناڕوونی و گومڕاین) ، ٣. ترسی بێ بیانوو (لەوانە بۆنموونە ترس لە مەرگ) ، ٤. سۆزی بەزیان (لەوانە سۆزی چێژ، خاوەنداریەتی، هێز و شوهرەت) . سوکرات وایبۆدەچێت ئەم شتانە توێکلی ڕۆح ، وەك قوور، دادەپۆشن و ناهێڵن ڕوناکی ڕاستی و باشەی پێبگات[2]. کەوابێت، لای سوکرات فەلسەفەکردن بۆپاککردنەوەی ڕۆحە لەم ڕێگرانە. ئەو چوار شتەی سوکرات ئاماژەی پێدەکات ڕۆح پیسکەرن و ڕۆح پاشئەوەی پیسدەکرێت پێویستی بەپاقژبوونەوە دەبێت. بۆئەوەی ڕۆح خۆی لەو پیسیانە پاقژکاتەوە فەلسەفەکردن دەستپێدەکات. ئەو چوار دیاردەیەی سوکرات باسیلێوەدەکات گوشاردەخەنە سەر ڕۆح و ناهێڵن کاریخۆی بە پاکیبکات. بیرۆکەکەی سوکرات لێرە خۆیلەوەدا پووختدەکاتەوە فەلسەفە کارلەسەر ڕۆح خاوێنکردنەوە دەکات. چونکە ئێمەی مرۆڤ کە هەمیشە ترسی مەرگ دەمانتۆقێنێ و تێگەیشتنمان بۆ ئەم ترسە نییە ئەمە وادەکات ڕۆحمان بەدەم ئەم ترسەوە پیسبێت. ئێمە کە مەیلی شەهوەت و هێز و خۆشیەکان دەکەین ڕۆحمان پریشکی ئەم مەیلەی بەردەکەوێت و پیسدەبێت یان کە خۆمان هەمیشە لە ناڕوونی و بەدحاڵییدا دەبینینەوە دووچاری بەهەڵەتێگەیشتن دەبین و ڕۆحمان لەکەداردەکەین و ، ئەڵبەتە ئەو فیزە زۆر و لووتبەرزییە گەورەیەش تیامانایا دیسانەوە ڕۆحمان شەکەت و ناشریندەکات. بەمجۆرە، ئەمانە هەموو پێویستە لە ڕۆح دورخرێنەوە و ڕۆح هەست بەبوونی خۆی بکات و خاوێن و پاك بمێنێتەوە. بۆئەوەی ئەمەش ڕووبدات پێویستمان بە فەلسەفە دەبێت.

هەرچی ڤیتگنشتاینە پێیوابووە فەلسەفەکردن لە گرژی (تەشەنوج) دەروونی (مێنتال) دەربازماندەکات. لەدیدی ئەوەوە، گرژی دەروونی دەرئەنجامی بەهەڵەبەکاربردنی زمانە کە دەبێتەهۆی دروستکردنی لوغزی گومڕا[3]. لێرە ڤیتگنشتاین قوورسای دەخاتەسەر زمان و بەوە تاوانباریدەکات لە گرژییە دەروونیەکانمان بەرپرسیارە. بەس

---

(١) Richard E. Creel. Thinking Philosophically: An Introduction to Critical Reflection and Rational Dialogue . ،p25 .

(٢) Ibid

(٣) Ibid

ڤیتگنشتاین ئەوە ڕووناکاتەوە چۆن فەلسەفە لەو گرژییە دەروونییە دەربازماندەکات. واتە ئایا فەلسەفە چارەسەری بۆ ئەم گرژییە دەروونیە پێیە؟ ڤیتگنشتاین وانیشاندەدات گرژییە دەروونیەکان دەرهاویشتەی بەهەڵەبەکاربردنی زمانن، بەس چۆن فەلسەفە دەتوانێ بەسەر ئەم لایەنەدا زاڵبێت ڤیتگنشتاین ئەمە شیناکاتەوە.

لەسەرێترەوە لەڕیزی بیرمەندانی ئەنگلۆفۆن (ئینگلیزیزمان) لەودەمەوەی فەلسەفەی شیکردنەوەی گەیشتووە بەو دیدەی کە هەندێك کێشە دەشێ ڕوونکرێتەوە بەتاقیکردنەوەی فۆرمەکانی ووتنە زمانەوانیەکانمانەوە (وەك ڤیتگنشتاین بۆیدەچێت)[1] تێگەیشتن نەك هەر بۆ فەلسەفەی کلاسیك گۆڕاوە بەڵکو قسەکردن لەسەر کردەی فەلسەفەکردنیش گۆڕانی هاتۆتەسەر. هاوکات ئێمە کێشەی ڤیتگنشتاین و ڤیتگنشتاینیەکان تەنیا لەوەدا نابینینەوە کە بۆچی تەنیا بایەخ بە فۆڕمی زمانەوانی فەلسەفەی کلاسیك دەدەن و خودی فۆڕمەکە لە کێشە فەلسەفیەکان بە بەرپرسیاردەزانن بەڵکو ئەوەش جێیسەرنجمانە مامەڵەکردنی ڤیتگنشتاین لەتەك واتای فەلسەفە زۆر توندە. ڤیتگنشتاین لە ""لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکان"" Philosophical Investigations دا فەلسەفە بەوەلەقەڵەمدەدات هیچ شتێکمان بۆ ڕووناکاتەوە بەڵکو شتەکانمان بۆدەخاتەڕوو و ئەو دەمەش گشت شتێك وەك ڕۆژی ڕوون دیاربێت پێویستمان بە ڕوونکردنەوەی هیچ شتێك نابێت[2]. ئەم جۆرە تیۆرزیەکردنەی ڤیتگنشتاین (ئەڵبەتە هەندێك لە ڤیتگنشتاینیەکانیش) بەسەر فەلسەفەوە دەیکات تەقەلایکبووە لەلایەن ئەم بیرمەندە نەمساوییەوە بۆ چوونە ناو ماهیەتی فەلسەفەوە کە لەخودی خۆیدا جۆرە مامەڵەکردنێکی فەلسەفی جیابووە لەچاو بیرمەندانی پێشخۆی.

### ٣. گەڕان بەدوای بنچینە وەك پەرچەکردارێك

کۆی گشتی ئەوی ووتیشمان ئەوەش دەگەێنێت، بۆئەوەی بۆچوونمان لەسەر ئەوەی هەیە بدەین یان گەشە بە ووتنمان لەسەر ئەو شتە بدەین قسەی لەبارەوەدەکەین فەلسەفەدەکەین چونکە لەڕێگای ئەوەوە پەرە بە بیرکردنەوە لەو شتە دەدەین کە بەدواچوون و لێخوردبوونەوەی لەبارەوە دەکەین کە دواتر لەڕێگای ئەوەشەوە پەرچەکردارێك دەنوێنین مانای خۆی بۆ گەڕانە فەلسەفییەکان هەیە. ئەمەش ڕێك گرێماندەداتەوە بە تێزە سەرەکیەکەی فەلسەفەوە کە هەر لەسەرەتاوە خۆی لەسەر بوونیادناوە، واتە فەلسەفە بیرێکی مرۆییە و سەرهەڵدانەکەشی پێوەندی بە مرۆڤەوە هەیە چونکە ئەوە مرۆڤ بووە هەستی بە پێویستی بۆ فەلسەفە کردووە. بۆیە بەکاربردنی فەلسەفە بۆ حاڵیبوون لە بنچینەمان، بنچینەی ئەوی هەیە و گرێدراوە بە بوونمانەوە، پرسی هەبوونی فەلسەفە بەئاسانی شیکاردەکات. فەلسەفەش ئەو دەمە هەیە کە خۆی گیرۆدەی پرسیار لەسەر بنچینەکان دەکات. دیرۆکی فەلسەفەی ڕۆژئاوا بەڵگەیە لەسەرئەوەی فەلسەفە زۆر ووریایانە و وردبینانە کاریخۆی لەمبارەیەوە کردووە.

(١) Christopher Norris. Re-Thinking the Cogito: Naturalism ،Reason and the Venture of Thought. Continuum ،2010. p. 27 .

(٢) – بأوانە پەڕەگراف ١٢٦ لە کتێبی "" لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکان""ی ڤیتگنشتاین لەم سەرچاوەیەی لایخوارەوە:

Ludwig Wittgenstein. Filosofiska undersökningar. Översättning: Anders Wedberg. Bokförlaget Thales. 1996 ، §126 .



هەواڵنامەی کتێب

گەر لە ژان فرانسوا– لیوتار Jean-François Lyotard ەوە ئەم تێگەیشتنە قەرزکەین: "" چۆن شەرەفی بیرکردنەوە دەپارێزین""[١] و بۆ تێگەیشتنێ لەم جۆرە بیگۆڕین: چۆن شەرەفی بیرکردنەوەی فەلسەفی دەپارێزین دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی تێگەیشتنی لەمجۆرە تەنیا لەڕێگای کارکردنی بەردەوامی فەلسەفەوە ناپارێزرێ بەڵکو لەڕێگای ئەوەشەوە دەپارێزرێ چۆن فەلسەفە ستاتۆسی خۆی وونەکات و بە کێشە تایبەت و لاوەکیەکانەوە سەرقاڵنەکرێت. ئەمەو ، بۆئەوەی پتر لەسەر پاراستنی بیرکردنەوەی فەلسەفی بدوێین گوێ بۆ ئامۆژگارییێکی ئەفلاتوون لە دیالۆگی پرۆتاگۆراس Protagorasهەڵدەخەین. ئەفلاتوون ، بە زاری پرۆتاگۆراس و لە دیالۆگی ناوبراودا ، سەلیقەیی یۆنانیە کۆنەکان ، بەتایبەت ٧ حەکیمە یۆنانیە ناسراوەکە[٢]، بەوە دەنرخێنێ قسەکانیان پووخت و پڕ لە دانایی بوونە ، وەك "خۆت خۆتبناسە" و "لەشت زیادمەکە"، ئەمەشوایکردووە ووتنەکانیان بەسەر گشت زارێکەوە بن [٣]. ئەم تێگەیشتنە ئەفلاتوونییە بۆ دانای تێگەیشتنیشە لە بیرکردنەوەی فەلسەفی کە لەلایەن ئەفلاتوونەوە تێگەیشتنی لەمجۆرە بەوە مەرجداردەکرێت دانای دەبێت بە بناغەی یان تێگەیشتنی فەلسەفی دانای بدەرە. لێرە هەرە گرینگە ئەوەش بزانین، فەلسەفە لە گەرووی حەکیمە یۆنانیەکان بەرهەمی قسەکردنبووە لە گەردوون و بوونی مرۆڤ و ڕوونکردنەوەی ئەم گەردوون و بوونە، بەڵام دواتر قسەکردنە فەلسەفیەکان بەرینتر و ئاسۆفراوانتربوون و واپێویستیکرا قسەکردنە فەلسەفیەکان لەسەر ئەو شتانەش بکرێن مرۆڤ جارێ حاڵیبوونی لەبارەیانەوە نییە و ، یانیش قسەکردنە فەلسەفیەکان ڕێگایان بۆ وتنهێنانەپێشەوە لەسەر دواتر و پێشبینیکردن بەسەر داهاتووی مرۆڤیشەوە خۆشکرد.

نکوڵیناکرێت ئیشی فەلسەفە وێڵبوونە بەدوای بنچینەکان بەڵام بەپێیئەوەی فەلسەفە کردەیێکی ئەقڵی پووختە ئەمەوادەکات هەچ شتێك کە تێینەگەیشتنین نابێت بە فەلسەفە و گشت گەڕانێکیش نابێت بە گەڕانێکی فەلسەفی. گەڕانی فەلسەفی بەرهەمی کارکردنێکی ئەقڵییە و پێوەندی بە غەیب و ورێنەوە نییە. ئەوکاتەش فەلسەفە هەڵوێستوەردەگرێت بە دڵنیایەوە مەبەستێکی هەیە و نیازێ ئەو هەڵوێستەکردنەی ڕاگرتووە. ئەمەش بەڵگەیە لەسەرئەوەی فەلسەفەکردن کردەیێکی هەڕەمەکی و بێ بناغە نییە بەڵکو کردەیێکی دژوار و نائاسانە و خاوەنی ڕێسا و ڕێڕەوەی تایبەت بە خۆیەتی. واتە، لەڕێگای فەلسەفەکردنەوە ناشێ بگەین بە تێگەیشتنی بێ بنەما یا ئاکامی بێ مانا و ناتۆکمە. ئەوەی جێگای خۆشحاڵییە ئەوەیە دەرکەوتنی بیرکردنەوەی فەلسەفی بۆ ڕوونکردنەوەی مانای بوونمان یان خوڵقانمان پێویستبووە. بیرکردنەوەکانیش لێرە نەوەستاون و وورده وورده فەلسەفە باشە و خراپەی کردوە بە شوێنی قسەکردن ، واتە دیاردە ناشرین و جوانەکان یان چاك و بەدەکانیشی شیکردۆتەوە و بۆچوونی لەسەریان داوە. ئەم ڕوونکردنەوەیەش لەخۆیدا گەڕانبووە بۆ شیتەڵکردنی بنچینەکان. واتە چی باشە و چی خراپە؟ بۆ باشە چاكە و بۆ خراپە بەدە؟ بۆ جوانی سەرووی ناشرینیە ؟ ئەی کە هەموو وێڵی جوان بین چی لە ناشرین کەین

(١) Rodolphe Gasche. The Honor of Thinking: Critique ،Theory ،Philosophy. Stanford University Press; 2006 ، p. 2 .

(٢) – ئەو حەوت حەکیمە یۆنانیە ئەمانەن: تالیسی خەلکی میلیتۆس، سولون، خیلونی سپارتە، بیاسی پریێنی، پیتاکوسی میتیلێنی، میسۆنی کێنیَ، کلیوبیلوسی میندوس

(٣) Platon. Protagorias: Skrifter. Bok 2. Översättning ،förord och noter av Jan Stolpe. Atlantis förlag . 2001. s. 110.

هەواڵنامەی کتێب

و شتە بەد و ناباشەکان چییانبەسەردێت؟ ئەمە لەسەرێترەوە ئەوەش دەوروژێنێت کە فەلسەفەکردن هەوڵێکە بۆ دابینکردنی دادپەروەری. لەکاتی گەڕانمان بەدووی بنچینەکان پێویستمان بەوەیە دادپەروەربین و هەقپەرستانە تێرامێین و مافخواز بین.

ئەوی وتنیشمان بەدیوەکەی تری ئەوەش ڕووندەکاتەوە، کاتێ فەلسەفەکردن دێتەکایەوە لادان لە ڕاستی هەبێت. ئەو کاتەی ڕاستەقینەیەتی دەشێوێنرێت، توانا باشەکانی مرۆڤ لە خراپەدا وەگەڕدەخرێت، هۆشیاری شکستدێنێ لەبەردەم زۆرداری، پەرپووتی و هیچگەرایی جێی ئەقڵگەرای دەگرێتەوە ، بۆ وەلاوەنانی گشت ئەو شتانە کە باسمان کرد (خراپە، زۆرداری، پەرپووتی و. . .) فەلسەفەکردن وەك چرکەیێك لە هەڵوێستەکردن و ڕووبەڕووبونەوە دێتەسازاندن، فەلسەفەکردن وەك وەڵامێك، وەك پەرچەکردارێك سەردەردێنێ. چونکە فەلسەفەکردن لەگشتمانا هەیە بەس وەگەڕخستنەکەی گرینگە. گشت دانیشتوانی یۆنانی کۆن نەبوون بە فەیلەسوف و لەو سەردەمەدا سەدەها تالیس و سوکرات و فیتاگۆرسمان بۆ دروستنەبوو. ئەوەی تالیس و سوکرات و فیتاگۆرس و فەیلەسوفانی تری یۆنانی دروستکرد پرسیارەکانیان بوو لەسەر گەردوون و بوونمان. خستنەژێرپرسیار و عەودالبوونەکانیان، گەڕانەکانیان بەدووی بنچینەی شتەکان و وەدەستهێنانی وەڵامی ئەقڵانی تۆکمە و باوەڕپێکراو فەلسەفەی بەم ئاستەی ئەمڕۆ گەیاند. فەلسەفەکردن زادەی پشکنینەکانە/ بەرهەمی گەڕانە بێوچان و بێکۆتایەکانی فەیلەسوفانە، چرکەێکە لە پەرچەکرداری و گەڕان بەدووی نەزانراو. هەربۆیشە فەلسەفەکردن کەنەفت نابێت و لە خۆتازەکردنەوە و خۆسازاندنەوەی بەردەوامدایە.

گوماننییەلەوەی بۆئەوەی فەلسەفە چرکەێك بێ لە پەرچەکرداری ، لەخۆتازەکردنەوە و خۆسازاندنەوە بەردەوام بێت کارلەسەر خستنەڕووی دید و بیر دەکا و ، بەڵام ئەمە دەشێ بەجۆرێکی لۆژیکی بکرێت نەك هەڕەمەکی (عەشوائی) . ئەوکاتەش کە فەلسەفەکردن کار لەسەر ئەم لایەنە دەکات شیاوی لەبەردەم سەفسەتە و بێبەرپرسیاریەتیدا کەمدەکرێتەوە. گشت ئەو شرۆڤە لۆژیکیانەی فەیلەسوفانی ڕۆژئاوا ئەنجامیانداوە فورسەتیان لەبەردەم تێگەیشتن لە بنچینەی کێشەکانی مرۆڤ و خواستی ئەم مرۆڤە بۆ گەیشتن بە هەقیقەت بەجۆرێ لۆژیکیانە کردۆتەوە. پێداگیری فەیلەسوفان لەم لایەنە بواری فەلسەفەکردنی بەپیتکردوە و گەڕان بەدووی بنچینەی شتەکانیشی خستۆتە ژێرکاریگەری خۆیەوە. فەلسەفە وەك یەکەم زانست و زانستی زانستەکان هەر لەسەرەتای دەرکەوتنیەوە ئەم بەرپرسیاریەتیەی لەئەستۆگرتووە و گومانەکانی تایبەت بە ڕیشەی شتەکانیش ڕەوانوەتەوە. دلەڕاوکێی فەلسەفەش هەمیشە پێوەندی بەم لایەنەوە بووە. واتە ئەوەی کە فەلسەفە بەرپرسیارئامێز بێت و لەکاتی خۆیدا ووتنی لەبارەی شتەکانەوە هەبێت.

بەرپرسیارئامێزی فەلسەفە لەخۆیەوە نایەتەکایەوە. ئەم خواستە لە فەلسەفەدا بنجبەستە و بەپیشەی فەلسەفەوە گرێدراوەتەوە کە هاوڕێیەتیە (ئەویندارییە) لەتەك دانایدا. ئەم هاوڕێیەتیە (یان ئەوینە) لە ڕیشەدا بەرپرسیارییە. هەموو هاوڕێیەتیێك (ئەوینێك) لەخودیخۆیدا بەرپرسیاریە و هەنگاوهاوێشتنە بەرەو هەڵوێستەکردن. ئەودەمەی فەیلەسوف هەڵوێستەدەکات بەرپرسیارییێك پراکتیزەدەکات. ئەمەش هیچوەخت پراکتیزەنابێت گەر پێویستییێك بۆ ئەو مەبەستە لەئارادانەبێت. هەروەك لەمەوبەریش ووتمان دەرکەوتنی فەلسەفە پێویستی بووە و بە دۆخی مرۆڤیشەوە لە بوونا پابەندبووە. تەنیا لێرە هەرەگرینگە لەو لایەنە بگەین کە بەرپرسیارئامێزی فەلسەفە پێویستدەکات لەکاتخۆیدا بنوێنرێت. بۆنموونە ئەفلاتوون دەمودەست لەگەڵ دادیگایکردنەکەی سوکرات کەوتە

هەواڵنامەی کتێب

داڕشتنی دیالۆگی Apology تایبەت بەو دادگایکردنە[١]. ناأوونیەکانی ناو فەلسەفە وایانکرد بیرۆکەی "ئەقڵی پووخت" لەسەر دەستی کانت بێتەکایەوە و و ناوبراو بکەوێتە بەکاربردنی سروشتی ئەقڵی مرۆڤ ، زانبن (تیۆری زانین) و دەستووری بناغەی گەردوونی سروشتی[٢]، ونەبوونی تێگەیشتنێکی فەلسەفیانە بۆ نادادپەروەری وایکرد مارکس کارە ناودارەکەی بەناوی"سەرمایە" بنووسێت و فۆڕمی کۆمەلایەتی ئابووری شیکاتەوە[٣].

بەمجۆرە بێت فەلسەفە بریتیە لە پەرچەکرداری نەك لە چەنەبازی و درێژدادأ، لە وڕێنە و قسەی بۆش. هەروەها فەلسەفە شرۆڤەکردنی ئەوەیە کە شرۆڤەکردنی بەخۆوە نەدیوە. ئەمە بەو مانایەش دێت فەلسەفەکردن کاوێژکردن و دوبارەکردنەوە ناگەێنێت. فەلسەفەکردن ناتوانێ بگات بە بنچینەی شتەکان گەر لە پێوەندیدا نەبێت بە داهێنان و تازەگەریەوە. ئەم خەسڵەتە کە لە فەلسەفەکردندا ئامادەیە ڕێگریشە لە خۆجووین و ووتنەوەی ئەوی ووتراوە. ئەو دەمەی فەلسەفە دەگات بە بنچینەی شتەکان کاری لەوێڕا تەواو نابێت چونکە کارە گەورەکەی فەلسەفە لێرە ئەوەیە لێخوردبوونەوە و پشکنین بکات لەوەی پێیگەیووە. لێرە دەکرێ ئەوەش بلێین، ئەوکاتەی فەلسەفە بە ئاکام دەگات دەستلەکاری خۆی هەڵناگرێت بەڵکو بەدواچوون بۆئەو شتانەدەکات پێیگەیشتووە. پسپۆرأنی بواری فەلسەفەش هەمیشە گومانەکانیان تایبەت بەوەی پیدەگەن لە زیادبوون و نوێبوونەوەدایە. پسپۆڕان لە بواری فەلسەفە باوەڕییان بەلەخشتەبردن نییە و ئەڵبەتە ناشیانەوێت ڕۆڵی نابیانا ببینن. چونکە لەوە دڵنیان ڕێگریی زۆر لەبەردەم کردەی فەلسەفەکردندا هەیە و خودی وێڵبوونیش بەدووی بنچینەی شتەکان کاریَ سانا نییە. بۆیە وەك سەرەتا ئاماژەمان پێکرد بۆ فەلسەفەکردن هەمیشە بۆ؟ و چۆن؟ گرینگی خۆیان هەبووە. بۆ فەیلەسوفان زۆر گرینگ بووە لەوە حاڵیبن بۆ ئەو شتە وایە ؟ چۆن ئەو شتە وایە؟ گەر ئەم جۆرە پرسیارانە هەرلەسەرەتاوە بۆ فەیلەسوفان گرینگینەبوایە کردەی فەلسەفەکردن لە ڕۆژئاوا بەو ئاستەی ئێستا نەدەگەیشت. ئەمەش لەسەرێ ترەوە نیشانەیە لەسەرئەوەی مرۆڤ پێویستی بە فەلسەفە بووە تا دیتنی خۆی لەسەر ڕووداوەکان، لەسەر بوونی مرۆڤ و بوونەوەرەکانی تری ناو بوون، بدات. لەوەگرینگتر فەلسەفە هاتەکایەوە تا قسەلە گەردوون بکات هەروەها پێوەندی ئێمە بەم گەردوونەوە بەرباسخات. بەڵام گەڕانی فەیلەسوفان بەمشێوەیە گۆمی فەلسەفەکردنی قووڵترکرد. چونکە فەلسەفە خۆی بەوشتەوە سەرقاڵکرد زۆر سەرتاسەری و گشتیە. قسە لە گەردوون و چییەتی بوونمان شتێکی تایبەت و لاوەکی نییە بۆیە فەلسەفەکردن دەروازەێکی پڕلەشکۆداری بۆخۆی دۆزیوە. ئەمەش بەپێئەوەی، دەستپێکی فەلسەفە کۆششبوو بۆ ساغکردنەوەی ئەو شتەی زێدە نهێنیە. ئەم دەستپێکە بۆ دادوەری نەبوو بەسەر بوونی مرۆڤەوە بەڵکو بۆ مانادان بوو بە مانای بوونی مرۆڤ و یەکلاکردنەوەی بنچینەکان. لێرەوە دەگەینە ئەو باوەڕەی سەفەری فەلسەفە بەرەو ئەو شوێنانەبوو تەینەکرابوون ، ئەو شوێنانەش کە نهێنیئامێزبوون و لە گومڕای و ناڕوونی دا لێوانلێوببوون. لەدایکبوونی فەلسەفەش هەر پێوەندی بەم لایەنەوە هەیە.

هەواڵنامەی کتێب

---

(١) Plato: Five Dialogues: Euthyphro ،Apology ،Crito ،Meno ،Phaedo. John M. Cooper (Editor ، (G. M. A. Grube (Translator .٢٠٠٢ . (p. 21

(٢) Immanuel Kant. Critique of Pure Reason. Marcus Weigelt (Editor ،Translator ،Introduction ، (Max Muller (Translator) . Penguin Classics; Revised edition ،٢٠٠٨p. xvii .

(٣) Karl Marx. Capital: Volume 1: A Critique of Political Economy. Penguin Classics; Reprint edition ، .Ben Fowkes (Translator ، (Ernest Mandel (Introduction) . 1992 ،p. 12.

ئاشکراکردنی نهێنیـەکان و ڕوونکردنـەوەی ناڕوونیـەکان گریمـانی ئـەوە دروسـتدەکەن بەوشـتە بگـەین پێـشتر پەیمانپێنەبردووە. ئەودەمەش کە فەلسەفە دەکاریێ پەیبەشتەکانببات ڕێنمای بەدەسـتەوە دەدات. ئـەو ڕێنماییانـەی فەلسەفە بەردەسـتمانی دەخـات بـەدیهێنانی شـتی نوێیلێوەدەکرێت. هەربۆیـە، لـە گۆشـەنیگایکی تـرەوە دەکـارین ئـــەوەش بڵـــێین، لەگـــەڵ هاتنـــەدونیای فەلـــسەفە بـــیری نـــویێ، تێگەیـــشتنی تـــازە لەســـەر بـــوون و بوونـــەوەر دەستیبەدەرکەوتنکرد. ئەم دەرکەوتنەی فەلسەفە تەقەلایکبوو بۆ وێنـاکردن لـە ڕوانگـەیێکی تـەواو جیـاوازەوە. ئـەم جۆرە ڕوانگەیە مرۆڤ پێشتر پێیئاشنانەببوو. ئەم ڕوانگەیە بۆ بەدیهێنانی ڕستیەکان بوو لەسەر بـوونی مـرۆڤ. وەکـیتر گەڕان بوو بەدووی بنچینەی مرۆڤ و خستنەژێرپرسیاری هەبوونەوە. بۆیـە گـەر فەلـسەفەکردن ڕەچەشـکاندێك بووبێـت لەژیانی مرۆڤ ئەم ڕەچەشکاندنە بـۆ گەیـشتن بـوو بـە ئامـانجێکی دیـاریکراو. هـەروەها فەلـسەفە لەگـەڵ دەرکـەوتنی بەجۆرێك ئاوێزانی ژیانی مرۆڤ بووە کە دواتر ئەم مرۆڤە لە فەلسەفە زیاتری شکنەبردووە بـۆ ڕوونکردنـەوەی چییـەتی شتەکان و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی لـە زانینیـدا هەبوونـە. بـەمجۆرە، کـە فەلـسەفە دەرکـەوت لـەڕێگای کـردەی فەلسەفەکردنەوە کار بۆ هەڵمژینی گشت ئەو پرسیارانەش کرا پێش دەرکەوتنی فەلسەفە سەرگەردان و لانـەوازببوون. ئەمەش بەرپرسیارییە و فەلسەفەش لەمڕووەوە بەچاکی پێیهەستاوە. بۆیـە ناشـیێ لۆمـەی فەلـسەفەبکەین بـۆ ئەمـە و ئەوەینـەکردوە. چـونکە فەلـسەفە بـەروبوومی هـزری تـووخمی مـرۆڤ خۆیـەتی و ئـامرازێکی هۆشـیاری بـاڵای ئـەم تووخمەشە. بۆیە خواستی فەلسەفە بۆ نواندنی بەرپرسیاریەتی بەشێکە لە ئـەرکی هزریـاری فەلـسەفە و هەڵاتنلێـشی ئەستەمە.

فەلسەفە وەك کردەیێك لە پەرچەکرداری دەرکەوتنی بەرپرسیاریەتیشە. هەروەها تەقەلایکیشە بۆ دانانی قـاوغ بـۆ چۆنیەتی بیرکردنەوە لە بنچینەی شتەکان. چونکە فەلسەفە نەبایە ئێستا مرۆڤ سەرگەردانترین بوونـەوەر بـوو. ئـەوی مرۆڤ لە ئاژەڵ جیادەکاتەوە گەلیێ شتە بەس یەك لەو شـتانە ئەوەیـە مـرۆڤ توانـای فەلـسەفەکردنی هەیـە و دەکـاریێ لەڕێگای کردەی فەلسەفەکردنەوە لە بنچینە و چییەتی خۆیبگات. فەلسەفە بەچەشنێك ژیانی مرۆڤـی گـۆڕی سـەختە بەجۆرێکی لاوەکی پێشبینیکرێت یان حـاڵیبوونی لـەبارەوە بـدرێت. هەرلەبەرئـەوە پـشتیوانیکردن لـە فەلـسەفە، لـە مانەوە و بەردەوامی فەلسەفە، پشتیوانیکردنە لەو دیرۆکەی بەشکۆداریەوە فەلـسەفە بۆخـۆیی سـازاندووە. ئەمـەش ئەرکـە. ئـەرکی هەمووانـە پـەرە بـە بـەردەوامی فەلـسەفە بـدەین و لێگـەڕێین فەلـسەفە لێـرە و لـەویێ بکرێـت. هەرلەمگۆشەنیگایەوە حورمەتگرتن لە دڵەڕاوکێکانی فەلسەفە بەرزڕاگرتنی ئەو دیرۆکەیە لە پشت فەلسەفەوەیە بـەس فەلسەفە ئامادە نییە ئەو دیرۆکە بپەرستین و لە کەموکوڕی و ناڕوونیـەکانی بێدەنگبین چـونکە ئـەو دەمـە ئێمـە نـە دەکـارین فەلـسەفە بکـەین نـەش بـە بنـچینەی شـتەکان ئاشـنادەبین. هـەروەها بێـدەنگبوون لـەو هەڵانـەی بـەدەم فەلسەفەوەکراون یان لـەناو گـەرووی فەلـسەفەدا ژیـاون ئـەوەشمان فێردەکـەن لـە ڕەخنەکردنـەکانمان لـە فەلـسەفە بەردەوامبین چونکە هەر ئەوەش فەلسەفەبووە کە هەمیشە وانەی ڕەخنەکردنی پێوتووینەتەوە. ئەو ئامادەکاریانـەی فەلسەفە لە ئێمەی مرۆڤدا دروستیدەکات گەلیێ جەمسەر و لایەنی هەیە یەك لەوانـە سـووربوونە لەسـەر ڕەخنـەکردن. لەمدیدەوە بیرکردنەوەی فەلسەفی بیرکردنەوەیێکی ڕەخنەییە. بەس ئەم بیرکردنـەوە ڕەخنەییـە لاوەکـی وپـەرت نییـە چونکە بیرکردنەوەی فەلسەفی کـە بەمـشێوەیە بێـت نـاتوانیێ ڕەخنـەیی بێـت. بەپێـچەوانەوە بۆئـەوەی بیرکردنـەوەی ڕەخنەی ئەوە نەبێت پێویست دەکـات بیرکردنـەوەی ڕەخنـەی گـشتگیر و سەرتاسـەری و هەمـەیی بێـت. بۆنموونـە،

هەواڵنامەی کتێب

فەلسەفە نایێت خۆی بەو هەڵەیە ببات ڕەخنەی کارمەندێکی ناو سیستەمێکی سیاسی گەندەڵ بکات بێئەوەی پێشتر سیستەمە گەندەڵەکەی ڕاڤەنەکردبێت. بۆ فەلسەفە کارمەندەکە ئامرازە و سیستەمەکەش ئەو شتە گەورەیەیە کارمەندی سیاسی گەندەڵ بەخێودەکات. بۆ فەلسەفە ئەوە گرینگە چۆن ئەو سیستەمی بەخێوکردنە تەفروتوناکات نەك کارمەندەکە لاببرێت.

بۆئەوەی فەلسەفە کار لەسەر شتی گشتی و گەورە بکات پێویستی بە دووربینی و ڕەهەندوەرگرتنی شتەکانە و لێرەشەوە پەرچەکرداریيە فەلسەفیەکان مانای جیا دەبەخشن. واتە، گشتێتی لە تایبەتمەندیەکانی فەلسەفەکردنە. فەلسەفەکردن ناتوانێ بە تاکە شتێکەوە خۆیسەرقاڵکات چونکە ئەوە لە وەڵامی کورت و پەلەی نزدیکدەکاتەوە. لەوەسەیرتر ئەوەیە، بیرکردنەوەی فەلسەفی یەکانگیر و ناپەرتە و وەدووی وەڵامی تۆگمە و سەرتاسەری دا دەگەڕێت تا وەڵامی تاکلا و لاوەکی. ئەمەش بەجۆرێتر نیشانەیە لەسەرئەوەی فەلسەفەکردن بیرکردنەوە دەگەێنێ لەوی دێ، لەوی بەڕێوەیە. ئەڵبەتە، بیرکردنەوە لەو مەترسیانەی بەرۆکی مرۆڤ لە بوونا دەگرن و لەمحاڵەتەدا فەلسەفە دەیەوێت بەگژاچوونەوەبێ بۆ ڕێگریکردن لە مەترسیەکان و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ ئەو مەترسیانە و بنبأکردنیان. بۆئەوەی ئەمەبکرێت فەلسەفە کارلەسەر ڕەخنەکردن دەکات. ئەو دەمەش فەلسەفە ڕەخنەدەکات بە ڕواڵەتی کێشە و یان مەترسیەکانەوە ناوەستێ. کاری فەلسەفە لەڕێگای فەلسەفەکردنەوە دۆزینەوەی بنچینەی ئەوەیە کە بە کێشە یان بە مەترسی دەزانرێت. بۆنموونە کاری فەیلەسوف ئەوە نییە زانین لەسەرئەوە بدات کێ گەندەڵە بەڵکو چۆن ؟ و بۆ ؟ گەندەڵی دروستدەبێت. بۆیە، زێدە سەختە فەلسەفە بە شتی بەرتەسك و پڕوپووچەوە سەرقاڵکرێت. بەڵام لەو شوێنەی نالەباری و نایەکسانی هەیە گورج فەلسەفە دێتە گۆ و کاریخۆی دەکات. بۆیە فەیلەسوفان لە گشت سەردەمەکانا ووتنیان لەسەر ئەو دۆزە ناڕوون و گومڕایانە هەبووە کە مەترسیان لەسەر ژیانی تاك و کۆمەڵگە دروستکردوە. هاوکات فەلسەفەکردن لەسەر دەستی فەیلەسوفانی یۆنانی کۆن هەوڵێکبووە بۆ زانین کۆکردنەوە لەسەر گشت شتێك کە پێوەندی بە گەروودن و بوونی مرۆڤەوە هەیە. ئەڵبەتە دواتر سنوورەکانی فەلسەفەکردن بەرینبووە و ماف بۆ فەلسەفەکردن تەشەنەی سەندووە. ئەمەش وایکردوە لە فەلسەفەکردن بەسەر ژمارە و ئاگر و ئەتۆمەوە بۆ فەلسەفەکردن بەسەر جوانی و شتە ڕەووشتی و مافیەکانەوە تادەگاتە کەشناسی و کارئەندامزانی و فەلەکیش ببێ بە پێویستی. تەنیا لێرە پێویستە ئەوە لەبیرنەکەین هەموو ئەوەی فەلسەفە کردویەتی، جا چ فەلسەفەکردن بێت بەسەر ئاو و ئاگر و ئاسمانەوە تادەگاتە جوانی و بەدی و دادپەروەری، پێوەندی بە ناچاریەکانەوە هەبووە. چونکە مرۆڤ ناچاربووە لە ئاگر تێبکات چونکە ئاگر بەکاردەبات یان زیانی لێدەدات. هەروەها مرۆڤ پێویستی بەوەبووە یان ناچاربووە لە جەنگ بگات بۆئەوەی ئاشتی لا خۆشەویست بێت و. . هتد. کەواتە ناچاریەکان و پێویستیەکان لەیەك کاتدا فەلسەفەکردنیان شیاوکردوە.

کەوابێت لە فەلسەفەکردندا خەسڵەتێکی تریش دەبینینەوە ئەوەش خەسڵەتی ناچاربوونە. فەلسەفە ناچارماندەکات (زۆرمانلێدەکات) قسەبکەین و ڕوونکردنەوە بدەین. یان فەلسەفە خەسڵەتی ناچاریکردنی تێدایە ئەمەش بەو مانایەی فەلسەفە ناچارماندەکات لە بێدەنگی بکەوین و بێینە گۆ. بۆیە لەگەڵ کردەی فەلسەفەکردندا هەڵوێستەکردن بایەخێکی زێدە گرینگ بەخۆوە دەبینێ. بەهۆی هەڵوێستەکردنەکانمانیشەوە لە مەحاڵ و ئەستەم دێینەقسە. ئەمەش وادەکات زەمینە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان بێنینەسازاندن. بێهۆ نییە بۆ گەلێ لە فەیلەسوفانی



هەواڵنامەی کتێب

ڕۆژئـاوا فزوڵـەت Curiosity مانـایکی گـەورەی لـە ژیـانی فەلـسەفەکردندا دیـووە. فەیلەسـوفەکان بـەهۆی ئـەم خەسڵەتەوە ، کە لە فەلسەفەکردندا هەیە، وایکردوو بە گەلێ لەو ڕستیانە بگەن پێشتر تابۆ و یان ناڕوون بـووە. ئـەو فزوڵەتەش یان گەیشتن بـە ڕاسـتیەکان ئـەو دەرئەنجامـە فیعلییانـە بوونـە فەلـسەفە پێیگەیـشتوە. دیـارە گەیـشتنی مرۆڤیش بە گەلێ لە وەڵام لەخۆیدا گەیـشتنی بـووە بـە تێگەیـشتن لـە بنـچینەی شـتەکان. نـەك هـەر فزوڵـەت بگـرە سەرسـوڕمانیش ئـەو ڕۆڵـەی بـۆ کـردەی فەلـسەفەکردن دیـوە و بەشـێ گـەورەی پەرچـەکرداریە فەلـسەفییەکانی لەئەستۆگرتووە. هاوکات مێژووی فەلسەفەش لەگەڵ ئەریستۆ لکاوە بـە واتـای سەرسـوڕمانەوە[١] و سەرسـوڕمانیش لەگەڵ یەکەم فەلسەفەکردن[٢] خۆی جووتکردووە.

وێڕای ئەوی وترا، دیارە ئەو ناچاریەی لەناو کردەی فەلسەفەکردندا لە کارکردندایە ، کە پەرچەکرداری جۆراوجـۆر بەرهەمدێنێ، والە فەیلەسوف دەکات خۆفریودات تا بە بنچینەی شتەکان بگات. فەیلەسوف خۆی ناچارکردوە بەرۆکی ئەو پرسیارانە بگرێت بە بنچینەی شتەکانی دەگەێنن. ئـەو ناچـاریە کـە زۆرانـی لەتـەك مـەحاڵ و ئەسـتەمدا کـردووە بـەختی مانـەوەی فەلـسەفەی درێـژ و درێژکردۆتـەوە. هـەنگاوی لەمـشێوەی فەیلەسـوفیش هـەنگاوبووە بـۆ دەرفـەت دۆزینەوە لەبەردەم تێگەیشتن لە مانای ژیان و مردن و مانەوە. ناچاریەکان حاڵەتێکی لـە چـاودێریان لـە فەیلەسـوفدا دروستکردووە ئاگای لە گشت بزاف و جووڵەکانی ناو بوون بێت. لێـرە ئێمـە پێویـستمان بـەوەش دەبێـت تایبـەت بـە کردەی فەلسەفەکردن ناچاریکردنەکان لەو کردەیأ لە ئارەزوومەندیانـە جیاکەینـەوە لەپـشت دروسـتبوونی دیـاردەی فەلـسەفەکردنەوە بوونـە. چـونکە گـەلێجار فەیلەسوفان ئارەزوومەندانـە کەوتوونەتـە شـیکردنەوەی دیاردەکـان و بەستنەوەشیان بە پێویستیەکانی مرۆڤ بۆ تێگەیشتن لەو دیاردانـە. لەهـەردوو حاڵەتەکەشدا فەیلەسـوف سـەرگەرمی وەڵامە دڵنیاکانە و بە بێهودەیی و بێباکییەکان قەڵس دەبێت. بۆئەوەی دڵنیاییەکان وەدەسـتبهێنرێن و متمانـە جێـی گومڕای و بێهیوای بگرێتەوە فەیلەسـوفەکان گومـان لەسـەر گومـان فرێدەدەنـە نـاو ڕاڤـەکردن و پـشکنینەکانیانەوە. دڵنیاییەکان پاش گومانکردنەکان سەوزدەبن و هیوا بەبەر فەلسەفەکردندا دەکەنەوە.

کەوابێت، کردەی فەلسەفەکردن و دڵنیـابوون ئەمـەش شـایانی سـەرنجدانە. چـونکە لەسـەرێکەوە دڵنیـابوون بـۆ فەیلەسوف گرینگـە و وەکـیتریش فەلـسەفەکردن بۆئەوەیـە دڵنیابوونمـان لا دروسـتکات. فەلـسەفە کـاری گومانـە بـۆ گەیشتن بە دڵنیایی. فەلسەفە دەیەوێت پاش گشت گومانێك دڵنیاییێك لـەناخمانا بـچێنێ. فەلـسەفە دەیـەوێت دڵنیـای لـەناومانا بـچێنێت تـا حاڵـەتی حاڵیبوونمـان تایبـەت بـە گومانـەکان تیادروسـتکات. فەلـسەفە گـەر ئەمەنـەکات هـیچ گرینگیێکی نابێت. پێگەی فەلسەفە لەسەر گەلێ شت وەستاوە یەك لەوانە دڵنیابوونە لەوەی پیدەگات. فەلسەفە کە بەدوای بنچینەی شتەکانا عەوداڵدەبێت بـەهۆی ئـەوەوە دەیـەوێت دڵنیامانکـات چـی بنـچینەی چییە، چ شـتێك بـێ بنچینەیە و چ شتێکیش بنچینەدارە. هەرچەندە دڵنیابوون بۆ فەیلەسوف دوا ئێستگە نییە مادام گومـان هەیـە، بـەڵام دڵنیابوون نەبێت گومانی بەردەوام مانای نابێت. ئەو دڵنیاییانەی پـاش گومانـەکان لەدایکدەبن گومانمـان لا شـرین و پێویست دەکـەن. گومـان لای فەیلەسـوف دڵنیـای هەڵدەتـەکێنێ و سـەرلەنوێ فەیلەسـوف شـەیدای گـەڕان دەکـات. بۆئـەوەی فەیلەسـوف بـە دڵنیابوونەکانـەوە خـۆی نەبەسـتێتەوە ڕوو لـە کێـشەکانی تـر دەکـا و گـەڕانی تـر

(١) Aristotle's Metaphysics. P. 7 .

(٢) Aristotle's Metaphysics. p ، 4.

هەواڵنامەی کتێب

دەستپێدەکاتەوە. فەلسەفەکردنیش وەك کردەیێکی هزری خۆی بەو پرسیارانەوە دەبەستێتەوە دڵنیایمانی خستۆتە ژێر ترسەوە. بۆنموونە ، کاری فەیلەسوف گەر ئەوەبێت ئەو پێوەندیە ڕوونکاتەوە لەنێوان دەروون و جەستەدا هەیە هەچ شتێك فەلسەفە لەمأوەوە پێیدەگات دەچێتە خانەی فەلسەفەکردنێکی ئەقڵی پووختەوە. ڕوونە لەم حاڵەتەدا فەلسەفە دەیەوێت خۆی بۆ گەڕان بەدووی ئەو ترسانە تەرخانکات لە مردنی جەستە هەمانە بەڵام فەیلەسوف ئەم مەرگە وەك هاوسەنگییێك ڕاڤەدەکات. ئێمەی مرۆڤ دەمانەوێت دڵنیابین پاش مەرگ دەروونمان چی بەسەر دێ و چۆن دەروون خۆی لە جەستە مردووەکە جیادەکاتەوە. فەیلەسوف بۆئەوەی ئەم کێشەیە شیکارکات تیۆریزە بەسەر خودی مەرگەوە دەکات. بۆئەوەی فەلسەفەکردن ڕەوتێکی دروست وەرگرێت فەیلەسوف دەیەوێت زانین لە چنگ یەقین بێنێتەدەرێ. گشت فەلسەفەکردنێکیش لەگەڕان بەدوای بنچینەی شتەکان ڕەهەندی تیۆری خۆی هەیە و ئاسۆ لەبەردەم جۆرە تێگەیشتنێکدا دەکاتەوە. بەپێی پەرەسەندنی مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاواش بێت کردەی فەلسەفەکردن هەر لە یۆنانی کۆنەوە خۆی وەك حاڵەتێك لە تیۆریزەکردن نیشانداوە کە بناغەکەی تێرمان و لێخوردبوونەوەبووە. ئەم خەسڵەتە والە فەلسەفەکردن دەکات ئەرکی هەبێت و بەدواچوون لەوە بکات بەدواچوونی بۆنەکراوە. گشت ئەو بەدواچونانەش فەلسەفە دەیکات دیسانەوە بەشێکن لەو تەقەلایەی فەلسەفە بۆ گەیشتن بە ڕاستی دەیکات کە ئەوەش گەڕانە بەدووی بنچینەی شتەکان ، کە ئەم شتە لەسەرێترەوە بۆ دروستکردنی دڵنیاییە تیامانا. واتە، فەلسەفە کە کاری گەڕان و پشکنین دەبێت ئەمە بۆئەوەیە تا دڵنیایمان تیا دروستدەکات، تەنیا شتێکیش لێرە گرینگە سەرنجی بخەینەسەر ئەوەیە فەلسەفە بەو دڵنیاییانەی بەدەستیدێنێت قایلنابێ و کاری گەڕان و گومانەکانی کۆتایناێت. بۆیە فەلسەفەکردن بەردەوام و بەردەوامە و گەیشتنیش بە بنچینەی شتەکان و لە مەرامی بوون و هاتنەکایەوەیان درێژەی هەیە.

بۆئەوەی پێوەندی نێوان کردەی فەلسەفەکردن و گەڕان بەدووی بنچینە بەهێزترکەین دەڵێین: فەلسەفەکردن ماڤی هەمووانە. ئەرستۆ ووتەنی گشت مرۆڤەکان ئارەزووی زانین دەکەن[١]. ئەم ئارەزووە بەوە شرۆڤەدەکەین فەلسەفەکردن لەگشتماندا ئامادەیە و کردەی فەلسەفەکردن شتێکی هەتاهەتاییە. ئەوەش وامانلێدەکات فەلسەفەبکەین گەڕانەکانمانە بەدووی زانین ، ئەو زانینەی نیمانە و لاماندەستناکەوێت. ئەمەی ئێمە دەیڵێین بەرگری نییە لە ستاتۆسی فەلسەفەکردن چونکە ئەم کردەیە خۆی بەکردنەکەی بەرگری لەمانەوەی خۆی دەکات. ئەگەریش فەلسەفەکردن ڕەخساندنی زەمینەبێت بۆ گەڕان بەدووی بنچینەی شتەکان ئەوا فەلسەفەکردن بێکۆتای ئیشی پشکنین و دۆزینەوەیە. فەلسەفەکردن بەهەدردانی زمان نییە کاتێك فەلسەفەکردن وەك کردەیێکی ئەقڵی پێویست خۆی نیشاندات. بەڵام کردەی فەلسەفەکردن نواندنی هیچی و پەرپووتیە کە هۆشیاری لەپشت ئەم کردەیەوە نەبێت. واتە ئەو دەمەی فەلسەفەدەکرێت ئەقڵ دەخرێتەکار. سەرپشکبوونی ئەقڵ لەناو پرۆسەی فەلسەفەکردن وێنەیێك لەسەر فەلسەفەکردن دەدات کە فەلسەفەکەر دەیەوێت لەڕێگای کردەی فەلسەفەکردنەوە لەوە تێبگات لێیتێنەگەیشتووە (لەوەحاڵیبێت لێیحاڵینەبووە) . فەلسەفەکەر کە بەدووی بنچینەی شتەکان دەگەڕێت بەمە لە شتێك دەگەڕێت لێیحاڵی نییە. بەدووی زانینێك دەگەڕێت دەگمەن و تایبەتە. ئەوە گەڕانێکی فەلسەفیانە نییە گەر

[١] Richard E. Creel. Thinking Philosophically: An Introduction to Critical Reflection and Rational Dialogue . ،p24 .

هەواڵنامەی کتێب

ئێمە بپرسین چەند ئەندازیار لە ناوچەی حەسیرەکەی کەرکوکدا هەیە؟ گەر کەسێك وەڵامی داینەوە کە ژمارەی ئەندازیاران لە ناوچەی حەسیرەکەی کەرکوك ٤٥ دانەیە ئێمە بەمە نەگیشتووین بە زانین. چونکە ئەو زانینەی فەلسەفەکردن وەدەستیدێنێ دانایییە (حیکمەت Wisdom) . کەوابێت ئەوە پرسیارێکی فەلسەفی نییە بپرسین چەند چایخانە لە حەسیرەکەی کەرکوك هەیە؟ بەس ئەوە پرسیارێکی فەلسەفییە بپرسین بۆ باشە یان خراپە لە شاری کەرکوك ڕوو لە هەڵکشان و داکشانە؟ یان بپرسین بۆ جوانی لەناو کورداندا لەتەك ناشرینیدا دەبینرێتەوە؟

## ٤. مانای فەلسەفەکردن لە سرووشتی فەلسەفەدا ئامادەیە

فەلسەفە دەستکەوتێکی مرۆی شایستە و گەورەیە و، هاوکات ئەوەی مرۆڤ خاوەنی فەلسەفەیە ئەمەش لەخودی خۆیدا لە زیندەگی مرۆڤ دا ڕووداوێکی مەزنە. بۆیە ئێمە قەرزاری فەلسەفەین و لە چەشنی فەلسەفەمان تا هەنووکەش نەدیوەتەوە کە بکارێ ئێمە وەك خۆی ، وەك ئەوەی هەین و بووین ، ڕاڤەکات. هەربەوجۆرە فەلسەفە گرینگیەکانی مرۆڤ پأدەکاتەوە و مانای فەلسەفەش لەو گرینگییانەدا پەنهانە کە بۆ مرۆڤ هەیەتی. چرکە مرۆییە ئالۆزکاوەکانیش بەبۆنەی فەلسەفەوە دەشێ بیرخرێنەوە و لەوەشخرێن بۆهەمیشە خۆیان وەك چرکەگەلێکی ئالۆزکاو دەرخەن. بەمجۆرە، فەلسەفە پێویستیەکانی مرۆڤ بیر مرۆڤ دەخاتەوە و مرۆڤیشیان لێدێنێتە قسەکردن. ئەو مانایەی فەلسەفە بۆخۆی پێکیهێناوە کۆنە و ماناکەشی لەدێرزەمانەوە لەسەر ئەوە وەستاوە فەلسەفە توانای بەتەنگ هاتنەوەی مرۆڤی هەیە و هاوکات فەلسەفە توێژینەوەی شیاوی و هەلومەرجی زانینیش دەکات[١]. بیریشماننەچێت لێکۆڵینەوە لە دانای یان زانین ئەو مانایەیە فەلسەفە لەسەر خۆی بۆخۆی پێکیهێناوە. هەر تایبەت بەم لایەنە ئەوەش دەڵێین، فەیلەسوفەکان کە پرسیارەکانیان دەخەنەڕوو نیازیان دۆزینەوەی زانینە لەبارەی ئەوەی پێینەگەیشتوون. ئەو زانینانە کە مانا دروستدەکەن لە سرووشتی فەلسەفەکردندا هەلاسدراوە. جێگەینیگەرانیش نییە کە فەلسەفە سەرقاڵی مانا پێکهێنان بێت چونکە ئەوە بەشێکە لەو شیکردنەوە واتاییەی فەلسەفە کاریلەسەر دەکات. فەلسەفە کە بریتییە لە شیکردنەوەیکی واتاییانە ئەمە پرۆسەیکە لە مانا پێکهێنان. بەڵام وادیارە کارکردنی بیرمەندانی ڕۆژئاوا لەسەر ئەو مانایە یەکڕەنگ نەبووە. فەلسەفە کە خۆی لەتەك زیندەگی مرۆڤ ئاوێتەکردوە شرۆڤەیکی زۆری لەسەر ئەو زیندەگیەی مرۆڤ کردووە. چونکە هەر فەلسەفە بووە زەمینەی بۆ مرۆڤ خۆشکردووە لە بونیادی هزری خۆی بگات، لەوە بگات ئەقڵی هەیە و پێویستە وەگەڕخرێت. فەلسەفەش بەدرێژای ئەو دیرۆکە بەرین و قووڵەی هەیەتی ئەوەی چەسپاندووە مانا لە کردە فەلسەفیەکانا حەشاردراون و یەکمانایش بە زیانی فەلسەفەکردن دەکەوێتەوە. فەلسەفە کە کارێکی زۆری لەسەر ئەو زیندەگیە کردووە ئەو کارکردنە دەستکەوتێکی زۆری هەبووە. لە کۆتایدا ئەم دەستکەوتەش ئەو مانایانەی لێپێکهاتووە فەلسەفە بۆ مرۆڤی سازاندووە. ماناکان کە ناهاوشێوەن بوونە بەو ڕێنماییانەی مرۆڤ لە زیندەگی ڕۆژانەدا پێویستیپێیەتی. سەرنجڕاکێشترین شتیش کە بەملایەنەوە تایبەتە ئەوەیە، فەلسەفە کە وەدووی مانای زیندەگی مرۆڤ دەکەوێت ئەمە لە سرووشتی فەلسەفەدا شوێنقایمە و بەشێکیشە لە پەرۆشیەکانی فەلسەفە.

---

(١) Swami Krishnananda. The Philosophy Of Life. Divine Life Society/Rishikesh 2003 ،p. 3 .

هاتنەکایەوەی فەلسەفە مانای بۆ زیندەگی مرۆڤ دروستکرد و ئەو هەلەی لەبەردەم مرۆڤدا ڕەخساند لەخۆی بگات و تێڕامان بەسەر دەوروبەری خۆشیەوە بکات. ئەمەش وایکرد فەلسەفە هەر بمێنێتەوە و وەك شتێکی هـەتا هـەتایش لە زیندەگی مرۆڤدا کارا بێت. ئەو بەرگریانەی فەلسەفە لە زیندەگی مرۆڤ کردونی تـەنیا بـەو دەستکەوتە تیـۆری و هزریانە دەکریٚ بپێورێن مرۆڤ بـەهۆی بـوونی فەلـسەفەوە پێیگەیشتوون. ئەڵبەتـە ئـەوەش لـەڕێگای فەلـسەفەکردنە جۆراوجۆرەکـانی فەیلەسـوفانەوە بـووە. فەیلەسـوفان بۆئـەوەی مانـای بـوونی فەلـسەفە بـەرزڕاگرن هەوڵیانـداوە کاتەکانیان بەهەدرنەدەن و تاپێیانیشدەکرێت و تاپێویستیشدەکات فەلسەفەبکەن. کەوابێت، فەیلەسـوفان نـەهاتوون کوێرانە و بەجۆرێکی هەڕەمەکی فەلسەفە بەسەر زیندەگی مرۆڤەوە بکەن و ماناش بۆ فەلسەفە داتاشن. ئەمەش بـەو دیتنەدێت کە فەیلەسوفان فەلسەفەیان کردووە بە ئامرازێك بـۆ ووتنهێنانەپێشەوە لەسـەر بـوونی مـرۆڤ. مادەمـەکی بـوونی مـرۆڤ و دەووروبەرەکـەی هەرلـە یەکـەم ڕۆژەکـانی فەلـسەفەکردنەوە بـۆ فەلـسەفە گرینگبـووە ناشـیٚ مانـای فەلسەفەمان پێلاواز و کەمبێت. کەوابێت دەکریٚ بپرسین، بایەخ و گرینگی مانای فەلسەفە لە کوێدایـە؟ بەدڵنییایـەوە بایەخ و گرینگی مانای فەلسەفە لەوێدایە قسەلە مرۆڤ ، لە بوون و گەردوونی ئەم مرۆڤە دەکات. پێوەندی ئێمەش بەم گەردوونە و ئەڵبەتە بە بوونی خۆشمانەوە شوێنی بایەخی فەلسەفەیە بۆیە مانای فەلـسەفە دەلکیٚ بـەو پێویـستیەی مرۆڤ بۆ فەلسەفە هەیەتی. بەپێیەوەی بوونی مرۆی ئێمە بـۆ فەلـسەفە هەمیـشە باسـێکی زێـدە گـرینگ بـووە ئەمـە وایکردووە مرۆڤ بەهۆی فەلسەفەوە کاربۆئەوەکات ووتنی خۆی لەسـەر بـوونی مـرۆڤ و بوونـەوەرەکانی تـری نـاو ئـەم بوونە هەبێت. وێرایئەوە پێوەندی ئێمە بە بوونەوەرەکانی ناو ئەم بوونەی فەلسەفە پێوەی سەرقاڵە دیسانەوە جێـی سەرنجێکی قووڵی فەلسەفە بووە. هەرلەبەرئەوە مانای فەلسەفە لە سرووشتی فەلسەفەدا پەنهانـە. ئـەم پەنهانبوونـە ئەو زەمینەیەش بۆ فەلسەفە دەسازێنیٚ فەلسەفە ووتنی بەردەوامی خۆی هەبێت و ڕاشکاوانە بەو چەشنەی پێویـست و گرینگە ڕەفتاربکات.

سەرباری ئەوی لایسەرەوە ووترا، سەفەری فەلسەفە هەمیشە مانای بۆ مانای فەلـسەفە هـەبووە و، ئـەو سـەفەرە بێووچانەش فەلسەفە کردویەتی بەرگرییێکی گەورەی لە دیرۆك و بەسەرهاتی فەلسەفە کردووە. بەڵام هۆشیاری مـرۆڤ وەك یەك نییە و گشت مرۆڤایەتیش بەیەکچاو تەماشای مانای فەلـسەفەی نـەکردووە و ئـەو مانایەشـی لـە سرووشـتی فەلسەفەدا نەدیوەتەوە. کەچی تائێستاش دەنگۆیئەوە هەیە فەلسەفە قـسەی ناپێویـست و زێدەڕۆییـە. تاهەنوکـەش گەلیٚ لەم کۆمەلگە و لەو کولتوور وادەڕواننە مانای فەلسەفە کە پڕە لە بێمانای و بێسوودی. ئەوانەی لـە شارسـتانیە جیاکانا بەمجۆرە دەڕواننە فەلسەفە ژمارەیان کەمە و لەگەڵ کاتدا ڕوو لەکـەمتر دەکـەن. چـونکە ئەوانـەی پێوەنـدی لەنێوان کردەی فەلـسەفی و کـردەی ئـەقڵی دا نابیننـەوە فەلـسەفەیان بێزیـاد و نابەجێیـە بـەڵام ئەوانـەی لـە کـردەی فەلسەفەکردنا هەنگاوە لۆژیکی و ڕاسیۆناڵیەکانی مـرۆڤ دا دەبیننـەوە فەلـسەفەکردنیان پێبـەرز و بەکەڵگـە. ڕەوشـی فەلسەفەش لە ئێستادا ئەوە شیدەکاتەوە چەند فەلسەفە پێویست و ماناداره. یاخود بۆ فەلسەفە هەمیـشە ئامـادە و بەردەوامە. چونکە پەرۆشی و گەڕۆکی فەلـسەفە یـەك شـت ڕوندەکاتـەوە و یـەك شـتیش دەدا بـە گـوێی زۆرینـەمانا: چونکە فەلسەفە کاری یەکلایکردنەوە و چارەسەر دۆزینەوەیە.

گومانیشی تێدانییە، فەلسەفە ناتوانیٚ سـوود و بـەهای خـۆی ئۆتۆماتیکیانـە نیـشاندات. بـەڵکو تـەنیا ئـەو دەمـە دەردەکەوێت کە فەلسەفە پێویست و بەهائامێزە، ئەو دەمەی کارمانپێیـەتی و سـوود لـە دەرهاویـشتە و ئاکامـەکانی

وەردەگرین. ئاخر فەلسەفە نەبایە لەوە تێنەدەگەیشتین چۆن ڕەفتار لەتەك ئاژەڵ کەین و پرسیار لەسەر خولقانی گەردوون و سەرچاوەکانی سرووشتیش کەین. فەلسەفە نەبایە ئەستەم بوو تێگەیشتنمان بۆ جوانی، بۆ ڕەووشت بەرزی و بۆ وەفاداری و یەکسانی هەبێت. لەڕێگای ئەو مانایانەی فەلسەفە لەناخی خۆیدا دروستیکردون ، کە دیسانەوە ئێمەی مرۆڤ پێمانبەخشیوە، لەوەحاڵیبووینە بێدادی، هەژاری، زۆرداری و نادادپەروەری کێشەگەلێکی کوشندەن و پێویستە چارەسەری لۆژیکیان بۆ بدۆزرێتەوە. کەواتە، ئێمەی مرۆڤ سوودمەندین لە هەبوونی فەلسەفە و لەوەش کە سرووشتی فەلسەفە بەجۆرێك سازێندراوە مانابەخشە لەسەر بوون و هەبوونمان.

گرینگە لەوەش حاڵیبین چۆن فەلسەفە مانا دەستەبەردەکات؟ فەلسەفە لەڕێگای لێخوردبوونەوە و بەدواچوونەکانی تێگەیشتن لەسەر زیندەگی و بوونمان دەسازێنێ. ئەم تێگەیشتنە کە بەشێکن لە زانینەکان ئەو مانایە دروستدەکەن ئێمە پێویستمانە. فەلسەفە مانا لەپێناوی ئێمە دروستدەکات. ئەوە ئێمەین ئەو مانایانەمان پێویستە و سەرئەنجام فەلسەفە ماناکان بۆ دروستکردنی زانین لەسەر بوون و دەوروبەرمان دەستەبەردەکات. کەوابێت ماناکان لە هیچەوە نائێنەدروستبوون. بۆئەوەی فەلسەفە سرووشتی خۆی نیشاندات ، ئەوە دەرخات چ ناخ و ناوەڕۆکێیکی کار لەسەر بوون و هەبوونمان دەکات. وەك پێویستیش هزری فەلسەڤ ئێمە مانا بۆ فەلسەفە پەیدادەکات و پرسیار لەسەر ئەوە دەخولقێنێ بۆ ئەم هزرە گرینگە. ئەو بەدواچوونەی فەلسەفە مەبەستیەتی ئەنجامیبدات لە سرووشتی فەلسەفەوە زێدە نزدیکە. بەدواچوونی فەلسەفەش سێستەماتیکە و شوێنێکیشە بۆ وەدەستهێنانی مانا.

هەر تاییەت بەوی لایسەرەوە دەشکرێ بووترێت، مانای فەلسەفە بۆ فەیلەسوف و بۆ هەوادارانی فەلسەفە جیایە. فەیلەسوفەکان لە مەغزای ڕاستەقینەی فەلسەفە دەگەن و لەوەش حاڵین فەلسەفە وەك ڕێزمانی هزر[۱] پێویستیێ مرۆییە. بەس لێرە کێشەکە هەوادارانی فەلسەفەیە نەك خودی فەیلەسوفان. چونکە بۆ گەلێك لە هەوادارانی فەلسەفە مانای فەلسەفە گومڕا و ناسانایە. بۆ ئەمانە فەلسەفە دەکرا نەبێت و ، یانیش وەك کە هەیە دەکرا هێندە ئاڵۆز و ناڕوون نەبێت. ئەم بینینە پێماندەڵێت ناشێ ئەوەمان بیرچێت فەلسەفە بیرکردنەوەێکی ئەقڵییە. ئەوانەی کە ئەقڵ لەدەستدەدەن ناتوانن فەلسەفیانە بیرکەنەوە و ئەڵبەتە توانای فەلسەفەکردنیشیان نابێت. هاوکات بیرکردنەوەی ئەقڵی بیرکردنەوەێکی فەلسەفییە ئەمەش دەچێتە سرووشتی فەلسەفەوە. ئەم سرووشتە ناخی فەلسەفەیە و سازێنەری ئەو مانایەشە فەلسەفە پێماندەناسێنێ. گەر ئەمە پیشەی بیرکردنەوەی ئەقڵی بێت هیچ شوێنێك بۆ خۆ- گەوجاندن مانای نامێنێ. ئەمەش بەواتاێکیتر ئەوەشمان پێدەڵێت شتێك نییە پێیبلێن گەڕەلاوژەی فەلسەڤ. چونکە فەلسەفە لە نیگەرانیەکان دەکۆڵێتەوە و پەل و پۆش بەرەو خستنەژێرپرسیاری گشت ئەو زانینانە دەهاوێت دەستماندەکەون. کەواتە فەیلەسوف تاکە کەسێکە خۆی بۆ تێگەیشتن لە مانای شتەکان تەرخاندەکات. فەلسەفە لەڕێگای ئەم پەرۆشیەی بۆ زانین زۆرترین مانا لەسەر هەبوونمان دەخولقێنێ و چییەتی شتەکانیش لە خودی خۆیاندا دێنێتە گۆ. ئەمی ووتمان بەرەو ئەو گۆشە نیگایەشمان دەبات فەلسەفە مانا دروستکەرە چونکە ئەمە تەنیا کاری ئەوانەیە لە نهێنی بیرکردنەوەی فەلسەڤ تێگەیشتوون. واتە خەڵکی سادە ناتوانن لەو ماتماتیك (بیرکاریی) ە تێبگەن

(۱) Michael Dummett. The Nature and Future of Philosophy. Columbia University Press ،2010 ،p. 13

